**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٨

## ١٩٩٣ ـ بەرگی هەشتەم

چاپی یەکەم ١٩٩٨

لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان
١٩٩٣- بەرگی هەشتەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) یەک شەمە ڕێکەوتی ١٦/٥/١٩٩٣ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) سێ شەمە ڕێکەوتی ١٨/٥/١٩٩٣ ——— ل٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٥/٥/١٩٩٣ ——— ل٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) شەمە ڕێکەوتی ١٢/٦/١٩٩٣ ——— ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) یەک شەمە ڕێکەوتی ١٣/٦/١٩٩٣ ——— ل١٣١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) سێ شەمە ڕێکەوتی ١٥/٦/١٩٩٣ ——— ل١٨٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٢/٦/١٩٩٣ ——— ل٢٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) شەمە ڕێکەوتی ٢٦/٦/١٩٩٣ ——— ل٢٨٥


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) یەک شەمە ڕێکەوتی ٢٧/٦/١٩٩٣ ——— ل٣٠٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٩/٦/١٩٩٣ ——— ل٣٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی سێ شەمە ڕێکەوتی ٦/٧/١٩٩٣ ——— ل٣٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی چوارشەمە ڕێکەوتی ٧/٧/١٩٩٣ ——— ل٤٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) ی نائاسایی شەمە ڕێکەوتی ١٠/٧/١٩٩٣ ——— ل٤٢٧



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٦**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- هاتنەوەی دوو ئەندام بۆ ئەندامێتی پەرلەمان.***
***٢- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای کۆمپانیای گەشتوگوزار لەکوردستان.***
***٣- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای ڕاگرتنی بڕیارەکانی (اطفاء حقوق التصرف) دەربارەی زەوی وزاری کشتوکاڵ.***
***٤- پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان.***
***٥- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکاو بەرنامەی کارمان بەم جۆرەیە:

خاڵی یەکەم: دوو ئەندامی پەرلەمان کە بەحوکمی ئەوەی داوایان لێ کرا ببن بە وەزیر، یان وەکیل وەزیر (بریکار) بەپێی ئەو گۆڕانکاریەی دوایی گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزی پەرلەمان، بەخێر هاتنێکی گەرمیان دەکەین، هیواداریـن وجوودیان ببێتـە مایەی بەهێزکردن و پتەوکردنی ئیشـوکاری ناو پەرلەمانمان، بەخێر بێنەوە جارێکی تر. کاک ئەکرەم لێرەیە جا وەکو پێشنیارێکمان لێرەدا هەیە، ئەوانە کە کارکەناریان کردبوو لە پەرلەمان و بەداواکاری خاوەنی لیستەکەیان ئەگەڕێنەوە بۆ ناو پەرلەمان، ئەمەش پێویستی بە بڕیارێک هەیە، پێویستی بە دەنگدانە، بۆیە کاک ئەحمەد و کاک ئەکرەم لێرەن، ئەنجا حەز دەکەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو پەرلەمان دەنگیان لەسەر بدەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نامەوێ لە هەموو مەسەلەی گەڕانەوەکەیان بدوێم، بەڵام ئەمن دڵخۆشم کە هاتنەوە، بەڵام تا

ئێستا ئەندامی تر لە جێی ئەوانە کارکەنار نەبووین کە ئەوان بێنەوەو جێگایان بگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار و کاک ئەکرەم عزەت جێگایان چۆڵە، کاک یونس ڕۆژبەیانی کارکەناری (استقالە) ئەکا.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەکتەبی سیاسی پارتی کە خاوەن لیستەی زەردە، داوای گۆڕینی کاک ئەحمەد سالار بە کاک بارزان مەلاخالید و کاک ئەکرەم عزەت بە کاک یونسی کردووە لە ناو پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجا ئێمە ئەیخەینە دەنگ دانەوەو، دەبێ بڕیاری پەرلەمانی بۆ وەرگرین، بۆ کاک ئەحمەد سالار. کێ لەگەڵە؟کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ گەڕایەوە، بۆ کاک (ئەکرەم عزەت)یش کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ کاک ئەکرەم عزەت گەڕایەوە پەرلەمان. بۆ کاک سەلاح محەمەد حەسەن حەفیدیش لە دەرەوەیە، لە (١١)ی مانگەوە سەفەری کردووە بۆ دەرەوە لەبەر ئەوە بگەڕێتەوە ئەو کاتی بڕیاری لەسەر دەدرێ.

خاڵی دووەم: بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای کۆمپانیای گەشتوگوزار لە کوردستاندا.

خاڵی سێیەم: بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای ڕاگرتنی بڕیارەکانی. (اطفاء حقوق التصرف). کە دەربارەی زەویوزاری کشتوکاڵ دەرچووە.

خاڵی چوارەم: یاسای وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشە پێدانە.

تازە بابەت ئەگەر هەردوو فراکسیۆن شتێکیان هەیە؟. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم خاڵی سێ یەم دوابخرێت، نەک (ڕەد)بکرێتەوە،، وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری پێشنیاری کردووە کە پەلە نەکرێ پێویستە زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریش لەگەڵ هەمان ئەو ڕایەدان کە دوابخرێت، بۆ ئەوەی زیاتر دراسەت بکرێ، لەبارەی باران بارینی ئەم دواییەی ناوچەی (باڵەکەتی) (دۆڵی ڕۆست) جووتیارەکان زۆر زەرەرمەند نووینە، هەروەها لە ناو شاری دهۆک زەرەرێکی زۆری گەیاندووە، ئەگەر بکرێت لیژنەیەک پێک بێت یان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ بۆ ئەوەی هیچ نەبێ چاوێک بە زەرەر وزیانەکاندا بخشێنێ بۆ ئەوەی ئەگەر وەختێک لە تواناداا بوو لە ڕێگای حکومەتەوە یان لە ڕێگای ڕێکخراوە خێر خوازەکانی دەرەوە کۆمەک بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تر تازە بابەت هەیە؟. زۆر باشە، واتە ئێستا دوو خاڵمان هەیە خاڵێکی تریش لە لایەن لیژنەی یاساوە هاتووە ئەوانیش داوا دەکەن. خاڵی دووەم کۆمپانیای گەشتوگوزار، دەڵێن ئەو یاسایە پێویست ناکات ولیژنەی یاساش ئەڵێ ئەو یاسای گەشتوگوزارە پێویست ناکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمپانیای گەشت وگوزار لە کوردستان نەماوە لەغو بووە، هەروەها وەکو لە یاساکەی پێشووی عێراقی هاتبوو ئەوجا ئەوە لەگەڵ یاسای شارەوانی هاتبوو وەزیری شارەوانی وتی مادام لەغوو بووە پشتگوێی خەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەر ئەوەی کاک سەید فەرمووی کۆمپانیای گەشتوگوزار نەماوە لە یاساکەدا خۆیان ویستیان کۆمپانیایەک دروست کەن، بڕیاری لەسەر نەدرا، دەستەیەکمان دروست کرد لە یاسای شارەوانی، دەستەکە دانراوە. سەرپەرشتی لە سەر ئیش وکاری گەشت وگوزار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەخاڵی دووەوە دەست پێ دەکەین، باسی گەشتوگوزار پێویست ناکات، مانای ئەوەیە کە ئەمە رەتی دەکەینەوە و ئەینێرینەوە بۆیان. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو یاسایە رەت بکرێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ رەت کرایەوە.

خاڵی دووەم: گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، واتە بەزۆربەی دەنگ ئەو یاسایە رەت ئەکرێتەوە بۆ لایەنی خۆی، خاڵی سێ، دواخستنی «إطفاء حقوق التصرف» وەزیری کشتوکاڵ ئەم بەیانییە تەلەفۆنی کرد داوای ئەوانیش دواخستن بوو، بۆ ئەوەی زیاتر لە نزیکەوە لێی بکۆڵینەوە پاشان گفتوگۆی لەسەر بکرێ دوا بخرێت بۆ دانیشتنێکی تر. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم خاڵە دوا بخەین بۆ ماوەیەکی تر؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆری دەنگ خاڵی سێ یەمیش دواخرا بۆ ماوەیەکی تر.

بابەتی پێشنیاری سێ هەم بابەتی ئەو زەرەرەیە کە لە ناوچەی باڵەک و ناوشاری دهۆک بەهۆی بارانەوە کەتووەتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە ناو بەرنامەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆری دەنگ ئەو خاڵەش جێگیر کرا کە ببێت بە خاڵی سێ، واتە ئێمە بەخاڵی دوو دەست پێ دەکەین، ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون لێپرسراوی لیژنەی پسپۆڕیش با بفەرموێت، فەرموون دەستی پێ بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق:

استنادا الى الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما عرضه وزير الاعمار والتنمية و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ـــــ لسنة ١٩٩٣

قانون وزارة الاعمار والتنمية لا قليم كوردستان العراق

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبنية ازاء ها لاغراض هذا القانون.

١- الاقليم - اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة - وزارة الاعمار والتنمية للاقليم.

٣- الوزير - وزير الاعمار والتنمية للاقليم.

٤- وكيل الوزارة - وكيل وزارة الاعمار والتنمية للاقليم.

٥- المجلس - المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن:**

مادەی یەکەم: چ تێبینیەک نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە - کێ لەگەڵ مادە یەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە یەک پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية.

١- اقتراح الخطط العامة لسياسة الاعمار والتنمية للأقليم في مجالات بناء المدن والقرى والمباني والمرافق المهدمة والطرق والجسور ضمن قواطع مشاريع الاعمار المناطة بالوزارة.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن:**

ئێمە برگە برگە ئەیانخوێنینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، تۆزێک بە خێراییش قەیناکە، بەڵام برگە برگە. لیژنەی یاسا فەرموون دەست پێ بکەنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية.

١- اقتراح الخطط العامة لسياسة الاعمار والتنمية للاقليم في مجالات بناء المدن والقرى والمباني

والمرافق المهدمة والطرق والجسور ضمن قواطع مشاريع الاعمار المناطة بالوزارة.
٢- تنفيذ السياسة المقررة للوزارة واقتراح الخطة السنوية والمرحلية والبعيدة المدى اللازمة لتنفيذها.
٣- وضع التصاميم و مناهج العمل للخطط المصدقة و تنفيذ المشاريع المتعلقة بها تنفيذاً مباشراً من قبل تشكيلات الوزارة أواحالتها الى الشركات او الجهات ذات العلاقة والاختصاص لتنفيذها.
٤- للوزارة تنفيذ مشاريع تعود لجهات اخرى داخل الاقليم من خلال تشكيلاتها التنفيذية والتصميمية بصفة مقاول.
٥- التعاقد مع خبراء أجانب او شركات او موءسسات مختصصة للعمل في دوائر الوزارة او انجاز بعض الاعمال الموكلة إليها بموافقة مجلس الوزراء.
٦- اقتراح خطط ومشاريع تنموية ضمن الخطط العامة للاعمار والتنمية وتنفيذها بالتنسيق مع الجهات أو الوزارات ذات العلاقة.
٧- استثمار الموارد الحاصلة من بعض نشاطات الوزاراة لاغراض الاعمار والتنمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە بڕگە یەک لە مادەی دوو، چ تێبینییەک هەیە، فەرموو نەهلە خان ئێوە دەڵێن چی؟

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا لە یەکەم بڕگەدا باسی پردەکان کرایە، تەنیا پرسیار دەکەم ئایا چ دووفاقیەک (ازدواجیە) پەیدا ناکا لە نێوان وەزاراتی ئەشغال و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و پەرەپێداندا کە باسی پردەکان (جسور) کرا؟.

(ضمن قواطع مشاریع الاعمار المناطة بالوزارة). بۆی هەیە ئەو جێگایە کە ئاوەدان دەکرێتەوە بکەوێتە سەر ڕێگای گشتی شەقامی سەرەکی، ئایا ئەو پردەی کە دروست دەکرێ چ وەزارەتێک دەیکا؟ چونکە ئەوەی ئەمن دەزانم ئیشەکە لە نێوان دوو وەزارەت دابەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی حەز ئەکەی تێبینیەکان بنووسە، پاشان بە بەیەکەوە سەیر دەکرێن.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا بابەتەکە هەموو پێویستی بەگفتوگۆ کردن هەیە، بەڵام دێینەوە سەر خاڵی (٦)، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادەی یەک خۆی (بناء المدن) پێویستە بڵێ اعادە( بناء المدن). چونکە ئێمە (شاری

تازە) دروست ناکەین، تازە نەهلە خان وتی وابزانم دووفاقی (ازدواجیة) پەیدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای سەرەوەی بڕگەکە بکەن، تەنها پێشنیارە، جێبەجێ نەکراوە، واتە تێبینیەکە لە تێبینییەکانی خۆمان ئەوەش شتێکی پابەند نییە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەندامێکم لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، ئەو شتەی نەهلە خان وتی ئەوە رای لیژنە نییە رای خۆیەتی. رای منیش لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس .

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە یەک، ئێمە لەبەر ئەوە بڕگەیە دوو سێ کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ وەزارەتی ئەشغال و ئیسکان ولەگەڵ بەڕێز کاک (یونادم ) گەیشتینە ئەو صیغەیە کە بڕگە یەک و بڕگەیەکی ئەوانیش لە قانونی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردندا هەیە، ئێمە هەردووکمان ئاگادارین کە بابەتی (ڕێگاو پردەکان): طرق و جسور: لە ناو پێکهاتەکەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک (یونادم ) چ تێبینیەکت هەیە لەسەر ئەوەی کە کاک مەئمون فەرمووی؟

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک مەئمون زۆر راست ئەکا، ئێمە دانیشتین گەیشتینە یەک، قسەشمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد و گەیشتینە صیغەیەکی ئەوها، کاتی خۆی وەکو کاک مأمون دەڵێ ئەو صیغەی کە هاتووە (الطرق والجسور ضمن قواطع المناطق) واتا گشتگیریش دەبێ و ئەنجومەنی نەخشەکێشانی باڵا هەر دەبێ دامەزرێنین. سوپاس

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئێمە پێ داناگرین، چونکە پێکەوە دانیشتوین و پێکەوە گفتوگۆمان کردووەو، گەیشتینە صیغەییێک ئەوە پێشنیاری منە لیژنەی ئاوەدان کردنەوەشمان ئاگادار کردوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر مۆڵەت بدەن با ئەم بابەتە ببڕێنینەوە، چونکە ئاشکرایە بابەتێکی وا نییە بخرێتە سەر(اعادە البناء)، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە یەک وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە یەک وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

برگـەدوو: (٢) تنفيذ السياسة المقررة للوزارة واقتراح الخطة السنوية والمرحلية والبعيدة المدى اللازمة لتنفيذها.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

٣- وضع التصاميم و مناهج العمل للخطط المصدقة وتنفيذ المشاريع المتعلقة بها تنفيذاً مباشراً من قبل تشكيلات الوزارة او إحالتها الى الشركات او الجهات ذات العلاقة و الاختصاص لتنفيذها.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

چ تێبینییەک هەیە؟ کاک سعید تێبینی یەکی هەیە، فەرموو کاک سعید.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من ئەبینم ئەو ئیحالەت کردنە بۆ (الشركات) لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئێستا کۆمپانیای پسپۆڕ نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەگەر چی تێبینی یەکی لەسەر هەیە بابفەرمووێت.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێمە نابێ هەموو شت راستەوخۆ بکەین و ئەو قانونەش لە بۆ ئەم قۆناغە نییە، بۆی هەیە یاسایەکە بۆ دوا رۆژە بۆیە دەڵێین (إحالتها الى الشركات او الجهات ذات العلاقة) چونکە ئەو وەزارەتە (امكانياتی) بەش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەمە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

خاڵی سێ گەلەک لە جێی خۆیەتی ورێکو پێکە و (ابعادی) دوا رۆژی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پرسیارێک لە کاک شێخ مأمون و لیژنەکە دەکەم (والجهات ذات العلاقة) ئەو (ذات العلاقة) مەبەستتان وەزارەتەکەی خۆیەتی، یان وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە خۆی پێی نەکرا بە قۆنتەرات ئەنجامی دەدات، سوپاس.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە کاک محەمەد سەعید لە قسەکانی کاک شێخ مەئمون نەگەیی. کاک شێخ مەئمون مەبەستی ئەوەیە ئەگەر توانای هونەریان نەبوو دەی دەینێ نەک توانای دارایی، ئەگەر توانای دارایی نەبوو ناتوانی ئیشێک بکا، بەڵام ئەو مەبەستی نەبوونی توانای هونەری بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە سێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆری دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤ - للوزارة تنفيذ مشاريع تعود لجهات اخرى داخل الاقليم من خلال تشكيلاتها التنفيذية والتصميمية بصفة مقاول.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بڕگە چوار، چ تێبینییەک هەیە؟.. کاک خەسرۆ فەرموو.

**بەڕێز خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من تەنیا روون کردنەوەیێکم هەیە لەسەر (لجهات الأخرى داخل الاقليم)ە، ئایا دامو دەزگاکانی وەزارەتەکانن؟ رەسمین یان نارەسمین؟ سوپاس.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە : (لجهات اخرى): ئێمە واتا دیاریمان نەکردووە چ بێ، وەزارەت بێ، چ لایەنی تریش بێت، هەتا ئی ئەهلیش بێت، ئێمە مافی خۆمانە داخل بین ئەوە پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی چوارەم، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥. التعاقد مع خبراء اجانب أو شركات أو مؤسسات متخصصة للعمل في دوائر الوزارة او انجاز بعض الاعمال الموكلة إليها بموافقة مجلس الوزراء .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی پێنجەم، چ تێبینی یەک نییە لەسەر پێنج! کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦. اقتراح خطط و مشاريع تنموية ضمن الخطط العامة للأعمار والتنمية و تنفيذها بالتنسيق مع اللجان والوزارات ذات العلاقة .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر کەس پرسیاری هەیە، با بفەرمویٚ.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتیە: و(تنفیذها بالتنسیق مع اللجان). خۆی (جهات) بوو بۆ کرا بە (لجان) یەعنی هەر (جهاتە). (اقتراح خطط ومشاريع تنموية ضمن الخطط العامة. للاعمار والتنمية و تنفيذها بالتنسيق مع الجهات او الوزارات ذات العلاقة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا برگە شەش لەگەڵ برگەی یەک زۆر لەیەکەوە نزیک نین؟

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە شەش لەوانەیە زۆر زۆر پرۆژەی (تەکمیلی) هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەت بدەن بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بۆ ئێمە چەند نموونەیەکی (مشاريع تنموية) بنێرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە بەرنامەیەک ڕێک دەخەین بۆ ناوچەیەک وبەرنامەیەکی تەواوە، بەڵام مەرج نییە ئێمە جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی شەش وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ برگەی شەشەم وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٧. استثمار الموارد الحاصلة من بعض نشاطات الوزارة لأغراض الأعمار والتنمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ برگەی حەوتەم... کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم، لەگەڵ ئەو کارە دام، بەڵام ئێمە موعاناتمان هەر لە وەزارەتی دارایی یە، بەڕاستی دەمانەوێت سەرمایەیەک بۆ خۆمان دابین کەین، هیچ شتێک ڕێگامان لێ ناگرێ، چونکە یاسای کۆن کاری پێکراوە هەرچی بێت دەڵێ تۆمار بکرێت بۆ داهاتی ئەوان، ئێمە ناتوانین هیچ جووڵەیەک بکەین، (١٦) ملیۆن یان (١٧) ملیۆن کۆ بکەینەوە بۆ زیندو کردنەوەی مەکینەکان سێ چوار ملیۆن بۆ ئێمە ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی لێرە نییە، بەڵام وادەزانم یاسا ڕێتان نادات، کە پێش ئەو بابەتە باس بکرێت، دەبێ پرۆژەیەک پێشکەش بکەن لەڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ روون کردنەوەی ئەو خاڵە، ئەوەی بەڕێز کاک یونادم گوتی لەوانەیە باسی مەکینەکان دەکات کە بیفرۆشن، ئەو قازانجە ئەچێت بۆ وەزارەتی دارایی، ڕێژەیەک لەوێ کە لە ٢٠٪ و لە ٣٠٪ وەزارەتی دارایی دەیدات بە وەزارەت ئەوە پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو چیت هەیە؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە هەتا یاسای یانەسیب کە ئیعتمادی بۆ دانرا بوو، لە کرۆکی یاسایەکەدا هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

داوای لێ بوردن دەکەم، دوێنێ نووسراوەکە درەنگ گەیشتە ئێمە ئەڵێ بە هەموو جۆری داهات لەسەر فلانە قانون ژمارە ئەوەندە، برگە ئەمە ئەوەندە دەڵێ ئەبێت هەر ئەمە تۆمار بکرێ نەک تەنیا (مەکائن)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

وەکو وتم ئەگەر شتێک لەو مەسەلانە هەبێت دەبێ وەکو پرۆژەیەک باس بکرێت، ئەگەر پێویستی بەگۆڕینێک کرد ئەویش باس بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

داوای لێ بوردن ئەکەم، بەڵام ئەگەر ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە زۆر بە ڕەهایی (موطلەقی) لەمەسەلەکە دەڕوانن، بەڕاستی ئێمە وەکو مەسەلەی دارایی، ئەمدەزانی لەلای وەزارەتی دارایی دیاری کراوە بەپێی مادەی قانونی، جا بۆ ئەم مەسەلەیە من پێم وایە ئەگەر ڕوونکردنەوەی لەگەڵ بێت یان لە ناو سنووری یاسادا بێت باشە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

کاک ئەیاد سوپاس، ئەمە پرۆژەی ئێوەیە لە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش پێویست ناکا بێت لێرە لەڕوومان بدات (موصارەحەمان بکات)، لیژنەی قانونی هەرچی پێشنیاری هەیە ئەبێت لە پرۆژەی خۆی جێگری بکات و، لێرە تووشی ئەم موجامەلەیەمان نەکات.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

بەڕاستی ئەوە شتێکی پسپۆڕییە، ئەوە دەبا لیژنەی پیشەسازی ئەو شتەی بۆ ئێمە ئامادە بکردایە و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بەتەواوی ئەو شتەی شی بکردایەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

لە لیژنەی یاسا ئەم وشەیەتان زیاد بکردبایە، مەبەستم لەوەیە کە ئەم شتە بچووکانە حەق نییە لێرە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئەوەی لە سەر ئەو کاغەزەیە، ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە ئێمە ئەوەمان جێگیر کردووە، ئەو شتە کۆتایی پێ هاتووە، ئەگەر شتێکی تازە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوە بابەتێکی ترە، سوپاس.

ئەو وەزیرە ئەو پێشنیارە دەداتە کێ؟ پێشنیارە کە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران پلانەکەی نەڕاستێندرێ (موصادەقەی) لەسەر نەکرێت، ئیتر پێی ناکرێ جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بوترێ (بموافقة مجلس الوزراء)؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثالثة:

١- الوزير. هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول الأول عن تنفيذ سياستها و ممارسة الاشراف على تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات فيها وتصدر عنه القرارات والأوامر والتعليمات ضمن مهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحيتها وسائر شؤونها الادارية والفنية والمالية ضمن حدود هذا القانون وله تخويل بعض من صلاحياته لوكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة و يكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر مادە (٣) بڕگە (١)، کاک سەعید تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەند پرسیارەکەم لە لیژنەی یاسایە، بەڕاستی وەزیر پێناس کراوە پێناسکردنەکەی یەکگرتووە (موحد)ە پێی نەدەویست لێرەش دووبارە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەو پێناسکردنە بەراورد بکەن لەگەڵ هەموو وەزارەت، ئەگەر بڕگەکە هەبوو رازی مەبن هەمان کێشەیە، ئەگەر بکرێ وشەی پێش و پاش بکرێ یان رستەیەکی بگۆڕین، بەڵام هەمان واتایە هەمان ناوەڕۆکە هیچ ناوەڕۆکێکی نە گۆڕاوە لە پێناسی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەرانی یاسایی باش شتەکە دەزانن و قاعیدەک هەیە دەڵێ ( العبرة بالمعاني ولا بالالفاظ و المباني) لێرە مادام جەنابت دەڵێی ناوەڕۆک یەکە، هیچ جیاوازی نییە و لەبەر ئەوەی عبرەت بە ناوەڕۆکە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

برگەی (یەکەم) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین.... کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

٢. الوكيل . يساعد الوزير في الاشراف على اعمال الوزارة و يتولى المهام التي يوكلها اليه الوزير.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

لەسەر برگەی دووەم، چ تێبینیەک هەیە؟ فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من پێم وایە ئی بریکار وەکو ئەوانی تر نە هاتووە وهی وەزیر موطابقە، بەڵام هی بریکار داوا لە لیژنەی یاسا دەکەم سەیر کەن ئەمە وەکو ئەوانی تر نەهاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

راستە دەفەرمووی سێ وەزارەت ئاوایە، ئەوەش دەستمان لێ نەدا وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ ئەوە نوسرابوو (یساعد) ووتمان بادەستی لێ نەدەین خۆیان ئەو هایان هێنا بوو دەستمان لێ نەدا، سوپاس.

**بەڕێز جــــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

دەربارەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان کاروباری وەک وەزارەتی ناوخۆ نییە و وەک کاروباری پێشمەرگە نییە، کاروباری وەزارەتی ئاودانکردنەوە و گەشە پێدان زۆر زۆر نزیکی وەزارەتا ئەشغال وئاکنجی کردنێیە، سوپاس.

**بەڕێـز حـــــەســــــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

هەمووی یەک ناوەڕۆکە و یەک مانایە با ئەوەندەی ئاڵۆز نەکەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

برگەی دووەم، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین ...کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

**٣. تتكون مديريات و تشكيلات مركز الوزارة من:**

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پرسیارە من تێی ناگەم، شەش حەوت جار ئەو رۆژە لە وەزارەتی پیشەسازی بە چاکی تێی نەگەیشتم، بەڵام ئەگەر ئەنجوومەنی راوێژکاری (مجلس استشاري)شتێکی راست وتەواو بێ ماقوولە کە وەکیلە کە رایەکی لەسەر بدا، دیارە بریکارەکەی یاریدەدەریەتی، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگەی چوارەم: (اي خبير أو اختصاصي يختاره الوزير من داخل الوزارة او خارجها) لیژنەکەمان گۆڕیویەتی: (ويكون كالاتي وممثل واحد عدى كل وزارة ذات العلاقة)، چونکە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وپیشەسازی و کشتوکاڵ وگواستنەوەو گەیاندن وشارەوانییەکان دەگرێتە ئەستۆ، دەزانین هەر لێزانێکی پسپۆر لە وەزارەتەکە ناوە ناوە (بين بين) ئەندامە لە لیژنەی راوێژکاری وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەنجوومەنی راوێژکاریەوە بۆی هەیە نۆ ئەندامی تر، دە ئەندامی تر دێنە ناو ئەو ئەنجوومەنەوە لە دەرەوەی وەزارەتەوە، لێرەدا (مدير التخطيط والمتابعة والمدراء العامون) ئەوان نەخشەکانی خۆیان دەخەنە روو، بۆ ئەو ئەنجوومەنی راوێژکارییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای روونکردنەوەکەی بەڕێز وەزیر، یەک تێبینیم هەیە ئەنجوومەنی راوێژکاری ئەو ئەنجوومەنە نییە وەزیر شتێکی لێ ئاڵۆز بوو بچێت وەکو لیژنەیەکی راوێژکاری پرسی پێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی راوێژکاری بۆ شارەزایی وەرگرتنە دەنا وەزیر و بریکاری وەزیر نەخشەکە پێشکەش دەکەن و لە ئەنجامیش دا جێبەجێی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها یەک تێبینی هەیە ئەویش ئەوەیە، کەدەڵێ (يشكل في الوزارة مجلس استشاري باسم مجلس الاعمار والتنمية) ئەو دەستە راوێژکارییە پێویستە هەبێت واتە ئەنجوومەنێک هەبێت بەناوی (مجلس الاعمار والتنمية).

برگە چوار- مادە پێنج - کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا- مهامات المجلس:

١- اعداد و صياغة الاهداف العامة لخطط الوزارة على ضوء توجيهات من مجلس وزراء الاقليم.

٢- تقديم المقترحات حول المشاريع وتعديل الخطط المقدمة وتحديد الاسبقيات لها.

٣- دراسة واقتراح الميزانية لأغراض الاعمار والتنمية.

٤- دراسة وضع المواد الطبيعية لأغراض البناء والصناعة والاعتماد على موارد الاقليم.

٥- مناقشة التقرير الدوري العام للوزارة الذي تعده مديرية التخطيط والمتابعة وبيان مايراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوجيهات.

٦- تقديم المقترحات وتحديد الوسائل الكفيلة بتطوير بعض الصناعات والمشاريع الزراعية المتعلقة بالمناطق المشمولة بالأعمار والتنمية.

٧- دراسة مساهمة القطاع الخاص ضمن عملية النمية والتطوير.

٨- دراسة كل ما يعرض عليه الوزير من قضايا وبيان الرأي وتقديم المقترحات والتوصيات المناسبة بهذا الشأن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی دووەم لە مادە پێنج وا بزانم هەمووی ئامادەکردن وپێشکەش کردنە، واتا مەسەلەکە راوێژکارییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تلغى كافة الشركات والدوائر والمديريات التي كانت مرتبطة سابقاً بوزارة الاسكان والتعمير في المركز والملحقة بهذه الوزارة وتحل محلها وفي دحقوقها ويوزع منتسبوها على مديريات هذه الوزارة وتؤول كافة التزاماتها وحقوقها الناشئة بعد تاريخ تشكيل مجلس وزراء الاقليم في ٤/٧/١٩٩٢الى الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی شەش، چ تێبینیەک هەیە لەسەر برگەی شەش، کاک سەعید تێبینیەکی هەیە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ (تلغى كافة الشركات والدوائر والمديريات التي كانت مرتبطة سابقاً بوزارة الاشغال والاسكان) خۆ ئێستا وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن ماوە بۆ سەر بەو وەزارەتە نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

دەزانم لێرە مەبەست ئەوەیە ئەو كۆمپانیا و ئەو دەستانەی كە هەنە كە لەمەو دوا بێت، هەندێكی دابەش بكرێت بەسـەر وەزارەتی ئەشـغـال وهەندەێكی تری دابەش بكرێت بەسـەر وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدان، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

تێبینیەكی تر لێرەدا هەیە كە دەستەی سەرۆكایەتی دەری بڕیوە (وتؤول كافة التزاماتها وحقوقها الناشـئـة) ئەمە ماقوول نییە، چونكە وەزارەتی گەشەپێدان بەرپرسیارە بەرامبەر بەعەقدێک كە حكومەت بۆ ئاوەدان كردنەوە كردوویەتی.

مادە شەش، كێ لەگەڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەكەم. كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة السابعة:

١- للوزير استحداث او دمج مديريات او أقسام او شعب او وحدات ضمن تشكيلات الوزارة عند الاقتضاء.

٢- يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

٣- للوزير تشكيلات لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

لەسەر مادە حەوت/ چ تێبینیەک نییە، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەكەم. كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـەبەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة الثامنة: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

مادە هەشت، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەكەم. كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادةالتاسعة: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە نۆ، كێ لەگەڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەكەم. كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز كاك ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادەی (١٠)، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەكەم.كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز كاك ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان ئەكەم؟ كێ لەگەڵ نییە؟ ئەویش پەسەند كرا. وەكو یاسا پاش ئەو چەند هەمواركردنەی كە تێیدا كراو، دەنگیان لەسەردا. كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو یاسایە كە گفتوگۆی لەسەر كرا و جێگیر كرا وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەكەین. كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

بەم شێوەیە یاسای ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدانمان تەواو كردو، ئێستا خاڵێكمان ماوە ئەویش ئەوەیە كە كاك فرەنسۆ پێشنیاری كرد وئێوەش ڕەزامەندیتان لەسەر نیشان دا ئەویش دەربارەی بابەتی لافاوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو عەرزم كردن من پێشنیارەكەم بۆ ئەوە بوو كە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان باس بكرێ، كە ئامارێك بكا بزانی ئەو زەرەرو زیانە بە چ كەسانێك كەوتووە، بەڵام ئێستا مادام خرایە گفتوگۆو دانوساندن حەقە بە گشتی باس بكرێ، لە هەندە شوێن تەزرە باریوە دەغڵ ودانی نە هێشتووە لە هەندێ شوێن ڕێگاو بانی نەهێشتووە، لە ناو هەولێر هاتووچۆ نەبووە، با لەم بارەیەوە بكۆڵرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك (یۆنادم)یش پێشنیارێكی هەیە، دەیویست باسی ئەم بابەتە بكا دەربارەی ڕێگاو بان و خراپ كاری ئەو لافاوە، ئەوجا كاك یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەڕێزان وەک خۆتان ئەزانن لافـاوی ئەم دوایی یە مـاوەی بیـست سـاڵ زیاتریش دەبێ بەم زۆرییـە نەباریوە، زەرەرێکی گەورەی لەکوردستان داوە لە هەمـوو ڕێگاو بانەکانی کوردستان و هەندێک لە پردەکـان، بەتایبـەتی لە قـەڵادزێ سێ چوار (قـەنتـەرەی) هەر بەیەک جـاری بردووە، خـەڵکی کـەوتوونەتە ناو ئەو قـەیرانە ولەلایێکی ترەوەش وەزعی دارایی کـوردسـتـان یاریدەی سەرف کـردن نادات. ئەمەیە ڕاستی بارودۆخەکە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەنجا ئەگەر وەکو پێشنیـارێک لە ڕۆژی سێ شەممە لە ئەنجـوومـەنی وەزیراندا باسی بکەن، ئەگەر پێویستی بەشتێکی(استثنائی )کرد، پاشان ئەتوانین پێشنیارێک بکەین.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوەی کاک فرەنسۆ وتی من زیادکردنێکم هەیە، هەر لەوێندەر نییە، لە دەشتی هەولێر مەسەلەن زۆر دێ تەزرە کـوتایتی و شـینایی تریش تووشی زیان هاتوون، من نازانم توانای حکومـەتی هەرێمی کوردستان تا چ ڕاددەیەک ئەتوانی یارمەتییان بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەڕاستی دیارە کەلافاو وتەزرە لەم ڕۆژانە زەرەرێکی زۆری بەخەڵک داوە، ئەو پێشنیـارەی کاک فرەنسۆ کردی ئەمن زۆر پشتگیری دەکەم و ئەوە لە و حاڵەتەشدا ئێمە وەکو ڕاسپاردەیەک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە چەند لیژنەیەک دروست بکرێ لە هەر پارێزگایەکدا تاکو ڕاددەیەک بۆ ئەو زەرەرانە دابندرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بۆ پشتگیری فەرموودەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، ئەوەندەی کە زانیاریم هەیە لەدەشتی شارەزوور کە دەشتێکی بە ناوبانگی کشتوکاڵی کوردستانە و کە بڕبڕەی پشتی بارە ئابوورییە کشتوکاڵیەکەمانە، لەوێ گەلەک زەرەرمەند بوون، جگە لەوە لەناوچەکانی تریش ڕێگاوبانەکان بەتایبەتی لە ناوچەی شارباژێر هەمووی زەرەرمەند بووە، ئەمە لەهەمان کاتدا لە رووی دەروونیەوە زۆر خەراپ ئەکەوێتەوە وەک کارەساتێکی سروشتی بیری لێ بکەینەوە بەزووترین کات غەم خۆری بین.

**بەڕێز حـــەســـەن کـــانەبی خـــضـــر بلبـــاس:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەروەکو ئەمنیش پشتگیری پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، لە ناوچەی ڕانیە بەتایبەتی لە

دۆڵە رەقە زەرەری دایە، ئەو بارانە لە گوندی گردجان هەتا چەندماڵەک دیواری روخاوە وشمەکیان وون بووە و، دیواری قوتابخانەکەی گوندی (گامێش)ە ئاو بردویەتی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەمانە دەکەین کە بەدەم زیان لێکەوتوانەوە دەچن، ئایا حکومەتی کوردستان تا چ رادەیەک ئەتوانی بەم کارە هەڵستێ؟ بەڵام ئەوەی منیش ئاماژەی بۆ دەکەم وجەختی لەسەر ئەکەم وەک سووتانی ناوچەی گەرمیان و ئەو شوێنانەی کە سنوورن لەگەڵ ناوچەکانی بن دەستی حکومەت زۆر لەگوینە کەوا بسووتێن، ئەنجا ناوچەی گەرمیان و خانەقین وشێخان کە ماشاالله ئەم ساڵە دەغڵیان وەک قامێش هەڵساوە، بەڵام ئەگەر تۆپ بارانێک بێت بۆی هەیە بسووتێن، یەک بزۆتە ئاگر بکەوێت لەوانەیە هیچی نەمێنێ، جا ئێمە ئەگەر حکومەتی کوردستان توانای ببێت ئەتوانێت دەراسە و پێویستیەکانی کۆکردنەوەی ئەو دەغڵە لە ئەستۆ بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەرکەس باسی ناوچەی خۆی کرد، ئەوەی ناوچەی بەرانەتیش کە ناوچەی خاباتە لە کۆمەڵگای کەورگۆسک ئاو حەوت خانووی بردووە و ئەو کشتوکاڵەی هاوینێ چاندراوە بۆ وەرزی تازە هەر هەمووی بردووە، وەزعی برا جوتیارەکانی خراپ کردووە، خاڵی دووم پردەکان پردی (قەتەوی)، پردی (بەستۆرە)، پێویستە پەلە لە چاک کردنەوەیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران باسی هەندێ شتیان کرد، ئەو ئافاتانەی کە روویان داوە لە ناوچەکان، بەڵام دەمەوێ باسی مەسەلەیەک بکەم کە بەڕاستی ئەوەی باسی دەکەن کە هەر هیچ نییە، راستە تەزرە هەندێ شوێنی کوتاوە زیانی بووە یان هەندێکی ماوە، بەڵام من ئەمەوێ باسی ناوچەی خوارێ بکەم کە گەرمیانە کە شوێنی ئەنفالەکانە بەتایبەت ئەوانەی کە قەزناغە گەنمێکمان تۆ نەکردووە، ئەوانەی ئێستا کە بەدوای ئەوەدا ئەگەرێن کە رۆژانەی رۆژێکیان نان هەبێ، لە کوێ پەیا بکەن؟ بەڕاستی حەق وایە ئاورێک لەوانە بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەمان زانی کە هەموو ناوچەیەکی کوردستان تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بووە با لیستێک ئامادە بکرێت بەو هەموو زەرەرو زیانانەی کە بەخەڵکەکە گەیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو لافاوەی هاتیە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە وئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین. چارەی بکا ئێمە دەزانین حکومەتی کوردستان توانای چەندە و چەندی پێ دەکرێ چەندی پێ ناکرێ ، لەوانەیە زۆربەی زۆری پێی دەکرێ، ئەوجا پێشنیاری من ئەوەیە وەکو پەرلەمان بەیانێک دەرکەین داوا لەدەرەوە بکەین داوا لە خەڵک بکەین بۆ وەرگرتنی یارمەتی، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم قسەکانی منیش هەر دووبارەیە، بەڵام لەشەوی ١٢/١١ کە شەوی سێ شەممە لەسەر چوار شەممە لەدهۆک بارانێکی زۆر باری، منیش لە ناو شاربووم بووە هۆی لافاوێک کەزەرەکەی یەک جار زۆربوو، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ سەید حەسەن بۆ داواکردنی یارمەتی لەدەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەم تێبینیانە، رۆژی سێ شەم، پرسیارەکان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، تاکو بزانین چیان پێ ئەکرێت بۆ ئەم زیانانەی کە لە خەڵک کەوتوون، ئێستاش فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە نزیکەی ساڵێکە پەرلەمان کار دەکات کەچی تاکو ئێستا یاسای کۆمەڵەو حزبەکانی دەر نەکردووە کە زۆر پێویست بۆ رێکخستنی کاروباری کۆمەڵ و دەمەوێ پەرلەمان کارێکی وا بکات ئەم دوو یاسایە دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای کۆمەڵەکان وابزانم بڵاویش کراوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستا چاوەڕوانی لیژنەی تایبەتی دەکرێ، هی حزبەکانیش لیژنەی یاسا ئەگەر روونکردنەوەیەکی هەبێت دەربارەی ئەم بابەتە با کاک عەدنان باسی بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یاسای حزبەکان ئەوەی کاک عبدولخالق وتی خاڵێکی زۆر گرنگە، بێگومان خەڵکی تریش لە دەرەوەی پەرلەمان هەستیان پێ کردووە، ئێمەش زیاتر جەخت لەسەر یاسای کۆمەڵەکان

دەکەین و یاسای حزبەکانیش ئێمە عەرزی سەرۆکایەتیمان کرد، پێویستە حزبەکان راو و بۆچوونی خۆیان دەربخەن بۆ ئەوەی شتێکی تەواو دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک حەز ئەکەین لیژنەی یاسا بەردەوام بێت لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای حزبەکان، با لیژنە گفتوگۆی خۆی بکات، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی نامەیەک ئەنووسین بۆ حزبەکان وماوەی حەفتەیەک دیاری دەکەین، واتا لەنێوان حەفتەیەکدا وەڵاممان بدەنەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام قسە لەسەر یاسای رێکخراوە جەماوەری یەکانە، حەزم کرد قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی حزبە بچووکەکانی کوردستاندا باسی ئەو قانونەیان کردووە، زۆر بەلایانەوە باش بووە کە پەلەی لێ بکرێ قانونەکە دەربچێت، بەڵام بەمەرجێک نابێت پارتی و یەکێتی مۆڵەتی کارکردنیان پێ بدرێت!! سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ماوەیەکە هەندێ پرسیارمان ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە، بۆ ئەوەی ئاراستەی وەزیری ئەوقاف بکرێ گرنگترین مەسەلەش ئەوانەن کەکاتی خۆی لێرە باسمان کردون کە مزگەوتەکان هەندێ وتار خوێنی تیا هەیە کە بەناوی حزبەکەی خوتبە دەدات، زۆر بە راشکاوی دەڵێم بۆتە سەرچاوەی هەرەشە، چونکە ئەوانە خوتبەخوێنی رەسمی نین و لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دانەنراون، نازانین لەم بارەیەوە وەزارەتی ئەوقاف چی کردووە؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەمان هەڵگرتووە بۆ کۆبوونەوەی پێنج شەمە، واتا دوای ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ فراکسیۆنەکان باس دەکەین، ئنجا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسی دەکەین بۆ ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف لەم بارەیەوە کارێک بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن پێشنیارێکم هەیە، هەر چەند دەبوایە پێش ماوەیەک ئەوە بکرابایە، بەڵام ئێستا هەر کاتی ئەوەی ماوە، ئێستا ئێمە وەکو حکومەتی کوردستان رۆژنامەی هەرێممان هەیە، بەرای من ئێستا یاسای کۆمەڵە و حزبەکان وەکو پرۆژە لە پاشکۆیەک لەو رۆژنامەیە بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو قانونە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەژیان و هەڵسوکەوتی بەژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، تاکو خەڵکەکە رای خۆیان لەبارەیەوە دەرببڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتم ژمارەیەکی زۆر یاسامان بۆ هاتووە، پرۆژەیەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، چی دیکەش لەڕێگای وەزارەتی رۆشنبیری یەوە هاتبێ، ئەوان ئەو بابەتە بڵاوبکەنەوە یان نەکەنەوە، ئێمە وەکو پەرلەمان لەسەرمانە کە یاسایەکمان بۆ دێت لەلیژنەی تایبەتی خۆمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێوەش بیدەن بە رۆژنامەکان.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ئازادیە وەکو لە کوردستان دا هەیە، ئێمە پشتگیری لەمە دەکەین کەوا رێزی بگیرێت، قانونی کۆمەڵەو حزبەکان بەم زووانە دەرچێت و جەماوەر رای خۆیان دەربارەی دەربڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاستان ئەکەین، هیوادارم بتوانین بە زووترین کات یاساکان تەواو بکەین، ئەمڕۆش تەواو رۆژی دووشەممە وەکو وتمان لیژنە و رۆژی سێ شەممە حکومەتە، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدانی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدانی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە وگەشەپێدانی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاریی وەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پێشنیاز کردنی نەخشەی گشتیی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدانی هەرێم لە بواری دروستکردنەوەی شارو گوندو خانووبەرە رووخێنراوەکان وریگاو پردیش لە سنووری کەرتەکانی ئەو پرۆژانەی ئاوەدانکردنەوە کە بە وەزارەت سپێردراون.

٢- جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەی بۆ وەزارەت بریار دراوەو پێشنیازکردنی نەخشەی سالانەو مام ناوەندی و درێژخایەنی پێویست بۆ جێبەجێ کردنیان.

٣- دانانی سکێچ وبەرنامەی کار بۆ نەخشە سالمێنراوەکان وجێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی پابەندیانن بەشێوەی جێبەجێ کردنی راستەو خۆ لە لایەن دەزگاکانی وەزارەتەوە یا سپاردنیان بە کۆمپانیاکان یا ئەو لایەنانەی پەیوەندیدار وپسپۆرن بۆ جێبەجێ کردنیان.

٤- وەزارەت بۆی هەیە بەسیفەتی بەڵێندەر(مقاول) پرۆژەی هەر لایەنێکی ناو هەرێم لە رێگەی دەزگا جێبەجێکارو سکیچکێشەکانییەوە جێبەجێ بکا.

٥- بەڵێن بەستن(التعاقد) لەگەڵ کارمەندانی بیانی یا کۆمپانیاو دام ودەزگا پسپۆرەکان بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی وەزارەتدا یا تەواوکردنی ئەو هەندە کارانەی پێیان سپێردراوە، ئەمەش بە پەسندکردن لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

٦- پێشنیازکردنی نەخشەو پرۆژەی گەشەپێدان لە چوارچێوەی نەخشە گشتییەکانی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان وجێبەجێ کردنیان بەرێکخستنی لەگەڵ لایەن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا

٧- بەگەڕخستنی ئەو داهاتانەی لە هەندێ لەچالاکی یەکانی وەزارەتەوە دەست دەکەون بۆ

مەبەستی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان ئەوەیش دوای پەسند کردنی لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیاری یەکەمە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەوو ڕێنماییەکانی تیایداو لەویشەوە بڕیارو فەرمان ورێنمایەکان دەردەچن لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام و دەزگاو دەسەڵاتەکانی وگشت کاروبارە ئیداری وهونەری وداریییەکان لە سنووری ئەم یاسایەدا و بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرەگشتی یەکان یا هەر یەکێک لە وەزارەتدا بەلایەوە پەسندبێ پسپێری لە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت: لە سەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا یاریدەی وەزیر دەداو ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یان دەسپێرێ.

٣- بەڕێوەبەرێتی و دامودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت ئەمانەن:

أ - نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی ی دەکاو چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێک بەرێوەی دەباو چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

ج- بەڕێوەبەرێتی ی نەخشەکێشان وبەدواداچوون: بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

د - بەڕێوەبەرێتی ی راگەیاندن وپەیوەندی: بە نووسینگەی وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

هـ- فەرمانگەی یاسایی: بەوەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

بەڕێوەبەرێتی یەکانی دیوانی وەزارەت ودام ودەزگاکانیان :

١- بەڕێوەبەرێتی گشتی ی دیوان: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتی دەکاو ئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتیی کاروباری ئیدارەوکەسان.

ب- بەڕێوەبەرێتیی کاروباری دارایی.

ج- بەڕێوەبەرێتیی چاودێری وپێداچوونەوەی دارایی.

٢- بەڕێوەبەرێتیی گشتی ی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە باوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وپسپۆران بێ سەرۆکایەتیی دەکاو بەڕێوەبەرێتی یەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی پارێزگاکانی پێوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکـەم: ئەنجـوومـەنێک لە وەزارەتدا بە ناوی (ئەنجـوومـەنی ئاوەدانـکردنەوەو گـەشـەپێـدان) بەسەرۆکایەتیی وەزیر بەم جۆرە پێک دێ:**

١- بریکاری وەزارەت: جێگری وەزیر.

٢- بەڕێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەت: ئەندام.

٣- بەڕێوەبەری نەخشە دانان وبەدواداچوون: ئەندام.

٤- هەر کارمەندو پسپۆرێک کە وەزیر لە ناو وەزارەت و لە دەرەوەیدا هەڵیان دەبژێری.

**دووەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەن:**

١- ئامادەکردن ودارشتنی ئامانجەگشتی یەکانی نەخشەکانی وەزارەت لە بەر رۆشنایی ی رێنوێنی یەکانی(توجیهات) ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمدا.

٢- پێشکەشکردنی پێشنیاز سەبارەت بە پرۆژەکان وگۆڕینی نەخشـەکان ودیاریکردنی چۆنێتی ی ریزبەستنیان.

٣- لێکۆڵینەوە وپێشنیاز کردنی بوودجە بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان.

٤- لێکۆڵینەوەی باری مادده سروشتی یەکان بۆ مەبەستی بینا کردن وپیشەسازی وپشت بەستن بە خێرو بێری هەرێم.

٥- لێکۆڵینەوەی راپۆرتی خولەکی ی گشـتیی وەزارەت کـە بەرێوەبەرێتی ی نەخشـەکێشـان ئامادەی دەکاو تێبینی رێنوێنی خۆی لە بارەیەوە دەردەبری.

٦- پێشکەشکردنی پێشنیازو دیاریکردنی ئەو رێ وشوێنانەی پەرەپێدانی هەندێ پێشـەسازی وئەو پرۆژە کشتوکاڵیانە زامن دەکەن کە پەیوەندی یان بەو ناوچانەوە هەیە کە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان دەیانگرێتەوە.

٧- لێکۆڵینەوەی بەشداربوونی کەرتی تایبەتی لە چالاکی وئاوەدانکردنەوەو گەشەپێداندا.

٨- لێکۆڵینەوەی هەر کـێـشـەیەک کـە وەزیر دەیخـاتە بەر دەمی ورادەربرین و پێـشـکەشکردنی پێشنیازو ئامۆژگاری ی پێویست لە بارەیەوە.

**ماددەی شەشەم:**

گشت ئەو کۆمپانیاو فەرمانگەو بەرێوەبەرێتی یانە هەڵدەوەشێنرێتەوە کە لەوە بەر بە وەزارەتی نیـشـتـەجێ کـردن وئاوەدانکردنەوەی ناوەندەوە بەسـتـرابوونەوەو درانە پاڵ ئەم وەزارەتەو ئەمـیش سەبارەت بە مافەکانیان دەچێتە جێگەیان وفەرمانبەرەکانیان بەسەر بەرێوەبەرێتی یەکانی ئەم وەزارەتەدا دابەش دەکرێن وهەموو ئەو ئیلتزام ومافەنەی لە دوای پێکهاتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە لە ١٩٩٢/٧/٤ دا هاتوونە کایەو دەخرێنە لای ئەم وەزارەتە.

**ماددەی حەوتەم:**

١- وەزیر بۆی هەیە لە چواچێوەی دام ودەزگاکانی وەزات ولە پێویستدا بەرێوەبەرێتی وبەش ولق

ووەحدەی نوێ پێک بێنێ یا لەیەکیان بدا.

٢- بە پەیرەوو ئەرک وتایبەتکاری یەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت دیاری دەکرێن.

٣- وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی پێکبێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامە ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە سی ساڵ لە سەر دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا کەوتبووە بەر شالاوی بەردەوامی وێرانکردنەوەو سیاسەتی زەوی سووتاوی لە دژ بەکار دەهێنرا، کە لە ئەنجامیدا هەزارەها گوندو بونیادی ژێرەوەی ئابووریی هەرێم کاول کران.

دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێویست بوو دەست بکرێ بە کارکردن بۆ سەر لە نوێ ئاوەدانکردنەوەو بیناکردنەوەی ئەوەی حکومەتی فاشیی عێراق لە سیاسەتی ئەنفالی بەدناو وێرانی کردو ئەمە لە زنجیرەی ئامانجەکاندا خرایە پێشی هەمووانەوە بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٩)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٨/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۳۹)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۸/۵/۱۹۹۳

***کاتژمێر(۱۰)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۸/۵/۱۹۹۳ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (۳۹)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (۱۹۹۳)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***۱- ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامان.***

***۲- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئەمڕۆ بەرنامەی کارمان وەک هەموو سێ شەممەیەک بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەو ئەو وەزیرە بەڕێزانە بەڕێوە دەچێ کە لە هەفتەی ڕابردوو پرسیاریان ئاراستە کراوە، ئەم جارە بەڕێز وەزیری داراییش تەشریفی هێناوە بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیار کەپێویست بێت، جا ئەگەر تازە بابەت هەبێت و فراکسیۆنەکانیش شتێکی تازەیان هەبێت با پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەبجەی شەهید خاوێن نەکراوەتەوە، ئینجا زۆر بە کورتی ئەگەر پاشان ماوە هەبوو، شێخ موحسن پێشنیارێکی هەیە، پێشنیارێکی کورت ئەگەر پێویستی بە گفتوگۆ کردن هەبوو وئەگەر ڕازی بوون دەکرێ وئەگەر ڕازیش نەبوون ئەوە هیچ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئایا ئەمە وەکو پرسیارێک لە حکومەت، یان وەکو تازە بابەت، لە بەرنامەدا جێگیر بکرێت؟

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

نەخێر پێشنیارێکە بۆ حکومەت، ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر کرا ماڵیان ئاوا، ئەگەر رازیش نەبوون دەسەڵاتمان نییە.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئەمە ئەگەر تازە بابەتە با جێگیری بکەین لەبەرنامەو دەنگی لەسەر بدەین، ئەگەر پرسیاریشە لە حکومەت با لەنێوان پرسیارەکاندا بێت.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پرسیارێک لە حکومەت دەکرێ دەربارەی پاککردنەوەی هەڵەبجە، و لەلایەن کارگێری فراکسیۆنی سەوزەوە پرسیارێک هەیە دەربارەی خانووەکان.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمە پرسیارەکانمان هەمووی بە نووسین پێشکەش کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ یەکسەر دەبێ بچینە سەر بابەتەکە، ئەوە لەبەردەمتاندایە، وەکو ئەوەی کە نووسراوە، یەکەمیان فراکسیۆنی سەوز ئەڵێ ئایا کێشەی خانووەکان چی لێهاتەوە؟.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

وابزانم هەردوو فراکسیۆنەکە لەسەر ئەوە بیروڕایان وەکو یەک وایە، کەوا لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا نوێنەرانی حکومەت لێرە ئامادە بن، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەیان لێ بکەین کەوا تا ئێستا چیان کردووە بۆ مەسەلەی چۆڵ کردنی خانووەکان، هەفتەی پێشوو بەدوور و درێژی باسی ئەوەمان کرد، لە هەردوو فراکسیۆنەکەوەش کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان قسەیان کرد وئەوەی پێویست بوو لەم بارەیەوە گوترا، ئێستا تەنیا چاوەڕێی وەڵام دەکەین، تا بزانین لە هەفتەی رابردوو واتە لەسێ شەممەی رابردوو تا ئەو سێ شەممەیە چی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئەوە پرسیارێکی فراکسیۆنی سەوزە بە ڕێک کەوتن لەگەڵ فراکسیۆنی زەرد.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمەش پشتگیریمان لێ کردووەو، دەیکەین و لە مەودوا ئێمەش ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران نەکەین، یەکەم کاری ڕۆژی سێ شەم کە بێن وەکو راپۆرتێک بڵێن سەبارەت بە خانووەکان چیان کردووە، یەعنی پێویست ناکات چی تر ئێمە پرسیار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

دەربارەی خـانووەکـان، ئێـمـە وەکـو ئەنجـوومـەنی وەزیران ئێـسـتـاکـە ئەوە بەسـەریان دەکـەینەوە (جەرد)یان دەکەین، کە ئەو فەرمانبەرانە وخەڵکانەی لەوخانووانەدان یان لێکیان جیا بکەینەوە و، بەزووترین کـات ئەو خەڵکانەی نا مـوسـتـەحەقن زوو لە خـانووەکـان بچنە دەرەوە و ئیـجـرائاتی پێویست بکرێت بۆ چۆڵکردنی خانووەکان، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

بۆ ئەم بابەتە دەبێ کەمێک ئاگامان لە کات بێت، بۆ ئەوەی کە پرسیارێک ئەکرێت، هەر کەسە مافی بەدواداچوونی (تەعقیبی) هەبێ، لەبەر ئەوە چیتر خۆمان تێکەڵاوی ئەو بابەتە ناکەین.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

من هەر وەک لەپێشـەوە باسم کرد، هەفتەی رابردوو بە دوور و درێژی باسی ئەو مەسەلانەمان کرد پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، پرسیارەکەی ئێمە زۆر روون و ئاشکرایە، لە ماوەی هەفتەی رابردوودا بۆ ئەو مـەسـەلەیە چیـان کـردووە و چ هەنگاوێکیـان ناوە؟ ئایا ئەو مـەسـەلەیە چۆتە پێشەوە؟ سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

پێشنیارەکەش پاش جەژن بووە، وانییە؟

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

بەڵێ ئەوەش پێشنیارێکە تاکو جەژن بە سەردەچێ دەرفەتیان بدرێتێ، بەڵام لەهەفتەی رابوردوودا چی کراوە، حکومەت خەڵکێکی ناردووە ئاگاداریان بکەنەوە، نامەی بۆ نووسیون، هەوڵی لەگەڵ داون بۆ ئەوەی بزانین ئایا لەو بارەیەوە چی کراوە؟ سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

باسی ئەوەش کرا، کەوا ئەوانەی دەرئەچن، خانووەکان بەیەک جاری تێک وپێک ئەدەن، بۆیە دەبێ پێش چۆڵکردنیان لە ئاکامەکانی ئەو کارە ئاگادار بکرێنەوە.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەوە لەو مەسەلانەیە کە بەراستی کاتی خۆی لە زۆر کۆبوونەوەدا باسی لێ کراوە، کە ئەو مەسەلەش رووبەڕووی برایان کاک یونس و کاک شەوکەت کرابۆوە، لەو بارەیەوە راپۆرتی دوور ودرێژیان پێشکەش کرد، کە بێگومان ئەو شتانە هەمووی لەوەو پێش باس کراوەو بڕیاری لەسەر دراوە، بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە تەنیا ئەگەر گۆڕانێکی تازە هەبێت لەم بارەیەوە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر کاک عەبدوڵڵا دەربارەی ئەوە قسەیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوەی لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردوودا باس کرا، جەخت لەسەر ئەوە کرا، کە زۆربەی ئەو خەڵکانەی لە خانووەکاندان هەمووی فەرمانبەرانی حکومەتن، لەو حەفتەیەدا قسەیان لەگەڵ کراوە، کە خانووەکان چۆڵ بکەن، هەروەها ئەوانی دیکەش پیاچوونەوە بووە لەگەڵ ئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەمان باس کرد، کە کێ نا شایستەیە زوو بچێتە دەرێ، ئەوەی کەوا موستەحەقیشە مۆڵەتێکی بدرێتێ تاکو چارەیەک بۆ ماڵ ومنداڵەکەی دەدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک لەلایەن بەڕێز فرەنسۆ هەریرییەوە هاتووە، دەربارەی پۆلیسی نەتەوە یەکگرتووەکان وکشانەوەیان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی هاوێشتووە بۆ مانەوەی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستاندا؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی رۆیشتنی ئەو پۆلیسانەی نەتەوە یەکگرتووەکان. کە دوو سەدو پەنجا کەسن لە کوردستاندا، ئێمە پەیوەندیان بە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کردووە لەشاری (واشنتۆن) لە ئەمەریکا، هەروەها پەیوەندیمان بەبەڕێزان (مام جەلال وکاک مەسعود)یشەوە کردووە ، کە لەو بارەیەوە ئەوان قسەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئێمە پێمان وایە کەوا فەرمانبەرو پۆلیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسرەفیان یەکجار زۆرە لەسەر ئەو پارەیەی کە بۆ کوردستان تەرخان دەکرێت، خۆشتان لەرۆژنامەکاندا بینیتان کەوا مانگانە ئەو پۆلیسانە چەند خەرج دەکەن، بۆیە مەسەلەکە تەرخانکردنی پارەیە، بەشیان ناکات بۆیە رۆیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ هیچ بە دواداچوونێکت هەیە؟

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نەخێر من هیچ بەدواداچوونێکم نییە..

**بەڕێز خـــەســـــرۆ گـــوڵ مـــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکەی من ئاراستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵە، ئایا تائێستا چ کراوە بۆ مەسەلەی وەرگرتنی بەرووبوومی ئەم ساڵی گەنم وجۆ، بەتایبەتی کە ئاگادارین ڕژێمی بەغدا بڕیاری داوە نرخی گەنم وجۆ زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکردنی خواردەمەنیی و دانەوێڵەیە، ئێمە لەسەرەتادا باسی ئەوەمان کرد کە لە جیاتی ئەوەی گەنم لە ئوستراليا وکەنەدا بکڕدرێت کە بەشی زۆری پارەکەی لەگواستنەوە سەرف دەکرێت، هەوڵ بدرێ لەدەغڵ ودانی خۆمان بکڕین. ئێمەش هەموو ئامادە باشی یەکمان وەرگرتووە بۆکڕینی دانەوێڵە لە جووتیارانی کوردستان، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

چ بەدواداچوونێکی دیکە نیە؟

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی کوردستاندا، بڕیار دراوە بازگە وخاڵەکانی گومرگ لەسەر ڕێگاوبان کەم بکرێتەوە، کەچی ئێستاکەش هەندێکیان هەر ماون وئەمە دەبێ چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو مەسەلەی ئێستا کاک ئیبراهیم باسی کرد، لەم ڕۆژانە چەند شتێک رووی دا و هەرکە ئێمە زانیاریمان پێ گەیشت، یەکسەر برووسکەمان بۆ پارێزگای دهۆک کرد، بۆ چارەسەر کردنی، سوپاس.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمەش بە دەوری خۆمان سوپاسیان دەکەین. بۆ ئەو چارەسەر کردنە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پرسیارێک لەلایەن کاک (جەلال جوهر)ەوە هاتووە کە دەربارەی ئۆردوگاکانی دەوربەری هەولێر وبەڕێوەبەری ناوچەکانە (ناحیە).

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە برادەران دەزانن کە لە دەوروبەری هەولێر، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئۆردووگای زۆرە ملێ هەنە، کە خەڵکێکی زۆریان تێدا دەژی. پێم وایە زیاتر لە دوو سەد هەزار کەس دەبن. ئەو خەڵکە زۆرەش بێگومان گرفت وکێشەی زۆریان هەیە، یەکێ لەو کێشانەی تا ئێستا ئەوانە هەیانە کێشەی گەڕانەوەی ئیدارەکانە، بەتایبەتیش بەڕێوەبەری ناوچە (ناحیە) ودەزگای پۆلیس دەبێ ئەمانە چارەسەر بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی کاک جەلال دەربارەی ئۆردووگاکانی دەوروبەری هەولێرە، لەڕاستیدا ئێمە ئەوەی پێمان کرا بێت. بۆ جێگیر کردنی باری ئاسایشی ئەو خەڵکە داوامان کردووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، ئاگادار کراون کە دەزگا لەو ئۆردووگایانەش دابمەزرێنن، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی تێگەیشتبم بەڕێوەبەریەکان لەسەر بونیادی قەبارەی دانیشتوان دادەنرێن. پێویستە بەپێی زۆری خەڵکەکە وەحدەی پۆلیس لەو شوێنانە دابمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی روون و ئاشکرایە کە کوردستان ماوەی (٢٥) ساڵ بەعس حوکمی تێدا کردووە و توانیویەتی لە کۆمەڵێکی بەرهەم هێنەوە بیکاتە کۆمەڵێکی (استهلاکی). ئەو خەڵکەی لە ئۆردوگا زۆرە ملێیکان کۆکردیتەوە بۆ ئەوەی هەردەم چاویان لەدەستی حکوومەت بێت، کە نەتوانن لەسەر دەسکەوت ودەرامەتی خۆیان بژین. ئەمە ئەرکێکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد کردووە، وەختێکی تەواوی دەوێ تا ئەو ئەرکە زۆر وپێویستە جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک لەلایەن بەڕێز (جەلال شەفیق)ەوە هاتووە، لەبارەی کشانەوەی پاسەوانانی (UN)و کاریگەری ئەوە لەسەر ئەو ڕێکخراوە بیانیانەی کە لە بواری مرۆڤایەتیدا لەکوردستان ئیش دەکەن.

**بەڕێز د. جـــــەلال شـــــەفـــــیق عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

پرسیارەكەم كە ئاراستەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران كردووە، ئەوەیە ئایا كشانەوەی پاســەوانەكــانی (un) ئێـستـا تا چ رادەیەک كـار دەكاتە سەر كاروباری مـانەوەی ڕێكخـراوە مرۆڤایەتی وخێرخوازەكان لەكوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

وابزانم وەڵامی ئەو پرسیارەمان دایەوە، بەوەی كە كشانەوەی پاسەوانەكانی خۆیان كـاریگەری ناكـات. حكومـەتی هەرێم دەتوانن پارێزگـاری ئەو ڕێكخـراوانە بكەن، بەو شـوێنانەشەوە كە لێی دادەنیشن، دەزگای پۆلیس وئاسایش دەیان پارێزن. مەسەلەكەش سیاسی نیە، بەڵكو مەسەلەیەكی دارایی یە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

كاک سیروان دوو پرسیاری هەیە دەربارەی تۆمارەكانی نفووس.

**بەڕێز ســـــیـــــروان مـــــحـــــەمـــــەد نەورۆڵی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

وەک ئاشكرایە لەماوەی شەری عێراق و ئێران دا رژێم زیاتر لە بیست تۆماری بنەڕەتی پارێزگای سلێـمــانی هی (نفـووسی )ســاڵی (١٩٥٧)ی بردووە ،گـوایا روونووســیــان دەكـات، ونەی گەڕاندوونەتەوە و ئێستـا مامەڵەی زیاتر لە سەد و سی هەزار هاووڵاتی لەسلێمانیدا راگیراوە، لێرەدا دەپرسم: ئایا حكومەتی هەرێمی كوردستـان چ هەنگاوێكی ناوە كە لە ڕێگەی (un)ەوە شتێكی وا بكرێت نوسخەی ئەو تۆمارانە بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پرسیارێكیان پەیوەندی هەیە بە ژیانی ئەو خەڵكەوە كە لەدەرەوەی كوردستاندا دەژین، چ كارێک بكرێ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە كوردستان یان یارمەتی حكومەتی هەرێم بدەن.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئاگاداری ئەوانە كراوەتەوە كە لە دەرەوەی كوردستانن، بۆ ئەوەی یارمەتی حكوومەتی هەرێم بدەن، لەبارەی تۆماری نفووسیشەوە، هەوڵ دەدەرێ ئاماری نوێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وەڵامی پرسیاری دووەمیش تەواو. ئەگەر كاک سیروان قسەیەكی دیكەی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو برادەرانەی لەدەرەوەی وڵاتدا دەژین، پێویستە لیژنەی تایبەت دابنرێت بۆ پەیوەندیی پێوەکردنیان و وەرگرتنی کۆمەک لێیان، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە خەریکن پەیوەندیی بەو کوردانەوە دەکەن لە هەندەران بۆ ئەوەی بە رێکوپێکی یارمەتی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیێک دەربارەی پۆلیسی دەوڵەتان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا مەسەلەی کێشانەوەی پۆلیسەکانی (UN) لە ناوچەی هەرێمی کوردستان دا، چ مەترسی یەکی نییە، چونکە ئەو پۆلیسانە نەهاتبوون بۆ ئەوەی شەڕ رابگرن لەنێوان کورد و رژێمدا. ئەرکی ئەوان ئەوە بووە کە چاودێری سنوور بکەن و بزانن کام لا خەتا بارە، ئەوانە ئەرکیان تەنیا ئەوەیە لەگەڵ هێنانی ئازووقەدا بێن وبچن، بۆیە کێشانەوەیان ئەو کاریگەرییەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئاگادارن، کێشەی کارەبا دواخراوە بۆ ئەم دانیشتنە، چەند پرسیارێک کاتی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە کرا، بەگشتی وەزعی کارەبای کوردستان چۆنە؟ ئایا پرۆژەی کارەبای دەربەندیخان تەواو بووە؟ پرسیارێکی تریش هەیە دەربارەی کارگەکانی جگەرە وشەکر.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکەی کارەبای دەربەندیخان دەستی پێ کراوە و وەزیری پیشەسازی بۆ خۆی چووە بۆ سەردانی، لەبارەی کارگەی جگەرە و شەکریش با وەزیری پیشەسازی خۆی باسی بکات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا کێشەی کارەبا کێشەیەکە لەو کێشە گەورانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زوویەکەوە بەرەو روویان بۆتەوە. ئێمەش وەک وەزارەتی پیشەسازی دوو پرۆژەی بنەڕەتیمان دەست پێ کردووە، لەبارەی کارەباوە. یەکەمیان گەیاندنی کارەبای دەربەندیخانە بۆ سلێمانی،

دووەمیشیان گەیاندنی کارەبای دووکانە بۆ ناوچەی بادینان، ئەم دوو پرۆژەیە بەپێی توانا لێیان کۆڵدراوەتەوە، چونکە بەڕاستی پرۆژەی دووەمیان گرانە وئاسان نییە و هەوڵیش دەدەین توانای بۆ ئامادە بکەین، زۆرمان هەوڵ داوە لەگەڵ بەشی زۆری ڕێکخراوەکان، بۆ ئەوەی پارەی بۆ مسۆگەر بکەین، چونکە بە پارە و توانای خۆمان ئەو پرۆژە گەورەیە جێبەجێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، پرسیاری کارگەکان وکارەبا لەلایەن کاک ئەحمەد نەقشبەندییەوە. ئەگەر چ بەدواداچوونێکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە با بفەرمووێت.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی مەبەستمان بوو وەزیری پیشەسازی بەڕێز ڕوونی کردەوە و سوپاسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی کارگەی (گەچی بازیان) ئەگەر شتێک هەیە فەرموون؟.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا ئەم کارگەیە هەروا دەمێنێتەوە؟ کەوا نزیکەی ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، کەچی پێی نەکراوە کارگەکە بگێڕێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا بۆ ئەم مەسەلەیە لیژنەیەکمان لە وەزارەتی پیشەسازی وپارێزگاری سلێمانی پێک هێناوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیەدا و تا ئێستا کارگەکە تەسلیم نەکراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەم مەسەلانە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەدرێژی باس دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مایەوە بابەتی کارگەی جگەرە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکم لەسەر قسەکانی کاک (ئەمین) هەیە، دەربارەی مەسەلەی کارگەی جگەرە، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە کەرەسەی خاو بۆ ئەم کارگانە لە دەرەوە بهێنن و ڕێ نەدەین ئەوەندە جگەرەی بیانی بێتە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

من ئەو پرسیـارانەی ئاراسـتـەم کـردوون، مـەبەسـتم ئەوە نیـە کـە وەزارەتی دارایی بۆ جـێـبـەجـێی ناکات؟ بەڵام با وەزارەتی دارایی لەلای خۆیەوە پرسیار لە لایەنە بەرپرسیـارەکان بکات کە بۆچی جگەرە، کە لە بیست مادە زیاتر پێک هاتبێ ڕێگا ئەدرێت، بەڵام ئەو مـادانەی کە جگەرەیان لێ دروست دەکرێت ڕێگەی هێنانە ناوەوەیان نادرێت؟ سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بابەتەکەی ترمان، دەربارەی زیانەکانی باران و لافاوە.

**بەڕێز فــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

لەمەوبەر بە درێژی باسی لافاوەکەمان کرد کە زەرەر و زیانی لە خەڵکی دهۆک و باڵـەکەتی داوە و خـانووی روخاندووە و دەغڵ و دانی فەوتاندووە، هەروەها باسی ئەوەش کـرا کـە ئەو زەرەرو زیانە هەر لە خـەڵکی ئەو ناوچەیە نەکـەوتووە بـەڵکو لە دەشـتی هەولـێر و لەشـارەزوورو لەشاربـاژێریش کەوتووە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی هاوێشتـووە لەبارەی ئامار کردنی ئەو زەرەر و زیانانەی کـە لە خـەڵکەکـە کـەوتوون لەگـەڵ قـەرە بوو کـردنەوەی زیـان لێ کـەوتووەکـان؟ سوپاس.

**بەڕێز مــــــەلا تەها مــــــحـــــــەمـــــــەد تەها:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

من سێ پرسیارم هەیە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

یەکەم: لەبارەی ئەو زەرەر و زیانەی لە خەڵکەکە کەوتووە لە ئەنجامی لافاوەکەوە ئایا چی کراوە؟

دووەم: بۆ وەرگرتنی بەروبوومی توتن حکومەتی هەرێم چی کردووە؟

سێ یەم: لەبارەی دابین کـردنی ئازووقـە بۆ خـەڵکی کـۆمـەڵگا زۆرەملێ کـان ئایا چی کـراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

لەبارەی لافـاوەوە وەزارەتی ناوخـۆ لەگـەڵ پارێزگـاکـان لیـژنەی تایبـەتیـان داناوە بـۆ ئامـار کـردنی زەرەرو زیانەکـان خـەریـکین مـەسـەلەی وەرگرتنی بەروبوومی توتن چارەسـەر دەکـەین، و مـەسـەلەی دابەش کردنی ئازووقەش لێی کۆڵدراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مــــــەلاتەها مــــــحـــــــەمـــــــەد تەها:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

کە توتن دێت بۆ چ گومرگی لێ وەرگیرێ ؟خۆ لەناو کوردستان دێت نەک لە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لە گومرگ وەرگرتن دا کەم وکووڕی هەبووە، ئێستا خەریکین لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ئەم کێشەیە بە تەواوی چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی تووتن بە کێشەی جگەرەوە بەندە، تاکو کارگەی جگەرەی خۆمان نەخەینە کار کێشەی تووتن چارەسەر ناکرێت، ئەو کاتە دەتوانرێ جگەرەی بیانی قەدەغە بکرێت وەیا باجێکی زۆر لەسەر جگەرەی بیانی دابنرێ تاکو جگەرەی نیشتمانی خۆمان بپارێزین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ بەدواداچوونێکی دیکە هەبێ، بخرێتە ڕوو فەرموون.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕازی بووین بە وەرنەگرتنی گومرگ لەتوتنی خۆمان، بەڵام وەزارەتی دارایی وئابووری و ئەنجومەنی وەزیران جارێ ئەو بڕیارەیان نەداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەو کەسانە پرسیار دەکەن کە ناویان نووسراوە.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکێکی زۆر لە پێنجوینەوە هاتوون بۆ نووسینەگەی پەرلەمان لەسلێمانی، دەڵێن هەر وەکو جاران کۆمەڵێک ئاغا دەستیان بەسەر زەوی و زارەکان داگرتووە و زۆربەی جووتیاران ناتوانن بچنەوە سەر زەوی یەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی زەوی و زار لەنێوانی جووتیار وخاوەن زەوی یەکاندا کۆنە، بەڵام ئێمە بەهەمموو جۆرێک هەوڵ دەدەین کە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی زەوی وەک سەرەک وەزیران فەرمووی کێشەی دوێنی وپێرێ نییە و زۆر کۆنە وکێشەی جووتیار وخاوەن زەوییەکانی پشدەریش یەکێکە لەو کێشانە وخەریکە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەو دێهاتانە کێشەی زەویوزاریان هەیە و هیوادارین ئەنجوومەنی وەزیران زوو چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند پرسیارێک هاتوون لەبارەی وەزعی (دراو)ەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە ئاگادارن کە باسی کێشەی (٢٥) دیناریمان کرد و ئەمەمان خستە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران تاکو هەنگاوی پێویستی بۆ بنێ و هیواداریین لەم رووەوە رێکخراوی نێو دەوڵەتان یارمەتیمان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی باسی ئەم مەسەلەیەی کرد و ئەم مەسەلەی (دراو)ەشمان تەنانەت خستە بەردەم مام جەلال و کاک مەسعودیش، هیوادارم ئەنجامێکی ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا دووخاڵ ماون، دوا پرسیار لە دانیشتنی پێش ئێستا مامۆستا مەلا تاهیر بابەتی گەرمیانی باس کرد، کەئێستا بەرەو وەرزی دروێنە دەچێ و ئەمەش پێویستی بەکۆمەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وەرزی دروێنەی دەغڵ ودانە بەتایبەتی لە گەرمیان و لەو شوێنانەی کە نزیکن لە سنووری دەستەڵاتی رژێم، ئایا حکومەتی هەرێم چ ئاسانکارییەکی ئامادە کردووە بۆ جووتیارانی ئەو ناوچانە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی سووتاندنی دەغڵ ودان لەو ناوچانەی نزیک سنووری دەستەڵاتی رژێم، ئێمە ئاگاداریی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەمان کردووە، کە بە چ جۆرێ لەو ناوچانە کاری وا ئەنجام نەدەن کە ئاگر بکەوێتەوە لە ناوە و دەغڵ ودانەکە بسووتێ، لەبارەی یارمەتی دانی جوتیارانیشەوە بۆ

درویّنه خۆتان دەزانن کە ئیّمە (دەراسەی) وامان نییە هەڵمەتی درویّنەی پیّ بکەین بۆیە یارمەتی یەکەمان دیاریکراو دەبیّ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕیّگای وەزارەتی ناوخۆوە ئاگاداری پاریّزگاکان بکەن کە (دەراسە) ببەخشن بۆ درویّنەی ئەو دەغڵ ودانانەی نزیک سنووری دەسەڵاتی ڕژیّمن، سوپاس.

**بەڕێز موحسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەبجەی شەهید چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە میللەتانی دەرەوە یارمەتی بدەن و، کەچی تاکو ئیّستا شتیّکی کەم نەبیّ بۆیان نەهاتووەو، چاوەڕوانن لە حکومەتی هەریّم کە پتر ئاوڕیان لیّ بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیّش ئەوەی کە بەڕیّز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، لەلایەن کاک (شوکت) ەوە روون کردنەوەی لەسەر قسەکانی مامۆستا مەلاموحسن هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم داواکارییەی مامۆستا مەلا موحسن بۆ هەڵەبجەی شەهید، داواکاریی هەموو خەڵکی کوردستانە، ئیّمە لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەریّمی کوردستان ئەم داوایەمان پیّشکەش بە کاک عەبدوڵڵا کردووە، هەموو لایەک چاوەڕوانی خزمەت کردنی هەڵەبجە و هەموو شویّنیّکی زیان لیّ کەوتووی کوردستانین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەین هەر خۆتان وەڵامی خۆتان بدەنەوە، وەک کاک (شەوکەت) گووتی: سەردانی هەڵەبجەی شەهیدمان کرد و بڕیارمان دا زۆر گرنگی بە داخوازییەکانی بدریّت وحکومەتی هەریّمی کوردستان هەموو توانایەکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ خزمەتی هەڵەبجە و بنیات نانەوەی، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەو گرنگی دانەی بە هەڵەبجە و هیوادارین پەلەی لیّ بکریّت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین. سوپاسی ئەو برایانە دەکەین کە ئەو پرسیارانەیان ئاراستە کرد بوو. ئەم دانیشتنەمان تەواو بوو.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٠)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٥/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٢٥

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤٠)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن.***

***٢- بەرچاوخستنی کێشەی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (٣) خاڵە، چەند برگەیەکمان هەیە پەیوەندی بە بڕیار و چەند داخوازیەکی ترەوە هەیەو لەلایەن حکومەتەوە هاتوون ئەمانەش بەپێی ئەوەی بەڕێز سکرتێر ئاگاداری کردین کە لیژنەکانی ناو پەرلەمان لەسەر خاڵی یەک و دوو و سێ ڕازی بوون، بۆ ئەوەی بڕیارێکیشیان لەسەر بدەین، باشتر وایە خاڵ خاڵ لەسەریان بڕۆین، بەتایبەتیش کە ئەمڕۆ سێ شەممەیە بۆ حکومەت نییە، بەڵکو بۆ کاروباری ئاساییە، ئەگەر لە تازەبابەت شتێک نییە با بیچەسپێنین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە هیچ بەرنامەی کارمان نییە ئەمڕۆ پرۆژەی ئەشغال و نیشتەجێ کردنە ئەویش بەڕێز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن نەهاتووە، ئەنجا من دوو خاڵی تازە بابەتم هەیە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر بکەن:

١- کەسوکاری بارزانییە بزربووەکان و ئەنفالکراوەکان کاتێک سەردانی فەرمانگەی (نفوس) و ئەوانە دەکەن بۆ هەندێ ئیشوکار داوای بەڵگەنامەی (وەفاتی) باوکیان لێ دەکرێت، ئەمە

ئەبێت باس بکرێ و چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە.

٢- ئێمە وەکو کتلەی زەرد هەندێ ئاڵوگۆڕیمان کردووە لە لیژنەدا فەرمانگەکان هەندێ کەسیان گۆڕیوە حەز دەکەین کە بیخەینە روو، چونکە ئەبێت لە ناو پەرلەماندا بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن ئاگادار کراونەتەوە ئەگەر نەیەن خۆیان بەرپرسیارن، ئەوە نابێتە بەربەست کە ئێمە قانوونەکە گفتوگۆ بکەین دێن یا نایەن، ئارەزووی خۆیانە، بۆ ئەو دوو خاڵەش دەربارەی پێشنیازی یەکەم دەربارەی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و مەسەلەی (نفوس) وادەزانم تەنها ئەوان ناگرێتەوە، بەڵکو خەڵکی تریش ئەگرێتەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی تازە بابەتەوە بە پێی ئەو هەواڵانەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە کە گوایە هێزمۆڵدانێکی زۆر هەیە لە ناوچەکانی نزیک کوردستانی ئازاد، بەداخەوە لە حکوومەت کەسێک لێرە نابینم تا پرسیارەکانی بەرەو روو بکەینەوە بەتایبەتی ئەو پرسیارە بەرەو رووی وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ئەبێتەوە، ئەگەر لەو بارەوە زانیاریەک هەیە حەزدەکەین ئەنجوومەنی لێ ئاگادار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم وەزیر چووە بۆ ناوچەی کەرکووک و سلێمانی نەم بیستووە نەخۆی و نەجێگرەکەی گەڕابنەوە، وەزیری ناوخۆش لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی رۆیشتن بۆ زاخۆ بۆ پێشوازیی ئەو شاند(وەفدە)ی کەدێت، جا ئەگەر رازین ئەوا دوای دەخەین بۆ کاتێکی تر. وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردنیش لە دەرەوەی هەولێرە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو ناخۆشیانەی لە ناوچەی پشدەر هاتوونەتە پێشەوە، ئەگەر ئەو برایانەی زانیاریان لەو بارەیەوە هەیە با پێشکەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێری و دوێنێ لە پشدەر ئاژاوە بووە لە نێوان ئەو خەڵکەی کە کێشەی زەویان هەیە دوێنی پەیوەندیان کرد بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە خەڵکێکیان ناردووە بۆ سەرپەرشتی ئەو خەڵکە، بۆ زانیاری دەبوایە دوێنی بریکاری وەزیری کشتوکاڵ لەگەڵ کاربەدەستانی سلێمانی بگەنە

ئەوێندەرێ. وابزانم هێزێکی چەکداریشیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم باردۆخە، دوێنێ دوای نیوەڕۆ هەڵوێستەکە ئاوا بووە،

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەڕو پێک دادان هەبووە لە ناوچەی قەڵادزێ بە پێی زانیاری من (٤) کەس کوژرا بوون، بریکاری وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری کە گەیشتووەتە ئەوێ داوای هێزێکی زۆری کردووە بروسکەی کردووە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی وبۆ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری داوای کردبوو کە (٢٠٠) پۆلیس لە هەولێر و (٢٠٠) پۆلیس لە سلێمانی یان هێزێکی پێشمەرگە کە خەڵکی دەرەوەی ناوچەی پشدەر بن بە زووترین کات بگەنە ئەوێ بۆ ئەوەی شەڕەکە رابگرن، بەپێی زانیاری من هیچی لەوانەی بروسکەیان بۆ کرابوو لێرە نەبوون بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری پەیوەندی بەمنەوە کرد هەندێ تەلەفۆنکاری و هەندێ شتی ویست داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد و لە وانەشە پەیوەندی بەلیوای (حریر)ەوە کردبێ بۆ ئەوەی هیزێکی پێشمەرگە بنێرن، چونکە نزیکترین ناوچە لە پشدەر ناوچەی هەریرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باسکردنی لێرە ئێستا بێ سوودە، چونکە ئەوانەی کاربەدەسن ئامادەنین، بۆیە دوای دەخەین بۆ ئەوکاتەی کە ئەوانیش ئامادەبن، کە هەندێ شتمان بۆ باس بکەن، ئێستا دێینەوە سەر خاڵەکەی ترمان، خاڵی یەکەم بەرچاوخستنی بیرورای لیژنەی یاساو کشتوکاڵ دەربارەی رەتکردنەوەی پرۆژەی بەموڵک کردنی خۆتەرخانکەرە (موتەفەریغە) کشتوکاڵیەکان، دیارە وەختی خۆی بڕیارێکی وا هەبووەو، ئەوانەی ئەندازیاری کشتوکاڵی یاخود لەو بابەتە بوون وەزارەتی کشتوکاڵ چەند دۆنمێک زەوی پێداوون بۆ کشتوکاڵ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەکرەم عیزەتمان پاڵاوتووە بۆ نوێنەری لیژنەی کشتوکاڵ، لەسەر داوای کاکەرەش وتی من لە لیژنە دەبم یارمەتیشیان دەدەم، بەڵام با کاک ئەکرەم سەرۆکی لیژنەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خودی گرفتەکە ئەوەیە، ئەو زەویانەی کە دراون بە بەشێک لە خۆتەرخانکەرەکان (متفرغین) ئێستا خەریکە خاوەنی پەیدا ئەبێتەوە کە وەختی خۆی ئەم زەویانەیان بەدەستەوە بووە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە یارمەتی خۆتەرخانکەر (متفرغ)ەکان بدەین بۆ ئەوەی کەوا کشتوکاڵ پێش بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن:**

ڕای لیــژنەکـە بەو شێـوەیەیە سـەبارەت بەمـوڵک کـردنی زەوی بۆ خـۆتەرخـانکەرە (مـتـفـرغـە) کشـتوکـاڵیـەکـان، بەرای ئێـمـە بەروونی حـەزدەکـەین ئەو ڕاسـتیـە بخـەینە بەرچاوی بەڕێزتان کـە (مـتـفـرغی زراعی) مانای جـیاوازیی کردنە لەنێوان جوتیار و خوێندەوارەدا، کە هیچ جـیاوازیەک نابێت هەبێت لە نێـوانیـدا، بۆیە ئێـمـە لەگـەڵ بەمـوڵک کـردن نین و، ئەو کـارەش هیچ خزمـەتی بەرژەوەندی سیاسەتی کشتوکاڵی ناکات نەلە ڕووی ئابووری و نەلەڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن.**

بێگومـان گـرفـتی زەویوزار گـەورەترین گـرفـتـە، وەدەست لێدانی لەوانەیە زۆر گـرفـتی لاوەکی تر دروست بکات چ لەگەڵ جوتیار چ لەبەرهەمهێنانی دانەوێڵەدا، ئەوجا لەبەر ئەوە لیژنەی یاسا ڕای وانەبوو کە خۆتەرخانکەرەکانی (متفرغینی) کشتوکاڵ بەموڵک کردنی ئەم زەویە کشـتوکاڵیـانە بکەن ئیـسـتـاش لیـژنەیەک دروست کراوە بۆ دانانی یاسایەکی گـشـتی بۆ چارەسـەری کـێشـەی کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن:**

من لەگەڵ بەشێک لە قسەکانی کاک د. جەلالم، بەڵام خۆتەرخانکەرەکان (متفرغین) هەموو وەکو یەک نین من لەگـەڵ ئەوەم کـە بەمـوڵک نەکرێ، بەڵام ئەو مـتـفـرغـانەی کـە ئێـسـتـا زەویان لەبەردەستدایە دوو بەشن، بەشێکیان وەکو کاک جەلال باسی کرد دەرچووی کشتوکاڵین و شارەزان وپسـپـۆڕن، بەشـێکیش کـارمـەندی خـانەنشـینن، پارچە زەویەکـیـان پێ دراوە ئەوانیش پارچە زەویەکەی خۆیان بەکرێ داوە، خـەڵکی تر ئیشی لەسەر دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا من لـەگەڵ ئەوەم کەجارێ بەموڵک نەکرێن، چونکە ئەوە کێشەمان بۆ دروست ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئـەحـــمـــەد ئـەبو بـەکـر حـــەســـەن بامـــەڕنی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن.**

پرسیارێکم هەیە حەزم کرد بزانم ڕای وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگیراوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن:**

خـۆی پرۆژەکـە لە وەزارەتی کـشـتـوکـاڵەوە هاتووە کـە چارەسـەری مـەسـەلەی خـۆتەرخـانکەران (مـتفرغین) بکرێت و زەوی یەکـان بەناویانەوە تۆمـار بکرێت، دیارە خـەڵکی تریش هەنە، دیسـان زەوی تریان لە خەڵکی تر بۆ بسەندرێت و دابەشی بکەین بەسەریاندا، بەڵام ئایا ئەمە ئەبێ؟!.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــرکــــوێخـــا:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن.**

لەربارەی خـۆتەرخـانکەری کـشـتـوکـاڵیـەوە (مـتـفـرغی زراعی) بەڕای مـن ئەو زەویانە بدرێن بە کەسانی پسپۆڕ تاکو بەشێوەیەکی زانستی ئیشوکاریان تێدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەک و رایەکم هەیە لەم بابەتەدا:

١- بڕیاری خۆتەرخانکەری کشتوکاڵی دەمێکە دراوە کە حکومەتی (بعث) فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بووە، و هەزاران کورد لە ریزی لایەنەکانەوە چ لەدەستی فشاری عێراق رایانکردووە وئاوارەبوون ئیستا حکوومەتی کوردستان فەرمانڕەوایە و خەڵک بەبەردەوامی ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکان و بۆ دێهاتەکانی خۆیان، چ تێکۆشەرەکان و چ ئاوارەکان، ئەوانە هەمووبان زۆربەیان بێ زەوین. دووەم: خۆیان لەدامودەزگاکانی حکومەتمان ئەکێشنەنەوەو ئەچن ئەبن بە موڵکدار لە جیاتی ئەوەی ببن بە (متفرغی زراعی)، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بە هیچ شێوەیەک ئەم قانوونە لە کوردستان پیادە نەکرێت نەبە (تەملیک) و نەبە (عقد)، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیززەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتەرخانکەری کشتوکاڵی (متفرغی زراعی) دووبەشن، بەشێکیان پابەندی خۆیان بەجێ هێناوە ئەو زەویانەی پێیان دراوە کشتوکاڵیان لێ کردووەو بەرهەمیان هەبووە، هەندێکیشیان چاکسازیان کردووە و داویانە بە کرێ، پێویستە لێرە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەم دووبەشەدا، لە هەمان کاتدا ئێستا کە لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ دانانی یاسایەکی نوێ بۆ زەویوزار، من لام وایە هەر هەمان ئەو لیژنەیە چارەسەری گرفتی خۆتەرخانکەران (متفرغین) بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەیە، ئێستا هەندێ کەس هەنە ئەندازیاری کشتوکاڵین و زەویان لەبەردەست دایە و موڵکیشیان کردوون، ئایا ئەمە چۆن چار دەکرێ؟.

**بەڕێز ئەکرەم عیززەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەموڵک کراون، لام وایە وەنەبێت ئەمە کاریگەریەکی (رجعی) هەبێت بەنیسبەت هەموو خۆتەرخانکەرانەوە ، (متفرغین) زۆربەیان ئەوانەن کە شارەزای کشتوکاڵن، ئەندازیارو چاودێریکاری کشتوکاڵین، ئێستا ئەمانە وەزیفە نابینن زەویان بەدەستەوەیە ئەگەر بێتو ئیشوکاری خۆیان بەجێ هێنا بێت بە پێی ئەو عقدەی کە لەگەڵیاندا کراوە، لام وایە شتێکی خراپ نییە ئەگەر ئەو زەویانە بەموڵک بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئەکرەم فەرمووی ژمارەیەکی زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی زەویان بە موڵکایەتی پێ دراوە، ئەویش هەر حزبی (بعث) کە ئەمەی دانا هەستی بەهەڵەکەی خۆی کرد یاسای ژمارە

(٣٥٠)ی دانا کە بەموڵک کردنی نەهێشت، بەرای من قەیناکە ئەم (متفرغانە) با لە ئیشەکانی خۆیاندا بن ئەگەر ئەو زەویانە کاتی خۆی بەدەستی جووتیارانی ترەوە نەبووبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یاساکانی ئەگەر بەکاریگەریەکی (رەجعی) دابنێین حاڵەتێکی پەشۆکاو دروست دەکەین لە کوردستاندا، چەند کەسانێک هەن لە خۆتەرخانکەرە کشتوکاڵییەکان پێش ئێستاکە کە زەویان وەرگرتووە بینایان لەسەر کردووە، ئێمە زۆر زیاتر شتەکە ئاڵۆز دەکەین و ئەوانە وەکو دەڵێن پرۆژەیان لەسەر دروست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بڕیارێکی راست و گونجاو وەربگرین لەوبارەیەوە سێ لایەن هەیە کە بیروڕایان بپرسین:

١- وەزارەتی کشتوکاڵ.

٢- لیژنەی تایبەتی کشتوکاڵ کە لە پەرلەماندا هەیە.

٣- لیژنەی یاسا دانان.

وا بەسەر پێوە ناتوانین بڕیارێک وەربگرین ناتوانین بە قناعەتەوە دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەویت بەگشتی روونکردنەوەیەکی لەسەر بکەم، مەسەلەی زەوی مەسەلەیەکی گرنگە پەیوەندی بەمەسەلەی نیشتمانیی و ئەرکەکانی قۆناغی نیشتمانییەوە هەیە، تا ئێستا قۆناغی رزگاری نیشتمانیی تەواو نەبووە، مەسەلەکە پەیوەندی بە حکومەت و زەویەوە هەیە. ئێمە زەوی بە (عقد) ئەدەین ئێستا ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان حکومەتی کوردستان لە رێگای وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ جوتیاراندا هەیە زەوییە، بەمەرجی بە چاکی وەبەر بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برای بەڕێزم فەرمووی حەقە ئێمە پەلە نەکەین لە بڕیاردانێک با رێگایەک بدۆزینەوە وابکەین ئەو پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری رەت بکەینەوەو وایان لێ بکەین کە زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر رەتی بکەینەوە ماوەیەکی تر ئەتوانن پرۆژەیەکی ترمان بۆ بنێرنەوە، ئەم پرۆژەی لە بەردەستماندایە رای هەردوو لیژنە پسپۆڕەکە روونە، کە بەرامبەر ئەو بابەتە چییە، بۆیە ئەبێت بڕیارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز قــــادر عـــەزیز حـــەمـــە ئەمین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن.**

مەسەلەی خۆ تەرخانکەرەکانی کشتوکاڵی، بەشێکیان زەویەکانیان لە ئێستاوە بەموڵک کراون، بەڵام بەپێی ئەو مەرجانەی کە پێیان وەرگرتووە مافی فرۆشتن و دەستکاریان نییە لەو مەسەلەیەدا، من پشتگیری کاک ئەکرەم دەکەم کە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن.**

دیارە ئێمە لە لیژنەی یاسا پێشنیارێکمان کردووە ئەو مەسەلەیە بخرێتە بەردەمی ئەو لیژنەی کە پێکهاتووە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ دانانی یاسایەک بۆ زەویوزار، لەبەر ئەوە پشتگیری لەو مەسەلەیە ئەکەم کە هەندێ کەس هەنە وەریان گرتووە و بەموڵکیش کراون، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن.**

سێ خاڵ هەیە کە دەمەوێت ئاماژەیان بۆ بکەم:

١- (نزع الملكية)، بەراستی تێبینی دەکەم، زۆر جەخت لەسەر داماڵینی موڵکایەتی دەکرێت کە مەسەلەی داماڵینی موڵکایەتیش ئەوە دژ بەمافی مرۆڤە، چونکە هەر کەسێک هەر ملکێکی هەبێت بە بڕیارێکی تەشریعی ئەگەر مـوڵکی لێ داماڵدرێت، پێویستــە قــەرەبوێکی دادپەروەرانەی پێ بدرێ.

٢- مەسەلەی سەنەدەکانی تۆمار کردنی خانووبەرە، مبدئێکی یاسایی هەیە، تەنها لە حاڵەتێک کە تانە(طعن) بکرێت بە (تزویر) لە کاتی خۆی کۆمەڵێک خۆ تەرخانکەری کشتوکاڵی هەبوون کە هەتا لە پاش ئەنجامی دەرچوونیان لە کۆلیجە کشتوکاڵیەکانی، حکوومەتی عێراق نەیتوانی جێگایەک بۆ ئەو دەرچووانە بکاتەوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی کشتوکاڵ ودەواجن پەرە پێ بدات بڕیاری (تفرغیان) دەرکرد.

٣- لێرە خاڵێک هەیە کە زۆر گرنگە دەبێت رەچاوی بکەین، ئەویش مافی ئەو خەڵکەی کە (منشـآت)یان لەسەر ئەو زەویانە دروست کردووە، بەرامبەر بەوەش کە پابەندیەکیان لەسەر شانە ئەویش پابەندی بانکی کشتوکاڵە لەسەر شانی ئەو خەڵکانە، مافەکانی حکومەتی کوردستان، ئەو قەرزانەی کە پێویستە ئەوان بیدەنەوە لەکێ وەردەگیرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن.**

کاتێک کە ئەو پێشنیارەم کرد دەمزانی کە چەند پرۆژەیەک لەبەردەم ئێوەدایە لەلایەن لیژنەی تایبەتی و یاسادانانەوە و هەروەها لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، بەڵام زیاتر مەبەستم ئەوە بوو ئەو سێ لایەنە دابنیشن و پێشنیارێکی یەکگرتوومان بخەنە بەردەم بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بڕیاری

لەسەربدەین، چونکە وابزانم بیرورِا لەناو لیژنەکان یەکگرتوو نییە، ئێمە مانگێکمان ماوە رەنگە بتوانین لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە بگەینە بریارێک، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە ئەوە نییە دوای بخەین یا نەیکەین، ئەوە رای لیژنەی یاسا تۆزێک روونترە، وا گونجاوترە کە ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی بەگشتی لە کوردستاندا، ئەمیش کێشەیەکە لەوانەیە لەوێندەرێ بتوانن بەتێروتەسەلی باس بکەن و چارەشی بکرێت ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بە بەرژەوەندی بزانێ پرۆژەیەکی دیکە ئامادە بکات و بیگەیەنێتە ئەم خولەی کە هەمانە، ئەو کاتە هەردوو لیژنە لەگەڵ نوێنەری حکومەت ئەم بابەتە باس بکەن، جا ئەگەر رەزامەندی بفەرموون ئەم پرۆژەیە بنێرینەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی لەو یاسا تازەیەدا چارە بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

خالی دووەم: جا ئەگەر پێشنیاری دووەمی کاک فرەنسۆ بخەینە پێشەوە خراپ نییە، چونکە بۆی هەیە لە ئالوگۆری لیژنەکاندا گرفت دروست بێت، پێشنیاری یەکەم دەربارەی ئەنفال کراوە بارزانیەکانە کە دەفتەر نفوسیان نییە و، داوای بابەتی شرعیان لێ دەکرێ، پێشنیاری دووەمیش ئەوەیە کە هەندێ ئالوگۆریان کردووە لە لیژنەو لێپرسراوانی لیژنەکان، داوا ئەکەن ئەو ناوانە دەنگیان لەسەر بدرێ، واتا پێشنیاری دووەم، ئالوگۆری ناو لیژنەکان ئەخەینە پێشەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ناوانەمان پالاوتووە بۆ ئەو شوێنانە:

١- بەرێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی بۆ سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە جیاتی کاک یونس، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەو ئەندامەی ناو لیژنە دەست لەکار بکێشێتەوە، ئینجا یەکی تر بێتە جێگای، چونکە لیژنەکان زۆربەی زۆریان ژمارەی خۆیان تەواوە، بۆ نموونە کاک یونس دەست لەکار بکێشێتەوە، ئینجا دوایی کاک ئازاد ببێتە سەرۆکی لیژنە، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خاوەن لیست رەوایە ئالوگۆری بە ئەندامی پەرلەمان بکا، نەک ئەندامی لیژنە ئالوگۆری بە

ئەندامانی پەرلەمان بکات، یەکێک دەرێنێ یەکی تر لە لیستەی خۆی بخاتە شوێن.

٢- ئەکرەم عزەت بۆ لیژنەی کشتوکاڵ:

٣- د.قاسم محەمەد قاسم بۆ شوێنی کاک ئازاد لە پەیوەندییەکان.

٤- د. حەمە نەجم فەرەج ئەندامی لیژنە لە خوێندی باڵا کردمانە جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی.

٥- د. سەلیم حاجی مەلۆ ئەویش لە خوێندنی باڵا ببێتە جێگری سەرۆک لە جێی کاک عەفان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە ئەو ناوانە بدەنە دەست دەستەی سەرۆکایەتی، با ئەو ئەندامانەی کە دەستیان لەکار نەکێشاوەتەوە کارکەناری (استقاله) بکەن ودەبێ تا سبەی ئەم خاڵە چەسپ بکەین و وبیخەینە دەنگدانەوە، با ئەو ئاڵوگۆڕیە بکەین، ئێستاش دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی دووەم، وبەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری (٥٠) دیناری دەرماڵە بۆ هاتوچۆی مامۆستایانی دەرەوەی شار، با ئێستا رای لیژنەکان بزانین، بەکورتی لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارە کاتی خۆی لە سەرەتای ساڵ بوو کە داوامان کردو بە نووسراوێک پێشکەش بە سەرۆکایەتیمان کرد، ئێستا زۆر سوپاس کە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەم بڕیارە دەردەچێ بۆ ئەوەی دەوام لە دەرەوەی شارەکان، واتا لە دەوروپشت بەرێکو پێکی بەڕێوە بچێ، ئەو پێشنیارەمان کرد و دەوام بەرێک و پێکی ڕۆیشت، پیرۆزبایی لەگەلی کورد دەکەین کە توانیمان ئەم ساڵ خوێندن بەرێکوپێکی بەڕێوە ببەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە تەنها لەسەر ئەم مەسەلەی (٥٠) دینار دەرماڵەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی قسە بکرێت.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک عەفان باسی کرد، رای لیژنەکەمان ئێمە بە هەموو توانایەک پشتگیری ئەو پێشنیارەمان کردو پێمان خۆش بوو لەجیاتی (١٠٠،٥٠) دینار بوایە، چونکە بەنزین گرانە هاتووچۆش زەحمەتە مامۆستا لێرە دەچێتە کۆمەڵگاو گوندەکانی دەوروپشتی شارو دێتەوە مانگی (٥٠) دینار کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی پەروەردە، تکایە ئەمە ماوەیەکە کە ئەم پرۆژەیەتان لەبەردەستدایە، کە دەبێ (٥٠) دینار بێت، بۆیە ئیتر پێویست بە (خۆزگە) ناکات.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەو بڕیارە زۆر لە جێی خۆیەتی ئەو مامۆستایەی کە شێخ عەفان باسی کرد زۆربەی ئەوانەی تعین کراون دەوامیان نەکرد، کەسانی وا هەنە دەیان ناسم نەیانتوانیوە بڕۆن لەبەرکەم دەرامەتی ئەو (٥٠) دینارە مبلغێکی زۆر باشە بۆ ئەوکەسانەی شوێنیان دوورە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەردەوام بوونی خوێندن و سەرکەوتنی ئەم ساڵی خوێندن نیشانەی سەرکەوتنی حکومەتەکەمان و پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە بە مامۆستایان دەدرێ بەشی هاتوچۆیان ناکات، بۆیە لەگەڵ ئەوەم کە بە پێی دووری ئەو پارەیان بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەم بڕیارە دەکەین ودەبێ هەندێ ڕێنمایی بۆ ئەو یاسایە دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بە پەسند دەزانم کە ئەو دەرماڵەیەی هاتوچۆ بە پێی دووری و نزیکی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەوانە (خۆزگە) بن گرفت نییە، بەڵام ئەگەر پێشنیارن دەبێ لەسەری رابوەستێ، خۆزگە.. هەموومان حەزمان دەکرد خۆزگە) بێتە دی، بەڵام ئەگەر پێشنیارە، با پێشنیارەکە بە دەسنیشان کراوی بۆمان بنێرن، ئێستاش ناچارین دەنگیان لەسەر بدەین کێ لەگەڵە...؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا وبوو بەبڕیارێک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی دووەم، بەرچاوخستنی پرۆژەی وەرگرتنی (٢٥٠)فلسە لەو کەسانەی کە ئاوی خواردنەوەیان راکێشاوە، ئەم پێشنیارەش لەلایەن وەزارەتی شارەوانی یەوە هاتووەو بەرەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا ئەو (٢٥٠) یە چییە؟ غەرامەیە؟ جەزایە؟ یا پرۆژەیەکی ئابوورییە؟ ئەگەر روونکردنەوەیەک هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، کە پێشنیاری وەزارەتی شارەوانیی وەزارەتی پسپۆڕ و رای لیژنەی یاسایە، بەرای من ئەم پێشنیارە پەسند نەکەین، چونکە بارودۆخی

گوزەرانی خەڵکی کوردستان زۆرناڵەبارە، بۆیە پێویستە ئەم مەسەلەیە ڕەچاوبکرێ وباری خەڵک قورستر نەکرێ، با لیژنەی کۆمەڵایەتیش رای خۆیانمان لەسەر ئەم بابەتە بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو داوایە لە ڕێگەی لیژنەی ئێمەوە رای ئێمە وەرنەگیراوە بەڵام من پشتیگیری ئەو داوایە دەکەم کە وەزعی دەرامەتی شارەوانی کەمە ناتوانێ بەهەندێ کاری سەرشانی هەڵستێ وەکو پاککردنەوەی ناو شار، وەکو هەندێک لە پێویستی رۆژانەی وەک دابین کردنی سووتەمەنی بۆ ئوتومبیلەکان، چاک کردنەوەی ئوتومبیلەکان لەبەر ئەوە ئەگەر هەبێ هیچ کار لە کوردستان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ناکرێ ئێمە هەموو جارێ (دەفترذمە) لەگەڵ خۆمان بێنین و بڵێین لە فلان مێژوو ئێوە ئەم شتانەتان وەرگرتووە، ئەگەر وا بڕوا لە مەودوا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ (دفتری ذمە) لە کاروباری ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بزانن ئەو پرۆژەیە کەی ناردراوە بۆتان وکەی وەرتان گرتووە، لەمەودوا حەز دەکەین کەبابەتێک باس دەکەین، یا کە گفتوگۆی بابەتێک دەکەن بگەڕێنەوە بۆ کاروباری ئەنجوومەن، بۆ ئەوەی کە دڵنیابن و، بزانن لەچ وەختێک ئەو پرۆژە ناردراوە و، بڕیاری لەسەردراوە، یا نەدراوە.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک مەلا هادی باسی کرد، بەراستی ئەگەر بڵێ کار دەکاتە سەر گوزەرانی خەڵک وابزانم (٢٥٠) فلس هیچ کاریگەری نییە، بۆی هەیە ئەگەر (٢٥٠) فلس بدەیە منداڵەکەت زەحمەتە وەریبگرێ، پێم وایە ئەگەر دینارێک بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەهاو نرخی ئەو وەصلەی کە چاپ دەکرێ لە چەند دانەیەک لە (٢٥٠) فلس زیاتر دەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش (٢٥٠) فلسم پێ هیچ نییە، نازانم ئەگەر (١٠) ساڵ لەمەوبەر با لەوانە بوو نرخێکی هەبا، بەڵام ئیستا (٢٥٠) فلس هیچ نییە بەلای کەم دینارێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا ئەو رایەی لیژنەی یاسا هیچ پەیوەندی نییە بە یاساو بە داڕشتنەوە کە

گوزەرانی خەڵک خراپ دەکات، هەرچی خێزانێکماڵێک بەتەواوی مانگی ( ٢٥٠ ) فلس بدات وەکو لە وەزعێکی وادایین خەڵکیش بەشداری بکات لەگەڵ یارمەتیدانی حکوومەت، لەگەڵ ئەوەدا بزانم کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە دەڵێین رەسم رەسمێکی زیادەیە و، دیاریکردنەکەی بڕاوەیەو، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی دەستنیشان کراوبێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو لە پرۆژەکە تێدەگەم، ئەو پارەیەی کە دانراوە یەکەمجارە نەک مانگانەیە، هەرچەندە وەکو لێرە هەیە دەڵێ بڕیارە، ( ٢٥٠ ) فلس وەربگرێ ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە، ئایا مانگانەیە یا یەک جارە ئەگەر یەکجار بێت ( ٢٥٠ ) بکرێتە دینارێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆژەکە ئەڵێ:

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة، (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ و بناء على ماعرضه وزير البلديات والسياحة ووافق علية مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتأريخ ( / / ) اصدار مايلي :

١- يستوفى مبلغ (٢٥٠) مئتان وخمسون فلسا من كل مشترك في اسالة الماء في المدن و قصبات اقليم كوردستان اضافة الى قائمة تسديد بدل الاستهلاك الشهري وتسجل ايرادا لمديريات الماء والمجاري في محافظات الاقليم.

مانای وایە ئەمە مبلغێکی زیادەیە ومانگانە دەخرێتە سەر لیستەی هەموو ماڵێک کە مانگانە پارەی ئاو دەدەن، ئەگەر پێشنیار هەیە بۆ زیاد کردنی یا کەم کردنی حەز دەکەین بە دیاری کراوی بێ، بۆ ئەوەی تەواوی بکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بۆ هەموو مانگێک بێت، چونکە ئەم پرۆژەیە لەبەرچاو نییە ئەوەی لێرە پێشنیار کراوە بابڕیاری لەسەر بدرێت، ئیتر هەموو مانگێک راستە ( ٢٥٠ ) بۆ ئەمڕۆ هیچ نییە، بەڵام ئەبوو بە مانگانە لە پاشە رۆژدا پارەکە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پرسیارەکەم کاک کەمال فوئاد کردی، بە رای من یان ئەبێ رەسمی بەشدار بوون هەبێ یەک جار وەربگیرێ بە مەبلەغێک ئەو زیادەیە نازانم بۆ بەسەر هاونیشتمانیدا بکرێ؟ ئەگەر

ڕەسمی بەشدار بوون بێت هەرماڵێک لەبری بەشدار بوونەکە کە مەبلغێک دەدات پێویست ناکات هاونیشتمانی بەرەسم باری گران بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەسمی بەشداربوون نەدرێ لێرە پێویست ناکات باسی بکەین، چونکە پێویستە هەموو کەسێک لەسەرەتاوە ڕەسمی بەشدار بوون بدات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم باسی پرۆژەکە بۆ بەڕێزتان بخوێنمەوە، لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە نازانم مۆڵەت دەدەن بیخوێنمەوە؟ مەبەست لەو (٢٥٠) فلسە چییە؟ بۆ مەبەستی دابین کردنی پێداویستیەکانی وەک (تعقيم) کردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی ئاو باج نییە، بەڵکو پارەی خەرج کردنی (استهلاكی) ئاوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خستنە سەر قسەکانی کاک اياد من ئاگام لەمەسەلەکە هەیە بەشێوەیەکی تایبەتی خۆم، کە ئەو لیستە دروست دەکرێ لێرە وەرقەکە تەکلیفی زۆرە لە فەرمانگەکانی ئاو نەبوو داوای ئەوەیان کرد کە مەبلەغێک زیادە بکرێ بۆ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەو (تعقيمانە) لێرەش بۆ پاک کردنەوەی ئاوەکە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەرقسەکانی کاک نەژاد هەندێ جار هەندێ پرۆژەمان بۆ دێ پرۆژەی بڕیارمان بۆ دێت کە ئێمە دایدەڕێژین داڕشتنەکە دەنێرین بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی لە پەراوێز دەبێ ڕای خۆی بدات، ناچارین ڕایەکانمان دەدەین هەم پرۆژەکە ئامادە دەکەین لەلانی زمان و لەلانی داڕشتنەوە بۆیە بوار هەیە وەکو ئەندامی پەرلەمان ئەگەر بەنووسین بێ یا بە زارەکی وابزانم پەسندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆزگە هەموو لیژنەیەک وەکو ئێوە زوو ڕای خۆی بداو پێمان بگات ئەو کاتە گرفتمان نەدەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدواداچوونێکم لەسەر قسەی کاک نەژاد هەیە بۆ (٢٥٠) فلس، ڕاستە مبلغێکی کەمە کە (٢٥٠) فلسی بەهای وەصلەکە نییە وەکو هەندێ برادەر وتیان، بەڵام ئەو پارەیە زۆرە بۆ هەژاران

که پارەی نان نیـیه نانەکەی پێ بکڕن دەڵێن حکومەت باجی لەسەرمان داناوه که ئەو ( ٢٥٠ ) زۆره بۆ ئەو هەژارەی کەنانی نیـیه بیخـوا لەوانەیه قـازانجـمان گـەلێ کەمـتر بێ لەوەی کـه دەنگۆ (دعـایه) بڵاو بێتـەوە، من دەڵێم ( ٢٠ ) دینار لەسـەر هەمـوو کـارگه و پڕۆژەکـان دادەنێین ئەوانه مانگانه ( ٢٠ ) دینار بدەن باشتره لەوەی کەلە هەژارانی وەربگرین مەبەستمان ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن:**

مەلەسەی (وەصل) ئەوە سەر بەدایرەیەکه، خۆی تەماشای کاری خۆی دەکات و ئەتوانێ لە نێوان زیادەی ئەو ( ٢٥٠ ) فلسه لیستی ئاو بدات به خەڵک.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن.**

من قسەیەکم هەیە، حسابی ئەوەیان نەکردووه که خوردەی چارەگه دینار دەست ناکەوێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن:**

تەنهـا دوو هەمـواری گـچکه پێشنیـار کـراوه بخـرێتـه سەر بڕگـه(١) ئەم بڕیاره (وتسـجل ایرادا نهـائیا)، واتا وشـەی (نهـائیـا) زیاد بکرێ، هەروەها له جێگای تر لەکـارکردنی (اسـتهـلاک)ی مانگانه وشەی مانگانه زیاد بکرێ.

**بەڕێز حسـێن عـارف عـەبدولڕەحـمان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن.**

که خۆی بەشداری مانگانه نییه (بدل الاستهلاک الشهری) له باتی بەشداری (اشـتراکی) ئەوه ئاوەی بەکاری دێنێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن:**

یانی بوترێ (بدل الاستهلاك الشهري) له جیاتی (الاشتراک الشهری)، بەڵام ئەمە خۆی هەیەو، ئەمەی ئێره هەڵەیەکی چاپەو، پاش ئەوەش که ئەو دوو وشه زیاد بکرێته سەری، دێینەوە سەر ئەم پێشنیـاره ،کێ لەگەڵ ئەمـەیه وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە پاش ئەو دوو هەمـوار کـردنه؟.. کێ لەگەڵ نییه؟... به زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. ئێستـاش دێینه سەر پڕۆژەی ئەشغـال، دەبێ پەیوەندی به وەزارەتەوە بکەین و ئەگەر بتوانن سبەی لێره ئاماده بن بۆ ئەوەی باسی دەکەین.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومەن.**

لەوانەیه تەنیا ئیشی وەزارەتی ناوخۆ ناگرێتەوە ،پێویسته لیژنەی یاسا پڕۆژەیەک ئامادەبکات هەر بارزانیەکان نین هەموو ئەنفالەکانی کوردستـانن، بۆ ئاوارەکان، بۆ ئەنفالەکان، بۆ بزربووەکان، دەبێت پڕۆژەیەک ئاماده بکرێ ئەوانەی نەمـاون (شهـادەی وەفاتیـان) بدەنه کەسوکـاریان بۆ دابەش کـردنی میـراته، بۆ نفوسـه، بۆ زۆر شـتـه، ئەمـه پێم وایه سـەر به وەزارەتی ناوخـۆ نیـیـه ئەبێ پسپۆڕانی یاسا چارەی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە قسەی کاک فرەنسۆ دەبێ (بیان وەفاتیان) هەبێ، ئینجا مەسەلەی (احوال مدنیان) ئاماژەی بۆ بکرێ، بەڵام لێرە حاڵەتی ئەوانە روون نییە ئایا ماون یا نەماون؟ ئەگەر ماون بە جۆرێکی تر چارە دەکرێ، ئەگەر نەماون ئەو وەختە (بیان وەفاتیان) بۆ دەردەچێ (احوال مدنی) بە گوێرەی (بیان وەفات) چار دەکرێ، لێرە بەپێی حوکمەکانی یاسای (احوال شخصی) چارە دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتە زۆر هاتۆتە پێشمان لە کاتی ئیش کردندا، لەکاتی پارێزەری ولەدادگاکاندا، ئەو کەسانەی کە بزرن پێیان دەوترێ (مفقود) وەکو کاک شێروان وتی(المفقود) حوکمی خۆی هەیە خێزانەکەی دەتوانێ بچێ سەر لەدادگا بدا خۆی بە (مقید) دابنێ بۆ ئەوەی ئیشوکارەکەیان بروێنێ، لە هەمان کاتدا ئیشی منداڵەکانی بەڕێوەببات، ئێستا لەو باوەڕەدام لەتوانادا نییە ئەوانە چارەنووسیان دیاری بکرێ لەوانەیە مابن وابزانم لە شوێنی وا نەتوانین ئەو بڕیارەی لەسەر بدەین، بەڵام دەتوانن ئەوانە سەردان بکەن بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵەکانی خۆیان بروێنن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ قسەی کاک شێروان ئەو مەسەلە لە یاسای باری کەسیەتی (احوال شخصی)دا باس کراوە (احکامی مفقود) هەیە وئەگەر (٤) ساڵ تێپەڕی ئەو وەختە بڕیاری دادگا دەدەرێ بۆ چارەسەکردنی کێشەکەی میرات و ژنەکەو منداڵەکەی بڕیار لەدادگای (احوال شخصی)دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو شتە هەیە لە (قانوون احوال شخصی)، بەڵام لەگەڵ ئەو رایەدا نیم کە وەک کاک حازم دەڵێ ئاسانە، ئەو شتە زۆر بە زەحمەتە بەراستی زۆر مەسرەفی دەوێ چەند مانگێک کە تەواو بکات پێویستە لیژنەیەک دابمەزرێنن کە بڕیارێکی تەشریعی بدەن بۆ ئاسان کردنی ئیشوکاری ئەو کەسانە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرانی یاسایی دوو لایەنیان چارە کردووە، بەڵام لایەنێک هەیە ئەو ژنانەی کە مێردیان بزر بووە تا ئێستا ناتوانن مێرد بکەنەوەو ئازاد بن، ژنێک لە تەمەنی(٢٠) ساڵی لە مێردی بزربووە ئەنفال کراوە، ئەمانە بڕیاری شەهادەی وەفاتیان بۆ دەرچێ و بەلای من ئەگەر پرۆژەیەک داوا بکرێ

وپیشکەش بکرێ، هەر کەسێک ماوەی (٤) ساڵ بزر بێ اعتبار بکرێ بە (وەفات) کە بەیانی وەفاتی هەبوو ئەو ژنە مافی خۆی هەیە کەرێی خۆی بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەو ئیشە نەپەرلەمان نە حکومەت دەتوانێ بیکات، چونکە لە تواناییان دا نییە ئەم بابەتە چارە بکەن، چونکە لایەنی ئەو تاوانە دیار نییە بۆیە پێشنیار دەکەین کە لیژنە دابنێن کە چارەنووسیان بزانن، ئایا ئەوان ماون یا نەماون؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستی دا ئەو گرفتە لە رووی دینیەوە چارەسەر کراوە هەر ئافرەتێک لەرووی شەرعەوە وەکو کاک حازم ئاماژەی بۆ کرد (٤)ساڵ ئەگەر مێردەکەی بزر (مفقود) بێ گیراو(محبوس) بێ یا (غائب) بێ نەزانرێ لە کوێیە، شەرعی ئیسلام چارەی بۆ کردیە و دادوەر حوکم دەکات بە مردنی ئەو کابرایە، ئیتر ژنەکە دەتوانێ مێرد بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەران وتیان (شریعەتی ئیسلامی وقانوونی احوال شخصی) مەسەلەکەی چارە کردووە، منیش لەگەڵ رای برادەرانم کە چاکتر وایە قانوونێک دەرچێ چارەسەری بابەتەکە بکات، بۆ ئەوەی پشت بەشەرعی ئیسلام ویاسای (احوال شەخسی)ببەسترێت بە بڕیارێک یا یاسایێک چارەی هەمووی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە ئەنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوەو پرۆژەیەک ئامادە بکەن لەم بارەیەوە.

**بەڕێز هێرو ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی تر هەیە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، زۆر کەس هەن ئەوراقیان نەماوە من لەچەندین حاڵەتی وا ئاگادارم، ئەمە خەرجی یەکجار زۆرە مەسرەفی هاتوچۆی فەرمانگەکان و پوول ئەم شتانە زۆر دەکەوێ لەسەریان، لەبەر ئەوەی تواناییان نییە وازیان لێ هێنایە دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەو وەزعە، یا ببەخشرێن یا هەوڵێک بدرێت بتوانن ئەوئەوراقانەی کە ون بوون (بدل ضایع) دەربهێنن بە شێوەیەک کە یارمەتیان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، بۆیە دەبێ لەوەزارەت ئەم ئیشە بکەن، واتا لە وەزارەتی داد و ناوەخۆ.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو گرفتە گەورەیە، زۆر لە دەمێکەوە یەکێتی زانایان چەندین پێشنیاری پێشکەش کردووە بە هەموو لایەنە سیاسیەکان و سەرکردەکانیان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە چارەسەری ئەم مسەلەیە بکرێ، چونکە چەندین جار ئافرەتان دێن ژنان دێن داوای ئەمە دەکەن ئایا کورەکانیان ماون یا مێردەکانیان ماون لە لانی ئیش لە لەلانی طلاق وئەو شتانە بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە چارەسەرێک، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ڕوونکردنەوە ، مەسەلەکە هەر مەسەلەی ئەنفالەکان نییە، ئاوارەکانیش زۆربەی ئەوراقیان بزربووە، وەکو (عقد زواج) (سنوی) ئۆتۆمبیل، من وەختی خۆی ئەم کێشەیەم وەک پرسیار ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد، نازانم بۆ وەلامی نەبوو؟! ئێستاش دەبێ چارێک بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە یەکێک لەوانەش مەسەلەی هێنانی (وثیقە)ی قوتابییانە، کە قوتابی ناتوانێ بگەڕێتەوە (وثیقە) بێنێ، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە ئێ بێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عەزیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا ئەزانم دوو لایەنی تیایە لایەنە یاسایی وشەرعییە کە هەموویان ساغ کردەوە، لایەنی سیاسیەکە وابزانم تۆزێ هێمن تر بین، ئایا ئێمە قازانجمانە بڕیارێک دەرکەین کە ئەوانە نەماون؟، یا تا ڕژێمی فاشی بەغدا نەمێنێ؟ هەر قناعەتمان بەمانەوەیان هەبێ وهەر داوایان بکەینەوە، وەکو ئێستا کوێتیەکان دەزانن کە یەخسیرەکانیان نەماون، بەڵام هەر داوایان دەکەن چونکە ئەوان ناتوانن بیاندەنەوە، بۆیە دەڵێم ئەوە بە هێمنتر باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا خۆ هۆی تر هەیە خەڵکانی زۆر هەن ئافرەتن زۆربەیان خێزانی ئەو کەسانەن کە لە شەری عێراق و ئێران بزربوونە و ئەمەش ژمارەیان ئێجگار زۆرە وەختی خۆی حکومەتی عێراق بە ڕێگەی دادگای ئێرەوە بڕیاری دابوو کە ئەوانە اعتبار ناکرێن بە مردوو تاکو دوارۆژ، هەتا ئێستا بووە (١٣) ساڵ ئەوانەی بزرن ئاسەواریان دیار نییە ئافرەتەکان وا دانیشتوون بەبێ ئەوەی چارەنووسیان بزانن، لەبەر ئەوەی لە ئێران هێشتا دیل ماوە ئەوانەش پێویستیان بەچارە هەیە هەتا هەندێ دەڵێ مێردم هەیە مێردم بێتەوە ناچمە بەرامبەر خەزور و خەسوو، داواکاریان لەنێواندا هەیە ئەوانەش پێویستیان بە چارە هەیە لەلانی ئەم بابەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من پشتگیری قسەی خۆم دەکەم ئەمە لە (قانوونی احوال شخصی) چارەسەر کراوە، بەراستی من لەگەڵ ئەو قسەم کە د.عیزەدین کردی و من لەگەڵ ئەوە نیم بڕیارێک دەرکەین بڵێین ئەوانەی ئەنفال کراون هەموویان مردوون میراتیان دابەش بکەن من لەگەڵ ئەو رایە نیم چونکە بڕیارێکی سیاسیە لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێمەدا، ئەگەر بڕیارمان دا لەمەودوا ناتوانین داوا لە رژێمی بەغدا بکەین و بڵێین ئەنفالەکان لەکوێن و چارەنووسیان چیە؟، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا پێشنیار دەکەین لە ئەنجوومەنی وەزیران داوا بکرێ کە لەم کێشەیە بکۆڵنەوەو ئاگادارمان بکەنەوە کە هەڵوێستیان چییە بەرامبەری؟ تاکو ئێمەش بتوانین بڕیاری لەسەر بدەین.

کێ لەگەڵە؟...کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ بڕیار درا کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە و ئاگادارمان بکەنەوە.

بەمەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین... سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی ئاهەنگی یادی یەک ساڵەی دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٥

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی یەزدانی مەزن و میهرەبان و بەخشندە، بەخێرهاتنی هەمووان دەکەین بەبۆنەی ساڵ وەگەڕی ڕۆژی دامەزراندن و یادکردنەوەی یەکەم پەرلەمانی کوردستانەوە. «سەرەتا با دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شەهیدی نەمردوو، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان شەهید فرنسیس یوسف شابۆ بوەستین.. سوپاس

ئێستاش وتاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنەوە بەڕێز جوهر نامق سالم پێشکەش دەکرێ.

# وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

**میوانە بەڕێزەکان.**
**خوشک وبرایانی ئازیز.**

لەراستیدا جێگەی داخە کەئەمڕۆ کورسی برای خۆشەویستمان شەهید فرەنسیس یوسف شابۆ چۆڵە، بەم بۆنە پیرۆزە لەگەڵماندا نییە. وەکو ئاگادارن شەهید فرەنسیس بە دەستێکی چەپەڵ سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٣/٦/١ بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کرا. کاک فرەنسیس برا و هاوڕێی ئێمە بوو لەناو پەرلەماندا. لە ماوەی ئەمساڵە ئەوەی لە توانایدا بوو وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەوری خۆی بینی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو شاندەی کە ڕۆیشتینە دەرەوە، ئەو دوو مانگەی کە بەیەکەوە بووین، کاک فرەنسیس نموونەی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانی دڵسوز بوو، ئەوەی پێ ڕاسپێردراو ئەوەی لەتوانایدا بوو هاوکاری و کۆمەکی ئێمەی کرد. بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو ڕووداوەش هەر لەسەرەتاوە وەکو ئاگادارن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک هاتووەو لیژنەی بەدواداچوون لەلایەنی پەرلەمانەوە

خەریکی تۆژینەوەن لەم بابەتەو بەئومیدین بەزووترین کات تاوانباران دەستنیشان بکرێن و، بدرێن بەعەدالەت. جارێکی تر هەزار سلاو لەگیانی پاکی شەهیدی پەرلەمان کاک فرەنسیس یوسف شابۆ و گشت شەهیدانی رێگای کوردایەتیمان.

خوشک وبرایانی بەرێز ئەمرۆ رۆژێکی مێژوویە لەدیرۆکی گەلەکەمان، رۆژی دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانە، هەروەکو ئاگادارن دامەزراندنی پەرلەمان یەکێک بوو لەبڕیارە سەرەکییەکانی بەرەی کوردستانی کە بەناوبانگە بەرۆژی بڕیاری یەکەمی رۆژی ١٩٩٢/١/١٨ ئەویش پیادە کردنی یەکێک لەدروشمە سەرەکیەکانی بەرەی کوردستانی بوو کە لەبەرنامەی سالێ ١٩٨٨ بڕیاری لەسەر درابوو، ئەویش دامەزراندی یاخود بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی لەلایەن خەلکی کوردستانەوە پێک بهێندرێت، هەرچەندە لەوسالانە بارودۆخەکە هاوکار نەبوو و، نەکرا، بەلام لەیەکەم دەرفەتدا کە بۆمان هەلکەوت ئەوەبوو لەبڕیاری نیسانی١٩٩٢ ئەو بڕیارە درا کەهەلبژاردنێکی ئازاد لەسەرتاسەری کوردستان بکرێ بەتایبەتی پاش ئەوەی کەحکومەتی عێراق بەرێوەبردنەکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوەو، ئابلوقەیەکی ئابووری سەپاند بەسەر گەلەکەمان لەکوردستانداو، بۆشاییەکی بەرێوەبردنی یاسایی بەخۆیەوە بینی، رژێم بڕیاریدا هەرچی بەرێوەبردنەکانی خۆی هەیە لێرە بیان کێشێتەوە و ئابلوقەیەکی ئابووری بەسەرمان دا بسەپێنێ. هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کەلە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجام درا ڤیستیڤالێکی گەورە بوو، میلەتەکەمان جارێکی تر رەسەنی و شارستانیەتی خۆی بەجیهان سەلماند، ئەمەش بەشایەدی سەدان چاودێر، لە راگەیاندنی جیهانی، لە پەرلەمانەکان، لە خەلکی پسپۆر، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بروانامەیەکی گەورەیە بۆ میللەتەکەمان. میللەتەکەمان جارێکی تریش سەلماندی کە ئەتوانێ حوکمرانی خۆی بکات و ئەتوانێ کاروباری خۆی بەرێوەببات، ئەمەش بەپێچەوانەی هەموو ئەوپرۆپاگەندەی دوژمنانی ئێمە بوو کەسالەهای سالە ئەیان گوت میللەتی کورد میللەتێکە حەز لەیاخی بوون دەکات، دژ بەشارستانیەتە ودژ بەپێشکەوتنە. هەر وەکو ئاگادارین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پێک هاتووە لە (١٠٥)ئەندام. لەدوو فراکسیۆنی سەرەکی هەر فراکسیۆنێک (٥٠) کورسی هەیە لەم پەرلەمانەو(٥)کورسیش تەرخان کراوە بۆ برا مەسیحیەکان بەرێژەی لە ٧٪ تایبەتمەندی، لەئەزموونەکەمانەو ئەم تایبەتمەندییە وای کردوە کەبەچاوێکی رێز و حورمەتەوە تەماشای پەرلەمانی کوردستان بکرێ، تەماشای دامو دەزگا دیموکراتیەکانی بکرێ، بەتایبەتی لەدەرەوەو لای ئەو خەلکەی کە دیموکراتی خوازن، ئازادیخوازن و، بەپەرۆشەوەن بۆ ئەوەی میللەتێک وەکو میللەتی ئێمە بەئامانجی خۆی بگات.

لەماوەی ئەمساڵدا پەرلەمانی کوردستان جگە لەدامەزراندن کەخۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ میللەتەکەمان ، کۆمەڵێک ئیشوکاری باشی کردووە، وەکو کاروباری ناوخۆیی پەرلەمان و، دانانی یاسا ، گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر بودجەی حکومەت، دەستنیشان کردنی سەرۆک وەزیران وجێگری سەرەک وەزیران و، هەروەها وەزیرەکان ومتمانە پێ دانیان وکێشانەوەی متمانە لێیان ودیاری کردنی پەیوەندی هەرێم و مەرکەز، ئەمەبوو بەکورتی ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی یەک ساڵدا جێبەجێی کردوون، هەرچەندە لەسەرەتاوە ئێمە تاقی کردنەوەو داب ونەریتێکی پەرلەمانیمان نەبوو، کەسێک لەم ئەندامانەی کەئێستا لەناو هۆڵەکەدان تاقی کردنەوەیەکی پەرلەمانیان نەبووە، کەدەستمان کرد بەئیش کردن هەرشتێک دەستمان بۆ دەبرد بۆ ئێمە نەدەبوو، بۆیە هەموو شتێک لەم پەرلەمانەدا بڕیاری لەسەردراوەو، وەکو دەسکەوتێکی گەورە تەماشای دەکەین، زیادەیەکە دەخرێتە سەر ئەم تاقی کردنەوە دیموکراتیە، ئەوەی گرنگ بوو لەماوەی ئەمساڵەدا بارودۆخ هاوکاری کردین و توانا هەبوو، کرا. لەماوەی ئەمساڵدا نزیکەی (١٠) یاسا وچەندین بڕیار لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون، هەندێ شتمان هێشتا ماوە بۆ ئەم خولە تەواوی بکەین لەکارەکانی پەرلەمانی کوردستان کە جێگەی شانازین، وەکو لەسەرەتادا وتم، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و، یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، دەستنیشان کردنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، متمانە دان بە یەکەم کابینەی حکومەت، کۆمەڵێک یاساو بڕیاریی ترمان دەرکردووە، یەک لەوانە بڕیاری فیدرالیەتە کەلەبەرواری٤/١٠/١٩٩٢پەرلەمانی کوردستان بەتێکرای دەنگ بڕیاری لەسەردا بۆ پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، کە لەسەر ئەساسی فیدرالیەت دیاری کردو بڕیاری لەسەردا، هەروەها یاساکانی وەزارەتەکانی حکومەتی کوردستان، یاسای راگەیاندن، یاسای مەطبوعات(چاپەمەنی) کەیاسایەکی نموونەیی یە لەم ناوچەیە، چونکە یەکەم جارە لەم وڵاتە، هیچ چاودێریەک لەسەر راگەیاندن ولەسەر بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕ نییە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە، هەنگاوێکە بەرەو شارستانەییەتی ، کەزۆر وڵاتانی دیموکراتی لەسەری ئەڕۆن، پەرلەمانی کوردستان شانازی بەیاسای شارەوانییەکانەوە دەکات، لەوێندەر دیسان یەکەم جارە کەسەرۆکی شارەوانی و ئەنجوومەنی شاوەوانی بەهەڵبژاردن لەشاروچکەکانی کوردستان دەستنیشان دەکرێن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا تەکانێکی ترە بەرەو چەسپاندنی دیموکراتیەت لەوڵاتی ئێمەدا، کە زۆربەی زۆری وڵاتانی دیموکراتی لەدەرەوە لەسەری ئەڕۆن ئەمیش بنەمایەکە لەچەسپاندنی ڕێبازی دیموکراتیەت و، ئازادی لەوڵاتی ئێمەدا. جگە لەمە چەند بڕیارێکی ترمان هەیە کەحوکمی یاسایان هەیە، لەوانە قەدەغە

کردنی ناردنی ئامرازی وەکو مەکینەو شۆفەڵ و شتی تر بۆ دەرەوەی وولات، مەسەلەی قەدەغەکردنی فرۆشتنی دانەوێڵەو، بابەتی تر، کەپەیوەندی بەئابووری کوردستانەوە هەیەو، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوەو لێرە تەصدیق کراوە، یا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە وەکو پێشنیازێک پێشکەش کراوەو بووە بەبڕیار، یان بووە بەیاسایەک. خوشک وبرایانی بەڕێز وەکو ئەزانن ئێمە شەش ئافرەتمان لەپەرلەماندا هەنە، واتە (٩٩) ئەندامی پیاو هەیە، ڕێژەی ئەم ئافرەتانەش دابەش کراوون بەو شێوەیە یەکێکیان خەڵکی هەولێرە دوانیان کەرکوکین سیانیان سلێمانین. ڕێژەی پیاو یش (٩٩)، لەوانە (١٥)یان خەڵکی کەرکوکن (٢٠)ی دهۆکین و (٣٠) هەولێرین و (٣٤)ی سلێمانین. کەئەڵێین کەرکووک خانەقینی ئەخرێتە سەر، چونکە کاتی خۆی وەکو ناوچەیەکی هەڵبژاردن خرایە سەر کەرکوک کەئەڵێین دهۆک ئەوانەی لەناوچەی موصل لەدایک بوون ئەخرێتە سەرناوچەی دهۆک ،وەکو ناوچەی هەڵبژاردن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەپێی ڕێبازی سیاسی لەسەر چوار لیستەی سیاسی دابەش کراون لیستەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستەی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانیی وحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لیستەی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، لیستەی مەسیحیە یەکگرتووەکانی کوردستان. هەرلیستەیەک کەسانی حزبی و کەسانی بێ لایەنی تێدایە، ڕێژەی حیزبەکان لە(٦٤و٧٠) یە ، بێ لایەنکان لەولیستانە لە٣٥٪ن. بەتێکڕایی تەمەنی ئەندامەکان تەمەنی ناوەندیان(٤٦) ساڵە، (٤) یان بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمانن بە تەمەنتریانیان (٦٨) ساڵە، داوای تەمەن درێژی بۆ دەکەین و، گەنجترین ئەندامی پەرلەمان تەمەنی (٣١) ساڵە دیسان داوای تەمەنی درێژی بۆ دەکەین، تەمەنی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، واتا ڕێژەی لە٧٧٪یان لەنیوان (٣٥ ـ ٥٤) ساڵاندایە واتە پەرلەمانی ئێمە لەراستیدا پەرلەمانێکی گەنجە، ئەگەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ پەرلەمانەکانی وڵاتانی تر، لەرووی زانیاریشەوە، واتە رادەی زانستی پەرلەمانی ئێمە جێگای ڕێز وحورمەتی خەڵکی پسپۆڕە لەمەیدانی پەرلەمانی دیموکراتی و، چ لێرە کەئێمە بینیمان، چ لەدەرەوە کەباسی پێکهاتەی ئاستی زانیاری ناو پەرلەمانمان کردووە، چونکە لەسنووری ٢٤٪ ئەندامانی پەرلەمان لەلانی پسپۆڕیەوە پەروەردەین لەدەورووبەری لە١٧٪یان یاساناسن لەسنووری لە١٠٪یان ئەندازیارن ئەمەش سێ ڕێژەی زۆر گرنگە لەپەرلەمانی کوردستاندا بەتایبەتی کە یەکەم پەرلەمانە، لەکاتێکدا کە هەموو ئاگادارن ڕژێمی بەغدا ساڵەهای ساڵە درێغی نەکردووە لەتێکدانی شێوازی کۆمەڵایەتیمان بەتایبەتی لەرووی پەروەردەوە هەروەها کاول کردنی کوردستانیش شتێکی روون و ئاشکرایە، پێشێل کردنی یاسای مافی مرۆڤیش لەعێراق

شتێکی رۆژانەیە. لەپەرلەمانی ئێمەدا رێژەی ئەمە سێ پسپۆرییە وەکو پێشتر باسمان کرد، بەرزترە لەوانەی تر لەرووی خوێندەواری یەوە، ئەندامانی ئێمە زیاتر لەنیوەیان لە(٥٠٪) بڕوانامەی ئەکادیمیان هەیە کەبکالوریوس و دکتۆران، تەنیا لە(٨،٣) لەدەیا بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە ئەویش بەراووردی بکەین لەگەڵ هەر پەرلەمانێکی تری ئەم دنیایە رێژەیەکی زۆر بەرزە لەپسپۆریەکاندا، ئەمەش وەکو لەسەرەتاوە جەختم لەسەر کرد، کەئەم رێژەیە زۆرە بۆ خەڵکی پسپۆڕ، لەپەرلەمانی ولاتانی تر باسم کردووە زۆر بەچاوێکی حورمەتەوە تەقدیری ئەو لێهاتوییەیان کردووە لەپەرلەمانی ئێمەدا.

لەمساڵەشدا زۆر لە شاندەکانی ولاتانی تر سەریان لەپەرلەمانی کوردستان دا، چ وەکو سیاسی چ وەکو ئەندامی پەرلەمانی، و خەڵکی تری پسپۆڕ، لەوانە سەردانی مدام میتران بۆ پەرلەمانی کوردستان وئەو شاندەی کە لەگەڵیدا بوو لە(٤)ی تەمووزی /١٩٩٢دا، هەروەها لەم پەرلەمانەدا پێشوازیمان لەچەند سەرکردەیەکی کورد کردووە، لەوانە بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کەلەسەفەرەکەی گەڕاوە لە٧ی تەمووزی /١٩٩٢دا ولەم سەکۆیەوە(مینبەرە) باسی باردودۆخی کوردستانی کرد، هەروەها پێشوازیمان لەبەڕێز مام جەلال تاڵەبانی کرد لە٢٨ی ئەیلولی/١٩٩٢ پاش سەفەرەکەی بۆ دەرەوەی ولات بەتێرو تەسەلی لەهەلو مەرجی ئەمڕۆی کوردستان و وەزعی دەرەوە دووا. هەروەها لەرۆژی ١/تشرینی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لەوەفدێکی کۆنگرەی یەکگرتووی عێراقی INC کرد و بەڕێزان (محمد بحر العلوم، لواء حسن النقيب ودكتور احمد الچلبي) لەم هۆڵەدا باسی پشتگیری خۆیان لەپەرلەمانی کوردستان کردو لەسەر بارودۆخی عێراق دووان، هەروەها لەساڵی رابوردوودا پەرلەمانی کوردستان لەسەر دەعوەتی چەند پەرلەمانێکی ئەوروپی وەفدێکی نارده دەرەوەو زیارەتی (٧) ولاتیان کرد و لەلایەن پەرلەمانان و کاربەدەستانی حکومەتی ئەو ولاتانەوە پێشوازی کران و لەوێ وەزعی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە، وەزعی کوردستان خرایە بەر لێکۆڵینەوە وئەنجامەکەشی باش بوو و کەوەفدەکە گەڕایەوە بەتێرو تەسەلی باس لەئاکامەکانی کراو، لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵسەنگێندرا، ئەمە کورتەی ئیشوکاری یەک ساڵی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەهیوای ئەوەین کەساڵی ئایندەمان ساڵی پتەوکردنی لایەنی دیموکراتیەت بێ لەکوردستاندا، ساڵی پتەو کردنی ژیانی پەرلەمانی بێ، لەم هۆڵەدا ببین بەمایەی ئەوەی کەگیروگرفتەکانی میللەتەکەمان بەشێوەیەکی باشتر چارەسەربکەین.

هەروەها سوود وەربگرین لەئەزموونی ئەمساڵ، چونکە زۆر جار لەبەر بێ ئەزموونی هەندێ بڕیارمان دەرکردووە دوای ئەوەی کەپێیدا چووینەوە بینیومانە کەم و کورتی هەیە، ئەمە شتێکی سروشتییە بۆ ئێمە، بەرای ئێمە ئیشوکاری پەرلەمان بریتیە لەدانانی یاسا، کە

لەپێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەستنیشان کراوە، بەڵام تەنها دانانی یاسا، یاخود دەرکردنی بڕیارێک چارەسەری گیروگرفتەکانی ئێمە ناکات، ئەگەر هاتوو ئێمە بەشێوەیەکی ورد لەسەر بارودۆخی ئەم دیاردەیەی کەئەو بڕیارە، یائەو یاسایەی بۆ دەردەچێ ولەتوانای جێبەجێ کردنی نەکۆڵینەوە. تاقی کردنەوەی ئەمساڵمان دەری خست کەزۆر لەو یاساو بڕیارانەی دەری ئەکەین بواری جێبەجێ کردنی کەمە وهەندێکی تر تاکو ئێستا جێ بەجێ نەکراون، بۆیە لەسەر ئەندامانی پەرلەمانە لەمەو دووا سوود لەو وەزعە وەربگرین و هەر یاسایەک وهەر پرۆژەیەک پێشکەش بەپەرلەمان ئەکرێ ئەبێ بەوردی لێی بکۆڵینەوە تا بزانین توانای جێبەجێ کردنی هەیە یا نەء؟، ڕەوشەکەمان هاوکاریمان دەکات یا نەء؟ چونکە ئەگەر هاتوو ئێمە تەنیا بڕیار، یان یاسا دەرکەین با باشیش بێت، بەڵام گەر توانای جێبەجێ کردنیان نەبێت هەیبەتی حکومەتی ئێمە کەدەستگایەکی ڕاپەڕاندنە کەمتر ئەبێ لەناو خەڵکدا، هەیبەتی پەرلمانیش کەمتر دەبێتەوە، چونکە دەرکردنی بڕیار بەس نییە، بەڵکو جێ بەجێ کردنی پێویستە، بەم بۆنەیەوە داوا لەئەندامانی پەرلەمان دەکەم وەکو دەستەی سەرۆکایەتی، کە بۆ ساڵی ئایندەمان، سوود لەهەڵەکانمان وەربگرین، و هەوڵ بدەین بەتایبەتی لەلایەن لیژنەکانمانەوە بەشێوەیەکی باشتر ئەو پرۆژانە کەئەکەوێتە پێشمان لێی بکۆڵینەوە، ئیشوکاری بەدواداچوونی دامو دەزگاکانی حکومەت بخەینە پێش چاو، چونکە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەوە نییە ئێمە لێرە گفتوگۆیەک لەسەر یاسا بکەین وپاشان وازی لێ بێنین، بەپێچەوانەوە ئەبێ بەدوایدا بچین وبزانین چۆن جێبەجێ دەکرێن؟ چۆن جێ بەجێ ناکرێن؟ و بگەڕێینەوە ناو ئەو خەڵکە، چونکە خەڵک ئومێدێکی بەم پەرلەمانە هەیە، ئەبێ ئێمە لێرە لەو ئاستەدا بین کەبتوانین ئەو هەست و خواستەی خەڵکە پیادە بکەین و ئەوەی بکرێ بۆیان جێ بەجێ بکەین.

جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەک ئەکەم کەهاتوونەتە ئێرە، ڕێزێکی بێ پایانمان هەیە بۆ هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی، چونکە بەتوانای هەموویان ئەم پەرلەمانە هاتە کایەوە، بە پشتگیری کردنی پەرلەمان توانیمان ئەم ئەزموونە بگەیێنینە ئەم قۆناغە. سوپاسێکی بێ پایان بۆ گەلی کوردی خۆ ڕاگر، چونکە بەگیانی خۆ ڕاگری ئەوان ئەم ئەزموونە دیموکراتییە ڕۆژ بەڕۆژ گەشە دەسەنێ و هەرچەندە کەلەوەزعێکی یەک جار ناخۆشدا دەژین، بەتایبەتی لەباری ئابوورییەوە.

سڵاو و ڕێزم بۆگیانی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان، چونکە بەخوێنی گەشی ئەوان ئێمە توانیمان ئێستاکە لەم هۆڵە دانیشین وبیرەوەری یەک ساڵەی ئەو دەسکەوتە گەورەیە بکەینەوە کە بەخوێنی ئەوان چەسپا، سوپاس بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە

بەگیانی خۆ بەخت کردنی ئەوان ئەم ئەزموونە لەدایک بووە، جارێکی تریش سوپاسی هەموو لایەک ئەکەم بەهیوای سەرکەوتن.

## وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز، نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن. بەناوی خۆم وئەنجوومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی لەئێوەی بەڕێزو گەلی کوردی قارەمان و کەمەنەتەوایەتیەکانی کوردستان ئەکەم بەبۆنەی ساڵ رۆژی دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لەهەمان کاتدا پرسەو سەرەخۆشی لەخۆمان و لەئێوەی بەڕێزو برا ئاشوریەکانمان دەکەین بەبۆنەی شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویستمان کاک فرەنسیس کەبەڕاستی کارەساتێکی دڵتەزین بوو شەهید کردنی کاک فرنیسی دژی دیموکراتیەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان بوو، کەئەو تاوانە پیسەیان ئەنجام داو دوژمنانی گەلەکەمان لەپارێزگای دهۆک لەماوەیەکی کورتدا دوو تاوانی پیسیان ئەنجامدا یەکێکیان شەهید بوونی کاک فرەنسیس ئەوەی تریان شەهید بوونی کاک رەئوف ئاکرەیی بو کەپاڵێوراوی لیستی سەوز بوو لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەو دووتاوانە بەرای ئێمە دژی دیموکراتیەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەزموونەیە کەلەکوردستانی عێراقدا هەیە، دیارە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدانێکی گەورەیە لەمێژووی خەباتی گەلەکەمان کەبۆ یەکەمین جارە گەلی کورد بتوانی پەرلەمانی خۆی دابمەزرێنێ. ئەو پەرلەمانە لەکاتو سەردەمێکدا بوو کەدوژمنانی میللەتەکەمان پێیان وابوو لەکاتی هەڵبژاردنە مێژوویەکەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە١٩/٥/ گرەویان لەسەردەکرد، کەلەکاتی هەڵبژاردنەکە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێک دا بدەن ببێتە ناخۆشی، بەلام خۆش بەختانە کۆمەلانی کوردستانی ولایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی ودەرەوەی بەرەی کوردستانی بەهۆشیاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان تواندرا باشترین ئەزموون ئەنجام بدرێ لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەدامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. کە لەو ماوە کورتەدا، لەماوەی ساڵێک کاری زۆر گەورەی ئەنجام دا، هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دەسنیشانی زۆربەی مەسەلەکانی کرد ئەویش یاسادانانی وەزارەتەکان بوو، هەروەها لەرێزی پێشەوەیان یاسای وەزارەتی پێشمەرگایەتی، کەخەون و ئاواتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و میللەتەکەمان بوو،

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچوارچێوەی یەک وەزارەت کۆ بکرێتەوە ئەویش لەئەنجامی هەڵبژاردنە مەزنەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، وەزارەتی پێشمەرگایەتی دروست بوو هەموو هێزەکانیان لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە کۆ بوونەوە هێزی شۆرشگێری کوردستانن و هەروەها بریاری فیدرالیەت لەبۆ کوردستان و، بریاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بریارانە بریاری زۆر گرنگ و گەورەنە لەتەمەنی کورتی پەرلەمانی کوردستان کەبریاریان لەسەر دا لە بۆ کوردستانی عێراق فیدرالیەت، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دیارە هێشتا ساڵێک بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێ نەپەریوە، کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری گرنگیان ئەنجامداوە لەرۆژی دامەزراندیانەوە تاکو دامەزراندنی دووەم کابینەی، ئەویش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانانی دامو دەزگاکان وزۆری وەزارەتەکان، بەشێک لەوەزارەتەکان بەراستی تازە بوون هیچ دەزگایەکیان نەبوو، ئەو وەزارەتەو دامەزراندنیان جێگای شانازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و میللەتەکەمانە کەخۆمان سەلماندمان کە دەتوانین حوکمرانی خۆمان بکەین، هەرلەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تاوانی ئەوە خراوەتە پاڵ گەلی کورد کەناتوانێ خۆی بەرێوە ببات، ناتوانی خۆی حوکمرانی خۆی بکات. لەماوەی ئەم ساڵەدا ئێمە سەلماندمان بۆ دۆستەکانمان، بۆ ناحەزان و، دوژمنانی میللەتەکەمان کەدەتوانین خۆمان بەرێوە ببەین، و باشترین شێوەی حوکمرانی خۆمان بکەین، چونکە ئەو تاقی کردنەوە بەراستی زۆربەی زۆری لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لەهەڵبژاردن بەشداری یان کردووە و ئەوانەی دەرەوەی بەرەی کوردستانی و پشتیوانی زۆری لەحکومەت و پەرلەمانی کوردستان کرد، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆرباش هاوکاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، حکومەتی بەعس دوژمنانی گەلەکەمان کەئێستا ناتوانن لەبەر چەکووشی ئامادەو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێرشی سەربازیمان بکەنە سەر بۆ سەر کوردستان، یاخود پەلامارمان بدەن، بەڵام بەشێوەی تر پیلان دادەنێنەوە و دەیانەوێ کۆسپ و تەگەرە بخەنە پێش حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، ئەویش ئێستاکە خۆتان دەزانن لەم رۆژانە شەری ئابووریمان لەگەڵدا دەکەن، ئەو شەرەش شەرێکی گەورەیە، بەڵام ئێمە بەهیمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، دڵسۆزانی میللەتەکەمان و، هێزە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانەکە، کەچۆن زاڵ بوون بەسەر تەنگو چەڵەمەکانی، بەسەر ئەوەشدا زاڵ دەبین بەوەش داوای پشتیوانی مان لەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان و لەرێکخراوە خێر خوازەکانی دنیا کردووە، کەچۆن پشتیوانیمان لێ دەکەن لەهێرشی سەربازی، ئاواش پشتیوانیمان لێ بکەن لەجەنگی ئابووری کەئەمەش زۆر گرنگە بەتایبەتی لەم رۆژانەدا لەپاش ئەوەی« ٢٥» دیناریان ئیلغا کردووە و هەروەها پروپاگەندە دەکەن (١٠.٥) دیناریش ئیلغا بکەن. ئەمە رۆژ بەرۆژ پرۆپاگەندەی ژەهراوی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بلاو دەکەنەوە، کەئەمرۆ وادەبێ، بەیانی

وادەبێ، دەیانەوێ نرخی دولار بەرزبکەنەوە، لێرە تاکو نرخی خواردەمەنی زیاد بکا لەبازاڕی کوردستان کار بکاتە سەرکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەهاوکاری پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەخشەو بەرنامەی دانایە لەبۆ هەموو بوارەکان بەتایبەتی لەبارەی ئابووری، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد شاندێکی بەرزی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی ئەمەریکا، ئوستورالیا، بەریتانیا، تورکیا دانیشتین لە(جنیف) لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەیەک کرا (٣٠) دەوڵەت بەشداربیان کرد لەسەر کوردو، یارمەتی دانی کوردستان. هەروەها ئەو پاسەوان و پۆلیسەکانی (UN) کەلەکوردستان کشانەوە، ئێستاکە دەگەڕێنەوە، هەرچەندە کاریگەری مەعنەویان هەبوو، بەڵام ناحەزانی گەلی کوردستان و ناحەزانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پرۆپاگەندەیان دەکرد کەئەوە سەرەتای کشانەوەیە، سەرەتای کشانەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و (UN)ە لەگەلی کوردستان، بە تەنیا دەیان هێڵنەوە، بەڵام ئێمە دڵنیاتان دەکەین ئێستاکە کێشەکەمان زۆر چۆتە پێشەوە، لەجاران زیاتر حیساب بۆ مەسەلەی کورد دەکرێ و ئەو وەفدەیINC لەدەرەوە لەگەڵ وەفدی کوردستان کە لەزۆربەی زۆری دەوڵەتەکان پێشوازی کران، لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەکان، جێگری سەرۆکی دەوڵەتەکان ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەکێشەکەمان چووتە پێشەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا کەکێشەکەمان دەخەینە پێشەوە بێگومان دوژمنان زیاتر دەکەونە ئەوەی کەپیلان و پروپاگەندەو نەخشە دابنێین دژی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە زیاتر هۆشیار بین، زیاتر خۆمان کۆبکەینەوە لەیەکێتی، ریزەکانی گەل بپارێزین، یەکێتی خۆمان بەهێز بکەین، تاکو بتوانین زاڵ بین بەسەر ئەو پیلانانەی دوژمنانی گەلی کوردستان و ئەو تاقی کردنەوەیەش کەهەیە لەکوردستانی عێراقدا، حکومەت و پەرلەمان، لەئەنجامی خەبات و تێکۆشانی زیاتر لەسەدەیەک خەباتی گەلی کوردستانە، کەئەو پەرلەمان و حکومەتەمان هەیە، ئەوە لەئەنجامی خوێنی هەزاران شەهید و کاوڵ کردنی کوردستانە کە ئەو ئەزمونەمان هەیە، پێویستە پاراستنی لەسەرشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ. خۆشتان دەزانن پاراستنی دەستکەوت زەحمەت ترە لەوەی کەوەری بگری ، زیاتر بەو ماندو بوون و قوربانیە کەئەو ئەزموونەمان هێناوەتە کایەوە ئەو ئازادی و دیموکراتیە هی هەمووانە، و ئەو وەزعەی کەخۆمان حوکمرانی خۆمان دەکەین پێویستی بەمەش هەیە کەتوانای دانبەخۆ داگرتنمان زۆر بێ ، هێزی بەرەنگاری هەبێ بەرامبەر بەو وەزعەی کەئێستا لەکوردستاندا هەیە، وەزعی ئابووری بەتایبەتی لەڕیزی پێشەوە دایە.. لەکۆتایی دا جارێکی تریش پیرۆزبایی لەخۆمان و پەرلەمانی کوردستان و گەلی کورد و کەمەنەتەوایەتیەکان دەکەم و سڵاو و رێزم دەگەیەنم بۆ هەموو ئەولایەنە سیاسیانە کەئێستا ئازاد بوونە لەزیندانەکانی رژێمی فاشی بەغدا و سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان دادەنەوێنم زۆر سوپاس.

# وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگام بدەن پێشەکی بەناوی کاک مسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لەخۆمان ولە ئێوەی بەڕێز و گەلەکەمان بکەم، بەبۆنەی شەهید بوونی کاکە فرەنسیس یوسف شابۆ کە یەکەم شەهیدی پەرلەمانی کوردستانە، بەم ناوەوە ئەچێتە مێژووی گەلەکەمانەوە، شان بەشانی پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان و کەمە نەتەوایەکان و کۆمەڵە سیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵ ڕۆژی یادکردنەوەی یەکەمین خولی ئەو پەرلەمانە مێژوویی یە کە بەخواست و ئارەزووی گەلەکەمان لەدایک بووە، ئەمرۆ ساڵێک تێ دەپەڕێ بەسەر سەرکەوتنی مێژوویی گەلەکەمان دا لە هەڵبژاردنی دیموکراتی نوێنەرانی گەلی کورد و کەمایەتیەکان بۆ ئەم پەرلەمانە کەئەو هەڵبژاردنە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی مەزنی گەلەکەمان بووە و نیشانەی پێشکەوتنی شارستانی گەلەکەمان بووە نیشانەی ئیرادەو مافی میللەتەکەمان بووە کەچارەنووسی خۆی لەدەست خۆیدا بێ بە وشێوەیە کە هەڵبژاردن ئەنجام درا وپەرلەمان دامەزرا. گەلی کوردو، پارتە سیاسیەکان و بەرەی کوردستانی سەلماندیان بۆ دۆست و دوژمنان کەئێمە گەلێکین مافی ژیانمان هەیە، مافی مانەوەمان هەیە، مافی ئەوەمان هەیە چارەنووسی خۆمان بگرین بەدەستی خۆمانەوە بەدامەزراندنی پەرلەمان. ئێوەی بەڕێز دەسکەوتی زۆر گەورەتان هەبوو بۆ گەلەکەمان لەسەرووی هەموویانەوە دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەنیشانەیەکی جوانە لەمێژووی نوێی میللەتەکەماندا، جگە لەگەورەترین هەنگاو بەبۆچوونی ئێمە ئەویش بەرزکردنەوەی ئالای فیدرالیەت و دانانی یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەوەزارەت بەوەزارەت کەبوونە ڕێنمایی و ڕێکخستنی کار بردنە پێشەوەی ئیشوکاری حکومەتی هەرێم، ئەمانە هەموو بونیادی ئیشوکاری ئەمرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وئیشوکاری گەلەکەمانی دەستنیشان کرد، هەر ئەو یاسایە هەر ئەو بڕیارانەیە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری دەڕوات و هەوڵ دەدات وکۆشش دەکات بۆ خزمەتی گەلەکەمان و تێ پەڕبونی لەو تەنگو چەڵەمەیەی کە پێی دا تێدەپەڕێ. پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان چ لەڕۆژانی هەڵبژاردن یا بۆ دامەزراندنی ئەم پەرلەمانە پیرۆزە هەوڵی دا کەبەگیانی تەبایی و پاراستنی یەکێتی ریزی گەلەکەمان بەرەو پیری ئەم قۆناغە مێژوییە بڕۆین. خۆشحاڵین کەئەندامانی فراکسیۆنی پارتیمان لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامو دەزگاکانی فیدرالیزم بۆ تەبایی و پاراستنی یەکێتی

ریزەکانی گەل کەم تەرخەمی نەکردووە، هەر بۆیەش دووپاتی دەکەینەوە کەپارتیمان بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێبازی تەبایی و یەک بوون و بڕیارو کار لەهەموو ئاستێکی ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. چونکە لەو بیرو رایەداین کەپاراستنی یەکێتی ریزی گەل مەرجی بناغەی سەرکەوتنە. سالێک بەسەر دامەزراندنی پەرلەماندا رەت بوو لەو پێناوەشدا بەهاوکاری هەموو حیزبەکانی هاوپەیمان و هاوسەروەر هەولمان دا حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بەشداری بکەن لەبەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، هەندێکی لەحکومەت و دامو دەزگاکان بەشدارین، تا پێڕەوێکی دیموکراتی ئامادە بکەین، ئەرکی ترمان پاراستنی ڕێبازی دیموکراتیانەی بەڕێوەبردنی کاروبارە، چ لەناو پەرلەمان، یا لەپەیوەندی حکومەت و گەلەوە، پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی یە سیاسیەکان، جێ بەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت و هەولدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەختی ژیانی هاوولاتیان کە بەئەرکێکی هەرە گرانی ئەزانین. بەکورتی پارتیمان لەهەموو رووێکەوە هەولی داوە پشتگیری پەرلەمان و ژیانی پەرلەمانی و دیموکراسی بکات و خۆشحالین بەهاوکاری ئێمە بەتەبایی یەکێتی نیشتمانیی حزب و ڕێکخراوە نیشتمان پەروەرەکانی تر پەرلەمانمان پاراستووە سەرەرای فشاری رژێم وخراپ کاری، تەنگو چەلەمەی ئابووری، باری گرانی ئابلووقەوە، بەلای ئێمەوە پاراستنی دیموکراتی هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستی بەچوار ئەرکی سەرەکی هەیە:

١ ـ پاراستن و پتەوبوونی ژیانی تەبایی، ڕێک بوونی هێزی گەل و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و سیاسەتی پەیوەندیمان.

٢ ـ پاراستنی گیانی دیموکراتیانە، خاوێن راگرتنی رووی ئازادیخوازانەی، رووی دیموکراتی ژیانی پەرلەمانی سیاسەتی حکومەتەکەمان لەلایەن خەبات و مێژووی کوردنیشان دەدات.

٣ ـ هەولدانێکی جدی بۆ چارەسەری تەنگو چەلەمەی ژیانی هاوولاتیانی خۆنەویست بەتایبەتی هەولدان بۆ کەلک وەرگرتن لەسامان و بەروبومی خۆمالی نیشتمانە جوان و دەولەمەندەکەمان، بەلای ئێمەوە دەبێ بەهەموو توانایەک هانی ژیانی خۆی یاپشت بەستن بەخۆیەوە بدەین، بەسەرەوت و سامانی خۆمان بەکار وکۆشش سوود وەرگرین.

٤ ـ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی (اقلیمی) تێکرا هەولْ بدەین ومەسەلەی گەلەکەمان زیندوو بهێنێ، تاقی کردنەوەکەمان پشتی لێ بگرێ و کۆمەک و یارمەتی پێویست بەگەلەکەمان بگات، بەرەو ئاسۆیەکی فراونتر هەنگاو بنێین بۆ بنیات نانی عێراقێکی تازە، عێراقێکی دیموکراتی فیدرال و پەرلەمانی دەستووری و فرە حزبی کەتیادا فیدرالی کوردستانی عێراق بچەسپێ، ولەگەلی کوردستان و گشت گەلی عێراق بەئاسوودەیی و ئاشتی و کامەرانی بژین، سوپاس.

# وتاری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەبۆنەی ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ئەنجوومەن پیرۆزبایی لەئێوەی بەڕێز و لەهەموو تێکۆشەرەکانی کوردستان و جەماوەر دەکەین و جێگەی داخیشە ئەمڕۆ جێگای برای شەهید چۆڵە کەبەدەستێکی غەدر لەناو بردرا ئومێدەوارین تۆژینەوەیەکی دادپەروەرانە بکرێت بۆ ئەوەی بزاندرێ چ لایەنێک ی سەربەرژێم لەپشت ئەم کارەساتە بووە، ئەمڕۆ یادی ڕۆژێک دەکەینەوە چەندین چەرخ بوو هەناسەی ئومێدی بۆ هەڵدەکێشرا، دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرا وەکو ئێستا بۆ پاراستنی دەکرێت، لەم ماوەی ئەمساڵەدا پەرلەمان هەنگاوی سەرکەوتوانەی هاوێشتووە کەئەوەش مانای شانازی یە بۆ هەموو ئەندامانی هەرێمی کوردستان، کەبەرێگەی یاسا دانانەوە بەشداریەکی گەورە بووە بۆ دانانی بناغەی دیموکراسی لەهەرێمدا.

بەڕێزان، کوردستان دووچاری جۆرەها ئابڵوقە بووە لەئەنجامی پیلانی جۆراوجۆرەوە، لەچەندین لاوە داوی بۆ دادەندرێتەوە، هەمووشی بەمەستی لەناوبردنی ئەو بارە دیموکراسیەیە، بۆ شکاندنی ویستی خەڵکە، بۆ کەم کردنەوەی دەنگی ئازادییە، بۆیە پێویستە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و حزبەکان لەیەک هەڵوێستدا دەست لەناو دەستی یەک، لەگەڵ جەماوەرکەدابن کە سەرچاوەی توانا و هێزو هەموو شەرعیەتێکە، ئەو وەزعە بپارێزن، چونکە چارەنووسی دوا ڕۆژی هەموو ئەو هێزە سیاسیانە بەم تاقی کردنەوەیە بەستراوەتەوە، کەئەویش پشووی درێژو بیری ووردو، ویستی کۆمەڵ و، لەخۆبردنی دەوێ. کەبێگومان بەشێکی زۆری ئەو ئەرکەش بەپلەی یەکەم دەکەوێتە سەر یەک بوونی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ولایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی، دەبێ هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ ئەوەی ئەو وەزعە ئابوریە دژوارەی کەڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بۆ تەوە بەتایبەتی خەڵکە هەژارەکان چارەسەر بکرێ، وقات و قری هەرەشە لەژیانی ئەوخەڵکانە نەکات، ئومێدەوارین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەم کەم وکوڕیەی کە لەهەرێمدا هەیە ڕاستیان بکاتەوەو یاسا پێویستەکان زوو دەربکات، چونکە نەبوونی یاسا لەهەندێ بواردا بۆتە مایەی کێشەی ئاڵۆز، بەتایبەتی لەبەردەم باردۆخی کوردستاندا سەرکەوتووبن. ئومێدەوارین لەساڵی ئایندە پەرلەمان ئاهەنگی ساڵ ڕۆژی لەعێراقێکی دیموکراتیدا بگرێ، ئاسوودەیی و هەرزانی و، خۆشی باڵیان بەسەر وولاتدا کێشابێ، خەڵکی کوردستان خۆیان تەرخان کردبێ بۆ ئاوەدان کردنەوە، سوپاس.

# كلمة الحزب الشيوعي العراقي
# من قبل الاخ عبدالرزاق الصافي

بەڕێز عـــــبـــــدالـرزاق الصـــــافـي:

بسم الله الرحمن الرحيم

الأخ المناضل رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم.

الاخوة المناضلون اعضاء المجلس الوطني الكوردستاني المحترمون.

ايها الحضور الكرام.

بودي ابتداءاً ان اتوجه اليكم بشكري الجزيل على دعوتكم لحزبنا الشيوعي العراقي المشاركة في احتفالكم هذا، وان اتوجه باسم حزبنا اليكم بالتهنئة الحارة بهذه المناسبة، متمنين لكم من صميم قلوبنا النجاح في اداء مهماتكم في ارساء أسس الديمقراطية في كوردستان وترسيخها وتكريسها بممارسة حية، والتشريعات التي تنسجم مع مصالح شعب كوردستان البطل صاحب الفضل الاكبر في تحقيق هذا المنجز الكبير الذي نحتفل به واياكم اليوم.

ايها الاخوة المناضلون اننا في الحزب الشيوعي العراقي نعتز شديد الاعتزاز بمساهمتنا مباشرةً في نضال الشعب الكوردي من اجل الديمقراطية والعيش الكريم والحقوق القومية طيلة العقود الخمسة الماضية من تاريخ هذه النضالات المجيدة سواء كان ذلك بدعم انتفاضات البارزاني في الاربعينات أو الوثبات الجماهيرية ضد الاحلاف العسكرية ومن اجل الديمقراطية وحقوق الفلاحين في مدن وارياف كوردستان في الخمسينات وفي ثورة ١٤تموز المجيده عام ١٩٥٨ ثورة العرب والاكراد أوفي ثورة ايلول ١٩٦١ أو النضال المسلح طيلة سنوات الثمانينات والانتفاضة في آذار ١٩٩١ المجيدة وما اعقبها من التحركات الجماهيرية الواسعة في صيف وخريف عام ١٩٩١.

لقد كان حزبنا وسيظل مع الشعب الكوردي وحقوقه القومية العادلة ذلك انها ترى ويؤكد ذلك عقود التاريخ الماضية وترابط موضوعي بين هذه الحقوق الديمقراطية في العراق كله فلم تكن حصيلة مصادرة الديمقراطية في وطننا غير مؤيد من الاضطهاد للشعب الكوردي وحقوقه القومية العادلة واليوم اذ يتمتع الشعب في كوردستان بحرياته الديمقراطية في ظل حكومة تحظى بتأييده وبفعل عوامل عديدة داخلية و دولية، واختار الفيدرالية شكلاً للعلاقة التي تريدها الحكومة المركزية في العراق الديمقراطي المنشود فأن هذا المكسب سيظل عرضة للخطر مادام النظام الديكتاتوري جاثماً على صدر شعبنا العراقي خارج كوردستان المحررة ويهدد كل يوم للعودة اليها واركاع شعبها المناضل وطلائعه السياسية بالقوة بعد ان فشلت اساليب سحب الادارات، والحصار الظالم وحرمان عشرات الالوف من ابناء كوردستان من رواتبهم وأجورهم

ومستلزمات عيشهم واخيراً سرقة مدخرات ابناء الشعب في كوردستان للعملة الرسمية من فئة (٢٥) دينار ومعاملة كوردستان كأنها دولة اجنبية دون الشعور بالمسولية تجاه وحدة وطننا وشعبنا والطموح المشترك لكل ابنائه الخيرين في بناء عراق ديمقراطي يتمتع فيه الشعب الكوردي بحقوقه القومية العادلة ويحترم ارادته باختيار الفيدرالية.

ايتها الاخوات ايها الاخوان:

ان حزبنا معني بأشد الاهتمام بنجاح تجربتكم النضالية ويتمنى لكم التوفيق في انجاز مهمات نبيلة. بتكريس الحريات الديمقراطية وبتشريعات تنظم ممارستها الخيره وتأمين سريان القانون ووضع حد لكل الانتهاكات لأمن المواطنين وحرياتهم وكراماتهم وحياتهم ومعتقداتهم السياسية والدينية ورعاية مصالح ابناء الشعب بخصوص الفلاحين الذين احتضنوا الثورة وكانوا وقودها وقدموا التضحيات الغالية لانجاحها وذلك بمساعدتهم على العودة الى قراهم واحترام حقوقهم في الارض والعمل على إنهاض الاقتصاد الذي دمره الدكتاتور، وتجديد المعامل المعطلة بكل طاقاتها ومعالجة البطالة التي كلفت الجماهير، واحترام حقوقهم وازالة تشويه السكان الاجتماعي والاخلاقي الذي سببته ممارسات النظام المعادية لمصالح الشعب على جميع الاصعدة ونعدكم ايها الاخوة بأننا في الحزب الشيوعي العراق لن ندخر جهداً في تعزيز مسيرتكم على هذا الطريق واثقين انكم بذلك تعتزون بمسيرة نضال شعبنا العراقي كله من اجل الخلاص من نير النظام الدكتاتوري وبناء عراق ديمقراطي فيدرالي موحد وشكراً.

## وتاری حزبی یەکگرتنی کوردستان
## لەلایەن بەڕێز عەبدوڵڵا ئاگرین

**بەڕێز عـــــــــەبدوڵـــلا ئــاگـــــــــرین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی یەکگرتنی کوردستان، بەناوی ئەندام ودەستەکانیەوە، بەناوی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کەخاوەنی زیاتر لە(٣٥٠) شەهیدە، سڵاو و پیرۆز بایی یادی یەکەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لەجەماوەری ستەمدیدە و دڵسۆزانی گەلی کوردستان دەکەین بەشانازی یەوە لەسەر سەکۆی (مینبەر)ی پەرلەمان کەخۆی بەخۆی دەستەڵاتی گەل و دیموکراتیەت دەنوێنێ.

بەڕێزان لەدایک بوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، لەئاکامی بەخت کردنی خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان وتێکۆشانی سەختی ڕۆڵەکانی گەل وهێزە نیشتمان پەروەرەکانیەوەیە،

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کارو ڕۆڵی مەزنی شۆڕشی کوردستان بەگشتی و ڕاپەرینە ڕەواکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ،ئەمە سەرەڕای خەباتی چەند ساڵەی پارتی و پارتە سیاسیە نیشتمان پەروەرەکانی مەیدانی مەردایەتی، ئێمە وەک گشت حزبە تێکۆشەرەکانی مەیدانی خەباتی مەردایەتی لەکوردستان راستەوخۆ لایەنێکی گرنگی جوولانەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بووین لەدامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە ڕۆڵی گرنگ ودیارمان هەبووە بەشایەتی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی و جەماوەری خۆراگر لەڕۆژانی ٢٠/٢١/٢٢/٥/١٩٩٢ ئەوە بوو گەل بەو بۆنە پیرۆزەوە زەماوەندی خۆی گێرا ئەو هەڵوێستەی نواندمان نەمزایەدەیەو نەبازرگانی سیاسیە نەمنەتیش بەسەر گەلّ دا دەکەین، ئەوەی کردمان لەروانگەی هەستی نەتەوەیی یەوە بووە ئەمەسەرەڕای وەلاخستنی بەرژەوەندی تایبەتی حزبایەتیمان، بەداخەوە لەگەلّ ئەم هەمووشتانەی ڕوویاندا لەگەلّ شەهیدو تێکۆشەرەکانی ریزی حزبمان، وەک پێویستی رەچاو نەکراوە ئەگەر چی دەنگەکان بەپێی رێژە بەسەر لایەنە برایەکاندا دابەش کراو نوێنەری راستەو خۆمان لەپەرلەماندا نییە، بەلاّم ئەنجوومەن بەهی خۆمان و گەل دەزانین بێ پەرواش پشتگیریمان کردووە و دەی کەین، ڕاستیش وایە سەرگەرمی قۆناغێکی دیار ،مرۆڤ سەرمەست ئەکات و، برا تێکۆشەرەکانی خەباتی سەختی و تاک و ڕۆژانی هێرش و شالاوی ڕەزیلی دیکتاتۆری بەغدا ئەنفالە بەدناوەکان فەرامۆش نەکرێن و جەماوەریش کەخاوەنی ڕاستەو خۆی ڕاپەرین و ئەو ئەنجوومەنەن هەمیشە لەیاد نەچن، چارەسەری کێشەی کوردستان ڕۆژانێکی دوورو درێژ و سەختی لەبەر دەم دایە پێویستی بەکۆمەک و هاریکاری گشت لایەک و دڵسۆز وتوانا و پسپۆڕێ لێهاتوو هەیە، سەر بەحزبەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بن یاخود لەدەرەوە ئێمە کاری نیواونیو بەکارێکی سەردەمی شارستانی پێشکەوتوو نازانین، پێمان وایە ئەو ووزەو توانایەی سەرف نەکرێت زیان بە ئێستاو دوا ڕۆژی مەسەلە پیرۆزە کەمان دەگەیەنێ. باش وایە لەم ڕووەوە چاوگێڕانەوەیەک بکرێت وخۆمان لەداوی حزبایەتی تەسک رزگار بکەین و جەماوەر سەرچاوەی هێزو دەستەلاّتمان بێت.

بەرێزان دەبێت ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی گەل ئەو جەماوەرەیان لەیاد بێت کە هەڵیان بژاردوون، ئەرکی سەرشانیانە روو لەخەڵکی گوندە وێران کراوەکان و گەرەکە هەژارەکان، بکەن بەپێی توانا پێویستی یەکانیان بۆ دابین بکەن، ئاوارەکان لەیادنەکەن و بەروو سامان و دەرامەتی گەل لەدەست درێژی رژێمی بەغدا بپارێزێت. ئێمە بەتێکرایی ئەو دەسکەوتە گرنگانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وەدی هێناون هەر لەدانانی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان و فیدرالیەت و لەشکری یەکگرتووی کوردستان لەرووی رەخنە ونییەت پاکیەوە پێشنیازی دڵسۆزانە ڕادەگەیەنین کەپێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمەوە هەوڵی چارەسەر کردنی تەواوی کێشەکان بدات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەنگاو

بنێت لەرووی ئابووری و ئاوەدان کردنەوە و سیاسەت و یاسای چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و سامانی ژێرخاک بۆ چالاکی حزبایەتی دەربکات و خەڵکی کوردستان لەرەوتی تازەکردنەوەی تەمەنی شەش مانگی رزگار بکات تەقەللا بدرێت کوردستان لەلایەن گەلەوە بپارێزرێت. کێشەی کێشانەوەی (٢٥)دیناری دیارەو کێشەیەکی دوو سەریە ئێستا، پێویستە فەرامۆش نەکرێت ئەوراستیەش لەبەر چاو بگرین رژێمی دیکتاتوری بەغدا وەک وولاتێکی دی حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سوریاو ئوردن و سعودیە و کوێت مامەلەی لەگەڵ کوردستان دەکرد، هەنگاوی دوایی و هەڵوێستی نێو دەولەتان گەشبین دەبینرێت، دەرفەتێکی مێژوویی بۆگەلی کوردستان رەخساوە، بۆیە بەئاشکرا دەڵێین پاراستن و گەشە سەندنی ئەوگیانە ساوایە نازدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی مەزن و پیرۆزە لەئەستۆی هەموو دڵسۆزێک دایە ئەو دڵسۆزانەی تەمەنی جوانیان هەر لەپێناو کیانی کورددیدا بەخت کردووە، بۆیە ئێمە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهی گەلی کوردستان دەزانین، سەرکەوتووبن حکومەتی هەرێمی کوردستان. بژی گەل ،بژی دیموکراسی، بژی حکومەتی یاسا.

## وتاری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
## لەلایەن بەرێز بەڵێن

**بەرێز کاک بەڵێن:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆشحالین کە بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەک لایەنێکی بەشدار لە پەرلەمانی کوردستان لەئاهەنگی ساڵرۆژی دامەزراندنی و دەست بەکار بوونیدا بەشداری بکەین. بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم لەبەرێزتان و جەماوەری هەمیشە خۆراگری گەلەکەمان دەکەین، ئومێدو ئاواتی زۆریش بۆ سەرکەوتنی لەمەو دواو ئایندەی پەرلەمانەکەمان دەخوازین. بەرێزان زۆر بەداخەوە لەکاتێکدا بەبۆنەی داگیرسانی یەکەم مۆمی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان زۆربەخۆشی یەوە جەژن و ئاهەنگ دەگێرین لەهەمان کاتدا پەژارەی خۆمان رادەگەیەنین بەکوژانەوەی مۆمی تەمەنی ئەندامی هێژای پەرلەمان لەلیستی مۆر کاکە فرەنسیس شابۆ، شەهید بوونی کاک فرەنیسی و پێش ئەوەیش شەهید کردنی هێژا کاک رؤوف پالێوراوی لیستی سەوز زەنگی مەترسیەکی گەورەیە بەهیچ جۆرێک جەماوەری گەلەکەمان سەرەرای برسیەتی و گرانی و بێکاری و دڵەراوکێی سیاسی لەوەزعەکەدا تەحەمولی ناکات، بۆیە پێویستە سنوور دانانێکی بەپەلە لەلایەن پەرلەمان و ئیجرائاتی توند و تیژی حکومەت دژ بەو دیاردە نا هێمنە ترسناکە

کارێکی پەلەیەو دوا کەوتن بەخۆیەوە هەڵناگرێت.
بەڕێزان ڕۆژی ٤/٦/١٩٩٢ کە ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمانە بەڕۆژێکی مێژوویی لەڕۆژە مێژووییەکانی گەلەکەمان دەژمێردرێت، ئەمرۆش ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژە تێ دەپەرێت ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەشانازی یەوە ئەو ساڵە لەتەمەنی خۆی تەواو دەکات، پەرلەمان وەک دەسکەوتێکی لەمێژینەی ڕاپەڕین و بەری ڕەنج و قوربانیەکانی خەڵکی کوردستان سەرکەوتوانە لەماوەی ساڵی ڕابردوو دا چەندین هەنگاوی گرنگ و مێژوویی ناوە ، دەیان یاساو بڕیاری وەرگرتووە لەسەرووی هەموویانەوە پێک هێنانی حکومەتی هەرێم و ڕاگەیاندنی فیدرالیەت و یەک خستنی هێزی پێشمەرگەو دەرکردنی یاسای وەزارەتەکان و یاسای چاپەمەنی و پێک هێنانی دەزگای پۆلیس و ئاسایش و دادگای تەمییز.. هتد. کەئەمانە بەگشتی لەگەڵ ئەو لایەنەدا کە سەرکەوتوون وگەورەن بۆ پەرلەمان، بەڵام تاقی کردنەوەی ساوای دیموکراتیەکەمان کە هێشتا هەرەشەی جدی لێ دەکرێت بەتایبەتی لەلایەن ڕژێمی فاشی بەغداوە هەروا جەماوەری کوردستانیش ئەمرۆ لەبارودۆخێکی گوزەرانی ئابووری سەختدا دەژی چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەترن لەپەرلەمان، لەپێشەوەی ئەو هەنگاوانە ڕێکخستنی هێزی کۆمەڵانی خەڵک و دانانی دەستوورو حکومەتی یاساو دابین کردنی ئەمنیەتی تەواوی شارەکان و دانانی یاسایەکی کار بۆ کرێکاران و یاسایەکی تازە بۆ چارەسەر کردنی یاسایەکی عادیلانەی کێشەی زەوی وزارو یاسای حزب و هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان، پاراستن و پەرەپێدانی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازین کەپەلەبکرێت لەنەهێشتنی کەم و کوری وناتەواویەکانی لەوەزعی کوردستاندا ئەمەش زیاتر بەقوڵ کردنەوەی دیموکراتی و دابین کردنی ژیانی فرە حزبی و بەهێز کردنی بەرەی کوردستانی و پاراستنی ئەمنیەت و مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی تەواو لەیاساو خۆ دوورگرتن لەحزبایەتی تەسک و مامەڵەی پراکتیکی چەوت لەئیدارەکردنی کوردستان و لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەدێتە ڕێی ڕاستەقینەی ئەو دەستکەوت سەرروەریانە. خوشک وبرایانی بەڕێز لەکۆتاییدا بەشانازی یەوە دەڵێم کەحزبی ئێمە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەیەکەمین ڕۆژانی سەختدا شەرەفی بەشداربوونی لەپەرلەمان وحکومەتی هەرێمدا هەبووە، لەوماوەیەشدا ڕۆڵێکی دیارو دڵسۆزانەشی لەسەقامگیر کردن و پاراستندا بینیوە، هەرلەم بۆنەشدا وەک لایەنێکی بەشدار لەپەرلەمانی کوردستان شان بەشانی حزبە هاوپەیمانەکانی ترمان بەشدار بووە لەپێناوی سەرخستنی تاقی کردنەوە دیموکراسیە ساواکەمان لەسەروی هەموویانەوە سەرخستنی پەرلەمان وحکومەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان، تێدەکۆشین کە سەرکەوێ پەرلەمانی کوردستان لەساڵ ڕۆژی دامەزراندن و دەست بەکار بوونیدا، سەرکەوێ تاقی کردنەوە دیموکراتیەکەی خەڵکی کوردستان، سوپاس.

# وتاری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لەلایەن بەڕێز یۆنادم یوسف کنا

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانی عێراقەوە پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەین لەهەمان کاتدا سەرەخۆشی بەبۆنەی شەهید بوونی برای بەڕێزمان کاک فرەنسیس شابۆ لەئێوە و لەهەموو گەلی کوردستان دەکەم، بەر لەبزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری وەکو میللەتی ئاشوری لەکوردستان بەهەزاران ساڵ لەناو میللەتی کورد وەکو دوو برای هاوبەش لەولاتێکدا ژیاون و هیواداربن هەمیشە ئەم دیموکراتیەتە بپارێزین. ئەم پەرلەمانە مەزنە نەک تەنها دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ میللەتی کورد و هەروەها دەسکەوتێکی مەزنە زۆریش مەزنە بۆ میللەتی ئێمە، دوژمنانی هاوبەشی هەردوو میللەتەکە لەمێژودا پیلانیان داناوە بۆ تێکدانی برایەتیەکەمان بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆرشە پیرۆزەکەمان دوای ڕاپەرینی ئازاری ساڵی(١٩٩١) کە ئەتوانین بڵێین ئەم تاقی کردنەوە پیرۆزە بێ نەزیرە لەدنیای ئەمڕۆدا پشتوانی هەموو میللەتانی جیهانی لێدەکرێ لەبەر ئەوەیە، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی هەیە، دەبێت هەموومان بەیەکەوە هەوڵ بدەین ئەو باوەڕە بنەڕەتیانە کە لەناو ئێمەدا هەیە هەموومان پێکەوە دروستمان کردووە دەبێت بیپارێزین.

ڕووداوی شەهیدبوونی شەهید(فرانسیس یوسف) نەک تەنیا ڕووبەڕووی کەسی کاک فرانسیس کرا لەلایەن دوژمنەوە بەڵکو ڕووبەڕووی هەرهەموو ئەزموونەکەی ئێمە کرا، دژی پەرلەمان بوو، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، دژی ئازادی و دیموکراتی و برایەتی لەکوردستاندا بوو، هەروەها شەهید بوونی شەهید(ڕەئوف ئاکرەیی) داوا لەپەرلەمان وحکومەت و هەموو حزبەکان و کار بەدەستەکان دەکەین کە هەموومان بەیەکەو لەدوای ئەو گوناهبارو لەیاسا دەرچوانە بین و بیان دۆزینەوەو سزا بدرێن، ئەو چەپەڵانە ڕێگا یان لێ بگیرێت کەئەوانە دوژمنانی هاوبەشن و برایەتی، ئاشتی و ئازادی تێک دەدەن لەکوردستاندا.

هەروەهاش خۆمان بەبەختەوەر دەزانین لەڕۆژانی بەرەی کوردستانیەوە تائێستا کە هاوپەیمانین، ئێستا لەناو پەرلەمان چۆن تایبەتمەندی نەتەوەیی ئاشوری چاودێری کراوە بەپێنج کورسی وئێمە بەچوار کورسی لەپەرلەمان بەشدارین ولە حکومەتیش بەشدارین و هەروەها سورین لەسەرئەوە کەوا دوژمنانی هاوبەش ناتوانن برایەتیمان تێک بدەن نەک بەشهید بوونی فرانسیس سەدان شەهیدی تر بدەین ئێمە لەبرایەتی ناگەڕێینەوە، لەسەر پەرلەمانە کە بۆشاییە ئیدارییەکان پڕ بکاتەوە هەرچەندە ئەتوانم بڵێم زۆری پڕکراوەتەوە ئەبی ئەوانەی ماون پڕ بکرێتەوە یاسای کۆن

زۆری لەکاردایە جا زۆر هاودژی دەکەوێتەوە پێشمان چ لەلایەنی هێمنی و ئاسایشەوە چ لەلانی ئابووریەوە، یا کێشەی زەوی وزار زۆر بابەت هاتۆتەوە پێشمان. پەرلەمان ئەرکی زۆر گرنگی تەواو کردووە، یاسای وەزارەت وزۆریش لەیاساکان باس کراون هیوادارین ئەم چەند بۆشاییەی کەماون تەواو بکرێن و تایبەتمەندی نەتەوەیی میللەتەکەمان میللەتی ئاشوری لەکوردستان، لەدەستوری کوردستان چاودێری بکرێت. جارێکی تر پیرۆزبایی لەهەمووتان و هەموو گەلی کوردستان ئەکەم.

بژی دیموکراسی، بژی ئازادی، بژی ئازادی لەکوردستان.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

بەرێزینە ئێستاش مامۆستا فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دەقی ئەو بروسکەیەتان بۆ ئەخوێنێتەوە کە لەکۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتووی عێراقیەوە هاتووە بۆمان.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

الاخ جوهر نامق سالم رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم.

نغتنم مناسبة مرور عام على افتتاح المجلس الوطني الكوردستاني لنبعث اليكم ومن خلالكم الى الاخوة اعضاء المجلس تمنياتنا الحارة بهذه المناسبة متمنين لكم النجاح والتوفيق في انجاز المهمات النبيلة التي اخذتموها على عاتقكم لتوطيد التجربة الديموقراطية في كوردستاننا المحررة. ان المؤتمر الوطني العراقي الموحد ساند ويساند نضال الشعب الكوردي في العراق ومن اجل الديموقراطية و الحقوق القومية في عراقنا الديموقراطي الفيدرالي الموحد الذي نناضل جمعيا من اجل اقامته على أنقاض الديكتاتورية الفاحشة عدوة العرب والكرد وكل الانتمائات القومية في عراقنا الحبيب. لقد صعدت حكومة صدام حسين في الفترة الاخيرة من استفزازاتها ضد تجربتكم الديموقراطية الوليدة فلم تكتفِ بسحب الادارات و الحصار التعسفي والأساءة واعمال الارهاب من اغتيالات وتفجيرات وهجمات وجنايات على القرى الكوردية في«العوينة» وغيرها بل اقدمت على خطواتها الاجرامية بمنع المواطنين الاكراد من تبديل مالديهم من مدخرات من فئة(٢٥) دينارا الملغاة. وعاملت كوردستان معاملتها للدول الاجنبية مؤكدة استهتارها بوحدة الشعب العراقي وبقومياته المتآخية في وطننا الحبيب، وصارت تطلق التهديدات بالعودة الى كوردستان بقوة السلاح، مرة اخرى. نؤكد مساندتنا الحازمة لتجربتكم الرائدة التي نريد لها التطور و الازدهار لتكون مثلا يحتذي لشعبنا العراقي والنابع من واقع نضاله الصعب ضد الدكتاتورية ونشجب مواقف حكومة صدام حسين الاستفزازية ونعمل معكم ومع كل قوى شعبنا الخيرة في نضالها لازاحة الديكتاتورية ورفع كابوسها عن كاهل شعبنا و لكم تحياتنا النضالية الحارة.

١٩٩٣/٦/٥

**المؤتمر الوطني العراقي الموحد**

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

میوانە بەڕێزەکان هاتنتان مایەی خۆشی و شەرەف مەندیمان بوو، لەکۆتایدا لەیەزدانی مەزن نزاکارین تەمەنی نوێی ئەمسالّی ئەنجوومەنمان تەمەنی پڕ فەڕۆهاتی بێ بۆ هێنانەدی خەونە ڕەواکانی نەتەوەکەمان جارێکی تر بەخێرهاتن سەرچاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەین، بەم شێوە ئاهەنگی یەکەمین سالّڕۆژی پەرلەمان بەدومایی هات.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١)

**شەممە ریکەوتی ١٢/٦/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤١)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/١٢

***کاتژمێر(١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی١٩٩٣/٦/١٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە(٤١)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن.***

***٢- بەرچاوخستنی پرۆژەی هەمواركردنی(تعدیل) مادە/٢٨ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن کە تایبەتە بە پاراستنی ئەندامە بەڕێزەکانەوە.***

***٣- بەرچاوخستنی پرۆژەی ڕاگرتنی(تجمید) ژمارەیەک لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێم.***

***٤- بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای ژووری بازرگانی وپیشەسازی هەرێمی کوردستان.***

***٥- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆ وەکو لەبەردەستانە(٤) خاڵە.. ئەگەر تازەبابەت شتێک نی یە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین،.. تازە بابەت هیچ نییە. کەواتە بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، باس کردنی یاسای وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن. جائەگەر لیژنەی یاسا ئامادەن بابفەرموون.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم..

باسم الشعب.

المجلس الوطني لکوردستان العراق.

استنادا الی الاحکام فقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون رقم(١) لسنة(١٩٩٢)،وبناء علی ماعرضه وزیر الاشغال والاسکان ووافق علیه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لکوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاریخ ١٩٩٣/٦/١٢ اصدار مایلي:

القانون رقم«١٣»لسنة(١٩٩٣) قانون وزارة الاشغال والاسكان لاقليم كوردستان العراق.
المادة الاولى :يقصد بالتعابير التالية المعاني المبنية أزءها لاغراض هذا القانون.
١) الاقليم: اقليم كوردستان العراق.
٢) الوزارة: وزارة الاشغال والاسكان في الاقليم.
٣) الوزير: وزير الاشغال والاسكان في الاقليم.
٤) الوكيل: وكيل وزارة الاشغال والاسكان في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر مادە(١) هیچ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ مادە(١) وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:
١- تنفيذ المشاريع في مجال المباني العامة والاسكان والطرق والجسوروالمطارات والانفاق واقتراح الخطط لها ضمن الخطط العامة للاقليم.
٢- القيام بالدراسات الخاصة لقطاع التشييد والطرق والجسور ودراسة الجدوى الفنية ولاقتصادية للمشاريع الموكلة اليها.
٣- القيام بأعمال السيطرة النوعية للمشاريع الانشائية ومواد الانشاء في الاقليم والمساهمة في اعداد المواصفات الفنية وفق الظروف الطبيعية.
٤- الاشراف على تنفيذ المشاريع الموكلة اليها ومتابعتها والقيام بإنشاء وصيانة الطرق العامة الواقعة خارج حدود البلديات وصيانة وتشغيل الجسور ومحطات الاوزان المحورية والمعابر والانفاق مع تأثيثها والحفاظ على مخرمتها.
٥- التعقاد مع المنظمات الانشائية والجهات المختصة العاملة في الاقليم لتنفيذ ا لمشاريع التي تقع ضمن اختصاصاتها وبالتنسيق مع الجهات المعنية.
٦- العمل على توفير مواد الانشاء ومصادر التمويل الذاتي من الدوائر والمؤسسات التابعة للوزارة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر برگە(١)( تنفيذ المشاريع في مجال المباني العامة والأسكان والطرق والجسور والمطارات والانفاق واقتراح الخطط لها ضمن الخطط العامة للاقليم)كێ تێبینی هەیە، لەسەر ئەم برگەیە؟

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر وشەی (مطاراتە)، (مطارات) ئەگەر مەدەنی نەبێت وەزارەتی پێشمەرگە

دەگرێتەوە، بەیۆچوونی من ئەگەر مەدەنی بێت ئەوا وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن دەگرێتەوە. بە بیروڕای من وشەی (مطارات) لێرەدا زیادە، هەروەها وشەی (واقتراح خطط لها) خاڵی دوو ئەو بابەتەی چارە کردووە، بەڕای من ئەو ڕستەیەش زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هیچ تێبینی هەیە؟ هیچ نییە؟...

تکایە ئەوەی تێبینی هەیە باپێشەکی ناوی خۆی بنووسێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جێگری خوشکە نەهلەم، لەلیژنەی ئاوەدانکردنەوە، وەڵامم لەسەر قسەکانی کاک رزگار هەیە، وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن تەنها بە دروست کردنی (مطارات) هەڵدەستێ وپاشان تەسلیمی وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەقسەکانی مامۆستا ئیبراهیم سەعید دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی دووەم دەڵێ(اقتراح الخطط لها ضمن الخطط العامة في الاقليم)، کاک رزگار دەڵێ ئەوە زیادە؛..

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی دووەم باسی نەخشەی هونەری وئابووری (جدول فني واقتصادي) پرۆژەکان دەکات، خاڵی یەکەم باسی هەندێ پرۆجیکتی و لێ کۆڵینەوەی ئەو پرۆجیکتانەی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەخاڵی یەکەم دەڵێ (تنفيذ المشاريع في مجال المباني العامة و الاسكان والطرق والجسور)، ئەمە ئیش و کاری ئێوەیە، دوای ئەوە(واقتراح الخطط لها ضمن الخطط العامة للاقليم، القيام بالدراسات الخاصة لقطاع التشييد) واتا هەمان کردارە، پاشان (وضع التصاميم للعمل الموكلة اليها) لێی بکۆڵنەوە و پرۆگرامی بۆ دابنێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی برگە(١) زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ برگە(٢)، چونکە(اقتراح الخطط) هێشتا ڕەزامەندی لەسەر نەکراوە. (خطە)کە دەکرێ بەڵام،(التصاميم ومناهج العمل) بۆ حاڵەتی جێبەجێ کردن دەکرێ، بۆیە جیاوازی هەیە، هەرهەمان وەڵامی ئێمە بوو، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

تێبینیەکی ساکارم هەیە لەسەر تێبینی بەڕێز سەید حەسەن، چونکە (دیراسات) مەرج نییە هەموو جارێ پێشنیاری تێدا بێ، زۆر جار کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە هەیە پشتگوێ دەخرێن وناخرێنە ئیش، بەڵام پێشنیـار مـاوەکـەی پلانی ساڵانـە دەبێت، پێـویستـە لەبڕگـە (یەک)دا هەبێت، وەک باوە لەپێگەیاندن (تنمیـە) ولەپشکنیندا دوو جۆرە لایەن هەنە، لایەنێک پێی دەگـوترێت (الجـهـة المنفذة). لایەنی ڕاپەڕاندن هەمیشە (ئەشغال)ە، لایەنە سوودمەندەکان زۆرن. لەبەر ئەوە (اقتراح الخطط) لەگـەڵ (دیراسـات) زۆر جیـاوازیی هەیە (دیراسـە) مـەرج نیـیـە هەمـوو جـارێ بێـتـە (اقتراح)، چونکە پێشنیار جێبەجێ دەکرێ، بەڵام(دیراسە) هەموو جارێ جێبەجێ نابێ، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیاریش مەرج نییە هەموو جارێ جێبەجێ بێت (ودراسة الجداول الفنية والاقتصادية) دیسان ئەوە سیغەیێکی پێشنیـار کراوە لەجیاتی ئەوەی سیغەیێکی جێبەجێ کردن بێ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ داڕشتن، بەبۆچوونی من یاری کردنە بە وشە، دەبێ لێرە چارەسەرێکی داڕشتنەکەی بکرێ.

**بەڕێز یودنـام یـوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی لە بڕگـەی (١)دا هاتووە نێـوانی وەزارەت ونێـوانی (مـجلس التـخطيط الاعلى في كوردستـان، مجرد اقتراح الخطط العـامة) لەوانەیە پەسـەند بکرێ و لەوانەشـە بڵێ هەر باس مەکە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دەڵێ (تنفيذ المشايع).

**بەڕێز یونـادم یـوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەڵـێ (اقـتراح الخطط العـامة للاقليم)، ئەمەی دووەم ڕەزامەندی لەسەر کراوە دەبێ ئەم ئیشـە بکەین، بەڵام دەبێ ئێـمـە بڕیاری لەسـەر بدەین، ئایا لـەسـەر ئەم(١٠)گـوندە دەبێ یان لەسـەر ئەم(٣٠) گـوندە؟ چونکە الجـدوى الأقـتـصـادی لەسـەر(٣٠) گـوندەکـە زیاترە ،لەوێ بڕاوەتەوە وجێبەجێ بووە، بەڵام لە یەکەمدا تەنیا پێشنیاری ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی باڵایە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دەڵێ: (تنفـيذ المشـاريع)، ئەمە یەکجارییە، دوایی دێت دەڵێ(اقـتراح الخطط لها)، باشـە ئەم بڕگەیە چی یە؟ (دراسة الجداول الفنية والاقتصادية).؟

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

یەکەم دەڵێ (اقتراح الخطط ضمن خطط الاقلیم).. ئێمە پرۆژەیەک بۆ ئەنجوومەنی باڵا بەرز دەکەینەوە، پێشنیار دەکەین ئەو(١٥) پرۆژەی ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی هەرێم (مجلس تخطیط الاقلیم) پێمان دەڵێ، ئێمە پارەمان نییە بەتەنیا پێنج پرۆژە بکەن، یان دەڵێ هەر مەیکەن، دوای ئەوە لێکۆڵینەوە دەکرێ، ئەمە زۆر جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

چ تێبینیەک لەسەر خاڵی یەکەم هەیە؟

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من هێشتا مقتنعم کە(اقتراح الخطط) لێرە نەمێنێ، چونکە لەراستیدا وەکو جەنابت فەرمووت خاڵی دوو (الجدوى الفنية والاقتصادية) گشتگیرە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

پێشنیار چی یە؟

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

(واقتراح الخطط) نەمێنێ، چونکە خاڵی دوو چارەسەری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

من پێشنیارێک بۆ ئەم بابەتە دەکەم (تنفيذ المشاريع في مجال المباني العامة والاسكان والطرق والجسور والمطارات والانفاق واقتراح الخطط لها ضمن الخطط العامة للأقليم) بەس نییە، چونکە لەخاڵی دووەمدا (دراسەتی) تێدایە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەمان بۆ پێشنیار ناکات، خۆمان پێشنیاری دەکەین کەچیمان پێویستە بۆ وڵات، وەزارەتی تەندروستی دەزانی لەکوێ خەستەخانە پێویستە، پەروەردە دەزانی ئامادەیی وناوەندی لەکوێ پێویستە، ئنجا ئەنجوومەنی وەزیران یان ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی باڵا بڕیار دەدات(اقتراح الخطط ضمن خطط الاقلیم) مەبەستی ئێمە جارێ لەسەر ریگەی بونیاد کردنی (مجلس التخطيط الاعلى)ین، هێشتا نەکراوە، هیواداربن ئەو ئەنجوومەنە لەچەند وەزیری پسپۆڕ پێک بێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی(١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە ؟..کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

برگـە(٢) القيام بالدراسات الخاصة لقطاع التشييد والطرق والجسور ودراسة الجدوى الفنية و الاقتصادية للمشاريع المقترحة من قبلها ووضع التصاميم ومناهج العمل للمشاريع الموكلة اليها .

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چ تێبینییەک لەسەر برگە (٢) هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

برگـەی (٣) : (القيام باعمال السيطرة النوعية للمشـاريع الانشائية و مواد الانشاء في الاقليم والمساهمة في اعداد الموصفات الفنية ووفق الظروف الطبيعية)

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

خاڵی «٣» هیچ تێبینی نییە؟...

من پرسـیـارێکم هەیە لەجەنابی وەزیر مـەبەسـتی چی یە لە (القـيـام بأعـمـال السـيطرة النوعـية للمشاريع الانشائية ومواد الانشاء ومواد الانشاء في الاقليم)؟.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەجیهـاتی شـارستـانی ئەمڕۆدا دوو جۆر سیستـەم هەیە، سیستـەمی ڕۆژهەڵاتی، کـە هەمـوو شتێک لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێری وکۆنترۆڵ دەکرێ، لەسەر فێرکردن وجۆری کەلوپەلی بونیادنان، کە لەدونیای دەرەوەدا شـتێکی تریش هەیە، ئەویش هەندێ ئەزمـونگەی باوەڕ پێکراون چ لەبواری تـەندروسـتی یان کـەلوپەلی بیناسـازیدا. شـتێکی تریش هەیە کـە ڕەچاو نەکـراوە هەر لەنێوان سێ مـانگ چوار مـانگ جارێکدا دەبینین پردێک دەکەوێ، چونکە باری سیاسی کوردستان لەپێش چاو نەگیـراوە، بۆیە هەرچی کەلوپەلی بیناسازی هەیە دەبێ فەحس بکرێ وسەرکەتوو بێ، ئەوجا بەکار بهێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من پێم وایە ئەو خاڵە دوا بخرێ بۆکاتی دابەش کردنی بەڕێوەبردنەکان، تێبینیمـان لەسەر ئەوەیە کە بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەو بونیادنان بەتەنیا سەر بەوەزارەتێک نەبێ، کەبەو شوێنە گریدرا ئەو ئەرکە دەبێتە هی ئەو شوێنەی کە ئەو بەڕێوەبەریەتیەی پێ گرێ دەدرێ، سوپاس..

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین ئەوخاڵە روون بکاتەوە، ئایا ئێستا ئەو ئەزمونگانە. ئەو زاڵبوونە (سیطرە)یە هەیە لەسەر جۆری کەلوپەل؟ ئەو ئەزمونگانە بەئەرکی خۆیان هەڵدەستن؟.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سەرنەکەوتنەی کە ڕوودەدات لەپردەکان، ئیشی ئەزمونگەکانی کوردستانی ئەمڕۆ نییە، ئەمە هەر ئی زەمانی کۆنە، ئێمە دەبێ ئێستا سەر لەنوێ خۆمان چارەسەری کوردستان بکەین بە پێی بارودۆخی کوردستان. کە دەشتی نیشتەنی (رسوبی) نییە لەکوردستاندا بە پێچەوانەوە (تاکل) هەیە لە کوردستان، ئەمە پەیوەندی بە ئەزمونگەکانەوە نییە. دەبێ ئێمە و ئەنجوومەنی وەزیران کە خۆمان توانامان باش بوو، ئەو شتە بسەپێنین لەسەر ڕێکخراوە مرۆییەکان و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خۆشماندا، بەڵام ئێستا توانای ئەوەمان نییە بەدوایاندا بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پرۆژەی بچوکی ئاوەها کراوە، ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە ئەزمونگە بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە کە کەلوپەلەکان بپشکنێ.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتی وانەبووە ئەزمونگە ئیشی خۆی بەچاکی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم دووبارە دەکەمەوە، پردی قەندیل دەمێک نییە، بەپێی زانیاری بەڕێوەبەری ئەزمونگەکان دروستکراوە، هیچ کەسێک لەئەزمونگەوە نەچووە بۆ ئەوەی سەیری ماددەکان بکات. چ چیمەنتۆ چ ئاسنە چ ئەوەی کەکراوە، ئەزمونگە بۆ ئەویش نەچووە، ئەگەر چووبێ با وەزیری ئەشغال ناوی ئەو هاووڵاتیانە بڵێ، چونکە ئەوان لەئەزمونگەی کەلوپەلی بیناسازیدا پێمانیان گوتووە ئێمە نەچووین. نە بۆ ئەوێ نەبوو هیچ جێگایەکی تر،بەچاکی چاودێری نەکراوە، لەبەر ئەوە وەزارەتی (تعمیر) هەیە وەزارەتەکانی تریش هەن، بیناکان و شت دروست دەکەن، حەقە چۆن سانسوری(مالی) هەیە، ئەم بەڕێوەبەریەتیەش سانسوری هەبێ، ئەمە بەڕێوەبەریەتی گشتی نییە وگەورە نییە ، بەڕێوەبەریەکی بچوکە، لەشوێنێک بێ بتوانی چاودێری ئەشغال و نیشتەجێکردن بکات، پێشنیار دەکەم ودووبارەی دەکەمەوە، ئەو خاڵە گرێ دراوە بەباری بەڕێوەبەریەتەکەوە، ئەگەر بەڕێوەبەریەکە جێگیر بوو لەسەر وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن، ئەو خاڵەش دەبێت، بەڵام ئەگەر لەوێش نەما ئەو کاتە ئەرکی ئەو نامێنی... سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا تۆژینەوە لەسەر پشکنینەکانی پردی (میراوە) دەکرێ، کاک فرەنسۆ دەڵێ نەکراوە، کە گەیشتینە پلەی (کۆرتێست) نەک فەحسە سەرەتاییەکان، کە بە(کۆرتێست) ئەو کۆنکریتانە فەحس بکرێن، خوانەخواستا هەرشتێکی خراپ هەبێ چارەی دەکەن وتۆژینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا

دەکـەین کـە چاودێری ئەو کـارانەیان کـردووە، ئەمـانە هەمـووی لەبەردەست دان، نابێ پشت بەقسەیەکی سەرپێی کەسێک ببەستین، دوایی پردی (قەندیل) من لەگەڵ ئەوەدام ئیشەکەی زۆر بەپەلە بوو بەرپرسیاری زیاتر لە ٥٠٪ی دەکەوێتە سەر {S.C.F} ، ڕاست دەکات تۆزێ پابەندی حکومەت و وەزارەت نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەدێریان هەر لەسەر بوو، چیمەنتۆی تورکی بەرەغمی ئێمە بەبێ فەحس بەکارهات ئەویش شکستی هێنا دوایی چارە کرا، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە مـحـەمـەد سـەعـدوڵلا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەلایەنێک پشتگیری بۆچوونەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، ئەزمونگەی بونیادنان وەک سانسوورێکی هونەرییە لەسەر هەموو وەزارەتەکان، پێویستە شکۆمەندیەکی هەبێ، وقسەی بڕوا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

واتا ڕاتان وایە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کەسایەتێکی مەعنەوی خۆی هەبێ؟...

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ڕاسـتـە ئـەگـەر ئـەو ئەزمـونگانە پشـتـگـیـری نەکـرێن وای لێ دێـتەوە، بەڵام لەبیـرتان نەچێ هەر وەزارەتێک ئەزمونگەی خۆی هەیە. دەبێ هەموو ئەو ئەزمونگانە لەو وەزارەتانە جیا بکرێنەوە سەر بەئەنجـومـەنی وەزیران بن، سەر بەپەرلەمـان بن، سـەر بەهەر جـێـیـەک بن(٦ـ٧) سـەیتـەرەی نەوعـیمان هەیە لەکوردستان ئەگەر جیا بکرێنەوە و سەربەئەنجوومەنی وەزیران بن یا هەر شوێنێ، تابەباشی ئیشی خۆیان بکەن، ئنجا ئەو بڕیارەی پەرلـەمـان بڕیارێکی سـیـاسـیـیـە نەک بڕیاری هونەری، من گفتوگۆ لەسەر بڕیاری سیاسی ناکەم، دەیکێشمەوە، ئەگەر هونەرییە هیچ مانای نییە دەبێ سەر بەوەزارەتێک بێ، سوپاس..

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێم وایە ئێمە لەبەردەم دووخاڵدایین:

١- وەزارەت دەبێ خۆی بەسەر جۆری کەلوپەلەکاندا بسەپێنێ، برگەی دووەم دەبێ بمێنێتەوە، بەڵام خـاڵـی (٢)بەڕێـوەبەریـەتی ئـەزمـونگـەکـانی بیناکـاری، منیش لەگـەڵ ئەو ڕایەدام، چونکە پەیوەندی بەهەمـوو وەزارەتەکـانەوە هەیە، هەرچەندە لەپرۆژەکەدا هاتووە کە سـەر بەوەزارەتی (ئەشغـال)ە، ئەگەر بێتـو سەربەخۆییەکی هەبێ، پێم وایە پتر دەتوانێ خۆی بەسـەر هەمـوو ئیـشـوکاری وەزارەتەکاندا بسەپێنێ، بەڵام خـاڵی دووەم (القیـام باعمـال السـیطرة النوعـیة للمشاریع الانشائیة ومواد الانشاء ..) ئەگەر بمێنێتەوە چ زەرەری نییە، ئینجا ئەو ئەزمونگانە سەر بەوەزارەتی ئەشغال بێ، واپەسەند دەکرێ سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بن، بۆ ئەوەی بتوانن پتر (سەیتەرەی نەوعی) لەسەر هەموو دەزگاکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر قسەکەی بەڕێز وەزیری ئەشغال ونیشتەجێکردن، کەدەڵێ لە جیاتی پیشەسازی یان لەوەزارەتێکی تر (سەیتەرەی نەوعی) هەیە، ئەوە بابەتێکی تایبەتییە، (سەیتەرەی نەوعی) هەر وەزارەتێک جیاوازی هەیە لەگەڵ وەزارەتێکی تردا، ئینجا لەبەر ئەوە پێشنیارەکە ماقووڵە کە بەڕێوەبەریەکە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بی لەبەر ئەوەی چاودێری لەسەر هەموو کەلوپەلی بیناسازی لەکوردستاندا دەکات. وکەسایەتیەکی تایبەتی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هیچ بەرهەڵستکاریەکمان نییە ئەو بڕیارە بدرێ، بەڵام ئێمە لەپەرلەمان بڕیارماندا. (یعمل بالقوانین النافذة)، یاسای کارپێکراو لەوڵاتی ئێمە و هەموو وڵاتانی دنیا ئەوهایە، ئەگەر پێتان پاشە بالە بەڕێوەبەریەکان کەم بکرێتەوە، کاکەڕەش دەڵێ پیشەسازی هەر پیشەسازییە وانیە، کۆمپانیای ئەهلی لەکوردستان زۆرە و هەموو جۆرە بەرهەمیان. هەیە دەبێ هەر هەمووی کۆنترۆڵ بکرێ، بڕیارەکە هەر ئەوەیە ئێمە هەڵاوسانی بەڕێوەبردن (تضخم اداری) زیاتر نەکەین، دوایی دەبی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ئەو پێشنیارەی پێشکەش بە پەرلەمان بکات، سوپاس..

**بەریز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پێم وایە جیاوازێکی ئەو تۆ ناکات سەر بەوەزارەتێک بێت یان سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری نیشتەجێ وانیشان دەدات، کە بڕیارەکە سیاسی یە، بۆ ئەوەی پاشگەز بینەوە، بڕیارەکە سیاسی نییە، ئەگەر سیاسیش بێت خۆشحاڵین بەوە دوو ئەندامی فراکسیۆنی سەوزیش پشتگیری ئەوسیاسەتەیان کرد، بەڵام سیاسی نییە، هونەرییە، منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی کاکەڕەشم، ئەو بەڕێوەبەریەتییە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە وەگرێ بدرێ، سوپاس..

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لەو بابەتەدا وا دەرکەوت کە ئەزموونگە هەتا ئێستا دەوری خۆی نەدیووە وەک فەرمانگەیەک، لەبەر ئەوە توانای نییە، کادری نییە، کەس دەوامی لێ ناکات ... ئنجا گرفت دروست دەبێ لەئەنجامی ئەو بۆشاییەی کە ئیش نییە لەبەر بێ توانایی ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین کەوا بیکەینە بەڕێوەبەریەتی گشتی، ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین ببیتە بەڕێوەبەریەتێکی بچکوڵە، کە هەڵاوسان دروست نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین و ئەگەر رای جەنابتـاین لەسەربێ لە هەر وەزارەتێک (تقـيـيس والسـيطرة النوعية) لابرێ. بەڕێوەبەریەکی تایبەت دروست ببێ سەر بەئەنجوومەنی وەزیران بێت، سوپاس..

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک ئیبراهیم گوتی شتێکی ئاساییە پرد بروخێ، بەڵام لەبەر هۆیەکی سروشتی بێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسکرا هۆیەکەی سروشتی نییە، لەداب ونەریتی بەڵێندەراندا (مقـاولات) ئەگەر خاڵی لاواز هەبێ کە فەحس نەکرا بێ ئەوە دەبێتە تانەیەک و بەڵێندەر (مقاول) سوود مەند دەبێ، ئەگەر پرۆژەیەک سەرکەوتوو نەبووبێ وەزارەت یان حکومەت بڕیار دەدات، بۆی هەیە بەهۆی لافاوە وە بوبێت، کـاک ئیبـراهیم دەربارەی ئەو بابەتە فـەرمـووی، کـە برادەران دەڵێن بەڕێوەبەریەتی ئەزمـونگە سـەر بە وەزارەتی ئەشـغـال بێ یان نا؟ وەکـوگـوتی وەزارەتی ئاوەدان کـردنەوەو یان وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەریەتی حوکمی خۆجێی ئەمە هەمووی پەیوەندی بەتاقیگەوە هەیە، سوپاس...

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو برادەران باسیان کرد، مەسەلەی (القيام بأعمال السيطرة النوعية للمشاريع الانشائية ومواد الانشـاء)، مەسەلە جودایە لەگەڵ ئەوەی، کە ئەزمونگە کاری خۆی ئەنجام نەداوە، ئەزمونگەکان دوو جـۆرن ئەزمـونگەی ناوەندی هەمـوو وەزارەتێک هەیەتی بەتایبـەتی وەزارەتی ئەشـغـال و نیشـتەجێکردن وئەزمونگەیەکیش هەیە لەدەزگای (التـقيس والسـيطرة النوعـية) لـەوەزارەتـی پیشەسازی، بەڵام گۆڕین و دەستکاری کردن زۆر راستە وەکو دەڵێ دەربارەی وەزارەتی ئەشغال و نیـشـتـەجێکردن، هەر وەزارەتێک یاخـود هەر بەڕێوەبەریەک کـارێک جێـبـەجێ دەکـا، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبێ سەربە ئەنجوومەنی وەزیران بێ، تا هیچ کەس نەتوانێ دەستکاری تێدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کۆمەڵە خاڵێکم هەیە:ـ

١- ناوەندی نەتەوەیی ئەزمونگە بنیات نەرەکان، هەتا ئێستـا سەر بەوەزارەتی نیشـتـەجێکردن وئاوەدانکارییـە، (جهاز تقيس السيطرة النوعية)ش سەر بەوەزارەتی نەخشـەکێشانە، سەر بەوەزارەتی پیشـەسازی نییـە، بەڵام ئێمـە لێرەدا هەمیشـە جەختمـان لەسەر ئەوە کرد کـە بەڕێوەبردنەکـانی حکومـەتی کـوردسـتـان ئەوەندە فـراوان نەکـرێن، بەراسـتی ئێـمـە هەتا

لەپێکهاتەی وەزارەتیش کۆمەڵە وەزارەتێکمان هەیە کە یەک ئەوی تر تەواو دەکات.
مەسەلەیەکی تریش هەیە، ئەزمونگە بەرپرسیارە لەسەر هەر راپۆرتێک کە لەسەر کەلوپەلی بیناسازی دەیدات، بەلاّم هەتا ئێستا ئەو مقاوەلانەی کە لەسەر دەمی رژێمدا کراون مەسەلەی پێک هاتنی نێوان بەڵێندەر وخاوەن ئیش بووە لە ٩٠ ٪ی ئەو رێک کەوتننانە بەرووکەشی دەکران، ئێستا من بەرپرسم لەقسەی خۆم کە ٩٩ ٪ی ئەو بەڵێنانەی کە لەسەردەمی رژێمدا ئەنجامدراون بەپێی مەرجی تایبەتی نەکراون، ٩٠ ٪ی راپۆرتەکانیش دوور لەو راستی بوون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا گفتوگۆی شتێک دەکەین لەبڕگە(٧) مادە(٣)دا هاتووە کە هێشتا باسمان نەکردووە، ئایا وەزارەتی ئەشغال دەبێ (سیطرەی نوعی) بکات لەسەر ئەو مادانەی کە دەیکات یا نا؟ بێگومان دەیکات ئەو بەڕێوەبەرییە سەر بەکێ دەبێ؟ ئەوە لەبڕگە(٧)ی مادە(٣) دێت، وابزانم لەوێ دەنگی لەسەر بدرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سەید حەسەن فەرمووی ئەم دووشتە پێکەوە گرێ دراون، ئەگەر ئەزموونگە سەر بە هەر شوێنێک بێت، دەبێت کۆنترۆڵی ناوەندیش سەر بەو شوێنە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە وەکو لیژنەی یاسا باسیان کرد لەخاڵی(٧)ی مادە(٣) دیسان باسی دەکرێتەوە، بەلاّم بە چارە کردنی ئەو بڕگەیە لەسەر رۆشنایی ئەوەی باسکرا، پێشنیارێک هەیە لەجیاتی بڕگە(٣) بۆ ئەوەی چارەی مەسەلەکە بکات.

٣ــ ( القيام بأعمال السيطرة النوعية للمشاريع الانشائية ومواد البناء فيما يتعلق بمشاريعها)٠
مەبەستی پرۆژەکانی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردنە و(المساهمة في اعداد الموصفات الفنية وفق الظروف الطبيعية لها ...الخ) ئێمە دیسان لەمادە(٣) دێینەوە سەر ئەم بابەتە، ئەگەر برادەران گفتوگۆیان لەسەر کرد لەو رایەدان کەبایەخ بدرێ بەو بەڕێوەبەریەتە کە بەناوی ئەزمونگەکان دروست دەکرێ..

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادە کە وەکو خۆی نووسراوە، وابزانم زۆر پێویستە بەرنامەکان دیاری بکەن، ئەو پرۆژەیە کە ئێستا لەبەر دەمماندایە بریتی یە لە دووبەش، بەشێکی هەرە زۆری هونەرییە، ئەوانی تر ئەو شتە روتینیەیە کە لەپرۆژەی هەموو وەزارەتەکانی تردا نوسراون، سەرەرای ئەوە ئەم پرۆژەیە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە دانراوە و لەلایەن وەزارەتەوە دانراوە بەلیژنەی یاسا تێ پەڕیوە، ئیتر وابزانم

بێویست ناکات لەبارەی هەموو خاڵێکەوە ئەوەندە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، ئەگەر شتێک ناتەواویەکی تێدا بوو ئەو کاتە لێکۆڵینەوەی لەجێ ی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر لەمادەکەدا روونە کەدەڵێ(القيام بأعمال السيطرة النوعية للمشاريع الانشائية ومواد الانشاء في الاقليم) ناڵێ( في الوزارة ) دەبێ دیار بکرێ، چونکە لەبڕگە(٣)دا لە ژێر رۆشنایی گفتوگۆکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پسپۆڕانی ناو پەرلەمان ئەوە جەخت لەوە دەکات کە ئەزمونگەکان بایەخێکی تایبەتیان پێ بدرێ، سێ هۆی کزیش هەنە یەکێک لەوانە ئەم ئیشە دابەش کراوە لەنێوان دووسێ وەزارەتدا، خاڵی دووەمیش، کۆمەڵێک رێکخراومان هەیە، لانی هونەری هیچ چاودێریەکی لەسەر نییە، هەر رێکخراوێک قوتابخانەیەک دروست دەکات،پردێک دروست دەکا، بەئارەزووی خۆیان دروستی دەکەن و، هەتا ئێستا هیچ شتێکمان نیە کە چاودێریان بکەن، ئەو قوتابخانە چۆن دروست دەکرێ ئەو رێکخراوە چی دەکات؟ زۆربەی رێکخراوەکان بیانین، یان بەتوانای ئەوان دروست دەکرێن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلانی داڕشتنەوە ،ئەگەر وشەی (اقليم) لابچێ بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگە سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا «اقليم»ەکە، لاببەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەڵبگیرێت (مديرية المختبرات) پێویست ناکات دەنگدانی لەسەر بکەین، چونکە سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەگەر هەڵیوەشێنینەوە یان نا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەوە ئەگەر (اقليم) لابردرێت لەمادە(٧) بڕگە(٣) (مختبراتی انشائی) کە لەمادە(٣)دا هاتووە بڕگە(٧)سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆی هەیە وەکو جارەکانی تر هەر وەزارەتە ئەزمونگەی تایبەتی خۆیان هەبێ بۆ ئەو بابەتانە ئەو بەڕێوەبەرایەتە سەر بەوەزارەت ئەبێت، وەکو وەزارەتێکی تر، بەڵام بە تەنها (في اقليم) هەڵگیرێت لەرستەی(في مشايع عائدة لها).

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر ئاگادار نیم کە ئەزمونگەکان بهێڵێن، تەنیا بۆ زانیاریتان من مەبەستم ئەوە بوو کە بڕیارەکە سیاسییە یان فلانە لیست وای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە لێرە باسی (ئەشخاص) ناکەین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە ئەمەیە مەسەلەکە کە هونەری نییە، کاک ئەیاد باسی کرد، چونکە من چاوەدێری ئیشی خۆم نەکردووە، بەڕێز کاک ئیبراهیم وتی دەوام ناکەن، هەموو سەعات چەند دێن وچەند دەردەچن ئەوان چاودێری ئەو شتە دەکەن، بەهەرحاڵ بڕیار بڕیاری پەرلەمانە زۆر سوور نیم، ئەگەر بە بەرژەوەند ئەزانن بڕیار بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بڕیارەکە بەو شێوەیە، بڕگە (٣) ئەم پێشنیارەیە کەبزانین راتان چی یە لەسەری. بڕگە (٣) (القيام باعمال السيطرة النوعية للمشاريع الانشائية ومواد الانشاء للمشاريع العائدة لها والمساهمة في اعداد الموصفات الفنية وفق الظروف الطبيعية).. ئەو پێشنیارەیە لەجیاتی بڕگە «٣» پێشنیار کراوە، جا بابزانین کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.... بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیرکرا.

تکایە ئەگەر ماوە هەبێت، تێبینیەکی کاک دکتۆر کەمال لەجێی خۆیەتی، بەراستی پێویست ناکات گفتوگۆ لەسەر هەندێ بڕگە بکەین، چونکە زۆربەی بابەتی هونەرییە، تەنها هەندێ بڕگە نەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٤): الاشراف على تنفيذ المشاريع الموكلة اليها و متابعتها والقيام بأنشاء وصيانة الطرق العامة الواقعة خارج حدود البلديات و صيانة وتشغيل الجسور ومحطات الاوزان المحورية والمعابر والانفاق مع تأثيثها والحفاظ على محرماتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر بڕگە چوار هەیە؟.. فەرموو کاک خەسرو.

**بەڕێز د. خەسرو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (تأثيثها) زۆر روون نییە، حەز دەکەم روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەحمەت نەبێ بەڕێز کاکەڕەش، ڕوونکردنەوەیەک.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (تأثیث) پێک هاتن دەبێ، بابەتی کارەبای تێدایە شوێنی پەرینەوەکان بۆی هەیە پێویستیان بەمۆتۆرێکی بچووک هەبێ بۆ ئیشەکە، واتا تەنیا بۆ پێک هاتن وشتی وەهایە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تأثیث) پەیوەندی بەهەموو شتێکی سەر ڕێگاوبان ئەبێت هێماکانی هاتوچۆکردن، یاساغ کراوەکانی ڕێگاوبان، ترافک لایت، ئەم بابەتانە پێی ئەڵێن (تأثیث)، واتا پۆشتە کردنی ڕێگاو شەقامەکان جیاوازن لەگەڵ (تأثیث)ی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تأثیث) نییە ـ تاقمی قەنەفە (تأثیثە)، بەڵام (تأسیس). (تأسیساتی) ئاووکارەبا ودروشم وئەوجۆرە شتانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەست دەکەم (تأسیس) بێت، (تأثیث) نەبێت ئەمە ئیشی هونەرکارەکانە لە (مقاولات) چۆن هاتووە وایە، ئاشکرایە ئەگەر وەزیری ئەشغال ونیشتەجێکردن شتێکی هەیە؟.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە هیچ تێبینیەکم نییە، وابزانم ئەوە (تأسیس)ە و(تأثیث) نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا برگە(٤) کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵی نییە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٥) التعاقد مع المنظمات الانسانية و الجهات المختصة العاملة في الاقليم لتنفيذ المشاريع التي تقع ضمن اختصاصاتها بالتنسيق مع الجهات المعنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(٥) هیچ تێبینیەک هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خالی(٥)ەم (التعاقد مع المنضمات الانسانية و الجهات المختصة العاملة في الاقليم). پێشنیار دەکەم (بعد موافقة مجلس الوزراء لتنفيذ المشاريع التي تقع ضمن اختصاصات)، چونکە سەوداکردن لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکان و ئەنجوومەنی وەزیرانە، سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، واتا دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری ئەوە ناکەم، چونکە وەزارەت زۆر ڕێکخراوی خۆجێی هەیە، ئەتوانی پەیوەندیان لەگەڵدا بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکە شێخ زەحمەت نەبێت جارێکی تر دووبارەی بکەرەوە، واتا بەتەواوی مەبەستی جەنابتان چییە؟

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی ئەشغال هەبێت وپەیوەندی بکات لەگەڵ ڕێکخراو، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەکۆتایی برگە کە ئەڵێت (تنسيق مع الجهات المعنية)، لایەنی معنی لەهەرێم دوو لایەنی ڕەسمیمان هەیە، یەکەمیان ئەگاداری ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، و دووەمیان وەزارەتی هاوکاری ومرۆڤایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەک وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەڵێت ڕێکخراوێک بچێتە لای وەزارەتی ئێرە پێی دەڵێن (عقد)، جیاوازی هەیە، سوپاس..

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ڕامان وایە کە برگەکە وەکو خۆی بمێنێ، چونکە دەسنیشانی (منظمات عامة في الاقليم) دەکات، دەتوانن بەڵێنامەیان لەگەڵدا ببەستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگە(٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

٦) العمل على توفير مواد الانشاء و مصادر التمويل الذاتي من الدوائر والمؤسسات التابعة للوزراة.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئەمە شتێکی هونەری وەزارەتە، باوەڕ ناکەم هیچ گرفتی لەسەر هەبێت، چ تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە(٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

تشكيلات الوزارة.

المادة الثالثة: يتألف مركز الوزارة ممايلي:

اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها و تصدر عنه التعليمات والقرارات والاوامر في كل ماله علاقة بمهمات الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن احكام القانون والنظام، ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامناً فيه و له تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين أو من يراه مناسبا في الوزارة.

ثانياً: الوكيل يقوم بمهام التي يوكلها اليه الوزير.

ثالثا: مكتب الوزير، يرأسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة و الكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعا: مكتب الوكيل: يرأسه موظف من ذوي الخبرة و الكفاءة.

٥) مديرية الشؤون القانونية.

٦) مدير الرقابة والتدقيق المالي.

٧) مديرية المختبرات الانشائية.

٨) مديرية التخطيط و المتابعة.

٩) مديرية المعامل والمخازن.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

جا ئەگەر ماوە بدەن ئەو بەڕێوەبەریانە راڤە نەکراون؟

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

مديرية المختبرات الانشائية يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل الشهادة الجامعية الاولية في

علوم الهندسة المدنية وترتبط بها فروع المختبرات في محافظات الاقليم.
مديرية التخطيط والمتابعة: يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل الشهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة المدنية.
٩) مديرية المعامل والمخازن: يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل الشهادة الجامعية الاولية في العلوم الهندسة الميكانيكية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر مادە(٣) تاكو بڕگە(٤)، ئەمە وابزانم ئاساییە، هیچ تێ بینیەک نییە لەسەری؟ وابزانم لەهەموو وەزارەتیكا دەقێكی روونمان هەیە، لیژنەی یاسامان دووجار قسەیان لەسەر كردووە، یان لەبڕگە(١)ەوە تا (٤)چ تێبینیەک هەیە؟ واتە برگەی(٤،٣،٢،١) وەكو خۆی دەمێنێتەوە،كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟... بەتێكڕای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

دێینەوە سەر بڕگە(٥) نوسراوە(مديرية الشؤون القانونية)، ئەمە بەڕێوەبەریەتی گشتی نییە... هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە(٥)؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەر وەكو (مديريةالشؤون القانونية) ببێتە بەڕێوەبەریەتی (دیوان)ی گشتی زۆر چاكترە، چونكە هەمیشە (شؤون قانونی) پەیوەندی بە بەڕێوەبردنەوە زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێكردن، هیچ تێبینییەكتان نییە لەسەری؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە وامان بەباش زانیووە، مادام وایە رای لیژنەی یاسایی و ئەنجوومەنی وەزیرانە، كە وەكو خۆی بمێنێ، جا ئەگەر راتان هەبێت ئەوە ئارەزووی خۆتانە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڕێوەبەریەتیەكانی كاروباری یاسایی زۆربەیان پەیوەندییان بەوەزیرەوە هەیە، هۆكاریشی هەیە، چونكە رۆڵێكی تایبەتی هەیە، كە نوێنەرایەتی وەزیر دەكا لەدادگاكان وفەرمانگەكاندا، هەروەها (تخطيط ومتابعە)ش كەپلان ونەخشەكان رەنگ پێ بداتەوە (عكس) بكاتەوە، بۆیە لەزۆربەی وەزارەتەكان بیری لێكراوەتەوە كە پێشنیارەكە ئاوا هاتووە بەڕێوەبەریەتی كاروباری یاسایی وبەڕێوەبەریەتی نەخشەدانان وبەدواداچوون یەكسەر بەوەزیرەوە ببەسترێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە«٥»وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە..

مديرية الرقابة والتدقيق المالي... چ تێبینیەک نییە لەسەر ئەمە؟..

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ ئەمێنێتەوە.

مديريه المختبرات الانشائيه... ئەوە زۆر زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا. مانای وایە دەبێ لاببرێت. ئەم بڕگەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە چەند رایەک هەبووە کە ئەمە بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێن یان ئەگەر بڕگە «٧» بەو پێشنیارەی و، ئەو هەموار کردنەی کە ئێستا کرا لەبڕگە«٣»دا ئەبێت وەکو بەڕێوەبەریەتێک سەر بە وەزارتی خۆی بێت، یانی ئەوە (ترتبط بها فروع المختبرات في المحافظات)، یانی ئەو دەورەی ئەزمونگەی ناوەندییە نامێنێ کەپێشنیارەکەی ئێمە مەبەستێتی، واتا ئەگەر بڕیاری ئەزمونگەیەکی درا کە لەسەر ئاستی هەرێم دروست بکرێت ئەبێت پەیوەندی بەلایەنێکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێت، جا ئێستا کە بزانین وەزیر خۆی هیچ پێشنیارێکی لەسەر ئەمە هەیە؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من پەرلەمان بۆی هەیە هەموو رۆژێ وهەرکاتی هەرچی بڕیاری بدات و دارشتنی تازەی یاسایی بکات، بۆیە بەرای من دەڵێم وەکو خۆی بمێنێ خراپ نییە تاهەفتەیەک یادووسێ هەفتە یاخود مانگێک، جادوایی پرۆژەی تازە بکرێت وپێشکەش بکرێت، جارێکی تر بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوە پرسی سەرۆک وەزیران بکەن، ئێمەش وەکو (مبدأ) نامانەوێ بیکەین بە بەڕێوەبەریەتی گشتی ئەزمونگەکان.. باشە بەڕێوەبەریەتێک لەلانی چییەوە؟ لەبەر ئەوە ئەمەیان سەر ئیشەیەکی زیادەیە باوەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لام وایە برای بەڕێزم شێخ عەبدولکەریم بۆی چووە لە وەختێکدا (الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة) نامێنێ، لیژنەی ئابووری ئەویش دەنیرێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، جا لەبەر هەندێ، ئەو بەڕێوەبەریەتییەی ئەزمونگەکانیش بەکاری کۆنترۆڵکردن هەڵبستێ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا زۆر چاکترە، جارێکی تر دابەشکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە، ئێستا بڕیاری لەسەر بدرێ چاترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەک تێبینی هەیە، ئەگەر ئەوە وەکو بەڕێوەبەریەتێکی تایبەتی بمێنێ بۆ وەزارەتی ئەشغال ونیشەجێکردن، بێگومان پێویست نییە وا بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکان یان ببەسترێت بەوەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن، یاخود بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموارەکەی کە ئێوە کردتان وەک بلێی ئامانجەکەی خۆی پێکاوە، هیچ هەڵاوسان(تضخم) نییە کە دەڵێن ئێمە فەرمانگەکان دروست دەکەین نازانم هەموو شتەکە ئامادەنە تەنیا شوێنەکەی دەگۆڕێ، ئەو بەڕێوەبەریەتیە گشتییە دیارە بەڕێوەبەریەتێکی بچووکە. ئەم بەڕێوەبەریەتییە دەچێتە لای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێوەبەریەکانی تریش سەر بە ئەو دەبن و سەرپەرشتی لەسەر ئیشەکە دەکەن، پێم وایە ئێستا ئیشەکە تەواو بکرێت، ئێستا هەمواری بکەن بۆ حەفتەیەکی تر یان دووحەفتەی تر دواخستن هیچ پێویست ناکات وەزارەتی شارەوانییەکان پێویستی پێیە، بەڕێوەبردنی خۆجێی پێویستی پێیە، ئاوەدانکردنەوەو پێگەیاندن(اعمار وتنمیه) پێویستی پێیە، هەموو وەزارەتەکان پێویستی یان پێ یە ئەوە بگوێزرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئەتوانین تەنیا لێرە بڕیارێک بدەین، بمێنێ یان نا، بەڵام بڕیاری ئەوەی کە سەر بە چ لایەکی ئەکەین، بەرای من مافی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەوە بکەن، ئەمە تەنها بەو شێوەیە کە ئێستا ناوەندی سەرتاسەری هەرێم بەم شێوەیە بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە؟ ئێمە تەنیا گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێستاجێگرەوەی نییە، هەروەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لایببەین دەبێ حسێبەکانیش پاک بکەینەوە، فەرمانبەر کەلادرا مووچەی نامێنێ، پێشنیارەکەی من بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی پشووی پەرلەمان دەست پێ دەکات وناتوانین ئەم بەڕێوەبەریەتە بخەینە سەر هیچ جێگایەک من بەباشی دەزانم کە وەکو خۆ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر لە جێگای خۆی بهێنێتەوە، مانای ئەوەیە راگیرا (تجمید) کرا، لە بەر ئەوە دەبێ بیری لێ بکرێتـەوە و بەشـوێنێکی تر گـرێ بدرێ بۆ ئەوە چاودێری هەمـوو وەزارەتەکـانی تریش بکات، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پشـتگیری پێشنیاری د. کمال دەکەم، و ئەوەی کاک فرەنسۆ باسی کرد دەڵێ ئیشی نامێنێ (تجمیـد) دەبێ، بەڵام ئێمە دەتوانین لەبرگە(٧)دا لەبەڕێوەبەریەتی ئەزمـونگەکانی بنیـات ناندا (انشائی) شتێکی بخەینە سەر بڵێین ( یرأسها موظف بدرجة مدير يحمل الشهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة المدنية وترتبط بها فروع المختبرات في محافظات الاقليم وتقوم بأعمال السيطرة النوعية على المواد الانشائية في الاقليم)، بەڵام نەمانی لەوەزارەتی ئەشغال بە بۆچوونی من لە ئەنجوومەنی وەزیران باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

روون کردنەوەی جۆری کارکردنی زیاتر پەیوەستە بەپەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتەوە، نەک بەیاساکەوە جگە لەوە ئەو شتە تەنها پەیوەستی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنی نییە، بەڵکو کێشەیەکی گشـتییـەو پەیوەندی بەهەمـوو لایەکەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێـویست بەدروست بـوونی دەزگـایەکی جیاواز دەکات کەسەرپەرشتی گشتی هەموو لایەنەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو ئەزمونگایە (مختبراتە) پێشتر سەر بە وەزارەتی ئەشغال نەبووە هەتا ئێمە بڵێین بهێنێتەوە یان نەمێنی، وەزارەتی ئەشغال تا ئێستا پێشنیارێکی پێشکەش کردووە، رای دواییش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، بەڵام لەسەر دروست کردنی بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکان دەربارەی وەزارەتی ئەشغال بەبۆچوونی من دووفاقی پەیدا دەکات، بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکان لەوەزارەتی ئەشغال دەستەو، خۆیەتیشی دەوێ، باشە شیکردنەوەکان لەکوێ دەکرێن؟، ئەوە خاڵێک، خاڵێکی تر دەربارەی ئەزمونگەکان، شتەکانی ئەگەر رێک پێک بێ، بەبۆچوونی من دەبێتە دەزگایەکی نمونەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری هەموو وەزارەتەکان ودەبێتە چاودێریش، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

رێزم هەیە بۆ رای هەموو برادەران، راستـە مـەسـەلەکـە پەیوەندی بە پسپۆڕایەتی برادەرانەوە نییـە،

بەلاّم قەیدی ناکا، من قسەیەکم هەیە کە ئەزمونگە کۆنترۆڵیەکانی ئێمە فەحسەکان بەپارە دەکەن، جا سەر بەئێمە بن یا سەر بەهەر لایەک بن، ئەهلیییەکان وخاوەن کارگەکانی بلۆک دێن فەحسی خۆیان ئەنجام دەدەن، وەزارەتەکان دێن، هەر کێ بێ ئەوە کار ناکات وراش ناوەستێ (تجمید) نابێ، کاک مەئمون چەند جار هاتووە وداوای فەحس کردنی کردووە بۆمان نەکردووە، یان وەزارەت وکۆمپانیا ورێکخراوکان هاتوون بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگە پێیان گوتوون نایکەین، بە پارەو بەحەقی خۆی هەر دەبێ بیکا، کرێی ئەو بلۆک هەر دەبێ بدات کە فەحسی دەکات، جا لەهەر کوێ بێ، هیچ دووفاقی (ازدواجیه)ی تێدا نییە، چونکە ئێستا لێرە ئەزمونگەکان کۆنترۆڵ کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەندامێکی پەرلەمان حەقی هەیە بابەتێک بخاتە روو بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوە پەیوەندی بە (اختصاصات و کەفائەتە)وە نییە، ئەگەر حەزی لێ بێت رای لەسەر بدات، ئەو رایە راستە یان راست نییە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ئەندامانی.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا لەسەر دەقێک پێک هاتین کە ئەو مەسەلەیە بیرێنێتەوە،(ترتبط مديرية المختبرات الانشائية التي كانت سابقا مرتبطة بوزارة الاسكان والتعمير، بمجلس وزراء الاقليم وتنظم اعمالها بنظام خاص)، مادەیەکی تایبەتی بێ لەیاسا بەهەر پێڕەوێک پەرلەمان دەسەلاّتیان پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێت ئێمە لێرە لەیاسای وەزارەت دەنگ لەسەر بەڕێوەبەرایەتێک بدەین و وبیبەستێن بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بێ گفتوگۆ کردن لەسەر لایەنە یاساییەکەی.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا لەجێگای خۆیەتی. بەلاّم دوای ئەوەی کە بڕیار درا لێرە نامێنێ، دەیکەینە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو ئێمە چەند بەڕێوەبەریەتێک دیار بکەین کە سەر بەوزارەتی پێشووی (اعمار) بوو و، ئەگەر ئەوانی تریش دیارکران بۆ وەزارەتی (ئەشغال)، لێرەدا دەبێ بزانین کە لەپێشدان وەزارەتی (اسكان والتعمير) هەبووە لەعێراق، ئەمینداریەتی گشتی ئەشغال هەبووە، لێرە ئێستا وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن جێگای وەزارەتی (ئەشغال) دەگرێتەوە، هەموو ئەو پابەندیانەی ئەو وەزارەتە یاخود ئەو دامەزراوە لاوەکیانەی کەتێیدا بووە تۆ لێرە پێوەندیەکان دەکەیەوە (فک

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەمیش هەروای لێ بکرێت کە بۆ ئەو مەسەلانەیە کە پەیوەندی بەوەزارەتەکەوە هەیە، خۆی هەر ئەبێت وابێت، بەڵام ئەگەر گومانێک هەبێ لەوەیان (وترتبط بها المختبرات في محافظات الاقليم) لادەبەین هەتا بنوسرێت (وترتبط بها فروع مختبرات الوزارة في محافظات الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە گرفتە، ئەو بەڕێوەبەریەتیەی کە وەسف کراوە وجێگیر بووە دەوری مەرکەزی ئەبینێ، با سەر بەوەزارەت بێ، ئەگەر سبەی پێویستمان بەهەوڵێکی ناوەندی (مرکزی) هەبێت ئەو کاتە لەوانەیە نەتوانین سوود لەو توانا هونەری وتەکنەلۆجی وئەو کادیرانە وەرگرین کە بۆ سەرانسەری (مەرکەز) بەکار دێن، ئەویش گرفتێکە، با بڕیارێک بدەین جارێ ئەو بەڕێوەبەریانەی ئەزمونگەی بونیادنان (انشائی) بەو شێوەیەی کە هەیە (مەرکەزی) بێت، ئەگەر هەروا بەتیوری (نظری)یش بێ، ئەو کەل وپەلانەی کە سەر بەئەوە بیکەینە ئەزمونگەیەکی ناوەندی (مەرکەزی) یان تا ئەو کاتەی ئەو بڕیارە دەدرێت، پاشان بەڕێوەبەریەتی ئارەزووی خۆیەتی بەڕێوەبەریەتێکی تر بۆ ئیشوکاری خۆی پێک بهێنێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بەڕێز کاکەڕەش ئەڵێ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن شتی خۆی ئەبات بۆ جێگایەکی تر، وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن لەوانەیە پرۆژە هەیە ئەیدا بەمقاولات بەخەڵک و بەپێی وەسف کردن ئەیدا خۆی پابەندە، ئەو بەڵێندەرە بە پێ ی ئەو وەسفانە ئەنجامی بدا و یەکێ لەوانە ئەوەیە ئەو شمەکانە ئەبێت هەموو لەو ئەزمونگەیە فەحس بکرێن، ئەمە لایەنێک، لایەنەکەی تر ئێمە لەمادە«٣»دا کە بڕیارمان لەسەر ئەوەدا کە(القیام بأعمال السیطرة النوعیة) لێرە (انشائیە) ئەبێت رێگایێکی هەبێت بۆ ئەوەی ئەوە بکات، ئەویش ئەوەیە ئەزمونگەی خۆی هەیە، ئەگەر لەپاشان بڕیار بدرێ ئەزمونگەیەکی مەرکەزی بۆ هەموو لایەک دابنرێت.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نازانم ئەوە زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە ئەوەندەی نەدەویست، خۆی ئەزمونگەکانی بونیادنان (انشائی) هەنە ولقەکانیشیان لەپارێزگاکاندا هەنە وبەهیچ جێگایەکەوە پەیوەست نین. لەوانەیە بەشێوەیەکی (ئیداری) سەرپەرشتی لەسەر بکرێ، وەک وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن، واتا تەنیا ئەوە جیاوازی نییە بەڕێوەبەریەتێکی ئەزمونگەکانی ناوەندی (مەرکەزی) نییە کۆنترۆڵی بکا، لەو بارەدا پێم وانییە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن بتوانێ ئەزمونگەیەک پێکەوە بنێ وەک وەزارەت، بەڵام وەک بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکانی بونیادنان (انشائی) پێویستە ئەوە ناوەندی (مەرکەزی) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەڵێت ئەتوانین ئێمە بەو شێوەیە بیکەین کە ئەم بڕگەیە بگونجێت لەگەڵ بڕگە «٣»داو بڕگە (٧) هەڵوەشێتەوە ومادەیەک دابنێین لەمادە پەڕاگەندەکان (تستمر الوزارة في ادارة شؤون المختبرات و الاشراف عليها لحين تشكيل جهاز مركزي اقليمي لها)، ئەو کاتە بڕیارێک بدرێت کە ئێمە دەستگەیەکی ناوەندی دروست بکەین لەپێڕەوی تایبەتی وەکو یاسای بەرزکراوە (مرفوع)، ئەوجا ئەو کاتە لەگەڵ ئەنجوومەنی وزەیران بەیەکەوە ئەیکەین یان لیژنەی قانونیمان دائەنیشن لەگەڵ پسپۆڕەکان ئەو کارە ئەکەن، ئەوە شتێکی ترە، یانی بۆ ئەوەی چارەی ئەو بابەتە بکرێت و پێشنیارەکەی تر هەڵوەشێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕگە«٣»دا بڵێین (تستمر الوزارة في ادارة شؤون المختبرات لحين تشكيل جهاز مركزي اقليمي لها).

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێوە زۆر باشە و لەجێگای خۆیەتی، ئەو بڕگەیە لابرێت و ئەوەش بکرێت بە پەڕاگەندە (متفرقە) و بخرێتە سەر باسەکە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری لێ دەکەم، چونکە من لە سەر قسەکان تێبینیم هەبوو، دەیەوێت دەستمان گرێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری لەپێشنیاری جەنابت دەکەم، بەڵام خاڵێک هەیە، ئێمە لەناو خۆمانەوە هەر وەزارەتێک بۆ خۆی دەبێت کونترۆڵی هەبێت، بەڵام پێشنیار دەکەم کە بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکانی بونیادنانمان هەر دەبێ هەبێ، لەبەرپرسییەتی (نوعی)، جا ئەم پێشنیارەی جەنابت، ئێمە ئەبێ بڕگەی(٢) لەجیاتی (ترتبط بها فروع مختبرات)، ئەوەی جەنابت دابنێین «تستمر الوزارة بالاشراف لحين.....»

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببێتە مادەیەکی پەڕاگەندە (متفرق)ە، یان وەک مادەیەکی تایبەتی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەبێت بەڕێوەبەریەتیمان هەبێت (والانشاء والنوعية في الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو برادەران روونیان کردەوە، ئەگەر دەستگایێکی ناوەندی وا هەبێت وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن بۆچی یەتی؟!

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەر دەبێت خۆمان کۆنترۆڵی(نوعی)مان هەبێت، نابێت بەرەڵلایی بێت و لەویش هەر دەبێت سەرپەرشتی لەسەر پرۆژەکانی خۆمان بکەین، ئەو وەختە باشە، خراپە. یانی نابێت شتەکە بەرەڵلا بێت، وشەی دووەم(«یرتبط بها» لابدرێت و(تستمر الوزارة في الاشراف لحين)..... ئەوەی کەجەنابت باست کرد، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من بەڕێوەبەریەتی ئەزمونگەکان دەربارەی وەزارەت پێویستە ئەزمونگەی هەبێت، پێشنیارەکە زۆر زۆر ماقوڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی ئەو بابەتە ببڕێنینەوە، تکایە پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە.. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە (٧) نەمێنێ؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بەزۆربەی دەنگ بڕگە(٧) هەڵوەشایەوە .. ئنجا دێینە سەر مادە پەراگەندەکان کە ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە(تستمر الوزارة في ادارة شؤون المختبرات والاشراف عليها لحين تشكيل جهاز مركزي اقليمي لها)؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ چەسپاندنی ئەم پێشنیارە لە مادە پەراگەندەکان (موادی متفرقه) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە(٧) مديرية التخطيط و المتابعة: يرأسها موظف بدرجة مدير، يحمل الشهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة المدنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نییە؟، تەنها پرسیارێکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر هەموو بەڕێوەبەرایەتییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ سەرنجی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە؟ بەتێکڕای دەنگ بڕگە(٧) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

برگـــه(٨) مديرية المعامل و المخازن: يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل الشهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة الميكانكية.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(المادة الرابعة) يتكون ديوان الوزارة من المديرات التالية:

١ـ المديرية العامة للديوان/ يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الأولية من ذوي الخبرة والأختصاص، ترتبط بها المديريات التالية:

أ- مديرية الشؤون الأدارية والأفراد.

٢- مديرية الشؤون المالية.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەداب ونەریتی بەڕێوەبردن (ئیداری) وشەی دیوان مانای (مەرکەز)ە. ژ بەر هەندێ (يتكون الوزارة من المديريات التالية). پاشان بەڕێوەبەری گشتی دیوان بێت، پاش ئەوە وشەی دیوان نەمێنێ، (يتكون الوزارة من المديريات العامة التالية)، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەوە چ کاریگەریەکی نییە، لیژنەی داڕشتن (صیاغە) با ئەوە بکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە(أـ ب) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

المديرية العامة للطرق والجسور يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة المدنية ومن ذوي الخبرة وترتبط بها مديريات الطرق والجسور في محافظات الاقليم.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەمیش بەڕێوەبەریەتێکی گشتییە پەیوەندی بەوەزارەتەوە هەیە..کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەریەتی گشتی ڕێگاو پردەکان هەیە، بەڕێوەبەریەتی گشتی بیناو نیشتەجێکردن دادەنێن، ئەوە زۆر ئاساییە لەرەوشێکی ئاساییدا کە توانا هەبێت، ئێستا وەختی ئەو دابەش کردنانە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٤) برگە(١)(أ- ب) هیچ تێبینییەک لەسەری هەیە؟

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەکاک ئەیادیشم پرسی دەڵێ هیچ نییە، تەنیا لانی داڕشتنەکە بوو (مدیر الشؤون الادارة والافراد)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (دیوان)، لێرە پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕوانامەی زانکۆییە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانا ئەبێت هەبێت، بەڵکو لێزانی وتوانا هەبێت بۆ بەڕێوەبەرەکانی کەوا پسپۆڕن، ئەوانە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەمە دوو کێشەیە، کێشەی یەکەم بۆ هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئێمە لەیاسای هەموو وەزارەتێکا ئەوەمان جێگیر کردووە، دووەمیش بۆ سەرۆک دیوانێک یان بەڕێوەبەری دیوانێک لێهاتوویی وپسپۆڕیی زۆر گرنگە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من زۆر بەگەرمی پشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم کە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە پێشکەشی کرد، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە هیچ شێوەیەک پشتگیری لەم پێشنیارە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم: ئەگەر لێک دران، مانای وانیە کە کارمەندەکان بەرەڵلا دەکرێن، نەخێر لێکدان مانای وایە ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە پێشنیار کراوە، مانای ئەوە نییە کە ئەو خەڵکەی لەوێ ئیش دەکەن بەرەڵلایان بکەین، نەخێر لێک دەدرێن بۆیەک ناوەند لەهەر پارێزگایەک، یەک ناوەندی ئەشغال و نیشتەجێکردن هەبێت، دوو:مەسەلەی ئەزمونگەکانی ناوەندیش ئەوەیە کە دوو سێ ئەرکی مەرکەزی هەیە، یەک لەوانە وەکو ئەرکی فرە لایەنی هەیە پەیوەندی تەنها بەیەک وەزارەتەوە نییە، دوای ئەوە پەیوەندی بەرێکخراوە کوردستانیەکان و بەهەندێ ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتیشەوە هەیە، خاڵی سێیەمیش وای بۆ دەچم لەوانەیە پەیوەندی بە مەسەلەی نەخشەکێشانی ناوەندییەوە هەبێت کەلانی وەسفەکان وشتی ترە، ئێستا دوو شتی لەیەک جیاوازن ئەمەی کە پێشنیارکراوە ئەوەیە کە دوو بەڕێوەبەرایەتی بکرێن بەیەک.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی با میلاک زۆر نەبن وشت بەمەرکەزی بێت، ئیشی ئەزمونگەکانی کوردستان چنە، ئەگەر مەسەلەی پابەندی بەرامبەر مووچەکانیان نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە کە هەردوو بڕگەکانی(٢، ٣) ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە بکرێن بە یەک.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم لەبەڕێز شێخ مەئمون بوو، بۆ لە ئەنجوومەنی وەزیران کۆک بووین؟ کە دەبوایە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو پێشنیارەی بکردایە، کوردستان بەرەو تایبەتمەندی (تخصص) دەچێ، بەرەو پێشکەوتن، نیشتەجێکردن وئاوەدانکاری جیاوازی هەیە لەگەڵ پردو ڕێگاوبان (طرق و جسور)، کە زەمانی کۆن پێک هێنرا بوو، ئەوانە دوو زانستی جیاوازن، لەبەر ئەوە (تخصص)مان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم بابەتە بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنن.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەقسەکەی کاک یونادم دەکەم، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەکان(مختبرات) جیاوازی هەبێ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی نیشتەجێکردن، ئێستا وایە هەرکەسە پسپۆڕیەتی خۆی

دەبینی، هەر کەسە لەبواری خۆیدا ئیش دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەزارەتێ پسپۆڕیەتی خۆی بەکار بهێنێ، پێشنیارەکە بەو شێوەیە کە بڕگە(٢ ــ ٣) بکرێ بەیەک.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم لەو بارەیەوە روونی بکەمەوە، کە ئەگەر لەدوا رۆژدا پێویست بوو ئەتوانین بەو شێوەیەی لێ بکرێ، بەڵام بەراستی ئێستا پێویستە ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیەکان وکارمەندەکان کەم بکەینەوە و نابێ گوێ بدەینە ئەوەی چەند برادەرێک و چەند کەسێک نەمێنن پێویستە ژمارەی کارمەندان ئەوەندە بێ کە پێویستمان پێی بێ، بۆ ئەوانی تر جۆرە چارەسەرێکی تر بدۆزرێنەوە و، ئێستا بەپێی ئەو زانیارانەی کەوا لەلای هەموومان کۆبۆتەوە ئەوەیە لە ٥٠ ٪ ی ئەوانەی ئەمڕۆ کارمەندن زیادن، بەراستی ئەوە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم روونە و زۆر باس کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە(٢ــ٣) بکرێ بەیەک؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

١ـ يحدد بنظام مهام واختصاصات وتشكيلات الوزارة.

٢ـ للوزير استحداث أو دمج مديريات أو أقسام أو شعب عند الاقتضاء.

٣ـ للوزير تشكيل هيئات مؤقتة لتنفيذ مهام معينة ضمن احكام القانون والنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٥)، ئایا هیچ تێبینی هەیە لەسەری؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٦) ئەو مادەی بخرێتە سەر(تستمر الوزارة)، ئەگەر راتان لەسەر بێ ئەو بێتە(٦) ئەمەی تر بێتە(٧). مادەی(٦) دەبێتە (تستمر الوزارة في ادارة شؤون المختبرات والاشراف عليها لحين تشكيل جهاز مركزي اقليمي لها).

مادەی(٧) (تؤول كافة ممتلكات وحقوق وزارة الاسكان والتعمير في المركز التي اصبحت من اختصاصات الوزارة اليها).

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادە«٧»هەیە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

المادة«٨» يخضع كافة منتسبي الوزارة لقانون الخدمة والملاك.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

پێویستە ئەم مادەیە هەبێت، ئایا لە هیچ یاسایێکی تر ئەم مادەیە هاتووە؟

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

کۆمـەڵێک کـارمـەند هەنە ملکەچن بۆ جۆرەها پێـڕەو بەشـێکیـان ملکەچی پێـڕەوی دەزگـاکـانن، بەشـێکی تریان ئی بەرژەوەندیەکـان وئەوانی تر ملکەچی پێـڕەوی (مـەدەنی)ن، بۆ ئەوەی هەمـوو فـەرمانبـەرەکـان ملکەچی یەک پێـڕەو بن ئەویش پێـڕەوی خزمـەتگوزاری مـەدەنییـە ئەو کـاتە ئەو گرفتانە نابن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

المادة(٩) للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مـادە(٩) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکـو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییـە؟.. کەواتە بـەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێزئـەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

المادة(١٠) لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مـادە(١٠) کێ لەگـەڵە وەکـو خـۆی بمێنێـتـەوە؟.. کێ لەگـەڵ نییـە؟...کـەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

المادة(١١) على المجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەقێکی ئاساییە... کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکوخۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(١٢) ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(١٢) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە. وەکو یاسای وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن کەگفتوگۆی لەسەر کرا، تەواو بووین لەگفتوگۆ کردنی. ئێستا کێ لەگەڵ ئەم یاسایەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ ... کەواتە بەتێکڕای دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا.

کۆبوونەوەی ئەمڕۆشمان تەواو بوو، زۆر سوپاس بۆ هەموولایەک.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنی هەرێمی کوردستانی عێراق

## (پێناسەکان)

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە.

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

وەزارەت: وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن.

وەزیر: وەزیری ئەشغال ونیشتەجی کردنی هەرێم.

بریکار: بریکاری وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجی کردنی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنی:

١-جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان لە بواری خانووبەرەی گشتی ونیشتەجێ کردن ورێگاوبان وپردو فرۆکەخانەو ئووتێل وپێشنیازکردنی نەخشە بۆیان لە چوارچێوەی نەخشە گشتییەکانی هەرێمدا.

٢-سازدانی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ کەرتی بیناکاری ورێگاوبان و پرد ولێکۆڵینەوەی سوودی ئەو پرۆژانەی لە لایەنیەوە پێشنیاز دەکرێن لە رووی هونەری وئابورییەوە ودانانی سکێچ و بەرنامەی کار بۆ ئەوپرۆژانەی پێی دەسپێردرێن.

٣-سازدانی کاری(سیطرەی نوعی)لە سەر پروژەکانی بیناکاری وکەلوپەلی بیناکردن سەبارەت بە پرۆژەکانی خۆی و بەشداربوون لەئامادەکردنی پێوانەی هونەری (المواصفات الفنیە)بەپێی بارودۆخی سوروشتی.

٤-سەرپەرشتیی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی پێی دەسپێردرێن وبەدوادا چوونیان ودروستکردن وپاراستنی ئەو رێگاوبانە گشتییانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان وپاراستن وبەگڕ خستنی پردەکان وویستگەکانی وەزنکردنی

سەرسنوورەکان وشوێنی پەڕینەوەو تونێلەکان لەگەڵ (تأسیس)کردن وپاراستنیان دا.
٥-بەڵێن بەستن لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان ولایەنە کارگەرەپسپۆرەکان لە هەرێمدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی لەچوارچێوەی تایبەتکارییەکاندایە بەرێکخستن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.
٦-هەوڵدان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی بیناکردن وسەر چاوەی پارەو پوولی خۆیی لە فەرمانگەو دەزگاکانی وەزارەت.

## (دام ودەزگاکانی وەزارەت)

**ماددەی سێ یەم:**

مەڵبەندی وەزارەت لەمانە پێکدێ:

١-وەزیر:سەرۆکی باڵا وەزارەتەو بەرپرسیارە لە ڕێنوێنی کردنی لە کارەکانیدا وسەرپەرشتی وچاودێریکردنی چالاکییەکانی ولەوەوە ئەو ڕێنمایی وبڕیارو فەرمانانە دەردەچن کەپەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودامودەزگاکانی وگشت کاروبارە ئیداری ودارایی وڕێکوپێکی وهونەرییەوە لەچوارچێوەی حوکمەکانی یاساو پەیڕەودا هەیە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران دا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە بریکار یا بەڕێوەبەرە گشتییەکان یا هەر کەسێک بەپەسەند بزانێ بسپێرێ.
٢-بریکار:ئەو ئەرکانە بەجێ دێنی کە وەزیر پێیان دەسپێرێ.
٣-نووسینگەی وەزیر:فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لەکارمەندان ولێهاتوان سەروکایەتیی دەکاو چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.
٤-نووسینگەی بریکار:فەرمانبەرێک لە کارمەندان ولێهاتووان سەرۆکایەتی دەکا.
٥-بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی.
٦-بەڕێوەبەرێتیی چاودێری وپێداچوونەوەی دارایی.
٧-بەڕێوەبەرێتی ی نەخشەدانان وبەدواداچوون:فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا کەباوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی لە زانستییەکانی ئەندازەی مەدەنی دا هەبێ.
٨-بەڕێوەبەرێتیی کارگەو کۆگاکان:فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا

کەباوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی لەئەندازەی میکانیکدا هەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

دیوانی وەزارەت لەم بەڕێوەبەریتی یانە پێکدێ:

١-بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دیوان: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا کەباوەڕنامەی سەرەتاییی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وپسپۆڕان بێ وئەم بەڕێوەبەریتی یانەی پێوە دەبەسترێنەوە:-

أ - بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئیداری وکەسان.

ب- بەڕێوەبەرێتیی کاروباری دارایی.

٢-بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕێگاوبان وپردەکان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کەباوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی لە زانستی یەکانی ئەندازەی مەدەنی دا هەبێ ولەکارمەندان بێ وبەڕێوەبەرێتی یەکانی ڕێگاوبان وپردەکانی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە.

٣-بەڕێوەبەرێتی گشتی خانووبەرە ونیشتەجێ کردن:

فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کە باوەڕنامەی سەرەتایی ی زانکۆی لە زانستی یەکانی ئەندازەی مەدەنی دا هەبێ ولە کارمەندان بێ وبەڕێوەبەرێتی یەکانی خانوو بەرەو نیشتەجێ کردنی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

١-ئەرک وتایبەتکارایی‌یەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بەپەیڕەوێک دیاری دەکرێن.

٢-وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرێتی یابەش یا لقی نوێ پێک بێنێ یاله یەکیان بدا.

٣-وەزیر بۆی هەیە لەچوار چێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دەستەی کاتی بۆجێ بەجێ کردنی ئەرکێکی دیاریکراو پێک بێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەت بەردەوام دەبێ لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری تاقیگەکانی بیناکاری (المختبرات الانشائیه)وسەرپەرشتی کردنیان هەتا ئەو کاتەی دەزگایەکی ناوەندییان بۆ لەهەرێمدا بۆ پێک دەهێنرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

گشت ماڵ ومولَک ومافەکانی وەزارەتی نیشتەجێ کردن وئاوەدانکردنەوەی ناوەندی کە بوونەتە تایبەتکاری ی وەزارەت دەبنە ماڵ وموڵکی وەزارەت.

**ماددەی هەشتەم:**

گشت کارگەرانی وەزارەت دەکەونە ژێر رکێفی یاسای خزمەت و میلاکەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی ی پێویست بۆ ئاسانیی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی دەیەم:**

کاربەهیچ دەقێک ناکرێ کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو کردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٣/٦/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٤٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی١٣/٦/١٩٩٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٣/٦/١٩٩٣ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرست ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٤٢)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- ڕاگرتنی هەندێ لەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێم.***

***٢- بەرچاو خستنی یاسای ژووری بازرگانی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان بریتییە لە سێ خاڵ، بەڵام پێشنیاز وایە کەخاڵی یەکەم بخەینە دانیشتنی ئاییندە، چونکە لەوانەیە لەسەر ئەو هەموارکردنە هەموارکردنێکی تر بکرێ ئەوجا تۆزێ بەرێکوپێکی تر بکەوێتە بەر دەستان، دەمێنێتەوە خاڵی دوو وسێ، خاڵی(٢) ڕاگرتنی هەندێ لەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)ی ڕژێمە، هەروەها بەرچاوخستنی یاسای ژووری بازرگانی. دیارە هیچ شتێک نییە لەتازە بابەت، مادام وایە با بێینە سەر مادەکە. ئێستاکە خاڵی سێ یاسای ( اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان العراق). بکەین بەخاڵی یەکەمی گفتوگۆکەمان ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا ئامادە بن لەگەڵ نوێنەری ئابووریدا بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

استنادا الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢وبناءا على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٣/٦/ ١٩٩٣اصدار القانون الآتي:-

القانون رقم (١٤)لسنة ١٩٩٣قانون (اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان العراق) الفصل الاول (التعاريف)

المادة (١): يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- كوردستان: كوردستان العراق.

٢- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٣- مجلس الوزراء: مجلس وزراء الاقليم.

٤- الاتحاد: اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم.

٥- المجلس: مجلس اتحاد الغرف.

٦- مجلس الغرفة: مجالس غرف التجارة والصناعة في محافظات الاقليم.

٧- العضو: التاجر او المشروع الصناعي الحاصل على اجازة التأسيس وفقاً للقانون باعتباره العضو المسجل في احدى الغرف.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادەی یاسایی لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیاری کرد کەناوی (اتحاد صناعات وغرف التجارة) بێت، چونکە لەدوو بەش پێک هاتووە، ژوورە بازرگانییەکان و یەکێتی پیشەسازییەکانی عێراق، واتا پێویستە هەردووکیان یەک خرێن، لیژنە بەپەسەندی دەزانێ کە ناو یاسایی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی(٧) (العضو التاجر اوالمشروع الصناعي)، پڕۆژەی پیشەسازی بێگومان یەکێک پێشکەشی کردووە یان خاون پڕۆژە، کێیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ناوی ئەو یاسایە (اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان العراق) لە بنەڕەتی پڕۆژەکەدا واهاتووە، لەپاشدا ئەگەر صناعە پێش (غرف تجارە) بێت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ (اتحاد غرف التجارة والصناعة )یان (اتحاد غرف صناعة وتجارة ) هەردووکی دەگرێتەوە وابزانم کاک جمیل مەبەستی ئەوە بوو، بەڵام: (المشروع الصناعي) کەکیانێکی یاسایی دەبێت وەکو (شخصیەی مەعنوی) ئەم (شخصە معنویە) دەبێتە ئەندام لە (اتحاد غرف التجارە) مەرج نییە

دامەزرێنەری یەک کەس بێت، پرۆژەی پیشەسازی بۆی هەیە کۆمەڵێک بێت (پرۆژەکە) دەبێتە ئەندام لە ژووری بازرگانی نوێنەری دەبێ، ئینجا بەڕێوەبەری (ادارە) نوێنەرێتی دەکات پرۆژەکە بەخۆی بأعتبار یاسای هەیە داوا تۆمار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە(١)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني (التأسيس والاهداف)

الفرع الاول (الاتحاد)

المادة (٢):

١ـ يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد بأسم(اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان العراق ويتكون من غرف التجارة وفروع اتحاد الصناعات العراقي الموجود حالياً في محافظات الاقليم.

٢ـ الاتحاد: منظمة مهنية اقتصادية يتمتع بالشخصية المعنوية وبأستقلال مالي واداري يمثله رئيس الاتحاد او من يخوله.

٣ـ لمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق حق الاشراف العام على الاتحاد وتوجيهه وله حق الاستئناس برأيه في الانشطة التجارية والصناعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢) بڕگە (١)تێبینی لەسەر هەیە و بڕگەی(٢)تێبینی لەسەری نییە، ئەی لەسەر بڕگە(٣)، کەس قسەی هەیە؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وشەی (حق الاشراف) دەبێ یان نابێ، بۆیە (حق الاشراف) نەمێنێ (لمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق الاشراف العام على الاتحاد وتوجيهه)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی هەیە لە نێوان (اشراف) یا لە (حق الاشراف)، (اشراف) جەختکردنی زیاتر تێدا هەیە لە (اشراف) واتا تەنیا لە(الاشراف)بەڵام لە (حق الاشراف) واتای ئەوە دەگەینی دەتوانێ یان

ناتوانێ، ئەگەر ووتت (اشراف) ئەو هەڵبژاردنەی تێدا نامێنێ، ئەگەر لەرووی زمانەوانیەوە تەماشا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی باشترە ئەگەر بڵێی (حق الأشراف)؟ ئێمەش بازاری ئازادمان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەپێویست بە (اشراف) نە (حق الاشراف) دەکات (المجلس الوزراء الاشراف العام على الاتحاد وتوجيهه والاستئناس برأيه) بۆ خۆی ئەنجوومەنی وەزیران راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(عام)ەکە هەڵگرین، با لیژنەی دارشتن بیخەنە قالبێکی یاساییەوە، بەڵام پرسیارێک هەیە لەسەر خاڵی یەکەم-

(ويتكون من غرف التجارة وفروع اتحاد الصناعات العراقية المتواجدة حاليا).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اتحاد الصناعات العراقية) هەیە ئەبێ ژووری بازرگانی و پیشەسازی لەیەکتر جیابکرێتەوە، پێشتریش وەکو یاسا هەر یاسای (اتحاد غرف) بوو (غرف التجاره والصناعه) هەبووە پاش ئەزموونێکی نوێ لەعێراقدا (اتحاد غرف الصناعة) هێندرا کایەوە.

بەڵام وادیارە ئەم هەنگاوە ئەوەندە لایەنی چاکەی نەبوو، کە پێشتر تێکەڵ کران، هەموو ژوورە بازرگانی وپیشەسازییەکانی کە هەنە (اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كردستان) پێک دەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پەیوەندی بە چ خاڵێک نییە، زمانەوانییە، (المتواجدة) زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆیە ئەو قسە دەکەم وابزانم ئەو واتایە واناگەیەنێت (الموجودة )(المتواجدة )نییە لەوانەیە دکتۆر فوئاد لەمن باشتر بزانی (الموجودة المتواجدة) لەو لیستەوە هاتووە نازانم لە (غرف التجارة)دا هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهرعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من وایە خاڵی سێ(٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەخاڵی دووەم باسی (الاتحاد)

دەکات. اتحاد شخصیەتێکی معنوی هەیە پاشان تێروانینێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو خاڵە (حق الاشراف) گونجاو ترە لە (اشراف)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەر خاڵی یەکەم برگەی کۆتایی کە خوێندرایەوە ئەو (المتواجدة حالیا) ئەگەر (الموجودة حالیا) بێ قەیناکا، بەڵام ئەگەر (المتواجدة حالیا) بی ئێستا هەر پارێزگای کەرکووک نییە، بەنسبەت ئێمەوە ئەو (غرف)ە وئەو (فروعە )حالی حازر نییە، بەناوی پارێزگاکە ئەگەر ئێستا (حالیا) لابرێ، چونکە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الموجودة في محافظات الاقلیم) دەبێ لە دارشتنەوەدا چارەیەکی بکرێ.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەلال جوهر قسەکەی کرد، چونکە دەبێ لە بیرمان نەچی ئەگەر رێکخراوێکی پیشەیی بێ و قیاس بکرێ وەکو هەموو پیشەیی یەکانی تر ئیتر چۆن دەبێ کەئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی بکاتە سەریان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە دەڵێ برگە سێ وەک خۆی بمێنێتەوە، پێشنیارێکی تریش دەڵێ پێویستە هەڵبگیرێ، (حق العام والاشراف) لێرەش پێشنیار هەیە هەردووکیان بمێننەوە بەتایبەتی خاڵی (٣) ئەڵێ (المجلس الوزراء) ئەو (لامە) لەرووی زمانەوە دابندرێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیار بۆ ئەو برادەرانەی کە پرسیار دەکەن کە (حق الاشراف) یانی چ پێویستی هەیە بۆ ئەوەی ژووری بازرگانی وپیشەسازی کەپێک هاتوون لە رێکخراوی پیشەیی وسەقامگیری ئابووری هەیە بۆ (اشراف) یا(حقی اشراف) بخرێتە دەست ئەنجوومەنی وەزیرانەوە؟ بەسەر بازرگان و بەسەر سەنعەتکارەکانی کوردستان، وابزانم ئەوە لە بۆچوونێکی یاسایی کۆن هاتووە، بەرای من ئەوە هەر پێویستە (اشراف) لابرێ، هیچ زیانی نییە بە پێچەوانەوە بوار بەو رێکخراوانە دەدات کەپێک هاتوون لە رێکخراوی بازرگانی وپیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشی سەرپەرشتی ئیشێکی پێویستە، بەڕێزتان دەزانن کەوا ئاراستە کردنی مەسەلەی ئابووری و بازرگانی وپشتگیری کردنی گشتی پەیوەندی بە ئابووری گشتییەوە هەیە، بە شێوەیەکی گشتی

راستەوخۆ بەرپرسیارە لەوانەیە هەندێ قۆناغی ئابووری ئاراستە کراوی بوێ، کە بەچ شێوەیەک پێویستە، ئابووری ئەو دەولەتە ئاراستە بکرێ، ماقوولّ نییە (اتحادی غرفی تجارە) بە شێوەیەکی ئەوتۆ بێ لە سیاسەتی گشتی حکومەت، لەبەر ئەوە (اشراف) کارێکی پێویستە، خۆ ئەگەر ژووری بازرگانی بەشێوەیەکی وا بوو کە لەئامانجەکانی حکومەت لایدا، بێگومان ئاراستەی دەکا کە نابێ وابێت، بەلاّم هەر وا بەرەلّلاکردنی خزمەت ناکا، پێویستە سەرپەرشتی راستەوخۆیان لەسەر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەو برادەرانەی کەداوایان کرد، تۆزێ زیاتر ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتیاری بکات، یان راستەوخۆ ئاگاداری وەزعەکە بێت، خۆی ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری هاتووە، ئەوان وا دیارە بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە کە ئەلّێن (لمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق حق الاشراف)لێرە نەرمییەک لەدوو جێگا هەیە یەک ئەو مافی (اشرافی) داوە، وەکو بەڕێز دکتۆر فوئاد فەرمووی ئەتوانێ بیکات وئەتوانێ نەیکات. خالّی دووەم (توجيهه)(و له حق الاستئناس برأيه فی الانشطه) هیچ تدخلی وانییە کە مرکزی هەبێ، لەباری ئێمەشدا ئەم دەقە گونجاو ترە وەکو لە گفتوگۆی برادەرانیش دەرکەوت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر هاتوو ئێمە (حق) لابدەین(لمجلس الوزراء)(ل)کە لابدەین وەکو خۆی بمێنێ چاکترە ئەو حەقەی هەیە کەی پێویست بوو تدخل دەکات، ئەگەر پێویست نەبوو تدخل ناکات. وەکو خۆی بمێنێتەوە وباشترە، بیکەنە (واجب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(٢) برگە(١-٢-٣)لەلانی نووسین. برادەرانی دارشتن چاودێری بکەن، کێ لەگەلّ ئەمەیە ئەم مادە(٢)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەلّ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە. تکایە ئەم(٢-٣) وشە لەلانی شی کردنەوە ورێزمانەوە چاک بکەنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(٣): يهدف الاتحاد الى العناية بتنظيم وتنمية النشاطين التجاري والصناعي في نطاق اختصاصاته وتعزيز دورهما في عملية التنمية في الاقليم ورعاية حقوق اعضائه بما ينسجم والمصلحة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مادە(٣)تێبینی هەیە؟.. نییە، کێ لەگەلّ ئەوەیە مادە(٣)وەکو خۆی بمێنێ؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لەگەلّ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە..

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومــــــەن.**

المادة(٤) يقوم الإتحاد تحقيقا لاهدافه بمايأتي:

١- الاشراف على الغرف ومراقبتها وتوجيهها وتمثيلها لدى السلطات العامة داخل الاقليم و خارجه.

٢- الاشراف على عمليات تسجيل الاسماء التجارية والقيد في السجل التجاري في الاقليم ومسك السجلات المركزية لذلك.

٣- اقامة المعارض داخل الاقليم او خارجه او المشاركة فيها بالتنسيق مع الجهات المعنية والدعوة لعقد المؤتمرات التجارية والصناعية والمشاركة في الندوات والمؤتمرات الداخلية والخارجية.

٤- جمع وتوثيق البيانات والمعلومات التجارية والصناعية ووضعها في متناول الاعضاء والجهات ذات العلاقة.

٥- دراسة الاوضاع التجارية والصناعية في الاقليم واقتراح السبل والمعالجات الهادفة الى تطوير النشاط الاقتصادي وتنمية اقتصاديات الاقليم.

٦- دراسة سبل تشجيع رؤوس الاموال والمشاركة مع الجهات الرسمية في وضع الخطط والبرامج الاستثمارية للنشاط الصناعي الخاص والمختلط.

٧- اجراء المسوحات واعداد الدراسات وتقديم المقترحات لتنشيط وتطوير السوق المحلية.

٨- اعداد الدراسات والمقترحات المتعلقة بتطوير وحماية الصناعة والاوضاع التصديرية والتسويقية لمنتجاتها سواء في داخل الاقليم او خارجه بالتعاون والتنسيق مع الجهات ذات العلاقة والمشاركة في وضع الضوابط السلعية للاستيراد.

٩- اجراء الدراسات والمسوحات الميدانية للاسواق الداخلية والخارجية للتعرف على امكانيات وسبل تنمية التبادل التجاري لغرض توسيع آفاق التعاون الاقتصادي الخارجي.

١٠- الاسهام في وضع المواصفات الفنية لمنتجات الاقليم والتعاون في مراقبة تنفيذها.

١١- الاسهام في اعداد مشروعات التشريعات ذات العلاقة المباشرة بالنشاطين الصناعي والتجاري.

١٢- ارسال الوفود والبعثات التجارية والصناعية الى خارج الاقليم واستقبال وتنظيم زيارات وفود والبعثات الاجنبية.

١٣- تنمية الممارسات والوعي التجاري والصناعي في صفوف منتسبي الغرف والعمل على رفع المستوى المهني لهم واصدار المطبوعات التي تعنى بنشر المعرفة الاقتصادية.

١٤- دعم براءات الاختراع وتشجيع المخترعين والمبدعين بما يخدم تطوير اقتصاد الاقليم.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومــــــەن:**

ئەمە مادە(٤)، کە بریتیە لە ئامانجەکانی ئەم یەکیەتیەیە، بڕگە بڕگە، بابێینە سەر بڕگە-١-لە مادە(٤)، ئایا تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگەی یەک: الاشراف علي الغرف ومراقبتها وتوجيهها وتمثيلها لدى السلطات العامة. ئەو (السلطات العامه). بۆی هەیە لێرە لامان هەبێ، بەڵام مادام ووتی (داخل الاقليم وخارجه) لەوانەیە دەسەڵاتی گشتی نوێنەرایەتی بکات ولە شوێنی تر دەسەڵاتێکی تر بیکا، بەبۆچوونی من بکرێتە (وتمثيلها لدى الجهات ذات العلاقه) ئەویش شمولی (السلطات العامه والغرف العامه) دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یەک (وتحديدها لدى الجهات ذات العلاقة). ئەگەر لیژنەی یاسا لاریان نەبێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی دەسەڵاتی گشتی شتێکی زۆر ڕێک وپێکە دەربارەی دەرەوەو ناوەوە، چ پێدا چوونێکی یاسایی پەیدا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (دەسەڵات) لێرە ڕەنگە زیاتر مەفهومی جێبەجێ کردن بگەینێ، بەڵام ئەوە لەوانەیە لە کۆنگرە، لە کۆڕەکەمان لە شوێنی تر، کە هیچ دەسەڵاتی تێدا نییە بتوانی لەویش نوێنەرایەتی بکات، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت زیاتر ئەمە باس دەکرێ یانی مەرج نییە لە دادگا و فەرمانگەی ڕەسمی، بەڵکو لە شوێنی تر کە دەبەسترێ هی ئاسیا، ڕۆژهەڵات، ئەوانە دەسەڵاتی گشتی نییە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدارن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی ئامادەبوون لە کۆنگرە، لە بڕگەیەکی جیا چارەسەر کراوە (ارسال الوفود والبعثات التجارية والصناعية) سەرەڕای ئەوە، بڕگە(٣)دەڵێ: (اقامة المعارض داخل الاقليم او خارجه والمشاركة في الندوات والمؤتمرات الداخلية والخارجية)..

ئەوانە چارەسەر کراون. وەکو کاک د.فەرمووی بابەتەکە زیاتر جێبەجێ کردنە وبۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بکات و ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٤)بڕگە -١-کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(٢):الاشراف على عمليات تسجيل الاسماء التجارية والقيد في السجل التجاري في الاقليم ومسك السجلات المركزية لذلك.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوتۆمارە بەتەنیا بۆ مەسەلەی بازرگانی نییە، چونکە یەکێتی پیشەسازی دەگریتەوە راستە پیشەسازی و بازرگانی هەر ژووری بازرگانیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە بێت: (الاشراف على عمليات تسجيل الاسماء التجارية والقيد في السجل التجاري والصناعي ومشاريعها). پیشەسازیش بگرێتەوە، بکرێ بە: (مسك السجلات المركزية بعد دفع الرسوم).. وە ئەویش زیاد بکرێ وسجلیش مەبەستی پیشەسازی و بازرگانییە نەک تەنها پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست بەو زیادەیە ناکات، چونکە ناوی بازرگانی ئەوەیە بەشی بازرگانی وپیشەسازی بگرێتەوە، ناوی بازرگانی کراوەیە دەربارەی رسوم، بازرگانی تۆمار ناکرێ، ئەگەر هەموو رەسمەکانی وەرنەگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی پرۆژەی پیشەسازی تەنیا بەرهەم نییە، دەبێ رەمزێکی هەبێ لەبەر ئەمە وشەی پیشەسازی پێویستە دەبێ زیاد بکرێ، وەکو جەنابت فەرمووی(دفع الرسوم)شتێکی (تحصيل حاصله) لەمادەکەدا بێ بۆ ئەوەی هەموو شتێک روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی مقیدی لەمەسەلەی (اسماء تجارية) پرۆژەیەکی پیشەسازی دەوێ وەکو (تسجيل الاسماء التجارية).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆماری ناوی، پیشەسازی نییە، پیشەسازی خۆی دەبیتە بازرگانی لەتۆمارێکی گشتیدا تۆمار دەکرێ، پێی دەڵێن تۆماری ناوە بازرگانییەکان نەک تۆماری ناوە پیشەسازییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمەی تر (في الاقليم ومسك السجلات المركزية لذلك)، مەبەستی لە (السجلات المركزيه) چییە؟..

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

یەكیەتی ژوورە بازرگانییەكان تۆمارێكی گشتی دەكاتەوە لەسەر هەموو پارێزگاكان مەبەست لەوە ئەوەیە ناوەندی وگشتی بێت بۆ ئەوەی بزاندرێ ناوی بازرگانی لەهەر پارێزگایەک چەندە، لەبەر ئەمە ووتمان: (في الاقليم).. چونكە وشەی (فی الاقلیم) لەسەر ئەو بنەمایە هاتووە كە گشتگیر ترە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

وشەی (مەركەزی) پەیوەندی بە(سجلات)ی هەرێمەوە چییە؟ ئەگەر نیەتی، ئەی ئیتر ئەو (مەركەزیە)، چییە؟ (الاشراف علی عملیات تسجیل الاسماء التجاریة والقید في السجل التجاري في الاقلیم).. واتا تۆمارێک هەبێ بۆ سەرتانسەری هەرێم بێ پاشان (ومسک السجلات المركزیە لذلک).

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

مەسەلەكە دوو كردارە (تسجیل فی سجل تجاری) وە (مسک سجلات مركزیە)، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر كـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ژووری بازرگانی تۆمارەكانی خۆیان بەجیا بووە، یەكیەتی پیشەسازییەكانی عێراق جیا بوو لەگەڵ یەكیەتی ژوورە بازرگانییەكان ئەو دوو تۆمارە وەكو كاكەڕەش ئاماژەی بۆ كردن، راستە هەر بۆ ئەوەیە هەر ناوی بازرگانییە كەناوەكە تۆمار دەكرێ ئەوەی تر نییە، تەنیا تۆمار كردنی ناوی بازرگانییە. لە وەزارەتی بازرگانی بەڕێوەبەرایەتیەک هەبوو وناوەكەی (مدیریة ترقیة اسماء) وناوی بازرگانی تۆمار دەكراو رەسمی پارەی وەردەگیرا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

كێ لەگەڵ ئەمەیە بڕگە (٢) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆریەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

بڕگە (٣) اقامة المعارض داخل الاقلیم او خارجه او المشاركة فیها بالتنسیق مع الجهات المعنیة والدعوة لعقد المؤتمرات التجاریة والصناعیة والمشاركة في الندوات والمؤتمرات الداخلیة و الخارجیة.

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

بڕگە(٣)، كێ لەگەڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

برگــه (٤)جمع وتوثيق البيانات والمعلومات التجارية والصناعية ووضعها في متناول الاعضاء والجهات ذات العلاقة.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن:**

بڕگـه (٤)، کێ لەگەڵە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە؟.. دەست بەرز کـرایەوە.. کێ لەگـەڵ نیـیـە؟..بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

فقرة(٥): دراسة الاوضاع التجارية والصناعية في الاقليم واقتراح السبل والمعالجات الهادفة الى تطوير النشاط الاقتصادي وتنمية اقتصاديات الاقليم.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن:**

بڕگە(٥)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

فقرة(٦): دراسة سبل تشجيع رؤوس الاموال والمشاركة مع الجهات الرسمية في وضع الخطط والبرامج الاستثمارية للنشاط الصناعي الخاص والمختلط.

**بەڕێز د. قــاسم مــحــەمــەد قــاسم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

(دراسة سبل تشجيع رؤوس الاموال). ئەوە (الاموال) وشەیەکی ڕەهایە (مطلق)ە چ نیشتمانیی بێ وچ بیـانی، پرسیـارەکە لەلیـژنەی یاسـا ئەوەیە، ئایا بۆی هەیە سەرمـایەی بیـانی بێـتە ناو وڵاتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

بەڵێ، ئەگەر ڕەزامەندی ڕەسمی وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن:**

بڕگە(٦)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

برگەی (٧): اجراء المسوحات واعداد الدراسات وتقديم المقترحات لتنشيط وتطوير السوق المحلية.

**بەڕێز ئەحـمـەد ســالار عــەبدولواحــیــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

ئەم مەبەستەی لەبرگەی(٧)دا هاتووە هەمان مەبەست لەبرگە(٥)دا هاتووە، لەبەر ئەمە رەنگە زیادبێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

اجراء المسوحات واعداد الدراسات وتقديم المقترحات لتنشيط وتطوير السوق المحلية.

بەتایبەتی بازاڕی دەسنیشان کردووە، خۆی جێی لە برگە(٥)دا کە هاتووە (العام) هاتووە، دەربارەی بازرگانی و پیشەسازی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

بەڵام لێرە ئەبێ (تنمية وتطوير النشاط الاقتصادي وتنمية الاقتصاد داخل الاقليم). ئەوە گشتگیر نییە، هەموو شت ناگرێتەوە، تێبینی یەکەم وابزانم لەجێگەی خۆیدایە ئەگەر بەگشتی تەماشا بکرێت، (النشاط الاقتصادي والتنمية والتطوير) هەر پیشەسازی هەیە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان شتێکی گشتی یە لە ئاستی هەرێمدا، لەوانەیە ئەوەی بازاڕی ناوخۆ شتێکی ڕۆژانە بێت یا هەفتانە بێت، پێشنیار هەبێ بۆ ئەوەی بازارەکە پێش بکەوێت (اتحاد) لەنێوان پلانە گشتییەکاندا نەبێ، پلانە گشتییەکان لەوانەیە(٣)مانگ جارێک،(٦)مانگ جارێک پێشکەش ئەنجوومەنی وەزیران بکرێن، خۆیان لێیان بکۆڵنەوە ئەوە شتێکی تایبەتە لەبەر ئەوەی مانەوەی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

برگە(٧)، کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە.. بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

برگە (٨)اعداد الدراسات والمقترحات المتعلقة بتطوير وحماية الصناعة والاوضاع التصديرية والتسويقية لمنتجاتها سواء في داخل الاقليم او خارجه بالتعاون والتنسيق مع الجهات ذات العلاقة والمشاركة في وضع الضوابط السلعية للاستيراد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە(٨)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(٩): اجراء الدراسات والمسوحات الميدانية للاسواق الداخلية والخارجية للتعرف على امكانيات وسبل تنمية التبادل التجاري لغرض توسيع آفاق التعاون الاقتصادي الخارجي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بڕگە(٩) پەیوەندی بە نادرنە دەرەوەی ناوخۆ و دەرەوە نییە ئەوە دیسان (اجراء الدراسات والمسوحات الميدانية) بڕگە(٩)چ تێبینی هەیە لەسەری.. کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە(٩)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(١٠)الاسهام في وضع المواصفات الفنية لمنتجات الاقليم والتعاون في مراقبة تنفيذها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە(١٠)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(١٢): ارسال الوفود والبعثات التجارية والصناعية الى خارج الاقليم واستقبال وتنظيم زيارات وفود والبعثات الاجنبية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بڕگە(١٢)، .. کێ لەگەڵ ئەمەیە کە بڕگە(١٢)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة (١٣) تنمية الممارسات والوعي التجاري والصناعي في صفوف منتسبي الغرف والعمل على رفع المستوى المهني لهم واصدار المطبوعات التي تعنى بنشر المعرفة الاقتصادية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە(١٣)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

فقرة(١٤): دعم براءات الاختراع وتشجيع المخترعين والمبدعين بما يخدم تطوير اقتصاد الاقليم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

برگە(١٤)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

المادة-٥:

١- تؤسس في مركز كل محافظة من محافظات الاقليم غرفة للتجارة والصناعة بقرار من مجلس الاتحاد.

٢- الغرفة منظمة مهنية اقتصادية تتمتع بالشخصية المعنوية وباستقلال مالي واداري في حدود هذا القانون.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

خۆی (استقلال مالی واداری) کە ووتمان (الشخصیة المعنویة) لێرە سـڕی بوو، بە هەڵە هاتووە چونکە زیادە.

**بەڕێز مەلامحەممەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

کـە وتمان (تؤسس في مركز كل محافظة من محافظات الاقليم غرفة للتجارة والصناعة بقرار) مانای وایە ئەگەر سەیری برگەی مادە(١٢) (المتواجده حاليا) نایەوێ، لەوێ دەبی (تئوسس فی مرکز کل محافظه من محافظات الاقليم غرفه تجاريه بقرار)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

وتمان لیـژنەی دارشتن پاشـان ئەو وشـانە چارەسـەر بکات.. مـادە(٥) برگـە (١-٢)،کێ لەگـەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە بەتێکرایی دەنگ مادەکە وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

المادة(٦): تهدف الغرفة الى تنظيم وتنمية النشاطين التجاري والصناعي في نطاق اختصاصاتها ضمن المحافظة وتعزيز دورهما في عملية التنمية في المحافظة وفي الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٦)،کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٧): تقوم الغرفة تحقيقاً لأهدافها بما يلي:١-تسجيل الاسماء التجارية والقيد في السجل التجاري ومسك السجلات اللازمة لذلك وتزويد الاتحاد بالمعلومات عن تلك الاسماء لتسجيلها في السجل المركزي.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دیسان (تسجيل الاسماء التجارية) هاتووە پرسیار لە لیژنەی یاسا دەکەم کەوا تۆماری پیشەسازی نییە، نیشانەی جیاکەرەوەی تێدا نییە، تەنها کاروباری ژووری بازرگانی نییەو با رەمزەکانی پیشەسازی ونیشانەکانی جیاکەرەوە (علامات مميزة) هەبن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو پرسیارەی پێش ئێستاش هەمان وەڵامان داوە، ناوی پیشەسازی نییە، پیشەسازی خۆی بازرگانییە، چونکە لە پیشەسازی مەبەست قازانجە مانای وایە خەسڵەتی بازرگانی هەیە، ئەگەر پیشەسازیش بوو هەر ناوی بازرگانی دەبێ نەک ناوی پیشەسازی، ناوی پیشەسازی ئەگەر رموزی هەبێ لە ژوری بازرگانی پەیوەندی پێوە نییە، ئەمە لەجێی تر دەبێت لێرە تەنیا (سجل الاسماء التجاريه) دەبێت، بەو ئیعتوبارەی پیشەسازی بێت یا بازرگانی بێت هەمووی هەر بازرگانییە، چونکە پێناسەی بازرگانی، (كل مايتوخى الربح فيها). لێرە پیشەسازی مەبەست قازانجە، بۆیە هەر ناوی بازرگانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەمەیە خاڵی(١)لەمادە(٧)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٧) برگە (٢)/تحديد الاعراف والعادات السائدة في الشؤون التجارية والصناعية ضمن المنطقة الجغرافية لاختصاص الغرفة ونشرها.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو خاڵە روون نییە، ئەگەر لیژنەی یاسا یا لیژنەی دارایی ئەو خاڵە روون کەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان شتێکی روونە لەهەموو مەسەلە بازرگانییەکان هەندێ عادەت باون لە نێوان بازرگانەکان گۆڕینەوەی کەلوپەلدا، واتا هەندێ شێوە لەبەر هەمێکدا مەقبوولترە (اتحاد) پێویستە ئەو شتانە لەبەرچاو بگرێ، بۆ نموونە لەجێگایەکدا عادەت وایە بەرهەمێک کەرەنگاو رەنگ بێ خەڵک حەزی لێ ناکەن، جا بۆیە هەوڵ دەدا کە پیشەسازییەکە لەگەڵ ئارەزووی خەڵکەکە بگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەحمەد، ئەگەر سەرنجی (شێخ الله) بدەی وابزانم لێک نزیک بوونەوە پەیدا بووە.

بڕگە(٢)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ.. وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فقرة(٣) القيام بدور الحكم او المشاركة في التحكيم لحسم الخلافات التجارية والصناعية التي تقع بين اعضاء الغرفة انفسهم او بينهم وبين الاغيار وتأليف لجان التحكيم واعداد لائحة بأسماء المحكمين وقواعد و اجراءات التحكيم لديها.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە ئەو ئەرکەی کە هاتووە لەدەستووری دەسەڵاتی دادگادایە، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخراوە هیچ بنەڕەتێکی ئەوتۆی نییە بەم کارە هەڵبستێ، لەبەر ئەوە ئەمە کاری یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای منیش لەگەڵ کاک ئەحمەد وایە (قواعد اجراءات التحكيم) لەیاسای شارستانیدا هاتووە ماقووڵ نییە، ئێمە دەسەڵاتێک بدەینە ژوورێکی بازرگانی، بەرێنمایی شتێکی تازە دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قضیەی حکم (أوالمشاركة في التحكيم لحسم الخلافات) ئەو ناکۆکیانەیەکە ناگەنە ئەو رادەیەی لەدادگادا ببێتە داوا، کەی لەدادگادا بوە داوا، ئەوکات دەبێتە دەسەڵاتی دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسادا (تحکیم) پێش دادگاییە..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ناوبژی کردن(تحکیم )هەیە پێش دادگایی کردن، وەکو جەنابت فەرموی ئەو لایەنەی کە ناکۆکی هەیە، ژووری بازرگانی هەڵدەستی ناوبژی (تحکیمی) خۆی دەکات بەرەزامەندی هەردوو لایەن دەگاتە بریارێکی رێک وپێک بێ دادگایی کردن، بەڵام ئەگەر نەگەیشتنە ئەو بریارە ئەو کاتە بەئاسانی دادگایی دەکرێ باعتباری ئەوەی (ولایە عامە)ی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئیشی لیژنەی (محکمین) پابەندە بەکارەکانی یاسای دادگایی کردن، چونکە داواکە پوچەڵ (باطل) دەبێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەمە سرنجێک هەیە، کە ناوبژی کردنی بەخوایشت هەیە ونابژی کردن بەهۆی دادگاوەش هەیە، ئەو ئیجرائاتەی بەڕێز جەنابی سکرتێری ئەنجومەن وتی، هەر پرۆژەیەک دەستووری خۆی هەیە ئەبێ ئاگادار بکرێن و ئامادە بن وقسەیان لێ وەربگیرێ وەک دادگاێکی بچووک، راستیەک هەیە دەمەوێ بیزانن کە بریاری ناوبژیوانان (محکمین) لەهەموو حاڵەتێکدا پابەندی پێ ناکرێ تەنانەت بۆ دادگاش پابەندی نییە، زۆر دادگا بریاری پێچەوانەی بریاری ناوبژیوانان (محکمین) دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لاریم نییە، ئەگەر بێتو دەسەڵات (اعداد) بەناو ناوبژیوانان (محکمین) بێت کە لێرە هاتووە: اعداد لائحة باسماء المحكمين وقواعد واجراءات التحكيم. یانی مافیان هەیە (قواعد واجراءات) تازە دروست بکەن حوکم چۆن دەبێت؟ ئەو ئیجرائاتانە پێچەوانەی یاسای دادگایی کردن بن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ناوبژی کردن (تحکیم) بکرێ، بەڵام لەکاتی گفتوگۆ دەرکەوت یاسایەک هەیە، بۆ بابەتی ناوبژیکردن و، پرسیارەکە لەجێی خۆیدایە، ئەگەر ژووری بازرگانی مافی هەبێت (تحکیم) بکات ئەدی یاسایەکە بۆ چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان (تحکیم )داوای (مدنی) داوایەکی پێویست نییە، من(١٠٠٠)دینارم لەسەر یەکێکە

داوای ناکەم مافی خۆمە کە داوای ناکەم زۆریم لێ ناکرێ کەمن ئەو داوایە بکەم، رادەیەک دادەنێن، لەدەرەوە پێک دێن یاسا خۆی تێکەڵ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی ناوبژی کردن (تحکیم) لەژووری بازرگانیدا پابەندی پێ ناکرێت، بۆ ئەوەی بەسەریدا بسەپێندرێت، تەنها شتێکی راوێژکارییە، سوپاس.

خاڵی سێ.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(٤): اصدار شهادات المنشأ للسلع المنتجة في نطاق الاقليم وكذلك اصدار وتصديق الوثائق التجارية الاخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(٤)، چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ خاڵی(٤)وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٥): جمع وتبويب ونشر اسعار السلع الرئيسة والمتداولة في السوق المحلية بصورة دورية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(٥)، کێ تێبینی هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ.. وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٦): تقديم الخدمات الاستشارية الفنية للتجار والصناعيين والجهات التجارية والصناعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە (٦)، چ تێبینی هەیە لەسەری؟..کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(٧)تأييد الكفاءات للاعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة(٨): الاسهام في انشطة المجالس والهيئات واللجان والمؤسسات الاقتصادية الخاصة بالمحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٨):

١- على التاجر شخصا(طبيعيا كان او معنويا)الانتماء الى غرفة التي يقع محله التجاري ضمن دائرة اختصاصها خلال ستة اشهر من ممارسة النشاط التجاري.

٢- على المشروع الصناعي الانتساب الى الغرفة خلال ستة اشهر من تأريخ اكمال تأسيسه وفق القانون.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم تۆزێک لەسەر(على) بوەستین واتا ئەو پابەندییە ڕەوایە کە هەر ئەبێ (انتماء) بکات، ڕێکخراوەکانی تریش دەگرێتەوە، ئەوانیش (انتماء) دەکەن، چونکە پیشەین و لەبەرژەوەندیاندایە، پێشنیارەکە ئەوەیە بەخوایشت (اختياری) بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پابەندی بۆ هەموو بازرگانێک پێویستە بچێتە ناو ئەو ژوورە بازرگانیەوە، ئەگەر ڕێکخراوە پیشەییەکان ئامانجیان قازانج نەبێت، پەیوەندی بە ژووری بازرگانیەوە نییە، ئنجا بۆیە بەلامەوە پێویستە (انتماء) کردن بەزۆر بێت لەبەر دەستبەسەرداگرتنی وەزعی وڵات لەهەموو بارێکی بازرگانی و پیشەسازییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی تر هەیە، کێ سیفەتی بازرگان دیاری دەکات؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سیفەتی (تاجر) بەوە دیاری دەکرێت کە (انتمائی) کردووە، چونکە ناتوانێت بازرگانی بکات و، نەدەتوانێت کەلوپەل بێنێتە ناوەوە، لەبەر ئەوەی مۆڵەتی پێ نادەن، ئەگەر بەخوایشتبێ (اختیاری)، مانای وایە بازرگان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی یاسا پێناسی (تاجر وتجارە) ناکات؟..

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ژووری بازرگانی پابەندی نییە، بەڵام بۆ پیشەسازی دەبێ پابەند بێ، هەر کەسێک پێناسی پیشەسازی هەبێت پابەند دەبێت کە بەشداری بکات لە(صناعە)، چونکە پابەندی هەیە بەرامبەر بەژووری بازرگانی. بەڵام ژووری بازرگانی کاتی خۆی پابەندی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی پێناسەی بازرگان لە یاسای بازرگانیدا هاتووە، زۆر روونە ومەرجەکانی بازرگان (تاجر)یش دیاری دەکات، لەبەر ئەوە جیاوازی زۆرە لەنێوان (علی التاجر) و(للتاجر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم قۆناغە تۆزێک پێویستی بەجۆرە سەرپەرشتی کردنێک هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک حازم فەرمووی(١٠٠٪)راستە، بەڵام ئەگەر بێتوو واز لەو بابەتە بهێنین و بڵێین (التاجر)مانای وایە دەبێت فەرمانگە بدۆزینەوە بازرگانمان بۆ پۆلین بکات، بزانین بازرگان چ پلەیەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک حازم ئاماژەی بەیاسای بازرگانی کرد، کە پێناسەی دەکات دەبێت بڵێین لەژووری بازرگانی دەڵێت کەپێناسی دەکات دەبێت بڵێین لە(غرفەی تجارە) لەو بارەدا دەبێ (علی التاجر) بێت نە (للتاجر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە روونە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە٨/(١-٢)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــــیـــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

الفصل الثالث/الهيئات ومهامها : الفرع الاول :

مجلس الاتحاد : المادة(٩) :

١- يدير الاتحاد مجلس يتألف من تسعة اعضاء اصليين وعضوين فخريين من ذوي الاختصاص يجري تسميتهم من قبل المجلس.

٢- ينتخب المجلس من بين اعضائه وبطريقة الاقتراع السري رئيسا له ونائبين للرئيس طبقاً لما هو محدد في النظام الداخلي.

**بەڕێز جـــــەمـــــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

لەیاسای بەغداش هەر بەوشێوەیە هاتووە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی بەغدا، هەموو خەڵکی پارێزەگەی بەغدان، خەڵکی پارێزگاکانی تر بێبەری دەبن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

بەڵام من پرسیارێکم لەلیژنەی یاسا هەیە ئەم (اتحاد)ە چۆن دروست دەبێت.. ئایا بەهەڵبژاردن لەنێوان خۆیاندا؟ یان بەشێوەیەکی تر.. ئێستا (١-٢)کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــــیـــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

مادة(١٠) : اولاً : يعتبر مجلس الاتحاد أعلى هيئة في الاتحاد ويتولى مايأتي :

١- وضع السياسة العامة للاتحاد.

٢- وضع واقرار الموازنة السنوية للاتحاد وتحديد نسب مشاركة الغرف فيها.

٣- اعداد الانظمة الداخلية للاتحاد والغرف.

٤- المصادقة على الموازنات السنوية والحسابات الختامية للاتحاد وملاك موظفيه.

٥- المصادقة على قرارات مجالس الغرف فيما يخص استثمار اموالها مع اغراض هذا القانون.

٦- ضمان القروض التي تعقدها الغرف.

٧- لمجلس ادارة الغرف تقدير بدلات الاشتراك واجور الخدمات التي لم يرد ذكرها في الجدولين الملحقين بالقانون حسب مقتضيات الوضع المالي في الاقليم.

٨- منح المكافآت للأعضاء او لغيرهم بما ينسجم مع اهداف الاتحاد.

٩- القيام بجميع الاعمال والتصرفات القانونية الاخرى لتحقيق اغراض الاتحاد.

ثانيا : لمجلس الاتحاد تخويل بعض صلاحياته الى رئيسه.

ثالثا: تتخذ القرارات في المجلس بالاغلبية المطلقة وعند تساوي الاصوات فللرئيس صوت الترجيح.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مادەی(١٠)لەسیاسەتی گشتییە، چ تێبینی یەک هەیە لەسەر مادەکە بەتەواوی؟ بڕگەکانیش روونن .. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٠)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادە(١٠)وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

الفرع الثاني/مجالس الغرف: المادة الحاديةعشرة(١١):يدير الغرفة مجلس يتألف من عدد من الاعضاء يحدده مجلس الاتحاد على ان لايقل عن سبعة اعضاء ولايزيد عن ثلاثة عشر عضواً.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەگوێرەی داب ونەریتی هەمیشە (مركز الاتحاد) زیاترە لە ئەنجوومەنە لاوەکی یەکان، لەوێ وتی ژمارەی ئەندامان(٩)کەسن وە دوو احتیاطە لە (١٣) کەس زیاتر نەبن، لیژنەی ئابووری پێشنیار دەکات ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە بێت(عدد الاعضاء للغرفة في المحافظات من(٧-٩)مع الاعضاء الاحتياط للكل والمركز الفرع)، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارمان لەراویژکاری یەکیەتی ژوورە پیشەسازییەکان کرد وتی ژمارەی بازرگانەکانی لە هەولێر جیاوازی هەیە لەگەڵ سلێمانی، سلێمانیش جیاوازی هەیە لەگەڵ دهۆک، بۆیە ژمارەیەکی وادابنێین بەگوێرەی ژمارەی کادیرەکان بۆیان دابنرێت، لێرەش مەرج نییە تەنها (اتحاد عامە) کەزۆرتر بێت یاکەمتر بێت (اتحاد عامە)کە(٩)کەسی ئەسلی نابێت (٧)بن (٢)ش ئیحتیات (یەدەگ) بن دەبێت(١١)کەس بن، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تۆ ئاماژەت بە چۆنیەتی دانانی (مجلس اتحاد الغرف)دا، لەمادەی پێشوو باسی ئەو شتە نەکراوە، بەچ ڕێگەیەک هەڵبژاردن دەکرێت، پاشی کەدێینە سەر ئەو مادەیە کە باسی هەڵبژاردنی ژوورە بازرگانییەکان دەکات، باسی ئەنجوومەن بەگشتی ناکات، تەنها لەمادە(١٤)نەبێت دەڵێت: (يدعو رئيس الاتحاد الهيئة العامة للغرف لاجراء انتخابات مجالسها). بەڵام کەدێتە سەر مادە(١٥)دەڵێت: (يتم انتخاب اعضاء المجلس بالاقتراع السري من قبل الهيئة العامة للغرفة). لە هەڵبژاردنی (غرفە) باسی (مجلس) و (رئیسی) تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر حزبێک هەمیشە لیژنە ناوەندییەکەی ئەندامەکانی زیاترن لە هەر لقێک یا لیژنەیەکی تری، ئەگەر هەر یەکیەتیەک چ یەکیەتی زانایانی ئاینی بێت، چ یەکیەتی سەندیکای پزیشکان یان ئەندازیاران بێ، هەمیشە مەرکەزی هەموو وڵات دەگرێتەوە، هەموو هەرێم دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە(١١)کەس بن لەگەڵ ئیحتیات (یەدەگ)، چونکە ئەنجومەن (٩)کەسی دیاری کردووە لەگەڵ(٢)ئیحتیات دەکاتە یانزە، بەرزترین رادەش نابێت لە(٩) زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری کاک بەختیار ئەکەم، گەرام داواکاری ئەنجوومەنی (الاتحاد) باس نەکراوە، رەنگە مەبەستیش ئەوە بێت ئەنجوومەنی ژوورەکان بەهەڵبژاردن دەبێ، بەڵام بەهەرچۆنێک ئەبێت ئەگەر لێرەش نەبێت دەبێت لەمادە پەڕاگەندەکان چارەی بکرێت، چونکە تێیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەنجوومەنی (غرف) هەڵبژێردرا ئەوە ئەنجوومەنی (اتحاد) هەڵئەبژێرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێن (انتخاب سري من قبل الهيئة العامة للمجلس) خۆ نەمان گوتووە (مجلس الغرفه) دەڵێن (الهيئة عامة للغرفة)، واتا (مجموع اعضاء الهئية العامة)، واتا کۆی ئەندامەکانی (غرفە)کە دەستەی گشتی ئیعتوبار دەکەین. نەک ئەنجوومەنی ژوورەکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دەستەی گشتی (غرف) بێت مانای ئەوەیە (٣-٤) ژووری بازرگانییە ئەنجوومەنی یەکیەتی بەهەڵبژاردن دەبێ لەنێوان ئەو ژوورانەدا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە وا نییە دەستەی گشتی تەنها بۆ (غرفە)ی پارێزگاکەیە تەنها ئەندامانی دەستەی پارێزگا کە کۆ ئەبنەوە ئەنجوومەنەکە پێک ئەهێنن نەک(٢-٣)هەزار بازرگان کۆ بێتەوە (اتحاد) هەڵبژێرت ئەنجا لەبەر ئەوە ناتەواوی هەر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی سەرەوە بکەین باسی ئەنجوومەنی ژوورەکان دەکات، باسی ئەنجوومەنی سەرۆک ناکات، مادەکەی پێشووە مادەیەکی سەربەخۆ نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم مەسەلەکە گرفتی تێدا نییە، چونکە ئەگەر (مجالسی غرف) بێت ئەوە مادە(١٢)دەڵێت: (مدة عضوية مجلس الغرفة اربع سنوات ويجوز اعادة انتخاب من انتهت مدة عضويته). واتە بەهەڵبژاردن کراوە لە(مجالسی الاتحاد) هەمان هەڵبژاردنی یەکییەتییەکەیە و لەبڕگە(٣)ی مادە(١٠)-اعداد الانظمة الداخلية للأتحاد والغرف. دەتوانن هەر ناتەواویەک لە پێڕەوەکانی ناوخۆی خۆیاندا هەبن بیهێنن، هەڵبژاردن یەکجار پێویست ناکات هەمووی لە یاسادا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەو تێبینییە تۆزێک وردە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەسلی(٣)کە بڕیارمان لەسەردا تەنها باسی (مجلس الاتحاد) دەکات، بەشی دووەم (اتحاد المجلس: يتألف من(٩)اعضاء اصليين وعضوين اخرين من ذوي الاختصاص تجري تسميتها من قبل المجلس)، باشە ئەم: (يدير الاتحاد مجلس يتألف من تسعة اعضاء) ئەم(٩)کەسە کێ هەڵیانئەبژێرێت؟. جارەکەی تریش پرسیارم کرد، بەڵام گووتیان هەیە، ئەم (مجلس اتحاد)ە کێ هەڵیئەبژێرێ؟ بە پێشنیاری دەستەی گشتی ئەبێت؟ یا نوێنەری (غرف) یا(مجالسی غرف) لە پارێزگاکان ئەم (اتحاد)ە هەڵئەبژێرین؟.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەختی خۆیدا ئەو بڕگەی کە ئەڵێت: (اتحاد المجلس يتألف من(٩)اعضاء اصليين وليس فخريين يتم انتخابهم من قبل مجالس الغرف). چارەسەر ئەکرا، ئەگەر بکرێت بەو رستەیە کۆتایی دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا خۆ خلاف نابێت ئەگەر بمێنێت و جارێ با پێک بێین، ئەم ئەنجوومەنە (مجالس الغرف)ە هەڵبژێرن، واتا هەر چی بازرگان هەن لەکوردستان دێن (مجلس الاتحاد) پێک دەهێنن بۆ (غرف)ەکانیش هەمان شت، جا مادام وایە با بیچەسپێنین.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی عێراق (غرف) هەڵی دەبژێرێ، مانای ئەوەیە تێکڕای نوێنەرانی (غرف) دەستەی سەرەکی هەڵدەبژێرن، بەنسبەت ئێرەش با(غرف) بێت، چونکە لەتوانادا نییە ئەو هەموو بازرگانانە بێن کۆببنەوە لەجێگایەک وەکو دەستەی گشتی، ئەوانەی (غرف) دەتوانن بێن لێرە هەڵبژاردن بکەن، پاش بڕگە(٥/١)زیادەیەک بکەین بڵێین:(انتخاب المجلس من قبل مجالس الغرف)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای ئێمەش وەكو ئی كاك بەختیارە، ڕای ئێمەش وایە وەكو پارێزگاكان بێت بۆ ئەوەی مجالس الغرف) نوێنەرایەتی بكەن، (مجالس) ئەوكاتە نوێنەرایەتی هەموو پارێزگاكان بكەن، چونكە بازرگانەكان هەموو لەهەولێر كۆببنەوە لەقازانجی هەولێردا نییە وبازرگانەكانی هەولێر ودهۆك و سلێمانی ناتوانن بێن بۆ ئێرە، ئەندامەكانی (مجلس الاتحاد) هەمووی لەیەك شار دەبن وەكو بەغدا وەكو ئەوەی ئێمە جێگیرمان كردبوو چاكترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی یاساكە ڕێگای لەكەس نەگرتووە كە خۆی بپالێوێ وەڕێگای لەكەسیش نەگرتووە كە دەنگ بدات، ئێمە وەكو پارێزەران ئەوەی كاری پێ كرا بێ تائێستا بەپێی یاسای پارێزەرانی عێراقی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر كراوە یا هەڵبژاردنی (نقیب) لە هەر شارێك لەشارەكانی عێراق سەرتاسەر هەڵبژاردن دەكرا، بەبێ ئەوەی هەموو پارێزەران لەبەغدا خرببنەوە، لەبەر ئەوەی بارەگای سەندیكای پارێزەران لەبەغدایە، لەكاتێكی دیاری كراودا لە هەموو شارەكان لەسەرتاسەر هەڵبژاردن دەكرێت بەیەك لیست لیستێكی دیاری كراو دەنگی لەسەر دەدرا لە هەمان لیستیش لە خوارێ بۆ دەستەی بەڕێوەبردن دەنگ دەدرا، ئێستاكە ئەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەكرێت (اتحاد) چارەی ئەوشتە بكات(هیئەی عامە)هەڵبژاردن دەكرێت هەر یەكە لەشاری خۆی دەنگەكان كۆ دەكرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەكیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینییەكم هەیە لەسەر مەسەلەی (فەسڵ)، شتێكی زاندراوە فەسل ئەبێت لەنێوان دوو باسدا بێت لەسەرەوە هیچ باسێكی تر نەبووە تاكو ئەو فەسڵە بخرێتە نێوانی، من نازانم حەز دەكەم ئەو پرسیارە لەبرادەران بكەم، ئەبوایە. الباب الاول.. بوایە كەچی الفصل الاول هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ با ئەم بابەتە ببڕێنینەوە، ئەمە ئەهێڵینەوە بۆ داڕشتن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا مادە(١٠)دەنگی لەسەر دراوە دەتوانین لەكۆتایی مادە(١٠)دا مادەیەك زیاد بكەین، یا بڕگەیەك زیاد بكەین ئەو مافەمان هەیە كە (مجلس الاتحاد)بە هەڵبژاردن دەبێت. چونكە مادە(١١)ئێستا دەنگی لەسەر نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەو بڕگەیەدا ئەگونجێ، باشە ئێستا بابێینەوە سەر هەڵبژاردنی گشتی، بابیخەینە سەر هەڵبژاردنی (مجلس الاتحاد)، پێشنیازی یەکەم ئەوەیە کە لەلایەن (غرف)ی پارێزگاکانەوە بێت، واتا ئەنجوومەنی (غرف الاتحاد)وە بێت، ئەمە پێشنیازێکە کێ لەگەڵ ئەوەیە هەڵبژاردنی (مجلس الاتحاد) لەلایەن (مجالس غرف المحافظات)ەوە بێت، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ-لەلایەن (مجالس غرف المحافظات)ەوە دەبێت. جا ئەو بڕگەیەمان لە جێگایەکی گونجاو بۆ جێگیر بکەن. پێشنیار دەکەم ئەگەر لانی یاسایی ڕێگامان بدات لیژنەی داڕشتن زیادی بکات، برایان چارەیەکی تریش هەیە ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن مادە(١١)ئێمە دەنگمان لەسەر نەداوە (اتحاد المجلس يتألف من(٩) اعضاء يحدده مجلس الاتحاد على ان الا يقل عن(٧)اعضاء ولايزيد عن (١٣) ثلاثة عشر عضوا)، ئەمەش باشە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناتەواوی یەکی یاسایی هەیە لەو داڕشتنەدا، (يتم انتخاب مجالس الاتحاد من قبل مجالس الغرف)، کێن ئەندامانی (مجلس الاتحاد)؟ ،لێرە ئەوەیە بۆ بەیان نەکراوە؟ دەبێت ئەوەش زیاد بکرێت پێش ئەوەی بگەینە سەر مادە(١١). نەخێر دیاری نەکراوە ئەنجوومەنی (غرف) دەکاتە ئەو کەسانەی کە لەلایەن دەستەی گشتی ئەو شارەوە هەڵبژێردراون، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک ئەیاد ڕاستە، بە زنجیرەی مادەکان پێویستە ئێستا لەوحالەتە هەڵبژاردنی (غرف) بکرێت، ئەنجا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرۆک بکرێت، بۆیە پێویستە ئەو مادەیە بخرێتە سەر مادە(١٠)لەبڕگەیەکی دواییدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین ئەو ئەندامانە کێن کە دەبێ ئەوان دەنگی بۆ بدەن لەنێوان خۆیاندا؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک ئەیاد لەجێگای خۆیەتی، دەبێت ماوە بدرێت لە نێوان خۆیان وخەڵکی تریش بڵێن ئەوە خۆی بپاڵێوێ، بەڵام لەوانەیە مافی دەنگدانی نەبێت، چونکە ئەندام نییە لەژووری بازرگانی هەولێر یاسلێمانی یادهۆک، ئەندامانی ژووری بازرگانی ئەو شارانە ئەنجومەنەکە هەڵدەبژێرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە یاسای عێراقی چارەسەری کردووە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی کەبڵێین: (منتخبون من قبل مجالس الغرف). گرفتێکی زۆر گەورە دروست دەکات، چونکە مانای وایە (مجالس الغرف) بۆخۆشیان دەبنە (مجالس الاتحاد) ئەمەش ماقووڵ نییە (مجالس الغرف) (مجالس الاتحاد) بێت، ئەگەر ئەو وشە وارۆیشتبایە. (الاتحاد ينتخبون من قبل الهيئات العامة). ئەوەی کە ئێمە لیژنەی یاسا هیچ گرفتێکی دروست نەئەکرد: (الاتحاد يديرها مجلس منتخب من قبل الهيئة العامة). هەموو بازرگانەکان دەگریتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر قانونی عێراق لە(غرفە)کان ئەوانەی کە لەهەڵبژاردن دەرچوون خۆیان (مجلس الاتحاد) هەڵدەبژێرین هیچ گرفتیشی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوە دەنگی لەسەردرا لەسەر ئەو مەسەلەیە انتخاباتی مجلس اتحاد لەرێی ئەنجوومەنی ژوورەکان دەکرێت ئەوە بەراستی بەپەلە کراوە، لێرە دوو ریگا هەیە بۆ (مجالس انتخاب) ئەوەی کاک ئەیاد وتی ئی سەندیکای پارێزەران کە دەکرێ ئی پارێزەران لەهەموو جێگایەک لەعێراق بێت. وەک گوتمان ئەو نوێنەرانەی کە لەئەنجوومەنی ژوورەکانن بەتەنیا ئەوانە دەنگیان هەبێت بۆ ئەنجوومەنەکانی (اتحاد)، بەڵام لەو حالە کێ کۆ دەبێتەوە ئەوانەی کە لەئەنجوومەنی ژوورەکانن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوە هەڵەیەکی (مادیيە)، هیچ لەنگیەکی لەسەر نییە کە ئەگەر یەک دەستەواژە زیاد بکرێت ئەویش ئەوەیە: (يتم انتخاب من قبل مجالس الغرف) ئەوە پەرلەمان بەزۆرینەی دەنگی لەسەر داوە، بەڵام هەڵەیەکی مادی تێدایە، ئەگەر زۆر ئاساییە وشەی(من بين اعضائهم)زیاد بکەین ئەو(٤٠)کەسەی لەنێوان ئەو ئەندامانە بن دەستەی (اتحاد) هەڵدەبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەمادە(١١)( تتألف الهيئة العامة للغرف من جميع اعضائها...) مادە(١٤)پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی داواکردنی (هیئەی عامە) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی (غرفە)، مادە(١٥)پەیوەندی هەیە بە (اعضاء المجلس) وئیحتیاتەکانی مادە(١٦)ئەڵێ: (انتخاب رئيس ونائبين). مادە(١٧)(شروط ترشيحه لمجلس الغرفة) کەواتە لێرە ئەتوانین جێگایەک بکەینەوە لەهەڵبژاردنی (مجلس الاتحاد).

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لەلیژنەی یاسا ئێستا ئێمە پێڕەوی ناوخۆ بۆ ژووری بازرگانی دائەنێین یان یاسا؟ ژووری بازرگانی، وابزانم ئەم درێژە پێدانەیان لەو پەیڕەوی ناوخۆی خۆیاندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە وتم بڕگە(٣)ی مادە(١٠) ژووری بازرگانی مافی هەیە پێڕەو بۆ خۆی دابنێ بۆ مەرجی هەڵبژاردن وشێوەی هەڵبژاردن، ئێستا ئەگەر ئەو بڕگەیە دەنگی لەسەر دراوە باشتێک دانەنێین دووبارە لێی پەشیمان ببینەوە، چونکە بەپێی یاسا راست نییە تەنها دەبێت پرۆژەیەکی تر پێشکەش بکرێت، ئەو بڕگەیە هەموار بکرێت، بەڵام ئەو مادەیە کەجێگای بکەینەوە جێگای هەیە لە کۆتایی مادەکە دایبنێین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبژاردنی (غرف) لەمادە(٢١)کۆتایی پێ دێت، ئەگەر بێتو ئەوە بکەینە مادە(٢٢)بڵێین پاش ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی (غرف) کرا ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی گشتی هەیە ئەویش ئەگەر هاتوو دەنگ لەسەر مادەیەک درا لەوانەیە ئەو مادەیە پێش ئەوەی دەنگدانی گشتی لەسەر هەموو مادەکانی بکرێت لەوانەیە هەڵبوەشێتەوە، چونکە هەر بەراستی خاوەن بڕیاری سەرەتاییە جا ئەوە زۆر گرفتی دیمان بۆ دروست دەکات لە زۆر بابەت کە دەنگی لەسەر دراوە کە ناتوانین بگەڕێینەوە، لەهەمان کاتیشدا هەموو قانونەکە جاریَ نەخراوەتە دەنگدان، ئایا پەرلەمان رەزامەندی لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەو یاسایە وەکو یاسایێکی تەواو بەو شێوەیە دەربچێت یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گومان لەوەدا نییە، وەڵامەکەت(١٠٠٪)راستە، ئێمە ئەتوانین بیگۆڕین، زیادی بکەین، ئێمە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ مادە بەمادە دەنگی لەسەر دەدەین ئەگەر هەموار کردنێکمان هەبوو حسابێکی بۆ دەکەین. ئێوە لە لیژنەی یاسا بەهەموو درێژە پێدانێکەوە چوونەتە ناو مەسەلەی (غرفة التجارة)، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی (مجلس)تان نەکردووە (مجلس الاتحاد) بە دەسەڵاتترە مادام (مجلس الاتحاد) بەپێڕەوی ناوخۆیە، ئەبوو بتان ووتبایە وئێمەشتان لەو هەموو گفتوگۆ کردنە رزگار بکردبایە.

ماده(١١)چ تێبینیەک نەبوو.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ماده(١١)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٢): مدة عضوية مجلس الغرفة اربع سنوات ويجوز اعادة انتخاب من انتهت مدة عضويته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده(١٢)چ تێبینی نییە لەسەری.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٣)تتألف الهيئة العامة للغرفة من جميع اعضائها الذين سددوا كامل بدلات اشتراكاتهم السنوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده(١٣)چ تێبینی لەسەر هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٤): يدعو رئيس الاتحاد الهيئة العامة للغرف لاجراء انتخابات مجلسها وطرق النشر المعتادة ويكون النصاب حاصلا اذا حضر الاجتماع اغلبية الاعضاء وفي حالة عدم حصول النصاب في الموعد المقرر للانعقاد يؤجل الاجتماع الى اليوم نفسه في الاسبوع التالي ويكون النصاب حاصلا عندئذ مهماكان عدد الحاضرين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ماده(١٤)؟، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٥): يتم انتخاب اعضاء المجلس بالاقتراع السري من قبل الهيئة العامة للغرفة على ان يتم انتخاب اعضاء احتياط لهم في المجلس لايزيد عددهم عن خمسة اعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده(١٥)، چ تێبینی لەسەری هەیە؟، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٦): ينتخب من بين اعضائه المجلس بالاقتراع السري رئيسا ونائبين للرئيس واذا شغر مركز احدهما ينتخب المجلس في اول اجتماع له من يحل محله ويعلم الاتحاد والمحافظة بنتيجة الانتخاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر مادە(١٦).. کێ لەگەڵە ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٧)يشترط فيمن يرشح لعضوية مجلس الغرفة ان يكون:

١- من مواطني اقليم كوردستان-العراق.

٢- لايقل عمره عن(٣٠)سنة.

٣- مارس التجارة اوملك مشروعا صناعيا ومضى على انتمائه الى احدى غرف التجارة أو الصناعة او احدى الغرف التجارية العراقية او اتحاد الصناعات العراقي المتواجدة قبل نفاذ هذا القانون مدة لاتقل عن خمس سنوات وتكون هذه المدة ثلاث سنوات لمن كان حائزا على شهادة جامعية اولية معترف بها ويستثنى من شرط مدة الانتماء الى الغرفة المدراء المفوضون في الشركات الخاصة شريطة ان يمضوا ثلاث سنوات متواصلة في ذلك المنصب عند تقديم طلب الترشيح.

٤- يسدد كامل اشتراكاته في الغرفة.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەباتی (اقليم كوردستان) بنوسین (ساكن اقليم كوردستان) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بازرگانێکمان لە لەندەن، یا لەپاریس، یا لەئێران هەبوو و، ویستی ببێتە ئەندام لەژووری بازرگانی کوردستان، بۆ ڕێگایان لێ بگرین؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی(٢)تێبینیم هەیە ئەڵێت (لايقل عمره عن(٣٠)سنة)، بەراستی ئەمە شتێکی باش نییە ئەمە ڕێگا لە گەنجەکان ئەگرێت بۆ وادیاری بکرێت؟ پێم باشە بکرێتە(٢٥)ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەک هەیە بۆ لیژنەی یاسا ئێمە وتوومانە-(الاقلیم)(اقلیم کوردستان العراق) بێ، هەروەها هێرۆ خان پێشنیازی کردووە کە لە(٣٠)ساڵەوە بکرێت بە (٢٥)ساڵ، چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەو پێشنیازەو، ئەو تێبینییە، واتا ئەو بڕگەیە بکرێت بە(٢٥) ساڵ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە بە(٢٥).. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ بڕگە دوو کرا بە(٢٥) ساڵ.

مادە(١٧)پاش ئەو هەموارکردنە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پاش ئەو هەموارکردنە وەکو خۆی ئەمینێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٨)يقدم طلب الى الغرفة قبل اسبوعين في الاقل عن الموعد المقرر للانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(١٩): يشرف على الانتخابات حاكم يسميه رئيس محكمة الاستئناف المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٩)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٢٠) تؤلف في مقر الاتحاد لجنة للفصل في صحة الانتخابات برئاسة حاكم يسميه رئيس محكمة الاستئناف المختصة وعضوية ممثل عن كل وزارة من وزارات الداخلية والمالية والاقتصاد والصناعة والمعادن وممثل من الاتحاد وتكون قراراتها قطعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا (الصناعة والمعادن) نییە، بەڵکو (طاقە)یە ئەمان هەر لەیاسای بازرگانی بەغدا هەڵچوونەتەوە، مادە(٢٠)(معادن) ئەکرێت بە(طاقە)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.. بەڵام (معادن) ئەکرێت بە(طاقە).

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

مادة(٢١): لكل ناخب ان يطعن في صحة الانتخابات خلال مدة اسبوع من تاريخ اعلان نتيجة الانتخابات على ان يدفع تأمينات لصندوق الغرفة مبلغاً قدره (١٠٠٠) الف دينار يسجل ايرادا لها عند رد الطعن اوتنازل مقدمه.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

ئەنجا ئەو(١٠٠٠)دینارە ئی سەردەمی کۆنە، ئێستا بەرامبەری (١٠٠) دینارە، بۆ ئێوە کردوتانە بە (١٠٠٠) دینار؟

**بەڕێز ئەحـمەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بەپێی ئەو خاڵانەی باسی هەڵبژاردن ئەکات، خۆی یاسایەکی تایبەتی هەیە، چ یاسای هەڵبژاردن یا هەڵبژاردنی کۆمەڵەکان ئەوە لێرە دەست نیشانی کردووە، رەنگە پێویست نەکات لێرە، بۆ دووبارە بکرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

زۆرشت لێرە پێویست نەبوو ئەمە هەمووی پێڕەوی ناوخۆیە کە لێرەدا باسی ئەکەین، ئەبوو لەسەرەتاوە چارە بکرابایە، ئێستاش لەسەر ئەم چەند خاڵە ناوەستین ئێستا مادە(٢١)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

مادة(٢٢): يفقد عضو مجلس ادارة الغرفة عضويته بقرار مسبق من مجلسها في احدى الحالات التالية:-

١- اذا فقد شرطا من شروط العضوية.

٢- اذا لم يحضر اجتماعات مجلس الغرفة ثلاث مرات متتالية بدون عذر مشروع اوتغيب عنها مدة ستة اشهر متتالية لأي سبب كان.

٣- اذا وجه العضو المنتخب اهانة متعمدة الى رئيس الاتحاد وصدر حكم قضائي بات اولأي عضو من اعضاء مجلس الاتحاد او رئيس الغرفة او نائبه او اي عضو من اعضاء مجلس الغرفة او عرقل تنفيذ قرارات المجلس او ارتكب مخالفة ادبية او معنوية يسيئ بها الى سمعة الاتحاد او الغرفة.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

ئەمە زۆری زیادە، ئێمە لە یاسای پەرلەمان ئەو درێژە پێدانەمان نییە، ئەمە دەقی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)ی ڕژێمە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەمووی زیادە، بەراستی دەستی خەڵکمان بەستووە بە هۆی یاسا و شتێکی خراپمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە شتی خراپمان نەکردووە، لە پێڕەوی ناوخۆ تەنها ئەوی باسی ئەکەین مادە(٢٢) زیادە، چونکە یەکێک رەخنە بگریت لە(رئیس الاتحاد) بۆ دەبێ دەربکرێت؟.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر خەتی یەکەمی لەگەڵدا بێت قەیناکە.. (وصدر حکم قضائی بات). وپاش ئەویش رێی داوە واتە شکایەتی کردووە جێگیری کرد کە کابرا سوکایەتی پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بۆ (رئیس الاتحاد) ئەو (حصانە)ی هەبێت؟..

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵام جەخت لەسەر ئەندامییەتی ناکات، ئەگەر چووە دادگاو دەرکەوت ئەو کابرایە دەست درێژیکەرەو حوکمیش درا کار لەسەر وەزعیەت ناکات کەدواخرا بۆ جاری دووەمیش دووبارەی دەکاتەوە، بەڵام کە حوکمی دادگا دەربچێت هیچ پێویستی ناکات ئەندامێتی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە بۆ هیچ کەسێک شتی وامان کردووە؟! بۆ هیچ سەرۆکی رێکخراوێک مەرجی وا هەیە، کە ئەگەر ئەندامێک سوکایەتی پێکرد حوکم بدرێت؟.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

برگە(١.٢)بۆ ئەو مادەیە بەسە، کابرایەک لەدادگا سزا دەدرێت حکمی خۆی وەردەگریت ئەوەندەی بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەکاتی خۆیدا قسەمان کرد ووتمان ئەوانە بۆ پەیرەوی ناوخۆیە ئیستاش ئەگەر ئەم مادە(٢٢)ە هەمووی لابەرین پێویستمان پێی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

(اذا فقد شرطا من شروط العضوية). خۆی لەخۆیدا دیاری کردووە، ئەگەر ئەو شتانەی تێدا

نەبێت مافی نییە ببێت بە هیچ، ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت ئەمە ئەبێت جەختی لەسەر بکەین. (اذا لم یحضر اجتماعات الغرفة). یا ئەگەر (رئیس الأتحاد) سوکایەتی پێکرا، باهەر وەکو هاولاتییەکی ئاسایی بچێت شکات بکات..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنە دەبێ لەکۆبوونەوەکاندا ئامادە بن، ئەندامێک بچێت لەماڵ دابنیشێت ونەچێت بۆ کۆبوونەوەکان پاش ساڵێک بڵێت من ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنم مانای وایە ئیشەکانیان ناچیتە سەر، ئەوە ئەندامی گشتی نییە، بەلام مەرجی سێیەم راستە مەرجێکی سەر بەدادگایە مەرجی سێیەمی لێ لابدەین. (٢,١)دەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم شێوەیە ئەوە راستە، بەلام ئیشی پێڕەوی ناوخۆی خۆیانە، بەراستی ئێمە کارمان بەم مەسەلانەوە نییە ئێمە قانونێک دائەنێین بۆ کاروبارەکانیان، ئەوان بەرنامە وپێڕەوی خۆیان چییە خۆیان دای ئەنێن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە رەخنە لە هەندێ شتی پێڕەوی ناوخۆ دەگیرێ مانای وا نییە کە هەڵەمان تێدا کردووە، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەمە هەر لە پێڕەوی ناوخۆیەکەدا بێت وئیشی تێدا بکرێت بۆ پتەوکردنی و راست کردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە پێڕەوی ناوخۆمان لەسەر سەپاندوون، هەندێ شت پێتان خۆش بوێ یا پێتان ناخۆش بوێ حەز دەکەم بیخەنە پێڕەوی ناوخۆوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەی کاک سەید حەسەن کە ئەڵێ ئەوە پێویستە لەبەر ئەوەی(اذا لم یحضر الاجتماع ثلاث مرات متتالیة) لەماوەی شەش مانگدا، بەلام (٣) جار ئەندام ئامادە نەبێت بۆ دەربکرێ؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو درێژە پێدانە زیادە بۆ یاسایەک کە دابنرێ ئەوە پێڕەوی ناوخۆیان صیغەیەکەو پێویست بەو درێژەدانە ناکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لەیەکیەتی ژووره بازرگانییەکانمان پرسی ئەوانە هەر مانگی جارێک یادووجار کۆ دەبنەوە یانی ئەگەر(٣)کۆبوونەوە ئامادە نەبوون مانای نییە هەموو ڕۆژی کۆ ببنەوە ئەمە یەک، لەپاشان ئێمە بۆ ئەو یاسایە لەبەر پرسی ئەو بەشەمان پرسیوە وایان بەپەسەند زانیوە کەبۆیان دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینە سەر مادە(٢٢)بڕگە(١)، کێ لەگەڵ ئەمەیە بڕگە(١)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. (إذا فقد شرطا من شروط العضوية).. دەردەکرێ لەئەنجوومەنەکە.. کێ لەگەڵی نییە؟..مادە(٢٢) بڕگە سێ ئەڵێ: يفقد عضو مجلس ادارة الغرفة عضويته بقرار يصدره مجلسها في احدى الحالات التالية:

١- اذا فقد شرطاً من شروط العضوية.٢- اذا لم يحضر الاجتماعات ثلاث مرات متتالية بدون عذر مشروع او تغيب عنها لمدة ستة اشهر متتالية لأي سبب كان.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێشنیاز هەیە کە ئەمە هەمووی لابەرین ئەوە بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە(٢٢)هەڵوەشێتەوە؟. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يتم انتخاب مجلس الاتحاد الوارد ذكره في المادة التاسعة من هذا القانون من قبل مجالس الغرف ومن بين اعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیارێکە کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە تێکڕای دەنگ ئەو دەقە جێگیر کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٣): تتكون مالية الاتحاد ممايلي:

١- ماتموله الغرف وبالطريقة التي يقررها مجلس الاتحاد.

٢- التبرعات والاعانات التي يقررها مجلس الاتحاد.

٣- الايرادات الناجمة عن الخدمات التي يؤديها الاتحاد .
٤- الايرادات الناجمة من استثمار اموال الاتحاد والغرف وفقا للقانون .

**بەڕێز فــــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من لەسەر خاڵی دووەم: التبرعات والاعانات التي يقررها مجلس الاتحاد. مۆڵەتیان دەدەینێ کەپیتاک کۆ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دەبێ بەپێی یاسا بێ، ئەمە یەکێکە لەگرفتەکانمان، ئێستاکە هەر پارێزگایەک بەشێک لەشارەوانییەکانیان بەئارەزووی خۆیان رەسم و پیتاک وەردەگرن.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـــەمـــەد نەقــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

التبرعات والاعانات التي يقررها المجلس. واتا بازرگانەکان لەنێوان خۆیاندا، ئەگەر نەیاندا ئەمە بەزۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە با دیاری بکەین، (التبرعات والاعانات التي يقررها مجلس الاتحاد بين الاعضاء بموجب القانون نافذة المفعول). یاسای (إکتتاب) نییە بۆ نەی بەستینەوە بەمەسەلەی کۆکردنەوەی پارە بۆ ئەوەی لایەنی یاسایی هەبێ؟ چونکە هەتاکو لایەنی یاسایی نەبێ (تدقیق) ناکرێ وەکو گوتم ئێستاکە پارێزگارەکان رەسم لەخەڵک داوا دەکەن پیتاک دەسەپێنن، قائمقامەکان بەشێکیان وایان لێ هاتووە، شارەوانی لەدوو سێ لاوە ئەو شتانە دەکەن و، وای لێ هاتووە بازگەکانیش رەسمی پیتاک وەردەگرن.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـــەمـــەد نەقــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بڵێین: (التبرعات والاعانات التي يقدمها الاعضاء الى مجلس الاتحاد)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو هەموار کردنە خراپە سەر بڕگە (٢).

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـــەمـــەد نەقــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەبێتە:التبرعات والاعانات التي يقدمها الاعضاء الى مجلس الاتحاد .

**بەڕێز مــــەلاهـادی خـــــضـــــرکــــوخـــــا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو مادە بڕگە(٢)ی گۆڕاو شتی باشە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

خۆی تەنها ئەوەی بەڕێز کاکەرەش گووتی زۆر تەواوە، بەلام چ جیاوازی وای نییە لەگەڵ ئەمەی من، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

مادەی(٢٣)پاش ئەو هەمواركردنەی كە خرایە سەر بڕگە(٢)، كێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٢٣)وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پاش ئەو هەموار كردنە بڕگە (٢)ی مادەكە وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

المادة(٢٤): تتكون مالية الغرف ممايلي:

١- بدلات اشتراكات الاعضاء السنوية وفق الجدول رقم(١)الملحق بهذا القانون.

٢- الايرادات الناشئة عن استثمار اموالها وبدلات ايجار عقاراتها.

٣- الاجور التي تستوفيها لقاء ما تقدمها من خدمات وفق الجدول رقم(٢)الملحق بهذا القانون.

٤- القروض الداخلية على ان تكون بموافقة مجلس الاتحاد.

٥- التبرعات والمنح.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

بڕگە(٥)وابزانم دەبێ دەستكاریەكی تێدا بكەین ئەو(المنح)ە هەڵبگرین، مادە(٢٤)پاش ئەوەی بڕگە(٥)(منح)ەكەی لێ هەڵدەگیرێ دەبێتە: (التبرعات التی یقدمها الاعضاء). ئەمە لیژنەی یاسا دای بڕێژێتەوە. كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزكرایەوە.. بە تێكڕای دەنگ پاش ئەو هەمواركردنەی كە خرایە سەر خاڵی (٥) لەو مادەیەدا بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

مادة(٢٥)لايجوز للغرفة تقديم اية مساعدات او معونات او تبرعات او تسليف مبالغ الا بموافقة مجلس الاتحاد مالم تكن لغرض تنفيذ التزاماتها.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

مادە(٢٥)، كێ لەگەڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزكرایەوە.. بەتێكڕای دەنگ مادە(٢٥)وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٦)للغرفة شراء العقارات او انشاء الابنية بموافقة مجلس الاتحاد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢٦)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە..
بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٧)على الغرفة ان تقدم الى مجلس الاتحاد :

١-تقريرا سنويا عن اعمالها .

٢-حساباتها الختامية للمصادقة عليها وذلك خلال مدة لاتزيد على ثلاثة اشهر من تاريخ انتهاء السنة المالية ان تدقق من قبل الرقابة المالية.

٣-موازنتها التخطيطية السنوية قبل بداية السنة المالية بثلاثة اشهر على الاقل للمصادقة عليها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢٧)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە..
بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٢٨):

١- يستحق بدل الاشتراك السنوي للعضو في بداية السنة المالية ويسدد في الموعد الذي تحدده الغرفة.

٢- اذا انتهت السنة المالية ولم يسدد العضو بدل اشتراكه السنوي فيستوفى منه عن ذلك التأخير مبلغ لايزيد عن(١٠٪)عن بدل الاشتراك عن كل سنة تأخر فيها عن التسديد مالم يبد معذرة مشروعة يوافق عليها رئيس مجلس الغرفة وذلك وفق النظام الداخلي للغرفة.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاز دەکەم مادە(٢٨)یەکێکە لەوانەی بچێتە ناو پێڕەوی ناوخۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیازێک هەیە مادەی(٢٨)هەڵبگیرێ بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێکڕای دەنگ هەڵگیرا بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مادة(٢٩)ئەبێتە مادة(٢٨): تستثمر اموال الغرفة على الوجه الاتي:-

١-الايداع لدى المصارف في الاقليم.

٢-شراء سندات قروض حكومة الاقليم.

٣-اية مجالات استثمار تتفق واهداف الغرفة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مـادە(٢٨)، کێ لەگـەڵە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە؟.. کێ لەگەڵ نیـیـە؟.. دەست بەرز کـرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مادة(٢٩): يعد مجلس الاتحاد نظاما داخليا للاتحاد والغرف يصادق عليه مجلس وزراء الاقليم يتضمن مايلي:

١- تنظيم وضبط اجتماعات مجلس الاتحادات ومجلس الغرفة والبت بها وكيفية التصويت على القرارات وتنفيذها.

٢- صلاحيات رئيس مجلس الاتحاد ونائبه ورئيس مجلس الغرفة ونائبه.

٣- الهيكل التنظيمي للجهاز الاداري للاتحاد والغرف وفقا لحاجاتها.

٤- اللجان الضرورية لتسهيل اعمال الاتحاد والغرف.

٥- تنظيم الاعمال الاخرى للاتحاد.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێشنیازێک هەیە ئەڵێ مادە(٢٩)پێویست ناکات تەنیا پێشەکیەکەی نەبێت، وەکو مادە(٢٩): (يعد مجلس الاتحاد نظاما داخليا للاتحاد والغرف يصادق عليه مجلس وزراء الاقليم). چونکە پێڕەوی ناوخۆ (تحصيلى حاصل) دەبێ ، ئەگەر لیژنەی یاسا لاریان نەبێ، کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە(٢٩)تەنها پێشەکیەکەی تاکو ئەنجوومەن (مجلس وزراء الاقليم). ئەوەی دەمێنێتەوە فت بکرێ، کێ لەگـەڵ ئەمـەیە؟.. کێ لەگـەڵ نیـیـە؟.. دەست بەرز کـرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ خاڵی(١-٥)لەغو کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مادة(٣٠)يجوز منح رئيس واعضاء مجلس الغرفة مكافات سنوية يحدد مقدارها وطريقة منحها بقرار من مجلس الاتحاد على انه لايجوز الجمع بين مكافأة مجلس الاتحاد ومكافأة مجلس الغرفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٣٠)، تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە بگوێزرێتەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا ئەمەیە کە بمێنێتەوە، چونکە دیاری بکرێ باشترە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٣٠)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٣١): تخضع حسابات الاتحاد والغرف الى تدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٣١)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٣٢):

١- تسري على العاملين في الاتحاد والغرف احكام قانون العمل (٧١)لسنة١٩٨٧وقانون التقاعد والضمان الاجتماعي رقم (٣٩)لسنة ١٩٧١او اي قانون يحل محلها.

٢- على مجلس الاتحاد اصدار قواعد خدمية وانضباط خاصة لتنظيم خدمة العاملين في الاتحاد والغرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٣٢)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٣٣) تؤول جميع الحقوق والتزامات الغرف التجارية وفروع اتحاد الصناعات العراقية في الاقليم الى الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٣٣)،کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

المادة(٣٤): على الغرف التجارية واتحاد صناعات الاقليم ملائمة اوضاعها مع احكام هذا القانون خلال مدة شهر من تأريخ نشره.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مادە(٣٤)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

المادة(٣٥): لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة(٣٦): على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة(٣٧) ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مادە(٣٥)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

مادە(٣٦)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

مادە(٣٧)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..دەست بەرزکریەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

الاسباب الموجبة:

بعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق وما تلته من خطوات تشريعية وادارية آخرها اعلان النظام الفيدرالي لكوردستان العراق، وجد من الضروري اعادة النظر في موضوع التنظيم المهني للتجار والصناعيين في الاقليم لضمان ايجاد تنظيم مهني شامل يستطيع الاضطلاع بمهامه ودوره في تنشيط وتطوير التجارة والصناعة في الاقليم والعمل على ازدهارهما ويستجيب للمتغيرات السياسية والاجتماعية والاقتصادية الحاصلة ولاجل ذلك فقد شرع هذا القانون.

جدول رقم/١

بدلات الاشتراك السنوي في غرف التجارة والصناعة.

اولا- يكون بدل الاشتراك السنوي للاعضاء من التجار كمايلي:

| الصنف | الكفاءة المالية | بدل الاشتراك السنوي/دينار |
|---|---|---|
| الممتاز | مليون دينار فأكثر | ٥٠٠ |
| الاول | من(٢٥٠)الف دينار الى اقل من مليون دينار | ٣٠٠ |
| الثاني | من(١٠٠)الف دينار الى اقل من (٢٥٠)الف دينار | ٢٠٠ |
| الثالث | من(٣٠)الف دينار الى اقل من (١٠٠)الف دينار | ١٠٠ |
| الرابع | اقل من(٣٠)الف دينار الى | ٥٠ |
| الخامس | اقل من عشرة الاف دينار | ٢٥ |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەموار کراوە یان یاسای کۆنە لەیاسای عێراقی؟ هەر ئەمەندەیە، چونکە ماقوول نییە ئێستا(٥٠٠)دینار ببێتە (بدل اشتراک)ی یەک ملیۆن دینار بە پێی حسابی کۆن بێ، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵانە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبە: وتەی یەکەم ئەی(بعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق وماتلته من خطوات تشريعية وادارية اخرها) بۆچی (اخرها)؟ (من ضمنها)و(في مقدمتها) شتێکی وابێت، نەوەک ئەمە، نازانم ئەمە وایە یانە ئەوەی باسی (بدلی اشتراک) دەکات، پرسیارەکەم بەرەو رووی لیژنەی یاسا دەکەم، ئەم کارە دەگەرێتەوە بۆ پەیرەوی ناوخۆ یان یاسا؟ ئەگەر بۆ پەیرەوی ناوخۆ بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا با تێبینی خۆی کۆ بکاتەوە ودوایی وەڵامیان بداتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەشی دووەمی بۆچوونی کاک (د.کەمال)م مەبەست بوو، ئەمە کاری پێڕەوی ناوخۆیە، لەوانەیە بۆ خۆیان زیادی بکەن یاکەمی بکەن، من پێم وایە بچنە ناو پێڕەو باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە روونە، مەسەلەی (بەدەل اشتراک) وا پێشنیاز دەکرێ کەبچێتە ناو پێڕەو، کێ لەگەڵ

ئەو پێشنیازەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ دەچێتە ناو پێڕەو.
خاڵی دووەم: (يكون بدل الاشتراك السنوي للاعضاء من الصناعيين المذكورة اصنافهم ادناه اثنان من الالف) وابزانم ئەمەش پەیوەندی بە پێڕەوی ناوخۆوە هەیە، پێشنیازێکی وا هەیە، خاڵی دووەمیش بڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ.. کێ لەگەڵ ئەوەیە دووەمیش بڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ.. واتە خشتەکە ئەڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ. تەنها یەک تێبینی هەیە، ئەویش کە ئەو خشتەیە لابرێ.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خشتەکە وابزانم دەنگمان لەسەر داوە، چۆن دەچێتە پێڕەوی ناوخۆ؟ لەمادە(٢٤)دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بڕیار دەدەین چارەسەری بکەین و، با بەدارشتن بێت، لیژنەی قانونی ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکەن، مادەیەک زیاد بکەین بۆ پێڕەوی ناوخۆ، با برگەیەک زیاد دەکرێ کە ئەنجومەن دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەو خشتەیە بکات بەپێڕەوی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە لەوی خشتەی ژمارە ئەوەندە لابرێ بۆ خۆی دەڕوا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەیە بەتایبەتی لەسەر ئەو ڕێکخراوە پیشەییانە کە ئێستا ئەوەندە بیر لە پێڕەوی ناوخۆ نەکرێتەوە کە هەموو شتی هەر بۆ پێڕەو بچێ، چونکە ئەو گفتوگۆیەی کە ئێستا لێرە لەو بابەتە دەکرێ دوور نییە بچێ بۆ پێڕەوی ناوخۆ کە هاودژ بێ لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرشت چەسپاوە، وەک زاندراوە پێڕەوی ناوخۆ دەخرێتە دەنگدانەوە با لەم یاسایەوە بچینە ناو درێژە پێدانەوە دێینە سەر یاسایەکە وەک یاسای یەکیەتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کێ لەگەڵە ئەوەیە پاش ئەو دەستکاریە پەسەند بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا. بەمە یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

یاسای لیژنەی تەندروستی ماوە تائێستا لەلیژنەی ناوخۆ ناتوانین قسەی لێ بکەین، تا ئێستا ئەم یاسایەو یاسای حزبەکانمان بۆ نەهاتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

چەند پرۆژەیەک هەیە لەبەر دەستی لیژنەی یاسا، هەر پرۆژەیەک لای لیژنەی پسپۆڕی خۆیەتی، هەوڵ بدەن چیان لەبەر دەست دایە لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا بۆمان تەواو بکەن.

بەمەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستانی عێراق

## بەشی یەکەم
## (پێناسەکان)

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- کوردستان: کوردستانی عێراق.

٢- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٤- یەکێتی: یەکێتیی ژوورەکانی پیشەسازیی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنەکانی یەکێتی ژوورەکان.

٦- ئەنجوومەنی ژوور: ئەنجوومەنەکانی ژوورەکانی بازرگانیی وپیشەسازی لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

٧- ئەندام: بازرگان یان پرۆژەی پیشەسازی کە ڕێگەی دامەزرانی بەپێی یاسای دارایی بەو مانایەی کە ئەندامێکی تومارکراوە لە یەکێ لە ژوورەکاندا.

## بەشی دووەم
## دامەزراندن: ئامانجەکانی لقی یەکەم ـ یەکێتی:

**ماددەی دووەم:**

١-بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەک دادەمەزرێ بەناوی یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی وپیشەسازی لە هەرێمی کوردسیتانی عێراقدا لەو ژوورانەی بازرگانی ولقەکانی یەکێتیی پیشەسازی یەکانی عێراقی کە ئێستا لە پارێزگاکانی هەرێمدا هەن.

٢-یەکێتی ڕێکخراوی پیشەیی ئابووری یەو کەسیاسەتێکی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی

وئیداری هەیە وسەرۆکی یەکێتی یا ئەو کەسەی ئەو دەسەلاتەی دەداتێ دەبێتە نوێنەری.

٣- ئەنجوومەنی وەزیران مافی سەرپەرشتیی گشتی ورێنوێنی کردنی بەسەر یەکێتی دا هەیە ودەتوانێ سەبارەت بەچالاکییە بازرگانی وپیشەسازییەکان رای وەربگرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

ئامانجی یەکێتی بایەخدانە بە رێکخستن وگەشەپێدانی هەردوو چالاکی ی پیشەسازی وئابووری لە سنووری تایبەتکاری یەکانیداو چەسپاندنی رۆلیان لە کاری گەشەپێدان لە هەرێمداو بە تەنگەوەهاتنی مافەکانی ئەندامانی بەشێوەیەک کە لەگەلْ بەرژەوەندیی گشتی دا بگونجێ.

**ماددەی چوارەم:**

یەکێتی بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١-سەرپەرشتی کردنی ژوورەکان وچاودێری ورێنوێنی کردنیان وبوون بە نوێنەریان لە لای دەستەلاتە گشتییەکان لە ناوەوەو ودەرەوەی هەرێمدا.

٢-سەرپەرشتی کردنی تومار ناوە بازرگانییەکان (الاسماء التجاریە)وناو نووسکردنیان لە توماری بازرگانی لە هەرێمدا ورێکخستنی دەفتەری ناوەندی(سجلات مرکزیە)بۆیان.

٣-کردنەوەی پێشانگە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا وبەشداری بوونیان بەرێکخستنی لەگەلْ لایەنە پەیوەندی دارەکاندا وداوەتکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی بازرگانی وپیشەسازی وبەشداری کردن لە کۆر وکۆنگرەکانی ناوخۆ ودەرەوە دا.

٤-کۆ کردنەوەو پوختە کردنی ئاگاداری وزانیاریی بازرگانی وپیشەسازی بەردەست خستنیان بۆ ئەندامان ولایەنە پەیوەندی دارەکان.

٥-لێکولینەوەی بارودۆخی بازرگانی وپیشەسازی لە هەرێمداو پێشنیازکردنی رێ و شوێن وچارەسەر بەئامانجی پەرەپێدانی چالاکیی ئابووری وگەشەپێدانی لە هەرێمدا.

٦-لێکولینەوەی رێ وشوێنی هاندانی سەرمایەو بەشدار بوون لەگەلْ لایەنە رەسمی یەکاندا لە دانانی نەخشەو بەرنامەی بەبەرهەم هێنانی چالاکیی پیشەسازی ی تایبەتی وتێکەلاو.

٧- سازدانی نەخشەکێشی وئامادەکردنی لێکولینەوەو پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ بزواندن وپەرەپێدانی بازاڕی ناوخۆ.

٨- ئامادەکردنی لێکولینەوە وپێشنیاز سەبارەت بە پەرەپێدان وپاراستنی پیشەسازی

وبارو دۆخی ناردنی بەرهەمەکانی بۆ دەرەوە وخستنەناو بازارەوەیان چ لەناوەوە چ لە دەرەوەی هەرێمدا بەهاوکاری ورێکخستن لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکاندا وبەشداربوون لە پێوانەکانی ناردنی کەلوپەلدا بۆ دەرەوە.

٩- لێکۆڵینەوەو (مەسحکردنی مەیدانی)ی بازاڕەکانی ناوەوەو دەرەوە بۆ زانینی تواناو دانانی رێ وشوێنی گەشەپێدانی ئاڵوگۆری بازرگانی بەمەبەستی فراوان کردنی ئاسۆی هاوکاری ی ئابووری لە بواری دەرەوەدا.

١٠- بەشدار بوون لەدانانی پێوانەی هونەری بۆ بەرهەمەکانی هەرێم وهاوکاری لەچاودێریی جێ بەجێ کردنیان.

١١- بەشداربوون لە ئامادەکردنی پرۆژەکانی ئەو یاسایانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە چالاکیی پیشەسازی بازرگانییەوە هەیە.

١٢- ناردنی نێراوی(بعثە)بازرگانی وپیشەسازی بۆ دەرەوەی هەرێم وپێشوازی کردن ورێکخستنی سەردانی نێردراونی بیانی.

١٣-گەشەپێدانی فام ورۆشنبیریی بازرگانی وپیشەسازی لەناو ئەندامانی ژوورەکان. وهەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی رادەی پیشەیی یان ودەرکردنی ئەو جۆرە چاپەمەنییەی بایەخ بە زانیاریی ئابووری دەدەن.

١٤- پشتگیری کردنی خاوەندارانی داهێنان وهاندانی داهێنەران وبەهرەداران بەشێوەیەک کە خزمەتی پەرەپێدانی ئابووری ی هەرێم بکا.

**لقی دووەم**

**ژوورەکان**

**ماددەی پێنجەم:**

١-لە مەڵبەندی هەریەکێ لە پارێزگاکانی هەرێمدا ژوورێکی بازرگانی وپیشەسازی بەبڕیاری ئەنجوومەنی یەکێتی دادەمەزرێ.

٢-ژوور رێکخراوێکی پیشەیی ئابووری یە وکەسایەتییەکی مەعنەویی لە سنووری ئەم یاسایەدا دەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئامانجی ژوور رێکخستن وگەشەپێدانی چالاکی ی بازرگانی وئابووری یە لەچوارچێوەی تایبەتکارییەکانی ولەسنووری پارێزگادا وچەسپاندنی لە کاری گەشەپێ سەندن لە پارێزگاو لە هەرێمدا.

**ماددەی حەوتەم:**

ژوور ئامانجەکانی بەم ڕێ وشوێنە بەجێ دێنێ:

١-تۆمار کردنی ناوە بازرگانییەکان وناونووسکردنیان لە تۆماری بازرگانیدا وڕێکخستنی دەفتەری پێویست بۆی وپێشکەشکردنی زانیاری لەبارەی ئەو ناوانەوە بە یەکێتی تا لەدەفتەری ناوەندی دا(مرکزی)تۆمار بکرێن.

٢-دەسنیشان کردنی ئەو داب ونەریتانەی بۆ کاروباری بازرگانی وپیشەسازی لەهەر ناوچەیەکی جوگرافیدا باون بۆ مەبەستی تایبەتکاریی ژوور وبڵاو کردنەوەیان.

٣-ناوبژی کردنیان و بەشداربوون لە ناوبژی کردن لەو ناکۆکییە بازرگانی و پیشەسازییانەدا کە لەنێوان ئەندامانی ژوور خۆیان یان لەنێوان ئەوان وخەڵکانی تردا ڕوودەدەن وپێکهێنانی لیژنەی ناوبژی کردن وئامادەکردنی لیستەی ناوی ناوبژی کاران وبنەماو چۆنێتیی ناوبژی کردن .

٤-دەرکردنی باوەڕنامەی شوێنی بەرهەمهێنان(شهادە المنشأ)بۆ کەلوپەل لە سنووری هەرێمدا، هەروەها دەرکردن وسەلماندنی باوەڕنامە بازرگانییەکانی تر.

٥-کۆ کردنەوە و پولینکردن وبڵاو کردنەوەی نرخی کەلوپەلە سەرەکی یەکانی ناوبازاری ناوخۆ بە شێوەیەکی خولەکی (دوری).

٦-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری ڕاوێژی هونەری دا بۆ بازرگان وپیشەسازی یەکان.

٧-سەلماندنی کەفالەتی ئەندامان.

٨-بەشداربوون لە چالاکییەکانی ئەنجوومەن ودەستەی لیژنەو دەزگا ئابوورییەکانی تایبەت بە پارێزگا.

**ماددەی هەشتەم:**

١-هەر بازرگانێک (کەسی سروشتی بێ یا مەعنەوی )دەبێ لە ماوەی شەش مانگدا لە دەستکردنی یەوە بەچالاکیی بازرگانی ببێتە ئەندامی ئەو ژوورەی بارەگا بازرگانییەکەی دەکەوێتە سنووری تایبەتکارییەکانی یەوە.

٢-هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی دەبێ لە ماوەی شەش مانگدا لە ڕۆژی تەواوبوونی دامەزراندنییەوە بەپێی یاسا ببێتە ئەندامی ژوور.

## بەشی سێ یەم
## دەستەکان وئەرکەکانیان

### لقی یەکەم
### ئەنجوومەنی یەکێتی

**ماددەی نۆیەم:**

١-ئەنجوومەنێک یەکێتی بەرێوەدەبا کە پێکدێ لە نۆ ئەندامی ئەسلی و دوو ئەندامی شانازی(فخری)لە پسپۆران کە ئەنجوومەن خۆیان دایان دەنێن.

٢-ئەنجوومەن لەناو ئەندامانی خۆی دا بەدەنگدانی نهێنی سەرۆکێک ودوو جێگری سەرۆک بەو شێوەیەی لە پەیرەوی ناوخۆدا هەیە هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** ئەنجوومەنی یەکێتی بالآترین دەستەی یەکێتییەو ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ.

١-دانانی سیاسەتی گشتی یەکێتی .

٢-دانان وبڕیار لەسەر دانی بودجەی سالآنەی یەکێتی ودیاری کردنی رێژەی بەشداربوونی ژوورەکان تیایدا.

٣-ئامادەکردنی پەیرەوەکانی ناوخۆی یەکێتی وژوورەکان.

٤-سەلماندنی بودجەی سالآنەو حسابی یەکێتی ومیلاکی فەرمانبەرانی.

٥-سەلماندنی ئەو بڕیارانەی ژوورەکان لە بارەی بەگەڕ خستنی پارەوپولیانەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە دەری دەکەن.

٦- زامن کردنی ئەو قەرزانەی کە ژوورەکان وەریاندەگرن.

٧-ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی ژوور بۆی هەیە ئابوونەی سالآنەو هەقدەستی خزمەتگوزارییەکانی دیاری بکا.

٨-بەخشینی خەلات بۆ ئەندامان وکەسانی تر بەشێوەیەک کەلەگەڵ ئامانجەکانی یەکێتی دا بگونجێ.

٩-بەجێ هێنانی هەر کاروفەرمانێکی یاسایی تر بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی یەکێتی .

دووەم: ئەنجوومەنی یەکێتی بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلآتەکانی بە سەرۆکەکەی بسپێرێ.

سێ یەم: بڕیار لە ئەنجوومەندا بە زۆربەی موتلەق دەدرێ و ئەگەر دەنگەکان وەک یەک بوون سەرۆک دەنگی زاڵبونی دەبێ.

## لقی دووەم

## ئەنجوومەنەکانی ژوورەکان

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەنجوومەنێک ژووربەرێوە دەبا کەلە ژمارەیەک ئەندام پێک دێ کە ئەنجوومەنی یەکێتی دیاری دەکا بەمەرجێ لە حەوت ئەندام کەمتر نەبێ ولە سیازدە ئەندام زیاتر نەبێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ماوەی ئەندامەتیی ئەنجوومەنی ژوور چوار ساڵە ودەکرێ ماوەی ئەو کەسەی ئەندامەتیی تەواو بوو هەڵبژێردرێتەوە .

**ماددەی سیازدەیەم:**

دەستەی گشتی ژوورلە گشت ئەو ئەندامانەی پێکدێ کە تەواوی ئابوونەی ساڵانەیان داوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی یەکێتی بەرێ و شوێنی بڵاوکردنەوەی ئاسایی دەستەی گشتی ژوور بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکەی بانگ دەکا (نصاب)بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان سازدەبێ وئەگەر لەوکاتەدیاری کراوەدا(نصاب)ساز نەبوو کۆبوونەوەکە بۆهەمان رۆژی هەفتەی دوایی دوادەخرێ وئەوسا ژمارەی ئەندامان هەرچەند بێ(نصاب) ساز دەبێ.

**ماددەی شازدەیەم:**

ئەندامانی ئەنجوومەن بەدەنگدانی نهێنی لەناو ئەندامانیدا سەرۆکێک ودوو جێگر هەڵدەبژێرێ وئەگەر جێگەی هەرکام لە ودووە چۆڵ بوو ئەنجوومەن لەیەکەم کۆبوونەوەیدا یەکێک بۆ جێگرتنەوەی هەڵدەبژێرێ ویەکێتی وپارێزگا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئاگادار دەکا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەوەی بۆ ئەندامەتی ژوور دەپاڵێورێت دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بن:

١-هاوڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بێ.

٢-تەمەنی لە( ٢٥ )ساڵ کەمتر نەبێ.

٣-بازرگانی کردبێ ویا پرۆژەیەکی پیشەسازی هەبووبێ وبە لایەنی کەمەوە ماوەی پێنج ساڵی پرکردبێتەوە لە ئەندامێتیی یەکێ لە ژوورەکانی بازرگانی وپیشەسازی یان یەکێ لە ژوورەکانی بازرگانی عێراقی یا یەکێتی پیشەسازیەکانی عێراقی کەلە پێش کارپێکردنی نامەیەکی سەرەتایی زانکۆیان هەبێ دەبێت سێ ساڵ هەروەک بەرێوەبەرە

دەسەلات پێ دراوەکانی(المدراء المفوضون)کۆمپانیا تایبەتییەکان لەو ماددەیە بەدەر دەکرێن بەمەرجێ لە کاتی پێشکەش کردنی داخوازیی خۆپالاوتندا سێ سالٚ یەک لەدوای یەکی لەو فەرمانەدا بەسەر بردبێ.

٤-تەواوی ئابوونەکانی بەژوور دابێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

داخوازی خۆ پالاوتن بەلایەنی کەمەوە پێش دوو هەفتە لەکاتی دیاری کراو بۆ هەلبژاردن بە ژوور دەدرێ.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

دادوەرێک کەسەرۆکی دادگای تێ هەلچوونەوەی پەیوەندیدار دایدەنێ سەرپەرشتیی هەلبژاردن دەکا.

**ماددەی بیستەم:**

لەبارەگای یەکێتی لیژنەیەک پێک دێ بەسەرۆکایەتیی دادوەرێک کە سەرۆکی دادگای تێ هەلچوونەوەی پەیوەندیدار دەبێ وئەندامەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ ودارایی وئابووری وپیشەسازی ووزە ونوێنەرێکی یەکێتی بۆ ساغکردنەوەی درووستیی هەلبژاردن وبڕیارە کانیش بنبڕدەبن.

**ماددەی بیست ویەک:**

هەر هەلبژێرێک (ناخب)بۆی هەیە لەماوەی هەفتەیەکدا لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی هەلبژاردنەوە تانووت لە درووستی هەلبژاردنەکە بدا بەمەرجێ(١٠٠٠)هەزاردینار وەک بارمتە لە سنووقی ژووردا دابنێ وئەگەر تانووتەکەی رەتکرایەوە یاخۆی وازی لێ هێنا وەک داهاتێک بۆ ژوور تۆمار دەکرێ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

هەلبژاردنی ئەو ئەنجوومەنی یەکێتی یە کەلە ماددە(٩)دا باسکراوە لەلایەن ئەنجوومەنەکانی ژوورکانەوە ولەخودی ئەندامەکانی هەلدەبژێرێن.

## بەشی چوارەم

## دارایی

### لقی یەکەم

### دارایی یەکێتی

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

دارایی یەکێتی لەمانەپێک دێ:

١-ئەوەی ژوورەکان دەیدەنێ و بەو شێوەیەی ئەنجوومەنی یەکێتیی دیاری دەکات.

٢-ئەو پیتاک ویارمەتییانەی ئەندامەکان پێشکەشی ئەنجوومەنی یەکێتی دەکەن.

٣-داهاتی ئەو خزمەتگوزارییانەی یەکێتی بەجێ یان دێنێ.

٤-داهاتی بەگەڕ خستنی پارەوپوولی یەکێتی وژوورەکان بەپێی یاسا.

### لقی دووەم

### دارایی ی ژوورەکان

**ماددەی بیست وچوارەم:**

دارایی ژوورەکان لە مانەپێک دێ:

١-ئابوونەی سالآنەی ئەندامان .

٢-داهاتی بەگەڕخستنی پارەوپوولی وکرێی خانوو بەرەکانی.

٣-کرێی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکا.

٤-قەرزی ناوخۆ بەمەرجێ بە پەسەندکردنی ئەنجوومەنی یەکێتی بێ.

٥-ئەو پیتاکانەی ئەندامان پێشکەشی دەکەن.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ژوور نابێ هیچ یارمەتی یان یاریدەی دارایی یاپیتاک یا سلفەیەک بدا بەپێی پەسەندکردن لە لایەن ئەنجوومەنی یەکێتی وە تەنیا بۆجێ بەجێ کردنی (التزام)ەکانی نەبێ.

**ماددەی بیست وشەشەم:**

ژوور بۆی هەیە بەپەسەندکردن لەلایەن ئەنجوومەنی یەکێتی خانوو بەرە بکرێ یادرووست بکا.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

ژوور دەبێ ئەمانە پێشکەش بە ئەنجوومەنی یەکێتی بکا.

١-راپۆرتی سالانە لە بارەی کارەکانییەوە .

٢-دوا حسابی بۆ سەلماندنی ئەویش لە ماوەیەکدا کەلە سێ مانگ تێپەر نەکا لەرۆژی کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی یەوە بەمەرجێ لەلایەن-چاودێری داراییەوە ورد کرابێتەوە .

٣-بودجەی نەخشەکێشی ساڵانەی پێش سەرەتای ساڵی دارایی بەسێ مانگ بەلایەنی کەمەوە بۆ سەلماندنی.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

پارەوپولی ژوور بەم شێوەیە بەگەڕ دەخرێ:

١-سپاردن بە بانکەکان لە هەرێمدا.

٢-کڕینی سەنەدی قەرزی حکوومەتی هەرێم.

٣-هەر بوارێکی تری بەگەڕ خستن کەلەگەڵ ئامانجەکانی ژووردا بگونجێ.

## بەشی پێنجەم
## چەند حوکمێکی کۆتایی

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

ئەنجوومەنی یەکێتی پەیرەوێکی ناوخۆ بۆ یەکێتی وژوورەکان ئامادەدەکاو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم دەیسەلمێنێ .

**ماددەی سی یەم:**

دەشێ سەرۆک وئەندامانی ژوور خەلاتێکی ساڵانەیان بدرێتێ کە میقدارو شێوەی بەخشینی بە بڕیاری ئەنجوومەنی یەکێتی دیاری دەکرێن بەلام نابێ هەردوو خەلاتی ئەنجوومەنی یەکێتی وئەنجوومەنی ژوور وەربگیرێت.

**ماددەی سی ویەکەم:**

حسابی یەکێتی ژوورەکان لە ژێر رکێفی چاودێریی دارایی هەرێمدا دەبن.

**ماددەی سی ودووەم:**

١-کارگەرانی یەکێتی و ژوورەکان حوکمەکانی یاسای کاری ژمارە(٧١)ی ساڵی١٩٨٧ویاسای خانەنشینی وزامنکردنی کۆمەلایەتی ی ژمارە(٣٩)ی ساڵی١٩٧١یا هەر یاسایەکی تریان بەسەردا دەسپێنرێ کە جێگەیان بگرێتەوە.

٢ـ دەبێ ئەنجوومەنی یەکێتی بنەمای خزمەت ورێک وپێکی تایبەتی بۆ رێکخستنی

خزمەتی کارگەرانی لە یەکێتی و ژوورەکاندا دەربکا.

**ماددەی سی و سێیەم:**

گشت ماف و (ئیلتزام)ی ژوورەکانی بازرگانی و لقەکانی یەکێتی پیشەسازییە عێراقیەکان لەهەرێم دا دەکەوێتە لای یەکێتی.

**ماددەی سی وچوارەم:**

دەبێ ژوورەکانی بازرگانی ویەکێتیی پیشەسازییەکان لەهەرێمدا لە ماوەی مانگێکدا لە رۆژی بلاو کردنەوەی ئەم یاسایەوە بارودۆخی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێنن.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کەلە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی سی وشەشەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق وئەو هەنگاوە یاسایی وئیداری یانەی بە دوایدا هاتن ولە ریزی پێشەوەیان راگەیاندنی رژێمی فیدرالی بۆ کوردستانی عێراق بە پێویست زانرا پێدا چوونەوەیەکی مەسەلەی رێکخستنی پیشەییی بازرگان وپیشەسازانی هەرێم بکرێ بۆ زامنکردنی هێنانە کایەوەی رێکخراوێکی پیشەییی سەراپایی کەبتوانێ ئەرکی سەرشان ورۆڵی خۆی لە بزواندن و پەرەپێدانی چالاکیی بازرگانی وپیشەسازی لەهەرێمدا ببینێ وهەوڵی گەشەپێدانی بدا بەشێوەیەک کەلەگەڵ گۆرانی سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوورییەکاندا بگونجێ لە بەر ئەوەیە کە ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٥/٦/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/١٥

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە «٤٣»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پێش چاو خستنی پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی دەربارەی ئەو ئەندامانەی کە دەستنیشان کراوون لە لیژنەکانی پەرلەماندا کاربکەن.***

***٢- زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران وخێزانی شەهیدان و خانەنشینەکان.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆ سێ خاڵی سەرەکییە ئەگەر تازە بابەتیش لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەکەوە هەبێ دەیخەینە پێش چاو.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بابەتمان هەیە باری ئابووری لە ئۆردووگاکانی شاوەیس و پیرزین ومەلا ئۆمەر وکەسنەزان و، بەستۆرە لەلایەن کاک مەلا تەها پێشکەش دەکرێ، دووەم لە برگەی «١٣»دا کە نووسراوە پێش چاوخستنی پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران و دانانی مووچە بۆ خێزانی شەهیدان وپێشمەرگە، هەروەها هی خانە نیشنەکان کە مووچەیان بدرێتێ، هەروەها مووچەیان بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خانەنیشین جێگیر کراوە ئەم پێشنیازە هەر پێویست ناکات، بەڵام باری ئابووری لە ئۆردووگاکاندا ئەبێتە خاڵی چوارەم لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم خاڵە لەم

پرۆگرامەدا جێگیر بکرێ؟ بەزۆری دەنگ ئەم خاڵە پەسەند کرا.
خاڵی یەکەم: پێش چاوخستنی پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی دەربارەی ئەو ئەندامانەی کە دەستنیشان کراوون لە لیژنەکانی ناو پەرلەماندا کار بکەن، پێشنیارەکە بەو شێوەیەی خوارەوەیە و ئەو ئەندامانەی ئارەزووییان هەیە بۆ ئەندامێتی ئەو لیژنانە کە بەرامبەریان ناویان دانراوە:
بەڕێز فازڵ رەئوف بۆ لیژنەی پێشمەرگە، ئایا کەسێکی تر هەیە خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەو جێگە؟ یان تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.
دووەم: کاک ئەکرەم عزەت نەجیب بۆ لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
سێ یەم: بەڕێز د.سەلیم حاجی مەلۆ بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا، ئایا چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.
چوارەم: کاک ئازاد میران لە لیژنەی پێشمەرگەوە بگوێزرێتەوە، ئایا بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان چ تێبینییەک نییە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەهلە محەممەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ئێستا پاش شەهید بوونی کاک فەرەنسیس چوار کەس ماوین وپەیرەوی ناوخۆ دەڵێ پێنج کەس، هەتا شەرعیەتی خۆی وەرگری ئینجا داوا لە سەرۆکایەتی دەکەین کە ئەندامێک لە لیستی مۆر بخاتە سەر لیژنەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیستی مۆر باسمان لەگەڵدا کردون، لەوانەیە لەو ڕۆژانە بگاتە سەرۆکایەتی، کەگەیشت ئەیخەینە بەرنامەوە، هیوادارین پەلەی لێ بکەن بەیاری خوا لەو هەفتەیەدا شتێکمان بۆ بکەن. دێینەوە سەر خاڵی دووەم وپێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران و خێزانی شەهیدان وخانە نشینەکان. ئەم خاڵە لەسەر داخوازی وەزارەتی داراییەو چاک وایە کە گفتوگۆ لەسەر کردنی تۆزێک نهێنی بێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. برادەرانی راگەیاندن تکایە ئێرەمان بۆ چۆڵ کەن ودوایی کە تەواوی دەکەین پاشان بانگتان دەکەین. پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران بەو شێوەیەیە:
بەهۆی باری ئابووری ئێستای کوردستان پێشنیار دەکەین کەوا:
١- هەر فەرمانبەرێک وموچەخۆرێک وخانەنشینێک لەهەرێمی کوردستاندا (٣٠) دیناری زیاد بدرێتێ لەهەر مانگێکدا.

٢- بۆ خێزانی شەهیدان ـ هەر خێزانێک ٢٠٠ ـ ٢٥٠ دینار مانگانەی بۆ تەرخان بکرێ تا ئەو کاتەی دەزگای شەهید دادەمەزرێت وموچەی خانەنشینیان بۆ دەبڕێتەوە.

ئەمە پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، کاک عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەوەشی تێدا بوو کە خانەنشین (٣٠) دینار وەرگرن جەنابتان ئەوەتان باس نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەوەشم باس کرد کە هەر فەرمانبەرێک و، مووچەخۆرێک و، خانەنشینێک، لە هەرێمی کوردستان لەهەر مانگێکدا (٣٠) دیناری زیاد بدرێتێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە بارودۆخی ئێستای کوردستان لەلای هەموو لایەک شاردراوە نییە وەزعێکی زۆر ناخۆش هاتۆتە پێشێ بەتایبەتی پاش ئەوەی (٢٥) دیناری لەغو کراوە، ئێستاکە پڕۆپاگەندەیەکی زۆر هەیە، ئینجا نازانین، ئەو پڕۆپاگەندە چ بنەڕەتێکی هەیە کەدەیی وپێنج دیناری لەغو دەکرێتەوە، دۆلار زۆر بەرزبۆتەوە نرخی خواردەمەنی لەناو بازاڕدا زۆر بەرزبۆتەوە کە کاری کردۆتە سەر ئەو خەڵکە هەژارە بەتایبەتی فەرمانبەران کەتوێژێکن توانایان کزە، ئێمەش لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام کۆبوونەوەمان لەگەڵ خەڵکی پسپۆر وشارەزادا کردووەوهەروەها لەگەڵ خەڵکی ناو بازاڕ وبازرگانە نیشتمان پەروەرەکان ولەناوخۆشماندا لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری بۆ ئەم مەسەلەیە گەیشتینە ئەوەی ئێستا لەو بارودۆخەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێدا دەژی کە تەنیا پشت بەگومرگ دەبەستین و دەتوانین مانگی (٣٠) دیناری براوە بدەینە هەموو فەرمانبەران و خانەنشینان بۆ ئەوەی بتوانین تۆزێک رادەی ژیانیان بەرز بکەینەوە دەزانین ئەوە زۆر زۆر کەمە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستانە جارێ توانای هەر ئەوەندەیە لەو کاتە دا لەوە زیاتر ناتوانین، بەڵام بەڵێنتان دەدەینێ ئەگەر توانامان باش بوو ئەوەش بەرەو پێش ببەین و زیادی بکەین، هەروەها بۆکەسوکاری شەهیدان هەر لەسەرەتاوە باسمان کرد کەبایەخ بدەین بە کەسوکاری شەهیدان و ئەو خەڵکانەی کە فیداکاری وقوربانیان داوە، بونەتە سووتەمەنی شۆڕش، ئەوان دەبێ حسابێکیان بۆ بکرێ، ئێستاکەش نابی خەڵک خۆی حیساب بکات بەخاوەن شەهید، ئەو لیستانەی کە هەیە سەرژمێری کراون لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەتوانین (٢٠٠ ـ ٢٥٠) دینار مانگانەیان بدەینێ لەو کاتەدا ناتوانین بڵێین ئەوەش ژیانی خەڵک بەرز دەکاتەوە بەڵام ئەو مەبلەغە بچێتە بازارەوە کاریگەری دەبێت بۆ خەڵکی بۆ وەزعی

بازاری ئێستای کوردستان، بەڵام ئەوەی ئێمە لەبەرێزتانی داوا دەکەین ئەوەیە کە هەتا ئێستا بەراستی هەتا لێپرسراوی خۆشمان بەدوای پرۆپاگەندەکانی بەعس دەکەوون چاوەڕێی دەکەن، چونکە دوژمنی ئێمە کەبەعسە بەهەموو دەوروبەرەکانیشی هەوڵ دەدەن کە ئەم ئەزموونە سەرنەکەوێ دەیانەوێ بازاری کوردستان بشێوێنن، ناتوانن ئێستا شەڕی عەسکەریمان لەگەڵدا بکەن شەڕی ئابووریمان لەگەڵدا دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی دارایی ئەگەر بۆمان روون بکاتەوە کە ئەم بابەتە بەگشتی خەرجی چەندە؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشەکییەی کاک کۆسرەت پێشکەشی کرد لایەنی ئابووری ومرۆییەکەشی گرتەوە، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە چەندی تێ دەچێ ئێستا ژمارەی ئەوانەتان دەدەمێ ئەوەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە کەهەر فەرمانبەرێک هەر مووچەخۆرێک (٣٠) دیناری بۆ زیاد بکرێ نزیکی (٥) ملیۆن دینار دەکات بۆ خێزانی شەهیدان بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێمە وەرمان گرتووە، هەموو ئەو ناوانەی کە ئێستا بەخێزانی شەهید تۆمار کراون(٢٠) هەزار کەسن، لەلایەن حزبەکان جێگیر کراوە، ئەوانەی کە شەهیدی پێشمەرگەن وئەوانەی کە کاتی خۆی ئیعدام کراون ئەوانەش لەلایەن لیژنەی باڵای شەهیدان کەهەر حزبێک هی خۆی هەیە کە جێگیر کراوە لە دەوروبەری(٢٠) هەزار کەسن ئەمەش کە لەسەر (٢٠٠) دینار بۆی حیساب بکەین نزیکی (٤) ملیۆن دەکات ئەگەر لەسەر (٢٥٠) دینار حیسابی بکەین ئەو کاتە ئەکاتە (٥) ملیۆن دینار. بۆ مەسەلەی خانەنشینەکان ئەوەی پێشنیار کراوە (٣٠) دینارە ژمارەی ئەوانەم ئێستا بەتەواوی لا نییە، بەڵام جێگیر مەبلەغەکە لە دەوروبەری (٢) ملیۆن دینار دایە پاش ئەوەی بڕیار دەدرێ ئێمە حسابەکە باشتر دەکەین بۆ ئەوەی بزانین حسابی تەواوی ئەوپارەیە چەندە؟، ئەمە ژمارەکانن، بەڵام خۆشتان دەزانن ئێمە وەزعی ئابووریمان ئەوەندە باش نییە یاخود لە مانگەکانی پێشتر باشتر نەبووە، تاکو بڵێین پارەی زیادە هاتۆتە بەردەستمان هەتا ئێستا (تصرفی) پێ بکەین، ئێمە لەڕاستیدا لەو بۆچوونەوە پێویستە هەنگاوێک بنێین بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەست بکەن کە پەرلەمان وحکومەتی کوردستان بەتەنگیانەوە دێن، هەرچەند شتەکە کەمیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دارۆ، سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد، حەزمان کرد پێشەکی لیژنەی ئابووری گفتوگۆی لەسەر بکات و، وا باوە کە پێشنیاری وا پێشتر بینێرین بۆ لیژنەی ئابووری، بەڵام بابەتەکە زۆر بەپەلە بوو، بۆیە سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن لەسەر ئەو بابەتە پێک

هاتبوون کەپێشنیارەکە راستەوخۆ بگاتە ئێرە، چونکە ئەمڕۆ پازدەی مانگە وئەبێ مووچە بەو خەڵکە بدرێ، ئینجا داوا دەکەین لیژنەی ئابووری لەسەر ئەو بابەتە گلەیی نەکەن و، دوایی ماوەی قسە دەدەین بە لیژنەی ئابووری ئەگەر چیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتە دەریببڕن، ئەو برادەرانەشی دەیانەوێ لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە، تکایە با ناویان بنووسن.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من حەز دەکەم لەسەر مەسەلەی رێژەو مەسەلەی بڕاوە (مقطوع) شتێک بڵێم، ئێمە لەپێشدا بیرمان لەوە کردەوە کەنیسبەتێک لە ١٠٪ یان لە ١٥٪ بۆ هەموو مووچەخۆرەکان زیاد بکەین، بەڵام لەئەنجامی بیر لێ کردنەوە نیسبەتەکانی کەکردیان بۆمان دەرکەوت ئەوەی مووچەی کەمە کەم وەردەگرێ ئەوەی مووچەیی زۆرە، زۆر وەردەگرێ، لەبەر ئەوە باشترین چارە بەلای ئێمەوە بۆچوونەکە وابوو ئەوەی کە مووچەی زۆر بێت و ئەوەی کەم بێ بە بڕاوە بیدەینێ، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە دروست نەبێ لەنێوان مووچەکاندا، بەلێکدانەوەیەکی سادە ئەوەی مووچەی (٢٠٠) دینار بێ لە ١٥٪ ی زیادەکەی ئەکاتە (٣٠) دینار، بەڵام ئەوەی (٤٠٠) دینار مووچەی بێ لە ١٥٪ی زیادەکەی دەکاتە (٦٠) دینار دیسان ئەوەی کە هەژارە رێژەیەکی کەم وەردەگرێ، ئەوەی وەزعی باشە مووچەی زیاترە رێژەیەکی زیاتر وەردەگرێ لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەمان بەباش زانی، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر کەس خۆیان نووسیوە کە لەم بابەتە قسە بکەن، لە دەوروبەری (٢٢ ـ ٢٥) کەسن، بۆیە واچاکە کە هەردوو فراکسیۆن هاوکاریمان بکەن لەو بابەتەدا، لە هەر فراکسیۆنێک (٢ ـ ٣) کەس دەستنیشان بکرێ بۆ قسە کردن، ئەگەر ئەندامانی لیژنەی دارایی، یان یاسا شتێکیان هەبێ دەربارەی ئەو بابەتە قەیدی ناکا، بەڵام پێم وایە (٢٤ـ ٢٥) کەس قسە بکەن رێژەیەکی زۆرە.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر ماوەیان پێ بدەن لەوانەیە بەکورتی قسە بکەن، لەوانەیە زۆر قسە دووبارە بنەوە، زۆر کەس هەڵستێ وبڵێ قسەی من کراوە ئەمن قسە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەم بابەتە ئێمە دەوروبەری سەعاتێکمان بۆ داناوە.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من واپێشنیار دەکەم کە هەر یەکێک لە فراکسیۆنەکان بەتایبەتی ئەو کەسانە قسە بکەن کە لە

لیژنەی ئابورین ئەوانی تر ئەگەر شتێکیان هەبوو لەرێگەی ئەوان قسەکانیان پێشکەش بکەن، وابزانم ئەوە کاتەکەمان بۆ کورت دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز د.کەمال ئەگەر برادەران ئەوانەی ناوی خۆیان نووسیوە پێوەی پابەند بن شتێکی باشە، ئەگەر نا ئێمە ناچارین کات دیاری بکەین لە دەوروبەری ٢ـ٣ دەقیقە بەلانی زۆرەوە بواری قسە کردنی بدەین، ئەو پێشنیارەی بەڕێز د.کەمال ئەگەر پەسەند دەکەن با لەسەری بڕۆین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ با بێینە سەر بابەتەکەمان، مادام هەموو حەز دەکەن قسە بکەن لەسەری تەنها ئەوانەی ناویان نووسیوە قسە بکەن، ئیتر بواری ناونووسین دادەخەین، تکایە هەر برادەرێک بەکاتەوە پابەندی بکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی شەهید جێی سەربڵندی وسەرفرازی هەموومانە هەر بەخوێنی شەهیدە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان هاتە دی وحکومەتی هەرێم پێکهێندرا، لەبەر ئەوە هەرچەندی بدرێتە شەهید کەمە وزیاد نییە، من زۆر پشتگیری دەکەم بەڵام ئێمە داخوازیەکمان هەیە هەر یەک لەناو لیستە بێ مەرج نییە شەهید بێ، قانونی شەهید پێش ساڵی ١٩٩١ لەئارادایە، دەزگای ئاسایش وپۆلیس تۆژینەوەی تازەی تیادا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی ئابووری قسە بکات.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام من رایەکی تایبەتی خۆمم هەیە بەنیسبەت زیاد کردنی (٣٠) دیناری براوە بۆ مووچە خۆرەکان، وابزانم هیچ مەسەلەیەک چارە ناکات، بەپێچەوانەوە ئێمە حاڵەتێکی هەڵاوسانی (تەزەخومی) تەواومان لەناو بازاردا هەیە، هاتنی پێنجی ودەیی لەئێران وعێراقەوە، ئێمە بەزیاد کردنی ئەم (٣٠) دینارە، ئەم تەزوخومە زیاتر دەکەین، ئەگەر ئێمە بتوانین پشتگیری فەرمانبەر بکەین بەوەی پرۆژەکە بکەینەوە یان ئەو (شەریکە موساهەمە) کە پێشنیاری وەزارەتی دارایی بوو، داییەمەزرێنی کە کەلوپەلی خۆراک بێنین لەرێی وەکیلەکانەوە دابەش بکرێت بەسەر فەرمانبەراندا بەرای من ئەوە چارەیە نەک زیاد کردنی (٣٠) دینار ئەمە خاڵێک، بەڵام خاڵی دووەم زۆر زۆر پێم خۆش بوو کە مووچە بەشەهیدان

بدەین (٢٠٠) دینار بۆ کەس وکاری شەهیدان زۆر ماقووڵە، بیر لەخانەنشینەکانیش نەکراوەتەوە بەیاری خوا شتێک بۆ ئەوانیش دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران تکایە حکومەت پێشنیاری کردووە کە (٣٠) دینار بدرێ بە فەرمانبەران وخانەنشینەکان، ئێستا کاتی گفتوگۆ کردنی جێگرەوە (بدیل)مان نییە، ئەوانیش (بدیل)یان نەخستۆتە ڕوو، جا ئەمە هەڵگرن بۆ دوایی.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خێزانی شەهیدی پێشمەرگەو جێگای خۆش حاڵییە (٢٠٠، ٢٥٠) دیناری پێ بدرێ، بەڵام بەبۆچوونی من ئەوە کەمە، پێشنیار دەکەم لەوە زیاتر بێت، ئەشزانم باری ئابووری چۆنە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە ئەوەشیان بۆ بکرێ ومن بەناوی لیژنەی پێشمەرگەوە پێشنیار دەکەم داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وبەڕێزتان دەکەین کە بکرێ بە (٣٠٠) دینار ئەمە خاڵێک، خاڵی دووەم شەهیدی زیندوومان هەیە پێشمەرگەمان هەیە کەم ئەندامە (معوقە) دەستی لەدەست داوە، قاچی لەدەست داوە، ئەوان هیچ جۆرە کاسبیەکیان بۆ ناکرێ حەز دەکەم ئەوانیشیان بخەینە سەر، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من لەلیژنەی دارایی بووم ئەوەبوو لەسەر لیژنەی دارایی پاز نەدەن، گۆڕانکارییەک بەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٤دا دێت ،پێویستە پەرلەمان و وەزارەتی دارایی ئەوە هەموار بکەن بۆ ئەوەی تانەیەکی (طعن) یاسایی نەیەتەسەر پەرلەمان وحکومەتی هەرێم ئەوە تێبینی یەکەم، دووەم چەند پرسیارێکم هەیە، ئەو یارمەتیە چۆن دەگاتە ماڵە شەهیدەکان لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەکی تایبەتی نییە؟ پرسیاری دووەم ئێمە پەک کەوتەی شۆڕشمان هەیە چ دانیشتوان چ پێشمەرگە چارەیەکی ئەوانیش بکرێ، خاڵی سێیەم ئەوە کە جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی کە (٢٠) هەزار شەهیدمان هەیە ئەو ئامار کردنە سەرچاوەکەی چییە؟ ئایا هەموو مانگێک یارمەتی شەهیدان دەدەن یان تەنها بۆ ئەم جارەیە؟ دەربارەی پێشمەرگە ئەوەی کاک فەرەنسۆ خستیە ڕوو شتێکی گرنگ بوو پێشمەرگەش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو هەنگاوە سەرەتایەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵنیا بن کە گرنگیان پێ دەدەرێ، ئەگەر چی پارەکەش زۆر کەمە بەشی کیلۆیەک گۆشت ناکات بەڕای من بەلای کەمی

(٥٠) دينار بوايە ئەگەر قەرزيشمان بكردبايە، بەلاى كەمييەوە كيلۆ گۆشتێكى پێ بهاتبايە، بەلام ئەوە سەرەتايەكى چاكە لەبارەى شەهيدەوە ئێمە بەخۆمان دەزانين سەرۆكايەتى پەرلەمان پرۆژەيەكى قانونى لە بەردەم ليژنەى ياسا داناوە بەناوى (قانون الشهداء ومعوقى ومفقودى البيشمەرگە) ئەوەش دواخرا لەبەر نەبوونى دارايى، وەزارەتى دارايى ئەوساكە گوتيان داراييمان نييە واپێشنيار دەكەم ئێستا ئەو پرۆژەيە بگەڕێتەوە وەزارەتى دارايى لەهەر ڕێكخراوێك شەهيدان مانگانە وەربگرن لەپاشان خانەنشينەكان كە (٣٠) دينارييان دەدەينێ، نازانين بەنيسبەت ئەو خانە نيشينانەى ئێستاكە لەكوردستان مووچە وەردەگرن يان ئەوانەى دەچن لەحكومەتى عێراقى وەريدەگرن؟ يان خانەنشينەكانى كوردستان دەگرێتەوە يان تەنيا ئەوانەى ئێستا لە كوردستان خانەنشينن؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشيد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەڕاستى بەنسبەت منەوە بەپێشنيارەكەى خوشكە پەريخانم پێ باشە، بەڕاستى دەبوايە مەسەلەى (٣٠) دينارەكە زياتر لێى بكۆڵدرابايەوە ئەگەر بتوانين خۆراك بدەين بەخێزانەكان باشترە، پێشنيارێكيش دەكەم ئەگەر ئێمە نەتوانين لەبازاڕ ڕاددەيەك بۆ مەسەلەى گرانيەكە دابنێين، بەڕاستى ئەو زياديبە دەبێتە هۆى زياتر گران بوونى نرخى شتومەك، بەنيسبەت شەهيدانيش من رام ئەوەيە كە(٢٥٠)دينار بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود يوسفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ديارە هيچ پێويست نەبوو ئەو دانيشتنە بەنهێنى بێ، ئەوە تێبينييەك، هەنگاوى ئەنجوومەنى وەزيران هەنگاوێكى پيرۆزە مەبەستيش ئەوەيە هەندێك بژێوى فەرمانبەران زياد بكەن، بەلام بەبۆچوونى من ئەو (٣٠) دينارە ئەگەر حيسابى بكەين ناكاتە(١٠) مليۆن دينار. ئەگەر ئێمە بمانەوێ كار لە بازاڕ بكەين دەبێ فرۆشگايەك بكەينەوە هەندێك ئازووقە لەتوركيا بێنين بەشى بكەين بەسەر فەرمانبەراندا، لەجياتى ئەو پارەى بۆيان سەرف دەكرێ بەنيسبەت شەهيدان بەبۆچوونى من (٢٠٠ـ٢٥٠) دينار كێشەى ئەوانيش چارە ناكات هيچ خێزانێك ئێستا بە (٢٠٠) دينار ژيانى دابين نابێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهير محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

قسەكانى من هەمووى كران تەنيا ئەڵێم ئەو (٣٠) دينارە لەسەر مووچە حيساب دەكرێ ياخود كاتى دەبێ يان چى يە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من سەبارەت بەخانەنشینەکان نازانم ئەوانە دەگرێتەوە کە پاش پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون یاخود خانەنشینەکانی کوردستان هەمووی دەگرێتەوە کەئەوانە زۆر جار لە حـالەتێکی زۆر ناخۆش دەچنە ناو رژێمەوە هەزارەها سوکایەتیان پێ دەکرێ، لەدواییدا پارەیەکی چاپکراوی بێ نرخیان دەدرێتێ پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز ئەوە بوو کەخانەنشینی کوردستان ئەوانەی ئێستا دەچن مووچە لەوێ وەردەگرن لێرە چارەیان بۆ بکرێ، بەڕاستی لەبارێکی زۆر خراپ دانە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کاک ئەیاد ئێستا وەختی نییە، مەسەلەکە ئەو دوو خالەیە، مووچە وشەهیدان، ئەگەر چ تێبینییەکی ترت هەیە فەرموو؟.

**بەڕێز حـــەســـــەن کـــانەبی خـــضـــر بلبـــاس:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

باری ئابووری خۆمان کە خراپە هەمووی خەتای رژێمی بەغدا نییە، هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ خۆمان کەبێ کارییە، ئەمڕۆ کوردستان هەموو جۆرە کشتوکاڵێکی تیادایە، (گەنم ـ جۆ ـ نیسک) زەویەکەی شایانی هەموو جۆرە کشتوکاڵێکە، ئێمە هەندێک شتمان پشتگوێ خستووە میللەتمان وای لێ کردووە چاوی لەخێر پێ کردن بێ، جێگەیەکی وەکو ناحیەی سەنگەسەر کە (١٢) هەزار دۆنم زەوی ئاو دەدات دەتواندرێ لەو (١٢) هەزار دۆنمە (٦) هەزار دۆنم بکرێتە کشتوکاڵ، کە ئەو کشتوکاڵە بەشی هەولێر یان سلێمانی دەکات بەزۆر لەبەرپرسانم گوتووە وتیشم گەیاندن کەپارو ئەوساڵ ئاکامی پشتگوێ خستنی خۆمانە ئەگینا هەمووشتمان هەیە کەدەربەست بەکەس نەبین، سوپاس.

**بەڕێز د. جـــــەلال شـــــەفـــــیق عــــــەلی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەو بڕیارە پیرۆزەم کەوا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەریان کردووە، دەربارەی شەهیدان ومووچەخۆران، بەڵام خاڵێک هەیە دەمەوێ باسی بکەم ئەویش بابەتی خانەنشینەکانە، کەهەموو ساڵانی تەمەنیان لە خزمەتی میللەتەکەیان سەرف کردووە و ئێستا ناچارن دەچنە ئەو شوێنانە کە لەژێر دەسەڵاتی رژێمدان بۆ ئەوەی پارەکەیان وەرگرن لەبازگەکاندا لەلایەن رژێم ولەلایەن هەندێ لەبەرەڵڵاکانی بازگەکانی خۆشمان سووکایەتیان پێ دەکرێ، ئەو پارەیەش کە وەری دەگرن پارەیەکی قەڵپە، لەکوردستان ناچێت وهەتا فەرمانگەکانی ئاو وکارەبای خۆشمان لێیان وەرناگرن، وابزانم ئەوان ئێستا دەڵێن ئەگەر چارە نەکرێین لەبرسان دەمرین!،، داوا دەکەم لە

بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی کە لێرەن بیرێک لەو بابەتە بکەنەوە وچارەیەک دابنێین بۆ چارەنووسی ئەوان، چونکە بەڕاستی لەبارێکی ئابووری زۆر سەخت ونالەباردا دەژین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەقەتەکان وەکو شەهید حیساب بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی مووچەی دکتۆرە نیشتەجێکان چەند جارێک لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا باس ولێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بەڵام ئەنجامی نەبوو من بەدەرفەتی،دەزانم لێرە پێشنیارێکم هەیە دەیخەمە بەردەم بەڕێزتان بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە هەنگاوێک بنێن دکتۆرە موقیمەکان (٢٤) سەعات لە نەخۆشخانەکان ئیش دەکەن کادرێکی پێویستن مافی ئەوەیان نییە عیادە بکەنەوە وەکو دکتۆری تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، بابەتەکە دیاری کراوە، کە دووخاڵە: (٣٠) دینار بۆ فەرمانبەران وخانەنشینەکان، وە(٢٠٠ ـ ٢٥٠) دیناری بڕاوە بۆ خێزانی شەهیدەکان.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکەم دەربارەی فەرمانبەرە، کە (٨) سەعات ئیش دەکات دکتۆری موقیم (٢٤) سەعات ئیش دەکەن، بەنیسبەت دکتۆرە موقیمەکان لەباتی (٣٠) دینار (٩٠) دینار بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێویستی بەبڕیارێکی تایبەتییە لەدەرفەتێکی تردا ئەو پێشنیارە بکە، بۆ ئەوەی عەرزی سەر حکومەتی ئێستای بکەین.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی پشتیوانی لەپێشنیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دیارە سەرچاوەی ئابووری ئێمە ئەو گومرگەیە کە هەیە، دیسان دێمەوە سەر ئەو پێشنیارەی کە پێش مانگێک کردم ئەو خەڵکەی کە لە دەرەوەی کوردستان دان زیاتر لە (٣٠) هەزار کەسن کە هەریەکە شتێکی دیاری کراوی بۆ دابندرێت دەکاتە (٢٠) ملیۆن دینار لەو حاڵەتە ئەگەر ئەوان فریای ئێمە نەکەوتن ئینجا لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ ئەو دەستگرۆییە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــەحـــمـــود فندی دێرەشـــەوی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی بڕیارێکە لەجێی خۆی دایە، بەڵام وەکو برادەران گوتیان ئەم بڕیارە گرفتی ئەو فەرمانبەرانە چار ناکات، لەباتی ئەوە ئازووقەیان بۆ دابین بکرێ، چونکە (٣٠) دینارو (٤٠) دینار کێشەی ئەوان چار ناکات بەڵکو کێشەکە زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــحـــەمـــەد ئەمین عـــەبدولحـــەکـــیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پیرۆزبایی لەو هەنگاوە پیرۆزە دەکەم لەجێی خۆی دایە، بەڵام من حەز دەکەم شتێک بڵێم کە ئێمە بیرمان لێ کردۆتەوە ئەوە مەسەلەیەک نییە چارەسەری هەموو بابەتەکە بکات، وەزعێکی زۆر خراپ هەیە لە کوردستان وخۆشمان زۆر چاک دەزانین ئەگەر بڵێین ئەوانە (ذوی الدخل المحدود) دیاری کراون یارمەتیان بۆ زیاد دەکرێ، باشە ئەو کرێکارەی کە رۆژانەی دەست ناکەوێ کە ئێستا بێ ئیشی بڵاوبۆتەوە هیچ ئیشەک نییە وناتوانێ یەک کیلۆ گەنم بکرێ بۆ ماڵەوە، چارەسەری وەزعی ئەوە چۆن بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو برادەرانەی کەویستیان قسە بکەن، قسەیان کرد، سوپاسیان دەکەین، ئێستا با وەزیری دارایی وئابووری قسە بکات و هەندێ شت بۆ برادەران روون بکاتەوە.

**بەڕێـز دارۆ شـــــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی بەو رەخنەیەدا دێمەوە کە یەکێک لەو برادەرانە کردی، کەگوتی هیچ پێویست نەبوو ئەم دانیشتنە نهێنی بێ، من بەلامەوە سەیرە کە یەکێک هەڵدەستێ دەڵێ با (٥٠) دینار بێ، یەکێک هەڵدەستێ دەڵێ با بۆ خێزانی پێشمەرگە (٥٠٠) دینار بێ، یەکێک دەڵێ با (٢٠) دینار بێ، ئەم ژمارانە بکرێتە بەر دەستی جەماوەرەوە ئەوە زەرەر لەحکومەت وپەرلەمان دەدات، یەکێک پێشنیار دەکات دەڵێ (٣٠) دینار چییە بۆ فەرمانبەر؟ با بیکەین بە (٦٠) دینار، جا ئەو قسە کە دەچێتە ناو خەڵکەوە ئایا کاریگەریەکی ئیجابی دەبێ یان سەلبی؟ چونکە ئێمە خۆمان توانای خۆمان دەزانین لەبەر ئەوە بوو داوام کرد ئەو دانیشتنە نهێنی بێ، چونکە ژمارەی تیادا دەگوترێ هەر جارێکی تر مەسەلەیەکی دارایی وئابووری هەبوو کە ژمارەی تیادا باس کرا، سیاسەتی ئابووری تیادا باس کرا تکاتان لێ دەکەم کە بەنهێنی بێ ئەوە بواری زیاد کردن وکەم کردنی لەلایەن هیچ کەسێکەوە نییە. ئینجا ئێستا ئەگەر ماوەم بدەن ووردە ووردە وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە، برایەک هەستا گوتی بارێژەکە بکەینە لە ٣٠٪ ئێمە لە پێشەکی قسەکان باسی

ئەوەمــان کــرد ڕێژەی لە ١٠ ٪ـ ١٥ ٪ بۆ ڕادەی نزمی مــووچە دەکــاتە (٣٠) دینار، بەڵام بۆ مـووچەیەکی بەرزتر کـە (٤٠٠ ـ ٥٠٠) دینارە ئەوە دەکـاتە دووقـات وسێ قـاتی ئەو کـەسـەی کـەوەری دەگرێ، ئەی باشە لە ٣٠ ٪ دەکاتە (١٣٠) دینار و (١٥٠) دینار بۆ ئەو کەسانەی کە مووچەی بەرزیان هەیە ئێمـە لەو کردارە دەمانـەوێ کـەس مـەغـدوور نەبێ، ئەوکـەسەی کـە ڕادەی ژیانی کـەمـە ئەو (٣٠) دینارەی کە دەیدرێتێ کـەلێنێکی بۆ پڕدەکـاتەوە، بەڵام ئەو کـەسـەی کـە (٦٠٠) دینار مووچەی بێت ڕەنگە (٣٠) دینارەکە هیچ نەبێ بۆ ئەو و بەنیسبەت هەژارەکە ئەمڕۆ (٣٠) دینار شتە مەبەستم ئەوە نییە (٣٠) دینار مانگەکەی پێ پڕدەکاتەوە، بەڵام (٣٠) دینار دەکـاتە (٦٠) نـان بۆ خـەڵـک، خـەڵکی وا هەیە لە کـوردسـتـان ئەمـڕۆ دەربەسـتـی نانێکە، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە ئەو ڕاددەیەمان وا لێ کردووە، خەڵک بتوانێ بەشی ڕۆژێک دوو ڕۆژ نان بکڕێ وخۆی تێر بکات، ئێمە ئەگەر پێمان بکرێ دەبێ مووچەی خەڵکی کوردستان (١٠) قات و (٣٠) قات زیاد کەین، من لەگەڵ دکتۆر ڕۆژدا لێرە حیسابێکی سەرپێیمان کرد، دەبێ ئێمە (٣٠) قات مـووچەی خەڵکی کوردستان زیاد بکەین بۆ ئەوەی ڕاددەی ژیانی بگاتە دەرودراوسێکانی خۆمـان، بەڵام ئەگەر توانای ئەوەمان هەبوایە ئەمڕۆ ٢٠٠ ٪ مـووچە زیاد بکەین، بۆنموونە هەر دیسان نابێ هەمـووی بەیەک جـار زیاد بکەین، ئەوەی خـوشکە پەریخـان باسی کـرد مـەسـەلەی هەڵاوسـان (تەزەخـوم) زۆر ڕاستـە تەزەخـوم دروست دەکـات، بەڵام ئەوە بەشێکی بچکۆڵەیە بۆ چارەسـەری تەزەخوم ڕەنگە هەمـوومان پێ نەکرێ، بەڵام لەهەمـوو دنیـا واباوە هەمـووشتـان باش دەزانن ڕێژەی تەزەخوم لەووڵاتانی کە بەئاسـایی بەڕێوە دەڕوات سالّی ڕێژەی لە (٢/٥ ـ ٣/٥)ە لەکـوردسـتـان (١٥٠٠ ٪ ـ ٢٠٠٠ ٪ـ ٣٠٠٠ ٪)ە ئیـتـر واز لەفـەرمـانبـەران بێنن بڵـێین مـووچەتان بۆ زیاد ناکەین، ئەوە لەدنیا ولەجیهانی داراییش وانییە، ئەوە پینە وپەڕۆیە کە ئێمە ئەیکەین ئەنجامی ئەوەی ئێستا ڕژێمی عێراق خواردنی هەرزان دەدات بەخەڵک ئێمەش دەبێ خواردنی هەرزان بدەین بەخـەڵک، بۆ ئەوەی تەزەخوم چارەسەر بکرێ دەبێ ڕاددەی ژیانی خـەڵک بگەیەنینە مستەوای نرخ وبازاڕ، پرسیـار زۆر لـەسەر ئەوە کرا کە ئەوە پێشـمەرگە دەگرێتەوە یان ناگرێتەوە ئێمـە باسمان کردووە، واتا مووچەخۆر هەمـووی دەگرێتەوە هەتا ئەگەر باسی خانەنشین نەکرابایە بەمانای وشە خانەنشین دەگرێتـەوە چونکە ئێمـەدەڵێین هەمـوو مووچە خۆرەکـان، موچەخـۆر ئەوەیە کە مـانگانە مووچەی خۆی وەردەگرێ، من پێم وایە هەموو کەس دەگرێتەوە.

ئێمە ئێستا پارەیەکی دیاری کراو دەدەین، بەڵام کەیاسای خانەنشینانی شەهیدان دەرچوو ئەو کاتە خێزان هەیە (٥٠٠) دیناری بۆ دەردەچێت خێزان هەیە (٣٥٠) ی بۆ دەردەچێت خێزانیش هەیە (١٢٠) دیناری بۆ دەردەچێت، چونکە بەپێی ژمـارەی خـێـزانە، منداڵی گـەورەو بچـووک دەور دەبینێ خۆتان دەزانن شەهیدی وا هەیە منالەکەی بۆتە (٢٠) ساڵ، ئێستا ئەو پیاوە ،دەبێ ئەو بەرهەمی هەبێ بۆ کـوردسـتـان نەک ئێمـە پارەی شـەهیـدانی بدەینێ، ئینجا ئەوە دەگـەڕێتـەوە بۆ

یاسای خانەنشینی شەهیدان ژنی وا هەیە شووی کردۆتەوە ئێمە بەرپرس نین بچین ئەویش بەخێو بکەین، ئەوە دەیبەستینەوە تا یاساکە دەردەچێت کە یاساکە دەرچوو ئێمە ئەو (٢٥٠) دینارە دەبڕین، ئەو پارەیە وەردەگرێ کە بەپێی یاسا دەیدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە دەبێ دەنگی لەسەر بدرێ، ئینجا ئایا ئێستا بیکەین یان نا؟.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لەکاک دارا تێگەیشتم پێشنیارەکە ئەوە نییە هەڵاوێردرێن (استثناء) بکرێن، بە جۆرێکی تایبەتی چارەسەری بابەتەکە بکەن بەرێکوپێکی بۆیان دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستم لە بڕیارەکە ئەوەیە ئاماژەی بۆ بکەین یان نا؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیەی کە نووسراوە ئاوها ئاماژەی بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ زانیاریتان با ئەو خاڵەتان لەلا روون بێ کە لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە کارێکی وانەکەین حکومەت دەرفەت بێنی و(١٨) ملیۆن دینار بخاتە ئەستۆمان، ئەبێ کارێکی وابکەین یارمەتی بێ، با لەبڕیارەکە ناویان نەیەت، ئێستا دەقێکی وا دابنێین کە هاوکاری بکەین لەیارمەتی دانی ئابووری خانەنشینەکاندا بەشێوەیەکی وابێ کە پەیوەندی بەمووچەوە نەبێ کەناوی مووچەی لێ هات ئەبێتە ئەرکێکی زۆر گەورە، ئەم مانگە ناڵێم بەڵام مانگی داهاتوو (١٨) ملیۆن دینار ئەبێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە زیاتر روون بێ، ئەگەر ئێمە چاو پۆشی لەوە بکەین، مووچەخۆر حیساب بکەین، خانەنشینەکان لەوە رزگار نابن، خۆتان تەسەروف لەبابەتەکە بکەن، با خانەنشین جێگیر نەکەین، خانەنشین مووچەخۆرە، بۆ ئەوەی ئەوانیش رزگار بن ئێمەش رزگار بین.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لاتان باش بێ دەتوانین بەشێوەیەک چارەسەری بکەین، بۆ نموونە: بۆ خانەنشینەکان یەک

لەئازووقەکان دەکرین، بلێین برنجیان بۆ دەکرین یان گەنمیان بۆ دەکرین بەڵام بایی (٣٠) دینارەکە زیاتری بۆ ناکرین کە گەنم بکرین (١٥) کیلۆ یان (١٠) کیلۆ گەنمیان پێدەدەین، باسی ئەوەکرا کە هەڵمەتی راگەیاندن بکرێ، رادیۆو تەلەفزیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز بکرێ وبۆی تەرخان بکرێ بەراستی من زۆر پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم تەنیا ئەمە بەڵکو داوا لەحزبەکانی بەرەی کوردستانی وحیزبەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە مەسەلەی راگەیاندن بکەن بەمەسەلەیەکی زۆر جیددی بۆ خزمەت کردنی باری ئابووری ئێستای کوردستان و، ئەگەر هەڵمەتێکی راگەیاندن نەکەین بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین بەرەنگاری هەڵمەتی راگەیاندن و ئەو پرۆپاگەندە ژەهراویانە بکەین کە رژێم بڵاویان دەکاتەوە لەناو ئێمەدا وئەبێ ئێمە بەرەنگاری بکەین، مەسەلەیەک هەیە زۆر گرنگە، کاک د.فایەق ئاماژەی بۆ زیاد کردنی مووچەی دکتۆرە مقیمەکان کرد من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە بلێین حەق نییە ئێستا ئەو دکتۆرانە داوای زیاد کردنی مووچەیان بکەن، من پێم وایە هەندێک مەسەلە هەنە حەق نییە پەرلەمان کۆبوونەوەی بۆ بکات وبریاری بۆ بدات، کە شتی وا دێتە پێشەوە بەنامەیەک بینوسن بۆ شوێنی تایبەتی خۆی وبلێین ئێمە گرفتێکی وەها هاتۆتە پێشمان پێویستی بە چارەسەری هەیە ئەو وەختە ئێمە بەپێی ئەو پێشنیارەی کە دەگاتە لای ئێمە دەست بەکار دەبین، بۆ نموونە مووچەی (٣٠٠) کەس لەکوردستان پێویست نییە پەرلەمان خۆی پێ سەرقاڵ بکات، ئەگەر پێشنیارێکی وەها بەنامەیەک ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن ئێمە دەتوانین چارەیەکی بکەین، چونکە کە دەبێتە بریاری پەرلەمان، بریاری پەرلەمان شتێکی یەکجار گەورەیە، حەق نییە بەشتی بچووکەوە خەریک بێت، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من دەمەوێ بلێم وەزعی ئێستای ئەو ئەزموونەی ئێمە، وەزعی کوردستان لەمەترسی دایە، بەداخەوە دیارە لێرە هەموو قسەیەک بکرێ باسی هەموو مەسەلەکان بکرێ لەگەڵ رێزم بۆ برادەرانی ئەندامانی ئەنجوومەن وا دەزانن کە حکومەتی ئێمە داهاتێکی زۆر گەورەی هەیە وتوانای زۆرە، بەڵام ناتوانێ ئەم داهاتە وتوانایە بەشێوەیەکی باش بەکاربهێنێ، ئێمە لە رۆژی ٤/٢٥ دا کابینەکەمان ئاراستەی بەرێزتان کرد ورەزامەندی لەسەرکرا ومتمانە درا بە وەزیرەکان، لەو کاتەوە ئێمە تووشی وەزعێکی خراپی ئابووری بووین کە زۆر وەزعێکی ناخۆشە بەتایبەتی ئیلغا کردنی (٢٥) دیناری، ئێمە شەو و رۆژ خەریکی کۆبوونەوە بووین لەگەڵ هەموو پسپۆران لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری لەگەڵ خەڵکی ناو بازار وهەمیشەش لەپەیوەندی دابووینە لەگەڵ بەرێزان مام جلال وکاک مسعود هەروەها بەتەلەفۆنی تایبەتیشەوە پەیوەندیمان کردووە بەخەڵکی شارەزا لەدەرەوەش پەیوەندیمان بە (I. N. C.) کردووە، ئێستا بژێوی ئێمە تەنیا گومرگەکانە،

هیچ داهاتێکی ترمان نییە دوو ئابلووقەمان لەسەرە، ئەو ئەزموونەی ئێمە جیاوازی نەکراوە لەگەڵ ئەو رژێمەی کە بە دیکتاتۆری حوکم دەکات، لێرەش حکومەتێکی دیموکراتی هەیە خۆشتان باش دەزانن گومرگەکان بڵێین گومرگی ابراهیم خلیل کە داهاتی سەرەکی کوردستانە حکومەتی تورکیا بیانو بەرانەرەکان دەگرێ دەڵێ نابێ ئەوەندە بێێن یان لەوەندە زیاتر، جاری وا هەیە هەر لەهەزار لۆری چوار لۆری نەهاتووە، لەشوێنەکانی تریش ئێستا دامودەزگاکانمان بەشێوەیەکی پێویست نییە لەو خەڵکانە پێک هاتوون هەر یەکێک سەر بەمیلیشیاتی حزبێک بووە چ پۆلیسە چ پێشمەرگەیە، هی ئەوە نییە کە ئێستا بریار دەردەچێ لە ١٠٠٪ ئەو بریارانە جێ بەجێ بکرێن بەپێچەوانەوە لەوانەیە تێپەراندن لەلایەن ئەو لێپرسراوانە دەکرێ کە دایان دەنێن واتا ئەو داهاتانەی لەگومرگ بێت لە ١٠٠٪ ناگەرێتەوە بودجەی وەزارەتی دارایی وئابووری، ئێستاکەش حکومەتی عێراقی ناتوانێ هێرشی سەربازیمان لەسەر بکات، بەهۆی ئەو پارێزگاریەی کە دەکرێت، ئێستا شەری ئابووریمان لەگەڵدا دەکات، ئێمە لەسەر بنەرەتی زانیاری قسە دەکەین زانیاریمان بۆ دێت لەرێگای وەزارەتی ناوخۆ وئاسایش ولەرێگای تر کەئەوان دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بێ خەڵکی کوردستان هان بدەن دژی حکومەت خۆپیشاندان بکەن وهەروەها لەلایەن حکومەتی ئیرانیشەوە خەڵک هان دەدەن دەڵێن کە چتان بۆ دەکەینەوە وئازووقەتان دەدەینێ، دەیانەوێ شەری ئابووری و دەروونیمان لەگەڵدا بکەن، ئێستاکەش راستە راگەیاندن زۆر گرنگە، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنیش ئەندامانی پەرلەمان هەوڵ دەدەن ئەوە بگوێزنەوە بۆ خەڵک کە لە شوێنەکان نوێنەریانن کە کۆر بگێرن، کۆبوونەوە بکەن، باری ئابووری بۆ خەڵک روون بکەنەوە راستە ئێستا بەگوێرەی ئەوەی لەکوردستان دەژین خۆمان دراسەمان کردووە لە ٣٠٪ خەڵک هیچی نییە، بەڵام خەڵکی تر هەیە کە لە ٣٠٪ وەزعیان زۆرباشە ئەو لە ٣٠٪ یەی کەوەزعی باشە ئەگەر هان بدرێن یارمەتی هەژارەکان بدەن، ئێمە ئێستا ناتوانین باج وەربگرین لە هەموو دنیا باج هەیە و وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ چارەسەری ئەم هەموو کێشانە بکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، بەراستی ئەندامانی پەرلەمان حەقیانە پرسیار بکەن و هەر پرسیارێکیش حەق وایە وەڵام بدرێتەوە بە (ئا) یا بە (نەء)، بەپێی پێرەوی پەرلەمان حکومەت پابەندە بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامان، بۆیە ئەو پرسیارانە بە کورتی بکەن، کەم وزۆر هەست وخواستی ئەم خەڵکە بەئەندامانی پەرلەمان بگەیەنن. ئەوان لەناو خەڵکن کەشتێک دێننەوە بۆ ئێرە بێگومان لەناو خەڵک باسی لێ دەکەن جێگەی پرسیاری ئەوانیشە، شتێکی زۆر باشە پرسیارێک بەهەر شێوەیەک بێت بکرێت مەرجیش نییە ئەو پرسیارە وەک پێشنیار توانای جێ بەجێ کردنی هەبێ، ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن با با تەرکی تیادا نەبێ.

خاڵی دووەم کاری پەرلەمان روونە چییە و کاری حکومەتیش روونە چییەو، پارە پەیدا کردن

لەدەسەڵاتی هەردوو دەزگایە، ئەگەر خانووەکانی پەرلەمانیش کێشەی ئازووقەی کوردستان چار دەکەن با هەر لە ئێستەوە پەرلەمان بیانفرۆشێ، چونکە پێش خانووەکانی پەرلەمان، خانووی تر هەیە، دەزگای تر هەیە وپارەیەکی زۆری ترمان داناوە بۆ شتی تر، وادەزانم فرۆشتنی (١٠ ـ١٥) خانوو کێشەی کوردستان چارە ناکات داوا کردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم خانوانە بریاری پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی کوردستانیش ئەو بریارەی پەسەند کردووە، بابەت جێبەجێ نەکردنی بریارەکەیە، مەسەلە خانوو نییە، ئەوە موعاناتی خەڵکێکە کە بەشدارن لەبریاردانەدا.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو قسانەی کە کاک عەبدوڵڵا کردنی، لەراستیدا مەبەستمان ئەوەیە کە لەیەک گەیشتن لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا پتەو تر بێ، یەک پاڵپشتی ئەوی تر بێ ئێمە لێرە هەردوو لامان یەک کیانی تایبەتی بەڕێوە دەبەین ئەو کیانە ئەرکی سەرشانی هەردوولامانە پێکەوە کار بکەین هەر یەکە لەوی تر تێ بگات وئیشوکار و بریاری هەردوو لامان بەو لایە بێ کە ئێمە هەموو راستی بخەینە بەردەم پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لەهەموو سیاسەتی حکومەتی هەرێم دەبێ بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی ئەوانیش راستی دەربخات، بۆیە حەزم کرد چەند خاڵێک روون بکەمەوە کە پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستاوە هەیە بەتایبەتی باری ئابووریمان، خاڵێک حەز دەکەم ئاشکرا بێ کە شکانی دیناری عێراقییە، دۆلار گران دەبێ یان خۆراک گران دەبێ، شکان و رووخانی دیناری عێراقی نەبەستراوە بەوەزعی کوردستان یان بە پەرلەمانی کوردستان یان ئەو وەزعە تایبەتییەی لەکوردستاندا هەیە شکانی دیناری عێراقی بەستراوە بەسیاسەتێکی جیهانییەوە بەستراوە بەوەزعی حکومەتی عێراقەوە وبەستراوەتەوە بە چاپ کردنی پارە لەعێراقدا بەستراوە بەسیاسیەتی رژێمی عێراقی، ئێوە وەکو پارچەیەک لەعێراق تووشمان بە تووشی ئەو رژێمەو ئابووریە داتەپیوەکەی بووە لەوانەیە زەرەرەکەشمان لەوە زیاتر بێ، ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێ ئەم حاڵەتە بەئێمە راناگیرێ ئەگەر لەدەرەوە یارمەتی نەدرێین، ئێمە لەسەرمانە هەوڵ بدەین کە وەزعی خۆمان بەشێوەیەکی رێکوپێک رێک بخەین بتوانین تارادەیەک زەرەرەکە کەمتر بکەینەوە، ئێمە لەو وەختە دووچاری مەترسی ئەوە بووین ئەم پارەیەی ئێستا لەبازاری ئێمەدا هەیە هەموو بکێشرێتەوە، ئەم پارەیە ئەگەر ئێستا کێشرایەوە ومیللەتەکەی ئێمە بە موفلیسی دەمێنێتەوە، هەر کەسێک ئەوەی پارەی هەبێ وئەوەی پارەی نەبێ پارەکەی گیرفانی نرخی نابێ، ئێمە ئەگەر شان بەشانی ئەوە وەزعی خۆمان رێک بخەین بیر لەوە بکەینەوە، چارەیەکیش بۆ ئەوە بدۆزینەوە (٢٥) دیناریەکە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە رژێم دەتوانێ ئەوە بکات بەتایبەتی کە هیچ کاردانەوەیەکی لەنێو دەوڵەتاندا نەبوو، ئەرکی سەر شانمانە، ئیش لەمەشدا بکەین زۆر ئیشی تیادا کراوە، بەڵام لەوانەیە ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لێ نەبێ ئەگەر

بزانن بۆچوونی ئێمە بەو شێوەیە، چارە چییە؟ چار ئەوەیە یەکەم شت کاردانەوەیەکی دەرەوە هەبێ، دەرەوە نەتەوە یەککگرتووەکانە، هاوپەیمانەکانن هەرکێیە اجرائاتی عێراق بەکێشانەوەی پارەی سویسری اجرائاتێکی قانونی نییە دانی پیانانێین، ئەگەر کاردانەوەیەکی وا هەبوایە ئێمە تووشی وەزعێکی وا نەدەبووین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستیەکەی ئەو ڕوون کردنەوانەی کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشیان کرد زۆر بەسوود وبەکەڵک بوون هیوادارم کەرەنگدانەوەی هەبێ لەناو حکومەت وپەرلەماندا بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە بەشێوەیەکی گونجاو بۆکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوون کەینەوە، تا هەر کەسە ناوی خۆی بەباشی بزانێ لێی تێ بگات ئەوەی لەو بارەیەوە من حەز دەکەم بیخەمە سەر قسەی ئەو برایانەی بەڕێز کە چەند ڕاستیەکی تر هەنە پێویستە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوونی بکەینەوە کە هیچی تر خەڵک دوای ئەو خەون وخەیاڵە نەکەوێ کەدیناری عێراقی جارێکی تر بەرز دەبێتەوە، دیناری عێراقی هەتا دێ هەر نزم دەبێتەوە، دەبێ هەموو کەس ئەوە بزانێ وچارەسەری ئەو مەسەلەیە تەنیا بەوە دەکرێ کە مووچەی خەڵکی زیاد بکرێ، دیناری عێراقی جارێکی تر بەهیچ جۆرێک ناچێتەوە ڕادەی جارانی، بێگومان ئەوەش لەو مەسەلانەیە کە ئێمە دەسەڵاتمان تیادا نییە، ئێمە ناتوانین بڕیار بدەین کە دیناری عێراقی بەرز دەبێتەوە یان نزم دەبێتەوە وەکو بەڕێز د.ڕۆژ ڕوونی کردەوە سیستەمێکی بازاڕی جیهانی هەیەکە بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەدات وئەوەی کە بەرەو ڕووی ئێمە دەبێتەوە، دەکەوێتە سەرشانمان پێویستە بیکەین ئەوەیە کە هەوڵ دەین باری ئابووریمان باش بکەین، باری ئابووریمان چۆن باش بکەین؟ کاک حەسەن کانەبی لەو بارەیەوە پێشنیارێکی کرد کە پێویستە هەوڵبدەین بنەمای ئابووریمان جارێکی تر دروست بکەینەوە بەتایبەتی کشتوکاڵ، ئینجا پیشەسازی لەپێش ئەوانیش هات وچۆی بازرگانی، پێویستە هەوڵ بدەین ئەو شتانەی کەبەدەست خۆمانە لەو بوارانەدا ئەتوانین ئەو مەسەلانە ڕوون بکەینەوە وبەهێزی بکەین وداوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە هاوکاریمان بکەن لەو مەسەلەیە، ئەو پڕۆپاگەندانەی کە دوژمن بڵاویان دەکاتەوە لەناو خەڵکدا ئەمڕۆ پێویستە دووریان بخەینەوە بەرامبەر بەوە ڕاستیەکان بخەینە بەرچاویان، ئینجا ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک داوای دەکات لەحکومەت وپەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە هەردووکیان ئەم کێشانەی بەرەو ڕووی میللەتەکەمان دەبێتەوە هەوڵ دەدەن جێ بەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم مەسەلەیە بەتێروتەسەلی باس کرا، بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر بڕیارەکە بدەین با تەواوی بکەین.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی سەرچاوەیەک هەبێ حزبەکان کە لیستی شەهیدانمان لێ وەرگرن بەلام هی کەم ئەندامانمان نییە، بەبڕوای من ئەگەر بمانەوێ بۆ کەم ئەندامان شتێک بکەین سەرچاوە هەیە کەداوای لیستی لێ بکەین، چونکە بەڕاستی ئەوانیش گوناهن لەبەر چاوی خەلکانی تریش کەقاچیان لەدەستداوە یان دەستیان لەدەستداوە ئیشوکاریشیان نییە رەنگە کاریگەری دەروونی زیاتر هەبێ لەو شەهیدانەی کەوا خراونەتە ژێر خاکەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو تێبینییانەی سەرۆک وەزیران وجێگرەکەی کە پێشکەشیان کردو خۆ تێکەلاوکردنەکەی کاک د.کەمال فوئاد و ئەو بێ پەناوپێچییەی کە سەرۆک وەزیران نیشانی دا، بەرای من پێویستە لەدانیشتنێکی تایبەتیدا بەقوولی لێیان بکۆلدرێتەوەو ئەرکی هەردوولا دیاری بکرێ، پێویستە تیشک بخەینە سەر چەند خالێک کە چارەسەریەک بۆ کێشەی میللەتەکەمان دابین بکەین و رادەیەک بۆ تابووری پێنجەم دابنێین و گرفتی سنوورەکان چارە بکەین کە پێشمەرگە ناتوانێ بەرگری لە سنوور بکا، ئەگەر کۆبوونەوەی داخراو بۆ ئەم بابەتە بکرێ ورادەیەک بۆ ئەم دەست درێژی کردنانە دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو روون کردنەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری سەرۆک وەزیران شتێکی زۆر باشە بۆ ئێمە، چونکە ماوەیەکە بەتەماین ئەو شتانەیان لێ ببیستین، ئێمەش بەدەوری خۆمان هەستاوین لەناوچەی خۆماندا وئەرکی سەرشانمانە بۆ ئەوەی کەوا ئەو وەزعەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە دژی تابووری پێنجەم، دژی ئەو جاشانە کە پڕۆپاگەندە دەکەن دژی حکومەت وپەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەراستی میللەتەکە خۆڕاگرە، میللەتەکە راستە برسییە بەلام هەر ئازادییەکەی پێ باشە، بەلام وای لێ هاتووە دلی ناسک بووە، هەندێ شت هەیە هەرچەندە ئەو دەورە نابینێ، بەلام کار دەکاتە سەر میللەتەکە بۆ نموونە لەسلێمانی لەپێش جەژن تائێستا مەروملاتێکی زۆر هەبوو، مەروملاتیش کەبنکەیەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەلام بەداخەوە بەرەو ئێران دەڕوات، هەتا وای لێ هاتووە سەرقەباغی ئاوەڕۆکان هەلدەگرن دەیبەن بۆ ئیران، تکایە ئەم میللەتە زۆر دلبەغەمە بەم وەزعە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەهیچ هێمنی وئاسایش لەناوچەکەدا نییە با حکومەتی کوردستان گرنگی بەو شتانە بدات بۆ ئەوەی زیاتر غەمگین نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە زۆر قسە کران، بەڵام چارەیەکی راست بۆ پارەو مامڵەت کردن لەکوردستان دەست نیشان نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری لەگەڵ کاک دارۆ کراوە نازانم بوختانی پێ کراوە یان خۆی وای گوتووە دەڵێ ئەگەر (پێنجی) و(دە) دیناری لەغو کران حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بریاری داوە مامڵەتی پێ دەکەین، من پێم وایە بوختانیان پێ کردووە، من دەڵێم باشترین رێگا چارە ئەوەیە کە مامڵەت بەپارەی (استنساخ) بکەین، بریاری پەرلەمانیش هەیە کەدەبێ مامڵەتی پێ بکرێ، ئێستا باشترین بریار کە پەرلەمان داویەتی ئەوەیە کەپێویستە مامڵەت بەپارەی (استنساخ) بکرێ هەرچەندە زۆرتریش مامڵەتی پێ بکەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر بابەتی ئەسڵی خۆمان کەگفتوگۆ کردنی ئەو پێشنیارەیە کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دارشتنێکی مەبدەئییە:

١- منح عوائل شهداء الحركة التحررية الكردية مبلغاً قدره (٢٥٠) ديناراً شهرياً لحين تشريع قانون خاص بتقاعد الشهداء.

٢- منح الموظفين والمتقاعدين زيادة قدرها (٣٠) دينارا اضافة لرواتبهم الشهرية.

٣- تعتمد قوائم الشهداء التي قدمت من قبل حكومة الاقليم لصرف المنحة الشهرية المقررة من الفقرة (١) اعلاه.

٤- لايجوز الجمع بين الراتب التقاعدي للشهيد الذي اعدم لدى السلطة الفاشية والمنحة المستحقة لعائلة الشهيد بموجب هذا القرار وعلى عائلة الشهيد اختيار احدهما.

٥- على مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق تنفيذ هذا القرار من تاريخ اصداره، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی هەیە،کاک دارۆ باسی مەسەلەی خانەنشینی کرد، ئێمە خانەنشینانمان بەگشتی

جێگیر کردووە، خانەنشینەکان دەستنیشان نەکراون، چونکە ناکرێ بڕیاری تایبەتی بۆ خانەنشینەکانی کە لە هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون وەربگرین ودیسان بڕیاری تایبەتییان بۆ دەربکرێ، ئەوانی تر بەرێنمایی تایبەتی، یاحکومەت خۆی مامڵەتیان لەگەڵدا بکات بەشێوەیەک کە کار لەوە نەکات کە کاک دارۆ باسی کرد.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من لەسەر شێوازی ئەو بڕیارە تێبینیم هەیە، حەقە وابنووسرێتەوە پەرلەمان رەزامەندی نیشاندا لەسەر ئەو پێشنیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بڕگەکانە، لەداڕشتندا دەبێ ئەو پێشەکییە بنووسرێ، ئەوە تەنها هەر بەشێوە (شكل) ئەم خاڵانەی ئێستا جێگیر کراون بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێنین، پاشان با لیژنەی یاسا دایبڕێژێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەوەندە بەپەلە بێت بڕیارەکە دەربچێت، ئێستا ئەگەر بەڕێزتان ماوەمان بدەنێ لیژنەی یاسا لەماوەی (١٠)دەقیقە لەیەکێک لە هۆڵی لیژنەکاندا دایدەڕێژین بۆ ئەوەی شێوەیەکی تەواوی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو بڕگانە ئاشکران ئەمە پێشنیاری حکومەتە رازین یان ناڕازین؟ لەنێوان گفتوگۆکاندا شێوەیان دیاری کراون لیژنەی یاسا با دوایی بیبینێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر داڕشتنی بڕگەی دوایی (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار) لەگوێمان تۆزێک ناخۆشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو بڕیارێک دەبێ وابنووسرێ، دەبێ بوترێ کە کێ جێبەجێی بکات؟ خۆ پەرلەمان جێبەجێی ناکات.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بڕیارێکی جێبەجێ کردنە (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار) ئەوە عادەتەن سەرۆک کۆمار دەریدەکات و دەڵێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەمە جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەنجوومەنی وەزیران، ئێوە پێشنیارتان کردووەو دەبێ ئێوەش جێبەجێی بکەن، دەبێ پەرلەمان لایەنەکە دیاری بکات، ئەگەر شتێک بوو تا یەختەتان بگرین، وابزانم ئەمە لەنێوان شێوە (شکل)دایە، ئەمەی ئێستا خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. تکایە لیژنەی یاسا دەرنەچێ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ راپەڕاندنی.
ئێستاش بۆ ماوەی (١٠) دەقیقە پشوودانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێستا دەست دەکەین بەخاڵی دوو، وابزانم بڕیارەکان بەسەر برادەران دا بڵاوکرانەوە، با هەریەکە لای بێ وبا بیخوێنیتەوە. ئەو بڕیارانەی کە پێویستە رابگیرێن، با بڕیار بەبڕیار بخوێنرێنەوەو، برادەران تەماشای دەقی بڕیارەکان بکەن، پاشان دێینەوە سەری بڕیار بە بڕیار، ئەگەر بڕیارتان لەسەر نییە با دوای بخەین، چونکە پێویستە ئەو بڕیارانەی کە راگیراون باس بکرێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سێ بڕیار هەنە بۆ راگرتن، سوپاس.
**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:
(قرار)
استنادا ألى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ١٥/٦/١٩٩٣ اصدار القرار الاتي:
١- تجميد القرارات الواردة ارقامها وتواريخها الصادرة من (مجلس قيادة الثورة العراقية) ولايعمل بها (١) رقم القرار (١٩٧) تاريخ القرار ١٥/٩/١٩٦٨، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نییە ئەو بڕیارەمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار رقم (١٩٧) في ١٩٦٨/٩/١٥ قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٦٨/٩/١٥ مايلي:

١- يحرم كل عراقي يتزوج من اجنبية بعد يوم ١٩٦٨/١٢/٣١ من حق التوظيف في الدوائر الرسمية وشبه الرسمية.

٢- لايعتبر المرأة العربية من ابوين عربيين اجنبية لهذا الغرض، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەقی ئەو بڕیارەیە کە داوا دەکرێ رابگیرێ، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو بڕیارە؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوو مەیدانیان هەیە بۆ راپەڕاندن، هەندێ بڕیار هەنە مەیدانی راپەڕاندنیان تەنیا کوردستانە، بەرای من ئەو جۆرە بڕیارانە ئەگەر بەپێی یاسا رابگیرێن دروستە، بەڵام هەندێ بڕیار هەیە مەیدانی کارپێکردنی هەموو عێراقە، ئەگەر ئەو بڕیارە راگرین لەکوردستان دەبێ، بەڵام لە پارچەکانی تری عێراقدا ناتوانین رایبگرین، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئەو بڕیارانە وشەی (تجميد) لەلانی دارشتنی یاساییەوە هەڵەیە بۆ ئەو بڕیارانە بەکاربێت، ئەگەر بڕیارێک مەیدانی کارپێکردنی تەنها کوردستان بێت ئەتوانین وشەی (تەجمید) بەکاربێنین یانیش (ایقاف نفاذ القرار)، ئەگەر مەیدانی کارپێکردنی هەمووعێراق بێت ئەتوانین بڵێین (ایقاف نفاذه فی اقلیم کوردستان العراق) بەڵام نابێت وشەی (تەجمید) بەکاربێت لەو بابەتەش نابێ وشەی (الغائیش) بەکاربێت، چونکە بڕیارەکە لەئێمەوە دەرنەچووە، لەحکومەتی ناوەندییەوە دەرچووە، ئێمە حکومەتێکی هەرێمین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. با ناوی ئەو برادەرانە بنووسین کە دەیانەوێ قسە بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم کاک فەرسەت قسەکانی منی کرد، دووەم دەست نیشان کراوە.. ئێمە وەزیرمان هەیە وخێزانی ئەوروپییە، کردوومانە بە وەزیر، گرفتمان نییە ئێمە تەجمیدی کەین وەکو ئەو وتی

لەعێراق ئەوە دەکرێت، لەبەر ئەوە کەلێرەن، من پێم وایە پێویست بەتەجمید وشتی وا ناکات چونکە پێمان ناکرێت، سوپاس.

**بەرێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بۆچوونی کاک فەرسەتم هەیە، لێرە دەبێت ئەوانە پۆلێن بکرێن بەدوو شێوە، بەشێک (تەجمید) بکرێن بەشێکیش حەقە رانەگیرێن، سوپاس.

**بەرێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کەدەڵێین (تەجمید) مەبەستمان لە(تجميد) ناو هەرێمی کوردستانە مەبەست ئەوە نییە بریارەکە بەگشتی (تجميد) بکەین، بۆیە بریارەکە لەهەرێمی کوردستان (تجميد) دەبێت نەک بەنیسبەت هەموو عێراق، ئەوە بوو هەر ویستم روونکردنەوەیەک بکەم، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دارشتنەکەی وانییە، رەهایە (موطلقە)، (تجميد القرارات الواردة ارقامها وتواريخها الصادرة من مجلس قيادة الثورة العراقية ولايعمل بها).

**بەرێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین (ضمني) هەرێمی کوردستانی بخەینە ناو، بریارەکە رێکوپێک دەبێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر بنووسرێت گرفتەکە چارە دەکرێت.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم پێش هەنووکە بریارێک دەرچوو بوو، گوتبووی هەر بریارێک دەرچووبێ لەگەڵ بەرژەوەندی ئێمەدا نەگونجێت اعتباری نییە، ئەوەی دوای (٦١) هەتا هەنووکە راگیراون دەبێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بریارانە بکرێن وەکو لیژنەی یاسا فەرمووی، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راگرتنی بریارەکان لەجێی خۆی هاتووە، چونکە مەبەستی (زیمنی) (في اقليم كوردستان)ە ئەوە بەرهەڵست نییە، هەندێک زیادی کەین روونی کەینەوە لەدوایی یا ئەو دەستەواژەیەی (في اقليم کوردستانی) بۆ زیاد بکرێت، هەندێک لە بەرێزان وتیان بریاری (١٩٧)ی ئەوانە پێویست نییە، چونکە ئێمە ناگرێتەوە، بەڵێ یاساکانی عێراقی شتاقێکی بەناوی کوردستانەوە دەرنەچووە

هەمووی بەناوی عێراق دەرچووە (يحرم كل عراقي يتزوج من اجنبية بعد ١٩٦٨/١٢/٣١ من حق التوظيف في الدوائر الرسمية وشبه الرسمية) مانای وایە ئێمەش دەگرێتەوە وەکو یاسایەکی عێراقی بۆیە راگرتنی پێویستە لاریش نییە وەکو گوتمان (فی اقلیم کوردستان) دەبێ بۆ روونکردنەوە زیادی کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گرفتەکە ئاوا چارە دەکرێ بەکەم، کە دەڵێت (تجميد القرارات الوارده وارقامها)و( فی اقلیم کوردستان) زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر بکات، وەزارەتی داد چ روونکردنەوەیەکتان نییە؟. ئێمە لاریمان نییە (اقلیم کوردستان) زیاد بکەین.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ زیادەیەکمان لەسەر ئەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاکە (حازم) ئەو سەرنجە لای خۆت بنووسە بۆ ئەوەی دوای ئەوە (لايعمل بها فی کوردستان)بنووسرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلانی دارشتنەوە من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا بەتەواوی پشتگیری لەرایەکەی کاک فەرسەت دەکەم، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی دارشتنی یاساییە، یەک، دووەم شت ئەوەی لەنێوان کوردستان کاری پێ دەکرێت وتایبەتە بەکوردستان ئەوە دیارە ئێمە بەیەکجاری تەجمیدی دەکەین، بەڵام ئەوانەی کە لەسەرتاسەری عێراقدا بەکار دێن پێویستە بڵێیت (ايقاف تنفيذه فی اقلیم کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە ئەگەر راگرتنی کارپێکردنی بێت یاخود جێگیر کردن بێت، هەردووکی دەبێت ئاماژەی بۆ هەرێمی کوردستانی تیا بێت ئەوجا هەر دووکیشی یەک مانا دەکات، چی (ايقاف نفاذ) بێت چ (تجميد) بێت، هیچ بریارێکمان نییە، هەندەک پێویستی بە(ايقاف نفاذ) بێت هەندێک پێویستی بە(تجميد) بێت بەڵکو ئەو بریارانەی کەکاری پێ ناکەین لە هەرێمی کوردستان ئەمانەن، ئەوجا (فی اقلیم کوردستان) دیاری دەکرێت پێم وایە ماناکەش تەواوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

زەحمەت نەبێ ئەو دوو زاراوەشمان لە بۆ شی کەنەوە، جیاوازی لەنێوان (تجميد القرار) و (ايقاف تنفيذ القرار) چییە؟.

**بەڕێز حــــســــــەن عــــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

(ايقاف نفاذ القرار)یەکجاری نییە ولەتواناداا هەیە دووبارە بکەوێتەوە کار، بەڵام (تجميد) مانای ئەوەیە ئیشی پێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

مادام وایە هەر لەسەرەتاوە ئەگەر لەلانی یاسایی وزمانییەوە بەرهەڵستی نەبێ با (ايقاف نفاذ القرارات) وهەروەها (فی اقليم كوردستان) دابنێین.

**بەڕێز بەخـــتــــیـــار حــــەیدەر عـــوســــمـــان:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

(تجميد ) لەگەڵ (ايقاف التنفيذ) جیاوازی یەکجار زۆرە، (تجميد) ئەو لایەنەی کە بڕیارەکەی دەرهێناوە خۆی (تجـمـيـد)ی دەکـات، بەڵام (ايقـاف التنفـيـذ) کـردارێکە کـە ئەو بڕیارانەی لەکوردستان زەرەریان هەیە رادەگیرێن، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

هەر ئێستاکە رای قانونیەکانمان زیاتر بەو لایەنە دەشکێتەوە کە (ايقاف تنفيذ) بێت لەجیاتی (تجـمـيـد)، جا ئەگـەر بەو شێوەیەیە با ئەو راسپاردەیە بکەین لەدارشتندا، ئەو وەختە جێگیر بکرێ، برگەی (١) (تجميد قرارات) ئەبێت بە (ايقاف تنفيذ) پاشان لیژنەی یاسا بەشێوەیەک دابڕێژێ کـە لەگـەڵ ئەو گـفـتـوگـۆیەدا بگونجێ کـە کـرا، بابێـینەوە سـەر بڕیـاری (١٩٧)ی لە ١٩٦٨/٩/١٥ کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز مـــەلا تەڵحـــە ســـەعـــیـــد قـــەرەنی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

(تجميد القرارات الواردة ارقامها وتواريخها)، بەڵام هەندێ بڕیاری دی هەنە کە ژمارەیان نییە دژ بە دەقی شەریعەتەکانی ئیسلامن ئەوانەش (تەجمید) بکرێن، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

جا هەر وەختی وەزارەتی داد کەرەمی کرد ولەرێگەی ئەوان و لە رێگەی ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە پێشنیاری ئەوە کرا، ئەوا ئەوەش دەکەین، ئێستا تەنها ئەوانەمان بۆ هاتووە کە وەزارەتی داد لەرێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمەی ناردووە، ئەگەر هی تریش هەیە ئەوە با وەزارەتی داد بۆمان گەڵاڵە بکات وببینیرن، ئەوەی کە ئێستاکە ئەوان داوایان کردووە ولەپێش چاومانە ولیژنەی

یاسا لیی کۆڵیوەتەوەو بەرزی کردۆتەوە بۆ ئێمە، ئەوانە چارەسەر دەکەین و، ئەوانی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێز وبۆ وەزارەتی داد، پاشان ئەگەر بۆمان بێت ئەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیاری (١٩٧)ی ساڵی ١٩٦٨ کارپێکردنی رابگیرێت؟ دەست بەرزکاتەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟کەواتا بەزۆری دەنگ بڕیاری (١٩٧)ی ساڵی ١٩٦٨ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق جێبەجێ کردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢ رقم القرار ٨٣٧ في ١٤/٦/١٩٧١ عملاً باحكام الفقرة (١) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت وبناءً على ماعرضه رئيس الجمهورية، قرر مجلس قيادة الثورة المنعقدة بتاريخ ١٤/٦/١٩٧١ مايلي:

١- لايجوز اسناد منصب وزاري لمن كان زوجته اجنبية.

٢- لايبقى ولايعين في السلك الخارجي والمنظمات الدولية من كان زوجته اجنبية.

٣- لايبقى ولا يعين ضابطا في الجيش والقوات المسلحة من كان زوجته اجنبية.

٤- لايعتبر الزوجة التي تحمل فيزة احد الاقطار العربية اجنبية لاغراض تطبيق هذا القرار.

ئەوە دەقی بڕیارەکەیە کە دەمانەوێت هەڵیوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئاماژەی کردووە بۆ ئەو بڕیارەی سەرەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتو تەماشای بڕگەکانی ئەم بڕیارە بکەن، هەموو پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، من (تەجمید)ی بکەم، (ایقاف نەفاذ)ی بکەم، پوچەڵی بکەم ،ئەوانە بۆخۆیان هەر جێبەجێی دەکەن، حکومەتی فیدرالی ناتوانن ئەفسەرێک لەهێزەکانی ناوەندی کەپێشمەرگە بێت لەسوپای عێراقی دابمەزرێنین ونەدەتوانین سەفیرێکیش تەعین بکەین ونەدەتوانین بڕگەی سێیەمیش بگۆڕین بەرای من ئەو بڕیارە هەڵاوێرین واتا باسی نەکەین باشترە، چونکە هیچ کەڵکی نییە وهیچ ئەنجامێکیشی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بڕیارەکە بەووردی بخوێنینەوە هەر لە بڕگەی (١) ئەوە پاڵپشتی وەزارەت بەوە ناکات کە(من کان زوجتها اجنبية) ئەوە یاسایێکی عێراقییە ئێمە بەئیعتبار یاسای عێراقی پیادە دەکەین لەسەر ئەوە پیادە دەکرێ لەسەر ئەوە وەزیرمان هەیە ئێستا ژنی بیانییە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەید حەسەن گوتی لەوانەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی پێک بێن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە، رەنگە ئێمە بلێین سەفیرمان نییە یان ئەفسەرمان لەسوپادا نییە، بەڵام ئەو بڕیارە ئەگەر ئێستا بمێنێ بلێیی واجبە لەسەرمان ئێمە پیادەی بكەین لەكوردستاندا، ئێمە ئێستا وەزیرمان هەیە كە ژنی بیانییە وئەو بڕیارە ئێمە بۆمان دەرچووە لە ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراق كارپێكراوە لەكوردستانی عێراقدا مەگەر دژ بە بەرژەوەندی میللەتی كورد بێت، جا بڕیار لەپەرلەمانەوە دەربچێ كە هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر ئەو بڕیارە هەڵنەوەشێتەوە، مانای وایە لەكوردستاندا كار پێكردنی بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام پرسیارێک هەیە كاک حازم، ئایا وەزیر لێرە مەبەستی وەزیری هەرێمی فیدرالییە، یان وەزیری حكومەتی ناوەندی؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتی خۆی كە ئەم بڕیارە درا لەهەمان ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراقی دەرچوو، هەرێمی كوردستان نەبوو كەجیا بێت وحكومەتی فیدراڵی نەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ بڕیارێک نابینین كە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەریكردووە ئاماژە بەهەرێمی كوردستان یان حكومەتی فیدرالی یا حكومەتی ئێمە بكات، ئەوەش لەپرۆژەی وەزارەتی داد هاتووە ولەلیژنەی یاسا بەپەسندمان زانی كەبەڕاستی ئەو بڕیارانە لەغو بكرێن وئێمە هیچ زەرەریشی لێ نابینین كە ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەڵی ناوەشێنینەوە، تۆ نەختێک ورد بە!.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە، جێبەجێكردنی رابگیرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چونكە ئەوە دەچێتە مێژووەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە جێبەجێكردنی بڕیاری(٨٣٧) رابگیرێت؟ كێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ بەزۆری دەنگ جێبەجێ كردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار (١٣٥٧) فی ١٥/١١/١٩٧١ دەقی ئەو بڕیارەش هەر لەلاپەرە یەکە، بڕیارەکەش (١٣٥٧) لە ١٥/١١/١٩٧١ ئەوەیە:

١- يمنع القيام بأى نشاط او تنظيم سياسي داخل القوات المسلحة لغير حزب البعث العربي الاشتراكي.

٢- كل من يشترك من افراد القوات المسلحة بتنظيم سياسي محظور او مارس نشاطا سياسيا محظوراً يتخذ او يروج مبادىء او اتجاهات سياسية معينة داخل صفوف القوات المسلحة لغير الجهة المبينة في الفقرة (١) من هذا القرار يعاقب بالعقوبات المقررة باحكام القوانين المرعية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمیش هەروەک بڕیاری (٩٣٧) نزیکی یەکن، چونکە سوپای عێراقی هەر لەهەرێمی کوردستاندا نییە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕیارە کە جێبەجێکردنی رابگرین، چ تێبینی نییە؟ واپێویستە ئەوەش بوترێ ئەوەندەی کە پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە هەر هەمووی بڕیاری رەگەز پەرستانەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەگەزپەرستانەن، بەڵام پەیوەندیان بەکوردستانەوە نییە، چونکە سوپای عێراقی لێ نییە.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخوا لابردنی شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا سوپای عێراقی لەزۆر شوێنی کوردستانی داگیر کراودا هەیە، ئەوانەی لەوێن ئێستا هەرکەسێکی کار لەسیاسەتدا بکات سزاکەی ئیعدامە و، لێرە ئەوان هەرکاتی سوپا بۆ ئێرە بێن هەمان شت اعتبار دەکرێن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، چییە ئەگەر ئێمە جێبەجێی نەکەین و، جێبەجێ کردنی راگرین. ئایا لەوێ دەتوانین چ بگۆڕین؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانای وایە ئێمە هەر کاتێک بێینەوە ئەو بڕیارە لەسەر ئێمەش کاریگەر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە سەربازی عێراقی لێرە نییە، ئێمە ئەو جێبەجێکردنە رادەگرین، بەلاّم ئەترسین دوای ماوەیەک خەڵکەکە بەچاوێکی ترەوە تەماشای هەندێ شت بکەن، سوپای عێراقی ئێستاکە لەکوردستانی عێراقیدا لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە کە سوڵتە هەیە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە رابگیرێ، بەلاّم کە نییە، بۆ ئێمە شتێکی وابکەین؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپای عێراق بەشێکە لەهێزە چەکدارەکان، هێزە چەکدارەکانی ئێمە بەپۆلیس و ئاسایشی ناوخۆوە بەپێی ئەو بڕیارە کە لەدەرەوەی حزبی بەعسدا سیاسەت دەکەن دەبێ هەموویان حوکمی ئیعدام بدرێن!، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بابەتەکە شتێکی گشتییە، هێزە چەکدارەکان وشەیەکی گشتییە، جا ئایا ئێمە ئەوە یاساغ دەکەین لەناو هێزە چەکدارەکانی خۆماندا حزبایەتی بکرێ یان نا؟ ئەگەر بکرێ دەبێ ئەم بڕیارە لەغو بکرێ ئەگەریش نا بڕیارەکە بەردەوام دەبێت، چونکە کارپێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەزانم و، رایەکە روونە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بڕیارەکە لەوێ دووبەشی هەیە، بەشێکیان ئەڵێ هەموو چالاّکییەکی سیاسی وحزبی لەناو هێزە چەکدارەکان قەدەغەیە، ئەوجا کە ئێمە الغای دەکەین زیاتر مەبەستیان لەوەیە، بەلاّم ئەوان لەوێ حزبی بەعسیان لێ هەلاّوێردووە، ئەوەش بەشی دووەمەکەیەتی بۆیە بەپێویستی دەزانین کەوا ئەوەش بوەستێندرێ یان لابردرێت چۆن لەسەر ئەو قانونەی کە رێکەوتوون ئێمە کە ئەوە لائەبەین مانای ئەوەیە کەوا لەناو هێزە چەکدارەکانی ئێمەدا حزبەکان بۆیان هەیە چالاکی سیاسیان هەبێت زیاتر مەبەستی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە ئەو یاسایەمان هەڵاودێرد و وتمان ئێمەش لەگەڵ ئەم یاسایەداین، واتا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەڵێین ئەم قانونە لەسەر ئێمە پیادە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا پارچەیەکین لەدەسەڵاتی ناوەندی عێراق وئەو بڕیارە لە دەسەڵاتێکی ناوەندیییەوە دەرچووە وئێمە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، ئەگەر هەر بڕیارێک دەرچووە وئێمە هەڵی نەوەشێنینەوە مانای ئەوەیە دەبێت کاری پێ بکەین ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر بەبۆچوونی من مەسەلەیەکی سیاسییەو ئێمە هەر بڕیارێک لەدەسەڵاتی دکتاتۆری دەرچوو بێت لەعێراق وپەیوەندی بەتێکڕای گەلی عێراقەوە هەبێت دەبێت ئێمە ئەو بڕیارە لێرە جێبەجێکردنی رابگرین وکاری پێ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا بەتایبەتی لەکاک حازم، ئەگەر بێت و سوپای عێراقی ئێستا لەهەولێر بێت وکۆمەڵێکی لەناو هەبێت ڕێکخستنی سیاسی ئەنجام بدەن، ئێمە دەتوانین بەرهەڵستی حکومەتی ناوەندی بکەین کە دادگایی ئەوانە بکات کە ئەو کارە دەکەن؟ من دەڵێم ناتوانین، چونکە ئەگەر دادگای سەربازی لەناو هەولێر بێت سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراقییە، سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان نابێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە کاکەرەش وەڵامیداوە، ئێمە هێزی چەکدارمان هەیە بێجگە لە پێشمەرگە، ئەبێت ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە یان ئەبێت جێبەجێ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی پێشوو کەباس کرا، ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییە پێش ئەوەی یاسایی بێت لەبەیانەکانی وهەموو حزبە بەرهەڵستکارەکانی عێراقدا خاڵێکی زەق لەسەر حکومەتی عێراقی کراوەتە ماڵ ئەوەیە کە جموجۆڵی و بیروباوەڕی سیاسی حزبەکانی قەدەغە کردووە و تەنها بۆ حزبی بەعسی هێشتۆتەوە، لەبەر ئەوە بەرای من ئەبوایە پێش هەموویان ئەوە هەڵبوەشابایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕیارەی(١٣٥٧) جێبەجێکردنی رابگیرێت؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤- رقم القرار (١٧٦) تاريخ القرار ١٩٧٤/٣/٢٤، قرار - ١٧٦ - في ١٩٧٤/٣/٢٤ استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت: قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٧٤/٣/٢٤ مايلي:

١- يعتبر عملاً تخريبيا ضد امن الدولة كل نشاط تنظيمي او سياسي غير مصرح به قانوناً او خارج نشاط الجبهة الوطنية والقومية التقدمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە جێبەجێکردنی رابگیرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار رقم (٨٠٧) تاريخ القرار ١٩٧٥/٧/٢٩ دەقی بڕیارەکەش لەلاپەرە (٢)ە.

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت قررمجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٧٥/٧/٢٩ مايلي:

١- يمنع منعا باتاً حيازة وحمل السلاح أو العتاد في منطقة الحكم الذاتي.

٢- على جميع الافراد في منطقة الحكم الذاتي ان يسلموا مالديهم من قطع السلاح او العتاد الى السلطات المختصة خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القرار.

٣- يعاقب بعقوبة السجن المؤبد كل من يضبط في المنطقة ولم يسلم مالديه من سلاح او عتاد خلال الفترة المذكورة في الفقرة الثانية من هذا القرار.

٤- يعوض كل من يسلم مالديه من سلاح او عتاد خلال المدة المذكورة بموجب قرار تصدره اللجنة العليا لشؤون الشمال.

٥- يكافأ كل من يخبر عن حيازة اية قطعة من السلاح او العتاد في المنطقة بقدر مايخصص لها من تعويض.

٦- يحال المخالف الى المحكمة الخاصة او محكمة الثورة.

٧- يشمل القرار من يخبىء سلاحاً او عتاداً من ابناء منطقة الحكم الذاتي في منطقة اخرى من مناطق العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە کە ئەمەش بۆ هەڵوەشاندنەوە ناشێ؟

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆزگە یاسایێکی وا، خۆمان دەرمان دەکرد لەلانی یاساوە هی خۆمان بوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم باشە (بدیل) چییە؟ ئەگەر بەدیلێکمان نەبێ، واتا ئێمە مۆڵەت ئەدەین کە خەڵک خۆیان چەکدار بکەن؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەبنەڕەتەوە ئەم بڕیارە هەڵوەشاوەتەوە، بەڕاستی پێویستیش نییە وناکات کە ئێمە لێرە جێبەجێکردنی رابگرین، چونکە لە یاسای چەکی عێراقی دەرچووە لەوێ هەموو بڕیارە هەڵاویردراوەکانمان هەڵوەشاندۆتەوە، بێگومان سزایێکی زۆری لەسەر بابەتی دی تێدایە، ئێستا بەنیسبەت ئەو پرسیارەی جەنابیشت نازانم بەدیل چییە؟ ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە خۆمان لێرە یاسایێک یا بڕیارێک دەربێنین دەربارەی قەدەغە کردنی چەک لەهەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوە، ئەی ئیتر بۆ وابێ؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە وابزانم لەلایەن حکومەتی عێراقەوەیە و، کاک بەختیار دەڵێ یاسایێکی تازە دانراوە یاسایەکە دوای کێشانەوەی فەرمانگەکان داندراوە ئەمە ئەو یاسایانەی کەوا پاش کشانەوەیان داندراون بەبڕیاری پەرلەمان کاری پێ ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەم یاسایە هەڵبوەشێتەوە، چونکە تایبەتە بە کوردستان، بەڵام لە دەقی بڕیارەکەشدا ئەڵێ یاسایێکی تری تایبەتی دادەنرێت بۆ هەڵگرتنی چەک لە کوردستان ومەبەستیشی دانانی ئەو یاسایە تایبەتیەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دادگاکانی ئێمە ونەوان پەیڕەوی ناکەن، بەڵام ئەی ئەگەر سبەی ڕووداوێکی لەم بابەتە ڕوویدا چ یاسایێک بەکاردێنن بۆ دادگایی کردنی مەسەلەی لەم جۆرە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشی ئەو بڕیارە دەربچێ یاسای چەک هەبوو، یاسای چەکیش چارەسەری مەسەلەکانی هەڵگرتنی چەکی کردبوو، هەڵگرتنی چەک بەدوو شێوە هەیە، هەڵگرتنێکی سروشتییە کە مۆڵەتی هەیە یان هەڵگرتنێکی نائاسایییە، واتە تاوانێکی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەوەش شتێکی سروشتییە کە دەگیرێت، کە ئەوەی دەستگیر بێ بەپێی یاسای سزادان چارە کراوە بەگوێرەی یاسای چەکیش لەو بڕیارە کە دەرچووە استثنای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئێستاکە ئێمە ئەوەمان تەجمید کردووە، ئەو یاسایەی کە کاک بەختیار ئاماژەی بۆ کرد وکاک سەید جەختی لەسەر کرد، ئەو یاسایە کە ئێستا لەکاردا نییە، چونکە پاش کشانەوە بۆشاییەکە بەیاسای سزادان پڕ دەکرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای چەک پێشتر هەبوو کارپێکراو بوو، یەک بڕگەی سزادانەکەی هەڵوێردووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی بەڕێزان کاک سەید حەسەن وکاکەڕەش بەڕاستی لەلانی یاساییەوە لەجێی خۆی نییە، یاسای کۆنی ژمارە (٢٩)هەڵوەشایەوە بەو یاسایە تازەیەی کە ئێمە ئێستا کاری پێ ناکەین، لەبەر ئەوەی پاش کشانەوەی حکومەت دەرچووە، دەبێ ئێمە شەرعیەتی بدەینێ ئەوسا لێرە پیادە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە ئەو بۆچوونەی کاک بەختیار یاسایی نییە، چونکە ئەگەر ئێمە یاسایێکمان پەیڕەو نەکرد، مانای وایە هەر دەقێکی تێدایە پەیڕەوی ناکەین، یەک لە دەقەکانی ئەوەیە یاسای کۆنی پووچەڵ کردووە و، مانای وایە کە ئەوە لای ئێمە ناخوات یاساکە کۆنە وکارپێکراو نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێز کاکەڕەش باسی کرد یاسای دوای کشانەوەی فەرمانگەکان، کە یاسای چەک دەرچوو هەمووی هەڵوەشاوە، بەڵام ئەو دەقەی کەقانونی پێشوو هەڵی وەشاندۆتەوە ئەویش هەر

هەڵوەشاوەتەوە، واتا ئەو قانونە بێ ئیعتوبارە، کەواتە قانونەکەی پێشوو لەرووەتدایە، بەڵام یەک خاڵ هەیە لێرەدا لەگەڵ دادگاکان رووددەدات ئێستا لەو ماوەیە هەندێ کەس حوکمدراون، هەندێ کەسیش چاوەڕوانی دادگای تەمییز دەکەن کەبەیاسای چەک حوکمدراون، ئایا ئەگەر ئەو یاسایەی ئێمە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی رەسمی تەجمید بکرێت و لای ئێمە کارپێکراو بێت، مانای وایە ئەو ماوەیە کە کۆمەڵێ کەس حوکمدراون بەو قانوونەی پێشوو ئەوانە پەیوەست دەبن تەنیا ئەو گرفتەی تێدایە لەبۆ جێبەجێکردنی حوکمەکان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ١٠٠٪ پشتگیری بۆچوونەکەی کاک سەید حەسەن وکاکەرەش دەکەم، بەڵام بەرامبەر بەبریارێکی هەڵاوێردراو کە بۆ ناوچەی کوردستان دەرچووە، بریاری (٦٠٧) ئەوە کاری پێ ناکرێت، ئەو یاسایەی کەپیادە دەکرێت لەسەر عێراق، یاسای ژمارە (٢٩)یە هەموو دادگاکانی عێراق کاری پێ دەکەن، بریارێکیشمان هەیە ئەو بریارەی کەپاش کشانەوە ئەو یاسایە کاری پێ ناکرێت یاسای ژمارە (٢٩) بەگوێرەی یاسای تازە پاش کشانەوە هەڵوەشاوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمانەوێ گرفتەکەی مەحاکم کە ئێستا یاسای چەک نییە، بریارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (١٦٠) هەیە کە سزاکەی توند کردووە خەڵکێکی زۆری پێ حوکم داوە، بەحەقیقەت ئێستا زۆر کەس هەیە کە (١٥)ساڵ حوکم بووە بابەتەکەش پەیوەندی بەقاچاغەوە هەیە، ئێستا پرۆژەیەک هەیە کە هەوڵ بدەین ئەو بریارەش (تەجمید) بکەین، ئێستا یاسای چەکی ژمارە (٢٩) هیچ عەیبی نییە، ئەگەر بریاری (١٦٠) تۆزێ دەستکاریی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە ئێمە دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەو لایەنە بکەین کە یاسا دەردەکا لەگەڵ لایەنی پیادەکردنی، ئێستا هەندێ مەسەلە هەنە، لێرە راستە لەگەڵ بەرژەوەندی ئێمەدا ناگونجێت بریاری راگرتنی جێبەجێکردنی بۆ دەکەین ئەوە حسابێکی ترە، بەڵام ئەوەی قانونە ئەسلییەکەی دەرهێناوە لەوەختی خۆی حکومەتی عێراقی بووە، ناوەکەی گۆڕیوە قانونێکی تری دەرهێناوە دەڵێ ئەوە هەڵوەشاوەتەوە وکاری پێ ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی برادەران جەختیان لەسەر کرد، راستن، بەڵام پرسیارێک دێتە گۆڕێ بۆ کار بەو

سایایە ناکەین کە پێشتر کاری پێ کراوە، بڕیارێک لەو هۆڵە دەرچووە کە کار بەهەموو بڕیارە کۆنەکان دەکەین کە هەڵنەوەشاینەوە، یاسای چەکیش یەکێکە لەو بڕیارو یاسایانەی کە ئێمە کاری پێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم بڕیارە باسێکی باشی لەسەر کرا، پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەگەر ئەمانە هەموویان هەڵوەشێنەوە، ئایا بەڕێز وەزیری داد دەتوانێ دڵنیامان بکاتەوە کە دادگاکانی ئێمە دەستیان نابەسترێتەوە؟ ئێستا گوتیان بۆیە هەڵوەشاوەتەوە، چونکە یاسایێکی تر دەرچووەو، ئێمە یاسای دادگاکان جێبەجێ دەکەین.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانم دەنووسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیاری (٨٠٧) کێ لەگەڵ ئەوەیە جێبەجێکردنی رابگیرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رقم القرار ٨٨٤ تاريخ القرار ١٩٧٨/٣/٣ ئەوە لەلاپەرە سێیە دەقەکەی (٨٨٤) لە رۆژی ١٩٧٨/٧/٣دا:

يعاقب بالاعدام، العسكري ورجل الشرطة المتقاعدين او المتطوعين المسرحين اذا اثبت انضمامه او عمل لحساب او مصلحة اى حزب او جهة سياسية عدى حزب البعث العربي الاشتراكي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بڕیارە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە جێبەجێکردنی رابگیرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

رقم القرار ١٣٨٦ تاريخ القرار ١٩٧٩/١٠/٢٠ دەقی بڕیارەکەشی لەلاپەرە (١٦)یە رەنگە لەلای برادەران نەبێ ١٣٨٦ فی ١٩٧٩/١٠/٢٠ دەقەکەی (يعتبر دار السكن و سيارة خاصة من ضمن الاموال المهربة المشمولة بقرارات المصادرة الخاصة بالمحكومين بجريمة تعامل وخيانة على الحزب والثورة). ئەوە دەقی بڕیارەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بڵێین (من هو؟ اى حزب واى ثورة؟) ئەوە بۆ یاساییەکانە ئەگەر پارێزەرەکان لەرەوایی

(شرعیه) بگەڕێن ئەتوانن ئەمانەمان بۆ بکەن، بڕیاری (١٣٨٦) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟
کێ لەگەڵ ئەوەیە کەجێبەجێکردنی رابگیرێت لەهەرێمی کوردستاندا؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆری دەنگ جێبەجێکردنی لەهەرێمی کوردستان راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٨- رقم القرار ١٧٠٨ تاريخ القرار ١٩٩١/١٢/١٧ قرار مجلس قيادة الثورة في جلسته المنعقده بتاريخ ١٩٩١/١٢/١٧:

١- يحق للزوجة التي صدر حكم قضائي بادانة زوجها بجريمة خيانة من ان تطلب التفريق من زوجها وعلى المحكمة المختصة ان تحكم لها بالتفريق ومع احتفاظها بكامل حقوقها في المهر المؤجل والنفقة وسائر حقوق اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها من تێبینیەکم هەیە و ئەویش ئەوەیە، لەهەموو بڕیارەکانی پێشوودا سەروماڵ وخوێن هەمووی حەلال بووە بۆ ئەوەی کە دژی حکومەتی بەعس بووەستێ، تەنها ئەوەی کە تێبینیم لەسەری هەبوو مەسەلەی ژن وشەرەف بوو کە باس نەکرا بوو، ئەویشی باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕیارە لەهەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی رابگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

٩- رقم القرار ٤٥٨ تاريخ القرار ١٩٨٤/٤/٢١ استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٤/٤/٢١ مايلي:

١- تطبق احكام المادة ١٥٦ من قانون العقوبات بحق كل من يثبت انتماؤه الى حزب او جمعية تهدف في تصرفها او منهجها المكتوب تغيير نظام الحكم عن طريق القوات المسلحة او بالتعاون مع اية جهة اجنبية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٥٦) حوکمی خنکاندنە، ئەگەر ئەوەمان هەڵوەشاندەوە وسبەی بە زەبرو هێزی چەکدارییەوە بێن وحوکمی هەرێم بکەن، ئێمە دەتوانین چی بکەین؟.

**بەڕێز قـادر جـەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پرۆژەیەکی ترمان پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش وحکومەتی هەرێمی کوردستان، وابزانم ئێستا لەئەنجوومەنی وەزیرانەو بۆتان دێت، کە چارەسەری ئەم بابەتە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاسای سزاداندا زۆر کاکڵ (نواة)ی یاسایی هەیە کە ئێمە بتوانین لەو بارانەی کە جەنابت فەرمووت پیادەی بکەین، ئەو کاتە پێویست بەو بڕیارە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بڕیارە جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا رابگیرێت ؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

رقم القرار ١١٢٨ في ٢١/٩/١٩٨٥ استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١/٩/١٩٨٥ مايلي:

يضاف الى المادة الثالثة والاربعين من قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ المعدل الفقرة الاتية:

ثالثا:

أ- للزوجة العراقية طلب التفريق عن زوجها المقيم خارج القطر بسبب تبعية جنسيته لدولة اجنبية اذا مضى على اقامته في الخارج مدة لاتقل عن ثلاث سنوات بسبب منعه او امتناعه عن دخول القطر.

ب- يعتبر تأييد الجهة الرسمية المختصة باقامة الزوج من الخارج لاغراض هذه الفقرة بديلاً عن اجراءات تبليغه بلائحة الدعوى وموعد المرافعة على ان يتم نشر الحكم الصادر عن الزوج في احدى الصحف المحلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بڕیارە جێبەجێکردنی لەهەرێمی کوردستاندا رابگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

١١- رقم القرار ١٥٢٩ تاريخ القرار ٣١/١٢/١٩٨٥ استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ

١٩٨٥/١٢/٣١ مايلي:

اولاً: للزوجة طلب التفريق عن زوجها اذا اختفى او هرب من اداء الخدمة العسكرية مدة تزيد على ستة اشهر او هرب الى جانب العدو وعلى المحكمة ان تحكم بالتفريق واحتفاظ الزوجة بكامل حقوقها الزوجية.

ثانيا: يعتبر التفريق بموجب هذا القرار طلاقاً رجعياً يجوز للزوج مراجعة زوجته اذا التحقت بالخدمة العسكرية او عاد من الهروب خلال مدة العدة.

ثالثا: اذا كرر الزوج الهروب وحكم بالتفريق ثانية وفق احكام هذا القرار يعتبر التفريق في هذه الحالة طلاقاً (بائناً) بينونة صغرى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(بینونة صغری) ئەگەر مامۆستا محەمەد تۆزێ بۆمان روون بكاتەوە، بێگومان (بینونة كبری)ش هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی ئەم هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە كارێكی چاكە، تاكو پەرلەمانی هەرێمی كوردستان پرۆژەیەكی چاك گەڵاڵە بكات، ئەو شتانەی كەوا كاتی خۆی بە ئارەزووی خۆیان كردوویانە هەمووی هەڵگیرێت، چونكە لێک جیاكردنەوە بەهۆی دادگاوە (التفریق القضائی) زۆر شتی تێدایە كە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامەتییە وبەرژەوەندی ئافرەت ومیللەت وپیاوی هیچ تێدا نییە، ئەمە یەكیانە، بەڵام لەبارەی (رەجعی )و(بینونە)وە (طلاقی رجعی) لەشەرع ولەیاسای (احوالی شەخصی) ئەوەیە كە پیاوەكە با وشەی (طلاق) هاتبێت بەدەمیا بۆی هەیە بەپێی عەقدێكی تازە ژنەكەی دووبارە بیهێنێتەوە بۆ خۆی، بەڵام (بائینە) زۆر جۆرە (بائنة الصغری) هەیە (بائنة الكبری) هەیە (بینونة الصغری) هەیە (بینونة الكبری)ش هەیە، (بەینونە صغری) ئەوەیە، كەوا سێ طەلاقە، هەرسێكی نەكەوتووە، كەم تر لەم سێیانە كەوتووە، جا كەوا (خەلعی) بێت یان (عەرضیش) بێت بۆی هەیە بەنیكاحێكی تازە بیكاتەوە بەژنی خۆی، بەڵام ئەگەر هەرسێكی كەوتبێ ئەوە لە(بینونة الصغری)یە جاهی (صغری) ئەوەیە كەبەعەقدێكی تازە وبە مارەییەیی تازە بۆی بگەڕێتەوە، بەڵام (بینونة كبری) ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە مەگەر شوو بەیەكێكی تر بكا، دوو بارە تەڵاق بدرێتەوە، جا پیاوەكەی پێشووی مارەی بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ زیادەكردنێک لەسەر ئەم شی كردنەوەیە هەیە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی (شرع) کە لەلایەن مامۆستاوە باس کرا یاساش جەخت لەسەر هەمان شت دەکاتەوە، (تەلاقی رەجعی) تەنیا بەبێ عەقدە پێشەکی ناوێ، تەنیا موراجەعەی بکات قسەی لەگەڵ بکات کۆتایی دێت، (طلاقی بائنە بەینونە صغری) دەبێ عەقدێکی نوێ بکات، بەڵام (بینونە کبری) دەبێ مێردێکی کە بکات، ئینجا عەقدێکی کەی بۆ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەی مامۆستا مەلاتاهیر وسەید حەسەن، (طلاقی رجعی) لەماوەی (عدە) دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە پاش ئەوە دەبێتە( بینونە صغری)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەشەرع نازانم، بەڵام وەکو چەک کردن وایە کە (٦) مانگ چەک دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئەم شی کردنەوەیە پێویست بوو، چونکە بۆی هەیە هاوولاتیان، یان ئەندامانی پەرلەمان بپرسن، بۆیە (بینونە صغری وکبری) روون کردنەوەی شتێکی پێویست بوو، ئەم بریارە واتە ١٥٢٩، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێکردنی رابگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

١٢- رقم القرار ٧٤٩ تاریخ القرار ١٩٨٦/٩/٣ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەوە دەقی بریارەکەشمان لا نییە، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان لەلایە کە دەڵێ: القرار القاضي بمنع محاكم ودوائر الشرطة من سماع بتعقيب الهاربين والمتخلفين عن اداء الخدمة العسكرية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا باشتر نەبوو بریارەکەمان بۆ بێت، چونکە لەوانەیە برگەی تری هەبێت، بریارەکە هەر ئەم برگەیەی لامان هەیە، دیارە دەقەکەشی هەیە، بەڵام دەقی بریارەکە بەشێوەی خۆی لامان نییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوەیە کە دەڵێ لەکاتی ئیشکردن (واجب) ئەم شتە هەیە، ئەوە شتێکی هەڵوێردراو بوو، چونکە زۆر شت لەکاتی خۆی روویانداو، مەفرەزەی تایبەتیمان پێک هێنا بوو کە سەر لەدوو راکردووەکان بنێ کە لەخزمەتی سەربازی رایانکردبوو، جا رووداو زۆر بوون وخەڵکێکی بێ گوناهی تیادا کوژران،

ئەوجا ئەو بڕیارەیان دەرکرد، بەڵام ئێمە لەیاسادا ئەوەمان هەیە کە هەر کەسێک لەکاتی (واجب)دا تووشی هەڵە بوو، ئەوە یاسا لەسنووری خۆی و لەسنووری ئیشەکەی دەیپارێزێ، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لابردنی شتێکی زۆر باشە، بەڵام بەرای من خراپ نییە، ئەگەر بۆ قەچاغچیەکان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەفرەزەکان مافی ئەوەیان هەیە سەر لەدوو هەڵاتو وتاوانباران بنێن، بەڵام بەپێی حوکمەکانی یاسا، بۆی نییە کە ئەوانە سنووری یاسا ببەزێن و زیادڕەوی بکەن لەو کارەدا، جا هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی مامۆستا جەلال نابێت، بە بڕیار ئێمە بەشی کەین، وابەشی کەین نیوەی رازی بێت نیوەی رازینەبێت وئەوەش زۆر پێویستە، چونکە ئێمە هەموومان ئەوەی تەمەنی تێنەپەڕی بێت هەموو راکردوو و(موتەخەلفین) واتا رەوایە هەر بڕگەیەک بێت کە تەعقیبمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا گوتتان ئەو یاسایە دژی ئافرەتان و ژنانی کوردستانە، ئەوە پێشنیاری کاکە ئەحمەدە ئەڵێ: حەقە سوپاسی ئافرەتانی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی کە قانونەکە دەرچووە وئەوان هێشتا کە تەحەمولیان کردووە کە لەگەڵ پیاوی کوردا بمێننەوە، راستە بەڕاستی جێگای رێزلێنانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بڕیارە لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێکردنی رابگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێکردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

رقم القرار (٨٤٠) تاريخ القرار ١٩٨٦/١١/٤ استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقده في ١٩٨٦/١١/٤مايلي :

اولاً: يعدل نص المادة (٢٢٥) من القانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ على الوجه الاتي :

المادة (٢٢٥):

١- يعاقب بالسجن المؤبد ومصادرة الاموال المنقولة وغير المنقولة من اهان باحدى طرق

العلانية رئيس الجمهورية او من يقوم مقامة او مجلس قيادة الثورة او الحزب البعث العربي الاشتراكي اوالمجلس الوطني اوالحكومة وتكون العقوبة الاعدام اذا كانت الاهانة او التهجم بشكل سافر وبقصد اثارة الرأى العام ضد الحكومة، ويعاقب بالسجن مده لا تزيد على سبع سنوات او الحبس او الغرامة من اهان باحدى طرق العلانية المحاكم او القوات المسلحة او غير ذلك من السلطات العامة او الدوائر اوالمؤسسات الحكومية.

ثانيا: تلغى المادة ٢٢٦من قانون العقوبات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ زانیاریێكتان لەسەر مادە (٢٢٦) هەیە؟

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی (٢٢٦) سوكایەتی كردن بەسەرەك كۆمار سزایەكەی كەم بوو بەپێی یاسای سزادان، جا بۆیە بەم بڕیارە هەموار كرا، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(بدیل) هەبوو كە نوێ بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕیارە؟

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەی ئەو یاسایەی كە تازە پێشكەش بە پەرلەمان كراوە كەرەنگبێ لەو رۆژانە بێتە بەردەمتان چارەی ئەم بابەتەشی كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەم بڕیارە لەهەرێمی كوردستاندا جێبەجێكردنی رابگیرێ؟.. كێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ .. بەتێكڕای دەنگ راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رقم القرار ٧٣٦ تاريخ القرار ١٩٨٨/٩/٨ دەقەكەی ئەوەیە:

اولاً: يعفى عفواً عاماً وشاملاً الاكراد العراقيون المشمولون ببيان مجلس قيادة الثورة الصادر بتاريخ ١٩٨٨/٩/٦ من كل ملاحقة قانونية لاى عمل يتعاقب عليه القانون وكان قد وقع قبل تاريخ صدور بيان مجلس قيادة الثورة في ١٩٨٨/٩/٦ سيراً سواء كانوا خارج

القطر (العراق) او داخله ويستثنى من ذلك القتل العمد بصورة مباشرة والسارق لاموال الغير ويشترط الاستفادة من هو خارج القطر العراق من هذا الدستور ان يعود الى الوطن خلال ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القرار مع ضمان خروجه الى خارج الوطن بعد عودته اذا كان مرتبطاً بعمل او دراسة او ماشابه ذلك ويرغب في متابعتها.

ثانيا: يعفى عفواً عاماً الاكراد المحكومون والموقوفون ويعلق قضاياهم ويطلق سراحهم فوراً ان لم يكونوا محكومين او موقوفين عن قضايا اخرى غير التي تناولها البيان بيان مجلس قيادة الثورة في ١٩٨٨/٩/٦ويستثنى من ذلك المحكومين بسبب جرائم القتل العمد والسرقة.

ثالثاً: يستثنى من العفو الوارد بهذا القرار الخائن جلال الطالباني فقط.

رابعاً: لايعمل باى نص يتعارض واحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره ولمدة ثلاثين يوماً ويتولى الوزارة والجهات ذات العلاقة بتنفيذه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەوە دوو گرفت دێتە پێشەوە، گرفتی یەکەم ئەگەر ئەوە هەڵگرین، مانای وایە ئێمە مافمان نییە تۆژینەوەی لەگەڵدا بکەین، گرفتی دووەمیش ئەوەیە (ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره ولمدة ثلاثين يوما)، ئەوە مانای وایە یاسای سزادان تۆژینەوەیان لەگەڵدا بکات، کە ئەوەیان حەق نەبوو هەر باس بکرێت.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لەیاسایەکە رووەت پێدانەوە (رد الاعتبار)ە، چونکە قسەی ناشرینی تێدا بەکار هاتووە، لەبیرمەکە ساڵی ۱۹۵۹ عەبدولکەریم قاسم شۆڕشگێرەکانی خۆمانی وەک: شەهیدان مستەفا خۆشناو وخیروڵڵا و(قدسی) عەفو کردن، ئەو وەختە پارتی داوایان لێ کردن کە (عەبدولکەریم قاسم) شتێکی وەکو رووەت پێدانەوە(رد اعتبار)ی پێ دەڵێن بکەن، جا هەڵوەشێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا باشە ئەوە کارپێکراوە، بابزانین یاساناسەکان دەڵێن چی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگە(۳) لەبڕیارەکەدا هەڵوەشاوەتەوە، مانای وایە مادە یاساییەکە پیادە ناکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە بڕیارەکە (تەجمید) بکرێت، چونکە لە بڕگە (۳)دا دەڵێ (ویستثنی) لەسەر بەڕێز مام جەلال تێپەڕاندنی کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە بڕیارەکە (تەجمید) بکرێت، چونکە ئەو ناگرێتەوە تەنیا ئەو بڕگەیە نەبێت، ئەگینا هەردوو بڕگەکانی تر ڕۆیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ماقوولە، چونکە ناکرێت ئێمە بڵێین (یلغی) برگە ئەوەندە، لەرووی مەنتیقییەوە تەماشاکە ئەم بڕیارە هیچ شوێنەوارێکی نییە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە تەنیا ئەو برگەیەمان هەیە واتا بڕیارەکە هەر بایەخی نییە، نە بەلایەنی لێبووردن (عفو) نە بەلایەنی هەڵاوێردن (استثناء) پێشان ئەو زمانە بەکار دەهات گوتمان با لەکۆڵی کەینەوە کارپێکراو نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیاری (٧٣٦) جێ بەجێکردنی رابگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێ کردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

رقم القرار ٥٢٩ تاريخ القرار ١٩٨٩/٨/٢٣..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدەن لەگەڵ کاک فەرسەتیش تۆزێک قسەمان لەسەر ئەم بڕیارە کرد، من وا هەست دەکەم کە رووەتێکمان بەو بڕیارەدا، من حەز دەکەم کە روون بێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی مەسەلە لێرە بەبۆچوونی خۆم مەسەلە رووەت، گەڕاندنەوە نییە، خۆی ئەو مەسەلەیە زیاتر مەسەلەی عەسکەریەکان دەگرێتەوە کە کاتی خۆی ریزێکی بێ پایەنیان هەبووە لەلایەن بزاڤی کوردستانەوە، بەگوێرەی پڕۆپاگەندەکانیان کە ئەوان بەرگریان لەخاک ونیشتمان کردووە، کەچی دوو شەڕی نارەوایان لە کەنداودا هەڵگیرساندو، تاوانی گەورەیان دژی کوێت وخەڵکی عێراق و گەلی کورد ئەنجامدا، بەڵام کە عەفووی خەڵکیان کردووە پێش وەخت بڕیاری دیکە هەبووە کە هەتا مافەکانی مەدەنیان لێ سەندونەوە، هەڵاتن لەخزمەتگوزاری بەتاوانی (مخلة بالشرف) حساب کراوە هەموو ئەو برگانە لەیاسای سزاداندا جێگیر کراون و جێ بەجێش کراون، کە لەحاکمە عەسکەرییەکانەوە دەرچوون بەڕاستی بڕیاری زۆر خراپن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

قرار (٥٢٩) تاريخ القرار ١٩٨٩/٨/٢٣:

اولاً: يحق للعراقي من غير سكنة محافظات منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في منطقة الحكم الذاتي وفق السياقات النافذة بتوزيع قطع الاراضي السكنية للمواطنين

بالاضافة الى مايملكه في مسقط رأسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء.

ثانيا: يحق للعراقي من سكنة منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في مدينة بغداد والمحافظات الاخرى عدا محافظة نينوى. التأميم، ديالى بالاضافة الى مايملكه من سكن في مسقط رأسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قرار (٥٢٩) چ تێبینییەک هەیە؟ پێم وایە کە روونە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەجێبەجێ کردنی لەهەرێمی کوردستاندا رابگیرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێ کردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

قرار رقم ٦٣٢في ١٩٨٩/١٠/٧عدم اعتبار الطالب راسباً في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقرر لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەوە؟ دووبارەی بکەوە زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

عدم اعتبار الطالب راسباً في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقرر لها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە جێبەجێ کردنی لەهەرێمی کوردستاندا رابگیرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێبەجێ کردنی راگیرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

٢- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕیارەش تەواو بوو بۆ ئەمڕۆ سوپاستان دەکەین، بەم شێوەیەش دێینە کۆتایی دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (٤٤)

## سێ شەممە رێكەوتى ٢٢/٦/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژماره (٤٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***

***٢- گفتوگۆ کردن لەسەر دیاری کردنی نرخی گەنم لەهەرێمی کوردستاندا.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەکی یە:

١- بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- گفتوگۆ کردن لەسەر دیاری کردنی نرخی گەنم لەهەرێمی کوردستاندا.

٣- تازە بابەت. ئەگەر شتێک هەیە، ئەگەر نا دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ تازە بابەت خەڵک باسی گەنم دەکەن و ئەو نرخەی بۆ گەنم کڕین دانراوە هیچ نییە، گوایا خەڵک بە پێنج هەزار و هەندێک دەیکڕن، ئەمە لە ناو خەڵکەکە بۆتە دەنگ، بۆیە دەڵێم با باس لەسەر ئەمە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک، کە باسی دیاری کردنی نرخی گەنم دەکرێ کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دانراوە، لێرە ئەگەر بە پەسەندی دەزانن لە پرۆگرامی ئەمڕۆ جێگیری دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بابەتە باس بکرێ؟...کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی یەکەمی ئەمڕۆمان، بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەلایەن بەڕێز

سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشكەش دەكرێ، جا بفەرموون بۆ گفتوگۆ كردنی ئەم بەرنامەیە، پاش ئەوەی كە تەواو دەبێ، ئێمە وای بەبەرژەوەند دەزانین كە خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر بكەین.

**بەڕێز عەبدولڵا رەسول عەلی/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

«پرۆژەی بەرنامەی تایبەتی كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان..)

(بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەكەی بەتەواوی خوێندەوە) (ئەوەش هاوپێچی ئەم مەحزەرەیە).

لەكۆتایی دا خۆمان و هاوكارەكانمان سوپاستان دەكەین كە ئەم هەلەتان بۆ رەخساندین تا بەرنامەی كاری خۆمانتان پێشكەش بكەین. ئێوەش بریاری لەسەر بدەن وجارێكی تر دوو پاتی دەكەینەوە كە بەرژەوەندی گەلی كوردستان ودابین كردنی گوزەرانی خەڵكی وپاراستنی هێمنی وئاسایش وژیان وماڵ ومولكی هاوولاتیان، ئەركی هەرە گرنگی ئەم كابینەیەمانە وهەمیشە سەركەوتوبن لە پێناوی بەرژەوەندی ومافی گەلی كوردستاندا.

عەبدولڵا رەسول عەلی/ سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران:

د. رۆژ نوری شاویس/ جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاسی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەكەین وئێستاش دەرگای گفتوگۆ كردن دەكەینەوە وبەند بە بەند قسەی لەسەر دەكەین وئەو برادەرانەی كە تێبینییان هەیە ناونووس دەكرێن.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی كوردستان. هەرچەندە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییی وا بریار درا كەوا برگە بە برگە یان بەند بەند لە بەیانی وەزارەت بكۆڵینەوە وگفتوگۆ دەست پێ بكات. بەڵام بەسوودی دەزانم وەكو پێشەكی یەك هەندێ قسە بكەین لە بارەی بەیانی وەزارەتەوە. بێ گومان لەو كاتانەی كە برگە بە برگە دێنە پێشەوە، لەسەر هەر برگەیەك ئەگەر ئێمە تێبینی یەكمان هەبوو بەناوی فراكسیۆنی كەسكەوە لەكاتی خۆی دا قسە دەكەین، پێشەكی حەز دەكەم زۆر بەگەرمی پیرۆز بایی لە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بكەین بۆ ئەو بەرنامەیەی كە پێشكەشیان كرد.

بەرنامەكە هەموو ئەو ویست وداخوازییانەی تێ دایە كەوا كۆمەڵانی خەڵك لە كوردستان چاوەڕوانی دەكەن، تەنیا ئەوە ماوەتەوە ئەو بەرنامەیە چۆن جێ بەجێ بكرێ و، لەوانەیە هەندێك كەم وزیادی تێ دابێ لەوانەیە هەندێك پێویستی بە ئاڵوگۆڕ كردن هەبێ، بێگومان لەكاتی لێكۆڵینەوە لە پرۆژەی بەرنامەكە دەخرێتە بەرچاو. هەروەك لە بەیانی وەزارەتدا هاتبوو، ئەركی سەرەكی كابینەی پێشوو ئەوەبوو ئەو بۆشایییە پربكاتەوە كە لە ئەنجامی كێشانەوەی دام

ودەزگاكانی حكومەتی عێراق لە كوردستاندا دروست بوو بوو، كابینەی پێشوو توانی وەزارەتەكان دابمەزرێنێتەوە. بەڕێوەبەرایەتی یەكان دروست بكاتەوە ودەست بكات بەكار لە پێناوی جێ بەجێ كردنی ئەو بەرنامەیەی كەبۆ خۆی دەست نیشانی كردبوو.

ئەركی سەرەكی ئەم كابینەیە، هەروەك خۆشیان دەستیان بۆ راكێشاوە ئەوەیە كە ئەو بەڕێوەبەریەتی یانە جێگیر بكرێن وبخرێنەكار بۆ ئەوەی بتوانن ئەركی سەرشانیان بە شێوەیەكی باش بەڕێوە ببەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خاڵێكی نیزامیم هەیە. لە بەندی (٥١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا دەڵێ:

ئەندامی پەرلەمان لەكاتی قسەكردن دا، تەنیا رووی دەمی لە سەرۆكی ئەنجومەن دەكات وقسە دەكات، ئەگەر رێكەوتنێكی جەنتلمانی هەیە بۆ نەمانی ئەم خاڵە لە پەیڕەودا دەبێ رۆژێك لە رۆژان بخرێتە ناو بەرنامەوەو قسەی لەسەر بكرێ، بۆ ئەوەی راست بكرێتەوە، بەڵام پێم وایە هەتا پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان وایە بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران پێش ئەوەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەندامی پەرلەمانە وئەویش دەوری بینیوە لەدانانی پەیڕەوی ناوخۆدا، من پێم وایە حەق نییە هەتا دەسكاری نەكرێ پێ شێل بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس ئەو برادەرانەی كە ناوی خۆیان نووسیوە مافی قسە كردنیان هەیە.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم لە كۆبوونەوەكانی پێشوودا هەمیشە رووی قسەكردن لە سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی بووە ولەم كۆبوونەوەیەدا كە كۆبوونەوەیەكی تایبەتی یە، لە بەر ئەوەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لێرە ئامادەیە لە پاش ئەوەی كە ووتم بەڕێزان سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی، رووی قسە كردنیشم كردە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە اعتباری ئەوەی لێرە خاوەنی بەیانێكن وپێویستە لێی بكۆڵینەوە ومەسەلەكە بەو شێوەیە بوو، ئەگینا هیچ گۆڕانێك نییە نە لە پەیڕەوی ناوخۆدا ونە لە چۆنیەتی قسەكردن دا كە رووی لەكوێ بێت، من خۆم ئەو راستییە بە باشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر ئەو برادەرانەی كەناوی خۆیان نووسیوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك فرەنسۆ سەرۆكی فراكسیۆنی زەرد مەبەستی ئەوە بێ من رووی قسە كردنم بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەن بووە. لەبونیاددا خۆی بەرنامەكە عەرزی ئەنجومەن دەكرێ وئێمەش كە قسەمان كردبێ

به سەرۆکایەتی هەموویان دەگرێتەوە. نازانم ئەو ڕێ ورەسمە لە کوێ دەهێنن؟ ونازانم ئەو خاڵە یاساییەی لە کوێ دەرهێنا؟ سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەکاتی گفتوگۆ کردن بەپێی پێڕەو دەبێ روو بەرووی دەستەی سەرۆکایەتی قسە بکرێ، ئەوە جێگیر کراوە لە پێڕەوی ناوخۆدا، ئێمە پێک کە هاتین بەرنامەی حکومەت بەو شێوەیە بخرێتە روو بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە سەر بکرێ، دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، ئەو برادەرانەی کە ناوی خۆیان نووسیوە، ئەگەر لە پێشەکییەکە چ تێبینییان هەیە دوای ئەوە دێینەوە سەر خاڵی یەکەم. کەس تێبینی هەیە لە سەر پێشەکیەکە؟ ئەوانەی تێبینی یان هەیە لە سەر پێشەکیەکە، بەڕێز فوئاد مەعسوم وبەڕێز عەبدولخالق محەمەد رشید زەنگەنە وبەڕێز ئەحمەد سالارە.

**بەڕێز د. محـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی من لێرەدا وەنییە مەبەستم تێبنی دەربرین بێ لە سەر پێشەکی یەکە، بەلآم بەرنامەی گفتوگۆ کردنەکە چۆنە ئەگەر برگە برگە بخوێنرێتەوە، وابزانم ئەوە وەختێکی زۆر دەبا، جگە لەوەی ئەوکاتەی دەخرێتە دارشتنەوە، دەبێ ئەو ووشەیە بگۆڕین، بەو ووشەیە ئەو بەرنامەیە کە بەشی هەرە زۆری بەڵێنە وئێمە هەوڵ دەدەین ئەوانە بکەین، مانای ئەوە نییە بیکەینە قانونێک لێرە وشە بە وشە بیخوێنینەوە وجێگیری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ببوورن ئێمە بەرنامەیەکمان لە پێشە برگە بە برگە وبابەت بە بابەت پێی دا دێینە خوارو، دێینە سەر خاڵی یەکەم، لەسەر ئاستی سیاسی چەند خاڵێک جێگیر کراوە هەر برادەرێک تێبینی تایبەتی هەیە یان خستنەسەرێک یان فت کردنێک یان قسەیەکی تایبەتی هەیە کە بیخەینە سەری، جێگیری دەکەین و دەچینە سەر بابەتێکی تر.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من لە سەر پێشەکیەکە تێبنییەکم هەیە، کە دەبوایە بەرنامەی وەزارە دوای ئەوەی پێشەکی پێشکەش دەکات، ئەو درێژە پێدانە لە هەر بوارێکدا پێشکەش دەکات، دەبێ لەو بەرنامەیە تەرکیز بکرێتە سەر دوو سێ خاڵ کە ئەرکی سەرەکی وبنەڕەتی ئەو وەزارەتەیە، کە لەوانەش چارەسەر کردنی باری ئابووری کوردستانە، هەروەها سنوور دانانێک بۆ ئەو گرانی یە وئەو بەرز بونەوەی نرخی شتومەکە لە بازاردا وپیادەکردن وڕێز لێ نانی یاسا لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەر چەندە بەرنامەکە لە رووالەت دا شێوەی ئابوورییەکی زەقی لە سەر ئاستی ناوەوە پێشان

دەدات، هەر چەندە کێشەکان پەیوەندییان بە باری ئابوورییەوە هەیە، بەڵام چونکە ئێمە ئابوورییەکی تایبەتمەندی چەسپاوی خۆمان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەڵبەز ودابەزی باری ترەوە، واتە چونە سەر کێشەیەکی سیاسی وکێشەی ئابووری راستەوخۆ جەمسەرێکی کێشەی سیاسییە کە دەبوو زیاتر پەیوەست بوایە بە باری سیاسی دەرەوەو، وەک لایەنی تریش ئەوەی کە تێیدا هاتووە وەک بەڕێزان فەرموویان بریتی یە لە ویست وخواستەکانمان، بەڵام دەبوو ئەوە رەچاو بکرێ کە ویستەکان هاوتابن لەگەڵ خانەی هاتنە دی دا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە کاک عەبدولخالق لە پێشەکی باسی ئابووری تێدایە، نازانم ئەگەر خوێندبیتانەوە وچەند رۆژیشە لاتانە، ئەو پرۆژەیە باسی ئابووری تێ دایە. دووەمیش هاتینە سەر درێژەپێدانی، خاڵ بە خاڵ باسمان کردوە بەش بەش، لە بواری ئابووری، لەبواری پیشەسازیدا.. ئەو مەسەلەیە روون کراوەتەوە وکە دەشگوترێ میللەتەکەمان لە چ ژیانێک دا دەژی پێم وایە ئەوە باسی ئابووری یە.

مەسەلەیەکی تر کە پرۆژەکە بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەبووە ئەوە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پێشکەشی کردووە لە جیاتی هەموو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزیرە بەرێزەکانیش بەشدارییان لە دانانی بەرنامەکەدا کردووە وبەشی هەرە زۆریشیان لێرە ئامادەنە بۆ گفتوگۆ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم لەسەر ئاستی سیاسی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پێشەکیدا هیوای سەرکەوتن بۆ حکومەتەکەمان وجێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەخوازم ومن دوو تێبینم هەیە پیشکەشیان دەکەم ئەوانەش:

١- هەوڵ وتەقەللایەکی زۆر بدرێ تاکو هەموو جیهان دان بەدەزگاکانی ئێمەدا بهێنن چ پەرلەمان وچ حکومەت.

٢- هەوڵبدرێ نوێنەرێکی میللەتی ئێمە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە سیفەتی چاودێر ئامادە بێت، یان بەهەر سیفەتێکی تر تاکو دەنگ وئازاری ئێمە بە جیهان بگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەشی یەکەمدا لە سەر ئاستی سیاسی ئێمە هەست دەکەین کە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ، ئەویش

پەیوەندی حکومـەتی هەرێم وI.N.C یە کە لە بەرنامەکەدا هاتووە وئەمەش گرنگی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من تێبینیم لە سەر بڕگەی یەکەم هەیە کە دەڵێ. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی حکومـەتی ناوەندی ئایندە وبنچینەی یەکێتی ئارەزوو مەندانە وڕێز گرتنی لە چوار چێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی کە تەواوی مافەڕەواکانی گەلەکەمانی تێ دا پارێزراوبێت. بە بۆچوونی من ئەوە دەستەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، بەڵکو دەستەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی داوای سەرکەوتن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم و، یەک تێبینم هەیە لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق، چونکە لە ناو سەرانسەری میللەتی کورد دا بڵاوە کە گفتوگۆ دەکەن، ئایا ئەمە پێشەکییە یان ئاخافتنە بۆ ئایندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پرۆگرامی حکومەتی کوردستانە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان تیرۆر لە هەموو جیهان دا کارێکی چەپەڵە ولە پرۆگرامی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ باسی نەکراوە، لەبەر ئەوە دەبینم پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دژی تیرۆرن، لە بەر ئەوە وای بەپەسند دەزانم لە سەر ئاستی سیاسی ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێ لە بڕگەی دوو (نەهێشتنی تیرۆر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا لە خاڵی دووەم دەدوێین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بابەت ئەو خاڵەی کە برادەران باسیان کرد کە لە دەسەڵاتی پەرلەمانە، بەڵام نەیگوتووە بیبڕاستێنێ (تصديق) بکات، بەڵکو دەڵێ هەوڵ دات بۆ ڕێکخستنی پێکهاتنیان، ئەوە لە کرۆکی ئیشی ئەنجوومەنی وەزیراندایە و وەزیرەکان ئەم ڕێکخستن وپێکهاتنانە بکەن ولە پەرلەمان بیبڕاستێنن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــەرەنســــــــۆ تـۆمـــــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە سەیدا مەلا مەحمود بەچاکی نەیخوێندۆتەوەو، دەڵێ لەگەڵ حکومەتی ئایندە ڕێککەوتن بکات ومن لەگەڵ رایەکەی کاک بەختیارم ئەگەر ئەمە بمێنێ بۆ ڕێکخستن بەو شێوەیەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاری لەسەر دەدات، چونکە ئەو ڕێکخستنە نەک بڕیار، دەبێ اضافە بکرێ شێوەی ڕێکخستنەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لە سەر دەدات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەم خاڵە تەواو بوو، ئێستاش بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. با لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێ.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە کاک د. رزگار پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئێمە نوێنەرێک مان هەبێ لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەوە ئاواتی هەموو لایەکمانە وخەباتیشی بۆ دەکەین کە نوێنەرمان هەبێ. ئێمە کە ئەو بەرنامەیەمان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە هەر ئەوەندەمان لەتوانادایە. پێمان وایە ئێستا ئەوەی جەنابی دەپلێ لە تواناماندا نییە، بۆیە نەمان نووسیوە وهەروەها لە بەر وەزعەکەی خۆشمان پێویستی بەوە نەدەکرد ئەوە زیاد بکەین کە هەوڵ بدرێ نوێنەرمان هەبێ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

کاک شێخ عەبدولکەریم باسی ئەوەی کرد پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وI.N.C، ئێمە پێمان وایە گونگرەی نیشتمانیی شتێکی کاتییە لەوانەیە (١٠) رۆژی تر ئەگەر حکومەتی ناوەندی ئێستای عێراق برووخێ کۆنگرەی نیشتمانیی نامێنێت، لە بەر ئەوە ئەو شتەمان نەخستۆتە ناو. ئەوەی کاک بەختیار باسی کردووە، ئێمە نەمان گوتووە بڕیاردان. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی چۆن دەبێت فیدراڵی راگەیاندووە ولە سەر ئەو بنەمایە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەنجوومەنی وەزیران جێ بەجێی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

زیادکردنێک بۆ پرسیاری خاڵی یەکەم هەیە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆی بڕیاری پەیوەندی چارەنووسی کردووە وئەو بڕیارەش لەو خاڵەدا هاتووە( لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە ولە چوار چێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی کە تەواوی مافە رەواکانی گەلەکەمانی تیا پارێزراوبێت) وئێمە بڕیاری پەرلەمان جێ بەجێ دەکەین لە عێراقێکی داهاتوودا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا مەلا مەحمود باسی کرد، ئێمە وەک کاک فرەنسۆ گوتی لەگەڵ حکومەتی ئایندەمانە، بەڵام لەگەڵ حکومەتی رژێمی ئێستا هیچ شتمان نییە وهیچ شتێک نەخراوەتە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵێکی تر، داوایان کرد وشەیەک لە برگەی(٢) زیاد بکرێ، وشەی(دژ بە تیرۆر) لە خاڵی دوو (ئاشتی وئازادی...).

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە پەیوەندی بە وولاتانی دراوسێوە هەیە. ئێمە نەچووینە ناو درێژە پێدانەوە، ولاتێکی دراوسێ دەتوانێ چی بکات یان چی نەکات مەسەلەی تیرۆر زیاتر دەتوانین گفتوگۆی لە سەر بکەین وزیاتر مەسەلەیەکی ناوخۆیە وهەر وەختێک کە هاتینە سەر ئەو خاڵەی باری ناوخۆ ئەوسا باس دەکرێ. مەسەلەی نەهێشتنی تیرۆر ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەرکی سەرشانی دەزگاکانیەتی کە بەرامبەری بوەستن، چونکە لە نێودەوڵەتان ئەوە باس ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو بەیانەی کە بریاری فیدرالیەت بۆ کوردستان کراوە، ووشەی( یەکێتی ئارەزوومەندانە) واتە(اتحاد اختیاری) ومن بەوردی سەیرم کردووە، لەوێدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی من وهەوڵبدرێ لە جیهاندا دان بەئێمە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیوام وایە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەو تێبینی یەی ئێمە جارێکی تر پێ دا بچنەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ I.N.Cدا، چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە کە وەکو (بەدیلێک) بۆ حکومەتی دیکتاتۆری عێراق دانی پێ دابنرێ ولەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر بێتو ئێمە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ ئەوان ڕوون بکەینەوە، پەیوەندیی دۆستانە وهاوکاری، دەبێتە هاندان بۆ ئەوانیش ودەبێتە مایەی بەهێزکردنییان واعتباریان زیاتر دەبێت لە رای گشتی جیهانی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە پێویست ناکات ئەو خالە زیاد بکەین، چونکە لە پێشەوە هاتووە، هەولدان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێم بە حکومەتی ناوەندی ئایندەوە، ئێستاش ئێمە پێمان وایە جێگرەوەی (بەدیلی) دیموکراتی حکومەتی ئایندە .I.N.Cیە، بۆ دوا رۆژی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری رایەکەی کاک د. کەمال دەکەین کە I.N.C زیاد بکرێ لە سەر حکومەتی ئایندەی عێراق. واتە پەیوەندی لەگەڵ I.N.C. پشتگیری لەوە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت کێشرایەوە، با بچینە سەر خالێکی تر.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ I.N.C ئەوە یەکەم بێت چونکە ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی ئایندەدا، ئایندە نییە، وجودی نییە، ئێستاکە ئەم بڕگەیە، ببێتە بڕگەیەک لە بەیانەکە، ئەو جا لەگەڵ I.N.C دا، ئەوە یەک بێت، چونکە کە ئێستا زۆربەی چالاکی یەکانی ئەمانە هەمووی لە چوار چێوەی I.N.C دایە. ئەو سەفەرەی بۆ ئەمەریکا کرا وئەو سەفەرەی بۆ سعودیەکرا وبۆ کوێت دەکرێ هەمووی لەو چوار چێوەیەدا بوون. ئەوە هەنگاوی یەکەمە، ئەوجا ئەوی تر ببێ بەهی بڕگەی دووەم، کە ئەمان دەبن بە نیزامێک لە بەغداو پەیوەندییان لەگەڵ دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا زیاد کردنی جۆری پەیوەندی لەگەڵ I.N.C وهاوکاریی کردن لەگەڵی دا وەک پێشنیارێک خراوەتە روو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارە جێگیر بکرێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر دەکرێ. پاشان با لیژنەی داڕشتنی زیادی بکەن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم بەنووسراوی پێشکەش کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا گەر حەز دەکەی بابیخوێنینەوە تاکو لای هەمووان روون و ئاشکرا بێت.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتمان لاریمان نییە زیادی بکەین، پێویستی بە جێگیر کردن نەبوو، چونکە ئێمە ئەگەر لەسەر شتێک لاری بین ئنجا بخرێتە دەنگدانەوە، دووەمین ئەو پێشنیارەی کاک د. کەمال دەخوێنینەوە کە دەقەکەی بەم جۆرەیە: (ڕێکخستنی پەیوەندی هاوکاری ودۆستایەتی لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقدا I.N.C لەپێناوی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ دا)، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو لایەنی جیا نین، ئێمە خۆمان لەناو I.N.Cی داین، ئەوە ئەگەر دوو لایەنی جیا بین، بەڵام کە خۆمان تێی دابین دەبێ هەوڵی پتەو بوونی دەزگاکانی ناو I.N.C وپەیوەندیەکانی ناوەوەی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو د.فوئاد فەرمووی پتەوکردنی ئەو پەیوەندی یە بەلای منەوە ئەگەر ووشەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەگەل بدەین، چونکە I.N.C هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ناگرێتەوە، تاکو گشتگیر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دەقە پاشان تێبینییەکەی بەڕێز د. فوئاد بدەن بە ئەنجوومەنی وەزیران، جا نازانم پەسەندی دەکەن یان نا؟ ئەوی بەڕێز سەید حەسەنیش زیاد بکرێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نابێ دووشت تێکەلاو بکەین چونکە I.N.C تا ئێستاش نوێنەری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی یە، واتا دەستەیەکی سیاسی تەواوە هێشتا نەبوەتە دەستەیەکی جێبەجێکردن، یان حکومەتێکی عێراقی کاتی بێت تاکو ئێمە بەشێک بین لەو حکومەتە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەک هەتا ئێستا لە هیچ دەزگایەک بەشدارنین لە I.N.Cدا بەڵکو حزبەکانی هەرێمی کوردستان نوێنەرن لە I.N.C وئەوەش ناکاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاوەنی پێشنیارەکەم، بەڵام من نازانم بۆ وەها لەمنیان چەواشە کرد، من داوام کردووە خاڵێک

زیاد بکرێ، بۆ پەیوەندی نێـوان حکومـەتی هەرێم وI.N.C وهەروەها حکومـــەتی هەرێم و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەمە ئەو خاڵە تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر خاڵی دووەم.

**بەڕێز عـەبدوڵلا ڕەسـول عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئایا ئەو خـاڵە زیاد دەکـەین(ڕێکخـستنی پەیوەندی دۆسـتـایەتی وهاوکـاری لەگـەڵ کـۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیI.N.C لە پێناوی عێراقێکی فیدراڵ دا؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەگەڵ ئەوەی کە زیاد کرا، کاک سید حەسەن ئۆپۆزسیۆنی زیاد کرد.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕای ئێمە ڕێکخستنی پەیوەندی دۆستایەتی وهاوکاری لەگەڵ I.N.C دا مـانایەکی تایبـەتی هەیە، چونکە ئۆپۆزسیۆنمان خستە سەری، پەرت وبڵاوی دەکاتەوە وشتەکانمان لێ تێک دەدات و، مەبەستمان دەگۆڕێ، لە بەر ئەوە I.N.C بە تەنیا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خاڵی دووەم مافی مرۆڤ وئازادی ودیموکراسی.. کێ تێبینی لە سەر خاڵی دووەم هەیە؟ تکایە تەنیـا ئەو برادەرانەی کە ناوی خۆیان دەنووسن بۆ تێبینی دەربڕین، بەس ئەوان مـافی قسـەیان هەبێ، چونکە ناکرێ بەدواداچوون (تعقیب) لە سەر بەدواداچوون بکرێ. ئێسـتا تەنیا سێ برادەر حەز دەکەن قسـە بکەن لە سەر ئەم بابەتە. بەڕێزان(شـێخ عـەبدولکەریم- سـید حـەسەن- کـاک ئەیاد) کەسی تر هەیە؟

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خـاڵەکـان(٧)ن ئێـمـە پێـشنیـارێکمـان هەیە، خـاڵێکی تر زیاد بکرێت ئەویش بەم دەقـە بێت (پشتگیری وپاراستنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وئاسان کردنی کارەکانیان.)، سوپاس.

**بەڕێز حـــەسـەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە خاڵی دووەم دا هاتووە ودەڵێ پێشکەش کردنی پرۆژەو پێشنیار، لێرەدا پرۆژە کە بکەینە یاسا، بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە جیاتی ئەو یاسایەی ڕژێم کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستاندا ناگونجێ، پێشنیارێکمان هەیە کە ئەگەر وەری بگرن وابزانم ڕێک وپێکتر دێت (پیشکەش کردنی

پرۆژەی یاسای پێویست بۆ پەرلەمان وپێشنیاری گۆڕینی ئەو یاسا وبڕیارانەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێن)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆژەکان لە ڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە دێن، هەر پرۆژەیەک بێت، جا پرۆژەی یاسا بێت یان پرۆژەی تر بێت، هەمووی پرۆژەن نابن بە یاسا تا لێرە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاریان لەسەر نەدرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە خاڵی(٧)دا کە دەڵێ: (ڕێز گرتنی مافی مرۆڤ) لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە تاوان، بەکار نەهێنانی زەبرو زەنگ لەکاتی قسە وەرگرتن ونەپشکنینی دوکان وهیچ ماڵێک وشوێنێک بەبێ بڕیاری دادگا، لێرەدا( بەخورتی) زۆر ڕۆشن نییە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەم شێوەیە بێت پاش بە(خورتی) ئەم برگەیە بێت (بەخورتی ویان بە ئەشکەنجەدانی دەروونی یان بە هەر ڕەفتارێک کە لە کەرامەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە)، چونکە (بەخورتی) چەند بۆچونێک دەگرێتە خۆی، بۆی هەیە گوشارێکی ئاسایی بێ، بۆی هەیە گوشارێکی زیاتر بێت، بەڵام ئەو دەقەی کە من پێشنیارم کردووە، لەیەکێک لەبەندەکانی جاردانی گەردوونی مافی مرۆڤ وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی کاک ئەیاد ئێمە پێمان وایە هەموو ئەو تۆژەرەوانەی کە کاتی (إفادە) وەردەگرن زۆری و فشار بەکار نەهێنن و ئازاری جەستەیی نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دوو جارە کەس لە من تێ ناگات، من پێشنیارەکەم بەم دەقەیە، پشتگیری و پاراستنی، گوتومە دینارێکی بدەنێ وکورسیەکی بدەنێ(پشتگیری وپاراستنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وئاسان کردنی کارەکانیان). ئاسان کردنەکە زۆر گرنگە، ئازادی هەبێ ئەوەش گرنگی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی پاراستنەوە ئەوان داوای پاراستنی خەڵک دەکەن، بەڵام پشتگیری وئاسان کردنی ئیش وکارەکانیان لەدام ودەزگای کاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـمـە عـەبدولکەریم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من بۆ فەرمایشتەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دڵنیام لەوەی کە دەربان نەکەن ومن ئەوەیان دەڵێم بیان پارێزن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە سەرەوە باسمان کردووە، پاراستنی هەموو خەڵک وئەوانیش دەگرێتەوە وئەوانیش هاووڵاتین لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بـەڕێـز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێم وایە من دەم ویست لە ســەر ئەو خـاڵە بدوێم، دیارە تەوا بوو، ئەگـەر مـەبەسـتی لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤە لە کوردستان داحەقە بکرێتە رێکخراوی مافی مرۆڤ، بۆیە من پێشنیار دەکەم کاک عەبدولکەریم رێکخراوەکە بکاتە(رێکخراوی مافی مرۆڤ)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـمـە عـەبدولکەریم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە من مەبەستم رێکخراوەکانە بۆ ئەوەی رێکخراوەکەی خۆشمان بگرێتەوە لە کوردستاندا، ئەوەی من زانیاریم لەسەر هەیە رێکخراوە دەوڵەتییەکان وئەقلیمی هەنە بۆ مافی مرۆڤ، بۆیە وام گوت هەم رێکخراوەکانی خۆمان بگرێتەوە هەم رێکخراوە دەوڵەتییەکانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە راستیدا پێشنیارەکەی بەجێ یە، ئاماژە بۆ رێکخراوە دەوڵەتییەکان بکەین، ئەوە سوودێکی چاکی دەبێ ولە جێی خۆی دایە، بەڵام دەبێ شی بکرێتەوە لە داڕشتندا دەبێت روون بێت، ئێمە پشتگیری لە رێکخراوی( مافی مرۆڤی کوردستان) دەکەین ولە رێکخراوە جیهانی یەکانیش. بەڵام ئەگەر هاتوو ئێمە ناوی یەک رێکخراومان هێنا بەتایبەتی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، دەبێ ناوی مامۆستایانیش بێنین، ناوی قوتابیانیش بێنین وناوی ئافرەتانیش بێنین. لە بەر ئەوە ئەگەر ئاماژە بەوە بکەین، پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ وئاسان کردنی کاروباری رێکخراوە جیهانییەکان بکرێ وداڕشتنەکەمان بۆ بەجێ بێلن باشترە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران ئەم پێشیارەی پەسەند کرد، پاشان بەجۆرێک دای دەرێژین کە لەگەڵ وەزعی ئەمرۆدا بگونجێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دووشت هەیە وکراون، کە ئێستا ئەم گرفتە باس دەکەن، یەکەمیان: پەرلەمان بەگشتی (لائحە)ی مافی مرۆڤی جیهانی پەسەند کردووە. دووەمیان: لە پرۆگرامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هاتووە کە هەموو ئەو شتانەی کە دژی ئەو (لائیحەن) لێرە جێگیر کراوە چ لەمەسەلەی دادو چ لەمەسەلەی ئاسان کردنی ئیش، من پێم وایە باشترین پشتیوانی لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئەوەیە کە(لائیحە)ی مافی مرۆڤ وەک دەقەکەی هاتووە پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر خاڵی سێیەم: کاروباری ئایینی، چ تێبینی یەک لە سەر ئەم بەشە هەیە؟ تکایە برادەرە وەزیرەکان ئەگەر دەیانەوێ لەسەر بابەتێک قسە بکەن پێشان دەبێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژە بەوە بکەن کە قسە دەکەن، چونکە بەس ئەندامی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکات.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە کاتێک دا لە کوردستان هەموو مزگەوتەکان وێران کراون دوژمن لە (ئەبرەها) زیاتری کردووە، چونکە (ئەبرەها) سەرنەکەوت لەروخاندنی کابەتوڵلادا، بەڵام (ئەبرەها)کەی ئێمە هەموو مزگەوتەکانی کوردستانی رووخاند، لە بەر ئەوە حەز دەکەم لەم پرۆژەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ و هەوڵ بدرێ مزگەوتەکان لە کوردستان دروست بکرێنەوە، هەروەها ئەو مەلایانەی کە هاتوونەتە ناو شارەوە بگەرێنەوە بۆ دێ یەکانیان دوای ئاوەدان کردنەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەم پرۆژەیە دەکەین لە هەموو رووێکەوە وبەلای ئێمەوە داواکاری تەواوی گەلی کوردی تێدایە، چ ئایینی وچ سیاسی لە هەموو رووێکەوە ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیلێم تەنها لە بارەی ئەوەیە کە دەلێ: کاروباری ئایینی، باسی مزگەوت وخوێندنگا شتێکە پەیوەندنی بە ئیسلامەوە هەیەو، رێز لێنان لە پیاوە ئاینییەکان لە ئیسلامدا نییە، ئەمە وشەیەکە هاتوەتە ناو دەربرینی خۆمانەوە، لە ئیسلام دا زانای ئایینی زۆر پیرۆز ترە، ئنجا ئاماژەی بۆ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە داوامان کرد بوو هەموو مامۆستایەکان بەرێکوپێکی بگەرێنەوە، ئەوانەی کە خانەنشین کراون تا ئێستا هەموویان نەگەراونەتەوە، زۆریان ماون، لە گوندە ئاوەدان کراوەکان پێویستیمان بە ئیمام هەیە وداوای ئیمام کراوە، لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

قسەکەی من مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین کردی وپێویست ناکات من دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەمە بەرنامەی وەزارەتە، نەک ئەو بەشە هی وەزارەتی ئەوقافە، زیاتر لێرەدا تیشک خراوەتە سەر مزگەوت ومەلا، ئەدی کەنیسەکان؟ دەبوایە لێرەدا بڕگەیەک بۆ ئەوانیش هەبوایە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـول عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی مامۆستا مەلا محەمەدئامین ئێمەش لاریمان نییە زیادی بکەین، هەوڵدان بۆ دروست کردنەوەی مزگەوتەکان. پرسیارەکانی تر کە مامۆستا مەلا تاهیر کردنی، ڕێز لێنان لە پیاوە ئاینییەکان بکرێتە زانایان، پێم وایە (رجال الدین) هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەوەی جەنابی مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی پیاوە ئاینییەکان بەراستی شتێکی گشتگیرە، پیاوە ئاینیەکان ئەوانەی (تەریقەیان) هەیە ودەرویشەکانیان، ئەوانە هەموویان پێیان دەگوترێ پیاوی ئایینی، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام بکرێت بە زانایانی ئایینی، چونکە وەک پیاوی ئایینی هەیە، ژنانی ئاینیش هەنە و، زانای ئایینی هەمووی دەگرێتەوە لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

ئنجا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر ئەو شتانە پەسەند دەکات با لای خۆیان تۆماری بکەن، شتێکی باشە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

وابزانم ژنان وئافرەتانی ئاینی نییە، ئەگەر کاک د. کەمال مەبەستی مەلا ژن بێت، کە ژنی مەلایە، نەک مەلای ژن.

**بەڕێز مەلا محەممەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من زانایان بە تەنیا گشتگیر (شامل) نابێت، تەنیا ئەوانەی کە کاری ئایینی دەکەن زانانین، بۆ نموونە (مؤذن- قارئ - خادم) زۆرن ئەمانە کە ئیشی ئایینی دەکەن هەتا ئافرەتیش هەیە، بەرای من، بڵێین زانایان وبەڕێوەبەران، یان کارمەندانی ئایینی شتێکی گشتگیرە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە لێرە تەنیا زانایانی ئاینی یە(مؤذن- فراش) کارمەندن بەکرێ دامەزراون ومافی خۆیان دەدرێتێ، مەسەلە گرنگی دانە بە زانایانی ئایینی، پێم وایە لە جیاتی پیاوە ئاینییەکان زانایانی ئایینی راست ترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد تاهیر محەممەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستی دا ئێمە لە کوردستان ولە کۆمەڵگای کوردەواری زانای ئایینی بەڕێز بووە، پێویست ناکات ڕێزی لێ بگیرێ، بەڵام کە ئەمە هاتوو من پشتگیری لە وەزیری ئەوقاف دەکەم، زانا وپیاوە ئاینی یەکان، ئەگەر ئەو برگەیەکی جەنابی د. فوئاد وتی: زیادی بکەین، وشەی پیاوە ئاینییەکان مصطلحێکی ئیسلامی نییە، لێرە لە کاروباری ئاینی باس دەکرێت، بۆیە حەق وایە ووشەی زانا دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەربارەی کەنیسەکان لەلایەن کاک ئەیادەوە هەیە دەڵێ: (پاراستنی شوینەوارە ئایینییەکانی هەرێم- مزگەوتەکان وکەنیسەکان وپەرستگاکانی ئێزدییەکان) ئەوەش لە سەر پێشنیاری بەڕێز د. فوئادە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوەی مامۆستا دەڵێ ئێمە ئەوە زیاد بکەین کە ڕێز لە زانایان وپیاوە ئاینییەکان بندرێ، ئێمە زانایان زیاد دەکەین. بەڵام دەربارەی پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکانی هەرێم وبەڕێوەبردنی کاروباریان بەشێوەیەکی رێکوپێک هەمووی گشتگیرە، کەنیسە ومزگەوت دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەک پێشنیارێک لە سەرەوە ولەبنەوە زەرەری نییە، جۆرە دڵنیاییەک دەداتە برا ئاشوری وئێزدییەکان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەكرێ چارەسەری بكەین، پەرستگایەكان یان شوێنە ئاینیی یەكان لەناو كەوانەكەدا هەر سێكی تێدا بێت نەک ببێتە بڕگەیەكی بنەڕەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. وابزانم چ تێبینی تر لەسەر ئەمە نەما، ئەم تێبینییانە زۆربەیان لای ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند كران. ئێستاش دێینەوە سەر چوارەم: ئاسایش وبەڕێوەبردن، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەمە؟.

كەواتا جارێ با بمێنێ، ئێستا نیو سەعات پشوو دەدەین، پاشان تەواوی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

پاش نیو سەعات پشوودان:

(ئاسایش وبەڕێوەبردن):

بەشی چوارەم، ئەگەر كەس تێبینی لە سەر ئەمە هەیە با ناوەكانیان تۆمار بكەین.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پۆلیس ڕۆڵێكی بنەڕەتی دەبینی لە پاراستن ونەهێشتنی تاواندا، بۆیە پۆلیس زۆر پێویستە فێری زانستی تازە بكرێ، بۆیە من بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە كۆلیجی پۆلیس بدرێ وحكومەت هەوڵ بدات كۆلیجی پۆلیس بكاتەوە بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولكەریم كاكەحەمە عەبدولكەریم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من دوو خاڵم هەبوو، تەنها تێبینی بچووكن بۆ بەڕێزانی ئەنجوومەنی وەزیران، لە ڕستەی دووەم خاڵی(٧) داوای كوژانەوەی(٤) ووشە دەكەم. نووسراوە(گرنگە پیشەسازی یەكان) ئەوە دیاری دەكات بۆ ئەوەی ببێتە گشتی، هەموو دام ودەزگاكان.

خاڵێكی تری تیادایە، تاوانی سیاسی هەر لە خاڵی(٧)دا ڕێگرتن لە تاوان وخراپەكاری وتاوانی (سیاسی) (جەریمەی سیاسی) تێگەیشتنێكی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش فت بكرێ.

خاڵی (٩) (ڕێكخستنی هاتنە ناو وچوونە دەرەوەی كەسانی بیانی) ئەوە تەنها بۆ بیانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینیانە ئەگەر لای خۆت نووسیوتن، بیان نێرە، بۆ ئەوەی بیان دەین بە ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت منەوە لە بواری بەڕێوەبردن مەسەلەی ئاماری گشتی زۆر پێویستە ولە کارە پێویستیەکانی وەزارەتەکەیە. هەروەها مەسەلەی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی یەکان کە ئێمە بڕیارمان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک کە لە بارەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانەوە هاتووە، ئەمە پەیوەندیی بە یاسایەکەوە هەیە و، هەروەها پەیوەندی بە وەزارەتی تایبەتی خۆیەوە هەیە، با لەو دەزگایە ئەم پرسیارە بکرێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ببێتە ژمارە(١٠) لە ژمارە(٩) دا باسی ڕێکخستنی هاتو چۆی ئەو مرۆڤە بیانیانە دەکات کە دێنە ناو کوردستان، بەڵام باسی ئەو کەسانە ناکات کە هاووڵاتی خۆمانن وکۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا چەندەها هەزار خێزانی ئێمە لە تورکیان یان لە رووسیان یان لە سوریان تووشی کێشەی زۆر دەبن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنسبەت خاڵی(٥)ەوە کە دەڵێ ( کارکردن وهەوڵدان بۆ کۆتایی پێ هێنانی دیاردەی چەکداری) دەقەکە زۆر باشە ومن پێشنیار دەکەم ئەمەشی بۆ زیاد بکرێ (ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای چەک بۆ هەرێم) تەواو کەری ئەم خاڵە بێ، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە دەربارەی هەموو برگەکان نەک خاڵ بە خاڵ، هەر چاوێک بخشێنین بە پرۆژەی بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەست دەکەین لە خاڵی چوارەم لە بابەتی ئاسایش وبەڕێوەبردن دا، بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەتی هەرێم لەو بەرنامەیەی دا زۆر بەچاکی هەموو جموجۆلی یەکانی هاووڵاتییان وموعاناتی دیاری کردووە، لە بابەت ئاسایش وبەڕێوەبردنەوە، هەروەک لە خاڵی ناو براو دا لە پرۆژەکە هاتووە، پێویستە حکومەت هەوڵێکی بە جیددی بدات بۆ دامەزراندنەوەی ناحیەکان وڕێکخستنەوەی پۆلیس وپاراستنی یاسا ونیزام وپتەوکردنی ئاستی مەسلەکەو ڕۆشنبیریی وکۆتایی هێنان بە دیاردەی چەکداری وپاراستنی گیان وموڵک ومالی هاونیشتمانان ونەهێشتنی مخدرات وڕێ لێ گرتنی لە هاتنە ناو هەرێم لەدوای ڕێکخستنی هاتوچۆ بۆ ناو هەرێم ودەرچوونی کەسانی بیانی ووهاووڵاتییان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو شتەی کە جەنابت نووسیت، پاشان ڕەوانەی بکەن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران تاکو تەماشای بکەن.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی برگە(٢) تێبینی یەکم هەیە، هەر چەندە خۆی باش هاتوە. بەڵام ئەگەر ماوە هەبی یەک دوو تێبینی پێشکەش دەکەم. ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی پۆلیس، دیارە خۆمان دەزانین پۆلیس لەم قۆناغەمان دا چەند گرنگە ودەبێ گرنگی پێ بدری بۆ جێبەجێ کردنی یاسا. من وام پێ باشە بنووسرێ (ڕێکخستنەوەی دام ودەزگاکانی پۆلیس وبەهێزکردنی، بۆ جێبەجێ کردنی یاسا وپاراستنی نیزام وئاسایشی ناوخۆی هەرێم) ئەمە لەدوای (پۆلیس بەهێزکردن) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەمان بۆ بنێرە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی ئابوورییەوە، جارێکی تر لە بارەی مەسەلەی ئۆردوگاکان وپێویستیەکان داوا دەکەم بیخەنە بەرنامەوە وباسی ئەم ئۆردوگایانە ئێستا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا، کە هاتینە سەر باسی ئابووری ئەو کاتە باسی دەکەین، ئێستا لە بارەی ئاسایش وبەڕێوەبردنەوە قسە دەکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکانی من زۆر بەیان باس کران، بەڵام تێبینییەک ونیوم ماوە، یەکیان لە برگە(٣) یە، تۆژینەوە کردن لە ناوەندەکانی پۆلیسدا دەتوانم بڵێم ئێستا ئاسانە، زۆر ئەوراق بزر دەبێت، زۆر ئەوراقی نوێش بەبێ حەق دێتە شوێنی. ناوی پسپۆرانیان هێناوە کە ئەو تۆژینەوەیە بکەن، بەڵام بەلای منەوە ئەگەر پسپۆران دیاری بکرێن کە دەرچووانی کۆلێجی یاسا بەتۆژینەوە هەڵسن لە ناوەندەکانی پۆلیسدا، وابزانم ئەو دیاردەیە زۆر زۆر کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ پشتگیری تەواوم لە هەموو خاڵەکان، خاڵی (٨ ) بەلای منەوە تۆزێکی ماوە کە بەرنامەی حکومەتەکەیە، نووسراوە( قەلا چۆکردن ونەهێشتنی (مخدرات) بە هەموو جۆرەکانیەوە ورێ گرتن لە هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان) شتێکی زۆر پیرۆزە بەڵام دوای ڕاپەرینەکە زۆر کەس بەبێ

مۆڵەت بەردەوام لە هەموو شارۆچکەکان دەیفرۆشن، بەڵام لە کوێ دێ؟ حەق وایە ئەوەش لە بەرنامەدا بێت کە نەهێشتنی ئەوانەو رێگە نەدانیان، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە(٧) بەراستی برگەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام هەندێ شت تێکەڵاو کراوە، حەق وایە هەمووی لێرە کۆبکرێتەوە، مەسەلەی سیخوری ودەست درێژ کردن بۆ ماڵ و دزی، ئەوانە هەموویان هاویشتراونەتە ناو یەک رستە کە دەبێ لەیەک جیا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر برگە(٦) هەیە کە باسی موتوربەکردنی بەرێوەبەرایەتییەکانی دام ودەزگای ئاسایش دەکات، بەراستی من دەمەوێ لەم بارەیەوە هەندێ قسە بکەم و، دەڵێم نەک هەر موتوربەکردن بە تەنیا بەڵکو ئاسایش بەگشتی بگۆرێ وبیر لەوە بکەینەوە کە کەسانی دڵسۆز وپاک وخاوێن دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم زۆر رەهایە، دامەزراندنەوەی ناحیەکان. چونکە زۆربەی زۆری ناحیە دوورەکان ئاوەدانییان لێ نییە، ئەگەر بکرێ بگوترێ(هەوڵدان) وشتێکی وا بکرێ نەک رەها بێ، چونکە زۆر ناحیە هەیە یەک ماڵی لێ نییە، ئەمەیە یەکەمیان. دووەمیان: زیادکردنێکم بۆ خاڵی چوارەم هەیە، ئەگەر ئەوە بخرێتە سەری (بایەخدان بە بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری سەربازی، بەگەشەپێدانی قوتابخانەکانی پۆلیس) بە نووسینیش بۆم ناردوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینی یانەی کە باس کران زۆربەیان دران بە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر برایانی ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینییان بۆ وەڵام دانەوە بابفەرموون؟

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی ئەو تێبینی یانەی کاک شێخ عەبدولکەریم، ئەوە لەلای ئێمە پەسەندە ولە شوێنی خۆیەتی وئەوەی کاک ئیبراهیم باسی کرد هەمان تێبینییە کە کاک عەبدولکەریم دابووی، چارەسەر دەکرێ. بەنسبەت ئەوەی دوکتۆر خەسرۆ، (رێکخستنەوە) هەمووی دەگرێتەوە وبەهێزیش دەبن، ئەگەر شتێک رێک بخرێتەوە، بەهێزیش دەبێ لەگەڵ رێکخستنەوەیدا.

تێبینی یەکەی کاک فەرەنسۆ بەنسبەت ناحیەکان، ئەمە بەرنامەی حکومەتە، لەوانەیە گەر

حکومـەت زۆر بەردەوام بێت، هەمـوو ناحـیـەکـان دادەمـەزرێنـیـتـەوە وئـاوەدانیش دەبنەوە وبۆ ئەم مەبەستەش دوا بڕیار هی پەرلەمانە. بەنسبەت ئەوەی کە باسی کرد ئێمە رازین لە سەر ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ بۆ گەشە پێدانی قوتابخانەکانی پۆلیس و، بەڕێز دوکتۆر رزگار باسی کۆلیجی پۆلیسی کرد بوو، ئەوە بڕیاری ئەنجوومەنە، وتێبینی یەکەی پەسەندە. ئەوەی د. فوئادیش باسی کرد کە بکرێتە دوو بڕگە ئێمـە لاریمان نیـیـە، بەڵام خـۆی لە بەرنامـەکـەدا زۆر بە درێژی نووسـراوە کـە کردوومانە بە بڕگە بڕگە ئەگینا دەکرا هەموو بەرنامەکە لە (٣-٤) لاپەڕە کوبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەنسبەت ئاسایش خاڵێک هەبوو لە راستیدا ئاسایش بڕیارە ئەوانەی لەگەڵ رژێم دا بوون یان لە ئاسایشدا ئیشیان کردووە ولە مەفرەزەی تایبەتی دا بوون، ئەوانە هیچیان لە ئاسایش وەرناگیرێن وئەوانەی کە کراون بە لێ پرسراوانی ئاسایش لێ پرسراوانی پێشمەرگە وکادیرەکانی پێشکەوتوو بوون لە حزبەکاندا. بەتایبەتی حزبەکانی بەرەی کوردستانی و، بەتایبەتی هەردوو حزبە گەورەکە. بۆیە هەموو ئاسایشەکان پێویستیان بە پاکسازییە وئەمە بابەتێکە بەگرنگییەوە وەردەگیرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کاک قادر تێبینی هەیە، فەرموو.

**بـەڕێـز قـادر جـەباری/ وەزیـری داد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دوو خـاڵ باس کـران کـە رەنگە پەیوەندییـان بە وەزارەتی ئێـمەوە هەبێ. یەکـیـان کـاک شـەوکـەت حاجی مشیر باسی کرد، ئەویش مەسەلەی یاسای چەک هەڵگرتن بوو. لە بەر رۆشنای کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمان، کە ئێمەشیان بانگ کرد بۆ لابردنی ئەو یاسانەی کاتی خۆی حکومەت دایناون وبڕیارەکانی ئەنجـوومـەنی سـەرکـردایەتی شـۆڕش کە ئـێسـتا لەگـەڵ وەزعی کـوردسـتـانـدا ناگونجێ. لەدوایی دا داوایان لە ئێمە کرد کە یاسای تازە دابنێین بۆ هەڵگرتنی چەک لە کوردستاندا، ئەوە ئێستا بەدەستەوەیە بەم زووانە لە رێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەنێردرێ بۆ پەرلەمان. سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەمە ئەم بەشە تەواو بوو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەنسبەت منەوە زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئەنجوومەنی وەزیران مەسەلەی ئامار کردنی گشتی بکاتە ئەرکێکی دەستبەجێ وپێویست لەکوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئاماری گشتی، ئێمە وەختی خۆی لە کابینەی یەکەم دا، لیژنەمان بۆ دروست کرد ولەئامار کردن کۆڵدرایەوە کە چۆن بکرێ ولە چ وەختێک دا بکرێ وپرۆژەیەکی دووروودرێژ لەم بارەیەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، ماوەتەوە سەر بڕیاری پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تا ئێستا ئەو پرۆژەیە نەگەیشتۆتە پەرلەمان، دیارە هەر لە ئەنجوومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نووسراو بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کراوە بۆ ئەنجامەکانی لیژنەی ئامار کردن وپێشنیارمان پێشکەش کردووە وشتەکە تازە نییە، هەردوولامان دەبێ سۆراغی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمە بەشی چوارەم تەواو بوو ئێستا دێینە سەر بەشی پێنجەم. تکایە باپابەندی بکەین بەوەی کە لە سەرەوە بڕیارمان داوە، بەس ئەوانەی کە ناویان دەنووسرێ مافی قسە کردنیان هەیە.

پێنجەم: باری ئابووری چ تێبینی لە سەر هەیە؟ با ناو نووس بکرێن، بەڕێزان (کاک ئەکرەم عیزەت، کاکەڕەش، جەمیل عەبدی سندی) ناوی خۆیان تۆمار کردووە.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی پێنجەم دا باسی بانقەکان کراوە، دەبوایە بانقی کشتوکاڵی خاڵێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراباوە، بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە سەر خاڵی دووەم تێبینیم هەیە، لە ٦/١٦ بڕیار درا کە باسی بارودۆخی گوزەرانی کۆمەڵگای سنووری پارێزگای هەولێر بکەین، بەڵام پێڕا نەگەیشتین وباس نەکرا، ئێستا ئەگەر بوارمان بدەن باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببوورە مامۆستا ئێستا گفتوگۆ لەسەر بڕگەی پێنجەم دەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە ئۆردوگاکانەوە هەیە لە بەرنامەکەدا هەیە ولە دانیشتنێکی تردا دێینەوە سەری.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشتر بڕیارتان لەسەردا کەی باسی دەکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەم پرۆژانەمان تەواو کرد دێینە سەری ئەوەش و باسی دەکەین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم ئەوەیە کە خاڵێک بخرێتە سەر خاڵەکانی ترو، هەوڵ بدرێ کەوا حکومەت وەک لایەنێک وەک بازرگانێک بەشداری بازار بێت، بەڵکو پشکداری بکات لە جێگیر کردنی نرخی شتومەک، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من هەر پشتگیری قسەکانی کاکەڕەشن وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بۆ خۆی هەبێ پشتگیری کەلوپەلی خۆراکی بکات، بۆ شکاندنی نرخی شتومەک لە بازاری رەشدا، ئەویش بەکردنەوەی بازاڕی کەلوپەلی خۆراکی، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پێش هەڵبژاردنەوە هەندێ دروشممان کاتی خۆی هەڵگرتبوو، یەکێک لەوانە( یەک لە شکر ویەک راگەیاندن ویەک دارایی )بوو، خەڵک زۆر دڵشاد بوون بەوەی هەموو توانای حزبەکان بکرێن بەیەک لەرێگای حکومەتی کوردستانەوە ئازووقە بدرێ بەهەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە زۆر، زۆر ولەکەم، کەم، هەموو پێکەوە دەیخۆین، ئەگەر زۆر بوو خەڵکەکەش زۆری بەر دەکەوێ ئەگەر کەمیش بوو هەمووومان وەک یەک بەرمان دەکەوێ بەداخەوە ئەمە تا ئێستا رێک نەخراوە، ئەو یارمەتی یانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دێن، چ لە رێکخراوەکان چ لە حزبەکان رەنگە تا ئێستا زۆربەی لە رێگای حزبەکانەوە راستەوخۆ دێن، بۆ ئەمە من حەز دەکەم کە باسی ئابووری دەکرێ خاڵێک دابنرێت کە بریتی بێت لەوەی وزەکانی هەردوو حزبی سەرەکی یەک بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆگرامی وەزارەت دا لە بەندی(٤) دا هاتووە( ئاسایش وبەڕێوەبردن) یەکسەر چووتە سەر بەندی شەشەم، باری ئابووری، من پێشنیار دەکەم بەندی پێنجەم ببێتە(پلان دانان) باری (نەخشەکێشان). پلان دانان تەنیا(نەک هەر ئابووری دەگرێتەوە، بەڵکو پیشەسازی وپەروەردە وتەندروستی وئاماری ناوەندیش دەگرێتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینییە گەر بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران خراپ نییە. د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی هەرێم تووشی لەکورتیدان (عجز) بووە و بۆ چارەسەر کردنی ئەمە، من پێشنیار دەکەم کە ئەم خاڵە زیاد بکرێت (السعی للحصول عەلی قروض مالیه لاسعاف المیزانیه) دووەم: هەوڵبدرێ بازار لە دەوڵەتە دراوسێکان پەیدا بکەین بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی یان پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوەی کەوا پشتگیری بانقەکانی هەرێم دەکرێ، بەڵام بنووسرێ( لقێک لە بانقی هەرێم بکرێتەوە بۆ گۆڕینەوەی پارە بۆ بازرگانەکان)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی دووەم دا(ڕێکخستنی باری ئابووری کوردستان) ڕاستە ئێستا باری ئابووری کوردستان لە سەر (ئابلوقەی جیهانییە)، بەڵام ئابلوقەیەکی خراپتر هەیە لە ناو خۆماندا، کە میللەتەکەمان زۆر برسییە، پێویست دەکات ڕێکخستنێک لە بازاڕی ڕەش دا بکرێت لەماوەی یەک سەعات دەڵێن لە بازاری ڕەش دۆلار چووەتە سێ هەزار، شەکر دەچێتە (١٧) دینار، کەچی دانی ئێوارە دەڵێن دۆلار هەرزان بۆوە، دەبێ ئەم بارە ڕێک بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من کران، ئەوەی ماوە بیڵێم خاڵی(٧)ە کە دەڵێ:(چاوخشاندنەوەیەک بە یاسای گومرگ وپەیڕەوەکەی دا ودابەش کردنی لیستی تاریفەی نوێ)، بەڕاستی ئێمە ئەو مەرکەزە گومرگیانەی لە سنوورەکان هەمانن ئەوەی من ئاگادارم، ئەگەر وابوایە بەرهەمی گومرگەکان بەڕێکو پێکی تەنیا ٥٠٪ی بەدەستی گەنجینەی حکومەتی هەرێم بکەوتایە، لەوانە بوو باری ئابووری واشڵەژاو نەدەبوو، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم دەربارەی بەرنامەی ئابووری ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم کە ئەوە بەرنامەیەکی گشتیەو، وردەکاری تێ دا نییە، ئەرکی وەزارەتێک لە وەزارەتەکان نییە، یان ئەرکی وەزارەتی دارایی وئابووری بێ بکەوێتە لێ دوان وجێگیر کردنی لە ناو یەکێک لەو خاڵانە. بەکورتی ئەو تێبینی یانەی کە هەبوون، بانکی کشتوکاڵی یەکێکە لە بانکە پەک کەوتوەکانی کوردستان،

هەموویان بەیەکەوە گرێ دراون.

بەڕێز کاکەڕەش فەرمووی ئەگەر بکرێ وەزارەت وەکو لایەنێک بێتە ناو بازار بۆ جێگیر کردنی بازار ونرخی شتومەک، ئەوەش یەکێکە لە ئیشوکارەکانی وەزارەت وبەپێی توانا رەنگە لەو بوارە هەنگاوی بۆ هاویشتراوە، بۆیە ئەوە بەڕای ئێمە باش نییە بخرێتە ناو بەرنامەوە، مەسەلەکە دیسان دەبەستێتەوە بە مەسەلەی پشتگیری کەلوپەلی خۆراکییەوە، چەند بەڕێزێک لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد لە بارەی مەسەلەی پشتگیری خواردەمەنی، ئەمە ئیشێکی ئەوەندە ئاسان نییە، ئێمە وولاتێکی نەوتی نین. ئێستا پارەی ژێر عەرز دەربێنین وبیدەین بە خواردەمەنی، ئەوە پرۆژەیەکی زۆر زەحمەتە وئێمە زۆر بیرمان لێ کردۆتەوە.

بۆ مەسەلەی پلان دانان پێشنیاری ئەوەکرا کە دەبوو خاڵێکی جیاواز بێ، بەڕای من پلان دانان لەبواری ئابووری دا، هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە، لە بەر ئەوە پێویست ناکات بەشێکی جیاواز بێ لە بەرنامەکە وئێمە داوای دروست کردنی ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی بالآمان کردووە واتا: ( لیژنەی بالآی پلان دانان) داوای قەرز کردن، پێم وایە ئەوە خەونی هەموومانە وهەر کاتێک ئێمە توانیمان بەرو بوومی وولاتی خۆمان بێنینە بەرهەم، ئابلۆوقەمان لە سەر لابچێ، ئەو کاتە قەرزیشمان دەدرێتێ.

بۆ مەسەلەی گۆڕینەوەی دۆلار پێشنیار کرا ئێمە خۆمان لقێک بکەینەوە لەناو بازاڕی شێخ اللەدا، بۆ ئەوەی دۆلار بگۆڕینەوە وکاریگەریان هەبێ لەسەری. ئێمە کەی دۆلارمان هەبوو، دەیان بانقمان هەیە، بانقەکان بەکار بێنین بۆ ئەوەی کار بکەینە سەر بازار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمەش بەشی پێنجەم تەواو بوو، ئەو پێشنیارانە گەیشتنە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوان بەپێی پێویست هەوڵ دەدەن سوودی لێ وەرگرن. ئێستاش دێینەوە سەر بەشی(٦)کە خۆی بەشی حەوتەمە، بەلآم لە چاپ بە هەڵە نووسراوە شەشەم، (بڕگەی پێشمەرگە)، (٦) برادەر دەیانەوێ قسەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی شوێنە ئازاد کراوەکان کراوە، بەلآم باسی شوێنە ئازاد نەکراوەکان نەکراوە کە تاکو ئێستا لە ژێر دەستەلآتی حکومەتی رژێمی (بعسی)دان، هەوڵ بدرێ بۆی یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی(٣) (دیاری کردنی مووچە بۆ خێزانی شەهیدان) من پێشنیار دەکەم کە ئەنفالەکانیشی بخرێتە پاڵ وبگوترێ (مؤسسة الشهداء والانفال) خێزانی ئەنفالەکانیش پێویستیان بە مووچە هەیە، دەبێ ئەوانیش حیسابی شەهیدیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کۆلێجی سەربازی ئەو دەستگایە ئەرکی ئەوەیە ئەو قوتابییە گەنجانەی کە دەرچووی ئامادەیین، بۆ ماوەیەک لەوێ مەشق دەکەن، پاش ماوەیەک دەبن بە ئەفسەر. بەنسبەت مەڵبەندەکانی مەشقیش، ئەو پێشمەرگانەی کە پلەو وپایەیان هەیە، پێشمەرگەی ئاساییں، مەشقیان پێ دەکرێ، دوای ئەوەی کە مەشقیان تەواو دەبێ دەگەڕێنەوە بۆ ناو ڕێکخراوەکانی سەربازی خۆیان ئەوەی کە ئەمڕۆ گرنگە بەنسبەت ئێمەوە،کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەربازییە بۆ فەرماندەکانی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کارانەی کە تازە پێیان سپێردراوە بەنسبەت ڕێکخراوەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بتوانن جێبەجێیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی باری پێشمەرگایەتی، من پێشنیار دەکەم بەنسبەت پێشمەرگە شەهیدەکان دەست نیشان بکرێن یان ئەوانەی دەست نیشان کراون شتێکی باشە، بەڵام بەنسبەت ئەوانەی لە شۆڕش ئەندامێکی لەشیان لەدەست داوە و سەقەت بوون، حەق وایە ئەوانیش زیاد بکرێن وەکو شەهیدی پێشمەرگە ژیانیان بۆ دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەمویست بیڵێم مام ڕۆستەم گوتی. بەڵام لێرەدا ئەوەی تێدا هاتووە ودەقەکە تۆزێک ناڕێکە ودەڵێ، بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وگۆڕینی بەهێزێکی نیزامی بەدەستەڵات بۆ ئەوەی بتوانی دەسکەوتەکان وناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بپارێزێ، ئەوە چاک بکرێت، چونکە دیاری کردووە لەو حاڵەتەداَ کەرکوک تێدەچێ، بەوشەیەک ئاماژەی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکەم هەر هی مام ڕۆستەم بوو، ئەو بەشە رزگار نەکراوەی کوردستان پلانی بۆ دابنرێ بۆ ئازاد کردنی، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە وشەی پێشمەرگە (التباسێکی) زۆر پەیدابووە، مەبەستمان لە پێشمەرگە چییە پێشمەرگەی پێشوو هی سەردەمی خەبات، ئەوە دەبێ هەموو شتێکمان بۆ بکرێ، بەڵام

پێشمەرگەی ئێستا، ئەو پێشمەرگەیە نییە دەبێ ئەو دوو شتە لە یەک جیا بکرێنەوە. باسی شەهیدان دەکرێ (لە بارەی پێشمەرگە) پێویستە لە شوێنێکی تر بێت، ئەو پێشمەرگەی کە ئێستا سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە شەهید دەبێ لەگەڵ ئاسایشە، لەگەڵ پۆلیس، لەگەڵ گومرگ، ئەوانە هەموویان وەک یەک وان، ئەوانیش ئەمڕۆکە دین ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن، ئەوانیش شەهید دەبن، ئەوانیش دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ دیاری بکەین، مەبەستمان لە شەهید(شەهیدی ڕێگای رزگاری کوردستانە)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پرسیارەی مام رۆستەم وکاک شەوکەت وکاک عەبدولکەریم کردیان، کە تەنیا ناوچە ئازاد کراوەکانی تێدایە، پێمان وایە کوردستان لە سەرەتاوە دیاری کراوە، فیدرالیەت بۆ کوێندەربێ؟ لە جوگرافیای کوردستان کوێندەرمان دەوێ، لەبەر ئەوە نەمان ویستووە ئەم مەسەلەیە بوروژێنین، لەوکاتەدا کە حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان کابینەی تازەی دووەمی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی ئەوەیە بچێ شارەکانی تری کوردستان رزگار بکات، نەمان ویستووە بە زەقی باسی بکەین، ئەگینا هەر لە سەرەتاوە ئێمە فیدرالیمان بەتەنیا ناوێ بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستا کە لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمی کورستان دایە، هەموو شوێنەکانی تری کوردستان دەبێ ئازاد بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها ئەمێنێتەوە ئەوەی کاک د. فوئاد ئاماژەی بۆ کرد، لەراستیدا لە (بابی) پێشمەرگایەتیدا دوو سێ شت هاتوون. بۆ چوونەکانی بەڕێز د. فوئاد لە جێگای خۆیان دان، ئەگەر بەوردی تەماشا بکرێن. بۆ نموونە، لە خاڵی (٥) دا نووسراوە (دابین کردنی مافی خانەنشین وخەڵات کردن وڕێز لێنانی پێشمەرگە وپێشمەرگایەتی)، دیسان دەگەڕێینەوە سەر پێشمەرگایەتی، کام پێشمەرگایەتی؟ پێش راپەرین یان پاش راپەڕین؟ یان ئەو وەزعەی ئێستای حکومەتی کوردستان کە دروست بووە، ئەگەر مەبەست وەزارەتی پێشمەرگەیە، وابزانم پێشمەرگە ئەمڕۆ وەک کارمەندێکی حکومەتی کوردستانەو لەدام ودەزگاکانی کوردستان مافی خانەنشینان پارێزراوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی دابین کردنی مافی خانەنشینان وخەڵات کردن وڕێزلێنانی پێشمەرگە وپێشمەرگایەتی، مەبەست لەپێشمەرگایەتی پێش راپەڕینە، وەک باستان کرد ئەوانە ئێستا هەموویان مووچە وەردەگرن وەکو هێزێکی (شبه نظامی) بەڵام لێرەدا مەبەست لەپێشمەرگایەتی پێش راپەڕینە یان ئەو خەڵکەی بە درێژایی ژیانی پێشمەرگە بوونە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا بۆچوونەکەی دوکتۆر فوئاد لەجێی خۆیەتی، چونکە ئێمە دوو شتی جیاوازمان هەیە. شەهیدی پێشمەرگەمان هەیە هی پێش ڕاپەڕین وهی کاتی ڕاپەڕین. کە ئەمیان نابێ لەبیر بچێ وحیسابێکی تایبەتی بۆ بکەین وکۆمەڵێک شەهیدی ترمان هەیە کە هاووڵاتین دوای ئەوەی کە شەهید دەبن، لەمەودوا شەهید دەبن، لەبەر ئەوە دەبێ تۆزێک زیاتر وردی بکەینەوە، لە ڕاستیدا کە لەنێوان خۆمان دا باسمان کرد حیسابێکی تایبەتی بۆ ئەوانە دادەنێین، لەوانەیە ئێمە لە دووارۆژدا پرۆژەیەکی دووردوورێژ لەو بارەیەوە پێشکەش بکەین کە شەهیدەکانمان دوو جۆرن هەر یەکی جۆرە حسابێکی تایبەتی بۆ بکەین پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر دەکەین. دەمینێتەوە سەر بابەتی کوردستانی ڕزگار کراو، کوردستانی ڕزگار کراو ئایا هەموو کوردستانە؟ لەوانەیە ئێمە لە پێشەکییەکە یان لە شوێنێکی تردا ڕوونکردنەوەیەکی باشتری پێ بدەین، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ فەرمایشتەکەی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجەنابی جێگری وشەیەکم هەیە، تەقدیری ڕەوشە سیاسییەکە وەکو بەڵگەنامەیەک ناکەوێتە سەرمان، تەنیا ئەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزین، کەئێمە هەرێممان لە یاسایێکدا دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەوەی کاک عەبدولکەریم تۆزێک گشتگیرە، بەڵام پێم وایە ڕوون نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ( گرتنە بەری هەموو ڕێگەیەکی گونجاو بۆ گەڕانەوەی ئەو بەشە گرنگەی کوردستان کە تائێستا لە ژێر دەستی ڕژێم دایە) ئیتر هەموو ڕێگەیەکی گونجاو لە خۆپێشاندان وکاغەز نووسین دەگرێتەوە تا دەگاتە شەڕ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەوە لە ژێر ناونیشانی بەشی(باری پێشمەرگایەتی) نەبێ ولە جێگایەکی تر بێ.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی: ئەنفالەکان لەوەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی جێیان دەبێتەوە، من بەرنامەکەم خوێندوتەوە، لەوێش ناویان نەهاتووە. حەز دەکەم وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ بێ، چونکە ئەنفال کراوەکانیش خێزانیان هەیە، دەبێ شتێکیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو شتانەی بەڕێز خاتوو فەوزیە وتی، ئەوە ئێوە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانن چەندە؟ ئەگەر بلێین: هەوڵ بدەین بۆ دابین کردنی ژیانی کەس وکاری ئەنفالەکان، ئەوە زیادی دەکەین، لاریمان نییە، بەلاّم ئەوەی ئێستاکە شەهیدی پێشمەرگەیە، ئێمە خۆمان پرۆژەیەکمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد، لێرە رەزامەندیتان لەسەر کرد کە ئێستا یارمەتییان دەدرێتێ لەسەر ئەو بنەمایەی ئێمە هەموو شتەکانمان لەسەر بەرنامە نەنووسیە کە خۆمانی پێ ببەستینەوە، لەوێ نەهاتووە، لە بەشی تەندروستی دامەزراوێک دابنێین، بەلاّم ئەوانی تر هەمووی دەکرێتەوە و، ئێمە مەبەستمان ئەوەی کاک د. فوئاد باسی کردو، ئەوەی بەڕێزتان باستان کرد، هەموو یەک دامەزراوی هەبێ، تایبەت بێ لە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلاّیەتی وئەوکاتەش پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێ تاکو بیبڕاستێنێ، لەبەر ئەوە نەمان توانی لێرە لە بەرنامەکەدا بەزەقی بەدیاری بخەین ودوایی پابەند دەبین جێ بەجێی بکەین ولاریمان نییە بلێین( هەوڵ دەدەین بۆ دابین کردنی ژیانی کەس وکاری ئەنفالەکان و وەزعی ژیانیان)، چونکە ئەوان (١٨٢) هەزار کەسن، ئێمە ئەم حکومەتەی ئێستا ناتوانین لە بەردەمی ئێوەدا گفت بدەین کە ژیانیان لە ١٠٠٪ دابین دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، من مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر هەوڵدانەکەش بێ، بەلاّم وەک بەڵگەنامەیەک هەر هەبێ باشترە لەنەبوونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە وگفتوگۆ کردنی ئەم بەشەش واتە بەشی شەشەم تەواو وئەو تێبینی یانەی کە باس کران لای ئەنجوومەنی وەزیران جێگیر کراون وهیوادارین لە دانیشتنی دوایی بەرنامەکە رەچاو بکرێت. ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی(٧)ی بەرنامەکە بەزیادەوە ماوەو تاکو سەعات دوو بەردەوام دەبین ودوایی لە سەعات (٥و٤) دەست پێ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ تەواوی بکەین، واتا ئەوەی کە مایەوە لە دانیشتنی ئێوارەدا تەواوی دەکەین.

حەوتەم: پیشەسازی، چ تێبینی یەک لەسەر ئەم بەشە هەیە؟

**بەڕێز حەمەد سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم بەرنامەیەی کابینەی دووەم دا لە بارەی پێشەسازی، لە بارەی سووتەمەنی هیچ شتێک نەهاتووە، ئنجا بۆ ئەوەی سووتەمەنی دابین بکرێ کە هۆی چارەسەرکردنی زۆربەی زۆری

تەنگوچەڵەمەی ئابووری وپیشەسازی وکارگەکان و ئاوەدان کردنەوە وکشتوکاڵ وباری ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی کە تا ئێستا کە دارودارستان زۆر کەم بوونەتەوە ونەماون. جا بەڕای من هەوڵ دان بۆ دابین کردنی سووتەمەنی هەمە جۆرو گەشەپێ دانی ئابووری وپیشەسازی وئاوەدان کردنەوە، ئەم خاڵە زیاد بکرێ بۆ بەشی پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری قسەکانی کاک حەمید دەکەم و، پێشنیار دەکەم کە برگەیەکی تایبەتی بێت بە برگەی(٩) بە دیاری کراوی باسی ئەوە بکات هەوڵ دان لەگەڵ دۆستانمان بۆ پالاوتنی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستان هەمانە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دا ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کرد، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەمین برگەیەکی تایبەتی هەبێت، وەک برادەران باسیان کرد، بۆ دابین کردنی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان، کە بەچ شێوەیەک دەکرێ، دووەمین: لە دووەم برگە( کارکردن لە پێناوی ڕێگەدان بە پرۆژەکانی کەرتی گشتی وکەرتی تایبەتی، بۆ هێنانی پێویستییەکان لەدەرەوە بەناو سنووری وڵاتە دراوسێکاندا بەڕێگای ترانسیت). بەڕای من لەگەڵ ئەوەدا خاڵێک هەبێت لە جیاتی ئەوەی بڵێی ڕێگا بدرێ، بڵێ( بەگەڕ خستنەوەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی وگشتی لە ڕێگای هێنانی ئەو کەلوپەلانە بۆ ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی برادەران باسیان کرد لە شوێنی خۆیەتی وپەسەندە ( هەوڵدان بۆ دابین کردنی سووتەمەنی) هەوڵدان نەک دابین کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی حەوتەم تەواو، دەچینە سەر بەشی هەشتەم، کشتوکاڵ وئاودێری، ئەو برادەرانەی تێبینییان هەیە لەسەر ئەم بابەتە ودەیانەوێ قسە بکەن، با ناویان بنووسین.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من خاڵێک زیاد بکرێ بۆ خاڵی(٥) (بەگەڕخستنی بانکی کشتوکاڵی)، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەشی هەشتەم خۆی پەیوەندی بەکشتوکاڵ وئاودێرییەوە هەیە، بەڵام کە سەیری هەر چوار بڕگەکەی دەکەین، هیچ بڕگەیەک پەیوەندی بە ئاودیری یەوە نییە، جا پێشنیار دەکەم بڕگەیەک زیاد بکرێ کە پەیوەندی بە مەسەلەی ئاودێری یەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن کـانەبی خـضـر بلبـاس:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو کێشەیەی کە لە کشتوکاڵ دا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چاک کردنی کشتوکاڵ بەدادوەری لە عێراق نەکراوە، بەتایبەتی لە کوردستاندا، پاش کۆتایی شۆرشی ئەیلوول حکومەت زەوی کەمی دا بە جوتیارو، جووتیار دەبێ داهاتی کشتوکاڵەکەی ژیانی دابین بکات، دوو سێ دۆنم ژیانی دابین ناکات، بەنسبەت خاوەن زەوی. پێشنیارەکەم ئەوەیە کە زەوی دابەش دەکرێ بە سەر جوتیاران دا بەو رادەیە بیدرێتێ کە ژیانی سەرەکی دابین بکات، بۆ ئەوەی کێشە نەمێنێ و بەناوی تۆمار بکرێ، دەربارەی خاوەن زەوی یەکەش، لەو جێیە بیدرێتێ کە سوودی لێ وەرگرێ، چونکە دەسکەوتی سەرەکی ژیانی کشتوکاڵە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

قسەکانی من کاک شێروان حەیدەری کردنی، بەڵام دەمەوێ تێبینییەک بکەم لە بارەی بابەتی پرۆژەکانی دی، زۆر پرۆژەی دیمان هەنە بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە زۆر بەرچاونین لەو دێهاتانەی ناوچەی خوشناوەتی ئەو کانیاوانەی کە تەقێنراونەتەوە، گرنگیەک بە پرۆژە ئاوەکان بدرێ ئەگەر توانا هەبێ کەڵک لە ئاوی دێهاتەکان وەربگیرێ بۆ کشتوکاڵ ، سوپاس.

**بەڕێز سـیـروان مـحـەمـەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بڕگەی دووەم: .ئاسان کردنی گەڕانەوەی جوتیاران بۆ دێهاتەکانیان) لەبڕگەی (١٣)ی گەشت وگوزاردا هاتووە، لە بڕگەی یەکدا( فراوان کردنی نەخشەی بنەڕەتی شاروشاروچکەکانی کوردستان)، ئێمە ئێستا گیروگرفتێکی گەورەمان تووش بووە ئەویش گەڕاندنەوەی هەموو جووتیارانە بۆگوندەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەنسبەت منەوە وابزانم یەکەمین خاڵ دەبێ بەو شێوەیە بێ(پلان دانان وگرنگی دان بەکشتوکاڵ) ئەم مەسەلەیە بەنسبەت ئێمە لێرەدا بۆ(٥- ١٠) ساڵە. مەسەلەی ئابووری کوردستان اعتماد دەکاتە سەر کشتوکاڵ وپشت بەخۆ بەستن، لە بەر ئەوە ئەم بابەتە دەبێ ببێتە خاڵی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی دێرەشـەوی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
وەکـو کـاک عـەبدولخـالق گـوتی پلانێک دابنێین بۆ چاندن. من پێـشنیـار دەکـەم ئەوە زیاد بکرێت(تحدید هویە الفلاح) ئێمە لە کوردستاندا نازانین کی کشتکارە وکێ جوتیار نییە، ئەگەر پێناسی جوتیار دیاری نەکرێ کە ئیشی ئەو فەلاحەت بێ، بێگومان ئیشەکە بەسەروبەر نابێ، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
لە بەشی ئاسـایش وبەڕێوەبردن ولە بەشی کـشـتـوکـاڵ ولە بەشی ئابووریش هەروەها لە بەشی کۆمەلایەتی کە ئێستا دێت، من نابینم هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو پاشماوانەی ئەو ئۆردوگایانە کرابێ کە دەمێنێنەوە ونە جوتیـارن ونە ئاژەڵدارن وتوانای گوزەران کردنیشیـان نییە، ئایا چارەی ئەوانە چییە؟ سوپاس.
**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
پرسیاری کاک حاجی ئیبراهیم، ئەوە لە مەسەلەی بانقەکان باس کراوە دەربارەی بەگەرخستنەوەی بانقەکان وبوژاندنەوەیان وبانقی کشتوکاڵیش دەگرێتەوە.
بریاری کـاک شیروان وکـاکەرەش لە جێی خۆیەتی ئێـمەش پێـمان باشە ئەوە زیاد بکرێ. ئەوەی کاک عەبدولخالق باسی کرد لە خاڵی هەشتەم لە بارەی ئابووری دا هاتووە، سوپاس.
**بەڕێز سـەعـدی ئەحـمـەد مـحـەمـەد:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
بەنسـبەت ئەوەی کـە ئاماژە بۆ ئاو نەکراوە، ئێـمە لـە رەشنووسـەکـەدا پێشکـەش بە سـەرۆکـایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیرانمان کـردووە وتێـیـدا هاتووە، سـوود وەرگـرتن لـەو ئاو وکـانیـاوانەی کـە لە کوردستاندا هەنە، ئەوە رەنگە هەڵەی چاپ بێت ئەگینا یەکێکە لە برگە گرنگەکانی، سوپاس.
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**
پێـشنیـارێک هەیە حەز دەکـەین بەردەوام بین تا بەرنامـەکە تەواو دەکـەین، ئێـسـتـا لە دەوروبەری نیوەین وهێشتا نیوەی ماوە. فەرموو کاکە عەبدولکەریم.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
لە فراکسیۆنی ئێمە دوو خاڵی بچووک ماونەتەوە، با هەتا سەعات پێنج ونیو پشوودان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بابەر دەوام بین تاکو تەواوی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

نیوەی زیاتری بەرنامەکە ماوە وکاتی نانی نیوەڕۆیە، باشترە بیخەنە سەعات (٥و٤) یان (٥)ی ئێوارە.

لێرە زۆربەی لەگەڵ سەعات(٥)ە، (٥و٤) تا سەعات (٥) لێرە ئامادە بین بۆ کۆبوونەوە....

دوای پشوو:

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئێستا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەکە ودێینە سەر بەشی نۆیەم.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شـاویس/جـێگری سـەرەک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

وەکو چاوتان لێیە کاک عەبدوڵلا نەهاتووە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سەعات(٥)راگەیەندراوە. کێ لە برادەران تێبینی لەسەر خاڵی (نۆیەم) هەیە؟ لەسەر خاڵی ئاوەدان کردنەوە.(٣) ئەندام تێبینیان هەیە.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من هیچ شتێکم نییە، تەنیا لە خاڵی (٥)دا ووشەیەک هاتووە ودەڵێ (هەماهەنگی تەواو هەبێ لەنێوان ئەو دەزگایانەی کە لە ناوەوە کاردەن) بەڵام کە هەموو خاڵەکە دەخوێنینەوە، بۆت دەردەکەوێ دەزگا نیە چونکە دەزگا دامەزراوێکی حکومەتییە، ئەوان مەبەستیان لەو ڕێکخراوانەیە کە لە کوردستان دا هەن، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەو تێبینییانە تۆمار بکە، بۆ ئەوەی لە بەر دەستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت.

**بەڕێز فـــــەوزیە عـــــیــــزەدین ڕەشـــــیــــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من تێبینم لەسەر خاڵی(٢) هەیە (یارمەتی دانی ئاوارە وراگوێزراوان وپەنا بەران وگێڕانەوەیان بۆ سەر ڕێ وجێی خۆیان)خاڵێکی زۆر گرنگە وپشتگیری لێ دەکەم، بەڵام نابێ هەر ئاوا بەقسەی رووت بێ، بەڵکو دەبێ ئەمە بەکردەوە بکرێ، ئەمانە خەڵکی دەست کورت ولێقەماون، نابێ دەسخەڕۆ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

تۆ پێشنیارت چییە؟

**بەڕێز فـــەوزیە عـــیـــزەدین ڕەشـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

پێشنیـارم ئەوەیە ئێمـە وەک لیـژنەی ئاوارەکـانی کـەرکـوک وگـەرمیـان پار مـانگی(٨) بەسـەر ئاوارەکـانی کـەرکـوک دا گـەڕاین وپێشـنیـارمـان پێشکەش کرد بۆ کـابینـەی پێشـوو کـە لە چەند جێگـایەک ئەو ئاوارانە کۆبکرێنەوە وبخرێتە ژێر دەسـتـەڵاتی حکومـەتی هەرێم وخزمـە بکرێن و، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وخوێندنیـان بکاتێ، بەگوێرەی پێویست ئازووقەیان بدرێتێ و، حکومـەتی هەرێم و ڕێکخراوە خێـرخوازەکان و (UN) بە تایبـەتی کۆمـەک ویارمـەتییـان بدەن، ئەنجـوومـەنی وەزیران ڕاپۆرتەکـەیان لایە، بەڵام لەپارەوە بەکـردەوە هیـچ شـتـێک بۆ ئەم ئاوارانە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وابزانم مـاددەکە ڕوونە کە دەڵێ(یارمەتی دانی ئاوارەو ڕاگوێزراوان)یارمەتیش شتێکی گشتگیرە لەوانەیە ئەوانیش بگرێتەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من تێبینم لەسەر خاڵی(١)هەیە کـە دەڵێ(ئامادە کردنی سەر ژمـێر ولێکۆڵینەوەی تایبـەت بۆ پێداویستی یەکانی ئاوەدان کردنەوە) زۆر دێ هەیە خەڵکەکە خۆیان دەچن ئاوەدانی دەکەنەوە. یارمـەتی لەسـەر نەخـشـەیەک نییـە. حەق وایە ئاوەدان کـردنەوە لەسـەر نەخـشـەیەک بێت تاکـو خزمەتگوزاریان پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

تەواو بوو، ئێستاش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەنسـبـەت پێشـنیـاری کـاک شـێخ عـەبدولکەریم هەندێک هەنە ناویان لە خۆیان دەنێن(دەزگـا) هەندێکی تر ناو لە خۆیـان دەنێن ڕێکخـراو. بەڵام ڕێکخـراو گـشـتـگیـرترە، لەوانەیە ئێـمـە ئەو پێشنیارە ڕەچاو بکەین وهیچ گرفتی تێدا نییە.

بەنسبـەت چارەسەری ئاوارەکـانی کـەرکـوک وخـانەقین ودوزو شنگار وناوچەکـانی تری هەرێمی کوردسـتـان کـە هێشـتـا ئازاد نەکراون ئەم مـەسـەلەیە مـەسـەلەیەکی جیـاوازە لەمەسـەلەی ئاوەدان

کردنەوە. شتێکە پەیوەندی بە بارێکی ترەوە هەیە، باری کوردستان کە نیوەی ئازاد کراوە ونیوەی ماوە، ئەوە پەیوەستە بە ئازاد کردنی کوردستان بە چارەسەری کۆتایی کە هەرێم لەسەر هەموو سنوورەکانی خۆی دەستەڵاتی تەواوی هەبێ کە بتوانن ئەوانیش بچنەوە سەر شوێنی خۆیان، ماڵ وخانوو ودێهاتی ئەوانە ئاوەدان بکرێنەوە وقەرەبویان بدرێتێ چارەسەرییان بۆ بکرێ.

ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ یارمەتی دان لەسەر نەخشەیەکی تایبەتی بێت ئەوە لاتان شاراوە نیەکە ئاوەدان کردنەوە بەپێی پلانێکی دیاری کراو ئەنجام دراوە. کۆتایی ساڵی پار کۆنگرەیەکی ئاوەدان کردنەوە کرا ولێی کۆڵدرایەوە کە چۆن کوردستان بە شێوەیەکی زانستیانە ئاوەدان دەکرێتەوە سەرپشکی بدرێ بەچی و نەدری بەچی؟ بەڵام ئەوە هەمووی بەستراوە بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئایا ئێمە دەتوانین بەپێی پلانێکی گشتگیر بڵێین هەموو دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدان دەکرێنەوە؟ یان ئاوەدان کرنەوەی هەر ناوچەیەک بەلایەنەکانی دەرەوە بەستراوەتەوە؟ کە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی چەند دێیەک، چەند خانووەک بۆ ئەم مەبەستە ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەک پێشنیارێک ئەوانەی دەیانەوێ برۆنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەڵام تواناییان نییە ئەڵێین چارە چیە؟

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی ئەیانەوێ برۆنەوە، دەتوانن برۆنەوە بەپێی توانا یارمەتی دەدرێن، لەوانەیە لە هەندێ شوێندا مرۆڤ دەتوانی پێشیان بخات ویارمەتییان بدات کە بشرۆن دەبێ دان بەخۆیان دا بگرن، ئەگەر بەتەمای ئەوە بن بنیاتیان بۆ بکرێ، تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای هەبێ، چونکە مەسەلەکە هەمان شتە، ئێمە ناتوانین لەیەک کاتدا، دەست بەهەر ٥ هەزار گوند بکەین، ناچارین هەندێ گوند پێش بخەین، هەندێ گوند خەڵک لەبنەرەتەوە لەدەرەوە هاتوون، تاکو ئەو پرۆژەیە بکەن ئەمە دوو سێ شتی جیاوازە، بەڵام بە گشتی ئەو خەڵکانە بێن سەردان (مراجعە) بکەن خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر خاڵی نۆیەم، بەدواداچوونێک هەیە؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێک بەنسبەت ناوچەی خانەقین، ئەو ناوچەی کە پشتێندەی ئاسایشە (حزام امنی)یە بەپێی پێکهاتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هەوڵی داوە تاکو ئەو زنجیرە لەگەردەنی میللەتی کورد بێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی زانیاری لای ئێمە، پشتێنەدەی ئاسایش (حزامی ئەمنی) لەلایەن دوو وڵاتەوە نییە بەڵکو، عێراق خۆی کردوویەتی، ئێمە وەک شۆرش وەکو پێشمەرگە دانمان پیانەهێناوە و، ئێستاش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی پیاناهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تر نییە لە سەر خاڵی(٩)؟ ئەمە تەواو بوو، ئێستا خاڵی(١٠) دەست پێ دەکەین، پەروەردە وفێرکردن.

**بەڕێز عثمان حسن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی دووەم(پێدا چوونەوەی بەرنامەی خوێندن لە کوردستاندا، بەتایبەتی مێژوو پەروەردەی نیشتمانی و - جوگرافیا). پێشنیار دەکەم کە زمان وئەدەبی کوردی تێدا زیاد بکرێ.

خاڵی چوارەم (ڕێ پێدان وچەسپاندنی خوێندنی زمانی زگماکی) چونکە ووشەی خوێندنی زمانی زگماکی بکرێتە(خوێندن بەزمانی زگماکی)، چونکە خوێندن تەنیا بەزمانی زگماکی نییە، دراسە بەزمانی زگماکی یە، نەک هەر زمانەکە بەڵکو خوێندنەکانی تر، لە بەر ئەوە بگوترێ(خوێندن بە زمانی زگماکی) گشتگیرترە لەوەی (خوێندنی زمانی زگماکی)، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی مان کرد بەنسبەت پەروەردەوە، زۆر چاکە، بەڵام ئەوەی زیاتر دەبێ دەست نیشان بکرێ بابەتی چاپ کردنی کتێبە کە بەڕاستی ئێستا هەرەشەمان لێ دەکات بۆ ساڵی داهاتوو، بەشێوەیەکی دیاری کراو وئاشکرا، کتێبەکان هیچ شتێکی تێدا باس نەکراوە، دووەمیش توانای دەوێ، ئێستا ئەگەر بەو شێوەیە بێت، خوێندنی سەرەتایی بەهیچ جۆرێک دراسەی تێدا نابێ، پێشنیارم ئەوەیە ئێستا دەست بکرێت بە چاپ کردنی کتێبی قۆناغی سەرەتایی. دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەم شێوەیە نامانەوێ. ساڵی پێشوو خوێندنی بەخورتی (الزامی) هەبووە، ئەمە دوو ساڵە هیچ پابەندی پێ نەکراوە، ئێستا زۆر منداڵ هەنە لە تەمەنی(٦-٧) ساڵیدان نەیان خوێندووە، بەڵام(تعلیم الزامی)یەکە ئامارکردنێکی تەواوی بۆ کراوە، دەزانرێ چەند کەس نانێردرێ.

پێشنیارم ئەوەیە (تعلیم الزامی) بێت نەک (مەحو الامیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستەوخۆ پێشنیارەکەت چیە بیکە؟

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوەیە، ئەو مامۆستایانەی خەڵکی ئەو ناوچانەن لەپێشدان لەناوچەکانی خۆیان دابمەزرێندرێن، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشکەوتنی هەموو وولاتێک لە دنیا دا بەزۆری خوێندەواران وپێشکەوتنی پلەی زانیاری دەپێورێ، دەبینین (تسربی) منداڵ لە قوتابخانە کانیان دا زۆرە، دەچن خەریکی جگەرە فرۆشتن وقاچاخچی یەتی دەبن. بۆیە دەڵێم دەبێ پرۆژەیەکی راست ودروستی (تعلیم الزامی) وپرۆژەیەکی رێکوپێکی( محو الامیە)ش دابنرێ وگرنگی بدری بە خوێندنی پیشەیی لە قەزاو ناحیەکاندا، چونکە ئەوانە دەتوانن وردە وردە وڵات ببوژێننەوە وگرنگی بدرێ بە ژیانی مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەتوانین دوایی پرۆژەیەک ئامادە بکەین، بەڵام لێرەدا لە خاڵی (٧) دا دەڵێ(بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری).

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێدایە بەڵام بەنسبەت(التعلیم الالزامی) هیچی تێدا نیە. بەنسبەت کتێبی جوگرافیا ومێژوو ئەمانە راستە پیاچوونەتەوە، بەڵام هەندێ کەم وکوری یان هەر تێدا ماوە وبەنسبەت کتێبی عەرەبی، ئەو نمونانەی کە تێیان دا هاتووە لەسەر سیاسەتی بەعسە ئەوانەی لێ لابدرێ، بۆیە دەبێ هەموو جۆرە کتێبێک جارێکی تر بەسەریان دا بچینەوە وپاک وپوخت بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بایەخ دان بە پەروەردە جێگەی سوپاسە. بەڵام هەندێک خاڵی تریشمان هەنە بیخەینە پێش چاوی خۆمان.

یەکەم: چارەسەرێک بۆ دامەزراندنی مامۆستایان بکرێ بۆ ئەو قوتابخانانەی کە تا ئێستا داخراون، چونکە مامۆستای تەواویان نییە، بۆ نموونە (٣٩) قوتابخانە لە قەزای ئاکرێ داخراون لە بەر بێ مامۆستایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا گفتوگۆی ئەم بەرنامەیە دەکەین کە پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئێستا لە بەر دەستمان دایە.

**بەڕێز ڕەجـــەب شـــەعـــبـــان تـەیب:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

کردنەوەی بەشی ناوخۆ( الاقسام الداخلیە) بۆ(دار المعلمین والمعلمات) لە شارەکانی کوردستان زۆر پێویستن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئەوەی ئەو برایانە گوتیان لەگەڵ ئەوخاڵانەی کە کاک عـثمان گوتی هەروەها کاک عفان باسی کردن پەسەندن ولای منیش دوو خاڵ هەنە:

١- بایەخ دان وگەشە پێدان بەو کتێبخانانەی قوتابخانەکانی ناو شار لە هەرێمی کوردستاندا( لە قوتابخانە کتێبخانە هەیە) بەڵام کتێبەکانیان تاڵان کراون، ئێستا دەمانەوێ سەر لە نوێ بایەخیان پێ بدرێتەوە.

٢- گەشەپێدان وبایەخدان بە باخچەی ساوایان کە یاری و شتی وایان تیادا بووە وتاڵان کراون، بۆیان دابین بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز گـەلاوێژ عـەبدولجـەبار مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

خاڵەکانی منیش لە سەر باخچەی ساوایان بوو، کاک ئەحمەد باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک عـثمان کردی من زیادەیەکێ تری دەخەمە سەر ودەڵێم( پێدا چوونەوە بە بەرنامەی خوێندن لە کوردستاندا، بەتایبەتی بە(ئەدەب وزمانی کوردی- مێژوو- پەروەردە- جوگرافیا) ونووسینەوەیان لە سەر بناغەیەکی زانستی وبابەتی، سوپاس.

**بەڕێز خـەسـرەو گـوڵ مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگەی دوو، بەرنامەی خوێندن لە کوردستاندا، بەتایبەتی ئەو ووشانەی کە هاتوون، ئەگەر وا بکرێ وەزارەتی پەروەردە چاوێک بگێڕێتەوە بەو کادیرانەی ئەو بابەتانە دەڵێنەوە، چونکە لە هەندێ لە قوتابخانەکاندا مامۆستای کۆن هەنە، وەختی خۆی دەستی لەگەڵ ڕژێم دابووە وئێستا هەر ئەو بابەتانە بڵێتەوە شتێکی زۆر خراپە، ئنجا لە رووی داڕشتنەوە شتێکم لایە دەتوانم دوایی بیدەمە برادەران دەربارەی قوتابخانە ئاینی یەکان، گرنگی بدرێ بە قوتابخانە ئاینی یەکان ئەویش بە ئاوەدان کردنەوەیان وچاک کردنی ژیانی مامۆستا وقوتابی ئایینی.

سێ یەم تێبینم لە سەر مەسەلەی فێرکردنی (الزامی)یە، خۆی لە بڕگەکەدا هاتووە( بایەخدان

بەنەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا بە یەکجاری وکردنەوەی مەڵبەندی نەخوێندەواری وپابەند کردنی خوێندن بەلانی کەمەوە تا (٦) ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەرنامەکە تێروتەسەلە، بەلام شتێکی کەمە، ئەویش باسی وانە ئاینییەکانی تێدا نەهاتووە، ئێمە کاتی خۆی راپۆرتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی کرد، وابزانم وێنەشمان نارد بۆ وەزارەتی پەروەردە وداوامان کرد چەند وانەیەک هەیە لە بواری پەروەردە وخوێندن دا پێویستە بکرێت ئەویش(حەدیث وعەقیدەی ئیسلامە) منداڵانمان لە سەر ئەوە پەروەردە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەزانن ئۆردوگاکان پڕن لەو جۆرە کەسانەی کە کاتی خۆی چوونەتە خوێندنگاو، نەچوونەتە قوتابخانە، ئێستاش زۆر زەحمەتە بتوانین ئەو کەسانە وەربگرین لە قوتابخانەکان دا، جاران شتێک هەبوو پێ یان دەگوت قوتابخانەی ئێواران، ئەگەر بێتو برگەیەک بخرێتە سەر بەشی شەشەم بۆ ئەو کەسانەی کاتی خۆی نەچوونەتە قوتابخانە نابێ بەو جۆرە بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، ئەگەر شتێک ئامادە بکەی و بینووسی بۆ ئەوەی لە بەر دەستیان بێ.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی مامۆستا عوسمان دزەیی لە بارەی زمان وئەدەبی کوردی بۆ ئەوەی لە خاڵی دووەمدا زیاد بکرێ، پێمان باشە ورازین.

دەربارەی ئەوەی کە خوێندن بەزمانی زگماکی بێ، پێمان وایە ئەمە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە ئەگەر وابێ، هەموو دەرسەکان دەگرێتەوە، بەلام ئەگەر خوێندنی زمانی زگماکی بێ، مانای ئەوەیە یەک دەرس هەیە بۆ ئەوەی بەزمانی خۆیان بخوێنن.

مامۆستا عفان باسی ئەوەی کرد کە گرنگی بدرێ بە کتێب وپەرتووک، ئەوە لە خاڵی سێ یەم دا پەرتووک هاتووە، حەز دەکا دەیکەینە کتێب. نەسرین خان باسی ئەوەی کرد کە خوێندن (الزامی) بێت. حەز دەکەم ئێوە لە شوێنی ئێمە بن، دەتوانن لەرەوشێکی وەکو ئەمڕۆدا لەو باری ئابوورییە سەختەدا ئەمە بکەن؟، زۆر خەڵک هەنە پێیان باشترە منداڵەکەیان ئیش بکات، بۆ ئەوەی بژی نەک بخوێنێ. من ناتوانم بڵێم خوێندن دەکەین بە(إلزامی) لەم کاتەدا. بەلام هەوڵ دەدەین

لەداهاتوودا، کە وەزع وگوزەرانی خەڵک چاک بوو، خوێندنی بەزۆر پیادە بکەین.
کاک ئەیاد هەر دەقەکەی مامۆستا عثمان کە پێشنیاری کرد بوو هەر ئەوی زیاد کرد کە ئەویش پەسەندە. کاک د. خسرو دەڵێ: مامۆستا کۆنەکان ئەو وانانە دەڵێنەوە، من پێم وایە هەر مامۆستایەک وانە دەڵێتەوە بابیڵێتەوە، ئەگەر سەر پەرشتیار هەبێ ومتابەعەی هەبێت، گرنگ ئەوەیە بزانین دەرسەکە چۆن دەڵێتەوە، ئەرکەکەی چۆن جێبەجێ دەکات؟ ئێمە خۆمان کاتی خۆی بریاری ئاشت بوونەوەی گشتیمان دا کە پێش راپەرین چی رووی داوە هەموو بسرێتەوە، هەر کەسێک بوو بێ، مامۆستای کۆن بێ پیاوی خراپ بێ، ئەگەر ئێستا کەم تەرخەمی بکات لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە تۆژینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و، وانەکەی خۆی بەباشی دەبێ بڵێتەوە. ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین باسی کرد ئەوە وانەی ئاین هەیە وقوتابخانەی ئاینیش هەنە، واتا لە هەموو قوتابخانەیەک وانەی ئاینی هەیە وتا دواناوەندی دەخوێنرێ.
ئەوەی کاک د.کەمال فوئاد باسی کرد ئێستا لێرەدا لە خاڵی(٧) دا هاتووە(بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا، بەرێگای کردنەوەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری) وئێستاکە قوتابخانەی شەوی سەرەتایی وناوەندی ودواناوەندی لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان هەنە، ئەوان دەتوانن بەشەو بخوێنن وئێستا ئۆردۆگاکان کە خۆتان باستان کردن دەربارەی ئاوەدان کردنەوە ئەو ئۆردوگایانە ئێستا جێگیر نین و، دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان بەپێ ی ئەو بەرنامەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانایان بۆ دابین دەکات ولە شوێنی خۆیان قوتابخانەی لێ دەبێ و، لە شارە گەورەکانیش دەتوانن سوود مەندبن کە قوتابخانەی شەوی لێ یە، سوپاس.

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینییانەی کە برایان ئەندامانی ئەنجوومەن دەریان بری. بەنسبەت ئەوەی کاک عثمان لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئێمە دیاریمان کرد ودەڵێین پیاچوونەوە بە هەموو ماددەکان و، بەتایبەتی(مێژوو- جوگرافیا- پەروەردەی نیشتمانیی) مەبەستمان لەم سێ ماددەیە ئاشکرایە ئەگینا ئێمە لیژنەیەکی تایبەتیمان داناوە بە سەرۆکایەتی کاک عثمان خۆی بۆ پێدا چوونەوەی پرۆگرامی زمانی کوردی ولیژنەی تریشمان بۆ زمانی سریانی داناوە، ئێمە ناتوانین هەمووی لێرە دابرێژین. مەبەستمان ئاشکرایە، کە بۆچی دەڵێین(مێژوو وجوگرافیا وپەروەردەی نیشتمانیی) ،چونکە ئەم سێ وانانە بە یەکجاری شێوێنراون لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین تێبینیەکەیان زیاد بکەین.
دەربارەی پرۆژەی یاسای فێرکردنی (ئیلزامی)، لە قانوونی پەروەردەدا هاتووە کە فێرکردنی(الزامی) بۆ قۆناغی سەرەتایی یە.
مامۆستا رجب تێبینی هەبوو وجەنابتان خۆتان وەڵامتان دایەوە. بەنسبەت بایەخدان بەگەشەپێدان

به کتێبخانه وگەشە پێدان بە باخچەی ساوایان منیش بەشتێکی باشی دەزانم، بەڵام ئایا لێرە دیاری بکرێ یان دیاری نەکرێ من بەشتێکی خراپی نازانم.
بەنسبەت مامۆستا خەسرەو بەداخەوە من ئەو تێبینییەم بەو شێوەیە گوێ لێ بوو، چونکە مامۆستا هەر مامۆستایە وبەپێی بەرنامە وانە دەڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من ئاگادارم لەوەی کە وانە، واتە وانەی ئایینی لە هەموو قۆناغەکان دا هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ باسی بکەین، ئەوەیە با لە بەرنامەکەدا وشەی بایەخدان هەبێ بەوانەی ئایینی چ لەبەر هۆکاری سیاسی وچ لە بەر هۆی ئایینی، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێدا چوونەوەی بەرنامەی خوێندن لە کوردستان دا، زمان وئەدەبی کوردیم زیاد کردووە. ئەو بابەتە نییە کە کاک د. ناصح بۆی چوو. چونکە ئێمە هەفتەی دوو وانەمان هەبووە بۆ زمانی کوردی. ئێستا بووەتە چوار وانە، مەسەلەی پیاچوونەوە نییە، مەسەلە تێروتەسەلی ماددەی کوردی یە سەبارەت بەو نەخشەیەی ئێستا بڕیاری لەسەر دراوە. تعقیبێکیشم هەیە لە سەر قسەکانی خوشکە نەسرین کە باسی مێژوو وجوگرافیا وپەروەردەی نیشتمانیی دەکات، تا ئێستاش شتی وای تێداماوە، ئێمە پەروەردەی نیشتمانیمان هەمووی گۆڕی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کاک د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد گوتی: قوتابخانەی ئێواران شتێکە ونەهێشتنی نەخوێندەواری شتێکی ترە. لێرەدا هاتووە( بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری) من قەناعەتم وایە: کە ئەو بەرنامەیەی وەزارەت دای دەنێ یاخود کابینە نەخشەی دەکێشێ، دەیەوێ لە ماوەی دوو ساڵ یان (٦) ساڵ یاخود (٤) ساڵ ئەم شتانە جێبەجێ بکات وبەگوێرەی توانا، بەڵام بۆ مەسەلەی نەهێشتنی نەخوێندەواری من وای پەسەند دەکەم کە ووشەی بایەخدان بەپێی هەوڵ دان بێ، چونکە بێگومان ئەو شتەی کە کابینە و وەزارەت دەیخاتە بەر چاوی هاووڵاتییان دەبێ لەو ماوەیەدا ئەو پرۆگرامە جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزیری پەروەردە باش لە مەبەستی من نەگەیشتووە، من مەبەستم ئەو کادیرانەیە کە دەبێ بەتوانا بن و مێژووی گەلی کورد بە پەرۆشەوە وبەچاکی بلێنەوە. ئەو کەسانەی کەوەختی خۆی لەگەڵ ڕژێمدا بوون، لەوانەیەوا بەچاکی ودڵسۆزی نەیەڵێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵەش تەواو بوو، دەچینە سەر خاڵی(١١) خوێندنی باڵا. ئێستا کێ تێبینی لەسەر ئەم خاڵە هەیە؟

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا پێشنیار دەکەین کە لەو خاڵانە، خاڵێکی تریش دەستنیشان بکرێت بۆ کردنەوەی کۆلێجی هونەرە جوانەکان. لە بەر ئەوەی هەندێ کۆلێج کە کرا بوونەوە، رەنگە ئێمە زیادەمان هەبووبێ لەوە، بەڵام یەکێ لەو کۆلێجانەی کە نیمانە زۆر پێویستە کۆلێجی هونەرە جوانەکانە، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەگەر خاڵێک زیاد بکرێ دەربارەی کۆری زانیاری کورد وبەم شێوەیە بێت (دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی کوردی بۆ رێکخستن وسەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەی زانستی وبابەتی لە هەموو بوارێک دا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو تێبینییانەی کاک ئەحمەد سالار وکاک مستەفا قادر بنووسن.

**بەڕێز سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی پێنجەم بەڕای من جەخت لەسەر وەرگرتنی (زەمالات) بکرێ، چونکە زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت برگەی(٦) (هەوڵ دان بۆ کردنەوەی چەند بەشێکی تازە وپێویست وەک پزیشکی ددان وئەندازیاری بیناسازی ودەرمانگەری.. هتد). زۆر جیاوازییەکی وا نیە لەگەڵ برگەی دووەم لە هەمان ماددەدا کە دەڵێ: ( دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لەنێوانی زانکۆ وکۆمەڵەی پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی) ئەوە دوو برگەی جودان. من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە برگەی یەکەم کە هەوڵدانە بۆ کردنەوەی چەند بەشێک بیێتە چەند کۆلێج وبەشێک ولەگەڵ برگەی(٢) بکرێت بە پەرەپێدان بە زانکۆی سەلاحەدین وسلێمانی ودهۆک، برگەکەی دووەم ببێتە برگەیەکی سەر بەخۆ، بنووسری( دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان زانکۆ وکۆمەڵگە) وەکو برگەی(٦) دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردییەوە من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، چونکە زۆر پێویستە. بەڵام لە خاڵی(٥)دا ئەوە هاتووە (هەوڵدان بۆ دروست کردنی پەیوەندی کەلتووری وزانستی زانکۆ کانی هەرێم لەگەڵ زانکۆکانی جیهان دا..) من پێشنیار دەکەم کەتایبەتمەندی یەک بدرێ بە وولاتانی دراوسێ، چونکە وولاتانی دراوسێ دەروازەی ئێمەن بۆ جیهان، من پێم باشە وولاتانی دراوسی پسپۆڕی تێدا بکرێ وگرنگی تایبەتیان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی کاک ئەحمەد سالار لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام مەرج نییە لە بەرنامەکەمان دابێ ئێمە هەوڵ دەدەین ولێی دەکۆڵینەوە کە ئەوە زیاد بکرێ(کۆلێج بۆ هونەرە جوانەکان) بکرێتەوە.
ئەوەی کاک مستەفا گوتی لە بارەی کۆڕی زانیاری کورد، ئەویش لاریمان نییە زیاد بکرێ، بەنسبەت ئەوەی د. سەلیم باسی کرد نەک هەوڵ دان، بەڵکو دابین کردنی (زمالة)، ئەوە لە دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم دا نییە بڵێین مسۆگەری دەکەین و(زمالة) لە دەرەوە وەرگرین بۆ قوتابییەکانمان. بەڵام هەوڵ دەدەین بۆ دابین کردنی. ئەوەی کاک بەختیار گوتی: هەوڵ دان بۆ کردنەوەی چەند کۆلێج وبەشی تازە لاریمان نییە، کۆلیجەکانی دەخەینە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمە خاڵی(١١)ش تەواو بوو و، دەچینە سەر بەشی(١٢) (خزمەت گوزاری وگەشت لە کوردستاندا).

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم وشەی کارەباش زیاد بکرێ وبگوترێ (دابین کردنی کارەبا وئاو) لە خاڵی(٣)دا، هەروەها داوا دەکەم برگەیەکی تر زیاد بکرێ، ئەویش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، چونکە بەراستی مەسەلەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی زۆر پێویستن بۆ شارو شارۆچکەکان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئێستا من شتێکم دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەرەکەکان و ئەنجوومەنی شارەوانی

نووسی، ئێستا وەزعی شارەکان بەجۆرێکی ترە، لەسەردەمی پێشتر (مختار) هەبوو، ئەگەر یەکێک ئیشی هەبوایە لە فەرمانگەکان لە رێگای (موختارە)وە ئیشەکەی لە ناوەندەکانی پۆلیس جێبەجێ دەبوو، بەڵام ئێستا نە ئەنجوومەنی گەڕەکەکان هەیە ونە (موختارە)کانیش ئیشیان پێ دەکرێ ونە دەسەڵاتیان دراوەتێ، بۆ یە من پێشنیار دەکەم بواری (موختار) بدرێ و(موختاری) نوێ دەستنیشان بکرێ لە هەموو گەڕەکەکان ودەسەڵاتیان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە، لە پیشەسازی دا هاتووە کە کارەبا دابین بکرێ، ئەوەی دووەم هەڵبژاردنی شارەوانی، لە یاسای وەزارەتی شارەوانیدا باس کراوە. بۆ وەڵامی پرسیارەکەی مامۆستا مەلاهادی، لە بارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەڕەک، ئێستا بەڕێوەبردن و ئاسایش بۆ چارەسەرکردن و، رێکخستنی وەزعی هێمنی کاردەکەن، شارەکانیان دابەش کردووە بە چەند(کەرت- قاطع)، ئەو ساکەش شارەوانی لەسەر ئەو بونیادە یان لەسەر بنەمای گەڕەک هەڵبژاردن بکات بۆ ئەنجوومەنی گەڕەکەکان وهەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمەش بەشی(١٢) تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر بەشی(١٣) (گواستنەوە وگەیاندن).

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی رێگای گواستنەوەی نێوان(دهۆک- هەولێر) بابەتێکی تایبەتە کە ئێستا سعری گەیشتۆتە (١٨٠) دینار بۆ یەک نەفەر، من پێشنیار دەکەم بایەخ دانێک هەبێ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ رێکخستنی هێڵی پاسەکان چ لە ناوشارو چ لەنێوان شارەکان دا ئەمە یەک، بابەتێکی تریش هەیە، ئەویش بابەتی بەدالەی (دهۆک)ە، من چوار جار لێرە خستوومەتە روو کە نزیکەی (١٠) هەزار خەت بێنین وهەوڵمان داوە لە فەرەنساوە بیهێنین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزایرن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم، بەراستی ئێمەش زۆر قسەمان لە سەر کردووە و، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە زۆر پێیەوەخەریکن کە رێگەی نێوان قەندیل وئەترووش قیرتاو بکەن، ئەوە مانای ئەوەیە نرخی هاتوچۆ کەم دەبێتەوە هەولێش دەدەین پاسی حکومەتی بکەوێتەوە گەر کە پێشان هەبوە بۆ تەلەفۆنیش ئەوە زیاد دەکەین (هەوڵ دان بۆ پتەوکردنی هێڵی تەلەفۆنەکانی شاری هەولێرو سلێمانی ودهۆک بەدانانی بەددالەی زیادە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش تەواو بوو، دەچینە سەر بەشی چواردەم (تەندروستی وکۆمەڵایەتی).

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینی وپێشنیارێکم هەیە دەربارەی ئەم بەشە، خاڵی یەکەم: کۆمەڵێک نەخۆش هەنە لە کوردستانی ئەمڕۆدا چارەسەر ناکرێن. جاران ئەو نەخۆشانە لە بەغدا چارەسەر دەکران، ئێستا گرفتێکی گەورەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، زۆربەیان دێنە لای لیژنەی پزیشکی وەزارەت وهەوڵی ئەوە دەدەن بچنە دەرەوە، چونە دەرەوەش کارێکی زۆر گرانە، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەک بخرێتە سەر ئەو بەرنامەیەی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی وبەم شێوەیەی خوارەوە بێ، هەوڵ دان بۆ دابین کردنی کادیری پزیشکی و پێویستی پزیشکیی بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشی وچارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا چارەسەر ناکرێن بەهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی خێرخوازەکان وئەو دوکتۆرە پسپۆڕانەی کورد کە لە دەرەوەی وڵاتن.

خاڵی دووەم: دکتۆرەکانی کوردستان لە بەر ئەم ئابڵوقە هەمە جۆرەی کە ئەمڕۆ لەسەر کوردستانە، ماوەیەکی زۆرە لە هەموو شێوەیەکی تازەی زانست ورێگاکانی مەشق کردن دابڕاون وکۆمەڵێک رێکخراوی خێرخواز هەنە دێنە کوردستان ئامادەن بێن ومەشق بە دوکتۆرەکانمان بکەن، هەندێ شتی تازەیان فێر بکەن و رێگای نوێیان پێ نیشان بدەن و زانستی تازەیان پێ بڵێن و ئەو مەشقە لە کوردستان بکەن، نەک بچنە دەرەوە.

تێبنینی سێ یەم: بەنسبەت خاڵی(٦) { بایەخدان بەژیانی پەک کەوتەوکەم ئەندامان ولێ قەوماوان} پێشنیار دەکەم ( خێزانی ئەنفالەکان)یان بۆ زیاد بکرێ، چونکە وەختی خۆی ئێمە لە بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیارمان کرد کە بەڕێوەبەریەتێکی تایبەت دروست بکرێ بەناوی( مدیریەتی شەهید وپەک کەوتوو وئەنفالەکان)ەوە.

خاڵێکی ترم هەیە، دەربارەی سیاسەتی خزمەتگوزاری پزیشکی لە کوردستان دا بەراستی رژێمی بەعس کاتی خۆی سیاسەتێکی تایبەتی هەبوو، کە ناوەڕۆکەکەی لەوە دابوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخۆی ببەستێتەوە بەهۆی ئەو توانایە ئابووری یەی کە هەیبوو و، کۆمەڵانی خەڵک دوور بخاتەوە لە بەرهەم هێنان وئەو سیاسەتەی رژێم بواری تەندروستیشی گرتەوە، من پێشنیار دەکەم کە لەمەو دووا هەوڵ بدەین سیاسەتی

خزمەتگوزاری بگۆڕین لەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کۆمەڵانی خەڵک پۆلین بکرێن بەپێی داهاتیان، هەموو کەسێک بەخۆڕایی چارە نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــوهر ئەحـــــمـــــەد شـــــاواز:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من زیادکردنێکم هەیە، بەم شێوەیە بێت (بایەخدان بە پاشماوەی انفالەکان وخێزانی بارزانییە سرگوم کراوەکان وچارەسەری گیروگرفتیان بکرێ وهەوڵ بدرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ئەنفال کراوانە.

خاڵی دووەم: هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی بەندیخانەی گشتی واتا (سجنی مەرکەزی).

خاڵی سێ یەم: گەشە بە دابینکردنی تەندروستی بدرێ، چونکە ئێستا دوکتۆرەکان لە عیادەی تایبەتی رەوشەکەیان قۆزتۆتەوەو کرێی فەحسیان زیاد کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــیــــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من لەم بڕگـەیەدا خـاڵێک زیاد دەکـەم، ئەویش ئەمـــەیە(هەوڵ دان بۆ دابین کـردنی زامـینی کۆمـەڵایەتی (ضـمان اجـتمـاعی) بۆ کرێکاران لە کاتی بێ کاری و، نەخۆشی وپەککەوتەییدا، سوپاس.

**بەڕێز مــــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخــــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

قسەکانی من برادەران کردیانن، بەڵام تەنیا سەرنجێکم هەیە، پێنجەم دەڵێ(بایەخ دان بە ژن ومافی ئافرەت) ئەمە چییە؟ روونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیـبــــراهیم ســەعــیــد مـحــەمــەد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

گەلێک لە دوکتۆری ئێمە دوای ئەوەی کەماوەی (موقیمی) تەواو دەکەن، دەچنە بەغدا بۆ خوێندنی بۆرد، نازانم ئەو توانایە لە هەولێر پەیدا نابێ؟ تاکو نەچنە بەغدا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدوڵکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەو برایەی کە باسی کردنەوەی بەندیخانەی ناوەندی کرد، شتێکی خستەوە بیرم، ئەویش لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا گوترا، وابزانم لە کاتی خوێندنەوەی بەرنامەی کابینەی یەکەمی ئەنجوومەنی وەزیراندا باس کرا وپشت گوێ خرا ومن ئێستا دەیخەمەوەیاد ئەویش پێویستی کردنەوەی شێتخانەیەکە لە کوردستاندا، بەڕاستی ئەوە زۆر پێویستە وگرنگە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارو قسانەی کاک د. فائق، مەرج نییە هەمووی لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابێ، مەسەلەی مەشق کردنی کادیری پزیشکی یان هاماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو رێکخراوە خێر خوازانەی کە لە کوردستان دان، تاکو یارمەتییان بدەن ودوکتۆرەکانمان فێری زانستی تازە بکەن دیارە هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوانە، بەڵام ئێمە دام ودەزگامان کەمە، بۆیە نەخۆشەکان دەچن بۆ بەغدا.

کاک جوهر ئەحمەد باسی ئەنفالەکانی کرد، ئێمە خۆمان ئێستا بەتەماین پرۆژەیەک ئامادە بکەین بۆ هەموو شەهیدەکان واتا دامەزراوی شەهیدان وراستەوخۆ بیبەستینەوە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یاخود پەیوەند بێ بە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەبێ.

ئەوەی کاک ئەیاد گوتی: هەوڵدان بۆ زامین کردنی کۆمەڵایەتی، ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئەوەش پێویست نییە لە بەرنامەدا بێت، هەوڵ دەدرێ بۆ دابین کردنی (ضمان اجتماعی) لە کوردستان بۆ ئەو کرێکارانەی کە نەخۆش وپەک کەوتەن. ئەوەی کاک مەلا هادیش کە وەڵامی درایەوە ئەگەر دژی ئەو خاڵەیە، با قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بەشی(١٤)ش تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر بەشی (١٥) (باری رۆشنبیری)، چ تێبینییەک لەسەر ئەم بەشە هەیە؟

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پێشنیارەکەی کاک د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد، ئێستا خۆمان هەوڵ دەدەین لیژنەیەکی ناوەندی دابنێین، بەڵام چەند شوێنێک تەماشا کراوەو پارەیەکی زۆری دەوێ، ئێمە دەمانەوێ کەمترین مەسرەفمان بچێ لەم کاتەدا کە حەپسخانەی ناوەندی دابنرێ، هەروەها جێگایەک بۆ ئەو خەڵکانەی کە عەقلیان تەواو نییە واتە (شێتخانە)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموومان بڕوامان بەوە هەیە کە لە چاوی کامێراوە هەموو جیهان روانییە کێشەی ئێمە وبووە هۆی وروژانیان بۆ پشتگیریمان، واتا: رای جیهانی گۆڕی، ئێمە ئێستا رۆژانە پێویستمان بەو بارە هەیە، بەتوندوتۆڵ کردنی ئەو پشتگیری یە هەیە، بۆیە دەبێ پشتگیری ئەو لایەنانە بکرێ

تاوەزارەتی رۆشنبیری بتوانی لە ئاستی ئەرکی ئەم رایە بێ. بۆ ئەو مەبەستەش رەنگە دەست کورتی وباری ئابووری ونەداری زۆر دەور ببینێ، بەلاّم پێویست دەکات چەند خالێک بخرێتە سەر ئەو پرۆژەیە.

١- بروامان بەوە هەیە کە هونەری راست وبەتوانا وبالاّ لەهەموو بواری هونەرە جوانەکان دا دەتوانێ دەم راست وبەهەلویستی نەتەوەکەمان بێ، چونکە سنوور نەناسەو زمانێکی جیهانی یەو هەموو کەس لێی تێدەگات.

٢- کۆمەلی هونەری وتیپ وکۆمەلە ویانە وەرزشی یەکان، ئەوانە ئێستا لە بارێکی ئیفلیجی دان وەدەتوانم بلێم یەکێتی نووسەرانی کورد ئێستا ئیفلیجە وتیپە هونەری یەکان ناتوانن پێویستی یەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوانە کومەک بکرێن ویارمەتی بدرێن.

٣- پشتگیری چاپەمەنی بەتایبەتی ئێستا چاپ کردنی کتێب دانسقەیەو، دەتوانین بلێین دیاردەی چاپ کردنی کتێب نەماوە، بۆیە دەبێ پشتگیری بکرێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ک زۆر پێویستن بۆ بووژاندنەوەی رۆشنبیریمان چاپ بکرێن.

٤- مشور خواردنی چاک کردنەوەی هۆلّ وشانۆو یاریگە وئەو شتە هونەر ییانەی کە پێویستن و، بەتایبەتی هونەرە زانستییەکان، کە هیچیان ناتوانن ئەمرۆ کاری خۆیان بکەن وئەو چاپخانە کە مانەی کە هەمانن ناتوانن ئەو هەموو ئەرکە زۆرە جێبەجێ بکەن، بۆیە دەبێ هەولّ بدرێت بۆ هێنانی کەرەستەی نوێ بۆ چاپخانەکان وکۆمەک کردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وهەولدان بۆ پەیدا کردنی چاپخانەی پێشکەوتووی ئۆفسیتی ئەلکترۆنی بۆ راپەراندنی ئەو ئەرکە، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی(٥)دا سازدانی ڤیستیڤال وئەلقەی خوێندن وپێشبرکێ وهەمە جۆری ئەدەبی وهونەری و وەرزشی بەباش دەزانم ئەگەر زیاد بکرێ و، دوو برگەش هەیە ئەگەر بەباشی بزانن، زیاد بکرێن ئەوانەش: یەکەمیان: ئەوەیە(هەولدان بۆ کردنەوەی موزەخانەیەکی فولکلۆری کوردستانی) دووەمیان: (هەولّ دان بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی هەمیشەیی بۆ هونەر مەندانی کوردستان)، سوپاس.

**بەرێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خالی(٤) (هەولدان وکارکردن لە پێناوی پاراستنی شوینەوارە مێژووی یەکان) شوێنەوارە مێژووی یەکان شتێکی زۆر پیرۆزن وپێویستە لە سەر هەموومان بیان پارێزین لێرەدا رستەی

(هەوڵ دان وکار کردن) لاستیکیەتی تێدایە، پێشنیار دەکەم بگوترێ (پاراستنی شوێنەوارە مێژوویییەکان) و(هەوڵ دان وکار کردن) لابدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی یەکان تەواو؟ فەرموو کاک شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو برایانەی کە قسەیان کرد، کاک ئەحمەد سالار هەندێ پێشنیاری پێشکەش کرد، ئێمە پێمان وایە ئەو شتانە دەمان بەنەوە بۆ درێژەپێدان، چونکە ئێمە لەوێدا دەڵێین (پشتگیری کردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری وهونەری و وەرزشی بە شێوەیەکی گشتی)جا ئیتر سینەمایی، شانۆیی بێ یان هەر شتێکی تر بێ دەکەوێتە درێژەپێدانی ئەو کارانەوە، هەروەها ئەو پێشنیارانەی کە کاک ئەیاد خستنیە روو، هەمان ڕاو بۆ چوونمان هەیە.

دەربارەی ئەوەی خوشکە فوزیە عیزەدین گوتی: من پێم وایە ئەمە راستە لە بارەی دارشتنەوە لە کاتی چاپ کردن دا لەوانەیە گۆڕا بێ، هەندێ شتی تریش لەکاتی چاپ کردن رووی داوە، بۆ نموونە نووسراوە (هەوڵ دان بۆ دروست کردن وزیندوو کردنەوە وبەگەڕ خستنی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری کەمە نەتەوایەتی و ئایینییەکان لە کوردستاندا)، شتی وا نییە، بەڵکو لە جێی خۆی بەم جۆرە بووە (هەوڵ دان بۆ دامەزراندن وبەگەڕخستنی بەڕێوە بەرایەتی رۆشنبیری کەمە نەتەواتییەکان لە کوردستان دا) و(ئاینی) یەکان هیچ پەیوەندی پێوە نییە، مەسەلەی وەرزش کە باس کرا ئەوە لە جێگای خۆیەتی (پێشبرکێ ی ئەدەبی وهونەری و وەرزشی) ولەخاڵی دووەم دا ( گەشە پێدان وبەرەوپێش بردن وپشتگیری کردنی) پێم وایە سێ یەیە کە یەکێکیان لابرێ باشە هەر بوترێ گەشە پێدان وپشتگیری کردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری وهونەری و وەرزشی بە شێوەیەکی گشتی) ولەو شێوە گشتییە هەموو ئەو درێژە پێدانەی برادەران دەگرێتەوە کە پێشکەشیان کرد بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە؟ ئەگەر نییە دەچینە سەر بەشی (١٦)، باری (یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری).

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینم لەسەر خاڵی(٤) هەیە کە دەڵێ (رێکخستنی پەیوەندی جالیە کوردەکانی دەرەوە وهاندانیان بۆ یارمەتی..) من پێشنیار دەکەم ببێتە (رێکخستنی جالیە کوردستانیەکان) نەک (رێکخستنی جالیە کوردییەکان)، چونکە تا کەمە نەتەوەییەکانی تریش بگرێتەوە وەکو ئاشوری یەکان، بۆ ئەوەی هەر سیمایێکی کوردی وەرنەگرێ لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەم تێبینییە لە جێگەی خۆیەتی ولای خۆتان تۆماری بکەن. ئایا سەرۆکایەتی چ تێبینی هەیە؟.. نییـە؟ بەمـەش گفـتـوگـۆ کـردن لەسـەر بەرنامـەی تایبـەتی کـابینەی دووەمی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان تەواو بوو و، ئەو زیاد کـردنانەش لە کـاتی دووبارە داڕشتنەوەدا بەیاری خـوا جـێگای خۆیان دەگرن. ئێستا با بیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیار لەسەر ئەم بەرنامەیە بدرێ پاش ئەو تێبینییانەی کە چەسپێنران؟... کێ لەگـەڵ نییـە؟.. بەتێکڕای دەنگ بەرنامـەکە پەسـەندکـرا و، داوای سـەرکـەوتن بۆ ئەنجـومـەنی وەزیرانی هەرێمی کـوردسـتـان دەکـەین، سـوپاسی ئێـوەش دەکـەم بۆ ئەم ئەزیەتەی کـە کـێـشـاتان وسوپاسی هەموو لایەک دەکەین بۆ ئەو گفتوگۆیە ڕێکوپێکە.

دانیشتنی داهاتوومان، سبەی سەعات(١٠)ی بەیانی دەبێ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥)

شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٥)

## شه‌مه رێکه‌وتی ١٩٩٣/٦/٢٦

***کاتژمێر (١٠) ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی شه‌مه رێکه‌وتی ١٩٩٣/٦/٢٦ ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی کوردستان به‌سه‌رۆکایه‌تی به‌رێز جوهر نامق سالم سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن و، به ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆک به‌رێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو، سکرتێری ئه‌نجوومه‌ن به‌رێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوللا، دانیشتنی ژماره (٤٥)ی ئاسایی خولی یه‌که‌می، سالّی (١٩٩٣)ی خۆی به‌ست، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌که چه‌سپێنراو، ئه‌وجا به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان و، به‌ناوی گه‌لی کوردستانه‌وه دانیشتنه‌که‌ی ده‌ست پێکرد.***

***به‌رنامه‌ی کار:***

***ئاماده بوونی به‌رێزان کاک مه‌سعود بارزانی و مام جه‌لال تاله‌بانی له‌په‌رله‌مان.***

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن:**

به‌ناوی ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی کوردستان، به‌ناوی برای خۆشه‌ویستم کاک نه‌ژاد و برای خۆشه‌ویستم کاک فه‌رسه‌ت به‌خێرهاتنێکی گه‌رم له هه‌ردوو سه‌رکرده‌ی خۆشه‌ویستمان به‌رێزان کاک مسعود و مام جه‌لال ده‌که‌ین و سوپاسی گه‌رمیان ده‌که‌ین بۆ ئه‌و ئه‌رکه‌ی که کێشاویانه و ته‌شریفیان هێناوه بۆ ئێره، هه‌روه‌کو ئاشکراشه ماوه‌یه‌که به‌رێزان له ده‌ره‌وه‌ی ولاّتن به‌سه‌فه‌رێکی ره‌سمی، ده‌عوه‌تی چه‌ند لایه‌نێک بوون وله رێگه‌ی راگه‌یاندنه‌کانی کوردستانه‌وه، جموجوڵی هه‌ردوو به‌رێز ئه‌گه‌یشته کوردستان، که جێگه‌ی رێزو حورمه‌تی گه‌له‌که‌مان بوون. ئه‌مه‌ش جاری یه‌که‌م نییه که به‌رێزان ئه‌و رێزه گه‌وره‌یه له په‌رله‌مانی خۆیان ده‌نێن، بۆیه ئێمه سوپاسی هه‌ستی به‌رزیان ده‌که‌ین هه‌روه‌کو چه‌ند جاری تریش لێره‌دا له ناو په‌رله‌مانه‌وه ئه‌نجامی سه‌فه‌ره‌کانی پێشووتری به‌رێزیان بۆ ده‌ره‌وه‌ی ولاّت به‌دوورو درێژی لێره‌وه بۆ جه‌ماوه‌ری خۆراگری کوردستان باس کراوه، ئه‌م جاره‌ش داوا له هه‌ردوو به‌رێزان ده‌که‌ین که ئه‌نجامی سه‌فه‌ره‌که‌یان بۆ ده‌ره‌وه‌ی ولاّت به‌گوێره‌ی توانا بۆ جه‌ماوه‌ر باس بکه‌ن وپێشه‌کیش سوپاسی گه‌رمیان ده‌که‌ین.

**به‌رێز کاک مه‌سعود بارزانی:**

برایانی به‌رێز سه‌رۆکی په‌رله‌مان، جێگری سه‌رۆک، سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران، خوشکان و برایانی خۆشه‌ویست ئه‌ندامانی په‌رله‌مان و برایانی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران، به‌ناوی برای به‌رێز مام جه‌لال وبه‌ناوی خۆم زۆر سوپاستان ده‌که‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و هه‌له‌تان بۆ ره‌خساندین که بێین لێره، له‌م شوێنه پیرۆزه‌دا ئه‌نجامی سه‌فه‌رێکی ٢-٣ مانگیتان عه‌رز بکه‌ین، هه‌ر وه‌کو به‌رێزتان ئاگادارن له‌سه‌ر ده‌عوه‌تی به‌رێوه‌بردنی تازه‌ی ئه‌مه‌ریکا هه‌ردووکمان سه‌فه‌رێکمان کرد له‌گه‌ڵ وه‌فدێکی

(INC) بۆ ئەمــەریکا، ســەفــەرەکــە لەســەر دەعــوەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمــەریکا بوو، ئەو بەرنامــەیەشی کــە دایانابوو بەم شــێــوەیە بوو، یەکــەم چاوپێکەوتن لەگــەڵ وەزیری دەرەوە و ستافەکەی، پاشان لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ( ئەمنی قەومی )، ئینجا لەگەڵ جێگری سەرەک کۆماری ئەمەریکا، جگە لە هەردووکمان شاندی (وەفد)ی INC پێک هاتبوو لە هەندێ برادەری تر، بەڵام زۆر روون و ئاشکرا بوو کە گرنگیەکی تایبەتی بە کێشەی گەلەکەمان دەدرێ، دەتوانین پێتان بڵێین کە کێشەی گەلی کورد لەم قۆناغەدا هەتا لە دەرەوەشدا بەرەو پێش چووە، زۆر بە دوورو درێژی باسی بارودۆخی عێراق کرا بەگشتی و بە تایبەتی بارودۆخی کوردستان، باسی وەزعی ئاسایش و وەزعی سیاسی و بەدیلی ئایندەی عێراق کرا. هەروەها وەزعی ئابووری کــە ئەمرۆ لەکــوردســتــاندا رووبەرووی بووینەتەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمــەریکا پێــشــانی دا کــە هەڵوێستی رەسمی ئەمەریکا ئەمەیە:

١- پێکهاتنێک یا (مساوەمەیەک) ناکرێ لەگەڵ ئەم رژێمەدا.

٢- مامەڵەت لەگەڵ هیچ جێگرەوەیەک (بەدیلێک) ناکرێ ئەگەر بەدیلێکی دیموکراتی نەبێ.

هەڵوێستی ئەمریکا کە دەڵێن مەسەلەکە شەخسی نییە مەبەستمان هەیە، مەبەستمان ئەوەیە کە نە ئەم رژێمە، نەرژێمێکی ئاینده ئەگەر دیموکراتی نەبێ ئەمەریکیەکان تعاملی لەگەڵ ناکەن هەر جــێگرەوەیەک (بەدیلێک) هەر رژێمــێــک بێ ئەبێ پابەندی بکات بە ١٠٠٪ی بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بەتایبەتی بڕیاری (٦٨٨) دەربارەی گەلی کورد ئەمەریکیەکان پابەندن بەوەی کە بەردەوام بن لەسەر پاراستنی و ئیعتراف بە INC دەکەن وەکو بەدیلی دیموکراتی ولەسەر ئەم بنەمایە مامڵەتی لەگەڵدا دەکەن، لەبەر ئەمە ویستیان بمان بینن و ئەم هەڵوێستە رەسمییەی دەوڵەتی ئەمــەریکاتان پێ رابگەیەنین، بۆ ئەوەی هیچ گــومــانێک نەبێ هەتا لەو (کلیــمــە)ی کــە نووسیمان کە هەندێ توندی تێدا بوو لەسەر ئەو لێدوانە جۆراوجۆرانەی کە پێشتر ئەیاندا، بەڵام پاش قسەکانی وەزیری دەرەوە تۆزێ سوکترمان کرد، چونکە بە پێویستمان نەزانی، پاشان وەکو مــوفــاجــەئەیەک بوو وەزیری دەرەوەی ئەمــریکا لە کــۆنگرەی رۆژنامــەوانیــدا رایگەیاند کــە بڕیاری ئەمــەریکا ئەوەیە دادگــایەکی دەوڵەتان دروست بکرێ بۆ ئەوەی ســەرانی رژێم بدرێنە دادگــا، بۆ ئەوەی وەک تاوانبارانی شەڕ بۆ ئەمە هاوکاریان کرد، وەکو کۆکردنەوەی گەلێک زانیاریی پێویست کەچی بەڕێوەبەرایەتی (بوش)، هی پێشوو لەم خاڵە رایان ئەکرد، پاریش مــەسەلەکە باس کرا، بەڵام ئەوان نەهاتنە ژێر باری ئەم وەزعە.

لەبارەی وەزعی ئابوورییەوە وتیان ئێمە بەگرنگییەوە ئەم مەسەلەیە هەست پێ ئەکەین، کە چەند خەتەر ناکە، چەند گرفتەکە گەورەیە، گفتیان دا کە بەجدی لێی بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەم مەسەلەیە چارەسەربکرێ، لە لایەنی سیاسی و ئاسایشەوە زۆر بەئاشکرا وتیان ئەوە دەکەن کە عەرزمان کردن، بەڵام لەراستیدا لە بابەت ئابوورییەوە من بە تەواوی تێ نەگەیشتم ئایا بەتەواوی چ دەکەن؟ هەرچەندە مەبلەغێکیان تەرخان کردووە وەکو پار بۆ یارمەتی بەپەلە، بەڵام

باسی ئەمە کرا کە پرۆژەی (تنموی) دروست بکرێ، لەوانەیە برام مام جەلال زیاتر ئەوە بەدرێژی باس بکات، جگە لە بەرپرسانی رەسمی کە باسمان کردن، وەزیری دەرەوە وراوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، بریکاری سەرۆک کە باسمان کرد، زۆر جەختی لەسەر پشتگیری میللەتی کورد کرد لەسەر پشتگیری دیموکراتیەت لە عێراق و هەڵوێستی نەگۆڕیان بەرامبەر بەرژێمی عێراق کە بە هیچ شێوەیەک نە گوشاری لەسەر کەم دەبێتەوە نە دەست لە INC هەڵدەگرن نەدەست لە میللەتی کورد هەڵدەگرن، جا سەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەمان بینی لە کۆنگرس، کە دۆستێکی زۆر چاکی کوردە، هەروەها سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەوانیش هەموو جەختیان لەسەر هەمان هەڵوێستی رەسمی دەکرد کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وەریگرت، هەر لەسەر داوای ئەوانیش بوو کە دەعوەتێکمان لە سعودیەوە بۆ هات، و رایان وابوو کە هەڵوێستێکی وامان هەبێ لەگەڵ دراوسێکماندا، کە پەیوەندی باشمان هەبێ، بەڵام زۆر روون بوو کە مەبەستی ئەوان زیاتر رای دوو دەوڵەت بوو لە ناوچەکەدا، رای تورکیا و سعودیە، کە ئەم دووانە دۆست بوون لەگەڵ INC ئیتر کە لە ئەمریکا تەواو بووین رۆیشتین بۆ فەرەنسا بەڵام دەعوتی فەرەنسا تایبەتی بوو بۆ هەردووکمان، لەوێ سەرۆک میترانمان بینی کە زۆر کراوە بوو، پاش ئەوەی باسی وەزعی سیاسی ئەمنی و هەموو وەزعەکەمان بۆ بەرێزی باس کرد لەدواییدا گوتی: هەردووکتان ئەتوانن بەدڵ گەرمیەوە بگەرێنەوە و بە میللەتی کورد رابگەیەنن کە دۆستی زۆرە وپشتی بەر نادەین و، ئەتوانن پشت بە فەرەنسا ببەستن و ئێوە میللەتێکی زیندوو شکۆدارن و ئەبێ بەکردەوە شتتان بۆ بکەین هەر بەقسە نەبێ، من هەر لە ئێستاوە دەست بەراوێژ کردن دەکەم بۆ ئەوەی بەکردەوە بزانین چیتان بۆ دەکەین، بەڵام ئێوە بەدڵ گەرمی ئەتوانن ئەم قسانە بە میللەتی کورد رابگەیەنن، دەنگۆیەکی وابلاوبۆوە کە حکومەتی تازە لە فەرەنسا هەڵوێستی گۆڕاوە، بەراستی هەڵوێستیان زۆر روون بوو بریار بوو ئێمە وەزیری دەرەوەو بەرگری ببینین، بەڵام ئەو کاتەی کە ئێمە چووین باش نەبوو، چونکە سەفەری سعودیە هاتە پێش وەختی ترمان نەبوو هەردووکیان کاغەزیان بەجێ هێشتبوو کە هیچ گۆڕان نییە لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتی پار و ئێستا بەردەوام دەبن لەسەر هەمان هەڵوێست لەسەر پارێزگاری میللەتی کوردو، لەسەر پابەندییەکانیان بەرامبەر بە بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و داوای سەرکەوتنیان بۆ میللەتی کورد کرد و کاغەزێکی زۆر رێک و پێکیان نووسی و هەتا هەندێ بەرپرسی ترمان بینین لە حکومەتی تازە، بەڵام ئەو بەرپرسانەی کە بریار بوو بیبیان بینین یەکیان سەفەری کرد بوو بۆ ئەمەریکا وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریش لە ئیتالیا بوون، کۆبوونەوەیەکی دەوڵەتانی ئەورووپیان هەبوو، دەوڵەتی ئێستای فەرەنسا هەڵوێستی رەسمی ئەمەبوو کە هیچ گۆڕانێک بەسەر هەڵوێستی فەرەنسادا نەهاتووە و چوین بۆ سعودیە سعودیە، بەپێی دوو نامەی کلنتۆن بۆ (مەلیک فهد) کە پێشوازی وەفدی INC بکات ئەوانیش بێ پەناوپێچ وتیان: پێمان خۆشە کە دەبێ هەردووکیان لەناو وەفدەکە دابن، کە چووین بەراستی زۆر ریزی وەفدەکەیان گرت، بەتایبەتی ئێمە

هەردووکمان و ئەوەشیان پێشان دا کە تائێستا ئەوان تاقی کردنەوەیان نەبووە، خبرەیان نییە لەگەڵ رکابەری و بەرهەڵستکارانی هیچ شوێنێک، بەڵام ناچار بوون ئێستا دەبێ وا مامڵەت بکەن و ئەوان ریزیان هەیە بۆ میللەتی عێراق وبۆ میللەتی کورد، بەتایبەتی بەڵکو پێیان خۆشە هاوکاری میللەتی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش رزگار یان ببێ، میللەتی عیراقیش رزگاری ببێ لەم هەڕەشەی کە ئێستا هەیە لەوێش چاوپێکەوتنەکانیان رێکخست لەگەڵ مەلیک وجێ نشین و وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوەدا و گفتی زۆریان دا، پاشان یەکسەر بەرپرسێکی گەورەیان چوو بۆ واشنطن کە (مەلیک فهد) خۆشی باسی کرد کە لەگەڵ ئەمریکا راوێژ دەکەن، بۆ ئەوەی چۆن وچەند یارمەتیتان بۆ بنێرن، لەراسیتدا گفتەکان زۆرن، بەڵام گفت پێدان لەگەڵ جێ بەجێ کردنی جیاوازە، ئێمە ئومێدەوارین کە ئەو گفتانەی داویانە جێبەجێی بکەن، ئەگینا گفتێکی ئێجگار زۆریان دا، هەروەکو عەرزم کردن ئەوەندەی من لێی تێگەیشتم لە لایەنی سیاسی و ئاسایشەوە هەڵوێستیان زۆر ئاشکرا بوو، بەڵام لەلانی ئابووریەوە بەتەواوەتی من بۆم روون نەبۆوە چیان کرد، درێژەپێدانی تر بۆ برای بەرێزم مام جەلال بەجێ دێڵم، ئەو لەمن باشتر بەدواداچوونی ئەو بابەتەی کرد، سەفەری تورکیا هاتە پێش و من چووم بۆ تورکیا، مام جەلال چوو بۆ سوریا، پار بە پێچەوانەوە بوو، من چووم بۆ سوریا ئەو چوو بۆ تورکیا، لە تورکیا خۆی ئەوانیش بە تەمای دەوڵەتێکی تازە بوون سەرەک وەزیران تائێستا وەزارەتی پێک نەهێنا بوو، بەڵام سەرۆک کۆمارم بینی (دیمریل)، هەروەها وەزیری دەرەوەی دیمریل زۆر بە ئیجابی باسی وەزعی کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەو پەیوەندییە گوتیشی کە ئەو لیژنە هونەریەی کە لە مانگی نیسان هاتبوون بۆ کوردستان، راپۆرتێکی ئێجگار چاکیان نوسیوە و بریارمان داوە ئێمە جێبەجێی بکەین وپرۆژەکە لە سنووری (١) ملیۆن دینارە وەی ئاووکارەبا و رێگاو بان و پرۆژەی کشتوکاڵ لەوانەیە لەو نزیکانە لیژنەیەک بێ لە هەولێر بنکە بکەنەوە بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن تا ئەو پرۆژانە دەست پێ بکەین، بەپرۆژەی قۆناغی یەکەمەوە و قۆناغی دووەمان بەدەستەوەیە، جگە لەوەی هاندانی کۆمپانیا تایبەتیەکان دەکەن بۆ ئەوەی بێن لەکوردستان وەبەرهێنان (استثمارات) بکەن، وتیان ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوکاریەک، دەربارەی دیاری کردنی هێزەکانی هاوپەیمانان (تحالف) ئەوانەی پارێزگاری میللەتی کورد دەکەن، وتی هەتا ئەگەر ئەوان نەیکەن ئێمە دەیکەین، وتمان: ماڵتان ئاوابێ ئەوانیش وتیان ئێمە ئامادەین، لەئەمەریکا پێمان وتن ئەم (٦) مانگە نیگەرانییەک لەرووی دەروونیەوە دروست دەکات خەڵکی کە نارەحەتە نازانێ پاش ئەو (٦) مانگە چۆن دەبێ، وەکو یەکێک بە خنکاندن حوکمدرا بێ و (٦) مانگ دواخرا بێ، لەبەر ئەوە شێوازەکە بگۆڕن یان بڵێن تا (٣-٤) ساڵ یا تا پێویستی پێ هەیە، وتیان ئێمە ١٠٠٪ رازین، بەڵام دەبێ تورکیا رازی بێ، وەزیری دەرەوە لەگەڵ تورکیا قسەی کرد بوو، وابزانم تورکەکان پێیان داگرتبوو کە دەبێ کە (٦) مانگ بێ، ئەگەر لە تورکیاش بوار نەبێ، لە شوێنی تر دەتوانن پارێزگاری دابین بکەن.

**بەڕێز مـــــام جــــــــلال تـالـەبـانـی:**

**ڕۆژتان باش خوشک وبرایانی خۆشەویست.**

برای بەڕێزم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، برایانی دەستەی سەرۆکایەتی، خوشک و برایانی خۆشەویست، برای خۆشەویستمان کاک مسعود، لە فرمایشتەکانی شتی گرنگی روون کردەوە، بەلاّم وا دیارە ئەو درێژە پێدانەی خستە ئەستۆی من و، من بە درێژی بۆتان باس دەکەم، هەروەها باسی ئەو سەفەرانەش دەکەم کە بەتەنیا پێش تشریف هێنانی کاک مسعود پێی هەڵسام، بەتایبەتی سەفەری بریتانیاو کوێت و اسپانیا و سوریا. من دەمەوێ لەپێشەوە باسی ئەو شتە نوێ یانەتان بۆ بکەم کە ئەم جارە بەدیمان هێنا لە هەڵوێستی دەوڵەتەکان بەتایبەتی لە هەڵوێستی ئەمەریکاو بەریتانیا و فەرەنساو شارە گرنگەکان، بەشێوەیەک کە مەسەلەی کێشەی رەوای گەلەکەمان نیشان دەین، یەکەم خاڵ بەراستی کە ئەم جارە تێبینیمان کرد، کە چاویان لە هەموو بەشەکانی کوردستانە، راستە هێشتا سیاسەتی ئەمریکاو ئەوروپا پاراستنی سنورەکانی رۆژهەلاّتە، بەلاّم لە چوارچێوەی ئەو سنورانەدا مەسەلەی کورد لە هەر ولاّتێک گرنگی پێ دەدرێ، بۆ نموونە کە ئێمە لەوێ بووین ئێمە و جەنابی کاک مسعود و بەندەی دڵسۆزتان وەکو کوردی عێراق، هەرچەندە بەناوی INC چوو بووین، بەلاّم بەراستی وەکو کاک مسعود باسی کرد گرنگی تایبەتی دەدرا بە ئێمە، شان بەشانی ئێمە وەفدێکی کوردستانی ئێران لەوێ بوو ودوای ئەوان وەفدێکی دیکەی حزبێکی کوردستانی تورکیا لەوێ بوو، کە لەوەزارەتی دەرەوە، لە کۆنگریس دیتران و خۆی لە خۆی دا بەتایبەتی لە تورکیا گرنگی خۆی هەیە و لەگەڵ تورکیا نێوانیان زۆر باشە و دیتنی کوردی تورکیا و گوێ راگرتنیان بۆیان لە پاشان بە ایجابی هەڵسەنگاندن خۆی واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە، پێم وایە مەسەلەی کورد هەنگاوێکی تری بۆ پێشەوە هاوێشت، ئەو ادارەی نوێ ی ئەمریکا لە نۆرینی بۆ مەسەلەی کورد کراوە ترەو شتێکی تر کە ادارەی نوێی ئەمریکا گرنگی پێ داوە تازەیە مەسەلەی مافی مرۆڤ ودیموکراسییە لە دنیادا. کلنتۆن کە بەرنامەی ادارەی خۆی پێشکەش بە کۆنگریس و بە گەلی ئەمریکا کردووە(۳ )مەسەلەی (۳) کۆلەگەی داناوە بۆ هەموو سیاسەتەکانی، یەکیان مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی ئابوورییەی لەئەمریکا و گیروگرفتەکانی تر کە کۆمەڵەی تەندروستی وشتی ترن، دووەمیان مەسەلەی نوێ کردنەوەی بەرگری ئەمەریکا، سێ یەمیان مەسەلەی مافی مرۆڤایەتی و دیموکراسی لە دنیادا، بۆ ئەوە دەزگای تایبەتیان داناوە بریکاری وەزیری دەرەوە هەیە بۆ ئیشی مافی مرۆڤ وپەرەپێدان لە دونیادا، ئەوان ئەوسیاسەتە بەسیاسەتێکی گەردوونی دەزانن هەموو دنیا دەگرێتەوە لەسەری سوورن گەشە بکات لە هەموو دنیا دا، دیارە ئەمە بۆ ئێمە باشە یەکێ لەدەردە کوشندەکانی خەڵکی کوردستان نەبوونی دیموکراسی مافی مرۆڤە، گەشە پێدان وپەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە دنیادا، لەپێش هەموویان ئێمە سوودی لێ دەکەین، شتێکی نوێ تر ئەوەیە کە ئەمجارە هەرباسی بوژانەوەی ژێرخانی کوردایەتی دەکەن ژێرخانی ژیانی ئابووری کۆمەلاّیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر خاکی

خۆی بوەستێ، بتوانێت گەشە بدات بە ژیانی ئابوری خۆی، بۆیە ئێمە باسمان دەكرد و بەراستی گیروگرفتەكانی كشتوكاڵی، خستنەوە گەڕی سوتەمەنی و كارەبا، تەلەفۆنات، هاتووچۆ و ژیانی مووچە خۆرانی كوردستان، ئەو مەسەلانەمان دەخستە بەرچاو بەرهەڵستیان لەسەر نەبوو، بە لێ حاڵی بوونەوە وەریان دەگرت، تەنها ئەوەی پێویستە خۆشمان بیكەین جۆری داواكردنەكان و جۆری تری ئێمە لە لانە هونەریەكەوە چاكمان لێ نە دەزانی، ئەوە هەندێ شێوەی تایبەتی هەیە كە لەكۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران عەرزتان دەكەین وچۆن دەكرێ ئەوان ئامادەن كە جێبەجێی بكەن، لە لانی یارمەتی دانی خەڵكی كوردستان و لە رووی سیاسی و سەربازی وەكو كاك مسعود وتی، زۆر ئاشكرایە لەشتی سەربازی زۆر بەئاشكرا دیارە ووتیان ئێمە بە حكوومەتی عیراقیشمان راگەیاندووە هەر دەست درێژیەك هەر پەلاماردانێك بۆ ژوورۆوی خەتی (٣٦) بەڵكو بۆ خواررووی خەتی (٣٦) بۆ ئەو شوێنەی ئێستا لەكوردستان ئازادە راستەوخۆ بەهێزی چەكدار وەڵامی دەدەینەوە و، شتێكیان بۆ خوێندینەوە كە تێیدا نووسراوە ئێمە هێزی چەكدار بەكار دێنین ئەگەر عێراق سەر بزێوی بكەن دژی خەڵكی كوردستان، هەروەها جەختی كرد كەوا هێزەكانیان لە ناوچەكە لەناوچەی رۆژ هەلاتن و دەسەلاتی تەواو یان پێ دراوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ سەركردەكانیان هەركە دیتیان عێراق پەلاماری داوە دەست بەجێ لێی دەدەن، ئەوە بۆ دڵنیاكردنی ئێمە بوو لەرووی سیاسیەوە مەسەلەی فیدرالی، چەسپاو رۆیشت، تەنانەت جارێك لە كۆبوونەوەی تایبەتیدا كاك مسعود و بەندەی دڵسۆزتان ئامادە بووین دەوڵەتێك گلەیی كرد لە مەسەلەی فیدرالی، ئێمە وتمان خۆمان فیدرالین، ئەمەریكا خۆی رژێمەكە فیدرالییە، چۆن دەتوانین دژی رژێمێك بین كە بۆ خۆمان هەڵمان بژاردووەو بەباشمان زانیوە، لەبەر ئەمە شتێكی سروشتییە ئێمە لایەنگیری بین، لانی ئابووری برای خۆشەویستم كاك مسعود خستیە ئەستۆی من، لەبەر ئەوەی درێژەكەیتان بۆ باس دەكەم، لانی ئابووری(٣ـ ٤) جۆری هەیە بۆ خەڵكی كوردستان كە چاك جێبەجێ كردنی بەندە بە خۆمانەوە و ئەوەی راستی بێ لەلانی یارمەتی دان، من بەش بە حاڵی خۆم كەم و كورتی نابینم، بەڵام چۆن سەرف دەكرێ بەهۆی چیەوە سەرف دەكرێ؟ دوو مەسەلە یە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین و دوو گیروگرفتەكە دەبێ چارە بكەین، مەسەلەی لەئەمەریكاوە دەست پێ بكەین، ئەمەریكا بۆ ئەم هاوینە یارمەتی بەپەلە (٢٣)ملیۆنیان تازە لە قانونی كۆنگرێس تێپەڕاند (١٥) ماوەتەوە (٣٨) ملیۆن لەبەر دەستە كە لەم هاوینەدا پێش پایز دەبێ سەرف بكرێ و، شێوەی سەرف كردنی وەكو پێشنیار كراوە چاكترین شێوەیە كەبە هۆی INC ئەنجوومەنی كۆنگرس، ئەنجوومەنی نیشتمانی، كە خۆمان تێدا بەشدارین یا لەگەڵ WC و K سەرف بكرێ راستەوخۆ نەچێتە قورگی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە كە دەرهاتنی زۆر زەحمەتە بێجگە لەمە گوتیان ئێمە هەوڵ دەدەین نزیكەی (٢٠٠)ملیۆن دۆلار ئەم ساڵ لەو پارەی عێراقی كە (تجمید) كراوە كۆبكرێتەوەو وەربگیرێتەوە بۆ كوردستان خەرج بكرێ، گوتیان ئەمریكا سیاسەتی وایە دەوڵەتەكانی تر چەند دەدەن بە هەموویان، ئەمەریكا بە قەدەر هەموویان دەدات، لەلایەكی

ترەوە گـوتیـان جـۆری تری یارمـەتی ئەوروپایە، یارمـەتی ئەوروپا بەدوو شێـوە دەبێ، شێـوەیەکیـان خۆیان بەهۆی ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، پێم وایە دەبێ لەراستیدا ئێمە پێشنیارێکتان بۆ باس بکەم، خۆمان هەوڵ بدەین چاک کەڵک لەوانە وەربگرین بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ئەو مەسەلانە جێ بەجێ بکەین بۆ ئەوەی بەفیـرۆ نەڕوات، شێـوەیەکی تری یارمـەتی ئەوەی دەوڵـەتەکـان، بۆ نموونـە: بەریتـانیـا بۆ گـەنم کـرین (٢) ملیـۆن بۆ چاندن پێـشـتـریش پارەی داوە ئەوە دەمـەوێ بەسەربەستی بیلێم: ئەو شێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی دەنوارێتە مەسەلەی کورد شێوەیەکی هەڵەیە، جەنابی کاک مسعود وەختی نەبوو من چووم بۆ نیویۆرک جێگری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری یارمەتی پرۆژەیەکی دامێ ووتی ئەوە پرۆژە یەکە ئەگەر ئێوەی کورد نفووستان زۆرە لە دنیا داوا بکەن پشتیوانیمان لێ بکەن ئێمە ئامادەین و بۆ ئەوەی پرۆژەکەمان بەسەرکەوێ کە چاوێکم پێداخشان تەماشام کرد نزیکی (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری پێشنیار کردوە (٢٢) ملیۆنی بۆ کوردستان دانراوە بۆ کرینی گەنم کە دەکاتە (١٠) هەزار طن گەنم بکرن بۆ کوردستان ووتم کاکە چ دەکەی ئەوە لە عێراق دانراوە، پێم وایە لەبەغدا ڕێک خراوە کەشکاتمان کرد لای ئەمریکا وتیان ئێمە زیاتر لە ئێوە گلەیان هەیە، لەبەر ئەوە بەراستی خۆمان پێویستمان بەوە هەیە هەوڵ بدەین راستە و خۆ یارمەتیەکان یا لەرووی ئادارەی خۆمانە وە یا لە رووی ڕێکخراوە کانەوە یا لەرووی ئەو کۆمەکیانەی لە خۆمانەوە دەیدەین بگاتە کوردستان وسەرف بکرێ، لایەنی ئابوری بەراستی لەوانەیە یەک شت هەبێ کە ئێمە بە دڵمان نەبێ، ئەویش ڕۆتینە ئەگینا من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندەی تێ گەیشتم دڵنیام لەوەی کە یارمەتی ئابووری هەیە دەبێ و دەوامیش دەکا، بەڵام پێویستە ئێمە خۆمان کۆبکەینەوە دوایی لە کۆبونەوەیەک لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا هەندێ پێشنیارم لەدەستە عەرزیان دەکەم بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باشتر کەڵک لەو یارمەتیانە وەربگرین یا بۆمان دادەنێن، جگە لەوە زۆر ڕێکخراوی خێر خواز هەنە لە دنیادا ئامادەن کە یارمەتیمان بدەن و، هەروەها حکومەتی تر هەنە وەکو المانیا، ئیتالیا، ژاپۆن، اسپانیا، ئەوانە هەموو بەڵێنیان داوە کە یارمەتیمان بدەن، وەکو کاک مسعود فەرمووی ئەمریکا خۆی ووتی من هەوڵ دەدەم یارمەتی مرۆیی بگەینم بۆ کوردستان و بۆ ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئەمریکا قسە بکە بزانم چۆن ئاسانکاریمان بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆیی بگەینمە کوردستان و زووپێتـان بگات و کەڵکی لێ وەرگرن، ئەمە شتێکی نوێیە لەمەسەلەی یارمەتی دانی نەتەوەکان بۆ مەسەلەی پاراستنی ناوچەکە ئەوەی ئێمە باسمان کرد ئەوە بوو کە ئەو (٦) مانگە بگۆرێ، باوەریان پێ هات، ووتیان راستە هەوڵ دەدەین ئەوان دووساڵیان پێشنیار کرد بوو، بەڵام وادیارە برا تورکەکانمان وایان پەسەند کردووە کە (٦) مانگ (٦) مانگ بێت جگە لەوە زیادە یەکیان پێ وتین وتیان مەرج نییە هەر لە تورکیا وە بێت، ئێمە لە هەموو شوێنێکەوە بەرگریتان لێ دەکەین لە هەر جێگایەکی دەستمان دەیگاتێ لەبەر ئەوەی لەمەسەلەی بەرگری کردن لە ناوچەکە دڵنیاین و بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادەین کە پەلامارتان بدرێت و، دۆستانی کورد زۆرن، کەسانێک هەنە باش

لەمەسەلەی کورد گەیشتون وە کە قسە دەکەین لەگۆترە قسە ناکەین و زۆر بەکراوەیی کورد و گەلی کورد و کوردستان و ئەو وشانە بەکاردێنن، کە جاران گوێمان لێ نەدەبوو، بەراستی جاران سەروی عێراق و خەڵکی ژووروی عێراق دانیشتوانی ژووری عێراقمان گوێ لێ دەبوو وئەو وشانە بەراستی گرنگن، چونکە دەوڵەتەکانی دەورو پشتمان حسابی بۆ دەکەن وپێشیان ووتون کە رازین بۆ نمونە کەباسی ئەوزەرەرەی لە عێراق لە هۆرەکانی باشوور دەدات(ئەلگۆر) جوابەکەی ئەمەبوو بەڵێ عێراق لەکۆنەوە ئەو شتە دەکات وەختی خۆی هەڵبجەی ویران کرد ئەو کوردستانە جوانەی ویران کردووە، وەختی خۆی قسەم لەسەر کردوە مەبەستم جێگری سەرۆکە ئەوانە بەراستی مرۆ هەست دەکات دۆستایەتیان پێوە دیارە، لە دڵەوەیە، بۆ نموونە ئێمە چووینە کۆنگریس لە کۆنگریس دا سەرۆکی لیژنەیەک لە لیژنەکان رووی پرسیاری کردە کاک مسعود گوتی بۆ ئێوە باسی سەر بەخۆیی کوردستان ناکەن، کەی بەتەمانە سەربەخۆیی رابگەیەنن؟ کاک مسعود بۆی شی کردەوە کە ئێمە تێکۆشەری (واقعین) لە چوار چێوەی خۆماندا بەتەمای فیدرال ودیموکراتی و، ئەو شتانەین، وەختێکی تر کە رۆژی هات کە بتوانین خەونەکانمان بێتە دی، بێگومان کەمتەرخەمی ناکەین، یان بۆ نموونە سەرۆکی لیژنەیەکی تری کۆنگریس کە یەکێ بوو لەدۆستە دێرینەکانی ئێمە، وتم بەیاری خوا رۆژی لە بەغدای دیموکراتدا دەتبینین، سەرۆکی لیژنەکە وتی نەوەڵڵا بەیاری خوا لە کوردستانی ئازاددا یەکتری ئەبینین، ئەو شتانە کەوتتۆتە سەرزارانەوە باسی لێ دەکرێ، بەراستی چیتر سەبرمان نەماوە هەر وەکو کاک مسعود بۆی باس کردن لە هەڵسان دا میتران بەڕاستی ئەوەندە رێزی لێ گرتین سەرۆک میتران ماڵی ئاوابێت، زۆر مجاملەی کرد، ئینجا وتی بڕۆنەوە بەگەلەکەتان بڵێن فەرەنسا لە پشتانە هەرگیز بەجێتان نایەڵێ و هەرگیز پشتان تێ ناکات، ئەم سیاسەتە ناگۆڕێ دڵنیابن نەک ئەوە قسە بێ بکرێ، بەڵکو بەکارو کردەوە یارمەتیەکانتان بەزووترین کات پێ دەگات، زۆر چاک گوێی لێ گرتین پرسی گرفتە ئابووریەکانتان چییە؟ لەوێش من بۆم شی کردەوە کە چۆنەو چیە، ووتی بەسەر چاو ئەوانە تێ دەگەین وئیشی پێ دەکەین بۆ نموونە (ئەلگۆر) وای پێ ووتین ووتی: دەچنەوە بەگەلەکاتان بڵێن لە کۆشکی سپی دۆستتان هەیە و، بەدڵ گەرمیەوە بچنەوە بەدڵنیایی بگەڕێنەوە بۆ وولاتەکەتان، بەراستی کۆشکی سپی دۆستمانە ئەوە شتێکە ئاشکرایە شتێکی تر کە هەڵوێستی حکومەتی نوێی فەرەنسایە من پێتان بڵێم هیچ گۆڕانێک لە هەڵوێستی نوێی فەرەنسادا نییە، ئەمە بە قسە نییە بەنوسراوە، ئێمە نووسراومان لەکنە نامە هاتووە بۆ کاک مسعود بۆ بەندەی دڵسۆز لە بەڕێز جاک شیراکەوە کە سەرۆکی زۆرینەیە کە بەخەتی خۆی نوسیویەتی و دەڵێ من زۆر ئەسەف دەخۆم کە هەردووکتان هاتن لە فەرەنسا لە پاریس نەبووم، زۆرم حەز دەکرد بتان بینم ومن چاوەڕێی ئەو رۆژەم کە جارێکی تر رێتان بکەوێتەوە ئەو وولاتەو بتان بینم، هەڵوێستی فەرەنساتان بۆ دووپات بکەمەوە کەخەڵکی کوردستانی عێراق ئێمە پشتیوانتان لێ دەکەین وسیاسەتمان نەگۆڕە، وەزیری دەرەوە بە دەستی خۆی نامەی نوسیوە وەڵامی نامەی ئێمەی داوەتەوە باسی ئەوە دەکات کە فەرەنسا

سیاسەتی نەگۆڕە خاوەنی بڕیاری (٦٨٨)و وشەی گەلی کورد بەکاردێنێ گەلی کورد دەپارێزێ وپشتیوانی لێ دەکات، لە لانی سیاسی و سەربازی و یارمەتی مرۆییەوە، (٣) ڕۆژ پاشی چوونەکەمان بۆ فەرەنسا پشودان بوو، ئێمە لەو ڕۆژانەدا ئەوانەمان دی وانیبیە کە کەسمان نەدیووە خەڵکمان دیوە، بەڵام مەسەلەیەکی تر لەو سەفەرەدا تازە و نوێ بوو، ئەویش مەسەلەی وڵاتە عەرەبییەکانە، بەراستی ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ئێمە دەوڵەتی گەورەی وەکو سعودیە دێتە سەر ئەو ڕایەی کە وا فیدراڵ خراپ نییە زەرەری نییە و کە بۆمان شی کردنەوەو کاک مسعود وبەندەی دڵسۆزتان قسەکانیان بۆ باس کردن بەراستی گوتیان باش تێ گەیشتین نە لەدژیداین و نە پێ مان خراپە، لە مەودوا یارمەتیتان دەدەین لە ڕووی سیاسی و مرۆیی و هەموو ڕوویەکەوە، ئەو ڕاکێشانی پشتوانی دەوڵەتێکی گرنگی وەکو سعودیە، یا وەکو هەتا بۆ برا سوریەکانیش شیم کردەوە ئەوانیش وتیان ئێمە دژی نین، هەروەها کوێت خۆی لە خۆی دا ڕاکێشانی کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی عەرەبی کە بۆ مەسەلەی کورد جاران بۆشاییەک هەبوو لەنێوان برا عەرەبەکانمان بە تایبەتی برا عەرەبە کار بەدەستەکانمان، ئەمە شتە نوێیەکانە بەگشتی کە دەتوانم بڵێم لەم سەفەرە بەدیم کرد و، ئەو سەفەرەی کە من بەتەنیا کردم یەکەم سەفەریان بۆ سوریا بوو و لەسوریا بەراستی کۆبوونەوەی زۆرمان کرد، دەیان کۆبونەوەمان کرد لەگەڵ جەنابی (عەبدولحەلیم ئەلخەدام) جێگری سەرۆک و مامۆستا (علی ئەحمەد) جێگری سکرتێری گشتی پارتی بەعسی عربی سوشیالستی، پاشان لەگەڵ سەرۆک (أسد) کۆبونەوەیەکی دوورودرێژمان کرد. لەو کۆبونەوانەدا بەدووڕو درێژی مەسەلەی کوردستانیان بۆ ڕوون کرایەوە مەسەلەی فیدراڵی، هەڵبژادنی پەرلەمان ومەسەلەی دانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەراستی بەشێوەیەکی زۆر هەڵە تێگەیشتبوون و هەموو ووتیان ئەم زانیاریانە نوێیە، بەتایبەتی سەرۆک اسد ووتی ئەمە شتی تازەو نوێیە و، دوو پاتی کردەوە کە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق وگەلی کورد نین بەگشتی، بەڵکو پشتیوانین و هەروەکو پێشتر پشتوانی بووین و، ئەگەر گلەییان بوو بێ لەکاتی ڕاگەیاندنی فیدراڵی بووە نەک لە ناوەڕۆکەکەی، گەلی کوردستانی عێراق لە هەموو شوێنی (حەق)ە مافی خۆی وەربگرێ وەکو گەلێکی خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ و، خاوەن حەق، دەتوانم بڵێم ئێمە ئێستا نێوانی بەرەی کوردستانی و سوریامان هێناوەتەوە دۆخی جاران و بڕیارە لەمەو دوا هاتوچۆ هەبێ ئەویش ئاسانکاری مرۆڤایەتی وڕۆشنبیریی و بازرگانی و ئەوانە مان بۆ بکەن و نێوانمان باش بێتەوە، شاندێکی (تیاری) نەتەوەیی عەرەبی دیموکراتی دەعوەت کراوە بۆ کوردستان و مەکتەبەکان، لەوێ بەرەی کوردستانی زۆر باش ئیش دەکەن و ئاسانکاری پێویستیان وەکو جاران بۆ دەکەین، لەدوای سەفەری سوریا سەفەری کوێت بوو، دیارە سەفەری کوێت لەسەرداوای ئەوان بوو هەم خاوەن شکۆ میری (کوێت)مان دیت لەگەڵ خاوەن شکۆ جێ نشین و وەزیری دەرەوە، ڕەمەزان بوو، لە ئێوارەیەکی فتار کردنەوە دا لەماڵی جەنابی وەزیری دەرەوە هەموو وەزیرەکانیشی دەعوەت کردبوون، قسەکانمان هەموو بۆ کردن ئەوەی لە بیرتان دابێ گرفتە ئابووری و سیاسیەکان،

مەسەلەی فیدرالی، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەوانە باس کران و کەس لاری لەسەر هیچ شتێک نەبوو، تەنها ئەوان ئەسەفی ئەوەیان ئەخوارد کە وەختی خۆی یارمەتی صدامیان داوە، چاک لەمەسەلەی کورد نەگەیشتوونە وەکو پێویست پشتوانیان لێ نەکردووە، پیشانیان دا کە ئامادەن کە لە هەموو روویەکەوە هاوکاربن، دوای ئەوە سەفەری ئیسپانیا بوو، ئیسپانیا هەندێ لەو کاربەدەستانەی لە هەموو وەزارەتەکان دیتمان ئەویش وەختەکەی باش نەبوو، باوکی مەلیک لەمردندا بوو، لەبەر ئەوە هەموو حکومەت لە دەوروبەری خەستەخانە بوون، بەڵام ئەوانەی کە دیمانن بەراستی جەختیان کردەوە کە ئیسپانیا پشتیوانی لەگەڵ کوردستان دەکا، هەروەها وەفدێک دەنێرن، وەفدەکە ئێستا لێرەیە بۆ ئەوەی شتەکانمان بزانن بەپێی توانا یارمەتیمان بدەن و گوتیان لە ئەنجوومەنی ئاسایش بەنوێنەری خۆتانمان حساب بکەن، لە پارێزگاری کردنی کوردستان لە بەرگری کردن لە مەسەلەکە، سەفەری بەریتانیا ودیتنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا مستەر جۆن مێجەر و دیتنی وەزیری دەرەوە مستر دوگلاس و هەندێ لە خەڵکی تر لەکار بەدەستانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەرەوەی وەزارەت ئەوانە زۆر روون وئاشکرا لەمەسەلەکان دەگەن و زۆر بە ئاشکرا نیشانیان دا ئەوان پشتوانی گەلی کوردن فیدرالییان قبوولە وبەلایانەوە باشە ودژی نین لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی یەکگرتوودا جگە لەوانە بەراستی ئەو سەردەمەی کەمن چووم بۆ ئەو وڵاتانە مەسەلەی ئاشتی کوردستانی تورکیا لە کاردا بوو پیشانیان دا کە پشتیوانی لێ دەکەن و دیموکراتی تورکیا یان پێ باشە و هەوڵ دەدەن کە سەربکەوێ، دێمەوە سەرمەسەلەیەکی تر، دیسان بەریتانیا خانم (لیندا چوکر)مان دیت وەزیری ئاوەدان کردنەوەی ئەو دیو دەریاکانە، بەڵێنی دا کە لە بۆ بیناکردنەوەی ژێرخانی کوردستان یارمەتیمان بدات و بۆ کرینی گەنم و دەغڵو دانی کوردستان یارمەتیمان بدات و، هەروەها بۆ مەسەلەی نەوت وەکو بەریتانیا بۆ مەسەلەی دانانی پاڵافتگەیەکی نەوت لە کوردستان رازین و لەگەڵ هاوپەیمانەکان قسە دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەکردەوە جێبەجێی بکەین و دایبنێین و لەیارمەتی دانی بریتانیا دڵنیای کردین کە ئەوە سەر دەگرێ، بە زووترین کات هەوڵ دەدەین، دیارە لە هەموو ئەو شوێنانە گلەیی خۆمان لە دیموکراتی کوردستان کردوە کە نەی ووتوە حەقتان نییە یاخود وانییە ئەوەی راست بێ ئەندامانی INC عەرەبەکان بەراستی بەرگریان لەئێمە دەکرد، مەسەلەی ئێمەیان پێش دەخست و پشتیوانیان لێ دەکردین، ئێمەش مەسەلەی برا شیعەکانمان لە باشوور پێش دەخست و باسمان دەکرد، ودەمەوێ کەپێتان بڵێم شتێکی نوێ کە سەرەنجی ئەو کەسانەی راکێشابوو ئەوە بوو، کە هەڵوێستی کوردیان زۆر یەکگرتوو دەبینی و، سەریان سورما بوو لەو یەکێتی بیروڕایەی کە لەنێوان ئێمەدا هەیە، هەردووکمان بەیەک زمان بەیەک جۆر قسەمان بکەین بەیەک، هەریەکێک قسەیەکی کرد ئەوەی وەکو باسیان دەکرد کە کورد چۆن یەکە ئەمرۆ لە دونیا، بەراستی بەنموونەی گەلی یەکگرتووی دەزانین هەر بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەفغانستان و فەلەستین و صۆمال و ئەو شوێنانە ئەو یەکێتی یە بەدەستکەوتێکی گەورە دەزانن

بۆ گەلی کورد، بە دەلیلی پێش کەوتن و گەشە کردنی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی دەزانن، ووتیان بەراستی کورد نموونەیە، هەموو جار بە نموونە دەیهێنمەوە، ئەمەشیان پێ باش بوو کە لەکۆنگرەکەدا ئێمە بەرگریمان لە عەرەب ولە برا شیعەکان دەکرد، ئەوانیش بەرگریان لە کورد دەکرد ئەمەشیان بەنیشانەیەکی یەکگرتنی ئۆپۆزسیۆن دانا لەسەر مەسەلەی ئاشتی تورکیا قسەتان بۆ بکەم، خۆتان دەزانن ئێمە سیاسەتمان ئەوەیە کە لە کوردستانی عێراق دا نیزام و قانون حوکم بکات، کوردستانی ئێمە نموونەیەکە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و حوکمی قانون چ قانونی ناوخۆ چ قانونی دەوڵەتان، لەبەر ئەوە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە سنورەکانی خۆمان لەژێر کۆنترۆلی خۆماندا بێ، بەنسبەت برا کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانەوە ئازادی چالاکی سیاسی و رۆشنبیریی و کۆمەلایەتی هەموو جۆرێکیان هەیە بەلام ناتوانین ئێمە کوردستانی عێراق بکەینە مۆڵگەی چەکداری و یاخود پەلاماردانی چەکدارانە لە کوردستانەوە بۆ دەروجیرانەکانمان نەپێمان دەکرێ نەتوانامان هەیە نە ئەو بارە قورسەمان پێ هەڵدەگیرێ نە قانونی دەوڵەتان رێ دەدات نە هەلومەرجی تایبەتی کوردستانیش ماوەی ئەوە دەدات، خۆش بەختانە هەموو برا کوردەکانمان لەوە گەیشتوون و دەیسەلمێنن کە ئەمە مافێکی رەوای ئێمەیە و پێویستە ئەوان یارمەتیمان بدەن، بەنسبەت تورکیاوە خۆتان دەزانن سیاسەتمان لەگەڵ پ.ک.ک دا ئەمە بوو لە سنورەکان نەمێنن و بچنە ناوچەیەکی دیاری کراو، لەخاکی ئێمەوە پەلاماری تورکیا نەدەن، ئەگەر پێیان خۆشە شەڕی چەکداری خۆیان بکەن لە وولاتی خۆیان بیکەن، بەلام دەبێ ئێمە ئەو راستییە دووپات بکەینەوە کە ناتوانین چ وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان چ وەکو بەرەی کوردستانی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکەین ئەو شتەی کە خۆمان کردومانە بە بەڵگە بە هۆی داواکردنی مافەکانمان نابێ خۆمان پێشێلی بکەین، یا ئەو دارە ببڕینەوە کە لەسەری راوەستاوین، لەبەر ئەوە پێمان باش بوو ئەگەر بتوانین سەرکردایەتی پ.ک.ک قایل بێ کە داوای ئاشتی یەک بکات لەکوردستانی تورکیا، پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا ئەوە بوو پاش کۆبوونەوە لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ئاشکرایان کرد کە دەیانەوێ شەر رابگرن و ئامادەن هەندێ گۆڕینی گەورە بکەن، یەکێک لەوانە لەجیاتی داوای دەوڵەتی سەربەخۆ داوای فیدرالی بکەن لەچوارچێوەی تورکیاداو، داوای مانەوە بکەن لە چوارچێوەی تورکیا و شەر رابگرن و تەنانەت ئەمەش قبووڵ بکەن کە لەگەڵ ئەوانیش گفتوگۆ ناکرێ لەگەڵ هێزی تر بکرێ، ئەو شتانەمان لەگەڵ کاک مسعود بەراوێژکاری کرد، هەروەها لەگەڵ خوا لێ خۆش بوو تورگوت ئوزالدا، بەڕاستی دۆستێکی گەورەی کورد بوو، کۆچکردنی دوایی زیانێکی زۆر گەورە بوو بەخەڵکی کوردستان کەوت، تورگۆت ئوزال مەبەستی سەرخستنی ئاشتی بوو، ووتی سەفەرم هەیە بۆ ئاسیای ناوەڕاست هەر کە لەوێ هاتمەوە ئیتر هەموو وەختی خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەمە، بەداخەوە کە هاتەوە ئەمری خوای کرد، بۆیە نەیتوانی وەختەکە تەرخان بکا، جەنابی سەرۆکی ئێستای تورکیا سلێمان دیمریل ئەویش هەرپێی خۆش بوو پێی باش بوو، پێی وابوو کە مۆڵەتیان پێویستە بۆ

ئەوەی بتوانین بیری لێ بکەنەوە مەرجی بابەتیانەو مەرجی خودی (ذاتی) ئامادە بکەن بۆ قبوول کردنی، یەکێک لەو شتانە ئەوە بوو ماوەیان زیاتر پێویستە، لە (١٠) رۆژ زیاتر بێت چونکە بەس نییە بۆ ئەم ئیشە و، سەرۆکی پەرلەمانم دیت جەنابی (حسام الدین) زۆری پێ باش بوو، سەرۆکی حزبەکانم هەموو دیتن، جگە لە یەکێک لەوانەی کە بەتەواوی دوژمنانە بوو دەنا هەموو زۆریان پێ خۆش بوو، هەروەها کار بەدەستانی وەزارەتی دەرەوە، کار بەدەستان زۆربەیان پێیان باش بوو بەڵام داوایان دەکرد ماوەکە درێژ تر بێتەوە، ئەمە بوو دیسان چوینەوە سوریا هەوڵماندا لە لوبنان کۆبوونەوە کرا، جارێکی تر درێژ کرایەوە، لەم کۆبونەوەیە ئەو برایانە بەشداریان کرد هەم حزبەکانی تریش، چەند شتی باش لە تورکیا کرا حزبەکان لە ناوخۆیان پرۆتوکۆلی هاوکاریان ئیمزا کرد و، ئێستا وا خەریکن بەرەیەکی کوردستانی وەکو ئێمە دروست دەکەن، دووەم لە ناو وولاتدا ئەوانەی بەعەرەبی قسە دەکەن حزبێکی نوێیان دروست کرد بەناوی حزبی دیموکراسی، لە پێناوی دیموکراتیەت دا کە هەموو لایەکی تێدایە یەک بیروباوەڕن، هەروەها بەڕاستی گەشە کردنێک هەبوو بەتایبەتی ئەم نەورۆزە، کە بە ئاشتی زەماوەندی گێرا بوو ئەمە شتێکی زۆر بوو لەمێژووی تورکیادا بە داخەوە ئەمە زۆری نەخایاند هەر چەندە درێژکرایەوە (٢) مانگی پێ چوو لە دوای شەرەکە توند بۆوە ئەوە چەند راستییەیەک هەیە پێویستە بڵێین لەو ماوەی (٢) مانگەدا، بەڕاستی شەر راوەستا لە تورکیا هەرچەندە لایەنێک شەری راگرتبوو بەداخەوە لایەنەکەی تر بەتەواوی شەری رانەگرت، شەری توند هەبوو لەم لا و ئەو لادا بەڵام گەورە نەبوو، لەوانە بوو ئەگەر ئاشتی یەکە بەردەوامبایە لەوانە بوو ئەو شەرانەش رابگرێ و، بەداخەوە کارێکی زۆر ناڕەوا کرا ئەویش کوشتنی (٣٢) سەربازی مۆڵەت پێدراوی تورکیا بووکە نەچەکیان پێ بوو نەشەریان کرد بوو خۆتان دەزانن کوشتنی دیل لە هەموو بارێکدا تاوانە، بەپێچەوانەی رێ ورەسمی کوردانە ئێمەی کورد شانازی بە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دەکەین، کە رێزی لە دیلی دوژمنی خۆی دەگرت، برینداراەکانی تیمارکردوون و چاکی کردونەتەوە، نەک سەری بڕیبوون ئەوە مەزندەی خۆشمان هەر ئەوە بوو، خۆتان لەبیرتانە چەند سەد هەزار سەربازو ئەفسەری عێراق دیل کران، ئەوە دژی رێ ورەسمی کوردانە دژی رەوشتی پێشمەرگەو گەلە، دژی یاسای دەوڵەتانە، دژی رێک کەوتنامەی (جنێڤە) کە دەبێ دیل حسابی تایبەتی بۆ بکرێ، بەداخەوە ئەمە کارێکی خراپ بوو هەر چەندە خۆیان دوای چەند هەفتەیەک تاوانباریان کردو وتیان کارێکی خراپە، بەڵام خۆزگە لە یەکەم رۆژەوە ئەم کارەیان بکردایە، ئەو شتە هەیە ئەمە بەڕاستی گەرمی کردەوە دوای ئەوە بەڕای ئێمە پێویستە بڵێین شەرەکە وا دەکەین هاوینێکی گەرمی خوێناوی دروست دەکەین، مرۆڤ تەنانەت ئەگەر لایەنەکەی بەرامبەری ئاشتی قبوول نەکا باشتر وایە لە حاڵەتی بارێزگاری دابێ. ئێمە لەگەڵ ئاشتین بۆیە لەبەیانێک دا بە ئیمزای کاک مسعود و بەندەی دڵسۆزتان دەرچوو کە ئەو کوشت و کوشتارو توندو تیژیە مەسەلەکە چارە ناکات، و هەر رێگای ئاشتی و دیموکراسی و برایەتی چارەسەری مەسەلەکان دەکات، ئەوەی پێویستە بیڵێم ئێمە هەڵوێستمان نەگۆڕە و، پێمان خۆشە

هەرچی زووتر ئاشتی بێت وئارامی بگەڕێتەوە بۆ تورکیا، چونکە تورکیا جیرانێکی ئێمەیە بەڵێنی داوە یارمەتیمان بدات، هەروەها چونکە مەسەلەکانی ئەو سەردەمەی جیهان بە ئاشتی و دیموکراسی چارە دەکرێن بە توندوتیژی چارە ناکرێ ئەمە ئەزموونێکە لە هەموو دنیادا دەبینین و لەبەر چاومانە کە دەبێ ئەوە بکەین، تورکیا بەڵێنی داوە یارمەتی ئابووریان پێ بدات، پێویستە کەڵکی لێ وەربگرین روون کردنەوەیەک هەیە لەسەر ئەو یارمەتیانەی بۆ کوردستان دێن، هەتا ئێستا بەداخەوە زۆر بەداخەوە لەرێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، زۆر بەداخەوە هێشتا دنیا نەهاتۆتە سەر ئەو قناعەتەی کە یارمەتییەکە بداتە دەست هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفی بکات، ئەمە قازانجمانە و ئەو کەسانەی کە یارمەتیمان دەدەن ئەمە چاکترین رێیە، بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستا دنیا نەهاتۆتە سەر ئەو رایە، ئەو پارانەی بە نموونە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دێن، ئەوە دەچێتە قورگی شێرەوە نایەتە دەرێ، ئەگەر بێتوو ئەو پارانە بگاتە کوردستان کە بۆ کورد سەرف کراون بگاتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەڕ بکەن بەشی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەکات و، ئەگەر ئەو پارانەی ئێستا دانراوە دیسان بدرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفی بکات ئەوەش دیسان بەشی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەکات، بۆیە هیوادارین ئەمجارە بدرێتە INC بەمەرجێ مروونەت هەبێ، هاوکاری و تەبایی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات و ئەو پارەیە سەرف بکات، ومەسەلەیەکی تر هەیە بەڕاستی پێویستە هەموومان بیری لێ بکەینەوە، ئەویش مەسەلەی پارەو پوولە، ئەوپارەو پوولەی کە حکومەتی عێراق لەغوی کرد، دیارە حکومەت لەم هەنگاوە دەری خست کەوا حکومەتی عێراق جیاوازی خوازە (انفصالیە)، ئەو ئێمەی تاوانبار دەکات بەجیابوونەوە، حکومەتی عێراق پاڵمان پێوە دەنێ خۆشی لێ جیاکردووینەوە، بەرێوەبردنەکانی کێشاوەتەوە و ئابلۆقەی ئابووری لەسەر داناوین و پارەکەشی لەغو کرد، پارە، یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی یەکێتی ئابووری هەر شوێنێک کە ئەمەی لەغوکرد و متمانەی بە بەشەکەی تری پارەکەی نەهێشت کێ دەڵێ بەیانی ئەوەی تریش لەغو ناکەن، من دەمەوێ بیرێکتان بخەمە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا لە دنیادا لە ناو کوردەکانی دەرەوە، لە سوریاو تورکیا ئامادە بوونێک هەیە بۆ دانانی بانقێک، بانقێکی کوردستان لە دەرەوە کە پیتاک کۆ بکاتەوە لە کوردستانی خۆمان ئەوە بە هەڵمەتێک بەپشکداری کورد یا بە یارمەتی کورد ئەمە بکرێ، ئەو وەختە دەتوانین وەکو بانقی ئسکتلندا لە ئینگلترا دیناری عێراقی دەرکەین بە رصیدێکی ترەوە، بەڵام ئەمەش ئابوورییە بە پەلە نابێ، هەندێ لە ئابووری زانە ناودارەکانی عێراقی نامەیان بە مندا ناردوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئابووری و دانانی چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە، یەکێ لە پێشنیارەکان ئەوەیە، پاشان پێشکەشی حکومەتی هەرێمی دەکەین، هەرچۆنێک بێ ئێمە پێویستە خۆشمان بۆ ئەوەی کاروبارەکانمان تەواو بکەین چاکترە خۆمان گورج و گۆڵ بکەینەوە ئەو هەل ومەرجە لەبارەی لەدەرەوە لەبۆمان رەخساوە بەهیمەتی خۆمان چاکترین کەڵکی لێ وەربگرین، نابێ بۆ هەموو شتێ بەتەمای دەرەوە بین، هەر

چاومـان لە یارمـەتی دەرەوە بێت، پشت بەهێـزو توانای خـۆمـان ببـەسـتین، بیـر لەچارەسـەری گیروگرفـتمان بکەینەوە و هەوڵ دەین لەو یارمەتیانە کـەڵـک وەربگرین و پەرلەمـان ئەو قـانونانە دەرکا کەپێویستن و پشت بە خۆ ببەستین، بۆ ئەمەش دەبێت پرۆژەمان هەبێت بەڕاستی، هەروەها ئەو یارمەتیـانەی کە لە دەرەوە دێن بەهۆی رێکخراوە خێر خوازەکانی خۆمان یا هی دەرەوە رێک بخـرێت، حـەقـە پەرلەمـان بریارێک دەربکات، شـێـوەی رێکخـسـتنی ئەوانە لە ژێر چاودێری وەزارەتێکی خـاوەن پسـپـۆڕی دا بێت، بەشـێـوەیەک بێت بەهاوکـاری لەگەڵ بەرنامـەی پرۆژەی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان بۆ ئەوەی لەسەرتاسەری کـوردسـتـاندا کـەڵکی لێ وەربگـیـرێت، خۆشمـان پێویستە بەڕاستی بیر لە توانای خۆمان بکەینەوە، هەروەها ئەو یارمەتیەی بۆمـان دێت بلێین تورکیا بریاری داوە شتێک بکرێت، دەبێت ئێـمە پرۆژەمـان هەبێت و پێویسـتە پلانێکمـان هەبێت ئەمساڵ سـاڵی ١٩٩٣ساڵی حوکـمی قانون بێت لە کـوردسـتـان، بەتەواوی سـاڵێک بێت کەوا لە هەمـوو توانـاو لێهاتوویـیەکانی خەڵکی کـوردسـتـان کـەڵـک وەربگرین، بێ جیـاوازی بیـرو باوەڕو بۆچوونی سیـاسـیـان، بەڕاسـتی لەبینا و ئاوەدان کردنەوە و رێکخـسـتنەوەدا دەبێت توانـاو لێـوەشـاوەیی وشـارەزایی و توانا بەپلەی یەکـەم وەربگـیـرێت و، کـەڵـک وەرگرین لەو هەڵانەی کە وولاتانی بلوکی رۆژهەڵات تـوشی هاتن کـەلە ئەنجام دا توشی زەرەرێکی زۆر بوون، میللەتی ئێـمە مـیللەتێکی بە توانایە هەتا هەندێ خـاوەن تواناـمـان لە دەرەوە هەنە، ئەگـەر بانگیـان بکەینەوە بێنەوە کـەڵکیـان لێ وەربگرین شـتـێکی زۆر باشە راوێژیان پێ بکەین شـتـێکی زۆر باش دەبێت، بەلام بەڕاستی دەبێت بەدڵێکی کراوە ومێشکێکی کراوە ئەوکارانە بکەین، جارێکی تر سوپاستان دەکەین کە ئەو دەرفەتەتان بۆ رەخساندین کەوا لە حزووری جەنابتاندا لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بین سوپاس بـۆ ئێوە و دەستەی سەرۆکایەتی.

**بـەڕێز کـــــاک مـــــــســـــــعـــــود بارزانی:**

دوو پرسیار هەیە ئەڵێن بۆ پالاوتگەی نەوت چیـتـان کردووە؟ و بۆ مەسەلەی دەست درێژی ئێران بۆ سـەر کـوردسـتـان رای دەرەوە چیـیـە؟ وابزانم بۆ پالاوتگەی نەوت مـام جەلال باسی کـرد، بە جـدی وابزانم هەوڵی ئەوە دراوە کە بەریتـانیا جێبەجێی بکا، لەبەر ئەوە زۆر باشـترە شتی لابەلا نەکرێت هەر بۆ ئەوان جێ بهێڵدرێ بۆ ئەوەی بەبریاری ئەنجـوومەنی ئاسایش بێت، بەنسـبـەت دەست درێژی کردنی ئیـران یەکـەم جار لەئاسایشی نەتەوەیی و پاشـان لە رۆژنامـەش بلاوکرایەوە کە بریار نەبوو بلاوبکرێتـەوە، بەلام کە بلاوکرایەوە وەک نهێنیـەک نەمایەوە، ووتیـان ئێـمە عێراق و ئێـران لەیەک تای تەرازوو دادەنێین هەردووکـیـان بە دوو دەوڵـەتی دژی قانون و دژی مـافی مرۆڤ دادەنێین و ئەو سەردەمـەش رۆیشت، ئێـمـە بـلـێین لەبەر ئەوەی پێـویسـتـمـان بەعـێراقـە تا هاوسـەنگی ئێـرانی پێ بکەین موجامەلەی عێراق ئەکەین، یا بە پێچەوانەوە نە موجامەلەی عێراق ئەکەین نەهی ئێران و هەردووکیان بەیەک چاو تەماشا دەکەین، بەیەک چاو مـامڵـەتیان لەگەڵدا دەکەین، دەربارەی دەست درێژ کردنیشـیـان، وابزانم قسـەکـەرێکی (پنتاگۆن) یاوەزارتێکی دەرەوەی ئەمریکا بوو ووتی. هەر

تەعەددایەک لەسەر کوردستانی عێراق بکرێت بەنسبەتی ئێمە وەکو یەکە سەرچاوەکەی هەر کام بێت، لەوانەیە تا مەسەلەی مانۆری بچوکی وسنووری بێت، رەنگە چ شتی گرنگ نەکرێت، بەڵام ئەگەر شتی گەورە بکرێت بە بۆچوونی من چۆن رەفتار لەگەڵ عێراقدا ئەکەین ئاوهاش لەگەڵ ئێراندا ئەیکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وائەزانم بەدرێژی وەڵامی زۆر شتتان دایەوە، واش رێککەوتبووین کە پرسیار نەکرێت، بەڵام ئەگەر شتێک هەیە بفەرموون؟..

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی:**

کاک ئەکرەم لە فراکسیۆنی ئاشوری پرسیاری کردووە، دەڵێت هەستتان چی بوو کاتێک خەبەری شەهید بوونی فرانسیس یوسف شابۆتان بیست؟ لە چ دەوڵەتێک بوون ودەستگای راگەیاندنیان چیان کرد؟. ئەو رۆژە من لەناو فرۆکە بووم کە دەچووم بۆ (نەمسا)و لەوێشەوە بۆ خەستەخانە، دوای سێ چوار رۆژ خەبەرەکەم بیست، وابزانم ئەوکاتە مام جەلال لە حەج بوو، لەراستیدا زۆر جێی داخ بوو، شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە ئەمە دەستی چەپەڵی رژێمی عێراقەو، پێشتریش بریارێکیان هەبوو سەرکردەکانی حزبەکان، ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران هەر کامیان بۆ هەڵکەوێت لێی دەن، بەڵام ئیتر ئەوەش بەشێکە لەو قوربانیانەی کە ناچارین تاماوەیەکی تریش بیەدین!.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

لە هەموو لێدوانێکماندا بە توندی نارەزاییمان راگەیاندووە، وتمان ئەوە تاوانێکە دژی هەموو خەڵکی کوردستان کراوە و، ئەوە زیانێک بوو لەهەموو خەڵکی کوردستان کەوتووە و ئەو پیاو کوژانەی ئەو تاوانەیان کردووە، ئێستا هەوڵ بدەین بیاندۆزینەوە و بە سزای خۆیان بگەن.

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی:**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن یەک دوو خاڵی تر هەیە، دەمەوێت دەستنیشانیان بکەم، هەرچەندە باسی سەفەرەکە کرا، ماوەیەکە من و برای بەرێزم مام جەلال لێرە نەبووین، هەندێ شتی وامان بیستەوە چ کە لە دەرەوە بووین چ کە هاتینەوە دیسان هەندێ کەسی نەفام یا لەوانەیە بەقسەی دوژمنانی هەردوو حزب و گەلەکەشمان هەندێ رەفتاری وایان کرد بێ کە بۆنی شتی خراپی لێ بێت، پار لێرە من بەیانێکم بۆ ئێوە هێنا رێک کەوتنامەیەک کە هەردووکمان ئیمزامان کرد بوو، بۆمان خوێندنەوە وابزانم ئەوە هەنگاوێک بوو لە هەنگاوە هەرە پیرۆزەکان و، ئێمە سوورین لەسەر ئەوە بەراستی لە دەرەوە هەستمان کردووە، یەک رووما‌ن پیشانی دەرەوە داوە، ئەگەر ئەو گرفتانە بوون، جاران ئەتان ووت خەتای ئەوانە خوا شاهیدە خەتای ئێمە نییە، ئێمە برایین لەوە خەتای خۆتانە نازانم بلێم خەتای مەکتەب سیاسییەکانە پێدا برۆنە خوارێ، بەڵام من نازانم نە خەتای منە نە مام جلال، ئێمە سەربەرزین لەمەش سەرئەکەوین ئەگەر پارتیەک یا یەکیەتیەک وابزانێ بۆ خۆی

ئەتوانێت شت بکا، بەڕاستی گۆڕی خۆی و میللەتەکەی و حزبەکەشی هەڵئەکەنێت، ئێمە هەردووکمان پێکەوە لەگەڵ برا هاوپەیمانەکاندا کە لەبەرەی کوردستانین، ئەنجا لەگەڵ مناڵێکی کوردستان ئێمە هەموو بەیەکەوە ئەتوانین بژین و ئێستا بۆ ئێمە جێگای خەوشێکی زۆرە کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئێمە بکاتە نموونە وبۆ ئەنگۆلا وبۆ ئەفغانستان کە گرفتێکی وەک گرفتی ئێمەیان هەیە، لەبەرئەوە من حەزدەکەم هەندێ ڕاستی بڵێم و نیازیشمان وایە هەندێ دانیشتنی تایبەتی بکەین، ئەوەی بیەوێ تەباییەکە تێک بدات جێگای لە ناوپارتی لە ناو یەکێتی، یا لای من و مام جەلال نابێتەوە، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەمە شتێکی (مبدئیە)، چونکە ئێمە ئەزانین ئەگەر ئەو گرنگییە نەمێنێ بەڕاستی تیا ئەچین. خاڵی دووەم ئەوە یەکە لەوانەیە گلەییەکی زۆر بکرێت لە(٥٠ ـ ٥٠)ی پەرلەمان لەوانەیە لە هەندێ لەناوەندەکانی تریش، بەڵام ئیتر ئەبێت ڕاددەیەک بۆ ئەمە دابنێین، خەڵکی بێ لایەن هەنە حزبەکانی تر هەنە با کاروبارەکان وەرگرن وخزمەتی میللەتی کورد وکوردستان بکەن بەتایبەتی ئەوانەی لێهاتوون، هەندێ پرۆژەی ب اسا هەبوو، نازنم دەرچوون یان نا؟ وەکو یاسای حزبەکان و یاسای ڕاگەیاندن، چونکە ئەمڕۆ هەرچی هەڵدەستێت ڕۆژنامەیەک دەردەکا، تەلەفزیۆنێک دادەنێ، من چووم بۆ (باڤاریا) داوامان لێ کردن وتمان ئێمە حکومەتێکی تازەمان داناوە ئێزگەیەکمان بدەنێ، وتیان بۆ ئێوە ئەتوانن ئێزگە دابنێین؟ وتم بەڵی، بەڵام نە پارەمان هەیە و نە ئیزگە، وتی خۆزگەم بەحاڵی ئێوە، ئێمە چەند ساڵە حەزدەکەین لەگەڵ دەوڵەتی فیدرالی ئەڵمانیا مۆڵەتمان بدەن تەلەفزیۆنێکی تایبەتی خۆمان بدەنێ، مانای ئەوە نییە دیموکراتیەت واتە ئاژاوە، ئەبێت قانونێک هەبێت ئەو شتانە ڕێکخات، واتا هەندێ شت هەیە خەریکە بەزەرەر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە و، جانازانم ئەگەر ئەو قانونانە دەرنەچووینە پێویستە تۆزێک زوو دەربچێت، لەبارەی دادگاوە ئەو تاوانبارانەی کە بە دەلیل و بەڵگەنامە گەر زیاتر بمێننەوە شتێکی خراپە ئەوانە ساغ بکرێنەوە، هەرئەوە بوو کە دەمویست ئاماژەی بۆ بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان ئەکەین داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەکەین و، بەم جۆرەش کۆتایی بەم دانیشتنەمان دێنین وزۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٤٦)

## یەک شەممە رێکەوتی ٢٧/٦/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٤٦)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٧

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٤٦)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- لێکۆڵینەوە دەربارەی کاروباری کشتوکاڵ.***

***٢- لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیانی خەڵکی ئۆردوگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر.***

***٣- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری.***

***٤- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمرۆمان چەند خاڵێکە، یەکیان پەیوەندی بەلیژنەی کشتوکاڵەوە هەیە، هەروەها گەڕانەوەی بەڕێز د. سەلاح بۆ ناو پەرلەمان بەخێربێ و، سێیەمیان دەربارەی گوزەران وباری ئابووری کۆمەڵگاکانی سنووری پارێزگای هەولێرە، وچوارەمیان پرۆژەی یاسای وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکارییە، لەوانەیە تۆزێک دوای بخەین بۆ رۆژی سێ شەممە، ئەمێنیتەوە تازە بابەت ئەگەر شتێک هەیە؟.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو تازە بابەتم هەبوو تەنها بۆ بەرچاوی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدەن:-

١- دەنگۆی وا بلاوبۆتەوە لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە چاندنی(حەشیش) لەکوردستاندا دەستی پێ کردووە و، ئەمەش مەترسیەکانی زاندراون.

٢- لەناو کۆمەلانی خەڵک لەسەر مەسرەفە زۆری بەڕێوە بردنەکان قسە دەکرێ، کەئەوەش ساردبوونەوەی داوەتە کۆمەلانی خەڵک لەئاینده، ئەگەر لەدانیشتنێکی نیو سەعاتی بۆ بکەین تا لێدوانی لەسەر بکەین یا بەشێوەیەکی تر چارەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە دەنگی لەسەر بدەین و بیخەینە ناو بەرنامەوەو، ئەو گفتوگۆیە دوابخەین.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ برادەران ئەوانەی زانیاریان هەیە لەم بابەتەدا، پێشنیاری ئەمەیان کردووە کە جۆرە حەساسیەتێکی تێدایە، لەدەرفەتێکی تردا قسە بکرێ زانیاری کۆ بکرێتەوە هەر لەئەمڕۆ بکرێتە دانیشتنێکی نهێنی و لێدوانی لەسەر بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی هەردووکی بخرێتە بەرنامەوە، بەڵام دوایی دیاری بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش تازە بابەتم هەبوو پێش(٢-٣)ڕۆژ لەسەر گەنم بۆ باس نەکرا؟. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە دوێنێ لەبەرنامەدا هەبوو، بەڵام دیارە (التباس) پەیدا بووە، بەڵام ئێمە دەتوانین جێگیری بکەین، ئەوە ماوەتەوە ئایا ئاگاداری وەزیری کشتوکاڵ بکەین کە ئامادە بێت؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستیەکەی لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەکەوە کۆمەڵێک مەسەلە هەبوون کەلەڕۆژانی ڕابردوودا بەناوی تازە بابەتەوە دانرابوون ئێستا هەندێکیان دەبی بڵێین کۆنە بابەت، بەڵام تازە بابەتی لەهەموویان گرنگترو نوێتر ئەو لێدانەی عێراقە لەلایەن ئەمەریکاوە، لەو بارەیەوە تا ئێستا زانیارەکان کەمن ئەگەر کاتێکتان تەرخان بکردایە بۆ ئەوەی لەسەری بدوێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دوو پێشنیارەی کەکرا، واچاکە کە پێشەکی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا ڕاوێژێک بکەین بۆ ئەوەی وەختێک دابنێین بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەم بابەتە ئەگەر کاک عەبدولکەریم لاری نەبێ ئێمە نایخەینە بەرنامەی ئەمڕۆوە، پاشان کاتێک دەست نیشان دەکەین کە باسی بکەین چ لاریتان هەیە؟.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها خاڵی یەکەم وابزانم گرنگە، ئەگەر باسی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێم وایە وەکو کاک کەمال فەرمووی کۆنە بابەتە، وەختی خۆی باس کرا، هەروەها ناوچەی ئامێدی و دەوروبەری هەندێ ئەوانەی کە لە ئێران گەڕانەوە لەوانە هەندێ شتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو لێرە داوا لە محسن ئامێدی کرا بەو ناوەی خەڵکی ناوچەکەیەو شوێنەکە شارەزایە وهەروەها ناویشیان تەسلیم بەمحسن ئامێدی کراو جەنابتان داواتان لێ کردبوو کە بچێ تۆژینەوە بکا، وەڵامەکەمان بۆ بێنێتەوە، نازانم وەڵامی بۆ ئێوە هێناوە؟ هیچ هەواڵی نەبوو، محسن ئێستا ئامادە نییە، حەز دەکەین لەوەختێک ئەمە گفتوگۆ بکەین کە ئەویش ئامادە بێ، چونکە راسپاردرا بوو، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمــــەد مــــەحـــمـــود یوســــفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەوە دەمەوێ هەر(١٠)دەقیقە لە دانیشتنێکی نهێنیدا باسی بکەم، چونکە هەندێ زانیاری بەبەڵگە لای من هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئەمڕۆ پەیوەندی بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەکەین، خراپ نییە ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدەن کەوا سبەینێ بیخەینە ناو بەرنامەوە، ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ببینین ولێرە ئامادە بن، بۆیە ئەیخەینە بەرنامەی سبەی. ئێستا دوو خاڵی بچووکمان هەیە مەسەلەی یەکەمیان گەڕانەوەی بەڕێز د.سەلاحەدین حەفید بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کەوەختی خۆی پاڵاوترا بوو لەسەر داوای برایانی لیستەی سەوز، ئینجا کێ لەگەڵ ئەمەیە کەد.سەلاح بگەڕێتەوە ناو ڕیزی پەرلەمانی کوردستان؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ کاک سەلاح گەڕایەوە بۆ ڕیزی پەرلەمان، بەخێربێ و هیواداریین بەهەمان هەڵوێست وهەمان هەست دەوری خۆتان ببینن لەپەرلەمانی کوردستاندا. پاڵاوتنی ئەندامێک بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، لەسەر داوای فراکسیۆنی زەرد، فەرموون داواکە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئێستا خەبەرێکی ناخۆش لە گوندی (بناوی) هات، لەناوچەی دۆڵی ئالانە خلیفان ئەوانە دوژمنایەتی کۆنیان هەیە گوایە بەناو یەک کەوتوون تا ئێستا (٨)جەنازە گەیشتۆتە خەلیفان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

جێگای داخە هیواداریین لەمە زیاتر تەشەنە نەکات، مەسەلەی پاڵاوتنی کەسێک بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، کاک فرەنسۆ ئێوە کێ بۆ ئەندامەتی لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

شێخ عەفان پاڵاوترا بوو.. سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بەڕێز شێخ عەفان پاڵاوتراوە بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ کاک عەفان بە ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ دانرا. دێینەوە سەر پێشنیاری کاک د.کەمال وهێرشی ئەمریکا بۆ سەر (مخابراتی) عێراق ئەگەر بفەرمێ شتێک لەم بارەیەوە باس بکات بۆ ئەوەی بواری گفتوگۆ کردن لەسەر ئەوە بدەین.

**بەڕێز د. کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەوەی راستی بێ پێویستە بڵێین لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دوێنێ شەوی رابردوو، پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە حەز دەکەم ئەمە بڵێم ئەمجارە لێدانەکە لەکاتێکی وابوو کە خەڵکی بەئاگانەبوون ئەگینا دوێنێ شەو تەق وتوقی زۆر دەکرا هەر بەو بۆنەیەوە پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو تەق وتۆقەی کە دەکرێ بەناوی خۆشییەوە بەراستی کارێکی زۆر ناپەسەندەو زیانێکی زۆر ئەبەخشێ ئەمڕۆ بەیانی بڵاو کرایەوە کەوا ناوەندی (استخبارات)ی سەربازی عێراقی لە لایەن ئەمریکاوە(٢٣) (رۆکێت)ی پیاکێشراوە تاوەکو ئێستا ئەنجامەکانی دەرنەکەوتوون کەزیانەکە تا چ رادەیەک بووە، بەڵام لێرەدا زیانە سەربازییەکە هەر چەند بوو بێ، کەم بێ یازۆر بێ، وابزانم ئەوەندەی ئەوە گرنگ نییە کە رەنگ دانەوەی ئەم لێدانە چی دەبێت بەنسبەت عێراقەوە، جارێ لەپێش هەموو شتێک هەموو ئەو درۆ ودەلەسانەی کەوا حکومەتی عێراق دەیکردن، کە گوایا خەریکن پەیوەندی خۆیان ئاسایی بکەنەوە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی رۆژ ئاوا ئەوەی بەدرۆ خستەوە جارێکی تر روون بووەوە کەوا ئەمەریکا ودەوڵەتانی رۆژ ئاوا وازیان لەعێراق نەهێناوە وهەرگیز لەتوانادا نییە کەوا عێراق بگەڕێتەوە ناوکۆمەڵگای نێو دەوڵەتان وئابلۆقەی ئابووری لەسەر لابرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس بۆ ئەم روونکردنەوەیە، ئەگەر برادەران دەیانەوێ لەهەمان بابەت قسە بکەن تکایە بەدیاری کراوی قسە بکەن، چونکە کاتمان دیاری کردووە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

شتی گرنگ ئەمە بوو بۆ میللەتەکەمان روون بێتەوە ئەو بەڕێزانەی کە لە دەرەوە هاتنەوە ئەو بەڵێنانەی کە پێیان درا بوو بەرامبەر نەگۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر حکومەتی عێراق ئەوەش زۆر چاک روونی کردەوە کە میللەت دڵی حەسایەوە کەوا قسەکانی ئەوان زۆری جێی

دڵخۆشینە، چونکە عێراق ئیتر ئومێدی نەما بەرەو ئەو لایە بڕواو سوود لە وەزعی وا وەربگری، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەلایەکی ترەوە بۆ بابەتەکە دەچم، وابزانم سەدام هەر لەسەر ڕێبازو سیاسەتەکەی خۆیەتی، لەسەر چاوەی موخابەراتی ئەمەریکی و ڕۆژئاواوە زانیاری دەست کەوتووە کە هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە بەبیانوی ئەوەی کە خۆی لە پەلاماری ئێران بپارێزی، بەڵام ئێمەی کورد دەبێ هۆشیار بین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشەوە ئێمە زۆر بەداخەوەین کە ئەم خەڵکە بەئاگری سەدام بسوتێن، وەکو خەبەر هات من دوو تێبینیم هەیە یەکیان لەوانەیە ئەوە لێدانێکی بەردەوام بێ، دووەم لەوانەیە ڕژێم تۆڵەی خۆی بکاتەوە، کەزۆر حەز دەکەین وەکو ئاگاداری داوا لەوەزارەتی پێشمەرگە بکەین کە هۆشیار بن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاک د.کەمال باسی ئەوەی کرد کە لەوەختێکی درەنگ بووە وخەڵک نووستوون، بۆیە تەقەی خۆشی نەکراوە زۆر هەوڵ دراوە کە چارەسەری ئەو تەقەیە بکرێ بەنووسین لەرۆژنامەو لەتەلەفزیۆنەکان لە رادیۆکان زۆر دانیشین وکۆر وکۆبوونەوە باس کراوە، بەڵام ئێستا من گەیشتمە قەناعەت تابووری پێنجەمە تەقە دەکا، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ وئاسایش بەبێ هیچ مەرجێک ئەو کەسانەی کەتەقەی خۆشی دەکەن هەر کەسێک ولەهەر حزبێک بن بیانگرن و بدرێنە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو خاڵە چیتر لەسەری نەڕۆین، چۆنکە زۆر قسەی لەسەر کرا.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها سکاڵای ئەو ئۆردوگایەتان بۆ عەرز دەکەم، برسییەتیان گەیشتە ئەو رادەیەی کەوا ئێستا جۆ دەکەنە دانوو، ناتوانن بیکەنە ئارد، دەیکەنە دانوو، چونکە ڕۆنیان نییە پێی بخۆن هەندێ خوێی تێ دەکەن ودەیخۆن، بەراستی هیچیان نەما بیفرۆشن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پشتگیری تەواو لە سکالاو داوای بەڕێز مامۆستا تەها دەکەم، بەلام هەموو ئۆردووگاکان حالیان وەهایە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

پرسیارێک، ئەو خانوانەی کەلە ئۆردوگاکانن، ئایا ئەوانە قەرزی عەقاریان لەسەرە؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

نەخێر عقاریان لەسەر نییە حکومەت حجزی کردوون، بەلام تا(١٠)سال ناتوانن کڕین وفرۆشتنی لەسەر بکەن خەلک هەیە لەهەولێرەوە دەچن دەیان کڕن بەپارەکە گوندەکە ئاوەدان دەکەنەوە تەنها حجزەکە لابچێ.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

وابزانم ڕێنماییەک لەسەرەتاوە هەیە لەزەمانی بەرەی کوردستانیەوە ولێرەش لەپەرلەماندا ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەو خەلکە بەو جۆرە ڕێنمایی بکرێ کەئەو خانوانە بڕوخێن ودارو بەرەکەی سودی لێ وەرگرن وگوندی خۆیانی پێ ئاوەدان بکەنەوە، وابزانم هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆکن لەسەر ئەم ڕێنماییانە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەمە بۆ ئەو خانوانەیە کەبەبلۆک دروست کراون، ئەمانە بەبەرد دروست کراون چی لێ بکەن کەرەستەکەی بەکەلک نایەت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

من بەش بەحالی خۆم تۆزێک لەسەر ئەو بابەتە دوام، بەرای من لێی بکۆلدرێتەوە، چونکە کۆمەلێک شت دەگرێتەوە ڕێنمایی، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە ئەو شتانە لێرە بریارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەرچەندە جەنابی مامۆستایان باسی کۆمەلگا زۆرە ملێکانیان کرد، بەلام وەزعەکە بەگشتی وایە، بەراستی وەزعی قەزاو ناحیەو راگوێزراوەکان لە وەزعی کۆمەلگاکان باشتر نییە لەراستیدا کە ئێمە دەچینە ناویان کە ئەگەڕێنەوە بۆ ناحیەو قەزاکان بە زۆری بێزاری خۆیان دەردەبڕن لە رووی ئابووری یەوە با هەولی چارەسەری ئەو وەزعە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەشێکی ئەو ئۆردوگایانەی کە مامۆستا باسی کردن وئاماژەی بۆ کردن، خەڵکی ڕاگوێزاوی سنووری کەرکوکن، بەشێک لەو ئۆردوگایانە بەنموونە بنصلاوە(٤٤)هەزار نفوسی تێدایە، کە یەکجار زۆرە دارەتوو(٣١)هەزار نفوسی تێدایە کەورگۆسک(١٣ر٢٧)نفوسی تێدایە جدیدە(٤)هەزار وشتێکی تیایە، ئەمانە تەنیا ئەو ئۆردوگایانەن کە لەساڵی (٨٦-٨٧-٨٨) ڕاگوێزراون لە(٨٥٪)ئەو خەڵکانە کە خەڵکی سنووری گەرمیانن کەبواری گەڕانەوەیان نییەو هیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان نییە، وا بڕوات نەئاو نەزەوی نەکارو پێداویستی ژیانیان نییە ئێستا لەوێ مشاکلیان زۆرە کە خەڵک زۆر برسییە خزمەتگوزاری زۆر کەمە ولێرە خەڵک ڕۆژانە ئاو دەکڕێ ئاو نییە خزمەتگوزاری خەستەخانە کەمە بۆیە پێویستە چارەیەکیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو خانووانەی کەباس کران ئەوەی ئێمە ئاگادارین لەپیرە مەگرون لە(نصر)و لەکۆمەڵگەکانی تر، کە چەند جارێک هەوڵیان داوەو سکاڵای خۆیان خستۆتە بەردەمی فەرمانگەکان، بەتایبەتی یەکێتی زانایان کەهەوڵێکیان بۆ بدرێ لەعقاری رزگار بکرێن تا ئێستا عقاریان لێ وەردەگیرێ با چارەی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەممەد نەورولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ هەموو بۆ چوونەکانم تەنیا ئەوەندە نەبێ کە ئەو خانوانەی کەماونەتەوە بدرێن بەخەڵکی تر، لەراستیدا ئەمە کێشەیەکی سیاسی بۆ ئێمە دروست دەکات ولەلایەکی تر شتێکی وابکەین کەوا هەموو خەڵکی کۆمەڵگاکان بتوانن بگەڕێنەوە، چونکە بنەمای ئابووری لەدێهاتەکان شتێکی پیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانە بەڕای من هەرچی ئاسانکاری هەیە بۆیان بکرێ لەلایەن پەرلەمان یا حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لەزۆر لاوە سوودی لێ ئەبینین، یەکەم هەوڵ ئەدرێ کە ئاسانکاریان بۆ بکرێ و بگەڕێنەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆیان ودێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە زۆر شت لەئۆردوگاکان ئەکرێ بۆ ئەوەی لەوەش رزگار بێن لەلایەکی ترەوەش بەراستی ژیانیان نییە، پێویستە خەمیان بۆ بخورێ و چارەیەکیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حــــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

برایان لەو بارەیەوە زۆر باسیـان کـرد ئاشکراو دیارە ئەو ئۆردوگایانە بۆیە دانراون هەر ناومـان لێ ناون ئۆردوگـای زۆرە ملێ، ئەو ئۆردوگـایانە ئەگەر خـەڵکەکە چارە وپارەی هەبێ یەکسـەر دەڕوا، بۆیە دەڵێم دەبێ چاودێری بکرێن و ئازووقەیان بۆ دابین بکرێ و لە قەرزی عـەقاری ببـەخشـرێن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامــحـــەمــــەد ئەمین عـــەبدولکەریم:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

دەربارەی ئۆردوگـاکـان برادەران قسـەیان کـردو ئاشکرایە چۆن ئۆردوگـاکـان دروست بوو ون بەچ مەبەستێک دروست بووە، بەڵام ئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم کە گرنگ بێ ئەوەیە کەوەختی خۆی حکومەتی عێـراقی عقـاری پێ داون چ جۆرە عقـارێک؟ زۆر کەم بۆ ئەوەی هەر چی مـاڵی خۆیان هەیە لەم خانوانە سەرفی بکەن وببەسترێنەوە بەو خانوانەو چاوەڕوانی ئەوەبن کە فەردە ئاردێک لەحکومـەت وەربگرن وپێیی بژین وحکومـەت نەیانداتێ بمرن لەبرسـان بۆ ئەوەی یەکـجـاری بیـان بەسـتـێـتـەوە، جـا بۆ ئەوەی ئەو سنوورە بشکێنین پێـویسـتـە ئێـمـە بڕیارێک وەرگـرین هەم لە عەقارییەکە ببەخشرێن و هەم ئازووقەشیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـــــەلاهـادی خــــضـــر کــــوێخـــــا:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

دەمەوێ شتێک بڵێم، برادەران هەموویان رایان دەربڕی ئێمە کە هەموو جار گفتوگۆ دەکەین ویاخود را دەردەبڕین، هەر برادەرێک هەڵدەسـتـێـتـەوە قسـە دەکا رای خـۆی دەردەبڕێ ئەو رایانە هەر ئەوە نەبێ رەئی دەربڕی گوێی لێ رانەگیرێ، بەرای من وایە لیژنەیەکی تایبەتی لەناو پەرلەمان دروست بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەم وەزعە وەکـو سەرۆکی پەرلەمـان فـەرمووی ئەوشـتە لێکۆڵینەوەی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

وابزانم ئەو پێشنیـارانەی کە دەکرێن لەراستی نزیک بن، نەک پێشنیـاری خەیالی بن وهەموویان دەزانن ئەم حکومەتەی هەرێمە توانای چەندە گەر هەر نەفەرێک(٥)کیلۆ گەنمی بدرێتێ بۆ مـاوەی سێ مـانگ حـسـابێکمـان کـرد دەبێ نزیکەی بایی(١٦٠)ملیـۆن دینار بەگـەنم بدەین بەنرخی حکومـەت بەبێ ئەوەی خـەرجی گـواستـنەوەی بخـەینە سـەر، مـامـۆسـتـا هادی دەڵێ جـۆ بدەین بەقسـەکەی ئەو جۆیە(١٥٠)ملیـۆن دیناری دەوێ ئەو(١٥٠)ملیـۆنە، ئەم مـەبلەغـانە چۆن دابین دەکرێن؟ بۆیە با پێشنیارەکانمان لەراستیەوە نزیک بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئێستا پێشنیار ئاسانە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەگەر پێشنیار کرا پێویستە ئەو پێشنیارە لێی بکۆڵدرێتەوە ئەو پێشنیارە حسابی بۆ بکرێ، ئەو پێشنیارە وەکو کاک نەژاد وتی بگونجێ لەگەڵ تواناکانی ئێمەدا، بەو حسابە سەر پێ بیە کارەکە ئەنجام نادرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەو شتانەی کە دەم ویست باسی بکەم باس کرا، بەڵام مەسەلەی ئۆردوگایەکان، دوو شێوە ئۆردوگا هەنە کۆمەڵگای نیشتەجێ کردن هەیە، شاری نوێ هەیە، ئەوکۆمەڵگایە کە لەکاتی خۆی دروست کراوە پێم وایە ئێستا خەڵکی ناحیەی تیا نیشتەجێ بوون، ئەوا جێگیر بو وون، چونکە لەمێژە ئەو هەڵمەتە بڵاوەی کە رژێم کردییە سەریان کەیەکەم وەجبە بوون دێهاتی خۆیان هێنایە خوارێ، بەڵام لێرە ئەگەر بکرێ بەنسبەت شاری نوێ کەناویان لێناوە ئەوانە بانقی عەقاری پارەی پێ داون بەدوو شێوە، کۆمەڵێکیان ئەوانەی کارمەند بوون وکۆمەڵێکی تریان ئەوانەی کە کارمەند نەبوون، ئێستا ئەو کارمەندانە مانگانە هەندێ پارەیان لێ دەبڕدرێ، بەڵام ئەوانی تر ئەهالی یەکە کەس نەجێگایان پێ دەزانێ نەناونیشانیان، ئەگەر کرا ئەو خەڵکە لە عەقاری ببەخشین، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەدحەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم ئۆردوگایە بەرای من وەکو برادەران باسیان کرد پێویستە بڕیارێک نەدەین تاوەکو لێکۆڵینەوەیەکی باش نەکرێ، چونکە ئەمە هەندێ لایەنی ئابووری و یاسایی هەیە، مەسەلەی عقار ئەو ژمارەیەی کە من ئاگادارم نزیکەی(٥٠٠)ملیۆن دینار بۆ مەسەلەی عقارەکە وەریان گرتووە، یاخود زیاترە، ئەمانە هەمووی پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، نەک هەروا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای بەڕێزتان وبرایان ئاشکرایە کەدەڵێین ئەو کۆمەڵگایانە تێک بدرێن، مەبەست لەتێکدانی خانووەکان نییە، مەبەست لەوەیە کە ئەو خەڵکەی کە بەزۆر لەوێ دانراون بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، دەتوانین کۆمەڵگاکانیش بکەین بەدوو بەش بەشێکیان ئەوەی کاک ئەیاد ووتی کەکۆمەڵگای نیشتەجێکردن تەرخان کرابوو بۆ خەڵکی گوندەکان لەساڵانی(٧٥-٨١)دا وە ئەوانە لەلایەن حکومەت کراوە راستەوخۆ ئەوانە قەرزاری حکومەت نین ئەوانەی پاشی(٨٨)کۆچیان پێ کراوە ئەو خانووانە راستەوخۆ پارەیان پێداوە حکومەت پەیوەندی نییە ئەوانەش لەسنووری (٤)

تاکو(٨) هەزارە بەدوو شێوە دابەشکراون، پرۆژەیەک پێشکەش بەپەرلەمان کراو لێی کۆڵدرایەوە لەلیژنەی ئابووری بڕیاردرا دراست بکرێ کەچەند ملیۆن دینار دەکا کە بتوانین بڕیارێکی بە لێبوردنی ئەوانە وەربگرێ، وابزانم گەلاڵە نەکراوە، کاک د.سەلاح ئاماژەی بۆ کرد، دەتوانین ئەوە ئێستا دراسەت بکرێ تاوەکو بتوانین بە چ شێوەیەک ئەوانە رزگار بکەین لەو بارە ناخۆشە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران زۆر قسەیان کرد دەربارەی ئەو بابەتە گرفت زۆر لە ژیان و گوزەرانییان دا هەنە، ئەو پێشنیارەی کە د.سەلاح پێشکەشی کرد کە لیژنەیەک پێک بێت لە پەرلەمان وحکومەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو گرفتانە کەلە ئۆردوگاکان دا هەنەو بتوانن لەنێوان ئەو ئەرکەکانیاندا ئامارێک بکەن، لەهەر ئۆردوگایەک لەبەر ئەوە ئۆردوگاکانی ناوچەی سنووری هەولێر زۆربەیان خەڵکی دێهاتن و، عەردیان هەیە نزیکەی لەدەوروبەری (١٣)هەزار کەس هەنە کە لەئاوارەکانی کەرکوکن، ئەوانە نەعەردیان هەیە نە مووچەیان هەیە نەئیشیان هەیە، لەبەر ئەوە ئەو گرفتانە پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە تاکو چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان جێی دڵخۆشییە کە ئاوا لێرە گفتوگۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەش چاوەڕوان نەکرێت لەئەندامان، هەموو شتێک دەبێت لەگەڵ بۆ چوونی ئێوەدا یەک بن، ئەگەر وابێت ئەنجا پەسەند بکرێت، جا هەر بۆ خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن چاکترە، لەبارەی ئەوە هەر(١٠٥)ئەندام لەو باوەڕەدانە دەبێت میللەتی کورد بەلانی کەم نانی هەبێ، وەک ووتم(٥)کیلۆ ئارد هەوڵ بدەین بۆی مسۆگەر بکەین هەوڵ دان حەرام نییە ودوور نییە لەواقیعەت لەپاشان هەتا پارەکەی(٥)کیلۆ ئارد دەکات بە(٥٠)نان بۆ مانگێک ڕۆژێ(٢)نان ناکات، وابزانم کەس نییە بەوە کەمتر بژی، دوای ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی رای گەیاندووە دەڵێت هەوڵ دەدەین ئی سێ مانگ دابین بیکەین ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو رایەی کەمن دام وابزانم بێ لێکۆڵینەوە نەبووە، لەگەڵ وەزیری دارایی قسەم کردوە ئەوەی من و کاک شێخ مەزهەر دوو پێشنیار بوو، ووتمان ئەو شتە چۆنە؟ لە حاڵەتێکدا کە ئێمە هەر هیچمان پێ نەکرێت هەر هیچ یاریدەی دەوڵەتانمان بۆ نەیەت، ئایا ناتوانین ئەوە بکەین وەکو

پاشەکەوت کردنی بەزۆر، مانگێ چارەگێک لە مووچەکانیان، (٢٠)ملیۆن دینار بەقەرز دوایە بیان دەینەوە پیتاکیش کۆ بکەینەوە ئێمە رەنگە شتێکمان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق نییە بەو شێوەیە گفتوگۆ بکرێت، ئەوەی پێشنیار ئەکات ئەبێت لێکۆڵینەوە بکات، قسەکانی کاک نەژاد لەسەر ئەو بابەتە تەنها بەرچاوخستنی پێشنیارێکی ئێوە بوو، ئەویش ئەو داوایەی ئێوە دەیکەن ناڵێن رێکخراوەکان ئەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت ئەوە بکات، وەکو ئەوەی ئێوە لەگەڵ حکومەتی کوردستان قەت یەکترتان نەدیوە ونازانن واقیعەکە چییە، هەمووشتان بارودۆخی ئابووری حکومەتی هەرێم دەزانن چۆنە و توانای چی یە؟ بەحسابێکی زۆر ساکار لەسەر پێشنیارێکی ئێوە مبلەغێکی کەمیان پێشنیار کرد کە حکومەتی کوردستان ئامادەی بکات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە بەشێوەیەک باسکرا کەزۆر ئاڵۆزە، بەراستی ئێستا پێشنیارەکە بخەینە بەردەمی (مەلاتەها)وە بەراستی نایناسێتەوە، مامۆستا مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمە بە پەلە فریای ئەو لێقەوماوانە بکەوین کە یارمەتیان بدەین، ئێمە دەمان توانی مەسەلەکە زۆر بەخێرایی ببڕێنینەوە بەوەی کەوا دەستەیەک لەپەرلەمانەوە بچێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆر شارەزان بچن بەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بگەڕێن داوایان لێ بکەن کەوا دەستی یارمەتی بۆ ئەوانە درێژ بکەن، ئیتر هەر مەسەلەیەکی تر هاتە پێشەوە خانووەکان رێگایان پێ بدەین بفرۆشرێن ئێمە لێرە ناتوانین ئەو جۆرە بریارانە بدەین، ئەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە مەسەلەکە وا بەساکاری باس ناکرێت لەوانەیە زۆر لایەنی تری هەبێت ئێمە ئاگامان لێی نییە، ئەو مەسەلەیە ئەتوانرێت بەرەو رووی لیژنەیەک بکرێتەوە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی بریاری لەسەر بدات جا دێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە کەچی بکەین بۆ ئەو ئۆردوگایانە کە ئەوە بوو راستیەکەی مەبەستی (مەلاتەها) بۆ ئەو پێشنیارەی پێشکەشی کرد، دەمەوێت لەو بارەیەوە هەندێ بیروڕای خۆم بڵێم ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان یا هەر یەکێک لەوانەی لێپرسراون لەدام ودەزگاکانی دەوڵەتیدا نابێت هەر قسەیەک لەناو خەڵکدا بکرێت وا وەری بگرین ونەک هەر وەڵامی بدەینەوە بەڵکو بشی گوێزینەوە بۆ ناو دام ودەزگاکانی پەرلەمان وحکومەت، بابزانین ئەم قسەیە چەندی راستە وچەندی درۆیە بەشی زۆری ئەم قسانە لەلایەن تابووری پێنجەمەوە بڵاو ئەکرێتەوە، درۆی وا ئەکەن بەباڵ ئەفرێت، کەلێی بکۆڵینەوە دەرئەکەوێ کە هیچ بنەمایەکی نییە، جا ئەندامی پەرلەمان نابێت ئەو قسانە هەروا بەبێ وەڵام بهێڵێتەوە، ئەبێت وەڵامی بداتەوە راستیەکەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

واباو بوو ئێمە هەموو سێ شەممان لەگەڵ حکومەت دابنیشین هەندێ گرفت باس بکەین، پێم وایە ئەو قسانەی ئەمڕۆ لێرە کردمان پێویست بوو حکومەت لێرە بوایە بۆ ئەوەی ئەو هەندێ پێشنیار وچارەسەری هەبوایە، چونکە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت ئەوەی ووتمان لەزیادەوە بوو، من داوا دەکەم لەمەو دوا ڕۆژی سێ شەممان تەرخان بکرێت بۆ ئەو جۆرە کارانە، بزانین چ دەکەین وچ بڕیار دەدەین، دووەم(١٠٠٪)پشتگیری کاک نەژاد دەکەم ئێمە کە پێشنیار دەکەین دەبێت واقعی وگونجاو بێت دوایێ زۆر بەگەرمی پشتگیری لەقسەکانی د.فوئاد دەکەم کە تابووری پێنجەم قسەیەک بکات ئێمە بۆ خزمەتی تابووری پێنجەم بکەین؟ ئەو قسانە ئی ئێرە نییە ئەرکی ئەندامی پەرلەمانە ڕەدی خەڵکەکە لەوێ بداتەوە، نەک قسەی ئەوان بێنێت لەناو پەرلەمان باسی بکات. بەنسبەت کاردانەوەکەی کاک ئەیاد، پێم وایە زۆر توند بوو، من ئێستاش وەکو پێشمەرگەیەک دەژیم تەنیا ژوورێکم لەبارەگا هەیە بۆ نووسینگەی خۆم، بۆ نووستنی خۆم، مێوانی خۆم، بەڵام زۆربەی زۆریان تێکۆشەرن لەساڵی (١٩٦١)ەوە خەبات دەکەن نە بازرگانیان کردووە نەکشتوکاڵیان کردووە، نەخانوویان هەیە، پێم وایە ئێستاش ئامادەن فیداکاری بکەن(٣٠)ساڵە فیداکاریان کردووە، تەنیا خواردن بۆ ماڵ ومنداڵیان پەیدا بکەن هیچ مووچەیان ناوێ، ئەبوایە ئەوەش پۆلین بکرێت، سەیری ئەندامانی پەرلەمان بەیەک چاو بکرێت، ئەبوایە تێکۆشەرەکان ڕەچاو بکەن کە هیچیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حــــســـــەن حــــەمـــــیـــــد ڕەحـــیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

گفتوگۆیەکی زۆر کرا، ئەمە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ بێ یاسایی تا ئێستا یاسا نییە، نازانین چۆن میللەتەکەمان بژیەنین، بیخەینە سەر سکەی خۆی، دووەم کاک ئەیاد زۆر غەدری کرد باسی پارەی کرد من بۆی ئەکەم بەهەزاریش بزانم پێی ئەژی؟ ماڵەکەی من وکاک ئەگۆڕینەوە بزانین ئەتوانێ بژی؟ یەکێکم لەو پێشمەرگانەی تەحدای هەموو پێشمەرگەی کوردستان ئەکەم حەوت جاریش بریندار بووم، جا لەناو بازار هەر سیخوڕێک قسەیەک بکات ئێمە بیهێنینە ئێرە !، ئێمە ئەبێ کاری خەڵک ڕاهی بکەین، نەک هەر کەسێک قسەیەکی کرد بڵێین وایە، سوپاس.

**بەڕێز بەختــــیـــار حـــەیدەر عــوســــمـــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دوو ڕووداوتان بۆ دەگێڕمەوە کە بەچاوی خۆم بینیومە، یەکێک لەوانە لەیەکێک لەو مزگەوتانەی شاری هەولێر مەلایەک پەلاماری حکومەت وپەرلەمانی داوە ودەق گوتوویەتی ئەوانە

هاوبەشن لەگەڵ دزەکان قەناعەتتان هەبێت خەڵکەکە ویستبوویان هەستن وەڵامی بدەنەوە، بەڵام لەلانی شەرعیيەوە رەوا نییە، دوایە هەمووی کەوتنە دژی وسنوورێکیان بۆ دانا، دووەم دوێنێ من لەناو بازار بووم چوومە لای خەڵکێکی برادەر لەوێ باسی ئەوە کرا ووتیان حەقە ئەندامانی پەرلەمان ئەو مووچەیەی کەهەیانە نەختێکی لێ ببڕن بیدەن بەو هەژارانە، ووتم بۆ بەبۆچوونی ئێوە مووچەی ئەندامی پەرلەمان چەندە؟ وتیان(٦٠٠٠) هەزار دینارە، خەڵکەکە نازانێ ئەندامی پەرلەمان چەند وەردەگرێ ئەوە کەم وکورتییەکە لەخۆمان، پێویستە ئێمە بۆ ئەو خەڵکەی رابگەیەنین ئەو مەلایەش کە ئەو قسەیە دەکات بۆی هەیە بەدڵ سافیەوە بیکات لەوانەشە لەلایەن تابووری پێنجەمەوە هاندرا بێ، بەڵام کەم وکورتییەکە لەخۆمانە پێویستە بۆیان روون بکەینەوەو پێیان بڵێین وەزعەکە چۆنە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مووچەش نییە، حەز دەکەم روون بێت پاداشتەکە مەسرەفی خەوتنتانە، خۆزگە مووچە بوایە..

**بەرێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەموو برایان قسەی باشیان کرد، بەڵام من پشتگیری قسەی کاک سیدحەسەن دەکەم کە باسی هەوا وئاو ونانی کرد، راستە ئەبێت بیرێک لەوەزعی ئەو هەژارانە بکرێتەوە وتوانای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەزانین، بەراستی من پێشنیارێکم هەیە ئەو گەنمەش کە ئەیدەین بەخەڵک بەقەناعەتی من بە شێوەیە کە ئەیدەین رەنگە سوودی نەبێت وەرەنگە بەدادپەروەریش دابەش نەکرێت، باشترین شت کە حکومەتی کوردستان بیکات ئەوەیە لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکان هەوڵ بدەن لەهەموو ئۆردوگاو شارەکاندا نانەواخانە بکرێتەوەو یارمەتی ئەو خەڵکە بدرێت، سوپاس.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلێک چەند وچۆن لەسەر ئەو کێشانە کران کە خۆی لەبنەرەتدا کێشەیەکی سیاسییە، کوردستان کاتی خۆی رژێم لەپێناوی چەسپاندنی مەبەستەکانیدا گەلێک دەست بڵاوبووە وبەگونیە پارەی بەشێوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەرهەم هێن بوون بیانکاتە مشەخۆر، پاشان وەکو یاسایەکی کۆمەڵایەتی کەپارە بەو شێوەیە هات بایەخەکانی تر فرێ دەداتە دەرێ ئێستاش کەس رێی نەگرتوون، تەنها بە بڕیارێکی سیاسی ئەگەر زیاتر بتوانین هەوڵی ئەوە بدەین و خێرخوازان یارمەتییان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەمووی زۆر بۆ مەسەلەکان چوون بەراستی باری ئابووری خەڵک گرانە ئێمە خەڵکین وەزعەکەمان وایە ئەبێت چارەی بۆ بکەین، ئەبێ بیرو بۆ چوون کۆ بکەینەوە، کۆمەڵێک شت لەم ماوەیە لەسلێمانی روویدا یەکێک لەوانە تەقینەوە بوو بۆ ڕێکخراوی بێکاران کە بەیانێکیان بڵاوکردەوەو ئێمە بڵاومان کردەوە قسەمان لەگەڵدا کردن یەکێک لەوانە کاک سالار بوو زۆر قسەی لەگەڵدا کردن یەکێک لەقسەکان کە گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکردن دەمان وت کارمەند وایە، یا مامۆستا ئەیان وت ئەوان مووچەیان هەیە ئێمە مووچەمان نییە، ئێمە کارمان نییە حقیشیانە قسەکەیان زۆر راستە، بەڵام ئێمە واقیعمان خستنە بەردەم و گوتمان وەرن سەیرکەن بودجەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە، بەهەر حاڵ دەبێ چارەیەکی ئەم خەڵکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە ئەو پێشنیارەم کرد وەکو زێدەباییەکی تاکە کەسی ئەو مەسەلەیەم نەووتووە، باشە بۆ خەڵکێک هەبێت بە(١٠٠)دینار بژی ئێمە بە(٤٠٠٠)دینار بژین یان بە(٢٠٠٠)دینار نەژین؟ بەراستی ئەو مەسەلەیە بەقورس لەسەر هەموومان کەوتووە ،بۆ ئێمە واقیعی نەبین؟ من بەراستی شەرمم بەخۆم دێت لە جێ یەک کەباسی مووچەی پەرلەمان بکرێت هەزار عوزر دەینینەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەبیر بکەین، مەسەلەی مووچە ومەسەلەی پێوەرەکانی تر با نەکرێت، خەڵکانێک ئەگەر لەناو شار بووە ئەو خەڵکانە پێویستە جیاوازیان لەنێوان بکرێت لەگەڵ ئەو پێشمەرگە خەبات گێڕانەی کە لەچیاو چۆڵ بوون لەگەڵ ئەو خەڵکانە جیا بکرێنەوە کەپیاوی حکومەت بوون و لەگەڵ دام ودەزگای حکومەت بوون کەسێک دەستیان تێکەڵ بوو، خۆیان فرۆشتووە، بەڵام خەڵکانێک لەناو شارەکان هیچ نەبێ خۆیان پاراستوە ومن مەبەستم ئەم راستیانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە روونە، ئەگەر تەنها پەیوەندی بە پاداشتی پەرلەمانەوە بێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە برادەرانی دهۆک وسلێمانی وکەرکوک دەتوانن بەپێ بێن بۆ ئێرە ئەگەر بەنزینیان پێ نەمێنێ؟ وەزعەکە روونە، چونکە زۆر باسی ئەو بابەتە کراوە ئەگەر دەتانەوێ زۆر باشە لیژنەیەک دروست دەکەین لەناو پەرلەمان بۆ ئەوەی بەم بابەتەدا بچینەوە، ئەوە گرفتێکی ناوخۆی پەرلەمانە، لەهەمووی ئاسانترە ئەگەر بەیارمەتی(٢٠-٣٠) ئەندامی پەرلەمان گرفتی ئێمە چارەسەر بێت، ئێمە یەکەم کەس پێشنیاری ئەم بابەتە ئەکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە ئەڵێت «الباب اللي يجي منه الريح سده واستريح» بەراستی

مەسەلەی ئازووقە ئەوە کونێکە ئابووری پێنجەم لێوەی دێتە ژوورەوە برادەران کە زۆر قسەی لەسەر ئەکەن بۆ ئەوەیە ئەو کەلێنە بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وەزعی ئابووری ئێستاکە بنەڕەتی هەموو گرفتەکانە، پەیوەندی بەوەوە نییە مووچە ئێمە وەری ئەگرین لەناو پەرلەمان با لێپرسراوان خۆش گوزەران تر بژین لەخەڵکی تر، بەرای من مەسەلەی بنەڕەتی(٤٠٪)گرفتی ئابووری ئێمە پەیوەندی بە خراپی بەڕێوەبردنەوە هەیە، کە ئێمە نەمانتوانیوە خۆمان بەسەر هەموو دام ودەزگاکاندا بسەپێنین، تا ئێستا گومرگەکەی خۆمان نەماتوانیوە کە بەچاکی دەستی بەسەردا بگرین، کەمن قەناعەتم وایە نیوەی بەساغی ناگاتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ ئەو گفتوگۆو رێگەچارەیانەی کە پیشانتاندا، هەوڵ ئەدەین کۆیان بکەینەوەو چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی ئێمە چەواشەی زۆر تیا بوو، وابزانم سۆزو ناوزڕانیشی تیا بوو بۆ خۆمان و بۆ خەڵکی، تکا دەکەم لەمەودوا لەو قسانە ووردبین بین، چونکە یەک: تۆمار دەکرێت، دوو، لەدەرونی خۆشمان جێگای خۆی ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونکردنەوەکە بۆ کاک ئەیاد وشێخ عەبدولکەریمە کە بەباش قسەکەی منیان وەرنەگرت، من جیاوازیم نەکردووە، ئەمە بە کاری هەموو ئەوکەسانە دەزانم کە لێرە ئیشیان کردووە، من دەڵێم ئەو تێکۆشەرانەی لەوێ بوون ئیشیان نەکردووە جیاوازییەکەی من ئەوەیە باسی کاکەرەش دەکەم باسی بەختیار دەکەم باسی کاک شێروان حەیدەری دەکەم کوڕی چاکن ئەوانە کاتی خۆی پارێزەریان کردووە من کاسبیم نەکردووە، ئەو برادەرانەی لەدەرەوە بوون کاسبیان نەکردووە، من جیاوازییەکەم ئەوەندە پیشاندا، نەمان وتووە ئێمە تێکۆشەرین وئەوان پیاوی حکومەتن، بەڵام قسەکەی منیان وەرنەگرت، ئێستاش ئەو برادەرانەی رازی بوون چەندین ساڵە بەنانی رەق بژین ئێستاش ئامادەن تەنها ژیانی ماڵ ومنداڵیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سـوپاس بۆ هەمـوو لایەک کـەلەسـەر ئەو بابەتە دووان، بێگومـان هەمـووشی بۆ ئەوە بوو کـە چارەسەرێک بۆ وەزعەکە ببینینەوە و، هەوڵ بدەین رێگەیەک بدۆزینەوە بۆ حکومەتی خۆمان تاکو لەو رێگایەوە خزمەتی خەڵکەکە بکەین و، بزانین چ بکەین تاکو ئەم میللەتە لەم ناخۆشییە رزگار بکەین و ئاگاداریشی بکەینەوە کە باری دارایی حکوومەتی هەرێم لەم بارە ناخۆشەدایە.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتیدا لەگەڵ لێپرسراوی هەردوو فراکسیۆن دانیشتنی هاوبەشمان هەیە بۆ دروست کردنی لیژنەیەک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. ئەم خاڵەشمان تەواو کرد.

بەم شێوەیە دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان وزۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٤٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان وەکو هەموو سێ شەممەیەک وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرێن و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەڵام دەدرێتەوە، جا بە پرسیارەکەی کاک فرەنسۆ دەست پێ دەکەین کە ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات لەسەر مەسەلەی مۆڵەت پێدان بە ڕێکخراو و یانە وکۆمەڵەکان، با بفەرمووێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەرج نییە هەموو سێ شەممەیەک بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی لێرە ئامادە بن لەوانەیە ئەوان هەندێک جار کاروباری خۆیان هەبێت ،بەڵام ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە پرسیارەکان پەیوەستن بە ئیشوکاری ئەوانەوە پێویستە ئەوان ئامادە بن، بەڕێز سەرۆکی وەزیران ڕۆژێک پێشتر پێیان بڵێ بەیانی ئێوە لەوێ ئامادە بن من پرسیارێکم کردووە لەسەر مۆڵەت پێدانی یانە وەرزشییەکانەوە، پێش ڕاپەڕین چوار پێنج یانەی وەرزشی هەبوون لەسەرتاسەری کوردستاندا، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا لەسەر بنەمای کام یاسا مۆڵەت بە یانەکان دەدرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەین، بەڵام پێم وایە لەیاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریدا هاتووە لەدەسەڵاتی وەزیر دایە کە مۆڵەت بەیانەکان بدات نەک کۆمەڵەکان ئەوەی کاک

فەرەنسۆ باسی کرد کۆمەڵەکانە یانەکان نییە، لەبەر ئەوە پرسیارەکە رەوانەی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

یانەکانیش کۆمەڵەنە، چونکە ئەبێت داواکاری پێشکەش بکەن، دەستەی دامەزرێنەر لەگەڵ چەند ئەندامێک لە دەستەی گشتی ئەبێت داوا پێشکەش بکەن وبەرەسمی نابێت مۆڵەتیان پێ بدرێ، دوای ماوەیەک دەبێت هەڵبژاردنیش بکرێت، بۆیە یانەش کۆمەڵەن و ئوسوڵی خۆیان و بەرزەفتکردنی (ضوابط)ی خۆیان هەیە کە چۆن مۆڵەتیان پێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم ئەو وردە کاریانە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە کە چ مەرجێک دادەنێ بۆیانەکان وتەمەنی ئەندامەکانی دەبێ چەند بێت و کێ مافی هەیە بەشداری هەڵبژاردن بکات، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیری دایە، ئەوە لە یاساکەشیاندا هاتووە کە پەیوەندی بەیاسای پەرلەمانەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک ئازاد پرسیارێکی هەیە لەسەر وەزعی ئابووری، حەزدەکەن گفتوگۆکە دوا دەخەین تانوێنەری وەزارەتی رۆشنبیریی دێت.

**بەڕێز ئازاد عـــــەبدولقـــــادر قـــــەرەداغی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکەی من لەسەرۆک وەزیران دەربارەی ئەو گەنمەیە کە دەکرێت، بە بۆچوونی من رەنگە بە شێوەیەکی دادوەرانە بە خەڵک نەگات و پێویستە پشتگیری نرخی نان بکرێ، جا بۆچی ئەو پشتگیری کردنەی نان تا ئێستا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەربارەی گەنم فرۆشی و هاندانی برادەرە جووتیارەکان کە گەنم و بەرهەمەکانیان بخەنە بازاڕ و بەسایلۆکانی بفرۆشن کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، ئێستا ئێمە رامانگەیاندووە کە تەنیا گەنم وەردەگرین، ئەگەر گەنم و جۆش بێت دەبێ، ئێستاکە گەنمەکانیان دەنێرن لە بۆ بازارەکان و بەرەو پێرەوچوونێکی باش هەیە لە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بەداخەوە لە هەولێر و لە سلێمانی بەو شێوەیە نییە، یان لە کەرکووک کە برا جووتیارەکان بەرهەمی گەنم و داهاتەکانیان بنێرن لە بۆ بازارەکان کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناوەندەکان

داندراون کە لێیان بکرن، ئێمە خۆمان ئێستا دراسەتی ئەو مەسەلەیە دەکەین بە شێوەیەکی تر ئەو خەڵکانەی کە (استغلال و احتکاری) ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت گەنمەکان لە برا جووتیارەکان بکرن و دەیشارنەوە، پێویستە بە شێوەیەکی راست و رەوا، ئەو گەنمانە بێت لە بۆ بازارەکان و لەبۆ سایلۆکانی خۆمان، ئەمرۆ کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ لیژنەکانی تری بازاری پارێزگاکان لە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، ئەوەی کاک ئازادیش باسی کرد لە بۆ مەسەلەی فرنەکان، یا ئارد دان بە فرنەکان ئێستاکە پرۆژەکەیان لەبەردەستە لە بۆ ژیانەوە و بوژانەوەی ئەو فرنانەی کە لە کاتی خۆی لە پارێزگاکاندا هەبوون، فرنی (اعاشە) هەبوو فرنی سەمون هەبوو، ئەو فرنانە بەکار بخرێنەوە کە لەلایەن حکوومەتەوە بە نرخێکی هەرزان سەموونەکانیان بدرێتە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک هەیە لەلایەن کاک مستەفا سەید قادرەوە دەربارەی ئەو راپۆرتەی کە کاتی خۆی دراوە بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، پاشان ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی وەزعی قەلادزێ.

**بەرێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لای هەموومان ئاشکرایە کە پشدەر ناوچەیەک بووە دەورێکی دیاری کراوی هەبووە لە شۆرشی کوردا و دانیشتنوانیشی قوربانیەکی زۆریان داوە، هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە جارێک بەر بوردمانی فرۆکەکان کەوتووە کە زۆری لە (٧٤) سووتاوە کە لای هەمووتان ئاشکرایە، لە (٨٢) بەهەمان شێوە تاکو دواجار لە (٨٩) راگوێزراوە، ئێمە کاتی خۆی دانیشتوانی ناوچەکە راپۆرتێکیان بە ئەنجوومەنی نیشتمانییدا، راپۆرتەکە لە رێگەی من و کاک دکتۆر جەلالەوە بوو، ئەو کاتە من لێرە نەبووم دکتۆر جەلال پێشکەشی کرد، لێرە بریاری ئەوە درا کە دوو نوێنەری ناوچەکە بچن لە نزیکەوە سەردانی ئەوە بکەن، لەکێشە و گیروگرفتی ناوچەکە بکۆڵنەوە، من و کاک محەمەد چووین بۆ ئەوێ راپۆرتێکی دوورودرێژمان هێنایەوە لەوێ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بە دوورودرێژی کۆبوونەوەی فراوانمان کرد لە کێشەکانیانمان کۆڵیەوە راپۆرتەکەمان هێنایەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک مستەفا پرسیارەکە چییە؟ چونکە پرسیارەکەیان بۆ ناردراوە.

**بەرێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ پرسیارەکە ئەوەیە بەراستی یەکێک لە شتە بنەرەتییەکان کە پێویستە حکومەت چارەسەری بکات کارەبایە، بۆ کارەباش ئێمە دوور رێگا چارەمان داناوە بۆ حکومەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا بەتەواوی ئەو پرسیارەی کە دەتەوێ لەحکومەتی بکەی چییە؟

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکە یەکەم دەربارەی کارەبایە، دووەمیان ئاوە، سێیەمیان گرفتی گومرگیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێویست بە روون کردنەوە ناکات، چونکە راپۆرتەکەیان بۆ ناردراوە، ئێستا پرسیارەکەت بە کورتی چییە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە؟

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا مەسەلەی گومرگ وچیمەنتۆو، بەراستی گرفتی ناوچەکە زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەلای هەمووان ئاشکرایە کە ئاوەدان کرنەوەی کوردستان بەشێوەیەکی رێکوپێک نییە، ئەو رێکخراوە بیانیانەش کە هاتوون بۆ کوردستان، هەر کەسە لە شوێنێکەوە دەستی پێ کردووە و بەبێ ئاگاداری حکومەتی ناوەندی بووە، ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی پرۆژەیەکین کە قسە لەگەڵ هەموو ئەو رێکخراوانە بکەین چ ئەوانی بیانی چ ئەوانی ناوەوە. کۆبوونەوەیەکیان پێ بکەین لە داهاتوودا دەبێت بەبێ پرسی حکوومەت لە هیچ شوێنێک پرۆژە دانەنێن و، قەڵادزەش شوێنێکە لەو شوێنانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بایەخی پێ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی گومرگ ئەوە لە دەستەڵاتی خۆمان دایە، لە گومرگ وەکو ئەودیو سنوور حسابیان لەگەڵ دەکرێت، لە (دەربند) هەموو شتێک گومرگ دەکرێت هەر لە شیش و بلۆکەوە، هەتا هەموو کەلوپەلێکی ئازووقەش کە دەچێتە ئەودیو و زۆر جار لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری داراییش باسم کردووە کە چارەیەک بکرێت، هەرچەند وەڵامی ئەوەی دایەوە ئەوە بوو کە سنوورەکە فراوانە و ناگیرێت، بەڵام خەڵکەکەش مافی خۆیانە کەلەو بارەیەوە چارەسەریەکیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆتان ئەزانن کە وەزعی گومرگ و وەزعی سنوورەکانی ئێمە وەزعێکی تایبەتیان هەیە و تا ئێستا

ئەو کۆنترۆڵە پێویستییەی کە ئەبێت بکرێت لە سنوور وخاڵەکانی پەڕینەوە دانەکراوە، لەبەر ئەوەی ناچاربووین کە خاڵەکانی گومرگی تۆزێک لە ناوەوە ترمان داناوە کە پێشتر بگەینە سنوورەکان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵێک هەبێت بەسەر چوونە دەرەوەی کەلوپەل لە کوردستاندا و، ئەوە ئیشێکی کاتییە تا ئەو کاتەیە کە خاڵەکانی سەر سنوور بە تەواوی دادەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشە سەرەکیەکە لە ناوچەی قەڵادزێ لەسەر ئەو خاڵە گومرگیەیە کە لە (دەربەند) دانراوە، ئەو خاڵە بۆیە لەوێ دانراوە، چونکە سنووری ناوچەکە بەر فراوانە و بە ئاسانی بەرزەفت ناکرێ، بەڵام بازگە دانان لە (دەربەند) ئاسانە و دەتوانن ئەو شتانەی کە لەقەڵادزەوە دێن یاخود دەردەچن دیاری بکەن. بەڵام تاکو گومرگ بازگەکانی سەر سنووری خۆی بەهێز نەکات لەو ناوچەیەدا زەحمەتە بازگە دابنرێت جگە لە دەربەندی ڕانیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەهلە خان پرسیارێکی هەبوو دەربارەی بنایەکان و شتی حکومەت.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر لەئۆتۆمبیل و بینای حکوومەتی بەدەست خەڵک و حزبەکانەوەیە، خۆشمان دەزانین کە گێڕانەوەیان بۆ حکومەت کارێکی زۆر پێویستە و ئەو کێشەیەش وابزانم پێشتر باسکراوە، پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا حکومەت لەو بارەیەوە هیچی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بینایانەی کە حکومەتین و حزبەکان داگیریان کردوون، زۆربەیان چۆڵ کردوون و گەڕاونەتەوە بۆ حکومەت و ئەوانەشی کە ماونەتەوە ئاگادار کراون کە بەزووترین کات چۆڵی بکەن، و ئەو ئۆتۆمبیلانەش کە هی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمن، هیچی لای حزبەکان نەماون وگەڕاونەتەوە بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ مەزهەر عەلی مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری تەندروستییەوە هەیە، ئێستاکە ساردەمەنی و خواردنەوەیەکی زۆر لەبازاڕە مەیلیییەکان دروست دەکرێت بەبێ ئەوەی کە گوێ بدەن بە هیچ

چاودێرییەک، جا چ چاودێری دروستی بێت چ چاودێری هەندێ فەرمانگەی تر بێت. ئایا حکومەت تا چ رادەیەک ئاگاداری ئەو بابەتەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پرسیارەی کاک شێخ مەزهەر، ئێمە ئاگاداری وەزارەتی تەندروستیمان کردوەتەوە کە چاودێری توند لەسەر ئەو شتانە دابنێت و بەشێوەیەکی رێکوپێک چاودێری ئەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ جەعفەر پرسیارێکی هەبوو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی زیاد کردنی مووچە بوو بۆ فەرمانبەران، خۆش بەختانە لەکۆبوونەوەی پێشوو مبلغێک زیاد کراو زۆر سوپاستان دەکەم کە جێبەجێ کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەبوو، نازانم هەردووکیان بخەمەڕوو یان تەنها یەکێکیان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ یەکێکیان بڵێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی یەکەم لەسەر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە، پۆستی حکومەتی دووەم لە (٢٢)ی نیسان ولەبەرامبەر پەرلەماندا سوێندیان خوارد تا ٦/١١ کۆبوونەوەی وەزارەت نەکرا، تەنها کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لە (٥)ی حوزەیران گرێدرا، ئەمەش بێگومان کە کۆبوونەوەی ئاسایی حکومەت نەکرێ، ئیش وکار بەسەریەکدا کەڵەکە دەکەن، ئەوەش زەرەری هەیە بۆ حکومەت و بۆ هاوولاتیان، حەز دەکەم سەرەک وەزیران وجێگرەکەی کە لێرەنە، ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری دووەمی کەی ناردووە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مێژووەکەیم نەنوسی وەلەوانەیە لە ٦/٢٢ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەتوانی پرسیاری دووەمیش بکەی گەر ئەنجوومەنی وەزیرانیش وەڵامیان دایەوە ئەوە ئارەزووی خۆیانە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری دووەمم لەسەر پوول بوو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رۆژی ٢٥/٤ لە بەردەمی پەرلەماندا کابینەی دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان موتمانەی وەرگرت، رۆژی ٢٦/٤ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی کرد، پێم وایە کاک دکتۆر (متابعە)ی کۆبوونەوەکانی نەکردووە، دەنا تا ئێستا کە کۆبوونەوەکان بەبەردەوامی بەستراون، لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٩) جار ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبۆوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە من چەند پرسیارێکم هەیە نازانم کامەیان هەڵبژێرم، ئەوەی کە گرنگە لای خۆم ئەوەیان هەڵدەبژێرم. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سیروان جارێ ببورە، وەڵامی پرسیارێکی تریان ماوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک دکتۆر رزگار پرسیارێکی کەشی کردووە دەربارەی پوولە، مەسەلەی پوول دوو جۆرە، خۆتان دەزانن پوولی پۆستە لەگەڵ پوولی مالی، ئەوەی ئێستا هەنگاوی یەکەم خەریکی جێبەجێ کردنین. مەسەلەی پوولی پۆستە، بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەکاردێت، کە نموونەکەشی کاتی خۆی وەزارەت بەڵێنی داوە بۆ دەرکردنی پوولێک بە بۆنەی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەویش بریتییە لەوێنەیەکی دەستکردی بینایەی پەرلەمان لەگەڵ مێژووی رۆژی دەستبەکاربوونی تەواو بووە و بریاری لەسەر دراوە و ئێستا خەریکی ئەوەین کە بە شێوەیەکی رێکوپێک بتوانین چاپی بکەین. بۆ مەسەلەی پوولە (مالیە)کەش ئەویش دیسان هەنگاومان بۆ ناوە و لەم یەک دوو رۆژەی داهاتوودا بانگەوازێک بڵاودەکەینەوە بۆ. هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردستان کە رەنگرێژیەکی (تصمیم)ێکی نوێمان بۆ دروست بکەن، چونکە ئەم رەنگرێژییەی پێشوو فکرەکەی زۆرباشە، بەڵام وردەکاریەکانی تێدا نییە کە ئەوەی بۆ پوول ئەشێ، واتا بەپێی خەسڵەتەکانی پوول، ئەویش هیوادارین لەو رۆژانە ئیشەکە تەواو ببێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــــومـــــــــەن:**

چ سەرنجێکتـان نییە؟.. کـاک سیـروان فەرمـوو پرسیـارێکت دەربارەی بەنداوی دەربەندیخان و دوکان هەیە.

**بەڕێـز ســــیــروان مـــحـــــمــــەد نـەورۆڵی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو دوو گۆلەی دوکان و دەربندیخان، ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای کۆمپـانیـەکانی بیانییەوە لێی سوودمەند بێ، بۆ ئەوەی سوود لە مـاسی وگەشت وگوزار وەربگیرێت، پرسیارێکی تریش ئەوەیە بەنیسبەت دێهاتەکانەوە ئەگەر ئەوەش باس بکرێت کە دێهاتیەکان دەڵێن لە کۆمەڵگاکانەوە ناگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانیان، لەبەر ئەوەی نەخشەی بنەڕەتی دێهاتەکان چەند ساڵێک لەمەوپێش هەر شایانی (٥٠) خانوو بووە کە تیابکرێت، ئێستا کە دێیـەکـە پێشکەوتووترە و پەرەی سـەندووە دەشێ (٧٠) خـانووی لێ بکرێ ئەو زیادانە کـە گەڕاونەتەوە شوێنی خانوویان نییە، جا وەزارەتی کشتوکاڵ یا شارەوانی پەیوەندی بەکامیانەوەیە کـەوا نەخـشـەیەکی رێکوپێکیـان بۆ دارێژن، بۆ ئەوەی خـەڵکەکـە هان بدرێن و بگەڕێنەوە. پرسیارێکی تریشم هەیە ئینجا ئەوەش نازانم بیکەم یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

وابزانم پرسیارەکە هەر ئەمە بوو، ئەمی تر هەڵگرە بۆ سێ شەممەیەکی تر.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەئەنجوومەنی وەزیراندا لە بەشی یەکەمی پرسیـارەکەی کاک سیروان دەکۆڵینەوە، هی دووەمیش ئێمە خۆمـان باسمان کرد بۆ ئاوەدانکرنەوە، هەتا ئێستا بەشێوەیەکی نا رێک بووە، پرۆژەیەکمان بەدەستەوەیە کە بەرنامەیەکی نوێی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بە هاوکاری وەزارەتی مرۆڤایەتی کە شوێنەکـان ئاوەدان بکەنەوە بەشێوەیەکی تازە کـە ئەو پێداویستـیـانەی تێدا بێت، ئەوەی کـاک سیروان باسی کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامـانی ئاژەڵ و پەروەردە کردنی مـاسی ئێستا پرۆژەیان بەدەستەوەیە بۆ یارمـەتیدانی ئەو برا جووتیـارانە یان ئەو برایانەی کـە خـەریکی پەروەردە کردنی مـاسین، چ لە گۆلەکـانی وەکـو دوکـان و دەربندیخان چ ئەوانەی لەو بوارەدا بـەدەستکرد دەکرێت، بـەنیـسـبـەت گەڕانەوەی جوتیاران بۆ سەر دێیـەکانیان تا ئێستا هیچ گرفتێک نەبووە بۆ ئەوەی کە جوتیارێک

دەیەوێت بگەڕێتەوە بەڵام جێگا نییە خانووی لێ دروست بکات، هیچ شتێک بۆ ئێمە نەهاتووە بەگشتیی لە ڕێنمایی ژمارە (٢) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕێگا بە هەر جووتیارێک ئەدات یان هەر جووتیارێک پێویستە پشتیوانی لێ بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر دێهاتەکەی خۆی بەتایبەتی ئەوانەی هەتا ڕۆژی ڕاگوێزان لە جێی خۆیاندا بوون، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستەکەم ئەوە نەبوو، ئێستا دەوروبەری هەندێک دێهات بەکشتوکاڵ تەندراوە و هەتا ڕێگەی ئوتۆمبێل نییە بچێتە ناو دێیەکەوە،واتا (١٠) مەتر دوور لە خانووەکانەوە کراوە بە کشتوکاڵ، مانای ئەوەیە کاتی خۆی ئەو دێیە نەخشەی بنەڕەتی هەر بۆ (٥٠) ساڵ بووە تا ئێستا خەڵکەکەی زۆر بوون جووتیارەکان پێویستیان بەوە هەیە کەوا خانووی لێ دروست بکەن، خاوەن زەویش کە کردوویەتی بە کشتوکاڵ ئامادە نییە زەویان بداتێ بۆ خانوو، جا لەبەر ئەوە ئەبێت چارەسەری لێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەدمحەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی کە دووبارەی دەکەمەوە تا ئێستا یەک جووتیار شکاتی بۆ ئەوە نەکردووە، کە فلان ئاغا ڕێگای ناداتێ یان فلان خاوەن مولک ڕێگای ناداتێ لە دێیەکەی خۆی خانوو دروست بکاتەوە تەنها هەندێک دێ هەیە کە بەتەواوی کێڵدراوە دەیانەوێت دێیەکە بگوازنەوە خەڵک شکاتی لەوە هەیە کە جێگای دێیەکە ناگوزرێتەوە نەک جێگای نییە کە خانوونی لێ بکات، ئەگەر شتێکی تایبەتی هەیە بەڕێز کاک سیروان نەوڕۆڵی ئەندامی پەرلەمان با بفەرمووێ بۆ لای ئێمە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەردانی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەمە.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا هیچ چارەسەریەک بۆ قوتابخانەکانی (ئاکرێ) کراوە کە (٣٩) قوتابخانە هەتا ئێستا داخراون، لەبەر نەبوونی میلاک و (٥٠) قوتابخانەمان هەیە کە میلاکیان بەموحازەرەیە و لە کاتی خۆی ئەنجوومەنی وەزیران (٢٥٠) پلەی بۆ مامۆستای سەرەتایی و (١٠٠)پلەی مدرسی دەستنیشان کرد، بەڵام هەتا ئێستا یەکێکی نەهاتونەتە پێش، چونکە

ڕێگەیان زۆر دوورن و پێشنیازێکیان کرد بوو کە خولێکی پەروەردەیی بکرێتەوە بۆ خەڵکی خۆ جێ یی لەدەرچووانی ئامۆژگاو ئامادەیی وشەشی زانستی و ویژەیی وشەشی ئیسلامی تا ئێستاش نەهاتۆتە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە کاتی خۆی دەرچووینە و تائێستا دانەمەزراون کە دایانبمەزرێنن و بیان نێرینە قەزای ئاکرێ و، هەروەها ئیمتیازێکیان پێ بدرێت دەرماڵەی ڕێگاوبان و نیشتەجێکردن بێ لەبۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە مامۆستا باسی کردن پڕ بکرێتەوە و قوتابخانەکان ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کرێی یەک نەفەر لە هەولێرەوە بۆ ئاکرێ (٨٠) دینارە و ئاکرێ بۆ دهۆک (١٠٠) دینارە وابزانم کە (٢٠٠) دیناریش دەرماڵەیان پێ بدەن نایەن لەبەر بارودۆخی ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی تایبەتییە، کە وەزارەتی پەروەردە خۆی لەگەڵ مامۆستایان، باسی دەکات وبڕیار دەدات کەچەند دەرماڵە سەرف دەکات وچۆن سەرفی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز رەجب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەین گەر ئەو بۆشایی ومیلاکانەمان بۆ پڕ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی ئەو لیستە تەندروستییەیە کە وەزارەتی تەندروستی پێکی هێنا بوو، کە هاوەڵی حاجییەکان بێت بۆ مەکەی پیرۆز، ئەوە لە ڕووی هونەریەوە واتە لە ڕووی دروستییەوە و لە ڕووی سیاسیەوە لە ڕووی ئایینیەوە لە هەموو ڕووەکانەوە شکستی هێنا لە ڕووی دروستییەوە ئەو دکتۆرەی کە کاری پێ سپاردرا بوو خۆی نەخۆش بوو، لای خەڵک باسی کرد بوو کەوا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ئەڕوات، ئەمە یەک. دوو پسپۆریەکەی لەو نەخۆشیانە نییە کە بۆی هەیە حاجییەکان تووشیان بێن لە ڕێگایان لە سعودیە یان لە شوێنەکانی کە تووشبن، ئەمە

لەلایەکەوە، لەلایەکی کەوە هەندێ لە ئەندامانی وەفدەکە کە لەو خەڵکە ناسراوانەن کە کاتی خۆی دەستیان هەبووە لەگەڵ رژێمدا، لەلایەکی کەشەوە ئێمە مسولمانین، واتا لەگەڵ ریزم بۆ کەمە ئاینییەکانی تر کە پێویست ناکات داوا لە دکتۆرێکی گاور یا دکتۆرێکی ئیزیدی بکرێت کە وەفدێکێ تەندروستی بۆ هاوەڵێ حەجاجەکانی کوردستان بنێردرێ بۆ وڵاتێکی ئیسلامەتی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە زۆر پێمان خۆشە بوو برا حاجیەکانمان ئەوسا بچن حەجی خۆیان بکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کاتە ئەوە رێک وپێک نەبوو کە ئەنجام نەدرا لە بەرکەمی کات ودواکەوتنیان کە بچن زیارەتی حەج بکەن و ئەو شتانەی کاک دکتۆر یاسین کردی بۆ ساڵێکی تر بەیاری خوا لێی دەکۆڵینەوە کە ئەو کەم وکورتیانەی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باش بوو وەکو پێشنیازەکەی کاک فرەنسۆ یەکەم جار وتی وەزیری دیاری کراو لێرە بوایە، ئەگەر مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت جارێکی کە روونەداتەوە و ئێمەش رازی دەبووین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاری دکتۆر کارێکی مرۆییە، جا چ گاور بێ یاخود ئێزدی بێت هیچ خەوشێکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک دوو پرسیاری تر ماوە، بەڵام خاوەنی پرسیارەکان ئامادەنین، بەڵام چەند بەدواداچوونێکی تر هەنە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە، تکا دەکەین کە ناوی خۆیان بنووسن، لەسەر ئەو بابەتانەی کە باس کران.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگۆیەک هەیە لەسەر ئەو باسەی کە بڵاوبۆتەوە کە گوایە ئەنجوومەنی وەزیران زەوی بەسەر مووچە خۆران و خانەنشینان و کەس وکاری شەهیداندا دابەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەبەرنامەی کابینەی دووەمی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە بایەخی زۆر بە کەسوکاری

شەهید و چاککردنی باری گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدات و، هەروەها بەڵێنمان دابوو کە لەو کاتەی داوامان لێ کرا بۆ پێکهێنانی حکوومەت کە زەوی وزار دابەش بکرێت بەسەر کەسوکاری شەهیدەکان ئێستاکە کە ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانە ولێی دەکۆڵدرێتەوە کە زەوی بدرێتە هەموو مووچە خۆرەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بنەڕەتی فکرەکە لەوەوە هەڵقوڵاوە مووچە خۆران بەگشتی و خانەنشینان و پێشمەرگە و خێزانی شەهیدان ئەو مووچەی کە وەریدەگرن لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخدا ئێمە هاوکێشەیەکیان بۆ بکەین، وەزعیان باش تر کەین ئەبێت مووچەکەیان بەشێوەیەکی وا زیاد بکەین کە لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە چارەسەری تریان بۆ بدۆزینەوە لە جیاتی ئەوەی کە مووچەکەیان بۆ بەرز بکەینەوە کە پێمان نادرێ توانای ئەوەمان نییە ئەبێت هەوڵی ئەوە بدەین لەلایەکی کەوە بۆیان قەرەبوو بکەینەوە. ئەگەر ئێمە هاتوو زەویمان بە سەر هەموو مووچە خۆرەکان بەبێ هیچ مەرجێک دابەشی کرد، ئەمە واتا توانیمان دەستگرۆییان بکەین، هیوادارین بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش لەم پرۆژەیە پشتگیریمان بکەن کە تێکڕا بۆ هەموو مووچەخۆرانی کوردستانە، واتە کارمەند وخانەنشینان و خێزانی شەهیدان و پێشمەگە بەگشتی هەریەکە پارچەیەک زەوی نیشتەجێکردنیان بۆ تەرخان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماموٚستا مەلا تەها فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی سکاڵای ئەو (٥) کۆمەڵگایانەی دەوری هەولێر ئەو رۆژەی جەنابتان واتان فەرموو کە ئێوە پێکەوە کۆدەبنەوە و وەڵامیان دەدەنەوە. جا نازانم چی لێ هاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران لێرەن، با دەربارەی گیروگرفتی ئەو خەڵکانەی کە لەو ناوچانە دەژین باس بکەن.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو (٥) ئۆردوگایانە بەڕاستی حاڵیان شرە، زۆریشمان داوا کرد کە شتێکیان بدەنێ ئەو حیجزەش لەسەر خانووەکانیان لابەرن بۆ ئەوەی بفرۆشرێ و بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەو مەسەلەیە رۆژی پێنج شەممە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا دادەنیشین و باسی دەکەین، بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی هەردوو فراکسیۆن، تا وەکو رێگاچارەیەک بدۆزینەوە بۆ خەڵکی ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانە، چونکە ئەوە تەنها لەیەک ناوچەدا نییە، بەڵکو لە زۆر ناوچەی تری کوردستانیش هەر وایە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ئەوە تەنها لەو ناوچەیەیە لەو (٥) ئۆردوگایانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئاخر هەر ئەو ئۆردووگایانە نییە ئۆردوگای تریش هەنە.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەدواداچوونێکمان هەیە دەربارەی بەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا، ئێمە چەند داواکاریەکمان بۆ هاتووە بۆ لیژنەی تەندروستی و لیژنەی فێرکردنی بالا کەوا مامۆستایانی زانکۆ و دکتۆرەکان مافی خۆیانە کەوا زەوییان بەسەردا دابەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا حەز دەکەن هەموو یەک بەیەک پرسیارەکان بکەن و پاشان وەڵام بدرێتەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو پرسیارەی کاک دکتۆر ئێمە دەمانەوێت زەوی بدرێتە هەموو مووچە خۆرەکان بە مامۆستای زانکۆوە بە دکتۆرەکانەوە و بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە کەم دەرامەتن، واتا زۆربەی زۆری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە بتوانن گوزەرانیان چاک بکەن بەو زەویەی کە دیان درێتێ و هەروەها هاندانێک بێت بۆ ئەو خاوەن پارانەی کە پارەیان هەیە پارەکانیان وەبەربێنن،.سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکم هەیە لەسەر وەڵامەکەی کاک دکتۆر رۆژ، من ئاماژەم بەوە کرد کە ئەو کەسانەی تکلیف کراون بە پێکهێنانی وەفدەکە ئەوانە نا موسوڵمان بوون، مەبەستم ئەوە نەبوو کە ئەو دکتۆرانە چوونەتە ئەوێ، دووەم من ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ریزم هەیە بۆ نا موسوڵمانەکان، جا وابزانم پێویستی بەو وەڵام دانەوە توندە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی دێرشـەوی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

وەزیری دارایی و کاک دکـتـۆر دیاریان کـرد کەوا کـۆنتـرۆڵ کـردنی سنوورەکـان زەحـمـەتە، جـا پرسیـارێکم هەیە، ئایا ئەگەر ئەم هەموو بازگانە کە دابەش بوونە بەسەر ڕێگاکانەوە دابەش بکرێن بەسەر سنوورەکان سوودی زیاتر نابێ؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بۆ وەڵامی پرسیـارەکە کاتی خۆی باسی ئەوەمان کـرد کـە ئەوە گـرفـتێکی کـاتییـە، بەڵام نازانم مـامۆستـا مـەبەسـتی هەر لە هی گـومـرگەکانە یاخود جگە لە گـومـرگ چەندین خاڵی پشکنینی تر هەنە، هیـوام وایە مـامـۆسـتـا تێکەڵی لەنێـوان هەردوو جـۆر بـازگـەو، پشـکـنینەکـان نەکـردبێت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسـیـارەکـەی من ئەوەیە، کـە ئەگـەر بەڕێز وەزیری ئەوقـاف بـانـگ بکرێت و چەند پرسـیـارێکی ئاراسـتە بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو مەسەلەیە لە کوێ وای بەسەر هاتووە؟ ئەگەر ڕەزامەندی ئەو دەوڵەتانە وەرنەگـیـراوە بۆچی ئەو برادەرانە بەڕێ کـراون؟ ئەوە یەک و لایـەنەکـەی تریش، ئەو کەسانەی کە پارەیان داوە پێویستە ئەو پارەیان بۆ ڕەت بکرێتەوە، چونکە تا ئێستا ئەوەی کە من دەزانم حاجییەکان پارەکەیان وەرنەگرتۆتەوە کە داویانە بە وەزارەتی ئەوقاف کە گوایە بۆ حەجیان دەنێرن جـا من تکام ئەوەیە با وەزیری ئەوقـاف بفـەرمـوێت بۆ ئێرە و بەتێروتەسـەلی بـاسی ئەو بابەتانە و هەندێک هەڵوێستی تریشی لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

باشە ئێمە ڕۆژی سێ شەممەی ئایینده ئاگاداری وەزیری ئەوقاف دەکەین.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دەربارەی ئەو پرسـیـارەی مـامـۆسـتـا، دیارە کـاتی خۆی لەنووسینگەی پەیوەندییەکانی هەردوولای پارتی و یەکێتی لە ئەنقەرە بروسکە هاتووە بۆ وەزارەتی ئەوقاف کە ئەو حاجییـانە بەڕێ بکەون، بەڵام ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارماندا کە ئەو حاجیانە نەچن، چونکە مـاوەکە کورتە و پێڕاناگەن، بەڵام لەسەر بنەمای ئەو بروسکەیە ئەو خەڵکە بەڕێکران، سوپاس.

**بەڕێز مـامـنـد حـەمـەدئـەمین بـابـەکـر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پشتگیری قسەکانی کاک مستەفا دەکەم ،دەربارەی قەلادزێ کە قەلادزێ زۆر مغدورە و تا ئێستا

هیچی بۆ نەکراوە، لەبارەی کارەباشەوە کاتی خۆی ئێمە بەڵێنمان لە سەرۆکایەتی پێشووی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرت کە بڕی (٦٠٠) هەزار دینار پارەمان بدەنێ بۆ کڕینی سیمی نێوان قەڵادزێ و رانیە هەتا ئێستا بەڵێنەکە جێبەجێ نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەوروپا رازیی بووە کە بڕێک پارەمان بداتێ بۆ کڕینی کەلوپەلی کارەبا وپێداویستییەکانی پرۆژەی دەربەندیخان، ئەو کاتە دەتوانین کارەبای سەرەکی لە رانیەوە رابکێشین بۆ قەڵادزێ، هەروەها بۆ هەڵمەتی پاککردنەوە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشداری وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئەشغال و وەزارەتی ئاوەدانکاری شاری هەڵەبجە پاک دەکاتەوە و هەوڵ دەدەین بەرنامەیەک دابنێین بۆ پاککردنەوەی شاری قەڵادزێ و ڕێکخستنی ناو شارەکەش، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی کڕینی گەنم، لە شاری سلێمانی سایلۆیەک هەیە سایلۆکە تەواو نەکراوە، جا ئەمە پەیوەندی بە جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری کشتوکاڵەوە هەیە لەسەر ئەوە هیچ زانیارێکیان هەیە کە ئەو سایلۆیە بە چەند تەواو ئەبێت و چۆن تەواو ئەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە سایلۆکانی کوردستان یان عێراق هەمووی لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوە دروست ئەکرێن، بۆ نموونە چەند سایلۆیەک هەیە لە عێراق وەکو سایلۆی موسڵ وسایلۆی هەولێر وسایلۆی بەصرە و سایلۆیەکی بەغدا لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵەمانییەوە پێش وەخت دروست کراون، بەڵام سایلۆیەکانی تر ئێستا کە لەلایەن روسیاوە دروست دەکرێن لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو کۆڵخۆزو سەفخۆزەوە دروست دەکرا ئەوکاتەی کە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ کرد سایلۆی سلێمانی راوەستاوە و ئیشی لێ نەکراوە، دەبێت ئەو کۆمپانیایانە جارێکی کە بێن و تەواوی بکەن و، بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سایلۆی سلێمانی تەواو ناکرێت و، بەنیسبەت داکردنی گەنمەوەش کە ئێمە وەریدەگرین مەرج نییە لە سایلۆ بێت ئەوە عەمبارمان هەیە گۆڕەپانمان هەیە عەمبار دەکرێ و دابەشی دەکەین بەسەر خەڵکدا، لە پێشەوە شەش مانگ بەگوێرەی پسوولەی کەلوپەلی خۆراکی بیان دەینێ خۆیان سوودی لێ بکەن هەم بۆ نان وهەم بۆ ساوارو بۆ شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی بەدواداچوون، هەر جارەی لەیەک بەدواداچوون زیاتر نییە.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی سایلۆکەوە من لەگەڵ جنابی پارێزگاری سلێمانیدا قسەم کرد کە ئەڵێ ئەگەر بێتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا بکات ئێمە ئەو کەسانەی کە بە پرۆژەکەی سایلۆی سلێمانی هەستاون ئەو بیانیانە ئەتوانین داوایان بکەین و ئامادەن کە بێن لەگەڵماندا کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو پێشنیارەی پارێزگاری سلێمانی بە خۆشییەوە پەسەند دەکەین، فەرموون با پێمان بڵێت کێ و کێ ئامادەنە ئێمە هاوکاریان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سوپاسی سەرۆکایەتی دەکەین کەوا بوار دەدات بەدواداچوون بکەین لەسەر ئەو وەڵامانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەیدەنەوە، من قسەیەکم هەیە لەسەر وەڵامەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیران لەبارەی رێکخراوەکانەوە، ئەگەر بێتو ئەو رێکخراوانە لەرێگای بانکەکانەوە پارەکانیان بگۆڕنەوە باشترە بۆ ئێمە، وکاردەکاتە سەر دابەزینی نرخی دراو لە بازاڕدا،

دووەمیان فەرمووی بەنیسبەت دێهاتێ دووری جادەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی کەوا ئۆردووگای هاوچەرخانەیان بۆ بکەینەوە، هیوادارم چاوێ بخشێننەوە بەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەی کاتی خۆی لەکوردستاندا دروستکراون، هەر چۆنێکی بەکاردێت با زەحمەتەکە نەبێتە دوو زەحمەت، چونکە خەڵک هیوای بەم وەرزە هەیە بۆ ئەوەی کەوا دەغل پێگەیوە ئەمەش هیوایەکی خۆشە جەنابتان ئەفەرموون کە ئێمە ئەتوانین بەشی شەش مانگ دانەوێڵە بدەینە خاوەنی خۆی بۆ خۆی بەکاری بێنێ وئەمە هەنگاوێکی بەکردەوەی بۆ بندرێ، هیوادارم ئەم قسەی دەکرێ قەرز بێ لە زمەتی حکومەتی کوردستاندا، دەربارەی قسەکەی وەزیری کشتوکاڵیش کە دەڵێ هیچ جوتیارێک سکاڵای نییە نەک جوتیاران هەموو خەڵک سکاڵایان هەیە کە ئیشیان جێ بەجێ نابێ، من سکاڵای جوتیارێکم لایە و لەو باوەڕەشدام گەیشتۆتە وەزارەتی کشتوکاڵ، هەر بۆ جەخت کردن وا پێشکەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماوە دەدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان کە تعقیب لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بکەن، بەڵام ماوەکەمان دیاری کراوەو، ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بوار بدەینە ئەندامانی پەرلەمان کە تەعقیب و پرسیار بکەن لە ئەنجوومەنی وەزیران یاخود لە وەزیرە بەڕێزەکان، چونکە لە رۆژی سێ شەممەوە

پرسیارەکان بە دیاری کراوی بۆیان رۆیشتووەو، ئەو پرسیارانە بە گورجی بۆ ئەندامان دەگەڕێتەوە، جا حەق نییە ئەندامێکی تر بەشداری بکات لەو پرسیارانەی کە کراون.
دووەم مەسەلەکە مەسەلەی کاتە، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کاتێکی دیاریکراو دانراوە، ئەوانیش ئیشوکاریان هەیەو، کەدێن بۆ ئێرە دەبێت سەعاتێک یان دوو سەعاتی تر بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیشوکارەکەیان، ئێمە دەبێ نزیکەی دوو سەعات بۆ ئەوان دابنێین لەسەعات (١٠)وە هەتا سەعات (١٢) لەو دوو سەعاتە هەوڵ بدەین کۆمەڵێک پرسیار کە ئاراستەی ئەوان کراون وەڵامی بدەنەوە حسابمان کردووە هەر بۆچوونێک لەسنووری دەقیقەیەک یان دوو دەقیقەی بۆ دانراوە، هیوادارین لە مەودوا بتوانین ئەم بەرنامەیە بە شێوەیەکی وا رێک بخەین کەچی تر کاتمان لەکیس نەدات.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کۆبوونەوەکەمان بۆ ئەوەیە کە ئەو پارانە بێتە بانقەکانی کوردستانەوە، هەروەها ئەو بەرنامەیەی کە جێبەجێی دەکەن بە ئاگاداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت نەوەک خراپ بەکار بێت، ئەوەی تر دەربارەی رۆتینە، کە رۆتین لە فەرمانگەکاندا هەیە، من پێم وایە ئێستاکە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا رۆتین هەبێت، چونکە رۆژی پێنج شەمموان لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران جاری وا هەیە پتر لە (٣٠٠) تا (٤٠٠) کەس دەبینین کە داوا دەکەن ئیشەکانیان بڕوێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستمان لە کڕینی دانەوێڵە ئەوەیە کە بیفرۆشینەوە هاوڵاتیان بە نرخێکی هەرزان لە رێگای فرۆشیارەکانەوە بەوەش نرخی گەنم دیاری دەکرێ.
دووهەم ئەگەر هاتوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان نرخ فرۆشتیەوە هاووڵاتییان بتوانن بیکڕن و یارمەتییەک بێت بۆ ئەوان. هەتاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لایەنێک نەهاتووە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێ ئەمە پارە وگەنم بکڕنەوە، توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دیاری کراوە تواناکەی هەر ئەوەندەیە کە تەنیا بتوانێت مووچەی مووچە خۆران بدات، ئێوەش لەناو جەماوەری خۆتانا یان لە هەر شوێنێکا ئەم راستییە روونکەنەوە، کە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە بە پێی توانای خۆمان هەوڵ بدەین هەموو دانەوێڵەی کوردستان بکڕینەوە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان برسی نەبێت، تاکو ئێستا یارمەتیەکی راستەوخۆ لەدەرەوە نەهاتووە، دەنگۆیەک هەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەو گەنمە، یان ئەو ئاردەی کە جاران دابەشی دەکرد بەسەر ئاوارەکان و نەدارەکاندا کە ئەویش بڕێکی دیاریکراوە بەتەمایە ئەو گەنمە لەکوردستان بکڕێتەوە، لەوانەیە بازرگانەکان بیر لەوە بکەنەوە لەتوانایاندا هەبێت ئەو گەنمە بەرنە ئێران

بیفرۆشن بەرەو عێراق زۆر زەحمەتە بیبەن، چونکە نرخەکەی لێرە زیاترە، بەرەو خوارەوەی بەرن نرخێکی کەمتریان ئەدەنێ ناچارن بەقاچاغ بیبەن یان گومرگی لەسەر بدەن یان تووشی گرفت بین، بەڵام ئێمە ڕێگای ئەوەمان گرت کە بەرەو ئێران بیبەن و ڕێگای ئەوەشمان گرت کە لەولاوە بەبڕی گەورە بفرۆشرێت، ئەو وەختە خەڵکەکە بەرێکوپێکی دێن تەسلیمی لیژنەکانی فرۆشتنی ئەکەن و پارەکە لە حکومەت وەردەگرن و ئەو نرخەش تاکو ئێستا مناسبە، ئیمرۆ دانیشتنێکی تایبەتیمان هەیە بۆ هەموو لیژنەکانی (تسویقی) پارێزگاکان، بەڵام ئەوەی کە گرنگە حەز دەکەم جەختی لەسەر بکەمەوە لە زۆر لاوە گوێمان لێ بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گەنم دابەش دەکات بەسەر خەڵک ئێمە گەنم دابەش ناکەین ئەبێت سەیری توانای خۆمان بکەین کە چەندمان پێ ئەکرێت وچەند ئەو نرخە بێننە خوارێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کە بۆچی خەڵک لە ناوچەی دهۆک گەنم تسلیم ئەکات و لە هەولێر و سلێمانی تەسلیمی ناکەن؟ حەز دەکەم بیزانن هەموو ساڵێ عێراق گەنم و جۆی لە تورکیا هێناوە لە تورکیاش گەنم هەرزانترە وەک لە عێراق و لە کوردستانی عێراق، لەبەر ئەوە بێگومان بۆ تورکیا ناچێت بۆ عێراقیش یاساغ کراوە، بەڵام لەو پارێزگایانەی ئێرە بەتایبەتی لە سلێمانی و هەندێک قەزای سەر سنوورەکانی پارێزگای هەولێر بەشێک خەڵک گەنمەکە دەبەن لە بۆ ئێران داوا دەکەین لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش کە بەڕاستی بوار نەدەن ئەو گەنم وجۆیە بڕوات، بۆ خۆشیان هان نەدرێن کە گەنمەکە بڕواتە دەرەوەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی زەوی دابەش دەکەین بەسەر فەرمانبەرو شەهید و پێشمەرگەدا، ئەوە مژدەیەکی خۆش بوو، ئایا ئەوان ئەتوانن کە ئەو زەوییە بیفرۆشنەوە؟ یان مەرجە، کە هەر خۆیان بیکەن بە خانوو؟ پرسیاری دووەمم ئاماژە بەوە درا کە گوایە لە هەولێر و سلێمانی جووتیارەکان بەرهەمەکانیان تەسلیم ناکەن، ئایا تا ئێستا چ کارێکی وایان کردووە لەگەڵ جووتیارەکاندا بۆ تسلیم کردنی بەرهەمەکانیان؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە بە درێژی باسی ئەو مەسەلەیە کرا، ئێمە دەمانەوێت ڕاددەی ژیانی مووچە خۆران بەرز بکەینەوە لەگەڵ پێشمەرگە وکەسوکاری شەهیدەکان دەبێ ئەو مافەشیان هەبێت کە زەوییەکەیان بفرۆشن ئەگەر نەیفرۆشن چۆن دەتوانن ڕاددەی ژیانیان بەرز بکەنەوە؟ خاڵی دووەمیش ئەوە ئەوڕۆ

کۆبوونەوەمان هەیە کە لیژنەکانی (تسویقی) ناوەندی هەموو پارێزگاکانمان بانگ کردووە کە لەوە بکۆڵینەوە بۆچی لە هەندێ شوێن (تسویق) بەگەرمی خەڵک پێشوازی دەکات ولەهەندێ شوێنی تریش نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا پرسیار و سکاڵاکەم ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت زەوییەکان لەشاری کۆیە دابەش بکرێن بەسەر دانیشتوانی کۆیەدا نەک لەهەولێر، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر باشە لەوەش دەکۆڵینەوە، کە ئێستاکە کۆیە زۆر زوڵمی لێ کراوە، لە زەمانی حکومەتی بەعس یان ئەو شوێنانەی کە وەکو کۆیەن کەزوڵمیان لێکراوە و چارەسەر بکرێ وابزانم برادەرانیش پێیان خۆشە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەیەکم هەبوو لەسەر گەنم، بەڵام مادەم بەم شێوەیە لەلایەن بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکەوە روونکرایەوە منیش رازیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس ئێمە وەکو گوتمان، دەرفەتمان هەتا سەعات (١٢)یە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران تەنها دوو بابەتی گچکە ماوەتەوە، یەکێکیان پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیریەوە هەبوو، داوامان کرد وەزیر خۆی ئامادە ئەبێت، کاک فرەنسۆش پێشنیارێکی هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی رەتکردنە (تجاوز)ە لەسەر یاسای مۆڵەت پێدانی یانەکان کە بەبێ یاسا ئەنجام دەدرێ، بۆیە من حەزم دەکرد کە لیژنەی یاسا لێرە بن کە من ئەوە دەخەمە روو، بۆیە پێشنیار دەکەم کە دوا بخرێ بۆ رۆژی سێشەممە، چونکە ئەندامانی لیژنەی یاسا هەموو چوونە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا دوای بخەین بۆ سێ شەممە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەڵێ، بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایش لێرە بن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

دوو شت سەرنجیان راکێشام، یەکیان ئەوەیە کە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆم زۆر لا باشە، لەمەودوا ئەو پرسیارانەی کە ئەچێت بۆ ئەنجوومەنی وزیران تەنها وەزیری تایبەتمەند بێت بۆ ئێرە، هەموو جارێ پێویست ناکات سەرۆک و جێگری سەرۆک و برایانی وەزیر ئامادە بن، بۆ ئەوەی فریای ئیشوکارەکانیان بکەون، ئەوە پێشنیارێکی زۆر باشە، دووەم داوا بکەین لە ئەنجوومەنی وەزیران کە پاش کۆبوونەوەکانیان مەحزەری کۆبوونەوەکە بۆ پەرلەمان بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

جا ئەگەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا و سەرۆکایەتی ئەنجوومەندا باسی بکەین، چونکە محزەرەکانی ئەنجوومەنی وەزیران تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

**بەڕێز عـەبدوڵـلا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

مەبەستی کاک شێخ عەبدولکەریم وانییە واتا دەقێکی یاسایی نییە، کە ئەنجوومەنی وەزیران لە دانیشتنەکانی خۆیدا بێت لەبەردەمی پەرلەماندا بلێ کۆبوونەوە دەکەم یان کۆبوونەوە ناکەم، بەڵام ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان هەبێت لەسەر کاروباری حکومەت دەتوانین لە رۆژی دیاری کراودا بۆ حکومەت رای خۆیان دەرببڕن و پرسیار بکەن، بەڵام پەیوەندیان بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نییە، ئەوە دوو دەسەڵاتی لێک جیاوازن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی راپەڕاندن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن چاوەڕێی وەڵامم نەکرد لە ئەنجوومەنی وەزیران چونکە پێویستم بە وەڵامی جەنابیان نییە، بەڵام ئێمە ئەوە ساڵێکە حکوومەتمان هەیە قانوونێک یان رێنماییەک یان بڕیارێک لە پەرلەمان نییە کە ئێمە داوا بکەین ئەنجوومەنی وەزیران ژمارەی دانیشتنەکانی، یان مەحزەرەکانی خۆی بدات بە ئێمە، من مەبەستم لە پرسیارەکە بوو، جا من ئێستا گرفتێکم بۆ دروست بووە ئەگەر وەڵامەکەشم لێرە نەبوو، کەی کۆبوونەوە کە تەواو بوو بچم بۆ لیژنەی قانوونی قەناعەتێک بە خۆم ئەکەم، چونکە وەڵامەکە لای ئەوان نییە لای خۆمانە لای پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی تر هەبوو پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، وەزیری ئەوقافیش گەیشت و لێرەیە، ئینجا بۆ ئێمە ئەویش هەڵگرین بۆ سێ شەممەی ئایینده؟.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف وەڵام درایەوە، نازانم ئەو برادەرەی کە پرسیار دەکاو کە دڵنیانییە، هەتا بەڕێز وەزیری ئەوقافیش لێرە روونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مامۆستا مەلا محەمەدامین داوای کرد وتی ئێمە حەز دەکەین دانیشتنێکی تایبەتی بێت، بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمانەوێت وەزیری ئەوقاف لێرە بێت تەنها حەج نییە، بەڵکو کۆمەڵی شتی ترە کە چەند جارێک ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێشکەش بەسەرۆکایەتیمان کردووە، یەک لەوانە مەسەلەی مزگەوتەکان و مەسەلەی وتارخوێنەکانە کە پێویستە کۆبکرێتەوە و خولێکی (تأهیلی) ئیمام و خوتبەخوێن و ئەوانە بکرێتەوە، وای بە پێویست ئەزانین کە رۆژێک بەڕێز وەزیری ئەوقاف لێرە بێت ئەو شتانەی رووبەروو بکرێتەوە نەک تەنها مەسەلەی حەج بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە روون بوو، چونکە پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە بوو، وا بەڕێز وەزیری ئەوقافیش لێرەیە، یاخود لیژنەی کاروباری ئەوقاف دەتوانن پرسیارەکانیان بۆمان رەوانە بکەن تاوەکو بیاندەینە بەڕێز وەزیری ئەوقاف.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە پارەی ئەو حاجیانەی کە ناردوویانە بۆ وەزارەتی ئەوقاف ئایا ئەوە داویانەتەوە؟ چونکە ئەوەی تا ئێستا کە من بزانم نەیان دراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین لە وەزارەتی ئەوقاف بە کورتی ئەوەیە: کە ئەو خەڵکە بۆچی کۆکرانەوە؟ بۆچی نەرۆیشتن؟ کێ بەرپرسیارە؟ چ بووە و دوا شتیش کێ تەحەمولی زەرەرەی ئەو خەڵکە دەکات؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، هەموو دەزانن مەسەلەی حەج وەکو پێشنیارێک لەلایەن لیژنەی ئەوقاف لەپەرلەمان داوا کرا بوو کە هەوڵی بۆ بدرێت و لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامەوەش لە کوردستان کاری بۆ کرابوو، ئێمەش وەک ئەرکی خۆمان بەباشمان زانی کەوا بە ئەرکی حەج هەستین ئەوە بوو وەفدێکمان نارد بۆ ئەنقەرە کە لە بریکاری وەزیر و دوو فەرمانبەری تری شارەزای وەزارەتی ئەوقاف، و لە ڕێگای کاک (سەرچڵ)و کاک (سەفین)ەوە کە لەپەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتین، دوو هەفتە لەوێ مانەوە زۆر هەوڵدرا کە هەندێ گرفت هەبوو لە تورکیا وابزانم وەفاتی تۆرکۆت ئۆزال لەو دەمی لە ئارادا بوو کە تۆزێک دواکەوت، وەکو پێویست نەیانتوانی ئیشەکانی خۆیان بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەوێ کاک سەفین وکاک سەرچڵ چوونە سفارەتی سعودیە و قسەیان لەگەڵ کردبوون و گفتیان دابوو کە ئەم پێشنیارە بدەن بە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی لە سعودیەو رای ئەوان وەربگرن، ئەم مەسەلەیە ماوەیەکی زۆری پێ چوو، نائومێد بووین لەوەدا هەتاکو لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسم کرد کات کەم ماوەو بە بۆچوونی من بریارێک بدەین لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوی ئێمە ئەو ساڵ حەج دوا بخەین گوتیان هەوڵ بدەن، ئەوە بوو رۆژێک مامۆستا ملا دەڵگەیی بریکاری وەزیر وتی کاک عەبدوڵلا تەلەفۆنی بۆ کردوومە ئەڵێت رەزامەندی (١٠٠٠) حاجی هاتووە، دوای ئەوە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیش کاک چەتۆ تەلەفۆنێکی بۆ خۆم کرد، ئەڵێت سەرچڵ تەلەفۆنی کردووە و بروسکەی کردووە کەوا سوریاش رازی بووە بۆ ئەوەی کە حاجیەکانی ئێمە بەوێدا تێپەڕن و بروسکەکەی کاک (سەرچڵ)یش زۆر روونە کە رەزامەندی کراوە هەموو شتێک وەکو بڵێی لە کۆتایی دایە و لەگەڵ کاک دکتۆر فوئادیش خۆم قسەم کرد وتی هەموو شت کۆتایی پێ هاتووە، ئێوە هەوڵ بدەن کەوا حاجیەکان بەرێ بکەن، ئێمەش هەستاین ئەو لیژنەی کە هەمان بوو دیسان دامانناا بۆ ئەوەی ئیشوکاری حاجیەکان بەرێوەببەن. من حەز دەکەم ئەگەر پێتان پەسند بێت رۆژی سێشەم زیاتر درێژەکەی رادەگەیەنین بریکاری وەزیریش دێنم و لەگەڵ لیژنەکە، ئەگەر پێتان پەسند بێت، چونکە ئەوان ئاگاداری گشت وردەکاریەکانن تەنیا من بۆ هەندێ کار ئاراستەم کردبن ئیمزایەک پێویست بوو بێت ئیمزام بۆ کردوون، هەر ئەوە بووە، ئەگینا لیژنەکە بێ لایەنن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیری ئەوقاف ئەو کەسانەی کە خۆیان ئامادە کردبوو بچن بۆ حەج، بێگومان هەریەکە بڕێک پارەی ئامادە کردووە کە لەگەڵ خۆی بیبات لەوێ سەرفی پێ

بکات، ئێستاکە ئەوان وەکو حجەکەشیان بەنسیب نەبوو باخێرەکەشیان لە کیس نەچێت، ئەگەر بتوانن ئەو پارەیە بەسەر هەندێک هەژار و لێقەوماوەکانی کوردستاندا دابەشی بکەن، جا ئایا وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەیەوە هیچ داوایەکی وای پێشکەش نەکردوون؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوام لەحاجییەکان کرد، وتم ئێوە چووینە بۆ حەج ئێستا حەجتان بەنیسب نەبوو گەڕاونەتەوە، بەرای من ئەو پارەیە ئەگەر بتانەوێت خێر بکەن هەزار دینارە (١٠٠٠) دینار ئەوەند زۆر نییە ئێوە یەکی (٣٠-٤٠) هەزار دینار لەحەج سەرف دەکەن (١٠٠٠) دینار شتێکی زۆر کەمە وئێوە چۆنتان دەوێت ئێمە وای سەرف دەکەین، بەڵام هەر بەو وشەیە وتیان (یەک فلستان) لێ خۆش نابین، دەبێت بماندەنەوە، بەڕاستی ئێمەش هەڵوێستمان لاواز بوو و، هەوڵماندا کە ئەو پارەیە نەدینەوە، بەڵام وتیان لێتان خۆشنابین دەبێ بماندەنەوە دەنا خۆنیشاندان دەکەین وتمان بابە نە خۆنیشاندان بکەن و پارەکانتان دەدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم خاڵی سەرەکیمان بۆ ئەمڕۆ تەواو بوو، یەک دوو خاڵی ترمان هەنە لەڕاستیدا وا لیژنەی یاسا کۆبوونەوەیان هەیە، ئێستاکە دەربارەی ئەوانی تر وەختەکەش تێپەڕی و، دانیشتنی ئەمڕۆشمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانمان تەواو بوو و، دێیینەوە سەر کاری ئاسایی خۆمان بۆ بەرنامەی ئایندەمان وەکو ئاگادارن ئێمە بەپێی پێڕەو، ئەو خولە ئەبێت لە (١ ـ ٧)دا تەواو بێت، بەڵام کۆمەڵێک شتمان لەبەردەستە هی لیژنەی یاساو ئەو لیژنانەی تر کە پەیوەندیان هەیە بەو بڕیارەوە بۆ ئەوەی بیخەینە پێش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەین. کاک نەژادیش لەوانەیە چەند تێبینییەکی هەبێت بۆ لیژنەکان.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو هەموو جارێک دووپاتمان کردەوە کە ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی نەبێت، مانای ئەوە نییە کە ئەمە پشووە یان نووچ دانە، بەتایبەتی لیژنەکان، ئەو لیژنانە ئێستا شتی وایان لەبەردەستایە کە پێویستە ئامادەی بکەن کە ئەڵێین تا سێ شەممە کۆبوونەوەی گشتی نییە مانای ئەوە نییە کۆبوونەوەی لیژنەکان نییە، ئینجا ئەگەر هەرچی لیژنەیەک شتێکی لەبەردەستایا پێویستە سوود لەو نەبوونی کۆبوونەوانە وەرگرێ، بۆ ئەوەی ئەو شتانە تەواو بکەن هەتا ڕۆژی سێشەممەو بیدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین دانیشتنی ئەمڕۆشمان کۆتایی پێهات.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕۆژی سێشەممە دێینەوە، دەبێت شەممە بڕۆینەوە، دیسان پێنج شەممە جەنابتان کۆبوونەوەتان هەیە هەفتەی دوایی ئەوە هەمووی با لێرە بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سێ شەممە دەست پێ دەکەین بە پێنج شەممەو هەینشەوە، بۆ ئەوە من سێ شەممە بە باش دەزانم.

لێرەدا کۆتایی بە دانشتنی ئەمڕۆمان دێنین سوپاس بۆ هەمووان.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٧/٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٧/٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٧/٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە «١»ی خولی نائاسایی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر دانیشتنەکانی پەرلەمان لەکاتی پشووی پەرلەماندا.***

***٢- ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری ڕۆشنبیریی و وەزیری ئەوقاف بۆ وەڵام دانەوەی هەندێ پرسیار.***

***٣- گفتوگۆ کردن وبەرچاوخستنی کێشەی خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆ.***

***٤- بەرچاوخستنی چەند هەمواركردنێكی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزە.***

***٥- بەرچاوخستنی چەند هەموارکردنێک لەسەر مادەی (٢٨)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.***

***٦- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ئاگادارن خولی یەکەمی ١٩٩٢مان لەهاویندا دەستی پێکرد، لەبەر زۆریی ئیشوکار زستانیش پشوومان نەداو لەسەر کاری خۆمان بەردەوام بووین، ئێستاش دەبوایە لە(١/٧)وە پشوو بدەین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەندێک ئیشوکارمان ماوەو وا مەزەندە دەکەین هەندێکیان زۆر زۆر پێویستن، دەبێ لەنێوان یەک دوو هەفتەدا تەواو بکرێن، بۆیە دانیشتنی ئەمڕۆمان بەدانیشتنێکی نائاسایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان حیساب دەکرێ بەپێی مادە( ٦) فەسڵی دووەمی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها بۆ بەردەوام بوونی دانیشتنەکانمان پێویستمان بەوە هەیە بڕیارێک وەربگرین بۆ ئەوەی کە لەسەرکاری خۆمان بەردەوام بین، تا ئەو ئیشە پێویستانە تەواو بکەین سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش، وا دیاری کرا دووە کەپێویستمان بە(١٠)تا(١٥)ڕۆژ هەیە بۆ تەواو کردنی ئەوەی کە لەبەردەستمان دایە، پاش ئەوەش پشوودانەکە دەست پێ دەکەین وەکو لەپێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنەکەماندا هاتووە، بۆ ئەمەش بەپێی مادە«٧» پێویستمان بەو بڕیارە هەیە کەدەبێ ٣/٢ی ئەندامانی

ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان رازی بن بۆ ئەوەی ئەوپەڕی تاکو ۷/۱۵ بەردەوام بین لە دانیشتنەکانمادا. ئەمە خاڵی یەکەمی بەرنامەی ئەمڕۆمانەو پێویستە دەنگی لەسەر بدەین بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان بەردەوام بێ، ئنجا کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئەم خولە درێژەی پێ بدەین تاکو ۷/۱۵...؟ کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕیار درا کـەبەردەوام بین تاکـو ۷/۱۵ واتا بەپێی مادە«۷»، ۳/۲ی ئەندامانی ئەنجوومـەنی نیشـتمانیی کوردستان ئەو بڕیارەیان دا وسوپاسـتان دەکەین.

خاڵی دووەم: لەدانیشـتنەکانی پێش ئێستا دووسێ پرسیارمان هەبوو یەکیان ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیـری کـرابوو ئەوەی تریشـیـان لەسـەر داخـوازی برادەران بۆ وەزارەتی ئەوقـاف بـوو، بەڕێزان ئەمڕۆ ئەو دوو بەڕێزە لێرەن ئنجا باسی ئەو دوو پرسیارەش دەکەینەوە.

خاڵی سێیەم: پەیوەندی بەتەمەنی یاسایی خانەنیشین بوونی ئیـمام وخوتبەگۆی مزگەوتەکانەوە هەیە.

خاڵی چوارەم: مەسەلەی کێشەی خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆیە.

خاڵی پێنجەم: چەند هەمواركردنێكی یاسای وەزارەتی پیشەسازی ووزەیە.

خاڵی شـەشـەم: پێـویسـتـیـمـان بە هەمـواركـردنێک هەیە لەسـەرمـادە «۲۸»ی پێـڕەوی ناوخـۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

خاڵی حەوتەم: تازە بابەت بابزانین هەردوو فـراکـسـیـۆن چیـیـان هەیە؟.. هیچ نیـیـە واتا بەخـاڵی دووەم دەست پێ دەکەین، کاک فرەنسۆ پرسیاری هەبوو دەربارەی وەزارەتی رۆشنبیری بابفەرموێ بەخەستی پرسیارەکانی بکات.

**بەڕێـز فـــــرەنسـو تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشـەکی دەمەوێ ئەوە نیـشـان بدەم کەپرسـیـارەکە پرسـیـارێکی یـاسـایی یە، پەیوەندی بەهونەری وەرزش و وەرزشەوانانەوە هەیە، ئەوە نییە تەنیا یاسایی بێ، بەر لەوەی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان دابمەزرێ تەنیـا (۸)یان (۹) یانەی وەرزشی لەکـوردسـتـانا هەبوون دوویان لەسلێمانی بوون. یانەی برایەتی ویانەی ئاکار لەهەولێر. سێ یانەش لەدهۆک بوون، یانەی دهۆک یانەی سێمێل ویانەی زاخۆ لەم دواییەش یانەیەکی تریش هەبوو بەناوی یانەی (سنحاریب) نازانم دوای دامـەزراندنی کـابینە مـۆڵەتی وەرگـرتبوو یان بەر لەدامـەزرانی کـابینە، هەر یەکـەم کـابینەی حکومـەتی هەرێمی کوردسـتـان دامـەزرا وهەگبـەی وەزارەتی رەوشنبیری بەبرای بەڕێز کـاک شـێرکۆ بێکەس راسپـاردرا، یەکسـەر دەست کـرا بەمـۆڵەت پێدانی یانەی وەرزشی من پرسیـارم ئەوەیە: بەپێی کام یاسا و، بەپێی کـام دەسەڵات ئەم کارە کراوە؟ ئەگەر پێشتـر نەی زانیبـوو، یان پێشتـر ئاگـادار نەبوو لە ۸/۳۱سـاڵی پار لەسـەر پێـشـنیـاری وەزارەتی ناوخـۆ پرۆژەیەک پێـشـکەش

بەئەنجوومەنی نیشتمانیی کرا کەدەقەکەی لای منە، لەپەرلەمان بڕیاردرا بۆ هیچ وەزارەتێک، بۆ هیچ فەرمانگەیەک نییە کەسەر بە وەزارەتێک بێ یان سەربەوەزارەت نەبێ مۆڵەتی کۆمەڵەو رێکخراو بدا، تا یاسایان بۆ دەردەچێ چونکە سەربە وەزارەتی ناوخۆن ولەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو بڕیارەی کە ٨/٣١سالّی پار بۆ وەزارەتی رۆشنبیری ناردرا دیسان بەردەوام بوون لەسەر پێشێل کردنی یاسا، لەسەر گوێ نەدانی یاسا، لەسەر مۆڵەت دان لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆیان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی من حەزم دەکرد بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بوایە، چونکە لەهەفتەی رابوردوودا، بەمنی گووت بەپێی یاسای وەزارەتەکەی خۆی کاری کردووە، من لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیریم کۆڵیەوە بەهیچ جۆرێک ناوی یانەی وەرزشی لەناوقانوونی وەزارەتی رۆشنبیری نەهاتووە، بەڵێ بەرپرسیارن لەبەشی وەرزش ولاوان بەپێی ئەم یاسایە، جەخت لەوە دەکەم کەناوی وەرزش دوورو نزێک لەقانوونی وەزارەتی رۆشنبیری نەهاتووە پەیوەندیشیان پێوەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی تر لەلایەن بەڕێز د.کەمال شاڵییەوە هەیەو دەربارەی وەرزش.

**بەڕێز د. کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من پەیوەندی هەیە بەبچراندنی پەیوەندی وەرزشی لەگەڵ رژێمدا، من لەرۆژنامەدا خوێندوومەتەوە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکردووە، کەیانە وەرزشیەکان نەچن بۆ ناو رژێم بۆ یاری کردن. ئەوەی من تێبینیم کردووە، هەندێ یانەی وەرزش هەندێ لە تیپەکان ئەوەیان پشت گوێ خستووە وچوون بۆ بەغدا وئەوشوێنانەی بن دەستی رژێم بۆ ئەوەی یاری بکەن، داوا لەوەزیری بەڕێز دەکەم هۆی ئەم لادانەم بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم: کەلەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێزەوە لیێمان کرابوو دەڵێم: یەک، بڕیاری ژمارە«١٢»ی رۆژی ٨/٣١ سالّی ١٩٩٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندی بە مۆڵەت دانی کۆمەڵە و حزبەکان «الجمعيات والاحزاب» هەیە ئەم بڕیارەش پێش دەرچوونی یاسای رۆشنبیری ژمارە«١١»ی سالّی١٩٩٢دراوە وتا ئەوبڕیارە لە٨/٣٠سالّی١٩٩٢ دراوە وئەوەی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری لە١٦/١١/١٩٩٢لەلایەن ئەنجوومەن خۆی پەسند کراوە، جگە لەوەش یاسایەکە هیچ ئاماژەیەک بۆ یانە وەرزشی یەکان ناکات واتا بڕیاری ژمارە«١٢».

دووەم: لەیاساکانی هیچ وەزارەتێک لەحکومەتی کوردستاندا جگە لەوەزارەتی رۆشنبیری ئاماژە بۆکاروباری وەرزش و وەرزشکاری نەکراوە، ئەم بوارە راستەوخۆ پەیوەندی بەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری یەوە هەیە.

سێ یەم: برگەی(٩، ١٠، ١٦)ی ناو یاسای وەزارەتی رۆشنبیری بەئاشکرا دەستنیشانی مەیدانی وەرزش و رێنمایی کردن وجێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی دەکات، بەشێکیش لەو ئەرکانە پەیوەندیان بە مۆڵەت پێدانی یانە وەرزشیەکانەوە هەیە.

چوارەم: لەوەزارەتی رۆشنبیری دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان هەیە ئەم دەزگایە لەهیچ وەزارەتێک ی تردا نییە هەر مۆڵەتێکیش بەهەر یانەیەک درابێ بەپێی ئەو مەرجانە بووە کەپێشتر پەیرەو کراوون.

پێنجەم: مادەی (٨)ی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێ«ئەو یاساو بریارو پەیرەوو رێنمایی یانەی تایبەتن بەرۆشنبیری وهونەرو وەرزشەوە کاتی خۆی لەحکوومەتی ناوەندن دەرچوون کاریان پێ دەکرێ تاقانوونی تریان بۆ دادەنرێ یان هەڵدەوەشێنرێنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەمیندارایەتی رۆشنبیری ولاوان کەئێستا وەزارەتی حکومەتی هەرێم جێگەی گرتۆتەوە وئەو یاساو بریارو پەیرەوانە جێ بەجێ دەکات.

شەشەم: لەو هۆیانەی کەلەکۆتایی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری داهاتوون واتا هۆیەکانی دەرچونی یاساکە کەدەسەڵات وهەموو ئەرکەکانی وەرزش لەهەرێمی کوردستاندا بۆ وەزارەتی رۆشنبیری دەگەرێتەوە.

حەوتەم: چەند مانگێک لەمەو بەر رژێم ناردی بەدوای دەستەی بەرێوەبەر دەستەی گشتی یانە وەرزشیەکانی کوردا بەنیازی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی یانەکان لەمخمورو موصل وکەرکووک، ئەم هەوڵەی رژێم سەری نەگرت، تەواوی هەڵبژاردن لەکوردستاندا بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری ئەنجام دران ئەوەش خۆی بۆ کورد بەڵگەیەکی ترە کەتەواوی بزوتنەوەی وەرزش بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوە دەچێ، ئەمە وەڵامی پرسیاری یەکەم بوو، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێرکۆ فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەرلە سەرقسەی خۆمم کە یانە وەرزشیەکان نەلە دوور نەلە نزیک هیچ پەیوەندیان بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە نییە لەهەموو دنیا، ئێران وعێراق دەکەینە نموونە بۆ خۆمان، بریکاری سەرەک کۆمار لەئێران بەرپرسی ئەو شتەیە لەعێراقدا لیژنەی ئولومپی تایبەتی هەیە کە پەیوەندی بەهیچ وەزارەتێک نییە بەپێی ئەو مادانەی کەبەرێز وەزیری رۆشنبیری ئاماژەی پێدان من مادەکە

دەخوێنمەوە برگەی (٩) دەڵێ«پشتگیری کردن وهاندانی یەکێتی وریکخراو ویانەو تیپە ڕۆشنبیری وئەدەبی وهونەری وزانستی یەکان» ناوی وەرزش نەهاتووە. مادەی (٦)کە خۆی ئاماژەی پێ کرد، هی نۆیەم بەڵی باسی یانەکان دەکات، باسی هەموو شتەکان دەکات، باسی یانەی وەرزشی تێدا نییە کە، خاڵی شەشەم دەڵێ هاندانی بەهرەی ئەدەبی وهونەری وزانستی خولقێنەری لاوو یانەکانی لاوان، وەرزشی دیاری کردووە بۆ لاو راستە، چونکە ئیشی ئەمانەتی ڕۆشنبیری ولاوانی جاران ئیشوکاری وەزارەتی لاوان دەکات، بپرسین ئیشی راپەرینی ڕۆشنبیری لاوان لە هەولێر دوورو نزیک پەیوەندی بەیانە وەرزشیەکانەوە بووبێ، ئێستاش پەیوەندی پێ دەبێ؟ بەلام کە پەیوەندی پێ نەبوو بێ، بەسترا بووبێ بەلیژنەی ئۆلۆمپی هیچ ئەمینداریێکی گشتی هیچ وەزارەتێک پەیوەندی پێ نەبووبێ، ئێستاش وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرپرسە لەبەشێک لەوەرزش، هەر بەرپرس نییە، کەدەڵێ وەرزش هیچ کەسێ پەیوەندی پێ نییە، وەزارەتی دیدەوانی و وەرزش، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرپرسیەتی دیاری کرایە،وەزارەتی ڕۆشنبیری لەچ بەشێک بەرپرسیارە؟ ئەبێ لیژنەیەک پێک بێت کەداوامان کردووە کاک (عباس بدری) لەرۆژنامەی یەکێتی دوێنێ شتێکی نووسی بوو کە داوا دەکات لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم کارانە پێک بێ و من پێش مانگ و نیوێک پرۆژەکەم پێشکەش کردووە کە لیژنەیەکی وەرزش پێک بێت لەسەر پێشنیاری یانەی وەرزشی سلێمانی کەهاتن بۆلام داوایان کرد، مادەکان روونن لێرە«١,٢,٣,٤» نییە بەڵێ باسی یانەکان هاتیە یاسا تەنیا یانەی وەرزشی تیادا نییە، بەڵێ باسی هاندانی وەرزشی کراوە وەرزشی لاو کە مادەی هەشتەم باسی دەکات زۆر راستەو لەجێی خۆیەتی بەپێی ئەو مادەی کەماوە وەزارەتی ڕۆشنبیری پەیوەندی بەیانە وەرزشیەکانەوە نییە ئێستاش لیژنەی ئۆلۆمپی سەرپەرشتیان دەکات، تا ئێستا ئەم بریارانە لەلایەن هیچ دەزگایەک هەڵنەوەشاونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها وەلامێکی کورتی کاک فرەنسۆ دەدەمەوە تەنها وەزارەتێک کە راستەوخۆ وناراستەوخۆ پەیوەندی بە وەرزشەوە هەبێ لەکوردستانا وەزارەتی ڕۆشنبیری یە، ئەوە هەر وەک لەراپۆرتەکەی خۆم دا گوتم ئێمە بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزشمان هەیە، باشە من پرسیارێک دەکەم ئەگەر پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیری یەوە نەبێ ئەبێ پەیوەندی بەکوێ هەبێ؟ ئێمە ئەوکاتەی دێینە سەر ئەوەی کە لیژنەیەک دابنێین جیایە، لیژنەیەکی بالا دادەنێین بۆ ئەوەی سەرپەرشتی وەرزش بکات، بەلام ئێستە بەپێی هێماکانی کە لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری دا هاتوون وەرزش پەیوەندی بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیەو ئێمە جێگەی ئەمانەتی گشتی پێشوومان گرتۆتەوە

کەلەلای ئەوانەوە لەکاتی خۆی دا مۆڵەت دەدرا بەیانەکان ولەکاتی خۆیدا ئەوان سەرپەرشتی بزووتنەوەی وەرزشیان دەکرد لەهەموو کوردستاندا ولەهەمان کاتدا ئەو برگانەی کەمن دەسنیشانم کردن چ لەمادەی هەشتدا وچ لەمادەی (٩)دا چ لە مادەی ١٠(١)داو چ لە(١٦) راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ دەوری وەزارەتی رۆشنبیری دەکات لەبەرێوەبردنی وەرزش لەکوردستانا وبەشێک لەبەرێوەبردنی وەرزشی یانەکان دەگرێتەوە کەگوتمان بەشێک وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوەی دەبات، بەشێک لەئەرکەکەی ئەوەیە کە مۆڵەت بدات بەیانەکان سەرپەرشتیان بکات تا ئێستا وایە هەرکاتێ بریارێکی تری بۆ درا ئەوەشتێکی ترە، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەهەفتەی رابردوودا بەجێم هێشت، چونکە لیژنەی یاسا لێرە نەبوون ومن گوتم پرسیارەکەی من هونەری نییە، یاسایی یە لێیان دەپرسم ئایا یانەی وەرزشی کۆمەڵەیە یان نا؟ من بەبۆچوونی خۆم ئەگەر «فیفتی-فیفتی» لەگۆرێ نەبوایە یەکەم وەزیر لەیەکەم کابینەی کوردستان موتمانەی لێ وەردەگیراوە، لەسەر لادان لەیاسا، لەسەر گوێ نەدان بەیاسا، سوپاس.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتی یانەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بیکەینە دووبەش، بەشی مۆڵەت پێدان وبەشی سەرپەرشتی. خۆی یانەکان بەشێوەیەکی گشتی لەیاسای کۆمەڵەکانی عێراقی کە تائێستا کاری پێ دەکرێ بەکۆمەڵە حساب کراون و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت دراون، ئینجا ئەگەر یاسایەکی تایبەتی هەبێ بابەتی وەرزش چارەسەری کرد بێ ئەوەی کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد وەکو لیژنەی ئۆلۆمپی وئەوانە بێگومان ئەو یاسایە بخرێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر ئەو یاسایە نەمێنێ خۆی یاسای کۆمەڵەکانی بەسەر پیادە دەکرێ، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان یانەکان لەئەدبیاتدا هاتووە وکۆمەڵەکان دیارن سەر بەچ وەزارەتێکن، بەڵام ئاشکرایە بریارێک لەپەرلەمان پێش هەموو بریارەکان دەرچوو کە حکومەتی عێراق دامودەزگای خۆی کێشاوە هەموو ئەو کارانەی کە حکومەتی ناوەندی دەیکات درایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەواتە، یانەی وەرزشی لەو کۆمەڵانەیە هەموو دەسەڵاتێک درا حکوومەتی کوردستان بۆنموونە کۆمەڵەی جوتیاران دەبێ سەربە بەغدا بێ، چونکە جارێ هەر سەربەوە، یاخود وەرزش سەربە بەغدا بێ، چونکە پێشتر هەر سەربە بەغدا بووە، نەخێر ئەوە راست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر قەدەغە نەکراوە، تۆزێک ورد بن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بامن رای خۆم دەربڕم ئنجا ئەگەر دوایی رای پێچەوانەتان هەیە بیڵێن، با وەرزش جیا بێ لەهەموو کۆمەڵەکانی تر بەتەنیا ئەو با پەیوەندی بەبەغداوە بمێنێتەوە، ئەوەش لێ بگەڕێن کەهیچ سوودی نییە، بەڵام لەلانی یاساییەکەیەوە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەیە یانەی وەرزشی پەیوەندی بپچڕێنێ لەگەڵ عێراق، بەڵام کەسێکی تر دەسەڵاتی هەبێت بڵێ لەسەر بەرپرسیاریەتی من برۆ بەغدا توپانێ بکەو وەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز سەید حەسەن فەرمووی لەگەڵ پرسیاری یەکەم پەیوەندی نەبوو، پرسیاری یەکەم مۆڵەتی یانە دەبێ یان نابێ؟ ئەوەی بەڕێزی فەرمووی ئەوەش دەکرێتە دوو بەش، بەشێکی مەبدەئی یە کە لەوانەیە خۆم لەگەڵ ئەوەبم کە پەیوەندی بپچڕێ. بەڵام کێ بڕیار بدات؟ ئەوە خاڵێکی گرنگە ناچارم باسی لێوە بکەم چونکە جاری یەکەم تەنیا بابەت مۆڵەت دان بوو، مۆڵەت پێدان وکاری هونەری کە عەرزم کردن، کاری وەزارەتی رۆشنبیری یە، بەڵام کارە بەڕێوەبردنەکە کە مۆڵەت پێدانە لەپسپۆریەتی وەزارەتی ناوخۆیە ئەوە لە لایەک، لەلایەکی تر پەیوەندی پچڕاندن دوو بەشە دیسان کێ ئەو بڕیارە دەدات؟ لێرەدا ئەو خاڵە گرنگە بڕیارەکە بڕیارێکی بەڕێوەبردنە، ئەنجومەنی وەزیران دەیدات، بڕیارەکە بڕیارێکی چارەنووسییە پەیوەندی بە چارەنووسی میللەتەوە هەیە بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان بڕیار دەدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەڕەش گوتی هەمووی راست بوو، بڕیاری پەیوەندی پچڕاندن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لەوانەیە لە دەسەڵاتی وەزیرێک نەبێ، بەڵام پەرلەمانێک کە دەسەڵاتی دا حکوومەتی ئێمە حکوومەتی کوردستان کەمومارەسەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بکات بەبڕیارێکی ئاشکراو بە مێژوێکی دیار کە ئەنجوومەنی وەزیران ممارەسەی ئەو حەقە بکات، چ سەرپێچییەکی یاسایی نییە؟ ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران نەیکات کێ دەیکات؟ من ئەو پرسیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من روونکردنەوەیەکی بچووک بۆ برادەران بکەم وئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی

کوردستان هیچ بڕیارێکی وەرنەگرتووە لەسەر مەسەلەی پەیوەندی پچڕاندن، ئەو بابەتەی کەباسی دەکەین تەنها پێشوو لەکابینەی یەکەم باسکرا، ئەوە بەڕێز کاک د.فوئاد کە ئێستا خۆی لێرەیەو لەوانەیە پاشان داوای روونکردنەوەی ئەو خاڵەی لێ بکەین، لەکابینەی دووەمدا لەسەر ئەو مەسەلەیە لەیەکێک لەدانیشتنەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە دەڵێ: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیر بکرێتەوە کە پرۆژەیەک ئامادە بکرێ وبدرێ بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدات.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەشی یەکەمی قسەکانی بەڕێز کاک فرەنسۆ، تەنها ئەوەندە دەڵێم کەمن بەپێی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری کارم کردووە، بڕوام هەبووە بەو ئیشانەی کەکردوومن بەهیچ جۆرێک لەو خاڵانە لام نەداوە کەپەیوەندیان بەیاساوە هەیە، هەروەکو روونم کردەوە، هەروەکو لە مادەی (٣)دا هاتووە ئەو دەسەڵاتە دراوە بە ئێمە سەرپەرشتی تەواوی جموجۆڵی ئەو چالاکیانە دەکەین کە وەزارەتی رۆشنبیری سەرپەرشتی دەکات کەیەکێک لەو چالاکیانە وەرزشە، کەلە وەزارەتی ئێمە، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوان هەیە ولەرێگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەوەش داوای هەموو شتێک کە پەیوەندی بە وەرزشەوە هەبێ دەکرێ، دیسان ئەو پرسیارە دەکەمەوە ئەگەر مەسەلەی مۆڵەتپێدانی یانەبێ، داوا لە کێ دەکرێ بۆ ئەوەی رێگایان بدات کاربکەن؟

دوو ،مەسەلەی کشانەوەی ئێمە لای کاک فرەنسۆ خۆیەتی من لەو رۆژەوە کەئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریم گرتۆتە ئەستۆی خۆم چ وەک یاسا چ وەک ئەو رێنماییانەی کە هەبووە بەپێی یاسا هەڵسوکەوتمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وتومانە ئەگەر پرسیارەکە پەیوەندی بە بەشی یەکەمەوە هەیە، پەیوەست کراوە لەنێوان ئەو برادەرەی کە دەپرسێ و وەزیری تایبەتمەند کە وەڵام دەداتەوە وئەگەر تۆژینەوە لەوە بێ. ئەگەر کاک فەرەنسۆ بەدوداداچوونێکی کۆتایی هەبێ بابفەرموێ؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەڵێ هەموو کارێکم بەپێی یاسا کردووە، من بڕیارەکە دەخوێنمەوە، رۆژی ١٩٩٢/٨/٣١ بڕیار: بەپێی بڕیاری حوکمەکانی بڕگە ١مادده/٥٦یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە «١»ساڵی١٩٩٢ئەنجوومەن لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٢/٨/٣١دا ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا: هیچ وەزارەتێک یان ئەولایەنەی کەسەر بەهیچ لایەنێک نییە لەهەرێمی

کوردستان دا مافی ئەوەی نییە مۆڵەت بەدامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەهەرێمدا بدات تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یاسایەکی تایبەتی لەو بارەیەوە دەردەکات. دووەم: هەموو ئەو مۆڵەتانە هەڵدەوشێندرێنەوە کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەو بڕیارە دراوون، سێ یەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکات. کوا وەزیری ڕۆشنبیری ئەو بڕیارەی جێ بەجێ کردووە کە بەرلەم بڕیارە مۆڵەتی پێدابوون؟ ئایا ئەمە بەپێی یاسا جێ بەجێ کراوە؟ چونکە لەکابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشوودا بەرەسمی دراوە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەئەم بڕیارە جێ بەجێ بکرێ ئایا جێ بەجێ کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک، ئەم بڕیارە پێش دەرچوونی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە، هەروەک بۆم روون کردنەوە. دوو، بۆ کاک فەرەنسۆ ڕەوایە لەهەندێ شوێندا بڵێ کە ناوی وەرزش نەهاتووە لەفلان شوێندا، بەڵام بۆ ئێمە ڕەوا نییە ئەگەر بڵێین لەم بڕیارەدا دوور ونزیک باسی یانە وەرزشیەکان نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی گەر بێتەوە بیرمان بەرنامەی کابینەی یەکەم کەپێشکەشمان کرد کە هاتینە سەرباسی کاروبارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لێرەدا گوتیان باسی وەرزش بەتەواوی نەکراوە دەبێ باسی بکرێ وئێمەش زیادمان کرد، دوای ئەوە لەبەرنامەی کابینەی دووەمدا بەهەمان شێوە لەباسی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا دیسان لەوێ باسی وەرزش کرا، بەڵام لەوەزارەتەکانی تردا باسی نەکراوە، ئەوە دەگەیەنێ کە وەرزش لەتایبەتمەندی ئەو وەزارەتەدایە، دوای ئەوە یانەکردنەوە وبڕیاردان لەسەر کردنەوەی یانەیەک ورەزامەندی لەسەر کردنی لەپسپۆریەتی کێیە؟ ئەوەی کاک فرەنسۆ خوێندیەوە دەڵێ (کۆمەڵە و ڕێکخراو) لێرە یەک پرسیار هەیە، یانە پێی دەگوترێت کۆمەڵە یان پێی دەگوترێت ڕێکخراو؟ ئەگەر یانە لەژێر ناونیشانی ڕێکخراو یان کۆمەڵە دایە ئەوە ڕاستە، بەڵام وابزانم یانە کۆمەڵە نییە، ئەو یانە وەرزشیانە کۆمەڵە نین، ڕێکخراونین تەنها ئەگەر ناوی یانە بنێین کۆمەڵە یان ڕێکخراو بن ئەمە ئەوکاتە داخلی کۆمەڵەو ڕێکخراو دەبێ. بەڵام هەرخۆی یانەی وەرزش وەکو خۆم تێیگەیشتووم نە کۆمەڵەیە نەڕێکخراوە. سێ: مەسەلەی پەیوەندی پچڕان زۆر بەگشتی باسکرا، مەبەست لێرەدا بڕیارێکی کۆتایی نییە هەموو پەیوەندی یەک لەگەڵ مەرکەزدا ببچڕێ لە رووی وەرزشەوە بڕیارێکە هەتا هەتایە، لەوانەیە سبەی زرووف بەجۆرێکە دووسبەی بەجۆرێکی ترە لێرەدا نەک ئەنجوومەنی وەزیران، نەک وەزارەت، پارێزگار خۆی بڕیار دەدات نابێ ئەومادەیە بەهیچ جۆرێک بچێ بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەش پەیوەندی پچڕانە کەچی

ئەوە مافی خۆیەتی ئەو بڕیاری ئەو پەیوەندی پچڕانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ بەدواداچوونێک هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم بڕیار لەئەنجوومەنی وەزیران نەدرابوو پرۆتۆکۆلەکانیش لەبەردەستدان، بەڵگەشم بۆئەوە دوای ئەوە برای بەڕێزم وەزیری رۆشنبیری شێرکۆ بێکەس ئەم بڕیارەی دا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سێ یاری زانی ناردبۆ سلێمانی بۆ لای بەڕێزی نامەشی بۆ نووسی وتکاشی لێ کرد کە ئەوە جارێ لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە تکا دەکەین جارێ وازبینە«فاروق سەید حەسەن و سەردار لەگەڵ محەمەد عوسمان» هەرسێکی بەئۆتۆمبیلێکی تایبەتی بەنامەیەکی بەڕێز سەرۆکی وەزیرانەوە چوون بۆ لای بۆی نووسیوە، تکای لێ کردووە دەڵێ بڕیارمان نەداوە ئەم بڕیارە نییە، پەلە مەکە، رێگایان بدە باکارەکانی خۆیان بکەن ئەوەباشترین دەلیلە کەلە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەم بڕیارە نەدرابوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە بەتێرو تەسەلی لەهەردوولاوە باس کرا، بۆ بابەتی تری لایەنە یاساییەکەی هەواڵەی لیژنەی یاسا بکرێ بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکات ورای خۆیمان پێ بدات. بەمەش ئەو خاڵە تەواو بوو. ئێستاش دێینە سەر بەشی دووەمی ئەو باسەو ئەوی تریش مەسەلەی ئەنجوومەنی نیشتمانییە کە ئەوە فت بکرێ لە پرۆتۆکۆلدا، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باوەڕم بەو قسەیە هەیە کە کردوومە ولێی پاشگەز نابمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ رای تۆ، ئێمە لێرە وابە بەرژەوەند دەزانین فت بکرێ لەسەر پێشنیاری بەڕێز د.فوئاد، ئێمە لەسەر ئەو بابەتە ماوەمان بەدوو ئەندامی لیژنەی یاسادا کە بەدواداچوون بکەن. هەروەها پرسیارمان لەبەڕێز د.فۆئاد کرد کە سەرۆکی ئەنجوومەنی کابینەی یەکەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان لەبەڕێز بۆ ئەوەی روونکردنەوەیەک لەو رووەوە پێشکەش بکات. ئێستاش دێینەوە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکە، کاک شێرکۆ فەرموو:

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشەوە یەک بەدواداچوونی بچکۆلەم هەیە، کاک فەرەنسۆ بۆخۆی چی بڕیار دەدات وچی

دەڵێ بیڵێت، چۆن بڕوای هەیە بیکات، من بڕوام بەکاری خۆم وجێگەی خۆم وبەیاسا وبەوکارانەی کە کردوومن هەیە، من ئەوەندە بڕوام بەکارەکانی خۆم هەیە لەرووی یاساییەوە لەرووی ئەو ئیشانەشەوە کە کردوومانە موتمانەیەکی تەواوم بەخۆم هەیە وبڕوام هەیە بەوەی ئەو کارانەی کە کردوومن هەمووی لەسەر بنەمای قانوونی بووە، لەجێگەی خۆی دا بووە لەبەر ئەوە بەلای منەوە لە پرۆتۆکۆلدا دەمێنێ یا لادەدرێ، شتێکی گرنگ نییە بەلای منەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ تۆ بەردەوام بە لەقسەکانت.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو پرسیارەش کەلەلایەن کاک کمال شالی ئەندامی پەرلەمان لێمان کرابوو روون کردنەوەی هەڵوێست وەکو بۆچوونی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی کێشەی بچراندنی پەیوەندی یە وەرزشییەکانی کوردستان لەگەڵ رژێمدا بۆ ئەوەی وێنەیەکی دروست وتەواو بخەینە بەردەم بەڕێزتان بەپێویستمان زانی ئەو خاڵانە بخەینە بەر دەستتان تا لەرێگەی هۆیەکانی ئەم کێشەیەوە ئاگاداریی سەرئەنجامی ئەو بڕیارانە بن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی رۆشنبیری یەوە وەرگیراوون: یەک: یاسای ژمارە«١» ساڵی١٩٩٢ی تایبەتی بەوەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیاری ژمارە«٣٦»ی رۆژی ١٩٩٢/١١/١٦لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پەسند کراو لەژمارە«٦»ی (پەرلەمان)، کە رۆژنامەی ئەنجوومەنە بلاو کرایەوە لەماددەی (٣)ی ئەم یاسایەدا واهاتووە:-کەوەزیری رۆشنبیری سەرۆکی باڵای وەزارەتە بەرپرسیارە لەرێ نیشاندان و لەکارەکانی داو سەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکیەکانی دا، هەر لە وەزیرەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنماییانە دەردەچن کەپەیوەندییان بەئەرکەکانی وەزارەت ودەزگاکانیانەوە هەیە، یەکێک لەدەزگاکانمان« بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش»ە ئەم دەقە روونە هەڵبەتە یەکێکیش لەو ئەرکانە لەئەستۆی ئەم وەزارەتەدایە، راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە، بزووتنەوەی وەرزشی بڕیاردانە لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو چالاکیانە وچارەسەرکردنی کیشەکانی. دوو، یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مەحزەری کۆبوونەوەی «٨»ی ئەنجوومەنی وەزیران رۆژی١٩٩٢/٨/١٣لە بڕگەی (٢٠)دا ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا کەئەمەش دەقە تەواوەکەیەتی:«پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری پەیوەندی لەگەڵ یانە وەرزشیەکانی هەرێم ببرێ، بارودۆخی ئەم یانانە هەرچۆنێک بن و دەبێ هەموو هەڵسو کەوتێکیان ببەسترێتەوە بە وەزارەتەکانەوە وسزای هەموو سەرپێچی کەرێک بدرێ، داخستنی هەریانەیەک کەئەم بڕیارە پەیرەو ناکات. بەڵام فەرمانگەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ووەزارەتی رۆشنبیریش وایان

بەچاک زانی کەجێ بەجێ کردنی بڕیارەکە دوا بخرێ تا ئەوکاتەی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دەردەچێ، تابەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان دادەمەزرێ. تا پلانی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە دادەندرێ. دوایی پچرانی پەیوەندی دائەرێژرێ. ئەو فەرمانە وەزارەتییەی کەوزارەتی رۆشنبیری دەری کرد، واتا فەرمانی وەزاری ژمارە«١٥٤٣/٣/١٦»لەرۆژی ١٠/٥/١٩٩٣دا دەربارەی پچرانی پەیوەندیی وەرزشی لەگەڵ رژێمدا لەبنەرەتدا گەرانەوە وپشت بەستن بوو بەبڕیارەکەی پاری ئەنجوومەنی وەزیران ولەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەدا بڕیاری خۆی دا کەبەپێی حوکمی قانوونی وەزارەتی رۆشنبیری کاری پێ کردووە.

سێیەم: کەنوقتەی هەرە گرنگە بەلای ئێمەوە لەرووی سیاسی کێشەکەوەیە. ئێمە پێمان وایە پیرۆزی بزووتنەوەی وەرزش وهەڵوێستی وەرزش کاران لەسەرجەمی پیرۆزی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان و مەسەلەی پرۆسیسی دیموکراتیەت ومافی چارەنووسی کورد جیاناکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ هەموو پەیوەندیەکی پاک وراست و دروستی بێ فێڵ داین، بەلام بەمەرجێک لەسەربنەمای رەوشتی بەرزی وەرزشکارانەو مافی یەکسانی وهاتوچۆی پەیوەندی دوولایەنە دروست بێ، ئەمەش بۆ ئەوەی بزووتنەوەی وەرزش بەم جۆرە پەیوەندیانە لەگەشە کردن وپێشکەوتن دابێ، بەلام کاتی ئەم رێگاراستە لەپەیوەندی یە راستیەکەی خۆی ترازا، چووە خزمەتی پروپاگەندەی رژێمی دیکتاتۆری و بووە هۆی ئەوەی لەمەیدانەکانی گەمە ویاری دا بەئاشکرا لەلایەن رژێمەوە سوکایەتی بەکەسایەتی کورد وبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان وپەرلەمان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان وسەرکردە تێکۆشەرەکانمانەوە بکرێ، وەرزشکارانمان لە بازگەکانی رژێمدا ریسوا بکرێن ولەو رێگەیەوە ناشیرین ترین هێرش بکرێتە سەریان، لێرەدا ئیتر هیچ پاساوێک بۆ ئەو پەیوەندییە نەشازو نادروستە نادرێتەوە، لێرەدا ئیتر پێویستە بکێشینەوە بۆ ئەوەی چیتر بەپێی خۆمان نەچینە ناو ئەو شوێنانەوە کە سووکایەتیمان پێ بکرێ نەشتوانین هیچ بکەین، لەلایەکی تریشەوە بەرێزینە خۆ هەموو پەیوەندییەک ئەبێ لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆری بەرامبەر دروست بێ. من لەیاری گەی تۆدا یاری دەکەم و تۆش لە یاریگەی من دا، بە درێژایی ماوەی ئەو پەیوەندییەش کە لە نێوان یانەکانی کوردستان ویانەکانی لەژێر سایەی رژێمدا بوون تەنها جارێکیش هیچ یانەیەکی ئەوان سەردانی کوردستانیان نەکردووە، خۆ پەیوەندیش لەیەک لایەنەوە دروست نابێ، رۆژی ١٣/٥/١٩٩٣لەشاری بەصرەدا یاری نێوان یانەی میناو یانەی سلێمانی کرا بەر لەدەست پێ کردنی یاریەکە راگەیاندنی رژێم لەسەر مایکروفۆنی مەیدانەکەوە چەند دەقیقەیەک ناشیرنترین قسەیان بەسەرکردایەتی کورد وگەلەکەمان دا وبەم جۆرە دەستیان پێ کردووە« رغم انف العملاء والخونة وجواسیس امریکا ....الخ » و(ئەم هەڵبژاردە کورە نیشتمان پەروەرانە هاتن بێ ئەوەی گوێ بدەنە هەڵوێستی خیانەت کارانەی سەرکردایەتی خۆیان وهاتوون یارییان لەگەڵدا بکەن) ، هەمان دیمەنی ناشیرین جارێکی تر لە١٣/٥ لەیاریگەی گەلدا لەبەغدا

دووباره بۆتەوە، ئەوە جگەلەوەی فـانیلەی بەسـەری صـدام نەخشـاویان پێ لەبەر کـردوون ئنجـا هێشتوویانە یاری بکەن وبەدەستنیشـان کردنی بۆنە دزیوەکانی خۆیان ڕۆژ ژمێرێکیـان ناردۆتەوە، هەر بەیانی بۆ هەولێروله(٨)ی شوباتەوە بۆ (یوم النصر العظیم) کەدەست پێ کردنی ئەنفالەکانە لە کـوردسـتـاندا واتا (١٧)ی تەمـووز، هەمـوو ڕۆژە ڕەشـەکـانی ڕژێم ئەوانیـشـیـان هێناوەتەوە بۆ کـوردسـتـانی ئازاد، تەنانەت لەچەند فـەرمـانگەیەکـیش بۆ فـرۆشتن دایان ناوون، ئەگـەر هەر هاوولاتیـەک دانەیەک لەو ڕۆژ ژمێـرەی ڕژێم نەکرێ موعـامەلەکەی بۆ چاک ناکرێ. بەڕێزینە کوا ئەمە پاکیەتی وەرزشە وکوا ئەمە ڕەوشتی وەرزش کارانەیە؟ ڕژێمی دیکتاتۆری چی لا چاوەڕوان دەکرێ؟ ئەگەر کـارێکی پیـلان گێـڕانەی بەم پەیوەندی یە نەشازەی نەبێ، بۆ درێژەی پێ دەدا؟ بۆ هیچ پردێکی پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا نەهێشتوەتەوە؟ بەڵێ ئەو یاری تۆپی پێمان لەگەڵدا دەکات لەم لاشـەوە T.N.Tمەرگمان بۆ دەنێرێ لەلایەکی تریشەوە سەیر ئەوەیە تەنانەت ئەم پەیوەندیە لەرووی گـەشـە کـردنی وەرزشـیـەوە چی بەئەنجـام نەگـەیاندووە، لەزۆربەی زۆری یـاریەکـان لەکـۆی ژمارە«٢٦.٢٥» یانە بۆ نموونە لەتۆپی پێدا یانەکانی ئێمە «٢٤.٢٣»ە تەنانەت بەتۆپزیش هەندێ لەم یانانەیان کردۆتە پلەی «١»ئێمـە لەکـوردسـتـان نزیکەی«٢٥»یانەی وەرزشـیـمـان هەیە تەنهـا دوویانە ئەو پەیوەندییە نەشازەیان هەیە، ئاخر خۆسازدانی وەرزش لەکوردستاندا پێویسـتە بەکۆمەڵ بێ بانێک ودوو هەوا نییە، بەو پیوەندی یە موتمانەی وەرزشکاران لەکوردسـتاندا لە دەست دەدەین بۆیە نامانەوێ ڕوو بەڕووی هەڵوێستێکی لاواز بینەوە.

لەبارەی ماددەی هەشتەمی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری کەدەڵێ ئەو یاساو بڕیارە پەیڕەو ڕێنمایی یانەی تایبەتی یە بەرۆشنبیری هونەرو وەرزش ولاوانەوە ولەحکوومەتی ناوەندەوە دەرچوون وەها دادەنرێن کە لە کار کردندا دەبن تاکاتی دەرکردنی ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە یان هەڵدەوەشێنەوە بەمـەرجێک لەگەڵ ئاواتەکانی گەلی کوردستاندا ناکۆک نەبێ. بەڕێزینە ئێمـە لەبارەی ئەم قسەیە دەڵێین: یەکەمیـان بادەقی ئەو قانوونەمـان نیشـان بدرێ خۆ ئەگەر بڕیارو پەیڕەوو ڕێنماییشـە ئەوە لە دەسـەڵاتی یاسـایی وەزارەتی ڕۆشنبـیـریی خۆی دایە، مـاددەکـەش مـەرجی داناوە ئەویش ئەو مەرجـەیە کە لەگەڵ ئاواتەکـانی گەلی کوردسـتـاندا ناکـۆک نەبێ، بۆیە دەپرسین ئایا سووکـایەتی پێکردنی بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی گـەلەکـەمـان وسـەرکـردەکـانی کـورد سـووکـایەتی کـردن بەحکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان وپەرلەمـان بە بڕیارە یاسـاکـانی ئێوە لەگەڵ ئاواتەکـانی گـەلی کـوردسـتـاندا ناکـۆک نییـە؟ ئایا ئاواتەکـانی گـەلی کوردسـتـان ئەوەیە وەرزش بەهەمـوو پاکیـەتی وجـوانی یەتی وبەرزی خۆیەوە بۆ پرۆپاگـەندەی دیکتـاتۆر و(عـیـد مـیـلاد سـعـیـد)ی صدام ورژێم تەرخـان بکرێ؟ کـوردسـتـان لەریسـوا کـردنی زیاتری دیکتـاتۆری ولەپچڕاندنی ئەم پەیوەندی یە ناسروشتیە دایە. و هەر دەربارەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەسەر پێشنیـاری وەزیری ڕۆشنبیری ئەنجـوومـەنی وەزیرانی حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان لە کـۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩/٥/١٩٩٣دا

دیسانەوە دەربارەی پچڕاندنی پەیوەندی یانە وەرزشیەکان لەگەڵ ڕژێم دا گەڕایەوە سەر ئەو بڕیارەی کەلەکاتی خۆیدا ولەیەکەمین کابینەی حکوومەتیدا بڕیاری لەسەر درابوو، دیسانەوە ئەنجوومەنی وەزیران بەتێکڕای دەنگ بڕیاری پێشووی پەسند کردەوە، بڕیارەکەش بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاگەیەندرا ئەمەش دەقی بڕیارەکەی ڕۆژی «٥/١٩»ی ئەنجوومەنی وەزیرانەو کەلە مەحزەری ئەنجوومەنی وەزیران دا جێگیر کراوە، پێویستە لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری پەیوەندی یانە وەرزشیەکانی لەگەڵ ڕژێم ببرێت هەرچۆنێک بێت بارودۆخی پێویستیەکانی ئەم یانانەو هەروەها دەبێ هەموو هەڵس وکەوتێکیان بە وەزارەتەکانەوە ببەسترێتەوە وسزای هەموو سەرپێچی کەرێک بدرێت، یاداخستنی هەر یانەیەک کەئەم بڕیارە پەیرەو ناکات.

بەڕێزینە ڕەنگە بپرسن ئەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆچارە سەرکردنی ئەم کێشەیە چی دەکات؟ وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتی لاوان هەرلە ئێستاوە خەریکی پلان دانان وخەت کێشانی گشتییەو، خۆی ئامادە کردووە:

١-پێک هێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی وەرزش لەهەرێی کوردستاندا.

٢-کردنەوەی چەند خولی وەرزشی هەمەجۆر لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا، هەڵبژاردنی یاری زانی پارێزگاکان کەلە دواییش دا هەڵبژاردە لەسەرئاستی هەرێم دیاری دەکرێن، ئێمە لەو بڕوایەداین کەیانەکان هەر لەڕێگەی یانەکانی خۆیانەوە وەک هەموو دنیا دەتوانن خۆیان بژێن، ئەمە جگە لەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەداهاتودا هەوڵ دەدات جۆرە پەیوەندیەکی وەرزشی لەگەڵ یانە وەرزشیەکانی وڵاتانی دەرەوە ودەوروبەردا دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە وەکو وتمان مەسەلەی پرسیارەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئیجرائاتانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری کردوویەتی، ئایا ئەم کێشەیە یاساییە یان یاسایی نییە؟ وامان بە بەرژەوەند زانی ئەو مەسەلەیە بدەین بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی کە لەلایەنە یاساییەکەیەوە تەماشای ئەوە بکات. هەروەها وەکو جەختم کرد لەسەرەتاوە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری پەیوەندی پچڕانی وەرزشی لەگەڵ ڕژێمدا نەداوە ولەدوا مەحەزەری دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا بڕیارێکیان هەیە کەپرۆژەیەک ئامادە بکەن وئەو پرۆژەیە بدرێ بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا، یانە (نادی) کۆمەڵەیە، یان کۆمەڵە نییە؟ باسی نەکرا کاک د.فۆئاد داوای کرد کەئایا ناوی کۆمەڵەیە یان کۆمەڵە نییە؟ ئەوە یاسای کۆمەڵە ئامادە کراوە ولەبەردەستمانە،

وەرزش لەکۆمەڵەکاندا ناوی هاتووە، من داوای ئەم وەڵامە لە لیژنەی یاسا ئەکەم یانەی وەرزشی کۆمەڵەیە یان نا؟ تەنیا ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەید حەسەن. ببورە کاک ئەیاد ئەمە پەیوەندی بەلیژنەی یاساوە هەیە، پەیوەندیی بە پرسیارو وەڵامەوە هەیە، پرسیارو وەڵام لەنێوان ئەوەی دەپرسێ و لەنێوان وەزیری تایبەتمەند وداوایان لەلیژنەی یاسا کرد رایەک بدات، کەسمان لەلیژنەی یاسا دیاری نەکرد کە فەتوا بدەن لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک ئەیاد سکرتێری لیژنەکەمانە، تکا دەکەم ئەو وەڵامەش ئەو بیداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێ بووردن دەکەم کەبەبێ مۆڵەت قسەم کرد، بەڵام دووجار من لاری بوونم نیشاندا وەکو خاڵێکی نیزامی بەڕێزتان مۆڵەتی ئەوەتان نەدا کەقسە بکەم، لێرەدا تا ئێستاکە نەبووە بەشوون هەر بەڕێزێک لەئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوە بکات رای لیژنەیەک بدرێ، هەر برادەرێک لێرە کە دەفەرمووێ قسە دەکات رای تایبەتی خۆی دەردەبڕێ، تەعبیر لە رای لیژنەی یاسا یان رای لیژنەیەکی پسپۆڕ ناکات، جامن داوای لێ بووردن دەکەم، لێرە حەقی ئەوەم نییە وەکو سکرتێری لیژنەی یاسا لەسەر ئەو مەسەلەیە وەڵام بدەمەوە، کەی بەنووسراوەیی لەدەستەی سەرۆکایەتییەوە ئەو مەسەلە ئاراستەی لیژنەکە کرا ئێمە ئەوکاتە رای خۆمانی لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە گوتمان ئەو بابەتە هەواڵەی لیژنەی یاسا بکرێ تاکو بەرەسمی بیبرێنێتەوە، بەڵام کە ئەندامیکی پەرلەمان لەبابەتەکانی یاسا رووبەرووی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێتەوەو داوا لەیاسا ناسەکانی لیژنەی یاسامان دەکات کە رایەک لەسەر ئەم بابەتە بدەن. ئوسوڵ وایە ئێمە ئەو داخوازییە بخەینەڕوو وداوابکەین لەئەندامانی لیژنەی یاسا رای خۆیان پێشان بدەن، ئەو بابەتە باس بکەن، واتا لایەنە قانوونیەکەی، تاکو بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بێتەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دوو مەسەلە باس کران مەسەلەی یەکەمیان کە ئایا وەزارەتی رۆشنبیری ئەو کارانەی کەوا

کـردوویـەتی لەسنووری دەسـەڵات ویاسـای خـۆی دا بووە یان نـا ؟ ئەوەیان بێگومـان بەرەو رووی لیژنەی یاسا دەبێتەوە. مەسەلەی دووەم کەباس کرا چوونی وەفدی وەرزشی یە بۆ بەغدا بڕیارەکەی دەگـەڕێتـەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبـیـری وئەنجـوومـەنی وەزیران ئەوان بۆیان هەیە لەو بارەیەوە بڕیار بدەن. وابزانم ئەوە شـتـێکی وانیـیـە کەبدرێ بەپەرلەمـان یان لیـژنەی یاسـا بەڵکو مـەسـەلەیەکە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیران خۆی ئنجـا بۆ ئەوەی مـەسـەلەکـە تێکەڵ نەبێ. مـەسـەلەی یەکـەمـیـان زۆر باشە لەجێگەی خۆیایەتی بدرێ بە لیـژنەی یاسا وچاوەڕوانی وەلامـیـان دەکـەین، دووەم مەسـەلەی چوونی وەفـدەکە بۆ بەغدا ئەوە دەگـەڕێتەوە بۆ ئەنجوومـەنی وەزیران و وەزارەتی رۆشنبیری، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەی بەشی یەکەمم، کە بدرێتە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی بزانین یاسایی یە یان نا ؟ بەشی دووەم ئەگـەر ئەنجـوومـەنی وەزیران بڕیاریشی دابێ ئەم جـارە قـسـە لەگـەڵ وەزیران دەکـەین وەکـو کابینەی یەکەم، چونکە دەسەڵاتی ئەوان نییـە، ئەوە هەنگاوێکی سـیاسـییـە لەنێوان دەسـەڵاتی ئەنجـوومەنی نیشـتمـانییـە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر پێشنیـاری هەیە، پرۆژەی هەیە، دەتوانێت بیداتە ئەنجوومەنی نیشـتمـانیی تا لێی بکۆڵدرێتەوە وبڕیـاری لەسەر بدرێ، بۆ بڕیاری فیدرالی با ئەنجوومەنی وەزیران بیدابایە. بۆ ئەنجـوومەنی نیشـتمـانیی بڕیاری فیـدرالی دا؟ هەمان شتە پەیوەندی بچڕاندن بڕیاری سیاسی یە لەوتارەکەی وەزیری رۆشنبیری دا نیشـان درا کـەلەبەر فلان شت وفلان شت کەسیاسی یە، شتی سیاسی سەربە ئەنجوومەنی نیشتمانییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تەنهـا کـاک کـەمال مـافی بەدواداچوونی هەیە، بەشـێک لـەو پرسـیـارە ئەوە بوو بائەو بفـەرمـوێت روونی بکاتەوە.

**بەڕێز کـــەمــــال ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شــــاڵی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

خـۆی ئەوەی ئێـمـە بیسـتـمـان بڕیارەکە بڕیاری ئەنجـوومەنی وەزیرانە دەرچووە بۆئەوەی پەیوەندی بپـچڕێ لەگەڵ رژێمدا لەبارێکدا وادابنێین ئەمە دەسـەڵاتی پەرلەمـانە، واباشـتـر نەبوو پەرلەمـان پشـتگیری لەبڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بکات ورێگا نەدات بەو وەفـدە وەرزشکارانە بچن بۆ ناو رژێم؟ بەلای منەوە ئەوە باشتربوو نەک هانی ئەو وەفدە وەرزشیانە بدات، بەناوی پەرلەمانەوە هان بدرێن بچن بۆ بەغـدا بۆ ئەوەی لەگـەڵ یانەکـانی رژێم یاری بکـەن مـن پێم وایە ئەو بڕیارە دەبوایە پەرلەمـان پشـتگیری لێ بکردایە تاکو پرۆژەکـە ئەگـەر بلـێین یاساییە، کەهاتەلای ئێـمـە، ئێمەش چارەسەرمان دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێمە گفتوگۆ لەسەر وەزارەتێک دەکەین، پرسیار کراوە کەئەگەر شتێک هەیە لەسەر وەزارەتی پەروەردە، مەزەندە دەکەین یاسا شکێنی لەدەسەڵاتی وەزیری پەروەردەدا نییە، یان ئەگەر پێتان وایە شتێکی وای کردووە، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرسیارەی ئاراستە بکەن، ئەویش بەش بەحاڵی خۆی پێویستە بێتە ئێرەو وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

دێینەوە سەر بابەتی سەرەکیمان ئەویش ئەوەیە کە بەڕێز د.کەمال فەرمووی بەشی یەکەم باشە، بەشی دووەم مەسەلەی چوونی تیپێک، یان قەدەغە کردنی تیپێک ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیری یە، خۆی کاک دکتۆر گرفتەکە لەوەوە دەستی پێ کرد کەوەزارەتی رۆشنبیری دەسەڵاتی هەیە کە تیپێک قەدەغە بکات یان نا، بۆ ئەو بابەتە جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر لیژنەی یاسا وئەو مەسەلەیەمان بۆ بېڕێنێتەوە، دوا دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران لەبەر دەستمانە، لەوێ بڕیارێکیان هەیە جەخت دەکەن لەبڕیاری ٥/١٩ لە ئەنجامی کۆتایی ئەوەدا دەڵێن بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگایانەی کە بزووتنەوەی وەرزش لەکوردستان پێش بخەن وبەدیل بن بۆ ئەو پەیوەندییەی ئێستا هەیە و ئاراستە کردنی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کەدوا بڕیاری لەسەر بدات کە کاک شێرکۆ ئێستا جەختی لێ کرد. ئەوەیە ئەنجوومەنی وەزیران دراسەی ئەو بابەتە بکات لە دووا کۆبوونەوەیدا، کۆبوونەوەی (٣٢)ی ئەنجوومەنی وەزیران لەرۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٩. ئینجا ئەگەر حەز دەکەن بڕیارەکە بۆ برادەران دەخوێنمەوە دەقی بڕیارەکە، ئەوەی کاک شێرکۆ ئاماژەی بۆ کرد بەم شێوەیەیە. کۆبوونەوەی (٣٢) ی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان لەرۆژی چوارشەممە ١٩٩٣/٥/١٩ لەخاڵی شەشەمدا، (لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٣/٥/١٩ی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لەباری پچڕاندنی پەیوەندیی یانە وەرزشیەکان لەگەڵ رژێمدا گەڕایەوە سەر ئەو بڕیارەی کە لەکاتی یەکەمین کابینەی حکوومەتدا بڕیاری لەسەر درابوو ودواتر ئەوە بوو جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە دواخرا بۆ کاتێکی تر، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە« پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری پەیوەندی یانە وەرزشیەکانی هەرێم لەگەڵ رژێمدا ببرێت» هەرچۆنێک بێت کەلەگەڵ بارودۆخی پێویستیەکانی ئەو یانانەدا ناگونجێ، هەروەها دەبێ هەموو هەڵس وکەوتەکەیان بەوەزارەتەکەیانەوە ببەسترێتەوە وسزای هەموو سەرپێچی کەرێک بدرێت یان داخستنی هەر یانەیەک کەپەیڕەوی ئەم بڕیارە نەکات). لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی وەزیران پاش لێکۆڵینەوە بڕیاری دا کەئێستا کاتی جێ بەجێ کردنی

ئەم بڕیارە هاتووەو پێویستە لەهەمان کاتدا هەموو وەزارەتەکان هەنگاوی پێویست بنێین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە، هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشنیاری ئامادە بکات بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانە کە بزووتنەوەی وەرزش لە هەرێمی کوردستاندا پێش بخەن وجێگرەوە دەبن بۆ ئەو پەیوەندیانەی ئێستا هەن بۆ ئاراستە کردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کەدوا بڕیاری لەسەر بدات.

دەگەڕێمەوە سەرئەو پێشنیارەی لەسەرۆکایەتی کردمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئەم کێشەیە بدەین بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدات لەرووی یاساییەوە؟ تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ درا بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لەم بابەتە بکۆڵنەوە.

لەکۆبوونەوەی پێش ئەم دانیشتنەماندا چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف کرا ولە دوا دانیشتنمان وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە. ئێستا جەنابی وەزیر لێرەیە، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین ئەوپرسیارەی کرد، ئنجا ئەگەر پێویستی بە روونکردنەوەیەکی ترە، با بفەرموێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشودا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کەلێرە بوون وبەڕێز وەزیری ئەوقافیش لەکۆتاییی دا خۆی فریاکەوت هەندێ وەڵام درایەوە، دیار بوو هەندێ برادەر سوور بوون لەسەر ئەوە وەزیر خۆشی وای بەچاک زانی کە رۆژی سێ شەممە لێرە ئامادە بێت. من دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە کاتی خۆی ئێمە پرسیارێکمان ئاراستەی وەزیر کردبوو، کەمەسەلەی حەج بوو حەج گرنگیەکی گەورەی هەبوو وراگەیاندنێکی زۆری بۆکرا ئێمە بەو ئاواتەوە بووین جگە لەوەی لێرە ئەو پاداشتە چاکە بەموسلمانان دەگات هەم کارێکی باشیشە کەناوی ئێمە دەچێتە لیستەی حەجەوە لەهەموو دنیا بڵاودەبێتەوە ورەنگە لەوێ نوێنەرانی ئێمە، رۆژنامەوانەکانی ولاتانی ئیسلامیش ببینن ودەنگی کورد لەوێ بڵاو بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە نەبوو، لەبەر ئەوە جەماوەر پرسیارێکی زۆری ئاراستەی ئێمە کردبوو، کە ئایا ئەو خەتایە لەئەستۆی کێیە؟ دەبێ وەزیری ئەوقاف ئەوە روون بکاتەوە، ئەگەر زانرا رەزامەندی نەکراوە، بۆچی وەزیری ئەوقاف ئەو هەموو خەڵکە کۆ بکاتەوە پارەیان لێ وەرگرن و بەوعەزیەت وئازارەوە خەڵک بنێرێت ولەوێ بگەڕێنەوە؟ من ئەوەی ئەوەی دەیزانم لەسوریا وئەوردەن رەزامەندی کراوە، وابزانم وەزیری ئەوقاف ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەناوی دوو برادەری هێنا، یەکیان کاک سەفین وئەوەی تر کاک سەرچڵ بوو کە کاریان دابەش کردووە، تورکیا بەر برادەرێکیان کەوتووە کە رەزامەندی وەربگرێ، بەڵام بەکاری خۆی هەڵنەستاوەو رەزامەندی تورکیا وەرنەگیراوە، وابزنم بەڕێز د.کەمال لەکۆبوونەوەی رابردوودا

ئاماژەی بەوەکرد، بەداخەوە وەزیری ئەوقاف گفتی ئەوەی دا کەئەو برادەرانەی چوون وئەرکەکەیان پێ سپێردراوە یەکێک لەوانە بەڕێز جێگری وەزیری ئەوقافە هەندێ زانیاری لەو بارەوە لابوو دەبوایە بهاتایە باسی بکردبایە، ئەوە بەشێکیان. بەشی دووەمیشیان ئەوەبوو کەئەو پارەیان پێویستە بدرێتەوە وخەڵکی پێمان دەڵێن ئێوە ئێمەتان کردە قوربانی وحاجیەکانی زاخۆ پێمان دەڵێن هیچ نەبێ پارەکەمان بدەنەوە مادام ناومان بەحاجی (زاخۆ) دەرچووە پارەی ئەو مەسرەفەی کەکردوومانە، هەتا ئەو پارەی کە وەزارەت لێمانی ساندووە هەر ئەوەمان بدەنەوە قیرسیا لەمەسرەفەکەی خۆمان، ئنجا هەندێک لەپرسیارەکان وەڵام دراوەتەوە با وەزیری ئەوقافیش ئەوانی تر وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان بەراستی من لەکۆبوونەوەی پێشوودا هەندێ شتم عەرز کردن لەبارەی چۆنیەتی حەج وهۆکارەکانی سەرنەکەوتنی چوون بۆ حەج لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، ئنجا دەڵێم راپۆرتێکم نووسیوە بەکورتی لەسەر چۆنیەتی ئیشوکارەکانی ئێمە کە کردوومانە دەربارەی حەج بۆتانی دەخوێنمەوە، بەڵام وەکو پێشەکییەک جەنابتان دەزانن ئیشوکاری دەرەوە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف نییە، ئەمە ئیشوکاری مرۆڤایەتی و هاوکاری یە، لەلایەکی تر وەزارەتی ئەوقاف نە وەزارەتی مرۆڤایەتیش نوێنەریان لەتورکیاو لەسوریا نییە بەڵکو هی دوو حزبەکەیە، دوو حیزبەکەی ناو پەرلەمان وناو حکوومەت کە پارتی ویەکیەتین، هەرچی شتێک بووبێ لەرێگای ئەوانەوە کردوومانە، وەفدمان ناردووە وەفدەکە چوونەتە لای ئەوان، چونکە ئەوان هیچ پەیوەندی وشتی وایان نەبووە، کەس نایان ناسێ، کەس مەرحەبایان لێ ناکات، مامۆستا مەلامحەمەد دەڵگەیی تەشریفی هێناوە لێرەیە چونکە من پێم گوت بوو، حەز دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان رەزامەندی بکەن ئەویش تەشریفی بێتە ئێرە، لەبەر ئەوەی بەراستی زۆربەی ئیشەکان ئەو کردوویەتی، ئەو بەرپرسیارە، راسپێردرا بوو، سەرەک وەفد بوو بۆ هەموو ئیشەکان ئەو لەناودا بووە، من حەز دەکەم ئەویش تەشریف بێنێتە ئێرەو وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو لیژنانێک بێت، ئەوە هەر شتێک پێویست بوو دەتوانیت جەنابت پرسیاری لێ بکەیت ئەویش روونی بکاتەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پرسیارێک کرا لەبارەی ژنی ئەنفال کراوەکانەوە لەلایەن بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر،

ئایا ئەو پرسیارە دراوە بەجەنابی وەزیری ئەوقاف یان نا ؟ ئەگەر نەدراوە کاک شەوکەت ئامادەیە پرسیارەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن:**

ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام وەڵامەکەی نەهاتۆتەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

کاروباری حەج ئەنجامدرا بە پێی ئەو بروسکەی کەلە ئەنقەرەوە بۆ کاک کۆسرەت لەکاک سەرچڵ قەزازەوە نێردرا بوو، تیادا رەزامەندی سعودیە بۆ حەج کردنی (هەزار ) حاجی بەپاساپۆرتی عێراقی دیاری کرابوو، ئەوە بروسکەکەیە لامانە لێرە لەبەر دەستدایە، ئەگەر حەز دەکەن بروسکەکەی کاک سەرچڵ دەخوێنمەوە« لەکاک سەرچڵ بۆ بەڕێزان م.س کاک کۆسرەت. سڵاوێکی گەرم ئێمرۆ سەفارەتی سعودیە کۆبوونەوەیەکیان کرد رەزامەندیان نیشاندا کە هەزار حاجی بنێردرێن لەسەر حیسابی خۆمان، حاجیەکان بەو مەرجەی هەموو پاسەپۆرتیان هەبێ داوا بکەن فیزەی گرانەوەیان هەبێ بۆ تورکیا، بۆ ماوەی مانگێک بۆ گەڕانەوە، ئەگینا لەوێ قەمتەر دەبن، چونکە ئەگەر ئێمە داوا بکەین بۆیان بنێرینە سعودیە دوومانگی پێ دەچێ، هاتنیان بەتەیارە لەدیار بەکرەوە بۆ جەدەو (٦٤٠) دۆلاری تێ دەچێ وئەگەر بەرێگەی سوریاوە برۆن دەبێ خۆتان لەگەڵ ئەوانا قسەبکەن بۆ کاری رێکخستن لەگەڵ سوریا خۆم لەگەڵ ئەردەنییەکان جێ بەجێی دەکەم دوای ئەوەی سوریەکان رازی دەبن.» ئەمە بروسکەی کاک سەرچڵە وهەندێ بروسکەی تریش هەیە بێجگەلەوە بەراستی جەنابی کاک د.فؤاد کەتەشریفی لێرەیە لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی یەوە خۆی قسەی لەگەڵ من کرد کاک کۆسرەت لەگەڵ مامۆستا دەڵگەیی دەتوانن ئەو سێ چوار پرسیارە لەئەو بپرسن کە لێرەیە، کاک کۆسرەت خۆی قسەی لەگەڵ مامۆستا دەڵگەیی کرد پێشتر دەڵێ رەزامەندی کراوە بۆ هەزار حاجی تەرتیبیان بۆ بکەن هەوڵ بدەن بەزوویی بیانێرن، چونکە کات کەم ماوە مامۆستا دەڵگەیی قسەی لەگەڵ من کرد ومن خۆم هەڵسام لەگەڵ کاک کۆسرەت قسەم کردوە، ووتی وایە هەوڵ بدەن بەزوویی بیان نێرن بۆ ئەوە حاجیەکان دووانەکەون، زوو بگەنە شوێنی مەبەست، جگە لەوەش (کاک سفین)یش بروسکەی هەبووە، وەنیە هەر بڵێی تەنیا کاک سەرچڵ بێ، هەتا بروسکەکەی کاک سەفین بەهەمان مانایە، بەڵام وای نیشان دەدات، دەڵێ ئێمە لە سەرەتاوە زۆر ئاگادار نەبووین، لەبەر ئەوە کاک سەرچڵ بەدەورەکە هەڵساوە دەبێ ئەو بەئیشەکە هەستێ، لەبروسکەکەیدا وادەڵێ ئەمەش بروسکەی کاک سەفینە کەدەڵێ « لەسەرەتادا کە وەفدی ئەوقاف هاتن بۆ ئەنقەرە لێرە نەبووم» مامۆستا دەڵگەیی لێرەیە دەڵێ من لێرە نەبووم، بەرێگای (p.k.k)پەیوەندی خۆیان کرد کە هەرئەوانیش لەگەڵیان دا بوون بۆ سەفارەتخانەی سعودیە دوای ئەوە ئێمە ئاگادارکراین کە رەزامەندی هەزار حاجی کراوە،

بەڵام ئەوەش پێویستی بە کاری ڕەسمی هەیە، ڤیزەکانیان دەبێ لەئەنقەرە وەربگرن، بەڕێزان مەلا محـمـد ومەلا محمود کەهاتن گوتیان بەرێگای سوریاوە دەچن، بەڵام لەبەر نەبوونی پرد ئۆتۆمبیلەکان بەرێگای تورکیادا دەربازی سوریا بێن، منیش ڕۆژی هەینی پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەم کرد لەبەر پشووی شەممە ویەک شەممە وەڵامم وەرنەگرتەوە بەیانی وەڵام وەردەگرم، بەڵام بەنسبەت سوریەکانەوە لەنووسینگەی «شام»یدا باس کراوە نەک لێرەوە جا پێویستە بەپەلە پەیوەندی بە خۆیانەوە بکەن لەشام بۆ ئەو بابەتە دوای ئەوە کاک چەتۆ تەلەفونی کرد ووتی لەنووسینگەشدا کاک دانا تەلەفۆنی کردووە دەڵێ ناوی حاجیەکانمان بۆ بنێرن بەفاکس ئێمەش لەماوەیەکی زۆر کەمدا هەستاین هەموو ناوەکانمان تۆمار کرد وئامادەمان کردن و دامانن بەبارەگای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لەمەکتەبی سیاسی واتا بەدکتۆر وبرادەران، خۆم جارێکی تر لەگەڵ دکتۆرا قسەم کردەوە ئایا ناوەکان گەیشتەکوێ؟ بەڵێ هەمان کات کەگەیشتۆتە دەستی ئێمە، ئێمە ناوەکانمان ناردە شام بۆ کاک داناو دڵنیا بووین کەناوەکان چووون ئیشەکان تەواوبوون، ئنجا لەسەر ئەو بنەمایەوە لیژنەکە دەستی کرد بەوەی حاجیەکان بێن پاسەپۆرتییان بێنن شتی پێویست چییە دەستیان پێ کرد بۆ ئەوەی ئامادەبکرێن بۆ سنووری تورکیا، برادەرێک لێرە لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی دەکات، من خستمەڕوو، ئەمە پێش ئەم شتانە بوو، پێش ئەم بروسکانە بوو گوتم بەرای من حەج نابێ وگیروگرفت هەیە، وەخت نەماوە، داوام کرد لەئەنجوومەنی وەزیران کەرەزامەندی بکەن بۆ ئەوەی ئێمە حەجی ئەمساڵ هەڵوەشێنینەوە ئیتر بڕیاری پێ وەرنەگیرا، واتا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی نەدرا، گوتیان هەوڵ بدەن تا دووسێ ڕۆژی تر ئەگەر بەرەسمی هەڵنەوەشاوە هیچ شتێک نەبوو تۆ رای بگەیەنە هەڵوەشاوەتەوە، چونکە کات نەماوە، من پێشنیارم کرد بەم شێوەیە پێشنیارەکەی من پەسەند کرا، دوای ئەوەی من گەیشتمەوە، ڕۆژی پاشتر ئەم بروسکەو تەلەفۆن و ئەو ئیشانەکرا، من ومامۆستا دڵگەیی زۆر زۆر بێ هیوا بووین لەوەی کە بتوانین ئێمە ئەمساڵ حاجیەکان بنێرین، چونکە وەخت کەم مابوو لەلایەک ئەم هەموو سنوور برینە، بچنە تورکیا، لەتورکیا بۆسوریا، لەسوریا بۆ ئوردن بۆ سعودیە لەماوەی هەفتەیەک، یەک ڕۆژ ئاسان نییە، بەڵام وەکو گوشارێک وەکو شتێکی سیاسی دەبوو ئەگەر ئێمە قەدەغەمان بکردایە، ناچار بووین، توانای خۆمان سەرف کرد هەموو ئیشەکانمان رێک خست وناردمانن هەتا سەر سنوور، کە گەیشتنە ئەوێ کاک سەرچڵ هاتووە بۆلایان شەو لەوێ بووە، چووە چاوی پێیان کەوتووە هەتا بردوونی بۆ سەر پردەکە شەو لەوێ بووە تا بەیانی ئنجا لەوێ لێ نەگەڕاون جارێکی تر وەفدی ئێمە وەفدی بەڕێوەبردنمان کەمامۆستا «ئەحمەد عەبدوڵڵا»ی مزگەوتی« خانەقای مەولانا خالد» سەرۆکی وەفدەکەمان بوو هی (بعثە) بەڕێوەبردن وئاینی ئەڵێ خۆم چوم بۆ لای قائمقامی«سلوپی» پێی گوتم بروسکەکەی هێنا دەرێ گوتی فەرمانی چوون هەیە، بەڵام بروسکەیان کردووە دەڵێ دوای خەن وگوتی وادەگەیەنێ ئەوە شتێکی

سیاسیە ئەگینا ڕەزامەندی کراوە ئامادەیە ولەلای منە، ووتی بروسکەکەی هێنا دەرێ کەمن نەم خوێندەوە، بەڵام پێشانی دام ووتی ئەمە بروسکەکەیە، بەڵام بەیانی وەرنەوە من توانای خۆم سەرف دەکەم بۆ ئەوە بەڵکو بەیانی بەرێتان بکەین وگوتی لەسەر ئەو بنەڕەتە کەکاک سەرچڵ هاتبوو قەناعەتمان هات کەروخسەتمان دەدەن دوای ئەوە هاتە سەرئەوە گوتیان ئێوە دەتوانن ئۆتۆمبیلەکانتان بەپردەکە تێپەڕ بکەن وبەرهەڵستی نییە بڕۆن، بەڵام نەفەرەکان بچنە ڕێی قاچاغ بۆ سوریا وگوتی چووین ئێمە ڕێشمان تەماشاکرد کە لەو ڕێ یەوە لەتوانادا نەبوو بڕۆین لەبەر ئەوە کەرێگەکان بچووک بوون، لەناو بەلەمەکان ئەگەری ئەوە هەبوو ئەو خەڵکە زۆرە بخنکێن لەبەر ئەوە ئێمە گوتمان شتی وەها ناکرێ، چۆن دەکرێ ئێمە لێرە ئۆتۆمبیلەکان بنێرین بەسەر پردی ئەوانەوە لەولاوە بەرێی سوریا دابچین؟ گوتی هەتا چووین دیتمان خۆشمان تەماشامان کرد گوتی دەربارەی ئەو ڕێی قاچاغە ئێمە هیچ زانیارییەکمان بۆ نەهاتووە، ئەگەر هەبێ لەقامیشلی هەیە نەک لێرە چونکە ئێرە ڕێی ڕەسمی نییە، ڕێی ترانزێتی نییە، لەبەر ئەوە ناکرێ، دوای ئەوە مامۆستا*لێرەیە دەتوانێ هەندێ خاڵی چوون وهاتنەوەتان بەکورتی بۆ روون بکاتەوە، ئێمە لەلانی بەرێوەبردنەوە بەرپرسیارین وهەموو شتێکی خۆمان کردووە، پاسپۆرت ئەوەی نەیبووە بۆی دروست کراوە نێردراوی پزیشکیمان داناوە، بەعسەی ئیداریمان داناوە، خەڵکەکەمان ڕێک خستووە تا چووینە ئەوی یەک گرفتمان نەبووە، ئەمانەی ئیشی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەکەن نەک وەزارەتی ئەوقاف نەک ئێمە ئەوان بە ئێمەیان گوتووە بۆ هەزار کەس ڕەزامەندی کراوە، پێشتر گوتیان (٣) هەزار. مەسەلەی پارە، ئەو پارەی کەئێمە وەرمان گوتووە مامۆستا خۆی سەرۆکی لیژنە بووە پارە لەکیسەی ئێمە نەبووە بۆ ئەوقافیش نەبووە، هەمووی کە وەرگیراوە یەکسەر خراوەتە بانکەوە یەک فلسمان نەگێراوەتەوە جگە لەو پارەیەی کە بۆ لیژنەی ئیداری لیژنەی پزیشکی بۆ مەسرەفی خۆیان بۆ هەندێ پاسپۆرت وخەرجی تریش کەگوتم سەرف کراوە، ئەمیش خراوەتە دەست خۆیان نەک ئێمە سەرفمان کردووە نەک کارمەندێکی ئێمە سەرفی کردووە، بەرامبەر بە وەصل پێیان دراوە ئەویش لەحاجیان وەرمان نەگرتووە، لەحملەدارەکان وەرگیراوە بەنسبەتی هەر حاجییەک هەزار دینار. ئەوانەی کەشارەزانە لەئیشی حج دەڵێن هەر ساڵێک هەتا لەبەغداش کە خەڵک ناردراوە بۆ حج پارە وەرگیراوە، مەسرەفی ڕێگا لەسەر حاجیەکان بووە، هی دکتۆرەکان هی چی هەبووە کاتی خۆشی لەسەردەمی ڕژێمیشدا لەسەر حیسابی خەڵک بووە نەک لەسەر وەزارەت، حاجیەکان مەسرەفیان داوە ئێمەش لەسەر ئەو بناغەیە وامان کردووە حاجی وهەزار دینار، بەڵام ئێمە لەحاجیمان نەستاندووە لەحملەدارەکانمان سەندووە، دوای ئەوە هەموو پارەکانمان داینەوە جگە لە«٤٩» هەزار دینار ئەویش دابینکاری حملەدارەکانە بەراستی ئەم هەرایە هەرایەکی ناراستە، نابەجێ یە، وناماقوولە، ئێمە پارەی هیچ حاجیەکمان وەرنەگرتووە ئەوە بەراستی زۆر بەداخەوە ئەمانەش هەندێ مەبەستی سیاسی یە بەکاری دێنن بۆ ئەوەی ناوزڕانی پێ بکەن لەدژی هەندێ

لایەن یان وەزیرێک یان کەسێکی تر، بەرای من ئەوە بەرژەوەندی نییە، ئەوە راست نییە، ئەگەر وابێ مرۆ ناتوانێ کار بکات، ئێمە شەوو رۆژ خەومان نەبووە، کارمەندەکانمان خەویان نەبووە، وەرە ئەو هەموو خەڵکە بنێرە و بەرێی بکە، ئنجا دوای ئەوە پارە خوراوە، پارە نەدراوە، ئەوە کێ پارەی خواردووە؟ حەز دەکەم دیاری بکەم کێ پارەی لێمان خواردووە، ئەمە بەراستی رێگایەکی ناشیرینە، مرۆ ئیش دەکات بۆ ئەوەی نییە ناوی بزرێندرێ لەلایەن کەسانی رەسمی یەوە نەک لەجادەوە، لەجادە قەیناکە، لەجادە ناحەزکانمان دەیکەن، ئەمە ئەندامێکی پەرلەمان لەناو ئێرە یەخەی منی گرتووە دەڵێ: بۆ پارەی حاجیان نادەنەوە؟ ئێمە پارەی حاجیانمان نەخواردووە. بەبۆچوونی من ئەوەندە بەسە، چیتر درێژەی نادەمێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا پرسیارەکە وانییە کە ئێوە پارەتان خواردووە یاخود لەکەستان وەرگرتووە، پارە لەحاجیەکان وەرگیراوە، ئەو حاجیانە داوای پارەکەی خۆیان دەگەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو پارەیەی کەماوەتەوە دەردێتەوە یان نادرێتەوە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ تەنیا ئەوەندە بڵێم پێغەمبەری ئێمە دەڵێ:« أرفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكره عليه » ئەوە دەبێ، مرۆ هەڵە دەکات. حەز دەکەم بگەڕابینەوە بۆ کۆڕەکەی کە کردمان بێگومان مرۆ هەڵە دەکات، رەنگە ئێمە تازە نوێین تاقی کردنەوەمان نییە، زۆر ئاساییە، بەڵام مەبەستەکانی مامۆستا کەبەدوور ودرێژی باسی کرد، مەبەستەکەی ئێمە ئەوە نەبووە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی، باسی کاک سەرچڵ نەیەتە ئاراوە، ئەو ئیشی باشی کردووە خوا خێری بنوسێ، ئێمە باسی رەزامەندییەکەی سعودیە ناکەین، ئەوەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف باسی کرد رەزامەندییەکەی سعودیە بوو، ئێمە دەڵێین ئیشەکە لەکێ وەستا؟ حەقە باسی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدیاری کراوی عەرزتان دەکەم هەموو پارەکانمان داوەتەوە تەنیا (٤٩) هەزار دینارمان ماوە کەبەعەسەی پزیشکی سەرفی کردووە بۆ پاسەپۆرت وهەندێ کارمەند گوتویانە پارە نادەینەوە ونووسراومان نووسیوە بۆ وەزارەتی تەندروستی کە بەرەسمی پارەکە بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی گفتوگۆیەکەی پێشوو ئەوەی ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری کرا، ئەوەی ئێستاش

کەهەندێ پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف کراوە هەندێک شت دووبارە کراوەتەوە حەز دەکەم لێرە قسەیەکی زۆر کورتی لێ بکەم پێویست نییە هیچ وەزیرێک کەشتێکی لێ دەپرسین ئەگەر لەلایەنێک بێ، لەکتلەیەک بێ وابزانێ کتلەکەی تر دەیەوێ بیشکێنێ یاخود پرۆپاگەندە بێ لەدژی ئەو ڕێکخراوەی کەئەو هەڵی بژاردووە بۆ ئەو پایەیە، چونکە لەهەموو پەرلەمانەک پێویستە ئەو جۆرە شتانە باس بکرێ پەرلەمانەکەی ئێمە حکوومەتی ئێمە هەر دووک (ئیئتیلافین)، لەناو ئێمە وانییە لایەنەک لەحوکم بێ لایەنێک لە ڕکابەری بن. ڕکابەر مافی خۆی هەیە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات هەموو زانیارییەک کۆبکاتەوە بزانێ لەکوێ سەرپێچی کراوە تاکو بیوروژێنێ ئەوە شتێکی ئاسایی یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پرسیارەکەی ماموٚستا مەلا محەمەد ئەمین ڕوونکرایەوەو وەلامەکانی تەواو بوون سوپاسی ماموٚستا دەکەین کەئەزیەتی کێشا بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە، ئێستاش پرسیارێکمان هەیە دەربارەی کشتوکاڵ بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ لەلایەن بەڕێز ماموٚستا مەلا تەڵحەوە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لەبارەی ئەو کەسانەوەیە کەخاوەنی مەرو مالاتن، تا ئێستا پەیرەوێکیان بۆ دانەنراوە لەزۆر جێگە لەنێوان ئەو کەسانەی کە خاوەن مەرو مالاتن ولەنێوان ئەوکەسانەی کەپووشی پاوانیان هەیە کێشە ڕوویداوە، من پێشنیارەکەم ئەوەیە. لەزەمانی خۆی ڕژێم مافی باغداری (بەستەنەی) دایتە هەموو برا جووتیارەکان ئەو پارەیەش سەرف کرایە لەو (بەستەنانە) لەهەموو جێگایەک هەتاکو بەستەنەکە پێ گەیشتووە دوایی ڕژێم سووتاندوویەتی، هیچ سوودیان لەبەرهەمی ئەو باغدارییە نەکردووە،ئێستاش حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای ئەو پارەیە دەکاتەوە ئینجا پێشنیار دەکەم چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەم دەربارەی پاوان و دەربارەی خاوەنی ئاژەڵەکان، جارێ ئەو ناوچە سنووریانە چەند ساڵێکە دیهاتەکانیان تێک چووە ئەو ئاوەدانییەی کەئێستا لەوێ هەیە لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەشێکی کێشەکەیان لەسەر ئەوەیە کە هەندێک ڕەشماڵ وخانوو دروست کراون لەسەر زەوی یەکێکی تر لەناوچەی پشدەر وناوچەی نزیکی سەنگەسەر وناوچەی بناری قەندیل ولەزۆر ناوچەی تریشدا، بەلام تائیستا یەکێ لەو کەسانە نەبووە کە سکالایەک بنێرێ بۆ ئێمە چ خاوەن زەوی چ خاوەن مەڕومالات، لەهەر کاتەک شتێ لەوبابەتە هات ئێمە ئامادەین لەمەسەلەکە بکۆڵینەوە، چارەسەری بکەین ئەو جێگەی پێویستی بە بەڕێوەبردن بوو ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ

بکەین کەبە ئیجرائاتی خۆیان هەستن، جگە لەوەش بۆ هەموو برادەرانی کە پرسیاری لەو بابەتانەیان هەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەموو رۆژەکان رۆژی موراجەعەیە لەوەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ئەگەر زانیان لەوێ کێشەیەک چارەسەر ناکرێ ئینجا وەختی پەرلەمانی پێ بکوژن وئێمە بۆ هەموو پێشنیارێک لەم بابەتە هەموو کێشەیەک هی هەر ناوچەیەک بێ هاوکاریمان بکەن لەجێ بەجێ کردنی، ئێمە ئامادەین چارەسەری بکەین بەبێ ئەوەی کاتی پەرلەمانی پێ بکوژین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبەستمان ئەو کەسانەیە کەباغدارییەکەیان سووتاوە، پێش وەخت زۆر کەس هەبوو داوای قەرەبووی کرد بوو ئێمە مەبەستمان ئەوانەیە نەک ئەوانەی چیان لەدەست نەداوە بچن خۆیان بەپاڵ ئەوانی تربنێن هەتا سوودمەند بن، ئینجا لێرە گەر بڕیارێک بدرێ دوابخرێ، چونکە زۆر کەس سەردانی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ باغداری و زەوی کشتوکاڵی تەرخان (تفرغ) کردووە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتن، ئەوە سەربەخۆ دواخراون، چونکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە، ئەوە سوودی لێ وەرناگرن، بەنسبەت ئەوانی تر لەنێوان ئەو (٥٠) هەزار کیلۆ مەترەیەن کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، وەکو ووتم لەهەر ناوچەیەک پێویستە حاڵەت بەحاڵەت لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە بەراستی تاڵان کراون، ئەوەی خۆشی تاڵانی کردووە دەیەوێ سوود لەرەوشەکە بکات، زۆر تێکەڵ وپێکەڵە پێویستمان بەکات هەیە تا لەبارێکی دەردێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی کاک سەعدی دەکەین، ئێستاش دێینەوە سەر بڕگەیەکی تری بەرنامەکەمان، ئەویش خاڵی سێ یەمە، کە بریتییە لە بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای دیاری کردنی تەمەن«السن القانوني» بۆ ئیمام و وتارخوێنەکان، ئینجا لیژنەی یاسا با کەرەم بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکە هەر بڕگەیەک دوو بڕگەیە ئەگەر لەسەرۆکایەتی بخوێندرێتەوە، گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

(قرار)

استناداً الى فقرة «١»من المادة«٥٦»من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢، قرر المجلس الوطني لكردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٦/٧/١٩٩٣ مايلي:

اولا: يستثنى الائمة والخطباء من السن التقاعد الحتمي الوارد ذكره في الفقرة«٤»من المادة «٣»من قانون التقاعد المدني المرقم ٣٣لسنة١٩٦٦المعدل ويكون ٧٥سنة بدلا من ٦٣سنة.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برادەرانی راگەیاندن سوپاستان دەکەین ئێوە هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، چونکە ئەوە گفتوگۆی ئاسایی خۆمانە، ئەنجا ئەوە دەقی ئەو هەمووارکردنەیە چ برادەرێک رونکردنەوەی هەیە با ناوی بنووسین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تەمەنی یاسایی(٦٣)ساڵ بێت وابزانم درێژەدانی بۆ (٧٥)ساڵ زۆرە، لەو حالەتانە ئەو پەرەکەی «٥-٧»ساڵ درێژبکرێتەوە ئەویش بارێکی زۆر لێبەدەر کراوە شتی وەها لە وڵاتەکانی بێگانەشدا هەیە، پێویستیان بەپرۆفیسۆرێک هەیە ناتوانرێ وازی لێ بینن کە تەمەنی خانەنشینی یەکەی درێژدەکەنەوە زۆر زۆر«٥»ساڵە یان «٧» ساڵە لەوە زیاتر نییە پاش ئەوە دەتوانن وەکو راوێژکار سوودی لێ وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو مەلایانەی لەپرۆژەی یاساکەدا هاتوونە بەراستی بۆ هەمووان وادیارە گشتی یە، جا لێرەدا ئەوە بە بەرژەوەند نازانم لە(٦٣)وە بۆ (٧٥) ساڵ بۆ هەموو مەلایەکان مانای وایە رێگە دەگیرێ لەوەی کە کەسی تازە دابمەزرێ، کەچی ئەوە پێویست دەکات خەڵکانی تازە کە بەکەلۆریۆسیان هەیە لەزانستی ئیسلامیدا ئەوانە دابنرێن گەشەی پێ بکرێ. دەکرێ بۆ ئەوە هەندێ لەو مەلایانەی، لەو مامۆستایانەی کەناسراوون بە پیاوی زانا ودەوریان هەیە دەتوانن

خزمەت بکەن بۆ ئەوانە درێژ بکرێتەوە ودەکرێ هەتا مردنیان خوا تەمەن درێژیان بکات، بەلآم ئەوها بەرەهایی (مطلق) بۆ هەموویان بەراستی ئەوکاتە دەبێ هەردوعا بکرێ خوا زوو لەکۆڵیان بکاتەوە چونکە پێویستە لێرەدا حیسابی ئەوە بکرێ گەشە بکاتن، بوارێک هەبێ بۆ ئەوەی گەنجەکان ئەوانەی کە دەرچووی شەریعەن بەشی هەرە زۆریان ئێستا لەهیچ شوێنێک دانامەزرێن تاکە جێگا هەیە مزگەوتەکانە ئەویش ئەوها دابخرێ وابزانم لەئەنجامدا بەرژەوەندی تیدانییە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک د.دەڵێ قۆپیەی کردووە تەنیا لەگەڵ دوعاکەم، کە دوعایان لێ بکرێ بمرن، سوپاس.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو مامۆستایانە وابزانم جەنابی د.فـۆئاد تەشریفی لەکونگرەی سێ یەمی یەکیەتی زانایان دا بوو کەبەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە مژدە درا بەمامۆستاکان کەلەمەودوا مامۆستاکان ومەلاکانی کوردستان خانەنشین ناکرێن، لەسەر ئەو بنەڕەتە لەسەر بڕیاری کۆنگرەی یەکێتی زانایان ئەو پێشنیارە پێشکەش کرا ویەکێتی زانایان پشتگیری لێ کردو درایە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، ئەوانیش ئەو داوایەیان پێشکەشی سەرۆکایەتی کردووە، ئەو کلێشە یاساییە لەسەر ئەوە بووە کەبەو شێوەیە بێت لەلایەکی ترەوە ئێمە چوار هەزار مەزگەوتمان زیاتر رووخاوون کەتا ئێستا هیچ مەلایەکیان نییە ودەتوانن بۆ دەیان ساڵی تر هەموو دەرچووەکانی ئێمە تەعین بکەین ومەرجیان بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من هەرچەندە ئەندامی لیژنەم، بەلآم رۆژی دیاری کردنی ئەو بڕیارە کەتەمەنیان ببێتە(٧٥) ساڵ من ئامادە نەبووم، بۆیە مافی ئەوەم هەیە ئەو باسە بکەم وەکو دکتور فۆئاد باسی کرد، باوەڕ بکەم لەهیچ شوێنێکی جیهاندا شتی وا نەبووە کەل ە (٦٣)بۆ (٧٥)ساڵ بگورێ، بەلآم ئەگەر تۆزێ بەرێزەوەش بلێ (مدی الحیاە) هێشتا باشترە بۆ ئەوشوێنانەی کە ئاوەدان دەکرێنەوە ئەگەر هەر مامۆستایەکی بۆ بچێ حەق وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاخود پەرلەمان بڕیاری ئەوە بدات کە بەرێز وحورمەتەوە هەر شوێنێک ئارەزوو بکات بیخاتە ئەو شوێنەی کە دەیەوێ، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەڵحـــە ســـەعـــیـــد قـــەرەنی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئێمە هەموومان پێمان خۆشە هەتا(٧٥) ساڵ بێ، چونکە مامۆستا کەگەیشتە (٧٥) ئنجا دوایی هەڵدەستێ بەدوعاکردن و فتوا و وانەبێژی ئەگەرما، ئەگەر خواد عەفووی کرد ئەوە شتێکی ترە، دووەمین مامۆستا دەڵێت ئەگەر ئەو مامۆستایانە ئەوەندە بمێنین لەوانەیەکە دەرچووەکان جێیان نەبێ، ئەگەر ئێستا ساڵی(٢٠) کەس دەربچێت هێشتا ئێمە پێویستمان بەمامۆستایە بۆ ئەو گوندانەی کە ئاوەدان دەکرێنەوە سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بۆ مەسەلەی مەزگەوتەکان حەق وایە سنوورێک بۆ وتارەکانیان دابنرێ، لەم دواییەدا کە خوتبە دەدەن هەمووی جنێوە بۆ حکوومەت وبۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

حەز دەکەن بابرادەران، تێبینی خۆیان بنووسن پاشان راتان دەربارەی ئەم هەموار کردنە پێشان بدەن.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

پیشەکی رێزو حورمەتم هەیە بۆ هەموو مەلاکان، بەراستی مەلا بەوەعزی ئاینی دەورێکی کاریگەری هەیە دەتوانین بڵێین دەورێکی دەروونییە، لەبەر ئەوە دەڵێین مەلا وئیمامەکانی ئێمە گوڕێکی فکری یان هەبێ تا کاریگەری هەبێ ئەگەر گەیشتە (٧٥) ساڵ ئەمە کار لەتەندروستیان دەکا وماندووبوونێکی زیادەیە، لەبەر ئەوە تۆژینەوەی زانستی هەموو جەخت دەکات معدلی ژیانی وڵاتە تازە هەڵچووەکان لە (٦٠)ساڵ تێپەڕ ناکات، بەبۆچوونی من (٧٥) ساڵ زۆر زۆرە، ماندوویان دەکات پێشنیار دەکەم لە (٦٥) تا (٧٠) ساڵ زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

منیش هەروەها دەبینم (٧٥) ساڵ زۆرە لەوانەیە ئەوە دەبێتە هۆیەک کە رێ لەگەنجان بگرن، دووەم جیاوازی هەیە لەنێوان ئیمام وخوتبەخوێن بۆ امام تا(٧٠)حەفتا ساڵ باشە، بەڵام وتارگۆ ئێمە کۆلیجی شەریعەمان هەیە لەوانەیە ئەو ساڵ زۆریان دەربچن، بواری ئەوانیش بدرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.حـــەمـــە نەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

قسەکەی من کاک د.کەمال ود.قاسم کردیان بەرای من امام با بەساڵاچوو بێت، بەڵام وتارگۆ دەبێ فکرو لەشێکی لایەقی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

زۆر سوپاس، چونکە من لێرە نەبووم ئەو مەسەلەیە لێی کۆڵدراوەتەوە، وەنەبێ بڕیارێکی سەرپێی بێت، یەکەم وەکو مامۆستایان باسیان کرد پێشنیاری یەکێتی زانایان لەکونگرەی سێ دا لەبەر چەند هۆیەک هاتووە وەکو برادەران دەڵێین ئەگەر مەسەلەی خوتبە گۆ بێ ئەوە مەسەلەی خوتبەگۆ نییە، چونکە ئێمە ئیمامان گوتووە وخولی ئامادەکاری یەکێکە لەپێشنیارەکانمان کە بۆ خوتبەخوێنەکان دەکرێتەوە ئەو وتار گۆیەی شیاو نەبێ بۆ وتار بێژی ئەو ووتاری پێ ناخوێندرێ، لەوە دەربازمان دەبێ، مەسەلەی موفتی، ئێمە لیژنەی باڵای فەتوامان هەیە ولیژنەی باڵای لاوەکیمان لەهەموو لقەکانی کوردستاندا هەیە، واتا بۆ فەتواشمان نییە ئەوە لەم دووانە رزگارمان دەبێ، مەسەلەی ئەوەمان بیر لێ کردۆتەوە«٧٥»ساڵ بێ ئەو نوێژەی مامۆستا دەیکات کەپێی دەڵێین إمامەتی لەماڵ بێ هەردەیکات لەمزگەوتدا بێ هەر دەیکات ومامۆستای وامان هەیە بەدرێژی تەمەنی رەنگی بەمزگەوتێک گرتووە، بینایەی مزگەوتەکەی کردووە، خۆی دروستی کردووە لەسەر ئەرکی خۆی یان لەسەر ئەرکی خەڵکی تر، ئێستا برادەرێکی تر بێنین وبڵێین مامۆستا جەنابت لاچۆ، دەبێتە هۆی نیگەرانی ئەو، بەراستی حەقێشە رەچاوی ئەوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەگەر مەلا نەیتوانی ئیش بکات وەزارەتی ئەوقاف ئەو مافی هەیە بینێری بۆ لیژنەی پزیشکی. ئەگەر نەگاتە راددەی تەمەنەکەی خۆی بۆی هەیە ئەگەرلەرووی بەدەنییەوە لایق نەبوو، دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکە، بەراستی دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو مامۆستایانەی کەناسراوون بەخەڵکی زانا وناودار وپێشنیارێکی تایبەتیمان هەیە وای لێ ئەکەین جیاوازی هەبێ لەنێوان مەلای باش و ئەو مەلایانەی کە هیچ شتێکی تایبەتیان نییە، ئەو پێشنیارە زیاتر بۆ مەلایە گەورەکان بێ کە ئەوان بگوترێ (مدی الحیاة) هەتاوەکو توانای هەیە، بەڵام هەندێکیان هەر بەو شێوەیە کەبگوترێ هەمووی تا (٧٥) ساڵ وابزانم لەوەدا رەنگە بڕیارەکە ئەگەر بدرێ زۆر سەرکەوتوو نەبێ، سوپاس.

**بـەڕێـز فـــرەنـســـۆ تـۆمـــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

مادام پێشنیاری یەکێتی زانایانی ئیسلامیە، خۆیان بەباشی دەزانن، دەزانن کەکەمێ مەلایان

هەیە پێویستیان پێیە، پێم وایە بڕیاری لەسەر بدرێ خراپ نییە، هەر کاتێک مەلا زۆر بوون، پێویست بوو دەتوانین ئەو یاسایە هەموار بکەین، من پێم وایە ئەگەر ئێستا بڕیارێکی لەسەر بدرێ رەنگە خراپ نەبێ،سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لایەنێکی گرنگی ئەو پلەو پایەو ئەرکە لایەنێکی روحانی یە، ئەوەش پەیوەندی بەتەمەنەوە نییە. بەڵام تەنها بۆ ووتاربێژییە کە پێوەندی زۆری بەتوانای (فەسلەجی) وەدەنگی یەوە هەیە، ئەوەیان رەنگە نەتوانێ، بەڵام بۆ ئەو رابەریەتییە، چونکە کارەکەی ئەویش رێنمایی کردن ولایەنێکی گرنگی روحانی وئاینی یە، بۆیە ئەگەر بەدرێژایی تەمەنیش بێ کارێکی پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی ئێمە وەکو وەزارەتی ئەوقاف، ئێمە پرۆژەیەکمان پێشکەش کردبوو لەسەردەمی رژێمیش هەمان یاسا هەبوو لە (٦٧) ساڵ زیادیان کردووە بۆ (٧٠) ساڵ، لەپرۆژەکەی ئێمەدا کە کاتی خۆی دامان بە ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرد، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردبوو کە وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ، بەبۆچوونی من بڕیارەکە واباشترە وەدەگونجێ ئەوکاتە ئەوەی کاک د.فۆئاد فەرمووی ئەو مەلایانەی کەبزانین بەکەڵک نایەن یان هی ئەوە نین دیاری بکرێن، ماوەی خانەنشینی یەکەیان دیاری بکرێ، ئەوکاتە لەوەش رزگارمان دەبێ، ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی هەبێ لەدیاری کردنی تەمەنی مەلاکان یان شتێکی وابگونجێنرێ وئەگەر ئەوەش نەکرێ بەبۆچوونی من(٧٠) ساڵ بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەو شێوە رەهایەی لەوێدا نووسرا بێت ئێمەش لەسەر ئەوبیرو رایەین کەنابێ لە(٧٠) ساڵ تێپەر بکا، بەڵام ئەگەر بێتوو یەکێک لەو زانایانە توانیان لەسەر خزمەتی خۆیان بەردەوام بن وپێویستی بە چالاکی وهەوڵ وکۆششی ئەوان هەبوو، ئەوە دەتوانرێ بۆیان درێژ بکرێتەوە هەتاکو کۆچی دوایی دەکەن، بەڵام بەم شێوە رەهایە راست نییە بکرێت بە(٧٥) ساڵ، چونکە تەنها مەلا وزانا ئاینی وئیمام وخوتبە گۆیەکان داوای ئەو مافە ناکەن سبەینێ پرۆفیسۆرێک لەزانکۆ مافی ئەوەی هەیە داوای ئەو مافە بکات وئەنجوومەنی زانستگا کەدەتوانێ داوا بکات وئەوە لە زانستگاکانی دەرەوەش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف وئەوەی کاک دکتۆر، باسیان کرد چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەو پێشنیارانە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین؟ ئێستا ئێمە (٣) پێشنیارمان هەیە، ئەوەی وەزیری ئەوقاف خستیە روو وئەندامانی پەرلەمان نیشانیان دا دەبێ بە چوار، یەکەم، پێشنیارە ئەسڵییەکە دەڵێ (٧٥) ساڵ بێ، دووەم پێشنیار (٦٥) ساڵ هەیە وسێ یەم(٧٠) ساڵ هی چوارەمیش دەڵێ پەیوەست بکرێ بەوەزارەتی ئەوقافەوە بۆ بڕاندنەوەی ئەو بابەتە، کەشت وای لێ هات مرۆڤ دەبێ بگەڕێ بۆ چارەیەکی مام ناوەندی.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پرۆژەیە زۆر کۆنە لەکاتی خۆیدا لەپەرلەمان باس کرا، دووبارە لیژنەی بۆ پێک هات، ئەو لیژنەیەش نوێنەری ئەوقاف ولیژنەی خۆمان هی کاروباری ئیسلامی لەگەڵ لیژنەی یاسا دانیشتین وەزارەت داوای کرد، بەڵام وەزیری ئەوقاف داوای کردوە دەڵێ هەتا داوای خانەنشینی نەکات خانەنشینی مەکەن، واتا وەزارەتی ئەوقاف بە کراوەیی هێشتویەتیەوە لەسەر داوای لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان ولیژنەی ئەوقافی وەزارەت گوتمان (٧٥) ساڵ رادەیەکی باشە بەو ئیعتوبارەی پیاوی ئاینی چەندی بەتەمەن تربێ، بەدین تر بێ، پتر دەتوانی خەڵک ئاراستە بکات لەبارەی ئاینەوە، سوپاس.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو دیاری کردنەش وادەزانم نوێنەری وەزارەتی دارایی وئەوقافیشی تێدا بوون، بەنووسراوی رەسمی ئێمە داوامان لێ کردوون ولیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ولیژنەی یاسایی هەر چواریان ئەو پێشنیازەیان کردووە، ئێمە داوا دەکەین ئەو پێشنیارەی یەکەم جار بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە پێشەکی ئەوەی کە دەڵێ (٧٥) ساڵ دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوجا (٧٠) ساڵ ودواتریش (٦٥) ساڵ کامەی زۆربەی دەنگی وەرگرت ئەویان جێگیر دەکەین.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە بکرێتە دوو بەش. دەربارەی هی هەموو مەلایەکان خانەنشینکردنەکەیان لە(٦٧) ساڵ بێ (٥) ساڵیان بۆ زیاد بکرێ، بڕگەی دووەم دەربارەی هەندێ مەلای زانا وناودار لەسەر پێشنیاری وەزیری ئەوقاف وبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بەدرێژایی ژیانیان بێ بۆ ئەوەی

جیاوازی هەبێ لەنێوان ئەو مەلا باش وناو دارانە ولەنێوان ئەوانەی مەلای ئاسایین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

پێشنیاری بەڕێز د.فوئادتان گوێ لێ بوو، چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز مـــحـــــسن ســــالح عـــەبدولعـــەزیز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

داوای لێ بووردن دەکەین ئەو پێشنیارە پێشنیاری ئێمە نییە، بەتەمانین هەتا (٧٥) ساڵ بژین پێشنیاری کۆنگرەی یەکێتی زانایانە وپێشنیاری تێکڕای زانایانە ومژدەیان پێ دراوە لەسەر داواو خواستی ئەوان بووە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین ئەو بابەتە لەسەر داواکەی ئەوان بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی بەڕێزەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.فـــایەق مـــحـــــەمـــد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

لەبارەی دیاری کردنی تەمەنی خانەنشینی لەهەموو وڵاتێکدا پەیوەندی بە موعەدەلی تەمەنی خەڵکەوە هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام لەحاڵەتێکی وەها مەسەلەیەکی سیاسی بێ یان مەسەلەیەکی سۆز ئامێز بێ وەکو برایان رایانگەیاند ئەمە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

وەکو گوتمان سێ پێشنیارمان لەپێشە دەبێ تەواویان بکەین، ئەو پێشنیارەی لەلایەن لیژنەی یاساوە بۆمان هاتووە پاش ئەوەی لەلایەن لیژنەی ئەوقاف بیروڕای وەزارەتیان وەرگرتووە ئەوەیە کە(٧٥) ساڵ بێت، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگ دانەوە پاشان دێینە سەر پێشنیارەکانی تر، پرسیارەکە ئەوەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی ئەوانەی لەم بڕیارەدا هاتووە«٧٠»ساڵ بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. ئەوانەی پشتگیری (٧٥) ساڵ دەکات (٣٢) کەسن، ئەوانەی پشتگیری ناکەن (٤٤)ن، لەبەر ئەوە«٧٥ساڵ» سەرنەکەوت، دێینەوە سەر پێشنیارەکانی تر. ئەو پێشنیارەی کاک دکتور فوئاد کردی ئەگەر زەحمەت نەبێ با بەڕێز د.فوئاد بۆمان باس بکات بۆ ئەوەی برادەران دەنگی لەسەر بدەن.

**بەڕێز د.مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــــسوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

خانەنشینی بەشێوەیەکی گشتی بۆ مامۆستایان (٦٧) ساڵ بێت وبەنیسبەت ئەوانەی مەلای ناسراوو گەورەنە بۆ ئەوانە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف ورەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران بەدرێژایی ژیان بێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەمە پێشنیارێکە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز د.فوئادە..؟کێ لەگەڵ

نییه؟..بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە ڕەت کرایەوە. دەمێنێتەوە ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ (٧٠) ساڵ بێ ..کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەن دیاری بکەین بە(٧٠) ساڵ؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕیار درا کە (٧٠) حەفتا ساڵ جێگیر بکرێ، زۆر سوپاسی وەزارەتی ئەوقاف دەکەین، ئەوە بڕگە (یەک) تەواو بوو، ئیستاش دێینە سەر بڕگە«٢».

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثانياً: يعاد الى الخدمة الراغبون من المتقاعدين الذين احيلوا على التقاعد بموجب الفقرة٤ من المادة ٣ من قانون التقاعد المدني رقم٣٣ لسنة ١٩٦٦المعدل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە ڕوونکردنەوەیەکی هەیە ئەوانەی دەیانەوێ قسەبکەن باناونووس بکرێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداربن، ووتمان وا بەکراوەیی نەمێنێتەوە، هەر کەسێک خانەنشینکرا بگەڕێتەوە وامان بەپەسند زانی، ئەو کەسانەی کەخانەنشین کراون بەهۆی تەمەنەوە تەنیا ئەوەی ئارەزووی هەیە، چونکە هەیە ئارەزووی گەڕانەوەی نییە، هەیە خۆی خانەنشینی کردووە، بەهۆی تەمەن نییە، بەڵکو بەهۆی تەندروستییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە لەخاڵی دوو دیاری نەکراوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکراوەتەوە گوتمان ئەوانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە کە بەهۆی تەمەنیان خانەنشین کراون، مانای ئەوەیە تەنیا ئەوان مافی گەڕانەوەیان هەیە ئەگەر ئارەزوویان هەبێ، داواکاری پێشکەش دەکەن بگەڕێنەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بەمەرجێک نەگەیشتبنە تەمەنی (٧٠) ساڵی، ئەگەر گەیشتبنە (٧٠) ساڵ ناتوانن بگەڕێنەوە بەئیعتبوبار دیاری کرا بە(٧٠)ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەبڕگە دوودا ڕوونە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئاشکرایە، بڕگە«٤» لەمادەی (٣)ی یاسای خزمەتگوزاری (مەدەنی) دا کەپێشتر بەهۆی

ئەمەن ئاماژەمان بۆ کردووە لەبڕگە «١»دا (التقاعد الحتمي الوارد في الفقرة«٤») لەمادە-«٣»لەیاسای خزمەتگوزاری مەدەنیدا، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەوە زیاد بکرێ (ملاک شاغر) بێ بۆ ئەو بڕگەیە، ئەگەر ملاک شاغر بێ ئەوکاتە مافیان هەبێ بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی وەکو باسکرا کوردستان وێرانە، گوندەکان ئاوەدان کرانەوە، پێویستیان بە مەلا هەیە، وادەزانم ئەوەی ئارەزووی هەبێ بگەڕێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەمە بۆ ئەوە هاتووە کە لەمادەی سالآنی رابردوو کۆمەڵێک لەمامۆستاکان خانەنشین کران ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارەی کەئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەغدا دەری کردبوو کە(٧٠)ساڵ بێ، دوای ئەوە بڕیارەکەیان هەموار کرد لەبەر مەبەستی سیاسی خۆیان، ئێستاش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان گەڕایەوە سەری کەبڕیار بدرێ بە(٧٠) ساڵ لەبەر ئەوە ئەو گەڕانەوەیان وابزانم زۆر شتێکی چاکە، دووەمیش بەنسبەت هەموو مامۆستاکان کەئێستا لەوانەن ئارەزوویان هەبێ بگەڕێنەوە، بەداوای ڕەسمی خۆیان وپشتگیری وەزارەتی ئەوقاف و وەزیری ئەوقاف ئەوانە عەقدی سالآنەیان لەگەڵا کراوە بۆ گەڕانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاساو پێڕەودا خانەنشین ئەبێ مووچەی خانەنشینی وەرگرێ، بەڵام هەندێ ئیمام وخوتبەگۆ کەخانەنشین کراون (١٥)ساڵ خزمەتگوزاری تەواویان نەبووە (١٣،١٤)ساڵ بووە، جا ئەوانە پاداشتیان هەبێ، چونکە مووچەی خانەنشینی وەرناگرن تاکو ئەو بڕگەیە گشتگیر بێ ئەوەی مووچەی خانەنشینی وەردەگرێ وئەوەی وەرناگرێ هەر دووکیان بگرێتەوە بەو شێوەیە بێت« یعاد الراغبون من المتقاعدين والذين احيلوا على التقاعد»، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ تێبینی لەسەر ئەو دوو تێبینییەی کاک شەوکەت دەرببڕم، دەربارەی هەبوونی (میلاک)

شتێکی زۆر سروشتییه ئەگەر ئەو داوا پێشکەش بکات و لەوەزارەتی ئەوقاف میلاک نەبێ، ناتوانێ دایبمەزرێنێ دەبێ بۆ وەزارەتی دارایی بنووسێ بۆ پەیداکردنی پلە (درجە) ئەگەر بوار هەبێ پەیدا دەکرێ، ئەگەر بوار نەبێ رەد دەکرێتەوە، دوا دەخرێ بۆ سالّی داهاتوو، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەسەلەیە لەوە هاتووە کەئێمە کومەلّێک مامۆستامان هەبوون، کاتی خۆی دامەزراندن زۆر کەم بووە لەکوردستاندا، هەموو خاوەن اجازە بووینە، خاوەن مدرسە بووینە لەمزگەوتەکانی خۆیاندا خزمەتیان کردووە، بەلاّم لەبەر ئەوە سالّی (٧٧) بوو کەلێرە لەهەولێر تاقی کردنەوەیەک کرا مامۆستا بەشداری یان تیادا کرد تەمەنیان زیادبوو وماوەی تەمەنیان گەیشتە تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشین کردن، لەبەر ئەوە خانەنیشین کران، بەلاّم لەبەر ئەوەی خزمەتیان ئەوەندە نەبووە کەمووچەی خانەنشینیان پێ بدرێ، خانەنشینی نەیگرتنەوە ئێستا ئەو مامۆستایانەمان بێ مووچەی خانەنشینین، هەر لەجێگای خۆشیان خزمەت دەکەن، سوپاس.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر پرسیارێکم هەبوو بۆ بەرێزان ئەوانەی دەگەرێنەوە پێویست نییە بنێردرێن بۆ لیژنەی پزیشکی کە لایەقی ەبدەنیان هەیە یان نییە؟ ئەوە بنەماێکی گشتییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە با وەزارەتی ئەوقاف وەلاّمی بداتەوە، وابزانم ئەو برادەرانەی کە ناو نووس کرابوون هەموو قسەیان کرد.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەردەم خەفەتم بۆ زیندووان زیاترە لەکەسانی مردوو، کۆمەلێ مامۆستامان هەنە لەشاری کفری دا هەتا ئێستا لەوەزیفەشدا ماون دەچن لە بەعقوبە مووچەی خۆیان وەردەگرن ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە زۆر رەواترە لەگەلّ ئەوەدا بکرێتە یەک، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە لانی تەندروستی لیژنەیەک هەیە فەحسیان دەکات، لەگەلّ فەرمانەکەی کە دەدەرێ ئنجا دەگەرێنرێنەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم برگەیەش باسکرا. کێ لەگەلّ ئەوەیە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەلّ نییە؟..

بەزۆربەی دەنگ ئەم برگەیە پەسەند کرا. برگەی «٣» ( لايعمل بای نص يتعارض مع هذا القرار)..کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ جێگیر کرا. برگە «٤»کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. برگە «٥» کێ لەگەڵە وەکو خۆی مێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو بریار کێ لەگەڵ ئەوەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەم بریارە پەسەند کرا.

خاڵی چوارەم خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى الصلاحية احكام الفقرة« ١ »من المادة« ٥٦ »من القانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ/ / اصدار مايلي:

١- يعفى اعضاء الهيئة التدريسية في الجامعات وهيئة المعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق المشمولين بخصصات السكن من الذين يشغلون الدور الحكومية من الاستقطاعات المفروضة على رواتبهم وفق النسب المئوية لقاء اشغالهم الدور بموجب القوانين والقرارات المرعية ويكتفي بقطع مخصصات السكن البالغة« ١٥٠ » ديناراً فقط ويعتبر ذلك بمثابة بدلات ايجار اشغال تلك الدور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئەو بریارەیە کێ تێبینی هەیە لەسەر خاڵی یەکەم؟ سێ برادەر تێبینیان هەیە بەڕێزان د.سەلاح کاک بەختیار کاک جەمیل.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن /وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو دەزانین مامۆستایانی زانکۆ ئیمتیازاتێکی تایبەتیان هەبوو لەکۆنەوە چ دەربارەی

مـووچەکـانیـان و چ دەربارەی دەرمـاڵەی نیـشـتـەجێ بوون. وەکـو دەزانین ڕۆژ بەڕۆژ ڕژێم بەهەمـوو جۆرێک هەوڵ دەدات کە دەرماڵە ومـووچەی مـامـۆسـتـایانی زانکۆ وئیـمـتـیـازاتیـان زیاد بکات. بۆ نموونە دەربارەی دەرمـاڵەی نیـشـتـەجێ بوونەوە(٣٠٠) دینـاری داناوە بۆ ئەو مـامـۆسـتـایانەی کـە لەدەرەوەی خانووەکانی زانکۆن، ئەوانەی لەخانووی حکومەتیشـدان بڕیارێکی وا دراوە کاتی خۆی لەئەنجـومـەنی وەزیران لیـژنەیەکی لاوەکی دامەزرا کـە بەنسـبـەت مـامـۆسـتـایانی زانکۆ ئەوانەی لەخـانووەکـانـدان تەنهـا لە٢٪ لە کـۆی مـووچەکـانیـان ببـڕێ جـا من (١٥٠)دینار بە زۆر دەزانم، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

من پرسیارەکەم ڕووبەرووی بەڕێز دکتۆر سەلاحە، ئەم خانوانە کامە خانوون؟

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێـسـتـا مـامـۆسـتـایانی زانکۆ وپەیمانگەکـان لەدوو جـۆر خـانوودان یەکـیـان گـوندی زانکۆیە کەخانووەکان«بیوت جاهزە»ن بێگومان تەواو نییە، کاتی خۆی لە١٥٪ی سەرجەمی مووچەکانیان لێ دەبڕا ئی ئەو خـانوانەی کە لەبەرد ولەخشتن، خـانووەکـانی تر لە٧٪ی تێکڕای مووچەکـانیـان دەبڕا،دوو بڕگـە هەبوو دەربارەی بڕینی مـووچە. ئەوانەی لەبەردو خـشتن لە١٥٪یان لێ دەبڕا ئەوانەی تر لە٧٪، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لێـرە مـۆڵەت بەلیـژنە بدەن، دوایی ئەمـەمـان بۆ ڕوون بکاتەوە کـە دەڵێ« یعـفی اعـضـاء الهـیـئـة التـدريسـية للجامـعات وهيئـة المعاهد الفنية في اقليم كـوردستان العراق المشـمـولين بمخصصات السكن من الذين يشغلون الدور الحكومية من الاستقطاعات المفروضة» (دور الحكومـيـە) لە دەقەکەدا دیاری نەکراوە کە ئەو خانووانەی سەر بە زانکۆن یان نە ء.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مـامـۆسـتـایانی زانـکۆ ئەوانەی دەرمـاڵەی نیـشـتـەجێ بونیـان هەیە وەکـو دکـتـۆر سـەلاح فـەرمـووی ئێـسـتـا (١٥٠)دینارە وکراوە بە (٣٠٠) سێ سەد دینار، ئەو کەسانەی کە لەتوانای زانکۆدا نەبوو خـانوویـان بۆدابین بکـات بۆ خـۆیـان لەدەرەوە خـانوویـان دەگـرت، بۆی هـەیە زیـاتر بکـەوێت. لە پرۆژەکـەدا هـاتووە گـوتوومـانە کـە زانکۆ خـانووتان دەداتێ جگە لە(١٥٠) دینـارەکـە ڕێژەیەکـیش لەمـووچەتان دەبڕێ. گـوتی ئێـمـە ڕێژەیەکی دیـاری کـراومـان دەبردرێ دەربارەی ئەو بڕینە کـاک د.سەلاح ئاماژەی بۆ کرد لە٧٪و لە١٥٪یە، ئێمە لەو کاتەدا ڕامان وابوو، یارمەتی مامۆستایانی

زانکۆ بدەین، ئەو زیادانەی لەمووچەی مامۆستایاندا هەیە لەتوانای ئێمەدا نەبووە مادام خانوویان بۆ دابین کراوە دەرماڵەیان بۆ سەرف نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەرەش باسی بابەتەکەی کرد هەر ئەوەندە لای ئێمە بوو، دوای ئەوەی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ دانیشتین (١٥٠)دینار دەرماڵەیان هەیە ئەو (١٥٠)دینارەیان لێ دەبرێ سەرەڕای ئەوەی ڕێژەیەک لە مووچەکانیشیان لێ دەبڕا جگە لە(١٥٠) دینارەکە ئنجا تەنیا (١٥٠) دینارەکەیان لێ ببرێ بەسە، ڕێژەیەک لە مووچەیان نەبڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من زۆر لەوشتە حاڵی نەبووم خۆی ئەوان ڕێژەکەیان دەبڕی، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو پارەشیان بردرا ئێستا من لەگەڵ ئەوەدام لێیان خۆشبن لەهەموو تەبەعەیەکی مالی بەنیسبەت ئەو خانووانە کەتیایدان ئەوانی تر لەخانووی حکومەت دا نین پێویستە دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری کردنی مامۆستایانی زانکۆ وهاوکاریان شتێکی زۆر زۆر باشە، دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بۆمامۆستایانی زانکۆ (١٥٠) دینارە، لەبەر ئەوەی لەپڕۆژەکەدا هاتووە زۆر زۆر چاکە کاتێ کە مامۆستای زانکۆ چووە ناوخانوو یان شوقە یان خانووی حکومەتی وەرگرت، گرنگ خانووی حکومەتییە (١٥٠)دینار دەرماڵەی سوکنای لێ ببڕدرێ بەسە، چ دەرماڵەی تری لێ نەبڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکمان هەیە دەربارەی «الدور الحکومیة»هەندێ لەو مامۆستایانە لەوانەیە لەو خانووانە دابن، کەتەرخان کراون بۆ ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی حکوومەت، ئەگەر ئەم بڕیارە دەربچێ لەوانەیە بۆیان ببێتە گرفتێکی یاسایی.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستای زانکۆ بۆیە ئەو (١٥٠) دینار دەرماڵەیەی پێدەدرێ، چونکە لە خانوودان نیشتەجێ نییە و بۆ ئەوەیە خانووی پێ بگرێ، ئەگەر چووە ناو خانووێکی حکومەتەوە حەق نییە دەرماڵەی نیشتەجێ کردنی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئەو خاڵەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد بەراستی جێی خۆیەتی، جا پێشنیاری ئەوە دەکەم (الدور والشقق الحكومية عدا الدور الوارد ذكرها في قرار المجلس الوطني المرقم « » فـی « » ) بۆ ئەوەی ئەو ئیلتباسە نەهێڵێ، چونکە دەقێکی تێدا نییە لە برگە دووەدا دەڵێ «لايعمل بأی نص يتعارض واحكام هذا القرار» واتا ئێمە بەدەستی خۆمان بڕیاری خۆمان هەڵدەوەشێنینەوە بەبێ ئەوەی ئاگامان لێی بێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

کـــاک ئەیاد «الدور الحكومـيـة» زۆر دەگرێتەوەو ئەو مـامۆسـتایانەی مەعاهد وزانکۆ تەنها لەخانووەکانی زانکۆو پەیمانگەکاندا نین، تیایاندا هەن کە لە خانووی تری حکومەت دان.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

یەکێک لەوانە لەخانووەکانی پەرلەماندایە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

ئەوە هیچ، جگە لەوە لەخانووی تردا هەن، چونکە ئەگەر وابێ ئێمە ئەوکاتە دەڵێین تەنها ئەو خانووانەی کە سەربە زانکۆو پەیمانگەکانن بۆئەوەی لەو گرفتەش رزگارمان بێ.

**بەڕێـز جــــەلال شــــەفــــیق عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

بەرای مـن پارەکـە دیاری نەکـەین، چونکە لەوانەیە باری ئابووری وابێ ئەو (١٥٠)دینارە کـەم بکاتەوە یان زیاد بکات هەر بڵێین برینەوەی دەرماڵەی ئاکنجی بوون، سوپاس.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

بەرای من ئەو بڕیارە پەیوەندی بە خـانووەکـانی پەرلەمـانەوە نییـە خـانووەکـانی پەرلەمـان بڕیاری چۆڵکردن دەیانگرێتەوە بەبڕیارێکی ئەنجوومـەنی نیشتـمـانیی کوردسـتـان ئەوەی لەو خانووانەدابن هەرکێ بن دەبێ چۆڵیان بکەن، ئەو بڕیارەش پەیوەندی بە دەرماڵەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

بۆ پشتگیری قسەکانی کاک شێروان بە یاسا بابەتی خانووەکانی پەرلەمان چارە کراوە، بۆ چوونە ناو خانوو حکومەت دەبێ بڕیار هەبێ کە خانوو بۆ مامۆستایان تەرخان بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تەمومژە لەکوێ هاتووە؟ فەرمانبەر کە دەچێتە خانووی حکومەتەوە بەپێی ڕێژەیەک کە هەیە کە بەرزترین ڕادەی (١٨) دینارە وەکو کرێی خانوو لەمووچەکەی دەبردرێ. بەڵام مامۆستای زانکۆو پەیمانگەکان ئیمتیازێکی پێ دراوە کە خانووی پێ بدرێ بەبێ کرێ، لەبەر ئەوە بۆی داناوە کەلە خانووی حکوومەت نەبێ (١٥٠) دیناریان بۆ دیاری کراوە ئەوە کرێی خانووەکەیە، ئەوە هی کاتێک بوو کەبەشی دەکرد، بەڵام ئێستا ڕەنگە بە(٣٠٠)، (٤٠٠) دینار خانوویان دەست نەکەوێ، بەڵام لەخۆراییی هەوڵێک دراوە، ئەگەر خانوویان دراێی ڕێژەیەک لەمووچەکەی دەبڕن دەرماڵەکەشی دەبڕن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسەی کاک حسێن کردی بەتەواوی حەقیقەتی وەزعەکەیە، بەڵام ئەوەی من پێشنیاری دەکەم کە لێیان خۆشبن، چونکە بارودۆخی زانکۆ بەڕاستی زۆر ناڵەبارە ومامۆستایان لە زۆر ڕووەوە گوزەرانیان تەواو نییە، هەتا جموجۆڵیان لەناودا هەیە طابووری پێنجەمیش دەور دەبینێ لەم بارەوە بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لە کرێیەکانیان خۆشبن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک ئەیاد گوتی من لەگەڵ ڕای ئەودا نیم لەگەڵ ڕای کاک شێروانم، چونکە ئەو تەنیا دەڵێ «يعفى اعضاء الهيئة التدريسية» واتا ئێمە مافەکەمان بەکەس نەداوە کەبچێتە ناو خانوو یان نەچێتە ناوخانوو ئەوەی لەناو خانووە تەنیا بۆ ئەو دەبێ، دووەم ئەوەی کاک بەختیار ووتی پێشنیارەکەی هیچ شتێ تازەی نەهێناوەتە ناو بابەتەکە، لێرە ئێمە ئەگەر سەیری بابەتەکە بکەین مامۆستایانی زانکۆ دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان هەیە، لەو حاڵەتە دەرماڵەی ئاکنجی بوون چەندە«١٥٠» دینارە یان (٢٠٠) دینارە ئەوە بەکێ دەدرێ؟ بەو مامۆستایانەی کە خانوویان پێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەکورتی گرفتەکە بەم شێوەیەیە، یەک: مامۆستایانی زانکۆ وپەیمانگەکان لە ٥٪ مووچەی مانگانەیان دەبڕن لەسەر ئەو بنەڕەتەی لە خانوێکی حکومەتیدان، (١٥٠) دینار زیاد لەسەر ئەوە دەبڕن. پێشنیارەکە ئەوەیە کەڕێژەکە هەڵبگیرێ، تەنها (١٥٠)دینارەکەیان لێ ببڕدرێ ئەمە کاکڵی پێشنیارەکەیە، بەرامبەر بەوەش پێشنیارێک هەیە دەڵێ هیچیان لێ وەرنەگیرێت، واتا ئەو

مامۆستایانەی کە لە خانووی حکومەتدان نەرێژەیەک لەمووچەکەیان ببڕن، نە(١٥٠) دینارەکە ئەمە پێشنیارێکە، دوو: ئەو مامۆستایانەی کە لە خانووی حکومەت دانین، ئەوان دەرماڵەیەکی براوەیان پێ بدرێ بۆ کرێ، ئەم پێشنیارانە هەنە، ئێمە ئێستاکە ئەمە وەکو خۆی دەنگی لەسەر دەدەین بۆ ئەوەی ئەگەر ئەوە لەدەنگداندا دەرنەچوو دێینەوە سەرپێشنیاری (٣.٢.١)، کاک فەرەنسۆ ئەگەر تەرکیزتان بکردبایە ئێستا پێویستی نەدەکرد بڵێی حاڵی نەبووینە، بەکورتی مامۆستایانی زانکۆ وپەیمانگەکان لە ٥٪ی مووچەکانیان لێ دەبڕن ئەوانەی کە لەخانووەکانی زانکۆیان واتا ئەوانەی کە لەخانووی حکومەتدان لە٥٪ی مووچەکەیان دەبڕن بەناوی کرێ، لەگەڵ (١٥٠)ی تر بەناوی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە نایان دەنێ نەک لێیان دەبڕن، شتەکە روون بکرێتەوە کێ ئەوە دەبڕێ؟ ئەگەر لایەنێک هەیە ئەو پارە دەبڕێ، ئایا رای ئەو لایەنە چی بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەووردی تەماشا بکەن (١٥٠) دینار تەرخان کراوە بۆ دەرماڵەی نیشتەجێ بوون کەکاتێ خانووی پێ درابێت ئەو پارەی نادرێتێ و ئێستا ئێمە ناتوانین خانووشی بدەینێ و(١٥٠) سەدوپەنجا دیناریش بەناوی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون، بەڵکو (٣٥٠) دیناریان لەگۆشەیەکی ترەوە بۆ زیاد بکرێ نەک بەناوی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون، چونکە ئەو دەرماڵەیەش هەبێ ئەوە هاودژی لەگەڵ یاسادا نابێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوانەی کە لەخانوو شوقەی حکومەتیدان، ئەگەر دەرماڵەیان لێ نەبڕێ لێرە ئێمە دوو کۆمەڵ دروست دەکەین، لەوانەیە هەردووکیان هەمان راددەی زانستیان هەبێ ئەویش ئەوەیە ئەوەی لەخانووەکە دانیبیە لەو زروفە کە گرانیە دەبێ(١٥٠) دینار بداتە کرێی خانوو پارەشی لەسەر دابنێ ولەهەمان کاتدا مامۆستای زانکۆی تریش هەنە لەناو خانووەکەشن و (١٥٠) دینارەکەش وەردەگرن واتا دوو امتیازیان پێ دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە، کێ لە برادەرانی ئێمە لەناو ئەو خانووانەدایە؟

**بەڕێز د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا (١٥٠)دینار دەبڕن لەگەڵ لە٢٪ی مووچە، بەڵام ئەوکەسەی خانووی خۆی هەیە (١٥٠) دینارەکەش وەردەگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئێستا مامۆستای زانکۆ یا پەیمانگەیە و لەخانووی حکومەتدایە ٢٪ی مووچەکەی و (١٥٠) سەدوپەنجا دینار دەرماڵەی نیشتەجێ بوونەکەش لەمووچەکەی دەبڕن.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەو مامۆستایەی خانووی خۆی هەیە (١٥٠) دینار وەرناگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئێستا تۆ لە خانووی حکومەتی دایت لە٢٪ی مووچەکەت دەبڕن، هەموو مانگێکیش زانکۆ (١٥٠) دینار بەتۆ دەدات؟

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نایدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زانکۆ هەموو مانگێ لە٢٪ ی مووچەکەت دەبڕێ، ئەدی ئەو (١٥٠)دینارە چییە؟

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نایدەن بەئیعتبار من لەخانووی حکومەت دام، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە گرفتی نیشتەجێ بوونی مامۆستایان چارە ناکات، بەڵکو ئەو مامۆستایانەی کە لە خانووی حکومەتدان ئەمانە جگە لە مووچەی خۆیان دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان هەیە مانگانە(١٥٠)دیناریان هەیە، جاران هەر دەرماڵەی نیشتەجێ بوون دەبڕا، چونکە لە خانووی حکوومەت دابوون، لەم ماوەیەی دوواییدا جگە لە دەرماڵەی نیشتەجێ بوون لە ٢٪ی مووچەکەشی دەبڕن، ئێستا خاڵەکە ئەوەیە کەگوایە نیسبەتێک کەلە مووچەکەیان دەبڕێ (لە٢٪)ە کە هەڵبوەشێتەوە تەنیا دەرماڵەی نیشتەجێ بوون وەرنەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ڕوونکردنەوەکە بەم شێوەیەیە، مامۆستایەک لە دانیشگا یا لەپەیمانگە ئەگەر لەخانوێکی حکومەتدابوو لە٢ ٪ی مووچەکەی دەبڕن، بەڵام لەبەرامبەر ئەوە زانکۆ بڕیاری داوە کە(١٥٠)دینار دەرماڵەی پێ بدەن.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسەی کە لەزانکۆ یان پەیمانگەدا دادەمەزرێ بەبێ ئەوەی لەخانووی حکومەتدا بێ یان جگە لە مووچەی خۆی دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی هەیە، کە ئێستا (١٥٠) دینارە، ئنجا ئەگەر بێتو ئەو کەسە لەخانووەکی حکومی دانیشتبێ ئەو (١٥٠)دینارەی نادەنێ. ئنجا جگەلەوە وەکو برادەران باسی دەکەن جگە لە(١٥٠)دینارەکەی نادەنێ، چونکە لەخانووی حکومەتیدایە لە٢ ٪ی مووچەکەی لێ دەبڕن، ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە کەئەو لە(٢ ٪)ی مووچەکەی لێ نەبڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بابەتەکە ڕوونە، پێویست ناکات چیتر لەسەری بڕۆین، پێشنیار کراوە مامۆستا لە٢ ٪ی مووچەکەی لێ نەبڕدرێ و، تەنها ئەو (١٥٠) دینارە بەسە کە لەبنەڕەتدا بۆ دەرماڵەی نیشتەجێ کردن تەرخان کراوە مادام خانووی حکومەتی وەرگرتووە ئەوە با ئەو دەرماڵەیەی لێ ببڕدرێ، واتا تەنها ئەو بەندە بمێنێتەوە، ئەمە ئاشکرایە با چیتر لەسەری نەڕۆین. پێشنیارێک هەیە دەڵێ بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە «يعفى اعضاء الهيئة التدريسية الجامعات والمعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق الذين يشغلون الدور الحكومية من الاستقطاعات المفروضة على رواتبهم مقابل بدل ايجار المذكورة» ٢-«لا يمنح المشمولون بالفقرة اعلاه مخصصات السكن» واتا ئەوانەی بڕگە یەک نایانگرێتەوە مافی دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان هەیە کە (١٥٠) دینارە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەقەکە هەندێ شتی زیادی تێدایە کەسەری لەهەمووان شێواندووە« يعفى اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات وهيئة المعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق المشمولين بمخصصات السكن من الذين يشغلون الدور الحكومية من الاستقطاعات المفروضة على رواتبهم وفق النسب المئوية ويكتفي بقطع مخصصات السكن فقط» واتا لەوێ (٣-٤)ڕستەی زیادی تیایە بەرای من ئەوە ڕوونترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوە دووبارە دەکەمەوە، ڕێزم هەیە بۆ جەنابت بەڵام ئایا ئەوەی دەیخوێنمەوە تۆزێک ڕوونتر

نیـیـه؟ « ١- يعفى اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات وهيئة المعاهد الفنية لاقليم كوردستان العراق الذين يشغلون الدور الحكومية من الاستقطاعات المفروضة على رواتبهم مقابل بدل ايجار الدور المذكورة.٢- لايمنح المشمولون بالفقرة اعلاه مخصصات السكن.» واتا ئەوانەی خانووی حکومەتیان نییە، «يشملهم مخصصات السكن» ئەمە دەیدەینە لیژنەی دارشتن، دایبرێژنەوە بەو مەفهوومەی کەئێستا باسمان کرد وبریارەکەمان بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەگەر مۆڵەت بدەن با بابەتەکە ببڕێندرێتەوە بەو شێوەیە برگەکەش روونە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێوەیەکی گشتی چارەی ئەو خاڵەتان نەکرد (دور الحكوميه) وەک چۆن کاک د.سعدی کە لەخانووی حکومەتدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاک ئەیاد تێبینییەکی هەبوو، برادەران دەڵێن نەخێر ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییەو، ئەگەر حەز دەکەن ئەو بابەتە باس بکەین ئەوە ئێمە لاری نییە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان خانوە حکومەییە گشتییەکان و ئەو خانوانەی بەتایبەتی بۆ زانکۆ تەرخان کراون، ئەو خانوانەی کە بۆ زانکۆ تەرخان کراون ئەوە زانکۆ مافی خۆیەتی کە (١٥٠) دینارەکەشیان نەداتێ. بەڵام خانووەکانی حکومەتی کە هی فەرمانگەیەکی ترن لەوانەیە بەبێ کرێ لێیان قەبووڵ نەکەن با ئەو جیاوازییە بکەین لەنێوان ئەو دوو نیسبەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رایەش پەسەندە، چونکە بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی رازی نابێ خانووی خۆی بە خۆڕایی بدات، خانووش هەیە هی بەڕێوەبەریەتی خۆجێیە، خانوو هەیە هی زانکۆیە بۆ ئەوەی ئەو بابەتە ببڕێنینەوە باشترە بالیژنەی داڕشتن لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند پەیوەندی بەو خانووانەوە بکەن وپەیوەندی یەک بکەن بەدانیشگاشەوە وئەو پێشنیارانەی کەئێستا باسکران رەچاو بکرێن ولەو رۆژانەدا بڕیارەکەمان بۆ دابرێژن ورای ئەو فەرمانگانەش وەربگرن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە کە پەیوەندی بکەین، پەیوەندیمان بەزۆر کەسەوە کردووە، بە پەیمانگەو سەرۆکایەتی زانکۆوە، شتێک ساغ بۆتەوە، ئەمە خانووی بەڕێوەبردنی خۆییەتی نییە وخانووی

فلان وفیسار نییە، پەیوەندیان بەوەدا نییەکە لەخانووی کێ دایە، مامۆستای زانکۆ (١٥٠)دینار دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی هەیە، لەهەر خانووەک دابنیشێت دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی نادرێتێ دەدرێتە خاوەن خانووەکە، تەنیا ڕێژەیەک لەمووچەکەی دەبڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەوە چەند پێشنیارێک هەنە، با بۆمان دابڕێژنەوە ولەدانیشتنێکی ئایندەدا بۆمان ڕەوانە بکەن، لای ئێمەش لیژنەی دارشتنێک هەیە ئەگەر بۆمان ڕێک بخەن باشە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک دوو مەبدەء لە بڕیارەکەدا هەیە بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ڕەزامەندی کرا ئەوجا دابڕێژرێ، تەنها لایەنی لێ خۆشبوونەکە دوو سەعات گفتوگۆ کردنی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حازم ئەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە ئیستا تەنیا دارشتنی ئەو برگەیە بەو شێوەیەی کەئێستا باسمان کرد ڕێژەی لە٢٪ی مووچەو (١٥٠) دینارەکە دابڕێژنەوە وبۆمانی بنێرنەوە، ئەوکاتە وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام مەبدەئەکە ئاشکرایە پێم وایە بڕیاری لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر گفتوگۆی لەسەر نەکەینەوە، چونکە کاتیشمان کەم ماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من ڕۆژێک دوو ڕۆژ هیچ لەمەسەلەکە ناگۆرێ، بالیژنەی یاسا بەروونی دایبڕێژن بەو شێوەیەی کەباس کرا، خاڵی پێنجەم.

بەر چاوخستنی پرۆژەی یاسای یەکەمین هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، پێشنیارەکە لیژنەی یاسا دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم گفتوگۆیانە دەریان خست کە لیژنەی یاسا زۆر جار رایان وەکو یەک نابێ، جا با بوار بدەین کە لەنێوان خۆیاندا ڕاوێژ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پیشەسازی لەئەنجومەنی وەزیران بەتەواوی

لێی نەکۆڵدراوەتەوە وپێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ بۆ پەرلەمان هاتووە، پێشنیار دەکەم دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری وەزیری پیشەسازی دەڵێ لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لامان باشە کە ئەو پێشنیارە دوابخرێ، ئەوەی راستی بێ فراکسیۆنی ئێمەش بەباشی لەمەسەلەکەی نەکۆڵیوەتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی داهاتوو دوابخرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو خاڵەش دوا دەخەین بۆ ئەوەی بە باشی لێی بکۆڵدرێتەوە.

خاڵی شەشەم - بەرچاوخستنی پرۆژەی هەموار کردنی مادە«٢٨»لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. بڕیارەکە ئامادەیە ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم بکەن بێنە ئێرەو بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تاريخ القرار/

استنادا الى احكام الفقرة « ٧٥ » من النظام الداخلي قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ- اصدار القرار الاتي: تعديل النظام الداخلي تعديل المادة ٢٨من النظام الداخلي رقم واحد لسنة ١٩٩٢وتقرأ كالاتي:

١- يتقاضى كل من الرئيس ونائبه والسكرتير والاعضاء مكافأة شهرية.

٢- توزع المكافئة الواردة في الفقرة« ١ »اعلاه على عدد الجلسات لكل شهر.

٣- في حالة تغيب العضو عن اية جلسة من جلسات المجلس دون عذر مشروع يستقطع ما يعادل تلك الجلسة من المكافأة ولذلك الشهر مع مراعاة احكام الفقرة « ٤ » من المادة « ٣٠ »من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەمبابەتە لەمێژە لە دەستەی سەرۆکایەتی یەو، لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن وزۆر لەئەندامانی پەرلەمان باسی لێوە کراوە،لە هەموو نیزامێکی پەرلەمانیشدا ئەم شتانە کاریان پێکراوە. من یەک راستیتان بۆ باس دەکەم ،پێش ماوەیەک وەفدێکی ئەڵمانی لامان بوو ئەگەر بەڕێز د.کەمال لە بیری بێ زۆر پەلەیان بوو، وەفدەکە بەرەسمی هاتبوون بۆ ئێرە بەئێمەیان گوت ئەبێ فلان رۆژ برۆین، چونکە فلان رۆژ دانیشتنمان هەیە، گوتیان ئەگەر نەگەین بۆ ئەوێ وابزانم ( ٩٠ ) مارک یان ( ١٥٠ ) مارکیان لێ دەبڕن، دوای ئەوە پرسیمان چۆنە؟ گوتیان ئەگەر لەدانیشتنێکدا ئامادە نەبین و عوزرەکەمان رەوا نەبێ ( ١٥٠ ) مارکمان لێ دەبڕن وئەگەر عوزرەکەشمان رەوا بێ ئەوا وابزانم ( ٩٠ ) مارکمان لێ دەبڕن، لەزۆر لەپەرلەمانی دونیاشدا ئەم بنەمایە کاری پێ کراوە ئەوەش جۆرە پێوانەیەکە بەو ئەندامانەی کە ئامادە دەبن وگفتوگۆ ئەنجام دەدەن، پێڕەوی پاداشت وەک هاندانێکە ئەو برادەراەی عوزرێکی نارەوایان هەیە ئەبێ پێوانەیەک هەبێ لەسەری برۆن، هەرچی بیرمان کردەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ برادەرانی هەردوو فراکسیۆن چارەسەرێکی بە بەرژەوەندمان نەدۆزیەوە جگە لەو چارەیە، چونکە لەپێڕەوی ناوخۆی پەرلماندا چارەی تر هەیە، ئنجا ئێمە هەتا ئێستا جێ بەجێمان نەکردووە، وابزنم هەموو ئەندامەکی پەرلەمان ئەگەر لە سێ دانیشتندا ئامادە نەبێ بە عوزرێکی رەوا خۆی دەزانێ ئیجرائات دەبێ چی بێ؟ بۆیە وامان بەبەرژەوەند زانی ئەوە جۆرە دادوەرێکە لەنێوان هەموو ئەندامانی پەرلەماندا کەدەبێ بنەمایەک هەبێ لەسەری برۆین، ئەوەی بە عوزرێکی رەوا ئامادە نابێ پاداشتی ئەو مانگەی دابەش بکرێ بەسەر ژمارەی دانیشتنەکاندا، بەڵام لێرەدا هەندێک بۆچوون هەیە کاک نەژاد حەز دەکات تۆزێک لەسەر ئەو بابەتە بدوێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، لەسەر ئەو بڕیارە، وەکو کاک جوهر باسی کرد لەزۆربەی پەرلەمانەکانی دنیادا شتی وا هەیە چونکی ئەندام دەرماڵەی هەیە، دەرماڵەی ئامادە بوونی هەیە لەکۆبوونەوەکاندا، کەلە کۆبوونەوەیەک ئامادە نەبێ بەبێ عوزری رەوا، ئەو عوزرە رەوایەش تەنیا لەهەر خولێک ( ١٥ )رۆژ دەبێ لەوە زیاتر نییە کە مۆڵەت بدرێ ئەوە ئاساییە. مۆڵەتی نەخۆشیش تەنیا بە مۆڵەتی دکتۆر دەبێ، لەبەر ئەوە ئەم بڕیارەی کە پێشنیار کراوە بەرای من وابزانم کاک جوهریش لەگەڵمدایە کەتۆزێک گرفت دروست دەکات لەوەی ژمارەی دانیشتنەکان، چونکە بۆی هەیە لەمانگێکدا دوو دانیشتنی رەسمی هەبێ ئەگەر لەیەکێکیان ئامادە نەبێ مانای ئەوە دەبێت نیوەی دەرماڵەی ئەو مانگەی وەرنەگرێ ودانیشتنەکانی تریش مانگی واهەیە ئێمە ( ٢٠ )

دانیشتن دەکەین ئەگەر وەکو فیکرەیەک دابنێین ( في حالة تغیب العضو عن اية جلسة دون عذر مشروع یستقطع مبلغاً مقطوعاً قدره« ٢٥٠ »دیناراً من مخصصاته) ئەوە بۆ هەر دانیشتنێک بەبێ عوزری رەوا، ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا ئەوە بڕیارەکەیە، ئەمەش پێشنیارەکەیە کێ حەز دەکات لەسەر ئەم بابەتە قسەبکات؟ تکایە بە دیاری کراوی ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن «کاک جەمیل- کاک بەختیار-کاک د.کەمال- کاک حازم-کاک د.فایەق- کاک سیروان- کاک ئازاد- کاک فرەنسۆ- مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین- کاک سالار- خوشکە پەریخان».

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک حەزم کرد کەئەوەی ئەمجارە وەفدە ئەڵمانیەکە بۆیان باس کردین، هەروەها وەک بەڕێزتان روونتان کردەوە ئەوان ووتیان هەر کۆبوونەوەیەک ئێمە بەشدار نەبین بەبێ ئەوەی عوزرێکی رەوامان هەبێ ( ١٥٠ )مارک لە دەرماڵەی ئێمە دەبڕن. بەنیسبەتی ئەوەی ئەگەر عوزرێکی رەوامان هەبێ (٩٠) مارک لەدەرماڵەکانمان دەبڕن. بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە ئێستا لەبەردەمدایە ئەو پرۆژەی گۆڕینە بەو شێوەیە ئەگەر دابڕێژرێ باشترە لەبەر ئەو هۆیانەی بەڕێز کاک نەژاد باسی کردن چونکە لەوانەیە ئێمە لەمانگێکدا یەک جار کۆبوینەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر ئەوکەسە ئامادە نەبوو پارەی نەدرێتێ. ئەگەر بێتو مەبلەغێک دابنێین، ئێستا من ناڵێم چەند چونکە رەنگە لەپاشان رای جیاواز هەبێ لەم پارەیەوە ( ١٠٠ )دینار بێ، ( ١٥٠ )دینار بێ ( ٢٠٠ )بێ، زیاتر بێ یان کەمتر بێ، بەڵام ئێمەش بنەمایێکی وابۆ خۆمان دابنێین ئەگەر ئەوە بەعوزرێکی رەوا نەهات مەبلەغێکی لێ ببڕدرێ، ئەگەر عوزرەکەی رەوا نەبوو ئەوکاتە بەشێوەیەکی تر بێ، لەو بارەیەوە ئێمە بەگشتی لەگەڵ ئەو پرۆژەیە داین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مبدأ لەگەڵ ئەوەدام کە د.کەمال فەرمووی، بەڵام لێرەش ئەوەی دەڵێ دابەش بکرێ لەسەر دانیشتنەکان من لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە بەراستی ئەوە غەدرێکی زۆری تیادایە، مەبلەغەک دیاری بکرێ مەبلەغەکەش لەهەردوو باردا، واتا بە عوزر وبە بێ عوزر بە بۆچوونی من ئەگەر بەعوزر بێ( ١٠٠ )دینار بێ بەبێ عوزریش ( ٢٥٠ )دینار بێ، بەڵام ئێمە دەبێ ئاگامان لە برگە (٤)ی مادە (٣٠) وبرگە (٤)ی مادە (٤٣) بێ لەپێڕەوی ناوخۆدا، چونکە لەو بارەدا بەسەر ئەندامەکەدا ساغ دەبێتەوە کە سێ دانیشتن نەهاتووە لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئەو برگانە بێنن دەبێ یاسا پیادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من لەگـەڵ ئەو بڕیارە دام، بەڵام لێـرە یەک تێبـینیم هەیە، ئەوەی عـوزرێکی ڕەوای هەبێ وابزانم حەق نییە لێی ببڕێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

کاک نەژاد روونی کردەوە، عوزری ڕەوا ئەوەیە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەندام مۆڵەتی هەبێ، لەهەر خولێک (١٥) ڕۆژی بۆ دانراوە بۆ نەخۆشی ئەوە شتێکی ئاساییە کەنەخۆش بوو حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێ، ئەوانەی بەئیشو کاری پەرلەمان، بەئەرکێکی ڕەسمی دەچن ئەوانە بەئیش کردن بۆیان حیسابە بەغائب داناندرێن.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من پرسیارێکم هەیە، برادەران کەقسەیان کرد دەربارەی دەرماڵە قسەیان کرد ئەوەی ئێمە وەری دەگرین ئایا مووچەیە یان دەرماڵەیە؟ ئەگەر لەمووچەکەمان دەبڕێ، ئەو ئەندامانەی ئەڵمانیا کەباسیان کردووە ئەو دەرماڵەی کەهەیانە بە زیادەی سەر مووچەکەیانە یان چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئەگەر لەسەرەوە لە بڕیارەکە ورد بینەوە دەردەکەوێ کە بڕیارێکمان نییە ئەندامی پەرلەمان مووچەیەکی مانگانەی بدرێتێ، ئێمە گوتمان پاداشت دەدرێتە هەرئەندامێکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

واتا لەوێش لەو وڵاتانە وایە ئەندامانی پەرلەمان مووچەیان نییە؟ من پرسیارەکەم ئەوەیە لەو وڵاتانەش بەهەمان شێوە ئەو ئەندامانە مووچەیان نییە، تەنیا دەرماڵەیان هەیە؟

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئنجا ئەگەر دەرماڵە بێ یان مووچە بێ گرنگ ئەوەیە ئەندامی پەرلەمان مانگانە مەبلەغێک وەردەگرن، ئەگەر ئامادە نەبێ وەکو بەڕێز د.کەمال ئاماژەی بۆ کرد نەختێک لەو پارەیەی لێ دەبڕن، چونکە بەعوزرێکی ڕەوا ئامادە نەبووە.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر مووچە بێ جیاوازی هەیە، دەرماڵە بڕین شتێکی ماقووڵە، بەڵام بڕین لەمووچە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە گوتمان ئەوە پاداشتە، ئنجا بەدەرماڵە حیسابی دەکەیت یا بەمووچە..؟!

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو پارەیەی وەری دەگرین ئەگەر پاداشت بێت وغائب بووین هیچیمان بۆ نامێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەو ئەندامەی لەئێستاوە بڕیار بدات نەیەت وئامادە نەبێ بەعوزرێکی ڕەوا هیچی بۆ نامێنێتەوە هەر ئەو مافەش نییە بۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان هەموو دانیشتنان ئامادە بێ، غائب نەبێ، چونکە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بناغەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەوە زۆر لای ئەندامانی پەرلەمان روون نییە ئەو پارەی وەری دەگرن مووچە نییە، هەر لەناو پەیڕەوی ناوخۆش نووسراوە ئەوەی ئەیان درێتێ پێی دەووترێت پاداشت نەک مووچە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە من مەبەستم لێرەدا لایەنە مادییەکەیەتی، ئێوە بەڕێزتان باسی ئەوە دەکەن کەواقعی پەرلەمانێکی ئەوروپی دەسەپێنین بەسەر ئەو واقعەی ئێمەدا، لەوانەیە لای ئەوان شتێکی ئاسایی بێ ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان ئامادە نەبێ مووچە ببڕێ، بەڵام بەنیسبەت ئێمە و لەلانی دەروونی ومەعنەوییەوە کاردەکاتە سەرمان ئنجا ئەگەر مەسەلە ئامادە نەبوونی ئەو برادەرانەیە لەپەرلەمان حەقە هەردوو حیزبەکان بەرزەفتی ئەوە بکەن بۆچی ئامادە نابن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا مەسەلەکە پەیوەندی بەمەعنەویان و، بەسەپاندنی واقیعەوە نییە، مەسەلە پێڕەوی ناوخۆیە، ئێمە پێڕەوێکمان هەیە لەسەری دەڕۆین مەسەلە مەسەلەی ئامادەبوونە، ئەندامی وا هەیە هەموو دانیشتنەکان ئامادە دەبێت، ئەندامی واش هەیە دوومانگ، سێ مانگ لەدانیشتنێکدا ئامادە نابێ، ئەمە جۆرە دادەوەرییەکیش پەیدا دەکات.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری کاک نەژادم کە بڕێکی دیاری کراو ببڕدرێ لەسەر هەر دانیشتنێک کەبەبێ عوزری رەوا ئەو ئەندامە غائب دەبێ، عوزری رەوا مادە«٢٥» دیاری ئەو حالەتانەی کردووە کەعوزری رەوا چیە. زیاد لەسەر ئەوە عوزری تریش هەنە وەک یەکێک تازیەیان دەبی ئەوە ناوی نەهاتووە، بەڵام ئەوە عوزرێکی رەوایە سەرۆکایەتی دەتوانێ ئەو شتە لەبەر چاو بگرێ بەعوزری رەوای دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە لەناو هۆڵی پەرلەمانا وانیشان دەدا ئەوە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەیەو قسە بۆ قوتابییان دەکا ئەمە یەک، دوو ئەندامی پەرلەمان کەنوێنەری جەماوەرە دەبێ هەستێکی زۆری هەبێ بەرامبەر بەئەرکی خۆی ئایا کە من دەوام بکەم ئەوەی تەنیشتم دەوام نەکات تۆژینەوەی لەگەڵدا بکەم و بڵێم بۆ چی تۆ دەوام ناکەی؟ ئەوە ئەرکێکی سەر شانی خۆمە دەبێ خۆم هەستی پێ بکەم دەوام دەکەم یاخود دەوام ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم مەسەلەکە بۆ بووە قوتابخانە؟ مەسەلەی ئیجرائات پەیوەندی بەئامادەبوونی ئەندامێکی پەرلەمانەوە هەیە پاشان ئەو ئەندامەی پەرلەمان کە بچێت بۆلای دکتۆر جارێک شتێکی وای کرد قەیناکە، بەڵام ئەی جاری دووەم ئەی جاری سێ یەم؟ وابزانم ئێمەش بایی ئەوەندە هەستی پێ دەکەین پێویست بە پێچ وپەنا ناکات، بەڵام قانوون بۆ هەموو لایەک باشە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوای من ئامادە بوونی هەموو بەڕێزانە لەهەموو کۆبوونەوەکان وسەرکەوتنی پەرلەمانە. من باسی

لایەنەکانی بڕیاردان ناکەم، بەڵام باسی لایەنی هونەری دەکەم، لەو بڕیارە هاتووە پاداشت لەسەر ژمارەی دانیشتنەکان دابەش دەبێ لەمانگێکدا، ئەو مانگانەی کە پشودانە دانیشتن نییە، واتا سفرە، هەر ژمارەیەک دابەش بکرێ لەسەر سفر مالانهایە دەکات، من دەڵێم ئەو گرفتە هونەرییە چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ڕەوا نییە، ئێمە وانەی ماتماتیکمان نییە، ئێمە گوتمان ئامادەبوون (حضور)ی ئەو مانگەی کەدانیشتنی تێدا نەبێ مانای ئەوەیە غیاب نییە ئەمە روونە پێویست بەماتماتیک ناکات.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەپێڕەوی ناوخۆدا، شتێک هاتووە کەئەندامێک (٣ )دانیشتن غائب بێ ئەوە مافی ئەوەی هەیە کەدەربکرێت بەرای من ئەوە بڕیارێکی زۆر زۆر خراپە کەوەختێ خۆی داومانە، چونکە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژاردەی خەڵک بەسێ دانیشتن دەرناکرێ. دێمەوە سەر بابەتەکەی کەباسکرا ئێوە نموونە لەسەر ئەوروپا دێننەوە، ئێوە هەمووتان ئەوروپاتان دیوە لەئەوروپا هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەگەر هیچ ئیشیش نەکات شوێنێکی هەبێ لێی بژی وە لەهەمان کاتدا ئەوەندەی پارەی دەدەنێ کە بتوانێ پێی بژێ. ئەوە بۆ هەموو مرۆیەک لەئەوروپا ئەوە مسۆگەر کراوە، ئەوە لەئەوروپای رۆژئاوا، پاشان لەئەوروپا ئەندامێکی پەرلەمان (٤) هەزار دۆلار وەردەگرێ ئەگەر هەزار دۆلاری لێ ببرێ حەقی ئەوەی کە لەدانیشتنەکان بەشداری ناکات(٣) هەزار دۆلار وەردەگرێ ئەگەر بە ئەوروپا بەراورد بکەین ئێمە لامان ئاشکرایە پەرلەمانەکەمان چۆن هەڵبژاردراوە، فراکسیۆنەکانیش زۆری حزبین، لەبەر ئەوە بەرای من دەتوانرێت گرفتەکە لەناو فراکسیۆنەکاندا چار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی ئەوروپا کاک نەجمەدین راستە ئەگەر بەراوردی دینارو دۆلار بکرێ ئەوان بەعوملەی خۆیان جیاوازێکی زۆرە ئیستا ئەمرۆ دیناری عێراقی بەهای نییە، ئەگەر جاران بە پێچەوانە بوایەو ئەو پارەیەی ئیستا دەدرێ بەئەندامی پەرلەمان، دیناری جاران بەرامبەر بە دۆلار هەر دینارێک سێ دۆلار بوو، ئەوسا وەزعەکە بەشێوەیەکی تر لێک دەدرایەوە ، پاشان راستە ئەگەر بەراورد بکەین بەو یارمەتییەی کەبەئێمە دەدرێ یان ئەو پاداشتانەی لەوێ بەئەندامانی پەرلەمان دەدرێ هەر بەچاو زۆرە، بەڵام لەبیر مەکە ئەوان زیاتر لەنیوەی ئەو پارەیەی کە پێیان دەدرێ، دەبێتە باج ولێیان دەسەنن و، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتی ئەوان، دیسان، هەر حزبێک

بەرپرسیارە بەرامبەر ئەندامی خۆی لەو گۆشەیەوە ئێمە دەمانەوێ لەناو ئەم هۆڵەدا دادوەرییەکی نیسبی هەبێ، ئەو برادەرەی کەئامادە دەبێ وەکو ئەندامێک ئەویش وەکو ئەوی تر متفرغە و مافێکی هەیە، ئەوەی کەئامادە نابێ بەعوزرێکی نارەوا ئەویش دەبێ بنەمایەک هەبێ لەسەری برۆین. پەلەشمان نەکردووە وئەوە دووخولە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، چەند جار لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنیشدا باسمان کرد وداوامان کردووە لەکتلەکان باسی ئەو بابەتە بکەن.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من وای بۆ دەچم کەئەوە گرفتی فراکسیۆنەکانە، ئەوی تری بەیاسایەک چارە بکرێ، چونکە هەندێ کەس هەردەوام ناکەن یان دەوامەکەیان رێک نییە، ئەو قانوونە دەربکرێ بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە دەوام بکەن، ماوەیەک لەمەوبەر شتێکمان بیست لەحکومەتێکدا لەبەر ئەوەی یەک ئەندامی پەرلەمان غائب بووە حکومەتێک رووخاوە. ئەندامی پەرلەمان کەهەڵگری رای ئەو خەڵکەیە، کەهاتۆتە ئێرە بەبیرو باوەڕەوە هاتووە، من لەرادەی ئەوەی نابینم بەناوی مووچە برین چارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا با لیستی خۆی مووچەکەی ببڕێ، پەرلەمان بودجەی هەیە، یەکی لەو بەندانەی دانرا بۆ پاداشتی ئەندامانی پەرلەمانە بۆ ئەو ئەرکەیە کەسەرفی دەکەن، بەرامبەر ئەو ئامادەبوون و گفتوگۆیانەیە کەدەیکەن، پاشان ئایا حەقمان نییە بپرسین ئەو ئەندامەی نایەت بەعوزرێکی رەوا ئەوە چی لێ بکەین؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەناو فراکسیۆنی خۆماندا باسمان کردووە. دیارە برادەرانیش لەناو فراکسیۆنی خۆیاندا باسیان کردووە، دیارە لەناو هەردوو فراکسیۆندا دوو بۆچوون هەنە، من بۆ خۆم لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک نەژادم، بەڵام حەق بوو حسابێکیش بۆ ئەوانە بکەن کەتا ئێستا مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، ئامادەبوونیان بەردەوامە دەبوایە شتێک بۆ ئەوانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش سوپاستان دەکەین، دێینەوە سەر پێشنیارەکە، ئەو پێشنیارەی کە کاک نەژاد خستییەڕوو کە مەبلەغێکی بڕاوە بێت، کاک حازم پێشنیارێکی کرد کە بێ عوزر (٢٥٠) دینار بێ.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەبێ عوزر (٢٥٠) دینار بێ بەعوزر (١٠٠) بێ، سوپاس.

**بەڕێز حـسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بێگومان ئامادە بوونی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاواتی هەموو کوردە، بنیات نانەوەی کوردە، پێویستە هەموو ئامادەبین ئێمە هەموو لەگەڵ ئەوەین، بەڵام من وەکو یاساناسێک یەکێک بەعوزرێکی ڕەوا غائب بوو یەکێک ئۆتۆمبیلێک لێی بدات، لەخستەخانە بێ، مووچەی ببڕدرێ، پێم وایە بەپێی یاسا ئەوە ڕەوا نییە مادام عوزری ڕەوای هەبێ مافی خۆیەتی ئەو پاداشتە وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی کە بەردەوام داوای مۆڵەت دەکا و لەگەڵ ئەوەی کە ئۆتۆمبیل لێی دەدا جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر ئەندامێک داوای مۆڵەت بکا ئەوە مافی خۆیەتی، چونکە لەهەر خولێکدا مافی هەیە پانزدە رۆژ مۆڵەت بدرێ، جا لەبەر ئەوە هەق نییە پارەی لێ ببڕدرێ، ئەمە یەک ئەگەر لەخەستەخانەش کەوت ڕاپۆرتی پزیشکی هەبوو ئەوەش عوزرێکی ڕەوایە، لەپارەکەی نابڕدرێ، جا وەک پێشنیارم کرد ئەوەی بە عوزری ڕەوا غائب بێ (٢٥٠) دیناری براوەی لێ کەم کرێتەوە بۆ هەر رۆژێک غائب بوون، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نەیەتە پێشەوە کەمن باسم کرد لەپاشان ئەندامەکە قەرزار بێ پێویستە دیاری بکرێ بەمەرجێک لەکۆی پاداشتەکەی تێنەپەڕێ، بێ گومان ئەوە لەسەر هەر شتێک ڕەزامەندی بکەن تازە لەخولی داهاتوو جێ بەجێ دەبێ یانی ئەو دەورە لەخولی سێ وە لەمانگی (٩) دەست پێ دەکات بۆ ئەو برایانەی کە باسی وەزعی ئەوروپایان کرد لەوێ خەڵکی لە(٤) هەزار دۆلار زیاتر وەردەگرن مانای چوار هەزار دۆلاری ئێوە نییە، ئەو پارە بەخۆڕایی تەرخان نەکراوە لەگەڵ ڕادەی ژیانی ئەوێ ڕێک دەکەوێ. لەوێ هەموو شتەکانی تر گرانترن ولەپەرلەمانەکانی ئەوێ چاودێری ئەوە دەکەن کە ئەو کەسەی دەبێ بەنوێنەری گەل لەناو پەرلەماندا

پێویستە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێ ئەگەر لەکۆبوونەوەیەک ئامادە نەبوو مانای ئەوەیە ئەو رۆژە ئەو ئەرکەی سەرشانی بەجێ نەهێناوە، لەبەر ئەوە ئەو پاداشتەی پێ نادرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا یەک تێبینیم هەیە مەرج نییە غیابی ئەو ئەندامە لەنێوان مۆڵەتەکانی بن کە (١٥)رۆژە، ئەگەر لەوە تێپەڕی ئەوکاتە بەعوزری رەوا بێ، هەتا ئەگەر مۆڵەتیشی وەرنەگرتبێ وای دادەنێین لەدهۆکە یا لەهەولێرە ونەهاتیە وشیاوی مۆڵەت پێدانە، بەڵام موراجعەتی نەکردووە، نەیگوتووە مۆڵتم بدەنێ، هەر ئیعتبار دەکرێت غایب بوون بە عوزر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتەی کە مۆڵەتی هەیە لەنێوان مۆڵەتە ئاساییەکەی لێ دەبڕدرێت، واتا لەنێوان ئەو رۆژە حساب دەکرێت کە ئەو مۆڵەتی هەیە، ئەگەر من ئەمڕۆ لەسلێمانی بم ونەتوانم ئامادەی دانیشتن بم، بەڵام دوو رۆژ مۆڵەتم هەیە، ئەو دانیشتنەی کە تیایدا ئامادە نابم ئەوە بەعوزری رەوا دادەنرێ، ئەو بنەمایەکەو لەسەری دەڕۆین، بەڵام ئەگەر مۆڵەتی نەمابوو واتە پانزدە رۆژەکەشی وەرگرتبوو ئەو کاتە دەگەڕێینەوە بۆ حیساباتی (رصید)، واتا مەسەلەی (رصید)ە، ئایا (رصید)ی مۆڵەتی چەند ماوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مۆڵەتی دەوێ پێویستە ئاگاداری سەرۆکایەتی بکا، نەیەت وبڵێ مۆڵەت پێ دراوم، دەبێ بروسکەیەک لێ بدا بۆ فراکسیۆنەکەی یا دەستەی سەرۆکایەتی بڵێ تکایە دوو رۆژ مۆڵەتم بدەن، ئەگەر نا بەغائیب حسێب دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان پاش هەفتەیەکی تر پشوو دەست پێ دەکات پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر دوا بخرێ بۆ هەفتەی یەکەمی خولی داهاتوو بەڵکو خەڵکەکە هەموو ئامادەبن. من لەگەڵ لانی مەعنەوی دام من خۆم وەکو ئەفسەرو سەرباز دێتە پێش چاو کەغائب دەبێ سەری دەتاشرێ زەحفی پێ دەکرێ، مووچەی دەبرێ، من ئێستا باری دەروونیم بەو جۆرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم خولەدا جێبەجێ نابێ بڕیارە لەخولی ئایندەدا بکرێ.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەوروپا، دیارە ئەوروپا وایە بۆیە لای ئێمەش وایان کردووە، بەڵام لە ئەوروپا قەت وانییە ئێمە لەمانگێکدا دووسەد دۆلار وەردەگرین لەپرێکدا(١٠٠) دۆلار وەردەگرین بەنزین هەر لەشوێنی خۆیەتی کەلە ٨٠٪-٩٠٪ ئەو پاداشتە دەبات لەهەمان کاتدا من جەختم لەسەر ئەوە کرد کە لەهەموو ئەوروپادا هەموو کەسێک رادەی نزمی ژیانی مسۆگەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم حەق نییە خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوروپادا، چونکە هاووڵاتیەک کارمەندێکی ئێرە کەمتر لە(٤) هەزار دۆلار وەردەگرێ ودەبێ تۆزێک بەواقعیەت تەماشای بابەتەکە بکەین. دووەم کاک نەجمەدین دەزانێ لەهەموو ئەوروپادا رادەی نزمی ژیان بۆ خەڵک دابین کراوە، تۆ ئەوەی گوتت تاقی کردنەوەی وڵاتی سویدە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام وابزانم ئەو رادده نزمەی ژیانیش کە دابین کراوە زۆر کەس هەیە رەفزی دەکات، کەمرۆڤ لەسەر خێر بژێ ئەوە لەلایەن زۆر کەسی ئەو وڵاتانەوە رەت دەکرێتەوە، لەزۆر وڵاتانی ئەوروپاش رادەی نزمی ژیانیش دابین نەکراوە. ئەوروپا ستاندەردی ژیانی خۆی هەیە، کوردستانیش ستاندەردی ژیانی خۆی هەیە.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەم دەربارەی ئەو ئەندامەی پەرلەمان کەرەصیدی مۆڵەت پێدانی نەماوە چ مۆڵەتی ئاسایی چ مۆڵەتی نەخۆشی. حەق وایە لێرە ئەگەر هاتو ئەندامێکی پەرلەمان کەرەصیدی مۆڵەتپێدانی تەواو بوو، ئەگەر عوزرێکی رەوای هەبێ پاداشتی لێ نەبڕدرێ وعوزرەکەشی دەستەی سەرۆکایەتی تەقدیری دەکات ئەو عوزرە رەوایە یان رەوا نییە، ئەوە یەک. دوو بەنیسبەت ئەو مەبلەغە کە پێشنیار کراوە (٢٥٠) دینار بەلای منەوە ئەو (٢٥٠) دینارە زۆر زۆرە بۆ یەک دانیشتن چاوێکی پیا بگێڕدرێتەوە، مەبلەغێکی گونجاو بێ لەگەڵ ئەو پاداشتەی کە وەردەگیردرێ وابزانم (١٥٠)دینار بڕە پارەیەکی باشە کەبۆ هەر دانیشتنێک حساب بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش گوتی سێ حاڵەت هەیە بۆ عوزری رەوا کە ئەرکی رەسمی و نەخۆشی ومۆڵەتی ئاسایی دەگرێتەوە، بەڵام عوزری تریش هەیە وەک مردنی کەسێکی نزیک، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەگەڵ کاک شێروان دەمەوێ ئاماژە بۆ خاڵێک بکەم ئەویش کەدەڵێ (٢٥٠) دینار زۆرە چونکی ساڵی رابردوو تێکڕا لەدوو خولدا (١١٣) دانیشتن گیراوە، واتا مانگی (٩) دانیشتن هەبوو، ئنجا لەو (٩) دانیشتنەدا ئەگەر هەمووی (٩) رۆژە کە (٢٥٠) دینارەکەی لێ بڕوات هێشتا (٢٠٠٠)دیناری بۆ دەمێنێ وباقی زیاتریش دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە تەقدیری ئەو(٢٥٠)دینارە لەخۆرایی نەهاتووە هەموو دانیشتنەکانمان حساب کردووە لەکاتێکدا کە مۆڵەتیش نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک، غائب بوون چۆن حیساب دەکرێ؟ ئەندامێکی پەرلەمان بەیانی نەگەیشتە ئەنجومەن، لەدانیشتنی ئێوارە کە ئێستا دوو سەعاتە بەو ئێوارە گەیشتە جێ ئایا رۆژەکەی دەفەوتێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با داخلی تەکتیک وئەوانە نەبین، غائیب بوون لەو کاتەدا دەست پێ دەکات کەئێمە دێین دانیشتن دەکەینەوە، چونکە لەوی نیصابی یاسایی بریار دەدات ئێمە دانیشتن بکەین یان نەی کەین، دێینە ژوورەوە کەدانیشتن رادەگەیەندرێ ونیصاب دەستنیشان دەکرێ ئەو برادەرەی کە نەهاتووە ئارەزووی خۆیەتی، دەتوانێ پێش وەخت خەبەر بنێرێ ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەی پەنچەربوو، ئەگەر نەخۆش بوو، ئەگەر هاتیش ئەوە زۆرباشە ئێمەش ئەندامی پەرلەمانین و بایی ئەوەندە نەرمیمان تێدایە کە شتێکی واهاتە پێشەوە، ئەوا دەتوانین قبوڵی بکەین، بەڵام بەبوونی بنەمایەکی دیاری کراو دەتوانین بڵندترین رادەی دادوەری بۆ ئەو (١٠٥) ئەندامەی ناو پەرلەمان دابین بکەین، حەق نییە شتی لێ بدۆزینەوە. کاک نەژاد حەزمان نەکرد بچینە ناو درێژە پێدانەوە، ئەگەر حەزیش دەکەن ئێمە لە ئایندەدا ئەمانە هەموو روون دەکەینەوە، باسی ئامادە نەبوونی ئەندامان دەکەین چ بەمۆڵەت و چ بەغەیری مۆڵەت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(عدم حضور بعذر مشروع يستقطع من مكافأته مبلغاً مقطوعاً وقدره« ٢٠٠ »دينار عن كل يوم انقطاع من الجلسة) ئیتر ئەدرێت بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دابڕێژرێت و وابزانم زۆرمان لەسەر ئەوە باس کرد ئەگەر کاک جوهر مۆڵەتمان نەدات ئەوە ئەخرێتە دەنگدانەوە ولێی رزگار دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر مۆڵەت دەدەن با بابەتەکە ببڕێنینەوە، چونکە زۆرمان قسە لەسەر کرد، ئەو پێشنیازە بەو شێوەیە بێ، هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەعوزرێکی ناڕەوا ئامادەی دانیشتنێک نەبێت مەبلەغێکی بڕاوە (٢٠٠) دینار لەپاداشتەکەی ئەچێتە گەنجینەی پەرلەمانەوە. لەبەر ئەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەو بابەتە تەواو بکەین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو بڕیارە جێگیر کرا. (٤٠ بە٣٣)(٤٠) لەگەڵ پێشنیارەکەیە و(٣٣) ش لەگەڵی نییە. تکایە لیژنەی یاسا پاشان ئەو پێشنیارەمان بۆ دابڕێژن.

بەم شێوەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٧/٧

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٧/٧

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٧/٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی نائاسایی ژمارە «٢»ی ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- دەركردنی بڕیار بۆ ڕەسمی خشڵ (مصوغات).***

***٢- پرۆژەی كار پێكردنی بڕیاری ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراقی ژمارە (١٦٠).***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەكییە، یەكێكیان پرۆژەی بڕیارێكە بۆ ڕەسمی (مصوغات) خشڵ، دووەم پرۆژەی كار پێكردنی بڕیاری ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراقی ژمارە «١٦٠»، تازە بابەتیش ئەگەر شتێك هەبێت؟ كاك فرەنسۆ هیچی نییە، كاك د.كەمالیش دیارە هیچی نییە، مادام وایە تەنها دوو خاڵمان هەیە بۆ ئەمڕۆ، جا ئەگەر لیژنەی یاسا تەشریف بهێنن.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

یاسای حزبەكان بۆ لەو خشتەیەدا نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە دوێنێ گفتمان نەدا كەیاسای حزبەكان باس ئەكەین، وتمان تەواو بووە و ڕۆژی شەممە دەخرێتە بەرنامەی كارەوە، بۆ ئەوەش دەبێ ئاگاداری سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ بكەین، پێم وایە وەزیری ڕۆشنبیریش دەبێ لێرە بێ، باشە ئێمە جارێكی تریش ئاگاداری حكوومەت دەكەینەوە پێش وەختەش ئاگادارمان كردوونە، كە ڕۆژی شەممە گفتوگۆ لەسەر یاسای حزبەكان ئەكرێت جا ئەگەر نەهاتن، ئەوە ئارەزووی خۆیانە، ئێمە بەردەوام دەبین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگەی «٣»ی بڕیاری «١٦٠» بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی یەکەم پرۆژەی رەسمی خشڵ، با کاک جمیل لە لیژنەی ئابووری بێتە ئێرە و بابزانین ئەوانیش چ رایەکیان هەیە لەسەر ئەم پرۆژەیە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

ژمارەی بڕیار:

رۆژی بڕیار:

بڕیار:

بەپێی حوکمی برگەی «١»ی مادە «٥٦»ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «١» ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی / / ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر شوێنی دەزگای ناوەندی پێوان و کۆنترۆڵی جۆرایەتی «الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية» بکرێتەوە لە هەر کوێیەک ناوی هاتبێت لە یاسای رەسمی خشڵ، ژمارە «٨٣»ی ساڵی «١٩٧٦»ی هەموار کراو.

دووەم: دەسەڵات بدرێ بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، بەپێی برگەکانی مادە/ ٢ی یاسای ناوبراو لە بارەی دان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی زێرنگران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەروەها دەسەڵاتیشی پێ بدرێ بۆ جێبەجێکردنی دەقەکانی مادده/ ١٥ی یاساکە دەرهەق بەو زێرینگرانەی کە سەرپێچی برگەکانی ئەم یاسایە دەکەن، یانیش هەواڵەی دادگایان بکات بەپێی باری پێویست.

سێیەم: پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران زانیاری پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردن و جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەقی ئەو پرۆژەیەیە، ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ با لیژنەی ئابووریش رای خۆیان دەربڕن، لەوانەیە هەندێ لەو تێبینیانەی برادەران و برایان پەیوەندی بەوەوە هەبێت یا لەرێی ئەوەوە گفتوگۆ کردن کەمتر بێتەوە، یا هەر پێویستیش نەکات، با لیژنەی ئابووری بفەرموون، رای خۆیان پیشان بدەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای لیژنەی دارایی وئابووری ئەوە بە تەوقیتی هەموو بەڕێزان ئەندامانی لیژنەیە، ئەو بڕیارە

پێویست ناکات و له جێی خۆیدا نییه رایەکه رۆژی ٤/٢٠ دیاری کراوه، ئەو رەش نووسەی ئێمەشیان دیوه جارێکی دی ئێمه داوامان کرد له ٦/٢٨ که چاوی پێیدا بگێردرێتەوه، چونکه ئەم کاره هی دەزگای ناوەندی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتییه نەک کاری بەرێوەبەریەتی ئامار کردنی هەولێره، له ٤/٢٠ ئێمه دیاریمان کردووه «مستحيل ان تتمكن مديرية احصاء اربيل القيام بمهام الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية، الجهازين كانتا من تشكيلات وزارة التخطيط ولكن هنالك اختلاف شاسع بين مهام مديرية الاحصاء والجهاز المركزي للتقيس والسيطرة النوعية، اضافةً الى ذلك ان مهام المديرية المذكورة خاصة باحصائية اربيل وتتمكن بمهام القيام للاقليم كلها وبأمكان رئاسة مجلس الوزراء استحداث هيئة يتعاون معها جامعة صلاح الدين والبحث العلمي بهذا الشأن» له پشتی رەشنووسەکەی لیژنەی یاسا چاپ کراوه، ئاشکرا بوو که لیژنەی یاسا چ گرنگی نەداوه به رای لیژنەی پسپۆڕ جارێکی تر به ئیمزای هەموویان لیژنەی ئابووری ودارایی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمەی ناردووه که ئەوه دەقەکەیەتی «اجتمعت لجنة المالية والاقتصادية صباح يوم الاثنين ٦/٢٨ بشأن الجهاز المركزي والتقييس النوعية سبق وان بينا في كتابنا السابق في ٤/١٧ بان يجب تشكيل الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية من قبل رئاسة الوزراء ويتعاون مع جامعة صلاح الدين ولا يجوز مطلقاً ان تقوم مديرية احصاء اربيل بهذه المهام حيث ان الجهاز المذكور يقوم بتقييس والاختبار على عينات الذهب والفضة وقطع القماش وباقي المنتوجات الصناعية والمواد الغذائية ضمن البيان والمواصفات المطلوبة وصالحة ام لا. اما مديرية احصاء اربيل مهامها هو ملء الاستمارات ضمن نطاق صابون او كلاص من الحليب ناهيك اختيار عينات من الذهب والفضة اذ نعترض على المشروع المعد من قبل الهيئة القانونية بهذه الشأن ويظهر ان اللجنة القانونية لا يعير اهتماماً بتوصيات وتقارير لجان مختصة ونكرر اقتراحنا السابق بان تقوم رئاسة مجلس الوزراء وبتعاون مع جامعة صلاح الدين و وزارة الصناعة والطاقة بتشكيل هذا الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية مع فائق تقديرنا».

هێژا سەرۆکی پەرلەمان ئەو دەستگای ناوەندی پێوان کۆنترۆڵی جۆرایەتی وەسفێکی تایبەتی و سەربەخۆیه و له بەغدایه، ئەبێ هۆبەیەک له هەولێر هەبێت، هۆبەی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی هەندێک ئەرک لەهەولێر ئەنجام بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوه رای لیژنەی دارایی و ئابووری بوو لەسەر ئەم پرۆژەیه، جا ئێستاش چی تێبینیەک لەسەر ئەم پرۆژەیه یا لەسەر ئەو رایەی لیژنەی ئابووری هەیه؟ چونکه لەراستیدا رایەکەیان روون بوو وکاتی خۆشی ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتیمان کردۆتەوه، ئەوانەی حەز دەکەن لەسەر ئەم بابەته قسەبکەن بەڕێزان د.سەلاحەدین حەفید. حسێن عارف، شێخ عەبدولکەریم. خوشکه نەهله، مەلا هادی، کاک بەختیار حەیدەر، فەرموون هەر کەسەو لەنۆرەی خۆیدا قسه بکەن.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەریەتی ئامار کردن، باوەڕ ناکەم ئەو توانایەی هەبێت کە جێی دەستگای ناوەندی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی بگرێتەوە، چ لەلانی تواناو چ لەلانی هونەرکارییەوە، وابزانم پێشتر دەستگای ئەزموونگەی بونیادنان (انشائی) چەند ئیشی جێبەجێ دەکرد و هەندێ ئیشی تر کە ئامێریان نەبوو لێرە دەنرێدرا بۆ بەغدا، ئەوەی لێرە باسی دەکرا تەنیا باسی زێڕکراوە ئەوەش ئێستاکە ئامێرەکە لێرە نییە، وەختی خۆشی بۆ مۆر لێدان و فەحس کردنی دەناردرایە بەغدا و، منیش هەمان رای لیژنەی دارایی و ئابووریم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستگای پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی جیاوازە لەدەستگاکانی تری وەک ئامار کردن، ئەم دەستگایە پەیوەندی بە دەستگای نەخشەکێشانی ناوەندییەوە بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو برادەران گوتیان، منیش دەڵێم ئەوە هەر ئیشی ئەوان نییەو لێشی نازانن، بەڕێوەبەریەتی ئامار کردن خۆیان بە ئیشی خۆیان هەڵسن، ئیشی دەستگای کۆنترۆڵی جۆرایەتی پەیوەندی بە ئەنجومەنی نەخشەکێشانی بالاوە بێ و بەڕێوەبەریەتێکی زۆر فراوانی هەبێت کە هەموو لایەک بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستگای پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی (جهاز التقییس و السیطرة النوعیة) زۆر گرنگە، راستە لە بەغدایە، سەر بەخۆیەکی تەواوی هەیە، بەڵام ئامانج لێرە ئەوەیە زێر کۆنترۆڵ بکرێ وچاودێری زێڕینگەرەکان بکرێت، بۆ مەسەلەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکانیان خەڵکێکی زۆر دوکانیان کردۆتەوە بەبێ مۆڵەتدان وبەشێوەیەکی نایاسایی کاری تیادا دەکەن، ئەمە بۆ ئەو قۆناغە باشە بەنیسبەت کوردستان دەتوانین پەرەی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامم لە لیژنەی دارایی ئەوەش رای هەموومانە، دووجار هاتۆتە لیژنەکەی ئێمەو هەردووک جار بە راپۆرت ئاگاداری جەنابتان کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا بە جیا جیاش کۆمەڵێک شارەزایانمان دیتن، هەڵسەنگاندێکی باری وەزارەتی کۆنیشمان کرد لەگەڵ دەستگاکەدا، لێرە وەکو خوشکە نەهلە پشتگیری کردین شتێکی وا لە پێش دەمی پەرلەمانی ئێمەوە بچێتە دەرەوە، راستێکی ناخۆش دەخاتە پێش چاوی خەڵک، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

فەرمانگەی ئامار کردن، ئێستا یەکسەر بەستراوە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەو پێشنیارەی کە هاتووە ماوەیەکە بۆمان هاتووە، (پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی)، خۆی ڕاستە دەستگایێکی ناوەندی بووە کۆنترۆڵی هەموو دامودەزگاکانی دەکرد، بەڵام ئێمە لەمەوپێش لە وەزارەتی پیشەسازی دوو شتمان کرد، پێوانی جۆرایەتی لەبەر ئەوە کە دەستگایێکی ناوەندی نییە، ئێستاش ئەو پرۆژەیە هاتووە ئەوان ناتوانن ئەگەر ئەو دەستگایە نەبێت بە گوێرەی یاسای خشڵ چاودێری بازاڕ و زێڕینگرەکان بکەن، ئەوە دەربارەی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتییەوە، دەربارەی ڕەسمی خشڵیش وەختی خۆی زێر دەدرا بە زێڕینگرەکان کە زێڕینگر چاودێری بکرێن، کە زێرەکە مۆری لێدەدرا، دووبارە دەیان بردەوە، بزانن ئەو زێڕە لە ڕێگایەکی ڕەسمی سەرف کراوە یان نەکراوە؟ هەر بۆ ئەوە بوو، جا بۆیە ئێمە ناوەندی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی زۆر بەپێویست دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە ئەنجامی ئەو تێبینیانەی کە کران، دیارە کەوا گرفتی یاسایمان نییە، گرفتی پیادە کردنی یاسای خشڵی عێراقیمان هەیە، کە لێرە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە وچاودێری لەسەر ئەو زێڕینگرانە نییە، منیش پشتگیری پێشنیاری لیژنەی ئابووری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم ئێستا ڕایەکە ئاشکرایە، لیژنەی یاساش ئەگەر ڕایەکیان لەسەر هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لیژنەی دارایی ئەو ڕایەی هەبووە، پێم وایە دراوە بە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسا ئەو بڕیارەی بەو شێوەیە هێناوە کە بیدات بە فەرمانگەی ئاماری هەولێر، وابزانم قسەکانی لیژنەی یاسا لەوە ئەچێت خۆشیان لەگەڵ ئەوە دانەبن بدرێت بە فەرمانگەی ئاماری هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خۆی ئەو پێشنیارەی کە هاتووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لەلایەن بەڕێوەبەریەتی ئامارەوەیە، لێرەدا بۆشاییەک دروست بووە مەسەلەی ڕەسمی خشڵ وچاودێری لەسەر زێڕنگرەکان، ئێستا ئەوبڕیارەی کە لە بەردەم بەڕێزتان دایە دەسەڵاتی تەواوی دەستگای پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی بەغدا ناداتە فەرمانگەی ئامار کردنی هەولێر، چونکە تەنیا پسپۆرایەتی ڕەسمی خشڵی هەیە، باشە ئێمە هەتا دەستگای ناوەندی پێوان وکۆنترۆڵی جۆرایەتی کوردستان دروست دەبێت ئایا بازاڕی زێڕ هەروا بەبەرەڵلایی بەجێ بهێڵین؟ یاخود ئەو پسپۆرییە ئێستا بدەینە دەستگایێکی دەستبەکار (قائم)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبازاڕی هەولێردا بینای بەڕێوەبەریەتی ئامار، هۆبەی پێوان وکۆنترۆڵی ناوەندی پێوە بەسترا بێ، ئەنجوومەنی وەزیران هاوکاری کردن لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین پەرە پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لیژنەی ئابووری فەرموویان کە ئەو هۆبەیە هەیە راستە ئەو هۆبەیە لەبونیادەوە هەیە، لەبەڕێوەبەریەتی ئاماردا پێی دەوترێت «شعبة السيطرة النوعية» لە کۆنەوە هەبووە، وانییە ئێستا ئێمە بەگوێرەی قانوونەکە دروستمان کرد بێت و ئیشوکاری خۆی ئەنجام داوە، ئەوەندەیە بەستراوە بە دەزگای ناوەندی بەغداوە، وئێستاش ئەو دەستگایە لەکاردایە، وانییە لە ئیش وەستا بێ، بەلام دیار نییە بەستنەوەکەی بەکێوە بێت؟ خۆی رانەوەستاوە و برادەران بەهەڵەدا چوون، ناتوانن دەستبەکاربن، چونکە هەردوو ئامێرو مەکینەیان لا نییە پێوان وکۆنترۆڵی نەوعی پێ بکەن و راکێشانی پێ بکەن، تەنیا بابەت مۆڵەت پێدانی زێڕینگرەکان و چاودێری کردنیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا پرسیارێک دیسان هەر خۆی دەسەپێنێ، بۆ ئەم هۆبە ببەسترێتەوە بە فەرمانگەی ئامار کردنەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە بونیادەوە هۆبەکە لە بەڕێوەبەریەتی ئامار کردندایە کە ئامار خۆی بەستراوە بە دەستگای ناوەندی خۆیان، ئەوانە کۆمەڵێک هۆبەن، بەڕێوەبەریەتی ئامار کردن یەکێک لەوانە بوو بەسترا بوو بە بەڕێوەبەریەتی ئامار کردنی بەغداوە، ئەوانەش هۆبەیەکن بەستراون بە دەستگای ناوەندی بەغدا، نەک لە رێگای بەڕێوەبەریەتی ئامار کردن ودەستگای پێوان وکۆنترۆڵی نەوعییەوە، لەبەر ئەوەی فەرمانگەی ئامار کردن نزیکترین فەرمانگەیە لەوان و بەستراویشە بە ئەنجوومەنی وەزیران و ناتواندرێ بەهیچ فەرمانگەیەکی تر ببەسترێتەوە لەو فەرمانگانەی کە لە نێوان حکوومەتی هەرێمدا هەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناکرێت بۆ ئامار کردن ببەسترێتەوە بە وەزارەتێکەوە، ئامار، یا سەرژمێری پەیوەندی بە مۆڵەتدانەوە هەیە، مۆڵەت پێدانیش زیاتر بابەتێکی یاساییە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە تاڕادەیێکی دیاری کراو پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبێت، واتا ئامار کردن هەر سەر

ژماردن نییە، ئاماری بینا هەیە، ئامار کردنی کشتوکاڵ هەیە، لە هەموو بوارەکانی ئیشکردندا ئامار کردن هەیە، زێریش یەکێکە لەمانە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە بەپێی قسەکان لیژنەی ئابووری لە بنەڕەتدا دژی ئەو پێشنیارەیە، راشیان وەرنەگرتووە وەکو روونکردنەوەکەی کاک نەژاد و کاک ئەیادیش لیژنەی قانوونی خۆشی قەناعەتی وایە، ئەمە بریارێکی کاتییە، بەڵام جارێ ئێمە بابێین بریاری لەسەر بدەین، جارێکی تریش هەڵی بوەشێنینەوە بۆ ئەوەی دەستگە ناوەندییەکە دروست بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئەمە پێویستە، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران لە مێژە پرۆژەیەکی ناردووە و ئەم پرۆژەیە ئەمرۆ نۆرەی هاتووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا پێشنیاز دەکەم ئەنجوومەنی وەزیران کە پێشنیازی وای بۆ ناردین بۆ هەر ئەندامە (٢٠٠) دینار بنێرێت بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئەم باسانە بڕۆین و بەردەوام بین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەم دەستگایە زۆر پێویستە لە گشت وڵاتێکدا هەیە، لەبەرئەوە بەنیسبەت ئێمەش لەو بارە ئابوورییەی هەمانە پێویستمان پێی هەیە، ئەنجا ئەمێنێتەوە کە بەتەواوی بەکوێوە ببەسترێتەوە؟ خۆی دوو شوێنی هەیە یا وەزارەتی دارایی و ئابووری کە ئەمە پەیوەندی هەیە بە تێکڕای وەسفەکەوە، یان ئەوەتا دەزگای ناوەندی هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئینجا ئەو شتە بەرای من باوا نەبێت زۆر پێویستە، پەیوەندی هەیە بە لایەنێکەوە کە ئاڵتوونە، من داوا دەکەم با ببەسترێتەوە بە وەزارەتی ئابوورییەوە، بە رێگەی بانقی ناوەندیەوە، یا ببەسترێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە لیژنەی یاسا چارەیەکی چاکی کردووە و ئەگەر لەدەرەوەش دەربچێت لە دەرەوە هیچ کەسێک ناڵێ پسپۆریان نییەو شت نازانن وکارێکی خراپیان کردووە بەپێچەوانەوە شتێکی چاکە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان فەرمانگەی ئامار کردن و دەزگای ناوەندی پێوان وکۆنترۆڵی

نەوعـیـدا هەیە، برادەران دەسـتنیـشـانیـان نەکرد کە ئەوان سەر بە وەزارەتی نەخشەکـێشـانن لە بەغـدایێ خـاڵەکـە لێـرەدا هاتووە، ئەو نێـزیکیـیـە ئەوەیە کـە هەردووکـیـان سـەر بە وەزارەتی نەخشەکێشانن لە بەغدایێ بەڵام ئەوندە هەیە ئیشیان جودایە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەبارەی لیژنە پسپۆڕەکانەوە، کە شتمان بۆ دێت بۆ لیژنەی یاسایی، ئێمە دەسەلاتی ئەوەمان نییە هیچ بریارێکی وان پشت گوێ بخەین وبیر لەوە ناکەینەوە، بەڵام فەرزیش نییە لەسەرمان ئەوان چییان وت بیلێینەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

یەک خـاڵ هەیە، دەمـەوێت روونی بکەمـەوە، برادەران لەو بوارە دەدوێن، دەڵێن بەرای لیـژنەی ئابووری نەکـراوە، ئێـمـە ناتوانین بە رای لیـژنەی ئابووری بکەین، چونکە دەڵێن پرۆژەکـە هەڵوەشێنینەوە ئەوەش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کوا من دەڵێم بەڕێوەبەریەتی ئامار کردنی هەولێر ئەو بریارە هەڵوەشێنێتەوە؟، وتمان سەرۆکایەتی ئەنجـومـەنی وەزیران پەرە بەو هۆبەیە بدات، بەهاوکـاری لەگـەڵ زانکۆی سـەلاحـەدین و وەزارەتی پیشـەسازی بەڕێوەبەریەتی ئامـار ئیشی زۆر جیـاوازە، راسـتـە ئەم هۆبەیە بەسـتـراوە بەدەسـتگای ناوەندی کـۆنترۆلی نەوعـیـیەوە، راسـتـە لەهەمـان بینای بەڕێوەبەریەتی ئامار کـردندایە، بەڵام چ پەیوەندی پێوە نییە ئەگـەر ئێـسـتـاش برۆین سەیری ژمـارەکە بکەین دەبینین کە دەستگای نەوعی فلان هۆبە هەر پەیوەندی بە بەڕێوەبەریەتی ئامارەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ مەسەلەی ئیمزای (ئەحەمد حەسەن ئەلبەکر)، کە (صدام) دەسەلاتی گرتە دەست، دەسەلاتی ئەوەی نییە هەر یاسایەک پە ئیمزای (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو بلێت ناوی منی بخەنە سەر، چونکە ئەوە پرۆژەی پێشتر بووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە راستە کە کێ ئەو یاسایەی وەختی خۆی ئیمزا کردووە، چونکە هەر یاسایەک لەسەردەمێک کـە دەردەچێت دەبێت یەکـێـک ئیـمـزای بکات، تا بمێنێ، تا ئەگـۆڕێت کـاری پێ دەکـرێ ئەوە پەیوەندی بەو باسەوە نییە، بەڵام ئێـمە تۆزێک گلەییمان لە لیژنەی یاسا هەیە ئەمجا وادەزانین لەداڕشتنی بریارەکە کە برایان کردوویانە کەموکوڕی تێدایە ،یەک لەوانە پێشنیاری ئەنجوومەنی

وەزیران دەستنیشان نەکراوە، دووەم: دوو سێ خاڵی تەقلیدی هەیە کە لە هەمووی دووبارە بونەتەوە، هەرچەندە لەراستیدا لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسادایین.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەسەرەتاوە دەستم بەرز کردەوە، بەڵام ئەو بەسەرداچوونەی جەنابت وای لێ کردم جارێکی تر بێمەوە سەرئەوە، با شتەکە لەسەر کوردییەکە حساب نەکرێت، ئەو هەڵانەی کە لێرەدا هەنە ئەو برادەرەی کە ئەوەی دارشتووە کوردییەکەی زۆر شڕە، هەتا کلێشەکەی تەواو نییە، بڕگەکانی دوایی تەواو نییە غەدری لە زمانە کوردییەکە کردووە و کارێکی وای کرد کە زۆر جار ئەووترا کوردییەکە دەست نادات بۆ قانوون، بەداخەوە، کە جاری یەکەم شتێک دێتە بەردەم ئاوا بە بەخەوشداری دێت، ڕاستە هەڵەی زۆری تێدایە و کوردییەکەشی تەواو نییە، لەسەرەتاوە دەم ویست بڵێم بە کوردییەکە نەیخوێنمەوە وعەرەبییەکە بخوێنمەوە، بەڵام سوودی نەبوو، کاتی خۆی بوارت نەدامێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکی بچووک هەیە دەمەوێت برادەران ئاگاداربن، ئێمە دانەنیشتووین بۆ ئەوەی یاسای خشڵ بگۆڕین، یاسای خشڵ ناگۆڕێت، یاسایەکە لەکاردایە هیچ خەوشێکی نییە، جا ( ئەحمەد حەسەن بەکر) ئیمزای کردبێ یان یاسای (مدنی) کە شا ( فەیسەل) ئیمزای کردبێ قانوونەو ناگۆڕێ، تەنیا دەڵێین ئەو یاسایە چ دەستگایەک جێ بەجێی دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئێستا شتێکی وا نەماوە کە زیاتر لەوە باس بکرێت تەنیا پرسیارەکە ئەوە بوو ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران داوای کرد بێت کە ئەم کێشەیە بدرێتە دەست فەرمانگەی ئامار کردنەوە، دەبوایە لیژنەی یاساش بیری بکردایەوە کە فەرمانگەی ئامار کردن پەیوەندی بەشتی واوە نییە، چونکە فەرمانگەکە لەنێوان فەرمانگەی ئامار کردندایە، لەبەر ئەوە ئەبێت بدرێت بەوێ چونکە جێگایان نەبووە لەوەزارەتی پێشمەرگە بێت، ئەبوایە هەواڵە بکرابا بۆ ئەوێ، چونکە بەڕاستی فەرمانگەی ئامار کردن پەیوەندی بەسەر ئەوەوە نییەو، ئەمە بەڕێوەبەریەتێکی تایبەتیە، ئەدرێتە دەست ئەو بەڕێوەبەریەی کە ئێستا هەیە، تەنها گرفتەکە ئەوەیە و باسی ئەوەش کرا کە هاریکاری لە نێوان هەردوو لیژنەکەدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە هەموو ڕوویەکەوە باسی ئەو بابەتەمان کرد، لەبەر هەندێک لەو کەم وکورتیانەی کە لە پرۆژەکەدا هەیە، پێشنیارەکە وایە کە لیژنەی یاسا دووبارە دایبرێژێتەوە.

جا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ ئەدرێتە لیژنەی دارشتن

بۆ ئەوەی دابڕێژرێتەوە. ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەم، حەزیش دەکەین لیژنەی یاسا پێشەکی چ تێبینیەکی خۆی هەیە بیلێت، پێش ئەوەی گفتۆگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەی ئەو بڕیارەی کە لەبەردەستی بەڕێزتان دایە، ئێمە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەیشتینە ئەو شێوازە کۆتاییە، بەڵام بەراستی ئەمڕۆ تێبینیەکمان بۆ هاتبوو لە سەرۆکایەتی و دادگای تەمییزەوە، داوای ئەوەیان کرد بوو کە گفتوگۆیەکمان لەگەڵ بکەن لەسەر ئەو بڕیارە، جا ئێمە ئەوە بە پەسند دەزانین کە بەڕێزتان ڕەئیتان لەسەر ئەوە بێت کە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بابەتە دوابخرێت، پێم وایە شتێکی هونەرکاری تێدایە بۆ ئەوەی بخرێتە دانیشتنێکی داهاتوو بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی دادگای تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک لەسەر یاسای «١٥١» پێشکەش بکەن کە هەڵوەشاوەتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی دادگای تەمییز کە یاسای ژمارە (١٥١) ساڵی ١٩٦٨ یاسای چەکی ئاگردار هەڵوەشاوەتەوە بە یاسا نوێیەکەی عێراقی، لەبەر ئەوە کە لە چاوگی یاسادانانەوە هەڵوەشاوەتەوە ئێمە بۆمان نییە ئینکاری لێ بکەین ،جا دەمانەوێت ئەو مەسەلەیە یەک لا بکرێتەوە، لیژنەی یاسا بەهاواهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی دادگای تەمییز، ئەو کاتە کە ڕاتان لەسەر بێت دەیهێنینەوە ناو پەرلەمان و بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لارێمان نییە ئەگەر (١٠) جاریش قسەی لێ بکەینەوە، دەڵێین بە بۆچوونی دادگای تەمییز یاسای چەکی ژمارە (١٥١) هەڵوەشاوەتەوە بەیاسایێکی عێراقی تر ئەو قانوونەی عێراقی دوایی کشانەوەی فەرمانگەکان بووە، ئێمە اعتباری ناکەین، ئەوان دەڵێین عێراق چاوگەی یاسادانانە و هەردووک یەک شتی بۆ دانانی تەشریع ئێمە بەهەندی هەڵناگرین (ئیعتبار)ی پێ ناکەین، چونکە کێشانەوەی فەرمانگەکان بووە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕای بەڕێز سەید حەسەن نیم، چونکە یاسای چەک بەنیسبەت ئێمە یاسایێکی ناوەندییە تشریع ئێستا هەڵی وەشاندۆتەوە ڕای دادگای تەمییز دروستە، ئەگەر بێتو ئێمە کاری پێ بکەین. ڕێگایەکمان هەیە ئەتوانین بەو یاسایە بیکەین چەند دەقێک لەیاسای (١٥١) وەربگرین و

خودانی بکەین، چونکە دەقەکە ئی ئێمەیە، ئی ئەوان نییە بیهێنینەوە ناو ئەنجوومەن و جارێکی تر گفتۆگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک پرسیارم لەکاک فەرسەت هەیە، ئەوان کە یاسایێکیان هەڵوەشاندۆتەوە، ئێمە چۆن کاری پێ بکەین؟ یان یاسایێکمان داناوە چۆن کاری پێ نەکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارێکی بێ پەناو پێچمان هەیە، ئەوەی پێشی کێشانەوەی ئیدارەکان لەکاردایە«نافذ المفعول»ە، بەڵام ئەگەر یاسایەک لەو یاسایانە لەبونیاددا ناوەندی بێت هەرێمایەتی (اقلیمی) نەبێت حکومەتی ناوەندی هەڵیوەشێنیتەوە، پێویستە ئێمە چارەیەکی بکەین. جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەیاسایان بەیاسایێکی تر مراندووە، ئەو یاسایە دەمرێندرێ وزیندوشی دەکاتەوە، بۆیە ئیش بەزیندوو کردنەوەی ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارەکە زۆر ئاشکرایە، مەبدەئێکی یاسابیە هەر بڕیارێک پاشی کێشانەوەی بەڕێوەبردنەکان لە حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوو بێت، پەرلەمان خۆی بڕیاری داوە کاری پێ ناکرێت، دەقێکی وامان نییە ئەگەر بڕیارێک لە حکوومەتی ناوەندی هەڵوەشێتەوە ئێمە بەردەوام کاری پێ بکەین، ئەگەر پەرلەمان ئێستا بڕیارێکی وا بدات ئەتوانین ئێمە کاری پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەگەڕێینەوە سەر بڕیارەکانی «مجلس قیادة الثورة العراقي» کە (تجمید)مان کردن، لێرە هەستام هەمان تێبینیم خستە بەرچاو، یاسایەک لە بەغدا دەرچووە بەتەواوی ئەو یاسایەی (١٥١)بوو، چونکە بڕیارێکی تریشیان لێرە (تجمید) کرد کە بڕیاری ژمارە«١٢٩» بوو، یاسایێک لە بەغداوە دەرچووە کە ژمارەکەیم لەبیر نییە چاوگی تەشریعی عێراقی هەڵی وەشاندۆتەوە دەرهێناوە ئێمە ئیشی پێ ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکو ئەندامێک، لەگەڵ ئەو دەقەدام کە هاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو سەرنجەی کە من

هەمە لە سەرۆکایەتی دادگای تەمییز مەبەستم ئەوە بوو بگەینە شێوازێکی چاک و رێکوپێک بۆ مەسەلەکە، دوایی شتەکە بەپەلە نەبێ نەک بە هەڵەدا بچین، لێرە ئێمە لە لیژنەی یاسا گفتوگۆمان لەسەر یاسای (١٥١)ی ساڵی ١٩٦٨ کردووە، ئەو رۆژە لەم هۆڵەدا باستان کردووە، ئێمە ئەڵێین دوو بریارمان هەیە ، هەریاسایێک لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوو بێت، ئێمە لێرە بەردەوامی (نفاذ)ەکەیان هەڵئەوەشاندبێتەوە یان رامان نەگرتبێ قانوونەکە بەنیسبەت ئێمە یاسای (١٥١) ساڵی ١٩٦٨ کاری پێ دەکرێ تاکو ئێرە، ئایا بریاری ترمان هەیە بڵێ هەر بریارێک لە ئەنجوومەنی سەکردایەتی شۆرش دەرچووبێ دوای ٢٣/ ١٠/١٩٩١ ئەو بریارە لای ئێمە بایەخی نیبیە؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک، کەی یاسای(١٥١) لەلایەن ئەنجوومەنی سەکردایەتی شۆرشی عێراقیەوە هەڵوەشاوەتەوە؟

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم، بەڵام بێگومان دوای کێشانەوەی بەرێوەبردنەکان هەڵوەشاوەتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لێرە بریارێکمان هەیە کە پاش کشانەوەی ئیداراتی رژێم لەکوردستان، هەر بریارێک دەرچوو بێ لەلایەن ئێمەوە کاری پێ ناکرێ.

**بەرێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی مەسەلەکە بەراستی وەکو هاوکێشەیەکی ماتماتیکە، تۆزێ بیری ووردی دەوێ، یانی کاک حازم زۆر بە روونی باسی کرد، یاسایەک دەرچووە لای ئێمە مردووە یاسایی نیبیە، هەر لەبونیادەوە بوونی نەبێ کەوا بوو ئەوەی پێشوو کە هەیە ئیشی پێ کراوە ئەمە لەبەردەستدایە، مادام ئەو یاسا تازەی کە ئەوەی هەڵوەشاندەوە، دوای یاساکەی ئێمە دەرچووە، بەنیسبەت ئێمەوە وجودی نییە ئەوەی کە وجودی هەیە ئەوەیە کە پێشتر هەبووە، سوپاس.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بریاری پەرلەمان دەڵێ ئەو یاسایەی عێراقی هەمووی لەکاردایە (نافذە)، تەنها ئەوانە نەبن کە هەڵوەشاونەوە یاگۆرانیان تێدا کراوە، واتا یاسای (١٥١) لە نێوان ئەو یاسایانەدایە کە لەکاردایە، ئێستا بە رای من ئێمە بڵێین ئەو یاسایە هەڵوەشاوەتەوە بە یاسا تازەکە، مانای وایە ئیشمان بەو قانوونە نەکرد پاشی کێشانەوەی بەرێوەبردنەکان مانای ئەوەیە بەپێچەوانەی رای پەرلەمان هەڵس وکەوت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ برادەران بزانن مەسەلەکە لە کوێوە هاتووە، سێ کەسی کوردی کوردستان لە تورکیاوە هاتونەتە ناو کوردستانی عێراق، لە دێیەک دەمانچەو فیشەکیان لێ گیراوە ،(١٥) ساڵ حوکم دراوون، کەچی لە بازاڕ دەمانچە دەفرۆشرێ، کلاشینکۆف و، تۆپ دەفرۆشرێ. ئێمە لەو بابەتە سێ یاسامان هەیە یاسای ژمارە (١٥١) لە ساڵی (١٩٨٣)دەرچوو بڕیاری (١٦٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە دەڵێ تایبەتە بەناوچەی کوردستان، ئەوەی چەکی پێ بێ حوکمی خنکاندن ە بەتایبەتی لەبۆ ناوچەی کوردستانە، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراقی دوای ئەو بڕیارەی بڕیاری «٣٥١» یاسایێکی تری دەرهێناوە، باشە دادگای تەمییز بڕیارەکەی پیادە بکا بە بڕیاری نوێش حکومی نەکردووە کامەی (موسندەدە) ئەو (٣) کەسەی حوکمی داون بەڕاستی بۆچوونی دادگای تمییز لێرە ناڵێم هەڵەیە، بەڵام پێم وایە لەگەڵ راستیدا ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو روونکردنەوانەی کە کاک فەرسەت و کاکەرەش باسیان کردن، لە ئەنجامدا و لە جوهەردا یەک شت دەگرنەوە، ئەوەیە کە ئێمە جێگرەوەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەو یاسایە کە هەڵوەشاوەتەوە، هەڵنەوەشاوەتەوە هیچ پەیوەندیان نییە، ئێمە پێویستە لەو بارەیەوە یاسایێکمان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بۆچوونی ئاشکرا هەنە، ئەگەر لیژنەی یاسا رای خۆی بدات.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من و برای بەڕێزم کاک حازم لای وەزیری داد بووین دوو رۆژ پێشی ئێستا پرۆژەی یاسای چەک لەلایەن وەزارەتی (داد)ەوە ئامادەکراووە، بڕیاری ژمارە (١٦٠) لەو پرۆژەیە چارە کراوە، ئەوە هەر بۆ روون کردنەوەیە، بەڵام وەزیری داد ووتی هەردەم حەز دەکەم هاواهەنگی بکەم لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا، ئینجا بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بینێرم کە ئەوان بە ئەنجومەنی نیشتمانیی بدەن تاکو بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو رایەی بەڕێز دکتۆر کەمال لە جێگەی خۆیەتی کە سوود مەندبین لە شتە باشەکان و بۆ ئەم بابەتە پێویستە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی داد و ئەنجومەنی وەزیرانیش بکرێ، بۆیە ئەگەر بە پەسندی بزانن بڕیار لەسەر دانی لەئەنجوومەن دوا بخەین بۆ دانیشتنی ئایندە.

کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ دوا خرا.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم شتی وامان نەماوە ئەگەر ڕێگە بدەن هەندێ شت باس بکەم دەربارەی زیارەتی بەندیخانە لەناو شاردا، پێم وایە زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە لەسەرەتاوە لەتازە بابەتدا بمانخستایە بەرنامەی کارەوە، بتاندابایە بە بەڕێز د.کەمال و پێشنیاری بکردایە، لەبەرئەوە لەبەرنامەدا لە تازە بابەتدا نییە، وئێستا با کاک شەوکت پرسیارەکەی دوێنێی بکات.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەمە پرسیارێک بوو کاتی خۆی من بە گلەیی زۆرمەوە لای فراکسیۆنی خۆمان لای کاک ئەیاد دوا کەوت نزیکەی(٤ )هەفتە لەمەو پێش دراوە بۆ ئەوەی وەکو پرسیارێک لە وەزارەتی ئەوقاف بکرێ، نازانم ئێستا شتێکی لەسەر باس بکەم یان نا؟ بەڵام وەزیری ئەوقاف لێرە نییە، هەموو لامان ئاگادارین کە ئەوە «٥» ساڵ تێپەڕی بەسەر ئەنفالدا، دەتوانم بڵێم هەزاران ژن بەبێ مێرد کەوتوون کە رەنجێکی زۆر خراپ دەچێژن هەموومان ئەزانین ئەمانە خوشک ودایک و کەسوکاری ئێمەن، پیاو مافی خۆی هەیە، وەکو ئەوەی لە نەریتی کوردەواری خۆمان یا ئەو پابەندەی کە هەیە بە کۆمەڵایەتیەوە زۆربەی پیاوەکان ژنیان هێناوەتەوە، بەڵام ئافرەتی گەنج هەیە تا ئێستا لە ماڵی باوکیاندا داماونەتەوە یا لە حاڵەتێکی زۆر خراپ دەژین، لەمەوپێش پێشنیارێکم داوە بە لیژنەی ئەوقافی خۆمان دانیشتووین ئەوانیش پێم وایە شتیان لەسەر نووسیون رای خۆیان گەڵاڵە کردووەو داویانە بە وەزارەتی ئەوقاف و دەستەیەک لەسەر حاڵەتی ئەم ژنە کوردە رەنج کێشانە پێک هاتووە، بەڕاستی نازانم تا ئێستا شتێک روون نەبۆتەوە دەمەوێ بزانم چی کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم جارێک چەند پرسیارێکمان لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە کرد، باسی لایەنە ئاینی و یاساییەکەشمان کرد، دوو برادەر لەوانەیە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، ئەگەر یەکێکیان باسی لایەنە یاساییەکەو، ئەوی تریان باسی لایەنە ئاینیەکە بکا، با جەختیش لەسەر لایەنە یاساییەکەی بکرێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە تا ئێستا لێی دەکۆڵدرێتەوە ولای بەڕێزتان ئاشکرایە، مەزهەبە ئیسلامیەکان لەو بابەتە جیاوازی زۆریان هەیە بەشێکی چوار ساڵیان داناوە بەشێکی تر چوار ساڵ لە رۆژێ دادگاییەوە دەست پێ دەکات لەگەڵ مامۆستایان دەگەڕاین لەسەر ئەو بنەڕەتە نزیکترین دەق کە لە مەزهەبەکانی

ئیسلام بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی چارەی گرفتەکەی پێ بکەین یاسای (الاحوال الشخصیة) لەسەر ئەو بناغەیە هەموار بکەین و ئێستا پرۆژەکە پێشکەش کراوە و لێی دەکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رایە روونە، ئێمە چاوەنوارِ دەکەین تاوەکو ئەو پرۆژەیە ئامادە دەبێ، ئەو کاتە با هەموو لایەک بەشدار بین، ئەیهێڵینەوە بۆ ئەو کاتە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کاک نەجمەدین گەر رازی بن بەشێوەیەکی بەدەرکراو (استثنائی) شتێک لەم بابەتە باس بکات.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەردوو فراکسیۆن، سەردانی گرتوخانەی ئاسایش و بەندیخانەی سلێمانیمان کرد، بەراستی زۆر زۆر مرۆ نارەحەت و دڵتەنگ دەبێ کە ئەم وەزعە بەو شێوەیە دەبینێ، ئەوە هیچی ناگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی ئاسایش یا گرتوخانەکەوە بێ و ئەوەی کەپێشتر رای خۆمان ئەوەبوو، بەڵام بەداخەوە پەیوەندی بە جێگاو رێگای ئەو حەپسخانانەوە هەیە، بۆ نموونە لە (٥)م٢ «٧٠» یا (٨٠) کەس دەژین، گەلێ جۆر نەخۆشی بڵاوبۆتەوە، مرۆ ناتوانێ (٥) تا (١٠) دەقیقە لە ژوورێکدا رابووەستێ، قسەیان لەگەڵدا بکات، ژمارەیەکی زۆر لە مناڵان گیراوون بە گوناهی زۆر زۆر بچووک بۆ نموونە خەڵکی وا گیراوە (٤) ساڵ حوکم دراوە لەسەر ئەوەی کە کارتونێ بنێشتی دزیوە، مناڵ باوکی شکاتی لێ کردووە (٣ )ساڵ یا ساڵ ونیوێکە لێیان نەپرسیوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە (٤) دیناری لە باوکی دزیوە و، تا دەیان شتی لەو بابەتە کە بەراستی هەمووی زوڵمە لەو خەڵکانە کراوە، خۆتان دەزانن ئێمە وڵاتێکی دیموکراتین پێویستە (عدالەتی اجتماعی) هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو کوردستانە بگرێتەوە، بۆ هەموو کەسی وەکو یەک وابێ. ئەوانەی دەسەڵاتدارن شۆڤڵ ئاودیو دەکەن تۆژینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ، دامودەزگاکانی حکوومەتی کوردستان وفەرمانگەکان فەسادو بەرتیل خواردنی تێکەوتووە هەمووشی تێپەڕ دەبێ و دەڕوا، لەبەرئەوە ئەگەر جکومڕانی هەیە با بۆ هەموو کەسێ وەکو یەک وابێ، من لێرە ئەتوانم بەناوی هەموو ئەو خوشک و برایانە بڵێم، کە بەشێوەیەکی وا هەوڵێ بدەین کە چاوێک بەوانەدا بگێڕنەوە، کە حوکم دراون پێش ئەوەی لەم یاسایە بکۆڵینەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەت دروست بکات بۆ سەردانی ئەمانە و هەوڵی ئەمەبدەن کە بەراستی خەڵکێکی زۆر گەلەییان هەیە، هیچ نەبێ حوکمەکانیان سووک بکرێ، بەتایبەتی ئەو مناڵانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابت باست کرد ئاشکرایە، دوو جۆرە گرفتمان هەنە لەناو بەندیخانەکاندا گرفتێک کە جەنابت ووتت وەزعی ئەو خەڵکە لەوێ ناخۆشە. هەوڵ بدەین چاوێک بخشێنین بەو یاسایانەدا کە پەیوەندیان بە مەسەلەی جەزاوە هەیەو، کارێکی وا بکەن کە ئەوەی ئێستاکە دەست نیشانتان کردن چارەسەر بکرێن، ئەمەی گیراوەکان پێش ماوەیەک ئێمە لیژنەیەکمان نارد سەردانی هەموو

بەندکراوەکانی کرد و راپۆرتی باشیان بەرز کردەوە لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە لەگەڵ حکوومەتدا قسەمان کرد، ئێستاش بۆ ئەم بابەتە ئەگەر لیژنەیەک دروست بکەین هەر دەگەنە ئەو رایانەی دێنەوە کە ئێستاکە باسمان کردن، وابزانم لایان روونە وەزعی ئەم گیراوانە باش نییە چ لە رووی تەندروستیەوە چ لە رووی ئیداریەوە و لە رووی مامەڵە کردنی یاسایش، ئەو یاسایانەی کەپێیان حوکم دراوون کۆمەڵە یاسایەکن کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێن، وادەزانم روونە، باشترین شت ئەوەیە کە روو لەوەزارەتی داد بنێین کەرۆژی سێ شەممە بێن و ئەو بابەتانەیان لەگەڵدا باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ هەموو ئەوانەی جەنابتاندایین، بەڵام داوامان لە حزبەکان هەیە کە کۆمەڵێ بکوژ و دزو جەردە ماون، هی وا هەیە لەسەر شتی بچووک گیراوە، بەڵام هی تریش هەن کە ئەگەڕێن و ئەسوڕێنەوە تاوانی گەورەیان کردووە، هەقە ئەوانەش سزا بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەوەی جەنابت ووتت شتێکی زۆر باشە، بۆ ئەوەی برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران بێن بۆ ئێرە، ئەوەی کاک سالار باسی کرد شتێکی زۆر کەمە، بەڵام هەر ئەوەیە کە ئەتوانێ ئەوەندە باسی بکات، پێمان باشە برادەران راپۆرتێ ئامادە بکەن، چونکە کەموکورتی و گرفت ئەوەندە زۆرە ئەگەر لێرە باس بکرێ ئەگەینە ئەنجام، چونکە برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە نینە، برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لێرە ئامادە بن، کۆمەڵێ گیروگرفت کە پەیوەندییان بە وەزارەتەکەوە هەیە، ئێمە ئەو پێشنیارە بەپەسند دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم دەرفەتە بەهەل دەزانم کە قسەی لێ بکەین، ئەندامانی پەرلەمان هەندێ رۆڵی خۆیان ببینن، بۆ چارەسازی ئەم نیزامەی کە هەیە، من بۆ نموونە باسی دەکەم، (٣ـ ٤) رۆژ لەمەو پێش بەڕێز مامۆستا مەلا محمود سەرۆکی یەکێتی زانایان و من کە جێگری ئەوم کۆبوونەوەیەکی لقەکانمان هەبوو ،کە هەموو سەرە مانگێ کۆبوونەوەمان هەیە، هەرچی گرفت هەیە بە راپۆرت لەلقەکانەوە بۆمان دێن بۆ نموونە باسی لقی کەرکوک دەکەم، بەراپۆرت نووسیومانە لۆریەکی زۆر گەورەی گەنم بە پری گیراوە هێناویانەتە ئاسایشی چەمچەماڵ تەسلیمیان کردووە رەنگە هەوڵی زۆر درا بێ پارەی زۆریان داوە، بۆ بەیانی بە (قودرەتی قادر)، نە لۆریەکە ماوە نە گەنم، ئەمە نموونەیەکی بچووکە، پێویستە چارەیەکی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم نزیکانە کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕۆژی (١٥)ی مانگ دەبەستریّ و لەو بابەتانەی لێیان دەکۆڵدرێتەوە مەسەلەی ڕیز نەگرتنی مافی مرۆڤە، دەبێ ئەم بابەتە گرنگی پێ بدریّ، وەزیری داد داوا بکریّ ئەویش خزمەتی ئەو شتە دەکات بۆ ئەوەی کوردستان وا پیشان بدەین کە گرنگی بەمافی مرۆڤ دەدا، هەروەها ڕادەیەک دابنێین بۆ ئەو تێپەڕاندنانە، بەتایبەتی مەسەلەی جەزربە و ڕەوگیر کردنی گشتی(توقیف العام)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لەمە دەکەم کە گیراوەکانی ئێمە لەبارێکی خراپدان، زیندانەکانمان هەر هەمان زیندانەکانی کۆنی زەمانی بەعسین، بەڕاستی لایەنی تەندروستی ئەگەر لە بەرچاو بگیریّ ونەخۆشی بلاونەبێتەوە کارێکی باشە، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئێمە کۆمەلّگاکەمان بەرەو پیسی و بەدرەوشتی و دزی وئەم جۆرە کارە نارەوایانە دەڕوا، ئەگەر سزا ولێ تۆژینەوە نەبێ لەوانەیە کۆمەلّ پتر بەرەو خراپە بڕوات، حەزدەکەم ئەوە ڕەچاو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە هەندێ لە برایان مەسەلەی تریان هێنایە پێشەوە، کە هەندێ دوورکەوتنەوە لەو باسەی کەوا کاک سالاریش پێشکەشی کرد، من زۆر بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەو باسەی کەوا کاک سالار پێشکەشی کردووەو ئەو پێشنیارانەی کردی ورد بینەوەو هەر بەوە نەوەستین کە فلاّن ڕۆژ ئەنجوومەنی وەزیران دێ، یا ڕاپۆرتی بنووسین بۆ مافی مرۆڤ کە لە ٧/١٥ کۆبوونەوەی هەیە، پێویست بوو هەر ئەولیژنەیەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە نێردرا بۆ سەردانی ئەو بەندیخانانە ئەو دوای مەسەلەکان بکەویّ و بچێتە لای کار بەدەستەکان و لای وەزیرەکان، لەسەر سەریان بووەستێ تاکو ئیشەکەیان بە ئەنجام ئەگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەختی خۆی ئێمە لە پەرلەمان بڕیارماندا کۆمەلێک لە برایانی پەرلەمان زیارەتی گیراوەکانی کوردستان بکەن، هەندێ لە ئەندامان بۆ دهۆک وهەندێکیان بۆ سلێمانی و هەندێکی تریان بۆ هەولێر و، وابزانم هەندێکیشیان بۆ کەرکوک کە بەندیخانەی ناوەندیان نەبوو، ئەوکاتە ئەوان ڕاپۆرتی خۆیان دا، ئەو ڕاپۆرتانە گفتوگۆیان لەسەر کراو لێرە دران حکوومەت و داوا کرا کە ئەو داخوازیانە ئەنجام بدرێن.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە خۆشتان ئاگادارن لە سلێمانی هەردوو فراکسیۆن نووسینگەمان هەیەو جاروبار پێکەوە

ئەچین سەردانی فەرمانگەکانی حکومەت دەکەین، لە نێوان ئیشی خۆماندایە وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەدواداچوونی ئەو شتانە بکەین و بیخەینە بەر دەستی پەرلەمان، ئەم لیژنەیەی ئێمە کۆمەڵێ هەواڵمان بۆ هات لە بارەی وەزعی گیراوەکانەوە پێمان باش بوو کۆبوونەوەیەکی خۆمان بکەین هەردوو فراکسیۆن دەستەیەکمان پێک هێنا بۆ ئەوەی سەردانی بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی سلێمانی و پۆلیسخانەی سلێمانی بکەین، لە پێشەوە لەگەڵیان دابنیشین دوایی پێکەوە ڕۆیشتین سەردانی زیندانەکانمان کرد وبەرپرسەکانمان لەگەڵدا بوون بەش بەش سەردانمان کردن، ئەم لیژنەیە کە ئێستا ئەو وەزعەی بینیوە هێناویەتییە ئێرە کە باسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو وتم ئەوکاتە ئەو لیژنانە کە لەناو پەرلەمانەوە دەستنیشان کراون و ڕاپۆرتەکەیان یەک خراوە و دراوە بەلایەنی پسپۆڕ، ئەمەی ئێوە ئێستا لیژنەی ناوپەرلەمان نییە، بەڵکو هەردوو فراکسیۆن با بڵێین نوێنەرانی پەرلەمان لە سلێمانی لەنێوان خۆیان شتێکی وایان کردووە و زیارەتی گیراوەکانیان کردووە، بەبۆچوونی من مادام وایە با ئەو ئەندامانەی پەرلەمان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، تاکو لێیان بکۆڵرێتەوە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەختی خۆی ئێمە لیژنەیەک بووین لەگەڵ کاک عەبدولخالق سەردانی بەندیخانەکانمان کرد، بەڵام دەبوایە لەگەڵ ئەو برایانەمان سەردانی دادگای سلێمانیمان بکردایە وبەڕێز سەرۆکی دادگاو (ئیدعایان) بانگ بکردایە و ئاگاداری ئەو بارە بوونایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەشێکە لە چالاکی ئەندامانی پەرلەمان و، چۆنی بە بەرژەوەند دەزانن، با ئەگەر دەتانەوێ ئێمە وەکو پەرلەمان شتێک خودان بکەین با شتێکمان بۆ بنووسن، بۆ ئەوەی ئێمەش لێی بکۆڵینەوەکە چ باشە بۆ ئەم بابەتە بیکەین، بێگومان بابەتێکی زۆر گرنگە نەک هەر لەسلێمانی و لە هەولێر و دهۆک بەڵکو لە هەموو جێگایەک، با بەدواداچوونی باشمان هەبێ لەسەر ئەو بابەتە وسوپاسی ئەو برادەرانە ئەکەین کە ئەم ئیشەیان کردووە.

بەمە شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، سوپاس بۆ هەموولایەک، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی

**شەممە ڕێکەوتی ١٠/٧/٩٩٣**

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ١٠/٧/٩٩٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی١٠/٧/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٣)ی نائاسایی خولی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***١- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای حزبەکان.***
***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ بەرنامەی ئەمڕۆ پێشنیارێک هەیە، ئەگەر برادەرانی ڕاگەیاندن مۆڵەتمان بدەن، جا ئەم دانیشتنە بەداخراوی دەکەین، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ چونکە بڕیارمان دابوو دانیشتنەکە ئاشکرا(علنی) بێت، بەڵام وای بەبەرژەوەند دەزانم جارێ سەرەتا دانیشتنێکی داخراو بێت. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیەکە ببێت بەدانیشتنێکی داخراو؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەمە یەکێکە لەو کۆبوونەوانەی دەبوایە ئاشکرا بوایە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە بزانن بۆچی کۆبوونەوەکە داخراوە؟ هەندێک مەسەلە هەیە دەبێت لەپێشەوە باسێکی بکەین،لەسەری ڕێک بکەوین، ئەو کاتە ئەو کۆبونەوەیە دیسانەوە ببێتەوە بە ئاشکرا. بەڵام پێش ئەوەی کە بگەینە ئەو بڕیارە، ئێمە بە لامانەوە باشە کۆبوونەوەکە داخراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەداین کە هاتینە سەر گفتوگۆکردنی یاسای حزبەکان بەئاشکرا بێت و تەلەفزیۆن بێتە ژوورێ، بەڵام تا دەستمان بەگفتوگۆ کردنی یاسای حزبەکان نەکردووە حەز دەکەین جارێ داخراو بێت... سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی برادەرانە، کێ لەگەڵدا نییە؟ بە(زۆربەی دەنگ ) جارێ بەداخراوی

دەمێنێتەوە. جا ئەگەر برایانی ڕاگەیاندن هۆڵەکەمان بۆ بەجێ بهێڵن، سوپاسیان دەکەین، دوایی کەتەواو بوو ئەوا دەنێرینە دواتان. بەرنامەی ئەمڕۆ وەکو ئاگادارن خاڵێکی سەرەکییە، ئەویش یاسای حزبە سیاسییەکانە. ئەگەر تازە بابەت شتێک هەیە، با هەردوو کتلەکە ئاگادارمان بکەنەوە. تازە بابەت هیچ هەیە؟ هیچ نییە. دێینە سەرخاڵی سەرەکی ... کە مەسەلەی یاسای حزبە سیاسییەکانە. جا لیژنەی یاسا ئەگەر کەرەم کەن و بێن جێگەی خۆیان بگرن و پرۆژەکە بخوێننەوەو پاشان دەرگای گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە دەکەینەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی، بۆچوونێکم هەیە ئەو بۆچوونە ڕەنگە زۆر ڕێک نەکەوێت لەگەڵ بۆچوونێکدا کە ئێستا برای بەڕێزم کاک (جوهر نامق) باسی کرد. بەرای من یاسای حزبەکان و ڕێکخراوەکان گرنگترین یاسایە کە هەرێمی کوردستان دەری بکات، چونکە بنەمای ڕژێمی دیموکراتی هەرێم دەردەبڕێ کە ئەوە مایەی شانازیمانە چ لەدەرەوەی وڵات و چ لەناوەوەی وڵات دا. بەرای من یاسای وەها پێویستە زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و جەماوەر ئاگاداری بێ و خەڵکی سەربەخۆ هەنە ڕای خۆیان بدەن. ئەو حزبانەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ناوی بردن ڕاست دەکات. ئەو حزبانە باشتر دەبوو لەوەی کە هەریەکە بە نوێنەری خۆی ڕای خۆی بدات بۆ ئەوەی باسی بکەن دەیانتوانی لەچاپەمەنیەکانی خۆیان دا بڵاوی بکەنەوە و خەڵکی تریش هەبن ڕای خۆیانی لەسەر بدەن. لە بنەڕەتەوە ئەم یاسایە ئەنجوومەنی وەزیران داوای لەیەکێکی بێ لایەن کردووە، بەتەواوی ئەوەی کە ئەو نووسی بەناوی ئەوەوە نەک بەناوی ئەنجوومەنی وەزیران ناردی، بەڵام ناوی هەمان کابرای لەسەر بوو بەبێ ئەوەی هیچ گۆرانکاری یەکی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا لەسەر بکرێت، ماوەیەکە ڕاستە دووحزب بۆ پەرلەمانیان ناردووە، ئەویش برایانی زەحمەت کێشان و برایانی شیوعی بوون و ئەو دووحزبە سەرەکییەی کە کاک جوهر گوتی، ئەوانیش بەپێی نوێنەرانی خۆیان ناردوویانە کە لەوەختێ ئەگەر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، برادەرانی لیژنەی قانوونی و لیژنەی کاروباری ناوخۆ لە کاتی گفتوگۆ کردنی ئەم یاسایە گرنگە بنەڕەتییە داهێچ بەخششێکی زۆریان لەبەر دەست نەبووە بۆ ئەوەی کە سوودی لێ وەرگرن لە لێ کۆڵینەوەی ئەم یاسایەدا جگە لە هەندێ یاساو پێڕەوی حزبەکانی دەوڵەتانی وەکو (میسر) نەبێ هەموو لایەک دەزانن ئەوەندە پشت بە بۆچوونی دیموکراسی نابەسترێت.

پێویست بوو بۆ لیژنەی یاسا و لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێڕەوی حزبەکانی دەوڵەتە دیموکراسییەکان وەکو تورکیا و هیند دراسە بکەن و بزانن چ شتێک هەیە لەگەڵ باری ئێمەدا بگونجێت. پێویست بوو ئەم یاسایە لەپێش ئەوەی بۆ ئێمە بێت، ئەنجوومەنی وەزیران بڵاوی بکاتەوە لەهەفتەنامەی (هەرێم) دا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەی کاک نەژاد شی کردنەوە شتێکی ترە ،من بۆچوونی خۆم نەگووت، کە بۆچوونی من چییە بەرامبەر ئەم پرۆژەیە؟ جەنابت دەڵێیت من جیاوازیم هەیە لەگەڵ بۆچوونی سەرۆکی ئەنجوومەن، من بەئەمانەتەوە شت عەرز دەکەم، وابزانم پێویستە ئەندامانی پەرلمان عەرزەکەیان وەکو خۆی گوێ لێ بێت. خاڵی دووەم ئەو حزبانەی کە پرۆژەکەیان بۆ چووە، دەیانتوانی لە چاپەمەنی خۆیان دا، یان لە رێکخراوی خۆیاندا بڵاوی بکەنەوە. ئەوانە ئازادن. ئێستاش را، رای برادەرانە . کە وابزانم تێبینیان هەیە لەسەر ئەو شتانە؟ ئەم برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک دکتۆر فوئاد، شێخ عەبدولکەریم، کاک عەبدولخالق، مام رۆستەم، کاک قادر، کاک بەختیار ،کاک فرەنسۆ، کاک کەمال، کاک ئازاد ، کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیش/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من عوزر دێنمەوە بۆ ئەوەی کە گوتبێتم: (پێویستە)، باشتر بوو کە بڵێم(باشترە)، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ئەم یاسایە بڵاوبکەنەوە، پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی پرۆژەی ئەم یاسایە، کاتی خۆی کە ناردراوە، بەوشێوەیە بووە، وەزارەتی ناوخۆ داوای لە پسپۆڕێک کردووە کە پرۆژەیەکی بۆ ئامادە بکات، ئەو پسپۆڕە لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆوە لێی داواکراوە، ئەویش ئامادەی کردبوو، وەزارەتی ناوخۆ بە نامەیەک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی نارد. بەراستی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە تەماشامان کرد بە شێوەیەکی گشتی هی ئەوەبوو کەبنێردرێت بۆپەرلەمان وگفتوگۆی لەسەر بکرێت و دوامان نەخست، گوتمان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران دا، لەوانەیە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو رێگەیەمان نەبێت گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی لەسەر بکەین، لەوانەیە دوا بکەوێت. ئەو مەسەلەی کارکەناری (ئیستقالە)ی وەزارەتیش لەکایەدا بوو، ئیتر گوتمان نەبادا جارێکی تریش ماوەیەک دواکەوێت، چاکترین شت وایە زوو بینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ولەوێ لیژنەی یاسا تەماشای دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک دکتۆر فوئاد روونی کردەوە کە چۆن ئەم پرۆژەیە هاتۆتە بەرهەم، ئەوەی راستی بێت، ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە چەند جارێک ئاوەرووت کراوە، واتا لەلایەن حزبەکانەوە سەرنج وتێبینی خۆیان لەسەر کردووە، هەروەها لیژنەی ناوخۆو و لیژنەی یاسا و

فراکسیۆنەکان سەرنج و تێبینی خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕیوە. ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستتاندایە هی ئەو پسپۆڕە نییە، هی وەزارەتی ناوخۆیە و هی لیژنەی ناوخۆیە وهی لیژنەی یاسایە. ئێمە ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوانی ئەو دوو پرۆژەیە ئەوە ٥٠٪ی ئەو پرۆژەیە لێک ناچن. دەتوانم بڵێم لە ٧٠٪ ی جیاوازی هەیە و دەستکاری کراوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم پرۆژەی لەبەر دەستمان دایە بەهی ئەو پسپۆڕەی دانانێین، بەڵکو بە هی ئەو لایەنانەی دادەنێین کەباسمان کردوون. بێگومان ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگە، راستە من لەگەڵ ئەوەدام کە یەکێکە لەو پرۆژە یاساییانەی کەوا پێویستە بە باشی لێیان بکۆڵدرێتەوەو هەوڵ بدرێت کەبڕیاریان لەسەر بدرێت بەشێوەیەکی باش، سوپاس..

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

نازانم برای بەڕێز کاک نەژاد لای خۆی ئەو بۆچوونەی هەبوو کەلەم کاتەوە لەئاکامی ئەو مشتومڕە هاتە سەر رایەکەی ئێمە کە لەژووری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کردمان، خاڵێک هەبوو کە لای ئێمە زاندراو نەبوو، کە چۆن رەفتاری لەگەڵدا بکەین، رەئیەک هەبوو کەلایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی لێ بەدەر (ئیستثنا) بکرێت لەوەی کە داوا پێشکەش بکەی بۆ دامەزراندنی حزب، خاڵێک بگونجێت لەناو یاسای حزبە سیاسیەکان کە لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی وەکو دەسەلاتی (ئەمری واقیع) کە بریاری ژمارە(١) و بریاری ژمارە(٢) ئەوان دایان ناوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دامەزراندنی، لەسەر ئەمە قسە کرا کەچۆن رەفتار بکەین لەگەڵ ئەم لایەنانەدا، سوپاس.

**بەڕێز قـــــادر عـــــەزیز حـــــەمــــە ئـەمـین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

منیش پشتگیری رایەکەی کاک دکتۆر کەمال دەکەم کەیاسای حزبەکان لەوە زیاتر دوا نەخرێت و هەروەها کاتی خۆشی ئەو فکرەیە هەبوو سەبارەت بە حزبەکانی بەرەی کوردستانی کەحسێبێکی تایبەتی یان بۆ بکرێت، ئەویش ئەوە بێت وەکو ئەوەی کە کاک فرەنسۆ باسی کرد، لەبەر ئەوەی منیش جەخت دەکەم کە ئەو یاسایە چیتر دوانەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســــمـــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەراستیدا بەڕێز کاک کەمال ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یاسای حزبەکان زۆر زۆر دواکەوتووە، خۆشمان وەزعی خۆمان باش دەبینین کە ئێستا وەزعەکە چۆنە و هەر دواخستنێکی ئەو یاسایە وابزانم زۆر زەرەر بەخشە بۆ میللەتەکەمان بەگشتی، ئەوجا بەپلەی دووەم بۆ حزبەکانی خۆشمان هەر گفتوگۆیەک

بکرێت گریمان بەرێگای نەدوەو شتی واشبێت کەلەدەرەوە لەرۆژنامەکاندا بخرێتە روو لەئەنجامدا دێتەوە پەرلەمان، پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکات کە ئێمە نوێنەری میللەتین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆچی ئەم پێشەکییە گرنگە بە نهێنی کرا؟ ئەمە بەقەدەر یاساکە بۆ وەزعی پەرلەمانی ئێمە زۆر گرنگە، چونکە ئەوە نیشانە (حرسی) ئێمەیە لەسەر یاسایەکی واگرنگ، واتا ئەگەر مەبەست هەر ئەم گفتوگۆیەی ئێستا بێت، رای کاک نەژاد، رای جەنابت و رای برادەران کەقسەیان کرد دەلالەت لەپێناسی پەرلەمان و برادەرانی پەرلەمان دەکات کەچەند ئێمە بەپەرۆشین بۆ وەزعی یاسایەک کە ئەوە ژیانی کۆمەڵی کوردستانی خۆمان رێک دەخات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک دیارە ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەبارودۆخی ئێستای سیاسی کوردستاندا، چونکە هەموو حزبەکانی سەرگۆرەپانی کوردستان لەناو پەرلەمان و لەناو حکومەت دانین و ئەو پرۆژەیەش پێش ئەوەی کابینەی دووەم دەست بەکار بێت ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کراوە، من بەش بەحاڵی خۆم ئاگاداریەکی تەواوم لەسەری نییە، چۆنە و چۆن نییە، بۆیە منیش پشتگیری ئەوپێشنیارەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم کەلەرۆژنامەی هەرێم و لەرۆژنامەی تری رۆژانەدا ئەو پرۆژەیە بڵاو بکرێتەوەو خەڵکی بێ لایەن رای خۆیان لەسەر بدەن، هەروەها حزبەکانیش بۆ ئەوەی کە هیچ شتێک نەمێنێتەوە پاشان بڵێن، ئێمە نەمان بینیوە ویان جێ بەجێمان نەکردووە، لەگەڵ رێزی زۆرم لەبۆ ئەو برادەرانەی کەباسی دەکەن راستە پەرلەمان نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام دەبێ بابەتیانە سەیری رەوشی ئێستای کوردستان بکەن، ئەو حزبانەی کە ئێستا لەگۆرەپانەکەدان، ئایا هەموویان مل کەچی بریارەکانی پەرلەمان و حکومەتن؟ ئەوجا جگە لەوەی کە ئێستا ئەو پرۆژەیەش ئەبێ و جا ئەرکی جێبەجێ کردنی دەگەرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من برایان کە دەربارەی یاسای حزبەکان دوان، ئەوە شتێکی زۆر زۆر گرنگە وبەرای من پێویستە زۆر پەلەی لێ بکرێت، چونکە زۆر پێویستە. ئەو یاسایە دراوە بە حزبەکان، پێویست وابوو لەو ماوەیەدا رای خۆیان بدەن، واتا جارێکی تریش دوا بخرێتەوە لەسەر ئەوەی کەوا داوای رایان لێ بکرێت بەراستی ئەوە گوناهی پەرلەمان نییە یاخود رایان وەرنەگیراوە، باشترین شت وابوو کە ئەو پرۆژەیە یاخود ئەو یاسایەی حزبەکان کەپێیان دراوە رای خۆیان بدایە و پەلەی لێ بکراباو چەندیش دوا بکەوێ، بەرای من زەرەری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەڕاستی ئەو برادەرانە، کاک کەمال فوئاد و کاک فرەنسۆ و کاک قادر عزیز زۆربەیان ڕای منیان هەبوو من زۆر پشتگیری قسەکانی کاک شێخ عەبدولکەریمیش دەکەم کەبەڕاستی ئەو لایەنە پێویست بوو بەئاشکرا گفتوگۆی لەسەر بکرابا و میللەت بیزانیبایە کە چەند بەتەنگ ئەم یاسایەوەیەکە یاسایێکی بنەڕەتییە بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان. ئینجا من تێبینیم هەیە بە ڕاستی پێم خۆشە ئەو قسانەی بەڕێز کاک نەژاد عزیز کردنی، لایەنێکی زۆر ڕاست دەردەخەن، حەق بوو وابوایە، بەداخەوە ئێمە ئەو ڕێ ورەسمەمان نییە نە بەنیسبەت پەرلەمان ونە بەنیسبەت حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەلّ ئەوەدام کەدەبوایە یەکەم یاسا ئەم یاسایە دەربچوبایە، چونکە دیاردەی بەرەلایی و کەس بەکەس نەبوون لەکوردستانا ،ئەنجامی نەبوونی ئەم یاسایە کە ئێستاکە دەتانەوێت هەمیسان دووبارە دوای بخەینەوە. بڕواتان هەبێ من ئەوەندەی لەناو خەلکا بووم لەیەکەم ڕۆژەوە هەر دەلێن کەی یاسای حزبەکان دەرەچێ کەی دەرناچێ؟ بڕوا بکەن ئەوە یەکجار پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر باسیان کرد. بێگومان یاساکە گرنگە و پێویست ناکات گرنگییەکەی باس بکەین، بەلام ئەوەی کە ئێمە تێبینیمان کردووە لەشاری سلێمانی زۆر لەو برادەرە شارەزایانەمان بینیون، لەو نیشتمان پەروەوانە کەزۆر ڕۆلی گرنگیان هەبووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردایەتی، لەپێشەوە داوای لێ بوردن دەکەم کاک نەژاد باسی کرد، دەبوایە بەناو جەماوەری خەلکا بلاوبکرابایەوە، بۆ ئەوەی خەلک زیاتر لێی بکۆلیایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەمویست بیلێم قسەی لەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو برادەران باسی ئەوە دەکەن کە ئەو یاسایە زۆر پێویستە گرنگێکی زۆر باشی پێ بدرێت، بەلام نازانم بۆچی ئێمە گەلێ جار شتەکان بەو ڕەنگە هەست پێ دەکەین؟ کە ئەو بەیاننامەیە، ئەو پرۆژەیە ئەوەندە گرنگ بوو، هەق بوو بەڕاستی هەموو کۆمەلانی خەلکی

کوردستان بەشدارییان تێدا بکردایە، لەرۆژنامەو تەلەفزیۆندا بڵاوبکرابایەوە وگفتوگۆی لەسەر بکرایە، چونکە وەکو خۆتان دەڵێن ئەوە چارەنووسی میللەتی کوردی بەسەرەوە بەندە و ئەوە رووکاری بنەڕەتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان پیشان دەدات بۆ ناوەوەو دەرەوەی وڵات، کەواتە هەق بوو بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر بکرابایە، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشەکی پشتگیریی لە بۆچوونەکەی کاک نەژاد دەکەم و بەراستی رەخنەشم هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها لەوەزارەتی ناوخۆ کە ئەو پرۆژەیە بڵاوکرایەوە وگەیشتۆتە دەستی زۆر کەس لەناو حزبەکاندا کە لەژێر ناوی ئەو برادەرە بووە، ئەویش خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، لەمادەی(٦١)دا هاتووە یاهیچ کەسێک مافی نییە پرۆژەیەک پێشنیاز بکات جگە لە ئەنجوومەنی وەزیران یان(١٠) کەس لەبرادەرانی ئەندامانی پەرلەمان نەبێت، من پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم، لەبەر ئەوە بەراستی یاسایەکی وا پێویستە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەموو کەسێک بەشداری تێدا بکەن و بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە ئەو یاسایەکە دەری دەهێنین دەوڵەمەندتر بێت و خەڵکی بێ لایەن هەیە رای و بۆچوونی هەیە لەسەر ئەم مەسەلانەو، هەروەها ئەو یاسایەش کەدەربچێت وەکو یاساکانی تر بێت و ئێمە لەدوایی دا جێ بەجێی نەکەین پێم وایە لەهێزی یاساکانی پەرلەمان کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو تێبینی هەیە پێش ئەوەی برادەران ناوی خۆیان بنوسن بۆ گفتوگۆ کردن، چونکە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەوەی یەکەم پەیوەندی بەئەنجوومەنی نیشتمانییەوە نییە، ئەم بابەتە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، وەزارەتی ناوخۆ یان حکوومەتی ئێمە بۆی هەیە پەنا بۆ هەر پسپۆڕێک بەرێ و بە هەر شێوازێک پرۆژەیەک بۆخۆی بنێرێت، بەڵام کە پرۆژەکە بڵاودەبێتەوە بەسەر خەڵکا ئەوە شتێکی ترە، ئەوە پەیوەندی نییە، دوایی ئەوە شتێکی نهێنی نییە تاکو بڵاوبێتەوە یان بڵاونەبێتەوە. ئێمە پرۆژەکەمان داوە بەهەموو حزبەکان وبە خەڵک، ئەمە ناوەکەی نووسراوەکە ناردویەتی بۆ وەزارەتی (داخلیە) وابزانم کاتی خۆی مەسەلەیەکی تەکنیکی بووەو، پەیوەندی بەئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە نییە، دووەم بۆ بابەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کەگوایە ئاگادار نییە، باوەڕ ناکەم ئاگادار نەبێت، یەکەم بەڕێزی ئەندامی پەرلەمانە، ئێستاش ئەوە ماوەیەکە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەو لەسەرەتاوە من گوتم: ئێمە پێک هاتین کەئەو ئاگاداری حزبەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی کە پەلە بکەن و نامەمان بۆ بنێرن ئیتر چۆن ئاگادار نییە؟!.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئێمە وەکو حکومەت پێمان باشە و پێشنیاریش دەکەین هەر یاسایەک ئێوە دەری دەکەن دەبێ ئێمە جێ بەجێی بکەین و پێشنیار دەکەین کە پرۆژەکە بگەرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و لەوێش لەرۆژنامەدا بلاوی بکەینەوە، ئەو کاتە کە رای حزبەکان و خەڵکیشمان لەسەر وەرگرت، ئەو پرۆژەیان دوەڵەمند کرد، جا بێتەوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ زۆر زۆر سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە لەسەر ئەو پێشنیارەی من بەدواداچوونیان هەبوو، ئەوەی کەپشتگیری کردو ئەوەش کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبووە، دیاردەیەکیش هەیە زۆر زۆر خۆشە بەراستی ئەویش ئەوەیە کە بەتایبەتی نەک لەبەر ئەوەی من نوێنەری کتلەی سەوزم لە سەرۆکایەتیاو ئەو ناکۆکی گۆشەنیگایانە هەبێت لەناو کتلەیەکا کەباسی بابەتێکی زیندوو دەکرێت و ئەمە نیشایەکی دروست و دیموکراسیبە و پیویستە ئەم بۆچوونانە و ئەم گفتوگۆیانەو ئەو جۆرە ناکۆکیانە ببن، ئەوە هیچ زەرەرێکی نییە. بەڕێز کاک کەمال فوئاد باسی ئەوەی کرد کە ئەمە بەتێرو تەسەلی باس کراوە لەلیژنەی کاروباری ناوخۆ و لیژنەی یاسادا، وابزانم بەو شێوەیە نییەو لەوە دەچێ بەشێوەیەکی گشتی ئەو شێوازەی وەرگرتبێت، چونکی یەکێ لەو لیژنانەی کە باسی کرد من وەکو پەیوەندیدارم لەگەڵ لیژنەکاندا، یەکێ لەو لیژنانە زۆر لەلایان بووە و داوامان لێ کردوون کە رای لەسەر بدەن، وابزانم پێش حەفتەیەک یان(١٠) رۆژ ئەو رایە گەیشتوتە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسا ئەو برادەرانەی کەمن دیومن و گوتویانە بۆ باس کردنی ئەوە ئێستا خۆیان دەتوانن بۆ باس کردنی ئەمە بەتێرو تەسەلی قسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم سەرنجی بەڕێزتان رابکێشم بۆ خاڵێکی نیزامی کە ئێستا هاتە پێشەوە، ئەوە بوو کە ئێستا برای بەڕێزم کاک نەژادیش ئاماژەی بۆ کرد، خاوەنی پرۆژەکە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆیە، برای بەڕێزم کاک کۆسرەت وا بە رەسمی پێش ئەوەی بچینە ناو گفتوگۆ کردنەکە و ناو بابەتەکەوە داوای کێشانەوەی پرۆژەکەی کرد، واتێ دەگەم لەوحاڵەتەدا پەرلەمان پێویستە کە داخوازیەکەی بەجێ بێنێ و پرۆژەکە دوابخرێت وگفتوگۆی لەسەر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیری پیشەسازی من لەسەر ئەوە باجارێ لەپێشدا قسە بکەم، من لەسەر ئەوە لەگەڵ دواخستنم،

چونکە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەیانتوانی نەیخەنە ناو بەرنامەی کاری رۆژی چوارشەممە و پێنج شەممە، بریار بوو گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئاگاداری ئێمەیان کرد ئێمەش هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی خۆمان ئاگادار کرد، مۆڵەتیان هەبووە، دەیانویست وەکی گوتمان یەک دووڕۆژ هەیە (حساسە) یاسای حزبەکانە، وەرن بەشداری بکەن و قسەی لەسەر بکەن. لەسەر ئەو بنەمایە من لەگەڵ ئەوەم کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوە یەک، بۆتان هەبوو نەیخەنە ناو بەرنامەوە، وەزیری پیشەسازی کە داوای دواخستن وکێشانەوەی شتەکەی کرد لەسەر پێشنیاری برای بەڕێزم کاک کەمال فوئاد بوو کە بەمنی گوت ومن پێم گوت تۆ ئەو داوایە بکەو من و کاک دکتۆر کەمال هەردووکمان پشتگیریت دەکەین و من وکاک د. کەمال فوئاد کۆک بووین لەسەر کێشانەوەو داوخستنی شتەکەی وەزارەتی پیشەسازی، ئێستاش پێم وایە مافێکی سروشتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە کەپرۆژەکەی خۆی دوابخات یان بیکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من هەندێ راو بۆچوونی تایبەتیم هەیە، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نازانم جامۆڵەتم دەدەنێ کەبگەڕێمەوە جێی خۆم قسان بکەم یان هەر لێرەوە رایەکان بدەم . دەربارەی تێبینیەک کە لەناو پەرلەمان هێمای پێ کرا ئەویش ئەوەیە کە بۆ پێشکەش کردنی داوای ئەو حزبانە کە هەنە لێ بەدەر(استثناء) بکرێن، بەراستی ئەوە لەتوانادا نییە لە لەلانی یاساییەوە، چونکە هەر قانوونێک کە لەپەرلەمان دەردەچێ پێویستە هەموو حزب و ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ حزب دروست بکەن، دەبێ مل کەچی بن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک ئەیاد ببوورە ئێستاکە گفتوگۆ کردن لەسەر ناوەڕۆکە، ئایا گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە دوابخرێت یان نا ؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بابەتی دووەم لەقسەکانم ئەوەیە، من ئەگەر بەبیرتان بێت بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان نزیکەی مانگ و نیوێک پێش ئێستا پێشنیاری ئەوەم کرد، کە ئەو مەسەلەیە بەو قۆناغانەدا بڕوات کە ئێستا باسی لێ دەکرێت و، بەراستی ئەو کاتیش هیچ گرنگییەک نەدرا بەو رایە، هەرچەندە رای بەڕێزتان، سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بوو کەپێویست بوو حکومەت لەبەر ئەوەی کە خاوەنی پرۆژەکەیە، ئەوان بەو مەسەلەیە هەستابان پێش ئەوەی بێتە ناو پەرلەمان و من سووکە گلەییەکیشم هەیە لەسەرۆکی پەرلەمان هەرچەندە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر سەرەتای دانیشتنی پەرلەمان کەمن داوای ئەوەم کرد کە ناوەندێکی زانیاری لەناو پەرلەمان دا هەبێت کەبتوانین ئێمە

هەر جارەی رایەکی تەواو وتایبەتمەند وەربگرین وبتوانین پەنا بەرینە بەر ئەو ناوەندە، ئەوەش هەر نەکرا، بەڵام لێرە یەک شت هەیە ئێمە پەرلەمانێکی نوێمان هەیە، پێویستمان بەوە هەیە هەندێ داب ونەریت هەنە بیچەسپێنین، بەراستی ئەو دابانەش دابی دیموکراسین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە بکەم کە برای بەڕێزم کاک حسێن عارف دەسنیشانی کرد، بەراستی ئەوە لامان ئاشکرایە لامان و دیارە کە خاوەنی پێشنیارەکە بەڕێز سەرۆک وەزیرانەو هەقی ئەوە کە ئێستا بەرەسمی-داوای کردووە پرۆژەکە بکێشرێتەوە و نەخرێتە بەر گفتوگۆوە، لەبەر ئەوە بەراستی بەبۆچوونی من هەر بەبێ دەنگدان دەبێت ئەو پرۆژەیە دوابخرێت، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەمن لە سەرەتاشدا برای بەڕێزم کاک نەژاد ئاگای لێ یە کەزۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەو مەسەلەیەکردووە، دەبێت زیاتر گرنگی بدەینێ و زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت. داوا لە حزبەکان بکرێت رای خۆیان دەرببڕن تەنیا حزبی شیوعی و حزبی زەحمەتکێشان رایان ناردووە و هەتا هەردوو لایەنە سەرەکییەکان کە لەناو پەرلەماندان ئێستا رایان تەواوە کە بە زار برادەرانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رایان داوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دەمەوێ پرسیاری ئەوە بکەم ئایا لەجەوهەردا چ جوداییەک لەنێوانی ئەو یاسایەو یاساکانی دی دا هەیە، کە ئیتر پرۆژەکانی هاتووە و باس کراوە؟ هەر یاسایەش تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە وەک یاسای چاپەمەنی لاکانی تر، ئایا بەپێی یاسای پەیڕەوکراو رێ بەوە دەدات کە بۆ هەمووشتێک ئێمە بگەرێینەوە بۆ کەسانی ترو خەڵکی، لەکاتێکا کە لیژنەی تایبەتی هەیە بۆکاروباری ناوخۆ؟ جگە لەوە لیژنەی یاسایی هەیەو لەناو پەرلەمانیشدا کەسانێکی زۆر لەیاساناسانی شارەزاو چاپووک و چالاک و بەتوانای تێ دایە جگە لەوە زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنیش کەسانێکن کەزۆربەی زۆری تەمەنیان بەچالاکی سیاسی یەوە و داکۆکی لەدیموکراتیەت بەسەربردووە، سوپاس .

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایانی بەڕێز... دیارە من دڵنیام لەوەی کە ئەمە زۆر زۆر درنگە و دەبوایە گەلێک زووتر بوایە. ئەوە شتێکی وایە کە بە قەناعەتەوە دەیزانم و راستیشە، بەڵام لێرە ئێمە دەبێ هەندێ شت هەیە رەچاوی کەین. حزبی تر هەنە لێرە رەنگە خوانە خواستە هەندێکیان بڵێن هەڵوێستی رکابەریان هەبێت لەدوا رۆژدا ئەگەر ئێمە ئێستا ئەوە بڵاوکەینەوە لەرۆژنامەکاندا وەکو

ئەوە نییە کە بەدەست نووسراوێک بچێت بۆ حزبێک، لەبەر ئەوەی بەدەستی هەموو خەڵک و جەماوەر دەگات، بەدەستی دۆست و دوژمن دەگات و دەبێت بەشایەتی گرنگترین دیموکراتی یەت بۆ ئەم پەرلەمانەی ئێمە. کەواتە ئێمە هەموو جەماوەرمان تێ گەیاند، دۆست و دوژمنانمان تێ گەیاند کە ئێمە یاسای حزبەکان دەردەکەین و داواش لەهەموو حزبەکان دەکەین کەبیروڕای خۆیان زۆر بەسەربەستی بڵێن ئەمە گەورەترین نیشانەی دیموکراسی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی دەمەوێت وەڵامی هەندێ راو بۆ چوونی هەڵە بدەمەوە. زۆر لەبرایان باسی ئەوە دەکەن کەوا ئەم پرۆژەیە لەلایەن پسپۆڕێکەوە پێشکەش کراوە، من هەر لە پێشدان روونم کردەوە کەوا ئەمەی ئێستا لەبەر دستمان دایە ئەو پرۆژەیە نییە؛ بەڵکو گۆڕانی زۆری بەسەرا هاتووە، لەپاشان هەموو ئەو برایانە خۆشیان گوتیان ئەمە پێشنیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، واتە ئەمە لە خراپترین حاڵەتا هی پسپۆڕێک نییە، بەڵکو هی ئەنجوومەنی وەزیرانە هاتۆتە بەردەمی پەرلەمان. دووەم ئەو دواخستنەی ئەگەر بێتو ساڵێکیش و ساڵ و نیوێکیش دوو ساڵیش بەردەوام بێت، ئەوەی کەدێتەوە بەردەممان بێگومان خاڵی نابێت لەکەم وکووڕی و ئەو کاتە حزبەکانیش بۆیان هەیە کە بڵێن سەرنج و تێ بینی یەکانی ئێمە وەرنەگیراون، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو برگەیەی کە من دەمویست ئاماژەی بۆ بکەم، لە برگەی دوایی لەقسەکانی دکتۆر کەمال هیچ مادەیەک نییە دەسەڵات بداتە ئەنجوومەنی وەزیران کە پرۆژەکە بکێشێتەوە پاش ئەوەی کە خرایە روو. ئەو بابەتە لەبرگە (٥)ی مادە (٤٩)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان چارە کراوە کە دەڵێ: (لهيئة الرئاسة تأجيل النظر فيها الى الجلسة التالية) دراوەتە دەست سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نەوەک ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەرەتاوە پێشنیازمان کرد کە ئەو پرۆژەیە دوا بخرێت، دواجار پێشنیارمان کرد کەبیگەڕێننەوە لە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەوێندەرێ بیدەینە رۆژنامەکان تا بڵاوبکرێتەوە. من پێم وایە ئەو پرۆژەیە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ پرۆژەکانی تر کە بریاریان لەسەر دراوە. ئەو پرۆژەیە پەیوەندیدارە بەو حزبانەی کە لەناو پەرلەمان و لەناو حکومەتن . مەرج نییە ئەو پرۆژەیە لەوەختێکی کورتدا بگۆڕێت. لەوانەیە ئەو حزبانەی کە ئێستا لەناو پەرلەمانن یان لەحکومەتان رۆژێک لەرۆژان بینە رکابەر، لەبەر ئەوە پێویست دەکات کە ئەو پرۆژەیە رای خەڵکی

لەسەر بێت و ئەو حزبانەش نوێنەری خەڵکن، هەندێک حزب هەن ئێستا لەناو حکومەت و پەرلەمان دانین، ئەوانیش خۆیان بەنوێنەری خەڵک دەزانن، مەرج نییە ئێستاکە ئێمە بڵێین هەرچی پەرلەمان بریاری لەسەر دا راستە، واتا پەرلەمان مەرجەو نوێنەری خەڵکی کوردستانە، بەڵام خەڵکی پێی رازی بێت لە بۆ ئەوەی کە یاساو بە دەست کەسەوە نەهێڵن، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە لەناو حکومەت و پەرلەماندا نین، سوپاس.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێزان، من دوو تێبینیم هەبوو، یەکێکی یاسایی بوو، من دەست لەئیش وکاری یاساییەکان وەرنادەم، تەنیا وابزانم خاڵێکی نا نیزامیان بەکارهێنا، چونکە پرۆژەکە هات و خرایە خشتەی کارەوە، لەبەر ئەوەی کە کرایە خشتەی کار مافی پەرلەمانە دوای بخات یان بیگەرێنێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەرێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا وەکی برادەران هەموو ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە یاسای مۆڵەتدان بەحزبەکان کارێکی پێویستەو هەندێکیان گوتیان لەپێش هەموو یاسایەکاندایە، ئەمە شتێکە کە ئینکار ناکرێت، لەلایێکی دیش ئەگەر تەماشا بکەین ئەمەش وەکی هەر یاسایەکی تر وەکی یاسای پێشمەرگە کە گوتیان کەس چەک هەڵنەگرێ، ئایا ئەوە کرا؟ گشتی بێژیا ئەگەر پرسیار نەکراوە، نەهاتیتە ئێرە، بەڵام دەڵێم ئێمە چی بکەین؟ ئەوە دوومانگە، سێ مانگە پرۆژەی یاسای ناو وەزارەتی (ناوخۆ) یان ئەنجوومەنی وەزیران نەهاتیە بە رەڤ کرن، ئەوان مافی خوساف کرن ئێمە چی بکەین لێرە، سوپاس.

**بەرێز یونادم یوسف کنا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کرداری بنەرەتی لەکوردستانی ئەمرۆدا وەکو بەرهەمێکی خەباتی حزبە دیموکراسیەکان بوو، چەند حزبێ کەبیرو باوەریان بە دیموکراسیەت هەبوو، بنەمای ئەم پرۆسە دیموکراسی یە لەکوردستان دا هەر دەرەنجامی بیروباوەری چەند حزبێکی دێموکراسی بوو، ئەم یاسایە بێگومان ئەوەیە کە گەشە پێ دانی ئەو دیموکراسیەتە لە کوردستاندا بەرەو پێش دەبات وەکو مام رۆستەم و مەلادێرشەویش جەختیان لەسەر کرد، کاک کۆسرەتیش هەر لەیەکەمین جار گوتی پاساوی هەبوو، واتا ئێمە لەگەڵ ئەوە داین هەر ئەمرۆ پەسەند بکرێت، سوپاس..

**بەرێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەم پرۆژەیە گفتوگۆ و إقرار کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە رووی دیموکراتیەتی حکومەتی هەرێم

نیشان دەدات، وەکو گوتمان چ بۆ دەرەوە و چ بۆ ناوەوە، باشە دیموکراتیەت وا باشتر نییە؟ ئەمە رووی دیموکراتیەتی ئەسلی نییە، ئەگەر هەموو میللەت بەشداریی تێدا بکات؟ خۆتان دەزانن گەلێ لە دەوڵەتانی دنیا گەلێ بڕیاری گرنگ کە مەسەلەی میللەتی پێوە بەندە ریفراندۆمی بۆ دەکرێت، ئێمە نالێین ریفراندۆم بکەین، بەڵام دەڵێین هەموو میللەت بەشداری تێ دا بکات و هەر پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر نەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم هەر ئەمڕۆ هەر هەموو ئێستگەکان بخەنە گەڕ، هی پارتی و یەکێتی و هەرێم و لەئێستگە و تەلەفزیۆندا بخوێنرێتەوە، ئیتر ئەوە هەموو جەماوەری خەڵکی کوردستان دەزانن، خۆ ناشکرێت بچینە هەموو ماڵێ وەرەقەیەکی بدەینێ!، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا و دوایی لە برای بەڕێزمان کاک شێروان هەیە، ئایا ئێستا ئێمە گفتوگۆمان لەسەر یاساکەمان کردووە، تاکو دوای بخەین بۆ دانیشتنێکی تر؟ وابزانم ئێمە گفتوگۆمان لەسەر نەکردووە، باسی ئەوە دەکەین، ئەوە دوابخەین یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەیش وادەڵێ.. بەتەواوی رای وایە ئەگەر مۆڵەت بدەن، چونکە لەمێژە حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ دەیانەوێ قسە بکەن.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک کەمال پرسیارێکی کرد، من دەمەوێ وەڵامی ئەوە بدەمەوە، پرسی: بۆ کەسی تر نەبوو ئەو پسپۆرەتان دەست نیشان کردووە بۆ ئەم پرۆژەیە؟ لە راستیدا لەهەموو دنیادا پرۆژەیەک کە دابنرێت داوا لە برادەرێک دەکرێت، هەرچەندە ئەو کاتە من لە وەزارەتی ناوخۆ نەبووم، بەڵام من پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەو پسپۆرە زەحمەتێکی زۆری کێشا داوای لێ کرا بۆ دانانی ئەو پرۆژەیە لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لەبرادەرانی خۆی و هاتە ئەنجوومەنی وەزیران و لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتەوە ئێرە و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ وە سوپاس کرا ئەو برادەرە بەلای منەوە ئیشێکی چاکی کردووە و زەحمەتێکی زۆری کێشاوە خۆشی پسپۆرێکی شارەزاو باشە لەو پرۆژەیەی کە ئێستا کەوتە گفتوگۆ کردنەوە و برادەران باسیان کرد، خۆی راستە پرۆژەی مۆڵەتدان بەحزبەکان پرۆژەیەکی هەرە گرنگە بەنیسبەت ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ و وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پێم وایە داواکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر لەجێی خۆیایەتی و مافی سروشتی خۆیەتی، چونکە ئەمڕۆ بەرنامەی کارمان نییە وبەرەسمی خاڵەکە نەخراوەتە ناو بەرنامەی کارو نەدراوە بەئێمە و نەمان دیوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئاخر مۆڵەت بدە بزانە خراوەتە بەرنامەی کارەوە. دانیشتنەکەمان کردەوە و گوتمان: خاڵی یەکەم ئەوەیە، تازە بابەتیش ئەگەر هەیە بیڵێن، ئەگەر لاری بوونێکت هەبوو، ئەوسا بتگوتایە لاریم هەیە.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من بەرنامەی کارم نەدیوە... سوپاس ..

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

نەتدیوە ئارەزووی خۆتە، بەڵام داوات لێدەکەم مەیکەنە مەسەلەیەک، ئەوە بەرنامەی کارەو تێی دایە، ئەگەر پاشگەز دەبنەوە لەگفتوگۆ لەسەر کردنی، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام بابەتەکە ئەوەتا لە بەرنامەی کاردا هەیە، واتا بەرنامەکە کەموکوڕی نییە.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێستا حاڵ لەدوو بڕگە بەدەر نییە، واتا ئێستا ئێمە باسی مەسەلەکەمان کرد، دەمێنێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کە بڕیارێک بدات ئایا ئەمە دوا بخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی تر یان نا؟ ئێوە خۆتان بڕیار بدەن و، ئەگەر پەرلەمان رازی نەبوو، لەسەر ئەوە با رەئی لەسەر بدات بزانین، دوای دەخەین یان داوای ناخەین؟ وابزانم زۆر لەمەسەلەکەمان کۆڵیبیەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

راستە زۆر باسمان کرد، تەنیا ماوەتەوە برادەرانی یاسایی قسەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بڕیاری پەرلەمان چی بوو، ئەوە هەموو لەسەرمانە جێ بەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حـــــــەســـــــەن عـــــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بۆ مەسەلەی پسپۆر، ئایا پێویستە هەموومان پەنابەرینە بەر پسپۆڕ؟ پێویستە هەمووومان بیکەین.

ئەوە رەخنەی لەسەر نییە، بەڵام یەکێک پرۆژەیەک بەناوی خۆی رەوان بکات بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەناوی پسپۆرەکە نایە هەر ئەوەندەیە ناوەکەی لەگەڵ نەبایە، دەنا شتەکە ئاساییە، ئەمە خاڵێک، خاڵی دووەم، ئەنجوومەنی وەزیران مافی ئەوەی نییە پرۆژەکە بکێشێتەوە، لەیاسادا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە، هەتا لەسەر برادەرانی لیژنەکانیش، زۆر لە برادران قسەیان کرد، حەزم دەکرد پرۆژەکە دوابخرێت و داوام کرد بە تێرو تەسەلی باسی بکرێت، ئەمە شتێکی سروشتییە، هەر پرۆژەیەک بێتە لیژنەکان بەپێی پێرەوی ناوخۆ دەبێ بە(١٥) رۆژ بگەرێتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوان ناردوویانە، دووەم بابەتی بلاوکردنەوەی پرۆژەی یاساکان لەپسپۆرایەتی پەرلەماندا نییە، پێویستە ئەو یاسایەی کە دێتە پەرلەمان لێرە لێی بکۆڵدرێتەوە، ئەوجا بەسێ جۆر لێی دەکۆڵدرێتەوە، یان یاساکە رەفز دەکات، تا خولێکی تر ناخرێتە بەرنامەوە، یان بریاری لەسەر دەدات، یانیش پێش ئەوەی داخلی بەرنامە بکرێت، ئەولایەنەی رەفزی کردبێت، ئەو لایەنە داوای کێشانەوەی دەکات، ئەوەی بەڕێز کاک دکتۆر کەمال فەرمووی کە خرایە بەرنامەی کارەوە، ئەوە دەبێتە موڵکی پەرلەمان و ئێستاکە پێشنیار پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران و پێشنیاری بەڕێز کاک نەژادە، کەپێشنیار لەتوانادا هەیە بخرێتە روو و پەرلەمان بریاری لەسەر بدات، ئایا ئەو پرۆژەیە دوابخرێت یان دوانەخرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەوە لەژووری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کرد کە ئەو پرۆژەیە لەرۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بلاوبکرێتەوە، بەڵام کە هاتین بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، بریار بوو باسی ئەوە بکەین، ئایا ئەو پرۆژەیە دەستی پێ بکرێت یان نا؟ لەسەر ئەو بونیادە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین ، ئەگەر نا پرۆژەکە کە هاتە پەرلەمانەوە منیش پشتگیری ئەوەی کاک کەمال و کاک شیروان دەکەم، ئەوە پەرلەمان خۆی بریار دەدات ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت یان گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، ئەگەر لەسەرەتاوە بوایە دەمانتوانی بیکێشینەوە، بەڵام ئێمە وەکو پێشنیاز داوامان کردووە نەک وەکو ئەوەی بڵێین دەیکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەراستیدا وەڵامی ئەوەی دایەوە. کاک سیروان وابزانم شتێکی تازەی هەیە؟.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم پرۆژەیە ئەنجوومەنی وەزیران پێی هەڵ دەستێ لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان دا بڵاوی دەکاتەوە هی هەموو حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی هەریەکە پرۆژەیەک وەڵام دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دراوە بەحزبەکان، واتا ئەوەی ڕاستییە ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە دراوە بە حزبەکان، ئێمە لەمانگی (٣)وە ئەو پرۆژەیەمان لایە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێشەکیش لەو ڕایەدا بووم بڕیارەکەمان بگۆڕین بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بڵاوبکرێتەوە، چونکە گفتوگۆیەکە جووڵەیەکی زۆری تێ دابوو. دووەم یەک شتی زۆر دڵخۆشکەر ئەمڕۆ هەبوو، ئەوە نەبوو کە فراکسیۆنێک ڕایەکی هەبێت و فراکسیۆنێکی تر ڕا یەکی تر. بەڵکو لەناو سەوز سەرۆکی فراکسیۆن و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزایران ڕایەکانیان لێک جیابن. کاک فرەنسۆ دوو ڕای دا، هەریەکەی لەروانگەیەکەوە، ئەویش دڵخۆشکەر بوو، بەراستی کەمەسەلەکە تەماشا دەکەین دوو بەرژەوەندی یە هەریەکە تەماشای بەرژەوەندی یەک دەکات، بەرژەوەندیەکانیان ئەوەیە کە ئەورۆ لەکوردستان دا ئاژاوەیەک هەیە، دەربارەی حزبایەتی لەو روانگەیەوە تەماشا دەکرێت، ئەوی تر لەروانگەیەکی تر تەماشای دەکات کەداوای دواخستنی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئێستاش دەڵێم داوای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەجێگای خۆیایەتی تەوەرەی گۆڕین نییە. من پێشتر ڕای خۆم لەسەر دواخستنی یان دوانەخستنی داوە، بەڵام ئێستا دیسان جەخت دەکەمەوە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی ئاسایی یە و مافی خۆیەتی داوای دواخستن بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەرم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تر دەیڵێمەوە، پێشنیارەکەی کاک کۆسرەتیش هەر ئەوە بوو، ئەوە پێشنیارێکە و داویەتی بەپەرلەمان با سەرۆکایەتی خۆی بڕیاری لەسەر بدات. ئەمڕۆ دەبێ، سبەی بێ و دوو سبەی بێت، بەڵام نەک دوابخرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی تر. دەتوانین لەم یەک دوو ڕۆژەدا باشتر

بیری لێ بکەینەوە و بریارێکی لەسەر بدەین. بەڵام من بەراستی حەز دەکەم رەخنە لە بۆچوونێک بگرم کەزۆر جار دەگوترێتەوە با ئەم کارە بکەین، یان فلان کەس یان فلان توێژ رازی نەبێت، ئێمە بەراستی ناتوانین هەموو خەڵک رازی بکەین، بمانەوێت و نەمانەوێت کۆمەڵێک حزب و کۆمەڵ هەر لێمان نارازی دەبن، ئێمە هاتووین بەرپرسیاریەتیمان خستۆتە سەرشانی خۆمان هەوڵ دەدەین بە باشترین شێوە ئەو بەرپرسیارییەتیانە جێ بەجێ بکەین بەشێوەیەکی دیموکراسی یانە لەپاش لێ کۆڵینەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، لەناو پەرلەماندا، ئیتر کە گەیشتینە بریار، خەڵکی رازی بێت یان رازی نەبێت ئێمە لەوە بەر پسیار نین، سوپاس .

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ ئەو پێشنیارەی کە هەیە بۆ دواخستنی، لەبەر ئەوە نییە کە حزبەکان رازی بکەین، لەبەر ئەوە بوو کەبڵاوبکرێتەوە بەداخەوە حزبەکانیش رای خۆیان بڵاو نەکردەوە. ئەگەر رای حزبەکان بڵاو بکرێنەوە وەکو بەڕێز کاک کۆسرەت گوتی، ئەوە دیموکراتیەتێکی زیاترە، ئەوە نییە ئەوەی رازی دەبێت یان رازی نابێت ئارەزووی خۆیەتی، سوپاس .

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکان کاک کەمال دا نیم، واتا ئێمە پێمان وابێ کە خەڵک رازی یە یان رازی نییە، ئەو یاسایە دەردەچێ بۆ خەڵکە، خەڵکەکەش لەناو حزبەکاندایە ،ئێمە پێمان وایە، واتا ئەگەر لەرۆژنامەکان دا بڵاوبکرێتەوە وەکو باسم کرد هەموو خەڵکی کوردستان دەیخوێنێتەوە و رای لەسەر دەدەن و پاساو بەدەستی هیچ حزب و لایەنێک نامێنێتەوە کەبڵێ ئەمن ئەو پرۆژەیەم نەدیوە. هەتاکو ئێستاکە کەبەرەسمی دوو حزب یان دوو لایەن رای خۆیان دەربریوە بەرامبەر ئەو پرۆژەیە و ناردوویانە تەوە بەرەسمی حزبی زەحمەتکێشان و حزبی شیوعی عیراقی یە . حزبەکانی تر نەیان ناردۆتەوە، بەڵام ئێمە ئەوە بڵاومان کردەوە، هەموو خەڵکی کوردستان دەبنە شایەد، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من شتێکە لە دەرەوەی بابەتەکەدایە ئەویش ئازادی بیروڕای دیموکراتیەتە، ئازادی بیروڕا رەفز ناکات هەر دەبێت حزبەکان رای خۆیان دەرببرن. ئازادن لەوەی کەرای خۆیان دەرنەبڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە لەرادده بەدەر هەموو لایەنێکمان باس کرد، چی تێدا نەماوە تەنها هەر ئەوەیە سێ جار بۆ دڵنیا بوون لەبرادەران چ لایەنی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران وبرادەرانی تریش هەندێ جار لەبیریان دەچێت ئەو حزبانە کێن کە پرۆژەکەیان بۆ چووە، من جەخت دەکەمەوە حزبی شیوعی وەڵامی

خۆی ناردۆتەو،ە برایانی زەحمەتکێشان ناردوویانەتەوە، برایانی پارتی ئاگاداریان کردووینەتەوە و ڕای خۆیان داوە. برایانی یەکێتی نیشتمانی هەمان شت، ئەوانیش ڕای خۆیان بە ئێمە ڕاگەیاندووە و گوتویانە ڕای ئێمە لەنێوان لیژنەکان و لەناو پەرلەمانە، واتە ئەو حزبانە ڕای خۆیان داوە، ئەوانی تر هەتا ئێستا کەڕایان نەناردووە، وەکو کاک فرەنسۆش گوتی خۆ ئێمە ناتوانین بەسەریاندا فەرز کەین کە هەر دەبێ ڕای خۆیان بدەن. ئەوان ئازادن، ئەگەر چاوەڕێ بکەین ئێوە دەزانن دەبێت هەڵی گرین بۆ خولێکی تر گفتوگۆی لەسەر بکرێت. خولێکی تریش دوورو درێژ دەکەوێتەوەو کە لەمانگی(٩)دا دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسای حزبەکان لەوانەیە لە(٩٤)دا تشریع بکرێت، چونکە هەر بەپێی ئەو یاسایە(٦)پاش مانگ ئەوجا مافیان هەیە ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، جا ئەگەر برادەران ڕایان لەگەڵ من بێت، من داوای دواخستنی دەکەم، بۆ دانیشتنێکی تر. ئەگەر چ تێبینییەک لەسەر ئەوپێشنیارە هەیە فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لام وایە دەتوانین چارەی ئەو شتە زۆر بە ئاسانی بکەین و، هەر لەم خولەشدا تەواوی کەین، ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەیانێک بڵاوکاتەوە بۆ هەموو حزبەکان بنووسێ لە فڵانە مێژوو ئێمە پرۆژەی حزبەکانمان بۆ ناردن، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامی نەبوو، ئەوە بۆ ماوەی ئەوەندە ڕۆژە داواتان لێ دەکەین بۆمان بنێرن، هەم دەکەوێتە ناو ڕۆژنامەکان و دەبێ بەشتێکی ڕەسمی و هەم مافی خۆشمانە دوایی گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، جا ئێستا پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە کە مەسەلەکە دوابخەین بۆ دانیشتنێکی تر، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دوای بخەین بۆ دانیشتنێکی تر؟ خۆتان ئاگادارن تا(١٥)ی مانگیش ئێمە بە ڕەسمی ڕامانگەیاندووە کە بەردەوام دەبین. لیژنەی یاساش دەڵێت پێویست بەدەنگ دان ناکات، چونکە بۆ یەک دوو ڕۆژ دواخستنی گرفت نییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کەدوو سەعاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، مەبەست هەموو ئەوەیە کە ڕووبەڕووی جەماوەر بکرێ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زیاتر لەبابەتەکە بکۆڵنەوە، بەڵام بە دوورو درێژی بێت، واتا هیچمان نەکردووە و بائێستا دەستی پێ بکەین ... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئایا ئەم دانیشتنە دوا بخەین یان نا؟، ئەوەیە پرسیارەکە، زۆر سوپاستان دەکەین. جا مادەم وایە ئێستا ئەو دانیشتنە ئەگەر لاریتان نەبێت دوای دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، پاشان

ئاگادارتان دەکەینەوە کە سبەی بێت یان دوو سبەی کە بەردەوام بین لەگفتوگۆ کردنی، یاخود لەسەر شتێکی تر پێک دێین.

**بەڕێز عــەبدولکەریم کــاکــەحــەمــە عــەبدولکەریم:**

**بــەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من یەکەم جار لەسەرەتای گفتوگۆ کردندا جاری پێشوو بە بەڕێزتانم ڕاگەیاند کەدەبوو نهێنی نەبێت، ئێستا شتێکی کەش هاتووتە پێش ئێمە ئەو یاسایەی کەلەبەر دەستمان دایە بۆیە ئەم هەموو مشتومڕو لێکۆڵینەوە و ڕاو بۆچونەی لەسەرە، لەسەر ئەوەی کە ئەمە (صمامی ئەمانی) ئازادی و دیموکراسی و ڕا دەربڕینە، بەڵام ئێمە لێرە دروستی دەکەین، مانای وایە تاوانێکی بخەینە پاڵ کەمانای ئەوەیە ئێمە لەهەندێک شت و پێچ و پەنا دەگەڕێین، من داوا دەکەم کە دەنگی لەسەر بدەین بۆ ئەوەی دانیشتنەکە دووبارە بە ئاشکرایی بێت، سوپاس.

**بــەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**

دانیشتنەکە تەواو بوو، بەڵام من دیسان ڕێزم هەیە بۆ ڕای جەنابت، لەڕاستیدا زۆر شت لێرە باس کرا، ئەمە لەوانەیە لە بەرژەوەندی بە ئاشکرایی (علنیەت) نەبێت، چونکە هەندێ جار دەڵێین هەندێ دانیشتن داخراو بێت، بڵاونەکرێتەوە، نەوەک خوانەخواستە کاریگەری (سلبی) هەبێت، دوایی باسی ئەو بابەتەش دەکەین، بەڵام دانیشتنەکە تەواو بوو، بەیاری خوا کە هاتینە سەر یاسای حزبەکان، لەوێ دانیشتنەکان بەئاشکرایی دەبێت و خەڵکیش بانگ دەکەین بابێن بۆ ئێرە،... زۆر زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |